دکتۆر عەزیز شەمزینی

# جوڵانەوەی
# رزگاریی نیشتمانیی کوردستان



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

دکتۆر عەزیز شەمزینی

# جوڵانەوەی
# رزگاریی نیشتمانیی کوردستان

چاپی چوارەم

وەرگێڕانی

فەرید ئەسەسەرد

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
سلێمانی ٢٠٠٦

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان

دەزگایەکی کەلتورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی نێو دەوڵەتانو ئابوریو مەسەلە ستراتیجییەکانو مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەنو بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.


- دکتۆر عەزیز شەمزینی
- جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان
- وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد
- چاپی چوارەم
- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
- سلێمانی ٢٠٠٦
- ژمارەی سپاردن (٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٦
- ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی سەنتەر: ٤/٣٧/٦

## پێشەکیی چاپی چوارەم

ئەم کتێبە گرنگە چوار وێستگەی بەخۆوە دیوە:

وێستگەی یەکەم وێستگەی روسیایە کەتێیدا دکتۆر شەمزینی لەئەکادیمیای لینینگراد تێزە زانستی‌یەکەی سەبارەت بەجولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کورد نوسی‌و بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەدەست هێنا. تێزەکە بەزمانی روسی نوسراو شێوەی شیکردنەوەی مارکسیستی‌ی باوی ئەو سەردەمە زاڵ بوو بەسەریدا.

وێستگەی دووەم وێستگەی بەغدایە کەتێیدا دکتۆر شەمزینی کتێبەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی‌و بەش بەش لەرۆژنامەی((خەبات))ی بڵاوکردەوە کەئەوسا بەزمانی عەرەبی لەبەغدا دەردەچو. ئەوەی لەوێ بڵاوی کردۆتەوە دەقاودەق هینەکەی روسیا نیە بەڵکو لەهەندێ رووەوە دەستکاری کراوە بەڵام مەزەندەکارییەکی ورد دەربارەی ئەندازەی دەستکارییەکە لەبەردەستدا نیە چونکە ئەمە پێویستی بەوە هەیە کەدەقە روسییەکە لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەدا بەراورد بکرێ. بەڵام بەدڵنیایی‌یەوە دیارە کە کەش‌و هەوای بڵاوبونەوەی ئازادییە دیموکراتییەکان پاش سەرکەوتنی کودەتا چەپەکەی ساڵی ١٩٥٨ی سوپای عیراق کاریگەریی لەسەر دەقە عەرەبییەکە بەجێ هێشتوە بەرادەیەك کەدکتۆر شەمزینی لەهەندێ شوێندا بەلای ستایش کردنی کودەتای سوپاو بەشان‌و باڵ هەڵدانی جەنرال عەبدولکەریم قاسمدا دایشکاندووەو ئەو نازناوە باوانەی بەسەردا بڕیوە کە لەو سەردەمەدا حزب‌و میدیا خۆماڵییەکان عەبدولکەریم قاسمیان پێ گەورە دەکرد.

گومان لەوەدا نیە کەدکتۆر شەمزینی بەنیاز بوو تەواوی کتێبەکە لە((خەبات))دا بڵاو بکاتەوە بەڵام داخستنی ڕۆژنامەکە لەلایەن بەغداوە ئەو دەرفەتەی لێ سەندەوە.

وێستگەی سێیەم وێستگەی نێوزەنگە کەتێیدا چەردەی فۆتۆکۆپیکراوی بەشە بڵاوکراوەکانی((خەبات)) بەلابردنو کەمێك دەستکاری کردنی هەندێ بڕگەی ناپێویستەوەو دەستنوسی وەرگێڕدراوی نابڵاوکراوەی بەشەکانی تری کتێبەکە کەوتە دەست کاك نەوشیروان مستەفا ئەمین لەڕەوتی گەشتێکی بۆ لوبنان. هاندەر بۆ چاپکردنی کتێبەکە، جگە لەلایەنە زانستییەکەی، گونجانی بیروڕاکانی ناو کتێبەکە بوو لەگەڵ ڕەوتی ڕێبازی بەکوردستانی بون دا بەتایبەتی لەبەشی یەکەمدا کەبۆ گێڕانەوەی سەرگوزشتەی هەرەس هێنانی سیستمی دەرەبەگایەتی‌ی کوردستانو چۆنێتی‌ی چەکەرەکردنی سیستمی سەرمایەداری‌و پەیدابونی چینی بورژوازیی کوردستانو بەجۆش کەوتنی ململانێی چینایەتی تەرخان کرابوو. بڵاوبونەوەی بیروڕاکانی ناو ئەو بەشە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مایەی لەق کردنی بڕو بیانووەکانی بیری عیراقچێتی بوو کە لەو سەردەمەدا بەچاوی سوسەو گومانەوە دەیڕوانییە پێویستیی بونی ڕێکخراوی چەپی کوردستانی‌ی لەبابەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. بەم پێیە، وەرگێڕانی کتێبەکە بۆ سەر زمانی کوردی لەو سەردەمەدا بەشێك بوو لەبەرنامەی سەقامگیرکردنی بیری کوردستانی‌و بەرپەرچدانەوەی بیری عیراقچێتی. بەڵام لەسۆنگەی بارودۆخی نائارامی قۆناغەکەوە کەدواتر لەساڵی ١٩٨٣دا گوێزانەوەی هەمو بارەگاکانی سکرتێری گشتی‌و سەرکردایەتی‌و هەمو مەکتەبەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەنێوزەنگو زەڵێ‌و توژەڵەوە بۆ دۆڵی جافەتی لێ کەوتەوە، هەر ئەوەندە دەرفەت هەبو بەشی یەکەمو دووەمی کتێبەکە بڵاو بکرێتەوەو ئەوی تر بۆ قۆناغێکی لەبارتر بهێڵدرێتەوە.

وێستگەی چوارەم وێستگەی بەرگەڵووە لەدۆڵی جافەتی کەتێیدا کتێبەکە بەهەر سێ بەش لەدوتوێی ١٨٢ لاپەڕەدا لەساڵی ١٩٨٥دا لەچاپخانەی برایم عەزۆ بڵاوکرایەوە. بەم جۆرە، کتێبەکە پاش دەوروبەری ٣٠ ساڵ لەنوسینی بەزمانی روسی، بۆی لوا بەزمانی کوردی بەهەر سێ بەشەوە بڵاو بکرێتەوە. هەر دوا بەدوای ئەمە، دەقە عەرەبییەکەشی لەهەمان چاپخانە بڵاوکرایەوە.

وێستگەی پێنجەم وێستگەی سلێمانی‌یە کەتێیدا کتێبەکە لەساڵی ١٩٩٨دا بەتیراژی هەزار دانە لەدوتوێی ٢٦٠ لاپەڕەی قەبارە مامناوەنجیدا لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستانەوە بڵاو کرایەوە. ئەم چاپی چوارەمە کەپاش هەشت ساڵ لەچاپی سێیەم بڵاو دەکرێتەوە، جگە لەوەی کەبەڵگەی جەخت کردنە لەسەر لایەنە زانستییەکەی، بەشێکە لەکۆششێك بۆ دەستخستنی هەر بابەتێکی پێویست بۆ تێکۆشانی نەتەوەییمان لەم قۆناغە گرنگەدا کەتێیدا بەردی بناغە بۆ ئایندە دادەنرێ.

لەکتێبخانەی کوردیدا کەم کتێب هەیە زیاد لەسێ جار چاپ کرابێتەوە. جێی داخە کە لەبەر هەلومەرجی سیاسیی نالەباری کوردستان، هیچ جارێك رێکنەکەوت نوسەر خۆی پێشەکی‌یەك بۆ چاپی کوردیی کتێبەکەی بنوسێ. لەچاپی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢و چاپی دووەمی ساڵی ١٩٨٥دا بۆ شاردنەوەی پەیوەندیی دکتۆر شەمزینی بەشۆڕشەوە کتێبەکە بەبێ پێشەکی‌و بەبێ ناساندنی نوسەر بڵاو کرایەوە، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا نوسەر لەبەغدا دادەنیشت. بەڵام سەرەڕای ئەمە، لەساڵی ١٩٨٥دا چەند دانەیەك لەکتێبەکە لەڕێی رێکخستنی نهێنی‌یەوە گەیەنرایە دەستی لەبەغدا.

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵاڵە لەدیدارێکدا لەگەڵ نەوەی دکتۆر شەمزینی کەکارمەند بوو لەرێکخراویcare ی ئوستورالی‌و بەسەردان

لەکوردستاندا بوو، زانرا کەدکتۆر شەمزینی چەند ساڵێکە لەورمێ نیشتەجێیەو لەرێی نەوەکەیەوە داوای لێ کرا پێشەکییەك بۆ چاپی کوردیی داهاتوی کتێبەکە بنوسێ. بەڵام تا داواکەی پێ گەیەنرا، کات زۆر درەنگ بوو. پیریو نەخۆشی بڕستیان لێ بری بوو.

لەهەر سێ چاپی پێشودا، وەرگێڕ دان بەوەدا دەنێ کەنەپرژاوەتە سەر ئامادەکردنی پێرستێك لەکۆتاییی کتێبەکەدا بۆ ناوی ئەو کەسو شوێنو ئێلانەی ناویان لەکتێبەکەدا هاتوە. چاپی چوارەم ئەو جیاوازییەی لەچاپەکانی پێشو هەیە کەپێرستی ناوەکانی بۆ کراوە. دیارە ئەمەش کاتێکی زۆر بۆ ئەو لێکۆڵیارە دەگێڕێتەوە کە بەنیازە سود لەهەندێ بابەتی ناو کتێبەکە وەرگرێ. جگە لەوە، ئەم چاپی چوارەمە هەندێ پەراوێزی بۆ کراوە کەوەرگێڕ سەبارەت بەهەندێ مەسەلە رای تایبەتی خۆی تێدا گوزارشت لێ کردووە.

بەئومێدی خوێندنەوەیەکی بەچێژو ئەوپەڕی سود لێ وەرگرتن.

وەرگێڕ

# پێشەکیی چاپی سێیەم

سەرگوزشتەی ئەم کتێبە بەشێکە لەسەرگوزشتەی ژیانی نوسەرەکەی. عەزیز شەمزینی نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە کەلەسەدەی نۆزدەهەمدا ڕێبەرایەتیی گەورەترین شۆڕشی کوردی کرد لەدژی دەوڵەتی عوسمانیو ئێران. ئەگەرچی ئەفسەری سوپای عیراق بوو, بەڵام بنەماڵەکەی لەئێران دادەنیشێ. لەتافێکی ژیانیدا پەیوەندیی بەحیزبی هیواوە کردو بەنهێنی کاری تێدا کرد. لەکاتی هەراکەی ساڵی١٩٤٣ی ناوچەی بارزاندا, خۆیو چەند ئەفسەرێکی تر وازیان لەسوپای عیراق هێناو چونە ریزی بارزانییەکانەوە, بەو ئومێدەی کە جوڵانەوە خێڵەکییە ناوچەگەرییەکە بکەنە جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی.

ساڵی ١٩٤٥ پاش شکانی جوڵانەوەکە, لەگەڵ هاوڕێ ئەفسەرەکانیو بارزانییەکان پەنایان بردە بەر کوردستانی ئێران. لەوێ پەیوەندیی بەخزمەکانی خۆیەوە کرد لەناوچەی شنۆو دواتریش بۆ خوێندن لەگەڵ گروپێک خوێندکار کەکۆماری مەهاباد پاڵاوتبونی, ڕەوانەی باکۆ کرا.

ئەو چەند ساڵەی لەروسیای بردە سەر, کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بۆچونەکانی دروست کرد. لەو ماوەیەدا ئاشنایەتیی لەگەڵ مارکسیزمدا وەک ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی روسیا پەیدا کردو کەوتە ژێر کاریگەریی بۆچونەکانی, ئەگەرچی گومان هەیە کەهەموو تێڕوانینەکانیی قبوڵ کرد بێ. کاتێک لەئەکادیمیای لینینگراد تێزی دکتۆراکەی دەربارەی بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی کورد ئامادە کرد, کتێبەکەی بەپێی پرۆگرامی مارکسیزم نوسی. ئەم کاریگەرییە

زیاترینی بەسەرو سیمای بەشی یەکەمی کتێبەکەیەوە دیارە کە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی هەرەسهێناتی دەرەبەگایەتیو سەردەرهێنانی سەرمایەداری تەرخان کراوە.

پێدەچێ شەمزینی یەکەم کورد بێ دکتۆرای لەسەر مەسەلەی کورد وەرگرتبێ. ساڵی ١٩٥٩ کتێبەکەی کردە عەرەبیو بەش بەش لەرۆژنامەی ((خەبات))ی بڵاوکردەوە بەڵام فریا نەکەوت هەر هەموی لەوێ بڵاو بکاتەوە چونکە حکومەتی جەنرال قاسم رۆژنامەکەی داخست.

لەسەفەرێکیدا بۆ بریتانیە، شەمزینی دەقی روسیی کتێبەکەیو بەشە بڵاوکراوەکانو فۆتۆکۆپیی بەشە بڵاونەکراوەکانی دابوو بەکاک شازاد سائیب تا لەلوبنان یا لەهەر جێیەکی تر چاپیان بکات. ساڵی ١٩٨١کاک نەوشیروان مەستەفا ئەمین لەیەکێ لەو سەفەرانەدا کەبۆ لوبنانی کردبو، فۆتۆکۆپیی کتێبەکەی بەعەرەبی لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ کوردستانو دایە کاک فەرید ئەسەسەرد تا بیکا بەکوردی. کتێبەکە ساڵی ١٩٨١ کرا بەکوردیو ساڵی ١٩٨٢بەشی یەکەمو دوەمی چاپ کرا. ساڵی ١٩٨٥ هەر سێ بەش لەدوتوێی کتێبێکی ١٨٢ لاپەڕەیی قەوارە گەورەدا لەچاپخانەی برایم عەزۆ لەبەرگەڵو چاپ کرا.

ئەم چاپی سێیەمە لەڕوی دارشتنەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ چاپی دوەمدا نییە، ئەوە نەبێ کەوەرگێڕ هەندێ زاراوەی لاتینیی لابردوەو زاراوەی کوردیی لەجێیان داناوە.

سەنتەر

# پێشەکی نووسەر

## ١- کورتە سەرنجێک لەبارەی دانراوەکانەوە

نوسەرە بێگانەکان لەبارەی کاروباری کوردەوە زۆریان نوسیوە، بەڵام لەڕاستیدا نوسەرو رۆژهەڵاتناسە بەویژدانو راستگۆکان کە لەمێژوی گەلی کوردستانیان کۆڵیوەتەوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. زۆربەی ئەو نوسینانە مۆرکی زانستیان پێوە دیار نیەو لەڕیپۆرتاژی رۆژنامەگەریی کۆمەڵایەتیو سیاسی بەولاوە هیچ شتێکی تر نین. دەتوانین ئەو نوسینانە بکەینە چوار بەشەوە:

١- نوسینەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان

هەر چی نوسینی دەوڵەتە داگیرکەرەکانە مۆرکی کۆنەپەرستیو شۆڤێنیزمی پێوە دیارە. ئەو نوسینانە لەڕوی زانستەوە هیچ نرخێکیان نیە چونکە ئەرکی سەرەکییان چەواشەکردنی خوێنەرانو بڵاوکردنەوەی ژاوەژاوێکی پرۆپاگەندەییی خەستە دژی گەلی کورد. دیارە ئەو نوسینانە بەکەڵکی ئەوە نایەن بکرێن بەسەرچاوەی بڕوا پێکراو. بەشێکی ئەو نوسینانە بەئاشکرا نکوڵی لەبوونی گەلی کوردو زمانو فەرهەنگو مێژووەکەی دەکەنو لەم بارەیەوە هیچ پەیوەندییان بەزانستەوە نیە.

بەڵام هەندێ جار بۆ ڕوونکردنەوەی شێوەکانی دژایەتی کردنی گەلی کورد کەداگیرکەران بۆ دامرکاندنو سەرکوت کردنی ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی گەلەکەمان پەنای دەبەنە بەر، دەکرێ تا ڕادەیەک

کەڵکیان لێ وەرگیرێ. لەسەرێکی ترەوە بۆ ئەوەی بزانین داگیرکەران چۆن بیر لەفەوتاندنو لەناوبردنی گەلی کورد دەکەنەوە دەتوانین لەو نوسینانە کەڵك وەرگرین. بەڵام هەمیشە دەبێ ئەوەمان لەیاد بێ کەئەرکی سەرەکیی ئەو نوسینانە خزمەت کردنی دوژمنانی گەلی کوردە.

لێرەدا بەشێکی ئەو نوسینانە دەخەینە بەرچاو:

بەزمانی تورکی: دەرەبەیو دیرسیم حقوقی، نوسینی ح. حەقی (۱۹۳۲)، شێخ سەعید عسیانی، نوسینی بەهجەت جەمال (۱۹۵۵). بێگومان لەم بارەیەوە سەرچاوە زۆرەو هەموویان لەسەر مەسەلەی شێواندنی ڕاستییەکانو چەواشەکردنی خوێنەرانو پاکانەکردن بۆ داپڵۆسینی گەلی کورد یەك دەنگن.

بەزمانی فارسی: کردو پیوستگی نژادیو تاریخی او، نوسینی ڕەشید یاسمی[*]. هەمو نوسەرە پان ئێرانیستەکان بونی گەلی کورد

---

[*] ڕەشید یاسمی سەرەڕای ئەوەی کەگومان لەئێرانچێتیی ناکرێ، بەڵام لەڕوی زانستییەوە کوردو فارس لێك جیا دەکاتەوە. هەمو ئەوەی کەیاسمی لەکتێبەکەی((کوردو پەیوەستەگیی نژادیو مێژوییی))بانگەشەی بۆ دەکا بریتیە لەوەی کەکورد مێژویەکی سەربەخۆ لەمێژوی ئێرانی نیەو ئێرانی بونی کورد ڕاستییەکی ڕەهایە، بەڵام ئێرانیبون بەلایەوە بەمانای تواندنەوەی نژادی نایە بەڵکو بەمانای گەڕانەوەی ریشەی کۆمەڵێك گەلە بۆ سەر تۆرەمەی ئێرانیو لەم روەوە نوسیویەتی((ئێرانو بلوجستانو ئەفغانستانو بەشی رۆژهەڵاتی ئاسیای بچوك لانکەی نژادی ئێرانییە))(ل ۱۰۱)و لەم سەروبەندەدا چوارچێوەی ئێرانیبون پارس، تاجیك، ئازەربایجانییەکانی باشوری کافکاس، سارتەکانی تورکستان، تاتەکانی باشوری رۆژئاوای دەریای قەزوین، ئەفغان، بلوچو کورد دەگرێتەوە.

یاسمی بۆ سەلماندنی ئێرانیبونی کورد نژادی ساسانییەکان دەباتەوە سەر کورد، قسەکەی ئیبن خەلەکان بۆ ساغکردنەوەی کوردبونی ئەبو موسلمی خوراسانی دەکاتە بەڵگەو دو بەشی دوایی کتێبە حەوت بەشییەکەی بۆ سەلماندنی پەیوەندیی کورد بەئێرانەوە تەرخان دەکا.

فەرامۆش دەکەنو بە بەشێکی گەلی فارسی دادەنێن. ئەوان کوردو فارس بەیەکێ ڕەگەز دەزانن‌و بڵاوی دەکەنەوە گوایە کورد هەرگیز نەیویستوەو نایەوێ لەفارسی ((برا گەورەی خۆی)) جیا بێتەوە. بەشێکی زۆری ئەو نوسەرانە ویستویانە بەزۆر کوردستان بە بەشێکی ئێران‌و گەلی کورد بەبەشێکی گەلی فارس دانێن، لەوانەش: دکتۆر کەریم سنجابی، نادری لەڕۆژنامەی ((باستان)) لەژێر ناونیشانی ((مەسەلەی کورد)) و ((مەسەلەی کوردو کوردستان))، دکتۆر ئەفشار لەگوڤاری ((ئاینده))، ناهید لەگۆڤاری ((ناهید))، وەزیر فەهمی‌و سەدری قازی‌و عەباس لە ڕۆژنامەی ((ئیتتیلاعات))، رەزم ئارا لەکتێبی ((جوگرافیای سوپایی‌ی ئێران))، هتد.

بەشێکی زۆری ئەو نوسەرانە بەڕەگەز کوردو بەبۆچون کۆسمۆپۆلیتین. بێگومان ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش خزمەتی گەلی کورد ناکاو بەشێوەیەکی سەرەکی لەخزمەتی پان ئێرانیستەکان دایە.

٢- نوسینەکانی مێژونوسانی ئەوروپای ڕۆژئاوا

ئەم چەشنە نوسینانە هی سیخوڕو ڕاوێژکارە سیاسی‌یەکان‌و گەشتەوانەکانە، بۆیە لەڕوی زانستی‌یەوە نرخێکی ئەوتۆیان نیە، بەتایبەتی کەزۆربەیان ڕوخساری چیرۆکیان پێوە دیارەو یاداشت‌و بیرەوەری‌و ڕاپۆرتی جۆراوجۆریان تێدایە.

نوسەرە ئینگلیزەکان لەهەموان زیاتر گرنگی‌یان بەکاروباری کوردو کوردستان‌و جوڵانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی خەڵکی

---

جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کەکتێبەکەی یاسمی لەبەر بایەخە زانستییەکەی، بەتایبەتی پێنج بەشە بەرایی‌یەکەی، لەساڵی ١٩٦٩ دا لەلایەن بەڕێزان کەریم زەندو قانیعەوە کرا بەکوردی‌و لەسلێمانی لەچاپ درا. بەڵام دەقە وەرگێڕدراوەکە ئەوەندە خراپ‌و بەشێوەیەکی دور لەڕێوشوێنی زانستی کراوەتە کوردی، کەس هان نادەم بیخوێنێتەوە(وەرگێڕ).

کوردستان داوە. ئەو بایەخدانەی ئینگلیز هەروا بەخۆڕایی نەبوە، بەتایبەتی کەئینگلیزەکان پێش هەرەس هێنانی دەوڵەتی عوسمانیی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر مرخیان لەمیراتی ((پیاوە نەخۆشەکە)) خۆش دەکرد.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا چەند کتێبێک لە لەندەن لەبارەی کوردەوە دەرچو. لەساڵی ١٨٤٠دا کتێبەکەی ملنگین ((ژیانی سەرەتاییی کورد)) دەرچو، دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم راوڵنسۆنو تایلۆر دو کتێبیان بەچاپ گەیاند. لەهەمان کاتدا چەند وتارێک لەبارەی کوردەوە لەڕۆژنامەو گۆڤارە ئینگلیزییەکاندا بڵاوکرایەوە. لەساڵی ١٩١٢دا کتێبەکەی ی. ب. سۆن ((گەشتێکی نهێنی بەکوردستانو میسۆپۆتامیادا)) کەوتە بازاڕەوە کەلەڕاستیدا کۆبەندی بیروڕای هەمو نوسەرە ئینگلیزەکان بوو. سۆن کە زۆر کەڵکی لەدانراوەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، لەم کتێبەیدا بەتێرو تەسەلی باسی مێژووی خێڵە کوردەکانو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردەواری کردوە. گرنگیی ئەم کتێبە لەوەدایە کەژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەواری بەرێکوپێکی شی دەکاتەوەو لەبارەی هەرەس هێنانی سیستەمی دەرەبەگایەتیو پەیدابوونی چینی کرێکارانەوە بەڵگەنامەی گرنگ دەخاتە بەردەست.

نمونەی ئەو نوسینانە زۆرە وەک کتێبەکەی کاپتن های ((دوو ساڵ لەکوردستاندا)) کە ساڵی ١٩٢٣ بڵاوی کردۆتەوە، کتێبەکەی بۆڵتۆن ((کورد)) کە ساڵی ١٩٤٤ بڵاوکراوەتەوە، دو کتێبەکەی کوردناسی بەناوبانگ مینۆرسکی ((کورد لەئەنسکلۆپیدیای ئیسلامیدا)) و ((خێڵەکانی ڕۆژئاوای ئێران))، کتێبەکەی ئیلفنستۆن ((مەسەلەی کورد)) کە ساڵی ١٩٤٦ بڵاوکراوەتەوە.

لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستی‌یەمان لەپێش چاودا بێ کە زوربەی نوسەرە بورژوازی‌یەکان مەسەلەی نەتەوایەتی‌و بونی کورد ناسەلمێنن*. ئەوان لایان وایە کورد ناتوانێ لەچوارچێوەی نەتەوەیەکی یەکگرتوودا کۆ ببێتەوەو لەئەنجامدا ناتوانێ دەوڵەتێکی یەکگرتو پێکەوە بنێ. ملنگین، چەرچڵو کەسانی تر لەو نوسەرانەن کەئەو چەشنە بۆچونەیان هەیە. ڕاوڵنسۆنو مۆرگان پێیان وایە خێڵی کورد لەسەر بناغەی دیموکراسی‌ی پاتریارکی‌دا ڕێکخراوەو کورد بەرەگەزێکی تۆرانی دەزانن. ئەوانە بیانەوێ‌و نەیانەوێ بەم چەشنە لێکدانەوەیە پاکانە بۆ سیاسەتی کوشتو بڕی تورکەکان دەکەن. بێ‌گومان کۆنەپەرستانی تورك بۆ تواندنەوەی کورد (واتە کردنیان بەتورك) کەڵك لەم جۆرە نوسینانە وەردەگرن. بلاوکراوەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نوسیویەتی ((تیۆریی خێڵە

* دارِشتنی ئەم تۆمەتە بەو شێوەیە دەشێ دروست نەبێ چونکە بورژوازیبونی ریشەی چینایەتیی نوسەرەکان هەرگیز رێگر نیە لەبەردەم داننان بەبونی مەسەلەی کوردو بونی نەتەوەی کورد. لەم سەروبەندەدا زۆر گرنگە سەرنجی ئەوە بدرێ کە بەشێك لەناوەندە سیاسییەکان، بەبێ ئەوەی بیروباوەڕیان هیچ پێشینەیەکی بورژوازیی هەبێ‌و تەنانەت بەبێ ئەوەی بەرژەوەندیی راستەقینەیان لەنەسەلماندنی بونی نەتەوەی کورددا بێ، لەهەندێ قۆناغ دا هەلۆێستی وایان نواندووە کە نەسەلماندنی مەسەلەی نەتەوایەتی‌و بونی نەتەوەیی‌ی کوردی لێ کەوتۆتەوەو لەم بارەیەوە دیارترین ئەم چەشنە هەلۆێستانە هەلۆێستی پارتی کۆمۆنیستی عیراقە کە لەساڵی ١٩٤٥ دا، بەپشت بەستن بەپێناسە کرچو کاڵو نازانستی‌یەکەی ستالین بۆ نەتەوە، پێی لەسەر نەبونی مەسەلەی نەتەوایەتی‌و گەلالە نەبونی قەوارەی نەتەوەیی‌ی کورد، بەبیانوی پارچە پارچەبونی سیاسی‌و نەبونی ئابورییەکی یەکگرتو، دادەگرت. بانگەشەکردن بۆ ئەم بۆچونە تا ساڵی ١٩٥٢ درێژەی کێشا، کاتێك بەهادین نوریی سکرتێری ئەوسای پارتی کۆمۆنیست پەیماننامەی نیشتمانیی ساڵی ١٩٤٥ی فەهدی شەرمەزار کردو کوردی وەك نەتەوە ناساند (وەرگێڕ).

شەڕکەرە دڕندەکان کە گوایە تا ئەمڕۆ لەکێوەکاندا لەسەر ڕاووڕوتو دزیو جەردەیی دەژینو پەلاماری شارەکان دەدەن، ئەم تیۆرییە بەو مەبەستە دارێژراوە کەپاکانە بۆ چەوسانەوەی ئیمپریالیستیی گەلانی ڕۆژهەلات بکات. ئەم ((تیۆرییانە)) خزمەتی دو حکومەتی دەرەبەگی تورکیەو ئێران دەکەن کەخێڵەکان دەچەوسێننەوەو دەیانەوێ لەبۆتەی گەلانی فارسو تورکدا بیان توێننەوە، بیانکەن بەفارسو تورک. ئەم دو حکومەتە مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد ناسەلمێننو بڵاوی دەکەنەوە گوایە مەسەلەی نەتەوایەتی لەوڵاتەکانیاندا نیە))[١].

ساڵی ١٩٥٦ کتێبێک بەناونیشانی ((لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی کۆمەڵو مێژوی کورد)) دەرچوو کەبەڕاستی شایانی سەرنجێکی تایبەتییە. لەبارەی کوردەوە نیکیتین بەزمانی فەڕەنسی چەند نوسینێکی تایبەتی هەیە. یەکێ لەکتێبە بەنرخەکان کەڕوی ڕاستەقینەی مەسەلەی کوردی پیشانداوە کتێبەکەی ((کوردو یاسا))ی ڕامبۆیە. ڕامبۆ لەکتێبەکەیدا (کەبەزمانی فەرەنسییە) بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بەمەسەلەی کورد لەپەیوەندیی نێو دەوڵەتاندا دەدا. ئەو بەڕونی پیشانی دەدا کە گروپە نیشتمانی، پێشکەوتنخوازو مارکسیستەکانی کورد لەکۆمەڵی کوردەواریدا ڕۆڵێکی دیار دەگێڕن. لەڕاستیدا کتێبەکەی ڕامبۆ بەڵگەنامەیەکی گرنگە کەبەشێوەیەکی ڕێکوپێک جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان شیدەکاتەوەو دڕندێتیی کۆنەپەرستانی ئێران، تورکیەو عێراق پیشان دەدا.

گرنگیی نوسینەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەربارەی مەسەلەی کورد لەوەدایە کەزانیاریو بەڵگەنامەیەکی زۆریان تێدایە، باسی

لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیانی کورد دەکەنو بایەخ بەپەیوەندیی دەرەبەگی، لەناوچونی دەرەبەگایەتی، میتۆلۆژی، زمان، کەلتور، جوگرافیاو مێژوی کوردستان دەدەن. بەشێکی ئەو بەڵگەنامەو باسانە بەزمانی ڕوسین.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ کەڵکێ لەنوسینەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا وەرگرین دەبێ لەم سێخاڵە بێ ئاگا نەبین: ١- ئایا قازانجی دانەرە سیاسیەکان لەدیراسەکردنی مەسەلەی کورددا چیە؟ ٢- ئایا ڕێبازی سیاسیی ئەو نوسەرانە چییە؟ ٣- ئایا چەشنی بیرکردنەوەو بۆچونی ئەو نوسەرانە چۆنە؟

٣- نوسینەکانی روسیای پێش شۆڕش- دانراوە سۆڤێتییەکان دەربارەی کوردو کوردستان.

ئاشکرایە کەروسیای تزاری گرنگییەکی زۆری بەکورد دابو. لەم بارەیەوە کۆمەڵە وتارو کتێبێکێ کەلەڕوی زانستییەوە نرخی خۆیان هەیە لەروسیا چاپو بڵاوکرانەوە. شاکارە بەنرخەکەی ف.خانیکۆف ((گەشتێکێ بەکوردستانی ئێراندا)) (١٨٥٢) یەکێکە لەو نوسینە گرنگانە. لەژمارە ٣٠٩٥٣٠ی ساڵی ١٨٤٩ی گۆڤاری گەشتەوانیدا ژەنراڵ چیریکۆڤ دەربارەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ناوچەکانی خان ماکۆ، سلدوزو سابڵاخ وتارێکی بەنرخی بڵاوکردەوە. هەروەها لەبارەی کوردستانی ئێرانەوە لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵێکێ وتار بڵاوکرایەوە. جگە لەم وتارانە کامساراکان، فاسیلیفو پانتۆخۆف لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی جوگرافیایی روسدا چەند وتارێکیان دەربارەی کورد بڵاوکردەوە. لەنوسینی ئەم وتارانەدا کارتسۆڤ، ئەلیزارۆف، مار، سەمیرنۆفو کەسانێکی تر بەشدار بون.

بەشێکی ئەو وتارانە هێندە گرنگن‌و بەنرخن دەشێ وەک بەڵگەنامەی ڕێکوپێک کەڵکیان لێ وەربگیرێ. نمونەی ئەو وتارانەش ئەو چەند وتارەیە کەدەربارەی پەیوەندیی کۆمەلایەتیی کۆمەڵی کوردەواری لەلایەن کامساراکان، کارلتسیف، کالوباکین‌و کەسانێکی ترەوە لەکتێبی چەند بەڵگەنامەیەک دەربارەی ئاسیا بلاوکرایەوە. هەروا لەڕۆژنامەو بلاوکراوەکانی دەزگا جەنگی‌یەکان، گۆڤاری گەشتەوانی‌و لەکتێبی سیاحەتنامە حدودی خورشید ئەفەندی کەڵک وەردەگیرێ.

بەشی دوەمی ((چەند بەڵگەنامەیەک دەربارەی ڕۆژهەلات)) (١٩١٥) کەبەتەواوەتی بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کراوە، گرنگی‌ی تایبەتی خۆی هەیە چونکە سەرەڕای ئەوەی کەتێیدا یاداشتەکانی ئۆرلۆفی کۆنسۆلی روسیا لەبەغدا بلاوکراوەتەوە، چەند وتارێکی تری تێدایە کەکەسانێکی پسپۆڕو شارەزا نوسیویانە. لەم بارەیەوە دەبێ باسی ئەوەش بکرێ کەئەفسەرانی روسیش دەربارەی کورد نوسینی تایبەتی خۆیان هەیە، لەوانە: ژەنرال زایلیۆنی، بۆلکۆنیک کیرنۆزۆپوف، کاپتن بنزنگرە، تیگرانۆف، ماکسیمۆفیچ واسیلۆفسکی، ئافریانۆف‌و کەسانی تر.

لێرەدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کەنوسینەکانی نوسەرە روسەکان لەڕوی بەڵگەنامەوە زۆر دەوڵەمەندن بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین زانستی ڕۆژئاوا توانیویەتی بەشێکی ئەو نوسینانە چەواشە بکاو بەهەڵەیان بەرێ.

بێگومان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەبوایە زانستی مێژوی سۆڤێتی گرنگی‌یەکی تایبەتی بەجولانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان بدا. لەم بارەیەوە گۆڤاری ((ڕۆژهەلاتی نوێ))

رۆڵێکی تایبەتی هەبوو.[2] لەم گۆڤارەدا وتارەکانی ئاراکیلیان کەبۆ باسکردنی گیروگرفتی گەلانی ئێران تەرخان کرابـو بڵاوکرانـەوە. هەر لەم گۆڤارەشدا لەژێر ناونیشانی ((کوردو کوردستان))دا لاهوتی وتارەکانی خۆی بڵاوکردەوە. گۆڤاری ((ڕۆژهەڵاتی نوێ)) بایەخێکی تایبـەتی بـە کوردسـتان دا، هەلومـەرجی کوردسـتانی بـۆ خوێنـەرە سوڤـێتییەکان رون کـردەوەو بـەتێرو تەسـەلی باسـی هـەمو ئـەو دانراوانەی کـرد کـەدەربارەی کـوردو کوردسـتان لـەدەرەوەی سـنوری یەکێتیی سوڤێتدا بڵاوکراونەتەوە. بێجگە لە ((رۆژهـەڵاتی نـوێ)) چەند گۆڤارێکی تریش بایەخیان بـەم مەسـەلەیە داوە وەکـو گۆڤـاری ((ئـەگرانینی پـرۆنیمی)) (کێشـەکانی کشـتوکاڵ)، گۆڤـاری ((بۆلشـفیکێ زا کافکـاس))، گۆڤـاری ((زاریـا فاسـتۆکا)) (بەرەبـەیانی رۆژهـەڵات). گۆڤـاری ((ئـەتنۆگرافیای سۆڤـێت)) و گۆڤـاری ((سـەردەمە تازەکـان))و رۆژنامـەکانیش وەکـو ((ئیزڤستیا))و ((پراڤدا)) لەبارەی کوردستانەوە چەند وتارێکیـان بڵاوکردەوە. بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لـەم بارەیـەوە وتـاری گرنگـی بڵاوکـردەوە[3]. لێـرەدا کەباسـی نوسـینو دانراوەکانی نوسەرانی یەکێتی سۆڤـێت دەکـەین، دەبـێ سـەرنجێکی تایبـەت لەنوسـینەکانی کوردناسـی سوڤـێتی مامۆسـتا و.ل. ویلگفسـکی بـدەین. مامۆسـتا ویلگفسـکی دەربـارەی کێشـەکانی کشتوکاڵ لەکوردستاندا چەند وتارێکی بەنرخی هەیە[4].

نوسینەکانی ویلگفسکی نوسینی بەنرخو شایستەی بایەخدانێکی تایبەتن چونکە نوسەر لەنوسینەکانیدا بە بەڵگەنامەی گرنگ پشت ئەستورە. ئـەو بەشـێوەیەکی زانستی لەمەسـەلەی هـەرەس هێنـانی

پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان، گوزەرانی جوتیارانی کوردو پەرەسەندنی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان دەکۆڵێتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ویلگفسکی هەندێ جار توشی سەر لێ شێواوی بوە. بۆ نمونە، ویلگفسکی ڕاپەڕینی ساڵانی ١٨٨٠و ١٩٢٥ بەراپەڕینی دەرەبەگی دەزانێ*. بەبڕاوی ئێمە نابێ ئەو راپەڕینانە

---

* هەمو ئەوانەی بەشێوەیەکی بابەتی لەبزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەکۆڵنەوە، بەئەستەمی دەبینن بزوتنەوەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەبزوتنەوەی نەتەوەیی بدەنە قەڵەم. گیروگرفتەکە لەڕوی زانستییەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کەبزوتنەوەی نەتەوەیی لەگەوهەردا بزوتنەوەیەکی شاریەو چینی بورژوازیی شارەکان نەك دەرەبەگەکان رابەرایەتیی دەکا، لەکاتێکدا هەمو بزوتنەوەکانی سەدەی نۆزدەهەمی کوردستان، لەوانە بزوتنەوە فراوانو جێ سەرنجەکەی ساڵی ١٨٨٠، بۆیان نەرەخسا بوو سەرکردایەتییەکی بورژوازی-شارییان هەبێ.

لازاریف کەکەس ناتوانێ تۆمەتی شێواندنی مێژوی سیاسیی تازەی کوردی بخاتە پاڵ، پێی وایە هەمو ناسیونالیستەکانی کورد تا سەرەتای سەدەی بیستەم پابەندی ناوەندە دەرەبەگو ئاینییەکانو تاڕادەیەکی زۆریش دیلی ئایدیۆلۆژیای دەرەبەگایەتی بونو پاش شیکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەچێتە سەر ئەو باوەڕەی کەبزوتنەوەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەهەمو تا دەوروبەری جەنگی یەکەمی جیهان مەگەر تەنها وەك دەستەواژەیەکی روکەش پێیان بوترێ بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەگینا لەڕوی زانستییەوە هیچیان مەرجەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیییان پێوە دیار نیە. بۆ زیاتر شارەزایی لەم روەوە بچۆوە سەر: م. س. لازاریف، المسالة الكردية ١٨٩١-١٩٧١، ترجمة اكبر احمد، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠١، صص ٥١٠- ٥٢٧ (الخاتمة).

لەڕاستیدا پەرەسەندنی ئۆرۆستۆکراسیی دەرەبەگایەتی لەکوردستاندا دیاردەیەکی گرنگ پێکدێنێ. بەدرێژاییی مێژوی کوردستان لەچاخی ناوەڕاستەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، ئۆرۆستۆکراسیی دەرەبەگ لەخەباتدا بوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ماددییەکانی خۆیو لەڕەوتی ئەم هەوڵدانەیدا بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە مێژو ئەرکێکی نیشتمانیی پێ سپارد کەپاراستنی وڵاتە لەدەسەڵاتی بێگانە کەمایەی هەڕەشە بوە بۆ سەر بەرژەوەندییە ماددیەکانی ئەو ئۆرۆستۆکراسییە. بۆ زانیاریی تێروتەسەل دەربارەی ئەم بۆچونە، بچۆوە سەر: فەرید ئەسەسەرد، شێوەی ئاسیاییی بەرهەم هێنان لەکوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٤، ساڵی ٦، ١٩٩٨، ل ١٩-٤٠و بەتایبەتی لاپەڕەکانی ٢٦- ٣٣(وەرگێڕ).

بەراپەڕینی دەرەبەگی دابنرێن چونکە لەڕاستیدا ئەو چەشنە ڕاپەرینانە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی خەباتی نەتەوایەتی‌ی گەلی کورد شتێکی پێویست بون. ئەم چەشنە تێڕوانینە چەوتە لەبەشێکی نوسینە سۆڤێتی‌یەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو تا ڕادەیەکێ لەنرخی ئەو نوسینانەی کەم کردۆتەوە. لێرەدا پێویستە باسی ئەو تێزانە بکرێ کەلەبارەی کوردەوە نوسراون وەکو: تێزی ١٠١ی کۆزنتسۆف ((عێراق لەجەنگی دوەمی جیهاندا)) (١٩٤٨)، تێزی کێ. ئاگۆبۆف ((دەربارەی نژادی نەتەوەیی‌ی کوردی ئێران)) (١٩٥٢)، تێزی ئەی. فاریزۆف ((پایەی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کورد لەخەباتی دژی ئیمپریالیستی‌ی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکدا)) (١٩٥٣)، تێزی ت.ف ئەریستۆفا ((کوردەکانی ئێران - کورتە باسێکی مێژوویی‌ی ئیتنۆگرافی)) (١٩٥٣).

لەهەمو تێزە زانستی‌یەکاندا ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامەی گرنگێو شیکردنەوەی تێرو تەسەل بەرچاو دەکەوێ. بەڵام دەبێ باسی ئەوەش بکرێ کەتەنانەت نوسەرانی ئەو تێزانەش نەیانتوانیوە خۆیان لەتیۆریو بۆچونەکانی نوسەرە بۆرژوازی‌یەکان راپسکێنن. لەبەر ئەوە کەجوڵانەوەی نەتەوایەتی‌ی رزگاریخوازی کورد شی دەکەنەوە هەمان بۆچونە چەوتەکان دوپات دەکەنەوەو بۆچونی نوسەرانی پێش خۆیان، بەبێ ئەوەی لێی بکۆڵنەوە، بەچاوگەیەکی بڕواپێکراو دەزانن. لەڕاستیدا ئەوانە بەو جۆرە بۆچونانە خوێنەرانی یەکێتی‌ی سۆڤێت چەواشە دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەس نیە بتوانێ چاو لەو خزمەتە بپۆشێ کە کوردناسە سوڤێتی‌یەکان دەیکەن. مامۆستا کێ. کوردۆیف یەکێکە لەو کەسانەی لەبارەی کاروباری کوردەوە شارەزایی‌ی زۆری هەیە. ئەو بەئاشکرا بۆچونو تیۆری‌یە ناڕاستەکانی

نوسەرە بورژوازی‌یەکانی ریسوا کردوەو روی راستەقینەی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردی پیشانداوە. هەمو نوسینەکانی مامۆستا کوردۆیف بۆ شیکردنەوەی لایەنە جۆراو جۆرەکانی زمانو ئەدەبی کوردی تەرخان کراون[٥]. زۆر جار دەبینین ئەو نوسینو کتێبە سۆڤێتی‌یانەو ئەو وتارە زۆرو زەبەندانەی بۆ باس کردنی کوردو کوردستان تەرخان کراون، بەتایبەتی ئەو نوسینانەی پەیوەندییان بەمێژوی خەباتی گەلی کوردەوە هەیە، بەشێوەیەکی نیوەو ناچڵو چەوت باسی هەندێ لایەنی کاروباری کوردەواری دەکەنو زۆر لایەنی تر فەرامۆش دەکەنو بەشێوەیەکی توتیانە بۆچونەکانی نوسەرە بۆرژوازی‌یەکان دەڵێنەوە. تەنانەت زۆر جار نوسەرەکان پشت بەبلاوکراوە گشتی‌یەکانی تورکیاو ئێرانو عێراق دەبەستن. بۆیە کەباسی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان دەکەن وەکێ جولانەوەیەکی کۆنەپەرستانە، دەرەبەگێو ئاینی دەیخەنە بەرچاو. بێگومان ئەمەش جێگای داخو نیگەرانی‌یە.

٤- نوسینەکانی نوسەرە کوردەکان

ئەو چەشنە نوسینانە بەچەند زمانێکی وەکێ کوردی، روسی، فەرەنسی، ئینگلیزی، تورکی، فارسیو عەرەبی بلاوکراونەتەوە.

ئەم نوسینانە بەنرخو دەوڵەمەندن بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی مۆرکی ریپۆرتاژی رۆژنامەگەری‌یان پێوە دیارەو گەلێکێ وتاریان تێدایە کەلەکورتە باسی سیاسیو کۆمەلایەتی‌ی بێ بەڵگەنامە بەولاوە هیچی تر نین. بەڵام لەنێو ئەم نوسینانەدا چەند کتێبێکێ کەلەروی ناوەرۆکێو بۆچونەوە بەشاکاری هەرە بەنرخو دەوڵەمەند

داده‌نرێن، به‌كه‌ڵكی ئه‌وه‌ دێن بۆ شیكردنه‌وه‌ی مێژوی كوردو جوڵانه‌وه‌ی رزگاریی نیشتمانی‌ی كوردستان بكرێن به‌سه‌رچاوه‌.

له‌م باره‌یه‌وه‌ پێویسته‌ ئه‌م نوسینانه‌ بخرێنه‌ به‌رچاو:

شه‌ره‌فنامه‌ی شه‌ره‌ف خانی بتلیسی كه‌به‌زمانی فارسی داینـاوه‌. ئه‌م شاكاره‌ یه‌كێكه‌ له‌سه‌رچاوه‌ به‌نرخو ده‌وڵه‌مه‌نده‌كان. شه‌ره‌ف خان له‌ساڵی ١٥٩٦دا له‌دانانی ئه‌م كتێبه‌ بۆته‌وه‌. شه‌ره‌فنامه‌ بۆ مێـژوی كـورد، بنه‌ماڵـه‌ فه‌رمانـڕه‌واكانی كـورد، میرنشـینه‌ ده‌ره‌به‌گـه‌كانو په‌یوه‌ندی‌یه‌ ده‌ره‌به‌گی‌یه‌كان ته‌رخان كـراوه‌و سـه‌باره‌ت به‌پـه‌یوه‌ندی‌ی نـاوخۆی بنه‌ماڵـه‌ فه‌رمانـڕه‌واكانی كوردسـتانو پـه‌یوه‌ندی‌یان به‌حكومه‌تی شای ئێرانه‌وه‌ زۆر به‌ڵگه‌نامه‌ی سودبه‌خشی تێدایـه‌. بـۆ كۆكردنه‌وه‌ی زانیاری ده‌رباره‌ی سیسـتمی ده‌ره‌به‌گایـه‌تی، هێزه‌كـانی به‌رهه‌م هێنانو داهاتی بنه‌ماڵه‌ فه‌رمانڕه‌واكان كه‌ڵكێ له‌شـه‌ره‌فنامه‌ وه‌رده‌گیرێ.

شه‌ره‌ف خان له‌كتێبه‌كه‌یدا بایـه‌خێكی تایبـه‌تی به‌شـیكردنه‌وه‌ی گوزه‌رانی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی‌داوه‌، لـه‌ژیانی جوتیـارانی كۆڵیوه‌تـه‌وه‌و به‌گشتی ئه‌و شتانه‌ی ئه‌و باسی كردون ژیانو گوزه‌رانی كورد لـه‌سـه‌ده‌ ناوه‌ڕاسته‌كاندا ده‌رده‌خه‌ن.

جگـه‌ لـه‌و كتێبـه‌ به‌نرخـه‌ سـه‌رچاوه‌یه‌كی گرنگـی تـر هه‌یـه‌ كـه‌ له‌مێژوی كـۆنو نـوێی كوردسـتان ده‌كۆڵێتـه‌وه‌، ئـه‌ویش كتێبه‌كـه‌ی مامۆستا ئه‌مین زه‌كی به‌گه‌ كـه‌ له‌به‌غـدا له‌سـاڵی ١٩٣٦دا بـه‌ناوی ((مێــژوی كــوردو كوردســتان)) ده‌ری كــردوه‌. ئــه‌م كتێبــه‌ زۆر به‌ڵگه‌نامه‌ی گرنگـی تێدایـه‌ كه‌پـه‌یوه‌ندی‌ی بـه‌مێژوی كوردسـتانه‌وه‌ هه‌یه‌، له‌سه‌ده‌ كۆنه‌كانه‌وه‌ تا ساڵانی یه‌كه‌م جه‌نگی جیهان. مامۆستا محه‌مه‌د عـه‌لی عـه‌ونی لـه‌قاهیره‌ ئـه‌م كتێبـه‌ی وه‌رگێڕاوه‌تـه‌ سـه‌ر

زمانی عەرەبی، بەرگی یەکەمی لەساڵی ١٩٣٦و بەرگی دووەمی لەساڵی ١٩٤٥دا دەرچو.

چەند کتێبێکی تریش هەن کەنوسەرانیان کوردنو بۆ باس کردنی مەسەلەی کورد تەرخان کراون وەکو کتێبەکەی دکتۆر بلەچ شێرکۆ ((مەسەلەی کورد)) بەزمانی عەرەبی (قاهیرە ١٩٣٠)، کتێبەکەی رەفیق حلمی ((کورد لەسەرەتای مێژووەوە تا ساڵی ١٩٢٠)) بەزمانی عەرەبی (موسڵ ١٩٣٤)، کتێبەکەی نوری دێرسیمی ((دێرسیم لەمێژوی کوردستاندا)) بەزمانی تورکی (حەلەب ١٩٥٢)، کتێبەکەی عەبدولعەزیز یاموڵکی ((کوردستانو شۆڕشەکانی کورد)) (تاران ١٩٦٢)، بڵاوکراوەکانی ((دەزگای زاری کرمانجی)) کەحسێن حوزنی موکریانی سەرپەرشتیی دەکرد، بڵاوکراوەکانی ((کۆمیتەی کورد)) لەپاریسو یاداشتەکانی حزبو گروپە کوردییەکان بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان. لەم بارەیەشەوە هەندێ بڵاوکراوەی تر هەن وەکو گۆڤارەکانی گەلاوێژ، نیشتمان، هاوار، کوردستانو رۆمانی ((رۆژگاری ڕەشی کرێکارانی ئێران)) کەئەحمەد خوداداد بەفارسی نوسیویەتیو لەساڵی ١٩٣٤دا بەناوی ((بەشی جوتیار)) کراوە بەروسی.

لەنوسینی ئەم کتێبەدا پەیرەوی لە رێبازی مارکسیزم - لینینیزم کراوە. لەم بارەیەوە کەڵکێ لەچەند نوسینێکی کلاسیکیی مارکسیزم- لینینیزم وەرگیراوە وەکو کتێبە بەنرخەکەی ئەنگلس ((پەیدابوونی خێزان، خاوەنێتیی تایبەتیو دەوڵەت))، کتێب و وتارەکانی لینین ((چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی))، ((نەخشی سەرمایەداری لەپێکەوەنانی نەتەوەکاندا))، ((ئۆتۆنۆمیی کەلتوریی نیشتمانی))، ((چەند

بڕیارێک سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتی، پەسندکراوی کۆبوونەوەی هـاوینی سـاڵی ١٩١٣ی کۆمیتـەی ناوەنـدیی حزبـی سۆسـیال دیموکراتی کرێکارانی روسیاو لێپرسراوە حزبیـەکان))، ((شۆڕشـی پرۆلیتاریو مافی نەتەوەکان لەدیاری کردنی چارەنوسی خۆیانـدا)) ، ((بێـداریی ئاسـیا)). لەنوسـینەکانی سـتالین سـود لـەم نوسـینانە وەرگـیراوە: ((مارکسـیزمو مەسـەلەی نەتەوایـەتی))، ((مەسـەلەی نەتەوایـەتیو لینینیـزم)) و ((شۆڕشـی ئۆکتۆبـەرو مەسـەلەی نەتەوایەتی)).

## ب- سەرنجێکی گشتی دەربارەی کوردو کوردستان

### ١- کوردستان - نیشتمانیی کورد

چـەمکی ئـەم نـاوە چەمکێکیدەوڵـەتیو کارگێـڕی نیـە بـەڵکو چـەمکێکی ئیتنـۆگرافیو جـوگرافیو نەتەوەییـە چونکـە بەشـە جیاجیاکانی کوردستان بەشێکی سنوری دەوڵـەتانی تورکیـا، ئێـران، عێراقو سوریا پێک دەهێننو بەشێوەیەکی گشتی خـاکی کوردسـتان رێژەی ٢٠٪ی خاکی تورکیا، ئێرانو عێراقە.

بێگومـان کوردسـتان ناوچەیـەکی دیـاریکراوی کارگێـڕی یـاخود چەند ناوچەیەکی کارگێـڕی نیـە بـەڵکو ئـەو وڵاتەیـە کـەکوردی تیـا دەژیو لەکۆنەوە بەخاکو نیشتمانیی ئەوان ناسراوە.

خـاکی کوردسـتان پـەرژینێکی سروشـتی لـەنێوان هـەردوو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکدا پێک دەهێنێ. ئەمەش خـۆی لەخۆیـدا ناوچەیـەکی جیـاواز دروست دەکـا چونکـە کێوەکـان کـە کوردسـتان لەوڵاتـە دراوسـێکان جیـا دەکەنـەوە بونەتـە سـنورێکی سروشـتیو کوردسـتان لەدەشـتەکانی میسۆپـۆتامیا، بـانی سـوریا، ئـەناتۆلیای ناوەڕاستو ناوچە شاخاوییەکەی ئێران جیا دەکەنەوە. بەواتایەکی تر، کوردستان

بەزنجیرە چیاکانی بانتسکی، زنجیرە چیاکانی کافکاس، کەنداوی فارسو دەشتەکانی میسۆپۆتامیا لەلایەکو بەزنجیرەی ئانتی تۆرۆسو ئانتی تاورو بانی ئێران لەلایەکی ترەوە گەمارۆ دراوە. کوردستان ناوچەیەکی شاخاویی فراوان داگیر دەکا کەتێیدا دو روبارە گەورەکەی ئاسیا هەڵدەقوڵێن: واتە روباری فوراتو دجلەو دوو لقە گەورەکەی زێی بچوکو زێی گەورە. روبەری کوردستان لە ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتر زیاترە، واتە روبەری کوردستان بەقەدەر تێکرای روبەری عێراق، سوریا، لوبنان، ئوردون، فەلەستینو ئیسرائیلە [٦].

٢- سنوری ئیتنۆگرافیی کوردستان

سنوری کوردستان لەرۆژئاوادا لەکورد داخەوە (سوریا) دەست پێ دەکاو لەناوچەکانی کیلیس، مەراش، بستانو لیویرکدا تێدەپەرێو رو دەکاتە باکور تا روباری کیلکیتو مارابەو بەرەو دەریای ناوەراست.

لەرۆژهەلاتیشەوە لەشارەکانی بایبوردو ئۆلتییەوە دەست پێ دەکا، بەخواروی رۆژهەلاتی قارسو لێواری رۆژئاوای دەریاچەی ورمێدا تێدەپەرێ، لورستانو ناوچەی بەختیارییەکان دەبرێ تا دەگاتە سنەو کرماشان.

لەباشوردا لەلورستانەوە دەست پێ دەکاو رو دەکاتە باکوری رۆژئاواو بەخانەقینو کفریدا تێدەپەرێ تا دەگاتە نزیک چیای حەمرین، لەوێدا رو دەکاتە رۆژئاواو بەناوچەکانی خواروی چیای شنگاردا تێدەپەرێ، فورات دەبرێو لەشاری تەرابلسو خواروی کورد داخ نزیک دەبێتەوە تا لەسەروی ئەسکەندەروندا دەگاتە دەریای ناوەراست [٧].

٣- سامانی سروشتیو کانزاییی کوردستان

لەروی سامانی سروشتیو کانزاییەوە کوردستان زۆر دەوڵەمەندە بەڵام بەشێکی گەورەی ئەم سامانە هێشتا بەتەواوی کەڵکی لێ وەرنەگیراوەو گرنگترینی ئەمانەن:

نەوت کەبەشێوەیەکی تایبەتی لەعێراقدا لەناوچەکانی کەرکوک، زەممارو خانەقین، لەتورکیا لەسیرتو باتمان، لەئێراندا لەکرماشانو لەسوریادا لەقەرەچوک دەردەهێنرێ. بێجگە لەنەوت، ئاسن، توتیا، قورقوشم، زیو، کرۆمو مۆلێبدن هەیە [٨].

مس لەناوچەکانی ئەرگانە (دێرسیم) دەردەهێنرێ، لەپالو، ئاکرێو ناوچەکانی دەوروبەری وان مسی خاو دەسدەکەوێ.

خەڵوزی بەرد لەزۆربەی زۆری بەشەکانی کوردستاندا هەیەو بەشێوەیەکی تایبەتی لەسلیڤانە، خارپیت، وان، کیماهـ، جیمش، خزک زاخۆ هەیە. ئاسن لەناوچەکانی نزیک مادەنو ئامێدی هەیە.

قورقوشمی خاو لەکیانە، کرۆمو مەگنیسیۆم لەبارزان، زێڕو زیو لەناوچەی دیاربەکر هەیە.

سەرەڕای سامانی کانزایی، کوردستان بەکانزاو دەوڵەمەندە بەتایبەتی لەناوچەکانی دێرسیم، ئاگری داخو ئەرزنجان. سەرچاوەی گەڕاو کەوتۆتە ناوچەکانی ئەردیش، جولە مێرکێو باشقەڵا.

نەوت گرنگترین سامانی کوردستانە. لەساڵی ١٨٤٢دا مێژەر بۆلتۆن سەرنجی داوەتە ئەم مەسەلەیەو لەو وتارەی کەلەکۆڕی پاشایەتیی عوسمانیدا خوێنرایەوە سەرنجی گوێگرەکانی بۆ گرنگیی نەوتی کوردستان راکێشا [٩]. نەوتی کوردستان بەشێکی زۆری ئەو نەوتە پێک دەهێنێ کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەهێنرێ. لەساڵی ١٩٤٩دا لەسەرجەمی ٧١ر١٨٨ر٠٠٠ تەن ٣١ر٤٥١ر٠٠٠ تەن لەکوردستانی عێراقو ئێرانو تورکیا

دەرهێنراوەو لەساڵی ١٩٥٠دا بڕەکە گەیشتە ٣٨٫٠٣٠٫٠٠٠ تەن (لەسەرجەمی ٨٧٫٦٣٠٫٠٠٠ تەن کەهی هەمو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکە). چاڵە نەوتەکانی عێراق، ئێرانو تورکیا بەشێوەیەکی سەرەکی کەوتونەتە سنوری کوردستانەوە [١٠].

ف. س. باسکن لەکتێبەکەیدا ((مۆنۆپۆلی نەوت لەدو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکدا)) نوسیویەتی:

((ئیحتیاتی سەرەکیو بنچینەیی نەوتی عێراق لەناوچەکانی کەرکوکدایە کەناوچەیەکی کوردنشینە. چاڵە نەوتەکانی کەرکوک یەکێ لەسەرچاوە مەزنەکانی نەوتی جیهان پێک دەهێنن. چاکترین چاڵە نەوتی کەرکوک لەناوچەی بابا گوڕگوڕدایە کە ٨کم لەکەرکوکەوە دورە. ئەم ناوچەیە لەکۆنەوە بەئاگری هەمیشەیی ناسراوە. دەرپەڕینی گازی سروشتیو نەوتی داگیرساو هۆی ئەو ئاگرە هەمیشەییەیە بوە کەتا ئەمڕۆ لەکوژانەوە نەهاتووە. ئەگەرچی ئەو گازە سروشتییە بەسامانێکی گرنگی نەوت دادەنرێ، بەڵام تا ئەمڕۆ کەس کەڵکی لێ وەرنەگرتووەو بەفیڕۆ دەچێ. زوربەی نەوتی عێراق لەچاڵە نەوتەکانی کەرکوک دەردەهێنرێ. لەکۆتاییی ساڵی ١٩٥٥دا، ٤٤ چاڵە نەوت لەناوچەی کەرکوک خرایە گەڕو هەر لەهەمان ساڵدا ٢٥ ملیۆن تەنی لێ دەرهێنرا)) [١١].

نەوتی ئێران بەشێوەیەکی سەرەکی لەسنوری خاکی کوردستاندایە. لەئایاری ١٩٥١دا بەرزترین پلەی دەرهێنانی نەوت ٣٥٫٤ ملیۆن تەن بوو، تێکڕای بەرهەمی هەر چاڵێک لەیەک ساڵدا ٤٣٧٫٣ هەزار تەن بوو [١٢].

تا ساڵی ١٩٥١ ئێران لەڕوی فرۆشتنی نەوتەوە، لەجیهانی سەرمایەداریدا دوای ڤەنزویلا دەهاتو پلەی دووەمی داگیر دەکرد

[13]. گومـانی تێـدا نیـه کەبەشـێکی زۆری ئـەو نەوتـەش هـەر هـی کوردستانە.
لەکۆتاییی ساڵی ۱۹۵۵دا یـەدەکی نـەوتی نـاو زەمینـی ئێـران بـە ۳۵۹۱ ملیـۆن تـەن دادەنـرا، واتـە ۲۰,۹٪ ی ئـەو نەوتـەی پـێکـ دەهێنا کەلەچاڵە نەوتەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات دەردەهێنـرا، لەسـەر ئاسـتی جیهـانیش بەرامبـەر بـە ١٤,٦٪ ی نـەوتی هـەمو جیهـانی سـەرمایەداری بـوو [14]. عێـراق ((لەسـاڵی ۱۹۵۵دا، ۸۸ چاڵـە نەوتی خستە کارو ۳۳ ملیۆن تەن نەوتی هێنایە بەرهەم، واتە لەیەکـ ساڵدا هـەر چاڵـە نـەوتێکـ ۳۸۱,۸ هـەزار تـەنی لێ دەرهێنـراوەو لەئـەنجامدا عێـراق بـوە یـەکێ لەگـەورەترین دەوڵـەتـە بەرهـەم هێنەرەکانی جیهانی سەرمایەداری. عێراق لـەروی هێنانـە بەرهـەمی نەوتـەوە نـەکـ تـەنها لەئـەمریکای لاتـینو وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بـەڵکو لەهـەمو وڵاتـە نەوتیـیـەکانی دو رۆژهـەڵاتی ناوەراستو نزیکـو عەرەبستانی سعودیو کـوێتیش پێشکەوتوترە)) [15]. لێرەدا ئەو ئەنجامەمان لا دەسگیر دەبێ کە کوردستان لـەڕوی هێنانە بەرهەمی نەوتەوە پێنجەمین وڵاتە لەجیهاندا.
لەسـەرێکی تـرەوە دەبیـنین کوردسـتان بەپـیتترین وڵاتـانی دو رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتو نزیکـە. گـەلێکـ بـەروبوم لەکوردسـتان دەهێنرێتـە بەرهـەم کەبەشـێکی زۆری بەکـەڵکی پیشەسـازی دێـت (وەکو لۆکـە، گـوش، تـوتنو هـی تـر). ئـاوو هـەوای کوردسـتان زۆر لەبارە بۆ کشتوکاڵ، سروشـتو ئاووهـەوا لەمەسـەلەی خـۆش کردنـی گـوزەرانی خێڵـە گـەورەکاندا کـەوازیان لـەژیانی کۆچـەری هێنـاوەو جێگیر بونو کشـتوکاڵیان کردۆتـە پیشـەی خۆیـان، رۆڵێکـی دیـاری هەبوە. ئەو خێڵانەی ئەمڕۆ لەناوچەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێ بونو

وازیان لەژیانی گەڕۆکی هێناوە ئەمانەن: سورچی، زراری، هەرکی (هەرکی بنەجی، بەشێکی هەرکی مندانو سیدان)، خێلانی، شیرڤانی، زیتکی، مەنگوڕ، مامەش، پشدرو هیتر، لەوەڕگاکان لەمەسەلەی پێشخستنی پرۆسەی بەخێوکردنی ئاژەڵو مەڕومالاتدا گرنگی‌یەکی تایبەتیان هەیە.

٤- گرنگی‌ی سوپایی‌ی کوردستان

وێڕای سامانی سروشتی، کوردستان لەڕوی ستراتیجەوە گرنگی‌ی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ دابین کردنی دەسەلاتی سیاسی‌و پاراستنی ڕژێمەکانی دو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو نزیک، کۆنترۆڵ کردنی کوردستان مەرجێکی پێویستە. لەبەر ئەوە مستەفا کەمال ئەتاتورک بەخۆڕایی نەیوتوە ((ئەگەر هاتو بارودۆخی جەنگ لەرۆژهەلاتی نزیکدا هاوسەنگ بوو، ئەو لایەنەی دەست بەسەر کوردستاندا دەگرێ سەرکەوتن بۆ خۆی مسۆگەر دەکا)). هەر لەسەرەتای چاخە کۆنەکانەوە کوردستان چەقی ململانێ‌و پێکادانی دەوڵەتان بوە. لەیەکەم جەنگی جیهاندا ئینگلیزو روسەکان کوردستانیان داگیر کرد. ئەو کۆمیتەیەی کەئینگلیزو روسەکان پێکیان هێنابوو سنوری نێوان تورکیاو ئێرانی دیاری کرد، لەئەنجامدا کوردستان بەسەر هەردو دەوڵەتدا دابەش کرا. دوای یەکەم جەنگی جیهانو بەپێی ویستو ئارەزوی ئینگلیز، کوردستان بەسەر تورکیا، ئێرانو عێراقدا دابەش کرا. پەیمانی سیڤەر کەمافی چارەی خۆنوسینی کوردی سەلماند بوو، گۆڕ کرا. سنوری نێوان تورکیا، ئێرانو عێراق - بێجگە لەبەشی خواروی سنوری نێوان عێراقو ئێران - بەخاکی کوردستاندا تێدەپەڕی. سنوری ئەو دەوڵەتانە لەناوەڕاستی کوردستاندا دەگاتەوە یەک.

هەمو ئەو سنورانە تازەن. کۆنترینیـان سـنوری ئێـرانو تورکیایـە کە لەساڵی ١٩١٤دا بەیەکجارەکی دیاری کرا. بەشەکانی تری سـنور لەساڵانی ١٩١٩- ١٩٢٥دا دوای یەکەم جەنگی جیهان دیـاری کـران [١٦]. لەکاتی دیاری کردنـی سـنوری نێـوان ئـەو دەوڵـەتانـەدا، کـەس بەتەنگ قازانجو بەرژەوەندیی کوردەوە نەبو. ئـەو سـنورە دەسـکردە خێڵە کوردەکانی سەر سنوری کردۆتە دو لەتەوە. بۆ نمونـە دەبیـنین خێڵـەکانی جـەلالی، حەیـدەرانلی، مللـی، شـکاک، هـەرکی، دڕی، عەروسو هیتر بونەتـە دو لـەتو لەهـەر دو دیـوی ئێـرانو تورکیـادا هەن. خێڵـەکانی جـاف، گـۆران، جوانـڕۆ، پشـدەر، هـەرکی، شـکاک، پـیران، مـەنگوڕو هیتـر بەسـەر عێـراقو ئێرانـدا دابـەش کـراون. خێڵەکانی هەرکی بنەجی، گەردی، مزوری، برادۆست، دۆسکی ژورو، بنیاش، چرۆی، سـوندوگلیو هیتـر لەهـەردو دیـوی سـنوری عێـراقو تورکیادا هـەن. خێڵـە ئێزدییـەکان لەهـەردو دیـوی سـنوری عێـراقو سوریا دەژین. تەنانەت هەندێ خێڵ هەن کەبەسەر هەر سێ دەوڵـەتدا دابـەش کـراون وەکـو زیتکـی، خێڵـەکانی هـەرکی، شـکاکو گـەردی بەسـەر تورکیـاو ئێـرانو عێـراقدا دابـەش کـراون. بـەو شـێوەیە لەئەنجامی ململانێی دو دەوڵـەتی ئێـرانو تورکیـاداو بـەو چەشـنەی کەلەگـەڵ بەرژەوەنـدیی ئیمپـریالیزمی ئینگلیـزدا ڕێکدەکـەوێ، کوردستان لەتو پەت کرا. لەئەنجامدا تورکیـە ٢/٣و ئێـران ١/٣ی خاکی کوردستانی بەرکەوت.

ئەم لەتو پەت کردنە شـتێکی دەسـکردە، لەبـەر ئـەوە بەچەشـنێکی ریشـەیی کـاری نەکردۆتە سەر ژێرخانی کۆمەڵی کوردسـتان بـەڵکو زیـاتر روخسـارێکی سیاسـیی بـەخۆوە گرتوە کەلەئەنجامدا وشەی ((کوردستان)) دەستکاری کراو بوە ((کوردسـتانی تورکیـا)) و ((کوردستانی عێراق)). بێگومان ئەم ناوانە ناوی جوگرافی نین

بـەڵکو زیـاتر وەکـو زاراوەی سیاسـی بـەکار دەهێنـرێنو بـەو ئەندازەیـە کاریـان نەکردۆتـە سـەر ژیـانی ئـابوریو سیاسـی‌ی وڵاتو نـەیانتوانیوە یـەکێتی‌ی جوگرافی‌یانـەی کوردسـتان هەڵتـەکێنن. بـۆ نمونە دابەشبوونی نیمچە دورگـەی عـەرەب بەسـەر چەنـد دەوڵـەتو میرنشـینێکی سـەربەخۆدا یـەکێتی‌ی جوگرافی‌یانـەی ناوچەکـەی هەڵنەتەکانـدوە. هـەروا کـەئینگلیزەکان بەشـێکی ئەفغانسـتانیان کۆنترۆڵ کرد نەیانتوانی یەکێتی‌ی وڵات هەڵتـەکێنن، ئەگـەرچی ئـەو بەشەی کۆنترۆڵیـان کردبـو ئەمـڕۆ لـەژێر دەسـەڵاتی پاکسـتان دایـە. وێرای دابەش کردنی سیاسی، خەڵکی کوردستان ژیـانێکی یـەکگرتو بەسەر دەبەنو پەیوەندیی ئابوریو خزمایـەتی‌یان هێشـتا بەردەوامـە. بەدرێژایی‌ی سنوری ئێران -تورکیا، ئێران- عێراق، تورکیا - عێراق، تورکیـا- سـوریا، تاکـە خێڵێـکێ نیـە نـەکرابێ بـەدو لەتـەوە، تاکـە خێڵێکێ نیـە سـەری بـۆ ئـەو سـنورە نـەوی کردبـێو نەپـەڕی بێتـەوە ئەودیوی سنور.

لەتو پەت کردنـی کوردسـتانو دابـەش کردنـی بەسـەر تورکیـاو ئێراندا هێندە کارێکی دەسکردو سادە بـوە کەنـەیتوانیوە چلێسـی‌ی هەردو دەوڵەت چارەسـەر بکـا. هـەردو دەوڵـەت هێشـتا بەئومێدی ئەوەن هەلومـەرجی ناوچەکە بەچەشنێکێ بێتە پێش کـەبتوانن دەسـت بەسەر بەشەکانی تری کوردستاندا بگـرن. بـۆ نمونـە دەبیـنین زانـای ئێرانی پرۆفیسۆر رەشید یاسمی، دکتۆر کـەریم سـنجابی، عەباسـی‌و ئەفشـار پـێیان وایـە کـورد ئێـرانین، بۆیـە هـەمو پـارچەکانی تـری کوردسـتان بەبەشـێکی جیانـەکراوەی ئێـران دەزانـن. ئەفشـار وتویـە ((لەبەر ئـەوەی خـاکی کوردسـتان هـەمان خـاکی میدیایـە، کەواتـە کوردستانیش بەشێکی ئێـران پـێکێ دەهێنـێ)). هـەر لـەم بارەیـەوە

دکتــۆر ســنجابی وتویــە ((پــارچەکانی تــری کوردســتان کەئەمــڕۆ لەدەرەوەی سنوری ئێراندان، لـەڕوی مێـژوو و جوگرافیـاوە بەشـێکی جیانەکراوەی ئێرانن)) [17].

بەگشــتی, نــابێ هیــواو ئــاواتی ئێرانییــەکانمان لــەیاد بچــێ کەهەمیشە بڵاوی دەکەنەوە گوایە کوردستان بەشـێکی ئێـرانو کـورد بەشـێکی گــەلی فــارس پــێکٔ دەهێنــێ. ئــەوان هەمیشــە دوپــاتی دەکەنەوە ((جێگای داخو نیگەرانییە کەئەمڕۆ کوردستان لەدەرەوەی سنوری ئێراندایە، ئێمە بەڕەوای دەزانـین کـە کوردسـتان بکەوێتـەوە دەست خاوەنی راستەقینەی خۆی)) [18].

تورکیاش هەمان بیرکردنەوەی هەیـە. کاربەدەسـتانی تورکیـا تـا ئەمڕۆ ولایـەتی موسـڵ بـە بەشـێکی جیانـەکراوەی تورکیـا دەزانـن، لەبەر ئەوە کاتێکٔ تورکیا لەئۆکتۆبەرو نۆڤـەمبەری ١٩٥٧دا شـەڕی بەسوریا فرۆشت، یەکێ لەئامانجەکانی ئەوە بـوو هەلومـەرجێکی وا بێنێتە کایـەوە کـەبتوانێ دەسـت درێـژ بکاتـە نـاو کاروبـاری بەشـی باکوری سوریا کەناوچەیەکی کوردنشینە. ئـەم شەڕفرۆشـتنە جـارێکی تر ئەوەی ساخ کردەوە کەتورکیا تـا ئێسـتا دەسـبەرداری پـارچەکانی تری کوردستان نیە. هەر لەم بارەیەوە بەڵگەیەکی تریش هەیە ئەویش نامەکـەی سـەرەکٔ وەزیرانـی تورکیایـە بـۆ بـن گۆریـۆنی سـەرەکٔ وەزیرانــی ئیســرائیل. لــەم نامەیــەدا مەنــدرس بــە بــن گۆریــۆنی ڕادەگەیـەنێ کەهـەردو حکومـەتی تورکیـاو ئیسـرائیل لەمەسـەلەی کــوردو کوردســتاندا یــەکٔ دەنگــن. بەتایبــەتی لەبەنـدی چـوارەمی نامەکـەدا کەتێیـدا ئیسـرائیل هـەمو مافـە یاسـایییەکانی تورکیـا لەکوردستاندا دەسەلمێنێو لەڕاستیدا ئەمە نـەکٔ تـەنها کوردسـتانی تورکیا بەڵکو کوردستانی عێراقو ئێرانیش دەگرێتەوە. نامەکە دەری

دەخا کەئیسرائیل بەھەمو ھێزو تواناوە پشتگیریی تورکیا دەکا بۆ ئەوەی سەرتاسەری کوردستان کۆنترۆڵ بکا [١٩]. جارێکی تر ئەم نمونانە بۆچونەکەی کاپتن بنزنگرە ساخ دەکەنەوە کە وتویەتی ((رێککەوتننامەکان بەشێوەیەکی کاتی مەسەلەکە کپ دەکەنەوە، تەنھا بۆ ماوەیەکی کەم ئازارکوژن ئەگینا ناتوانن برینی گەلی کورد سارێژ بکەن)) [٢٠].

٥- دانیشتوانی کوردستان

زۆربەی زۆری کورد وەکێ گروپێکی شێلگیر لەکوردستاندا دەژین. کورد لەسەدا ٨٥ی دانیشتوانی کوردستان پێکێ دەھێنێ. سیاسەتی داگیرکەران کەئامانجەکەی فەوتاندنو لەناوبردنی کوردە سیاسەتێکی چەوتەو ھەرگیز سەرناگرێ. دیارە نەتەوەپەرستانی عەرەب، تورکو فارس بونی کورد وەکێ گەلێکی سەربەخۆ ناسەلمێنن. ئەوان کورد بەکەمایەتیی نەتەوایەتی دادەنێن. تا ئێستا ھیچ حکومەتێکێ بەرێکوپێکی سەرژمێری کوردی نەکردوە، بۆیە لەم مەسەلەیەدا نابێ بەھیچ شێوەیەکێ بەسەرژمێری رەسمیی ئەو حکومەتانە پشت ئەستور بین.

ژمارەی کورد لەکوردستاندا بەچەشنێکی نزیکتر لەراستیو بەپێی ئەو زانیارییانەی کەزوربەی مێژونوسە بێگانەکان کۆیان کردۆتەوە نزیکەی پانزە ملیۆنە. یوسف مالکو محەمەد شێرزاد کوردیان بە ٩ ملیۆن داناوە [٢١]. نزیکەی دو ملیۆن کەس لەکوردستاندا دەژین کەبەرەگەز کورد نین (وەکێ تورکمان، ئاسوری، کلدان، ئەرمەنو ھیتر). ژمارەیەکی کەمی کورد لەدەرەوەی کوردستاندا دەژین وەکو یەکێتیی سۆڤێت، ھندستان (لەناوچەی پەنجاب)و ئەفغانستان. ھەروەھا لەھەندێ ناوچەی تورکێ نشینی

تورکیا (وەکو قۆنیەو کیلیس) و لەهەندێ ناوچەی فارس نشینی ئێراندا (وەکو مازندەران) کورد هەیە.

لەمەسەلەی دابەش کردنی کوردەکاندا بەسەر رشتەکانی ژیانی ئابوریدا دەتوانین ئەم دابەش کردنە بخەینە بەرچاو: زوربەی کورد خەریکی کشتوکاڵە، ڕێژەی جوتیارانو وەرزیران ٥٠٪ ی گەلە، ٢٠٪ ی کورد خەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵدارییە (واتە ژیانی ئابوریی تێکەڵاو)، ئەوانەی خەریکی ئاژەڵدارین تەنها ١٠٪ ی گەل پێک دەهێنن. ڕێژەی شارنشینەکان کەخەریکی بازرگانیو پیشەسازیو کاروباری دەوڵەتن ٢٠٪ ی گەلە*.

* بێگومان گۆڕانێکی زۆر بەسەر ئەم ژمارانەدا هاتوە. ئەم ژمارانە تایبەتن بەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم(وەرگێڕ).

سەرچاوەکان

١- بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە ١٣،١٩٣٣ ، ل ٧٢، بەزمانی روسی.

٢- گۆڤاری رۆژهەڵاتی نوێ، ژمارەکانی ١٠، ١١و١٢ی ساڵی ١٩٢٥.

٣- بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە ١٣، ١٩٣٢، بەزمانی روسی.

٤- و. ل. ویلگفسکی، پەیوەندییە کشتوکاڵییەکان لەکوردستاندا، گۆڤاری کێشەکانی کشتوکاڵ، جلدی ١-٢ی ساڵی ١٩٣٢.

٥- کوردۆیف، شێواندنی مێژوی کورد لەنوسینی بورژوازییەکاندا، زانکۆی لنینگراد، بەشی دوەمی ساڵی ١٩٥٠.

٦- کوزنتسۆف، عێراق لەجەنگی دوەمی جیهاندا، مۆسکۆ، ١٩٤٨، بەزمانی روسی.

٧- ل. رامبۆ، کوردو یاسا، پاریس، ١٩٤٧، ل ١٠-١١ بەزمانی فەرەنسی.

٨- یاداشتێک دەربارەی کوردو داواکانیان، پاریس، ١٩٤٨، ل ٩٠، بەزمانی فەرەنسی.

٩- مێژەر بۆڵتۆن، کورد، لەکتێبەکەی رامبۆ لاپەڕە ١٥٠ وەرگیراوە.

١٠- بڵاوکراوەی زانیاریی بازرگانیی دەرەوەی وڵات، ژمارەی ١٣ی شوباتی ١٩٥١، بەزمانی روسی.

١١- ف.س. باسكن، مۆنۆپۆلی نەوت لەدو رۆژهەلاتی ناوەڕاستو نزیکدا، چاپی دەولەتی، ١٩٥٧، ل ١٠٩- ١١٠ بەزمانی روسی.
١٢- گۆڤاری زەیتو گاز، ژمارەی ٢٠ی دیسەمبەری ١٩٥١، ل ٣١، پترۆلیۆم پریس سێرڤس، نۆڤەمبەری ١٩٥١.
١٣- ف. س. باسکن، سەرچاوەی پێشو، ل ٥٩.
١٤_ ف. س. باسکن، سەرچاوەی پێشو، ل ٥٥.
١٥- گۆڤاری زەیتو گاز، ژمارەی ٢٦ی دیسەمبەری ١٩٥٥، ل ١٤٢.
١٦- ن. ئە. کیسلیاکۆفو بریشتە، نەتەوەکانی ئاسیای پێشەوە، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل ٢٤٢.
١٧- رۆژنامەی ((باستان))، تاران، ژمارە ٧ی سالی ١٣٢٤، بەزمانی فارسی.
١٨- رۆژنامەی ((ئاینده))، تاران، ژمارە ٨ی سالی ١٣٢٤.
١٩- رۆژنامەی ((الوعي العربي))، دیمەشق، ژمارە ١٣ی ١٧ی دیسەمبەری ١٩٥٧.
٢٠- کاپتن بنزنگرە، چەند بەلگەنامەیەک دەربارەی ئاسیا، پۆترس بۆرگ، ١٩١١، ل٧٥ بەزمانی روسی.
٢١- بڕوانە کتێبەکەی یوسف مەلک ((کوردستان یان ولاتی کوردان))، بەیروت، ١٩٤٥، ل٩و کتێبەکەی محەمەد شێرزاد ((خەباتی کورد))، قاهیرە، ١٩٤٦، ل ٥.

# بەشی یەکەم

## باری ئابوریو سیاسیی کوردستان تا سەرەتای یەکەم جەنگی جیهان

## ١- كورتە باسێكی مێژوی كوردستان لە چەرخە كۆنەكانەوە تا كۆتایی سەدەی هەژدەهەم

مێژوی كوردو كوردستان دەگەڕێتەوە سەر چەرخە كۆنەكان. مەسەلەی نژادو پەیدابونی كورد تا ئەمڕۆ بەچاكی لێی نەكۆڵراوەتەوە. لەسەر ئەم مەسەلەیە لێكۆڵەرەوەكان یەكدەنگ نینو بەشێكی ئەو تیۆرییانەی لەم بارەیەوە داڕێژراون جێگای متمانە نین.

زۆربەی زاناو لێكۆڵەرەوەكان پێیان وایە لەچەرخە كۆنەكاندا چەند نەتەوەو خێڵێكی وەك گوتی، لولو، كالدی، كاسی، سوربارو، هۆریو هیتر لەناوچەی چیای زاگرۆسدا - واتە كوردستانی ئەمڕۆ- نیشتەجێ بون. هەزار ساڵ پێش زاین بەشێكی خێڵە هیندۆ ئەوروپاییەكانو بەتایبەتی گەلە ئێرانییەكانی وەكو میدیو بازیو فارسو بەشێكی خێڵە سامییەكان لەم ناوچەیەدا جێگیر بون.

بەتێپەڕبونی ڕۆژگارو لەئەنجامی تێكەڵاوبونی شێنەیی خێڵە بیانییەكانو خەڵكی ڕەسەنی ناوچەكەدا، خێڵە هیندۆ ئەوروپییەكان بەتایبەتی خێڵە ئێرانییەكان خەڵكی ڕەسەنی ناوچەكەیان لەبۆتەی خۆیاندا تواندەوەو لەئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا گەلی كورد پەیدا بوو و روخسارێكی هیندۆ ئەوروپایی بەخۆوە گرت.

لەسەر ئەم بنچینەیەدا كوردو زمانەكەی لەئەنجامی زاڵبونی خێڵە هیندۆ ئەوروپاییەكاندا داهاتوە[١]. زمانی كوردی خۆی لەخۆیدا

زمانێکی سەربەخۆیەو هیچ پەیوەندیی بەزمانی فارسییەوە نیە ئەوە نەبێ کەبەیەکێ لەزمانە ئێرانییە سەربەخۆکان دادەنرێ. زمانی کوردی گەشەکردنی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیەو لەراستیدا لەزمانی فارسیی کۆن کەنەخشەکانی داریوشی پێ نوسراوە زۆر کۆنترە.

وشەی ((کورد)) وەک ناوی گەلێک کە لەسەر خاکی ئێستای کوردستاندا دەژیا، لەبەڵگەنامەو سەرچاوە رۆژهەلاتییەکانی گەلانی کۆنی پێشەوەی ئاسیادا وەکو سۆمەرییەکان، گریک، ڕۆمان، ئەرمەن، ئاشورییەکان، عەرەب، فارسو گەلانی تری ئێران بەکارهێنراوە.

بەپشت بەستن بەلێکۆڵینەوەکانی مێژونوسی کورد محەمەد ئەمین زەکیو چەند مێژونوسێکی تر بەرونی بۆمان دەردەکەوێ کەکورد لەچەرخە کۆنەکاندا بەچەند ناوێکی جیاواز ناسراوە بەڵام ئەو ناوانە زۆر لەیەک نزیکن. بۆ نمونە کورد لای سۆمەرییەکانو بابلییەکان بەگوتی، جوتی، جودی، کورتسو کاردۆو لای ئاشورییەکانو ئارامییەکان بەگوتی، کارتی، کورتی، کاردۆ، کارداکا، کارکتانو کارداک ناسرا بوو. گەلانی ئێران کوردیان بەسیرتی، کورتیوی، کوردیوی، کورداهاو کورد ناسیوە. گریکو رۆمان کوردیان بەکاردوسوی، کاردخۆی، کاردۆک، کوردۆکی، کوردۆخی، کورتی، کاردۆخی، کوردوتی، کوردین، کاردۆتی، کوردۆنس، کوردیای، کاردۆیگایو کاردوای ناسیوە. مێژونوسەکان کوردیان بەکوردۆئین، کورخیج، کورتیج، کرخی، کورخی، کوردواتسو کورتخ ناسیوە. مێژونوسانی عەرەب کوردیان بەکوردی، کاردوی، باقاردا، کارتاویا، جوردیو جودی ناسیوە[٢].

پشکنینی ئارکیۆلۆژی‌یانەی ئەم دوایی‌یە دەری خستوە کە گەلانی کوردستان لەدامەزراندنی شارستانێتی‌ی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا رۆلێکی دیاریان هەبوە. کوروش بەیارمەتی‌ی کورد سەرکەوتنی مەزنی وەدەست هێنا. لەئیمپراتۆری‌ی هەخامەنشی‌دا کوردەکان بەهێزێکی گەورە لەگەڵ ئەلگزاندەری مەکەدۆنڈا بەشەڕ هاتن. گزینەفۆن کە لەکشانەوەی دە هەزار شەڕکەری گریکدا بەشدار بوو باسی ئازایەتی‌ی کوردەکانی کردوەو ئەو لەکتێبەکەیدا ((کرۆبیدیا)) کوردی بەکاردۆخین ناوبردوە[٣]. بەپێی کرۆبیدیا کاردۆخی‌یەکان لەکێوەکان دەژیان، شەڕکەری لێهاتو بونو ملکەچی شای فارس نەبون[٤].

زانای سۆڤیتی ک. کوردۆیف نوسیویەتی ((زاراوەی کورد لەچەرخە کۆنەکانەوە بەمانای کۆمەڵی خێلە کوردەکانی ئەوسای بەشی ناوەڕاستی کوردستانی ئێستا بەکارهێنراوە))[٥].

کورد وەک ئەفغان، فارس، تاجیکو تالسن ئارینژادەو زمانی تایبەتی خۆی هەیە، ژیانی ئابوریی سەربەخۆو کەلتورو مێژوی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە بەهیچ چەشنێک نابێ گەلی کورد بەگەلی فارس یا بەگەلی ئێران دابنرێو لەم بارەیەوە دەبێ پرۆپاگەندەی پان ئێرانیستەکان رەت بکرێتەوە، چونکە لەراستیدا شتێک نی‌یە پێی بگوترێ گەلی ئێران بەلکو کۆمەلێک گەلو نەتەوەی ئێرانی هەن. بۆ نمونە هیچ گەلێک بەناوی گەلی سلاڤەوە نیە بەلکو چەند گەلو نەتەوەیەکی سلاڤی هەن وەک روس، پۆلۆن، بولگارو چیک کەهەر یەکێکیان کەلتورو زمانو مێژوی تایبەتی خۆی هەیە.

بۆیە ئەوەی زانا بورژوازی‌یە نەتەوەپەرستەکانی تورکو فارسو عەرەب بلاوی دەکەنەوە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نیە. ئەوان پێ لەسەر

ئەوە دادەگرن گوایە هیچ گەلێکێ بەناوی گەلی کوردەوە نیە. دیارە ئەم بۆچونانەش هیچ نرخێکی زانستی‌یان نیە. بۆ نمونە دەبینین هەندێ نەتەوە پەرستی ئێرانی وەکێ پرۆفیسۆر یاسمی، عەباسی، نادری، ڕەزم ئاراو وەزیر فەهمی دەڵێن گوایە کورد ((فارسە)) یاخود ((فارسی کێوی‌یە)). هەندێ تورکی شۆڤێنیستیش وەکێ عیسمەت ئینونو، ئوزاقلی گول، عابدین ئۆزمانو زەکەریا کورد بە ((تورکی کێوی)) ناو دەبەن. لەسەرێکی ترەوە هەندێ زانای نەتەوەپەرستی عەرەب کورد دەبەنەوە سەر ڕەبیعەی کوڕی نەزاری کوڕی مەعاد یا بۆ سەر موزەری کوری نەزار *.

ئەم چەشنە شێواندنەی مێژو، کەلەڕاستیدا گەمژەیی‌و نەزانی‌ی شوڤێنیستەکان پیشان دەدا، هیچ نرخێکی نی‌یە. مێژوی گەلی کورد بریتیە لەمێژوی خەباتی بێ پسانەوە دژی داگیرکەران. ئاشوری‌یەکان‌و بابلی‌یەکان بەدەست خێڵە شەڕکەرەکانی کوردستانەوە گیریان

---

* لەنێو کورددا، ئیبراهیم فەسیح حەیدەری زادە(١٨٢٠-١٨٨٢) لەسۆنگەی هۆی ئاینی‌یەوە ریشەی کوردی بردۆتەوە سەر عەرەب‌و لەکتێبی((الصراط المستقيم في الدين المحمدى القويم))دا کوردی کردۆتە نەوەی کوردی کوڕی مائوسسەمائی یەمەنی. حەیدەری زادە، کەزۆربەی نوسینەکانی هیچ بەهایەکی زانستییان نیە، پێی وابو کورد لەسۆنگەی دەمارگیریی نەتەوەیی‌یەوە خۆی بەعەرەب دانانێ. حەمید عادل یەزدین، مامۆستا لەکۆلیجی شەریعەو توێژینەوەی ئیسلامی‌ی زانکۆی دهۆك، وای بۆ دەچێ کەحەیدەری زادە لەو بۆچونە چەوتەیدا لەژێر کاریگەریی بۆچونە کرچ‌و کاڵەکانی کتێبی((القاموس المحيط))ی فەیروزئابادی‌دا بووە. لەم رووەوە بچۆوە سەر: حميد عادل يزدين، الشجرة الحيدرية لابراهيم فصيح حيدري زادة، مجلة جامعة دهوك، العدد ١، المجلد ٧، تموز ٢٠٠٤، صص ١٤١-١٧٩(وەرگێڕ).

خواردبــو. گزینــەفۆن بــەدرێژی باســی خــۆڕاگریو گــورجو گــۆڵیی کاردۆخیی‌یەکان دەکاو لەکتێبەکەیدا ئەوە بە نمونـە دەهێنێتـەوە کـە کاردۆخیی‌یەکان پەکی لەشکرکێشیی‌یەکانی شای فارسیان خست بـوو و تەنانــەت لەشــەڕێکدا لەشــکرێکی ســەدو بیســت هــەزار کەســیی‌یان تەفروتونا کرد[٦].

ئێمە لێرەدا بەتێرو تەسەلی لەمێژوی چەرخە کۆنەکانی کوردستان ناکۆڵینــەوە بــەڵام پــێ لەســەر ئــەوە دادەگــرین کـە کــورد لەچەرخـە جیاجیاکاندا سەربەستیی خۆی بەکەس نەفرۆشتوە، ســەری بـۆ کـەس کەچ نەکردوەو هەمیشە دژی فارسەکان، بێزەنتیی‌یــەکان، عــەرەبــەکان، خـــاچ پەرســـتە ئەوروپـــاییی‌یەکان، ســـەلجوقیی‌یەکان، لەشـــکری جەنگیزخان، تەیمور لەنگ، تورکەکانی ئـاق قۆینلـۆو قـەرە قۆینلـۆ، عوسمانیی‌یەکان، سەفەویی‌یەکانو قاجاریی‌یەکان خەباتی کردوە[٧].

لەڕوی ئاینەوە کورد تا نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەم زەردەشتی بوە. کاتێک عەرەبەکان ئاینی ئیسلامیان لەکوردسـتاندا بڵاوکـردەوە کوردەکان بون بەموسڵمان. ئەگـەرچی کوردسـتان بەشـێکی دەوڵـەتی ئیسـلامی بـوو بـەڵام لەڕاسـتیدا هـەمو کاروبـاری نـاوخۆی لەلایـەن مـیرنشینە دەرەبەگەکانەوە بەڕیوە دەبرا. شەرەف خان لەشەرەفنامـەدا نوسیویەتی کەکەس نەی وێراوە هێرش بەرێتە سەر کوردەکان، ئەوەی بۆ بێگانـە گرنـگ بـوو مەسـەلەی بـاج کۆکردنـەوە بـوو [٨]. تەنانـەت تەیمور لەنگ بەو هێزەی خۆی نەیتوانیوە کوردستان داگیر کا[٩].

لــەو ســەردەمەدا نزیکــەی ٤٦ مـیرنشــینی ســەربەخۆ لەکوردســتاندا هەبوە وەک چەرموک، دینەوەر، شارەزوور، ئــەردەڵان، لــوڕ، ئــاکرێ، ئامێدی، فێنک، بــالو، خێــزان، کلـێس، شـێروان، ئــەردیکان، خــاک، ســیدی، ئــیروان، ســۆران، پــڵنگان، بتلـیس، بۆتــان، چەمشــگەزەک،

بابان، موکری، برادۆست، سۆمانی، گوڵباخی، سیامەنسوری، زەنگەنە، هەکاریو هیتر [10].

سەرەڕای بونی ئەو میرنشینانە، پان تورکیستو پان ئێرانیستەکان دەڵێن گوایە کورد هەرگیز حکومەتی نەبوە. بەڵام سەرەڕای هەمو شتێکێ، کورد لەچەرخە جیاجیاکانی مێژوی خۆیدا حکومەتی تایبەتی خۆی هەبوە، حکومەتی سەربەخۆی تەواوی هەبوە وەکو حکومەتی حەسنەوی (کەپایتەختەکەی خورەم ئاباد بوو پاشان بۆ سەرماز گوێزرایەوە)، حکومەتی مەروانی (دیاربەکر - جزیرە)، حکومەتی زەنگی (موسڵ)، دەوڵەتی فەزڵەویو هیتر.

لەکۆتاییی سەدەی یانزەهەمو سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا، لەگەرمەی شەڕی نێوان تورکیاو ئێراندا سوڵتان سەلیمی یەکەم کەڵکی لەهەستی ئایینیی کوردەکان وەرگرت. سوڵتان سەلیم یەکێ لەڕاوێژکارانی کاروباری کوردەواریی خۆی کەناوی مەلا ئیدریس بوو راسپارد بەناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە پەیوەندی بەکوردەکانەوە بکا. مەلا ئیدریس یەکێ لەدەرەبەگە گەورەکانی ناوچەی بتلیس بوو. سوڵتان سەلیم لەڕێی مەلا ئیدریسەوە دەیویست کوردەکان بکا بەپەرژینێکێ بۆ پاراستنی سنوری دەوڵەت.

مەلا ئیدریس بەناوی ئاینو پاراستنی مەزەبی سوننییەوە داوای لەکوردەکان کرد پشتگیریی سوڵتان سەلیمی یەکەم بکەنو وای پیشاندا کەئەگەر پشتگیریی سوڵتان بکەن، دەوڵەتی عوسمانی سەربەخۆییی کورد دەسەلمێنێ. لەئەنجامی پڕۆپاگەندەکانی مەلا ئیدریسدا کوردەکان چونە ریزی لەشکری تورکیاوە. لەشەڕی چاڵدێراندا سوڵتان سەلیم بەپشتیوانیی کورد سەرکەوتنێکی مەزنی وەدەست هێناو شای ئێرانی ناچار کرد پەیمانێکی تایبەتی مۆر بکا.

پـەیمانی چاڵـدێران کەلـەنێوان سـوڵتان سـەلیمی یەکـەمو شـا ئیسـماعیلی سـەفەویدا مـۆر کـرا، سەربەسـتیو سـەربەخۆیی‌ی میرنشـینە کوردەکـانی سـەلماند. کوردەکـان هێنـدە ئەمەکـداری بەندەکانی پـەیمانی چاڵـدێران بـون، لەزوربـەی شـەڕەکانی سـوڵتان سـەلیمدا، لەیەمەنـەوە تـا ڤـییەنا، بەشـێوەیەکی کاریگەرانـە بەشداری‌یان کرد. مەلا ئیدریس بەم پلانە پاراستنی سنوری دەوڵـەتی عوسمانی‌ی مسۆگەر کردو پەکی هەمو هێرشێکی ئێرانی خست.

دەوڵەتی تورکیا هیچ کاتێک ڕێزی هیچ پەیمانو بەڵێنێکی خۆی نـەگرتوەو هـەرگیز هەسـتی بەلێپرسـینەوە نـەکردوە. لەبـەر ئـەوە سـەربەخۆیی‌ی میرنشـینەکان زۆری نەخایانـد، بەشـێکی خاوەنـدارە دەرەبەگـەکان خۆیـان بەبێگانـە فرۆشـتو دژایـەتی‌ی جولانـەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی کوردستانیان کرد. دو دەوڵەتی ئێـرانو تورکیـا کـەدو دەوڵـەتی داگیرکـەرن هـەمو میرنشـینە سـەربەخۆکانی کوردستانیان رامالّی‌و دەسەڵاتی خۆیان بەئاگرو ئاسن لەکوردسـتاندا چەسپـاند. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم دو دەوڵەتـە نـەیانتوانی بەتەواوەتی دەسـت بەسـەر هـەمو لایەنـەکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی‌ی کوردستاندا بگرن، تەنانەت لـەکۆتایی‌ی سـەدەی حەڤدەهەمدا چەنـد میرنشینێکی کورد سەریان دەرهێنـاو پاشـان پـەرەیان سـەندو رۆڵـی مێـژویی‌ی خۆیـان بەئـەنجام گەیانـد وەک میرنشـینی ئێزدی‌یـەکان لەشنگار، میرنشینی ملی لەدیار بـەکر، میرنشـینی زازا لەدێرسـیمو هی‌تر. کرزن لەکتێبەکەیدا ((فارسو مەسەلەی فارس)) لەم بارەیەوە باسـی ئـەوەی کـردوە کەتەنانـەت لەناوچـە کوردنشـینەکانی ژێـر دەسەڵاتی تورکیاو ئێرانیش نفوزی حکومەتی سوڵتانو شا نفـوزێکی لاواز بوەو نوسیویەتی ((سەرانی کوردەکـان سـەربەخۆیی‌ی تـەواویان

هەیە، کاروباری کوردەواریی خۆیان بەڕێوە دەبەنو پەیوەندییان بەدەوڵەتی شاوە (هەروا بەدەوڵەتی سوڵتانی تورکیاوە- نوسەر) تەنها لەوەدایە کەباجو پیتاکی بۆ کۆکەنەوەو لەکاتی شەڕدا ژمارەیەکێ پیرۆو سوارەی بۆ ئامادە کەن))[11].

بەڵام ئێرانو تورکیا زیاتر بیریان لەوە دەکردەوە کەکوردستان بەشێوەیەکی راستەوخۆ کۆنترۆڵ بکەنو بیکەنە بەشێکی جیانەکراوەی دەوڵەت، تەنانەت لەساڵی ١٨٢٨دا دوای داگیرکردنی کوردستان دەبینین سوڵتان مورادی دوەم چەند فرمانێکی تازە بۆ سەر لەنوێ ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت دەردەکا.

کورتەی باس، داگیرکەران لەسەدەی نۆزدەهەمدا توانیان بەتەواوەتی دەست بەسەر کوردستاندا بگرن. ئەوان لەپێناوی داگیرکردنی کوردستانو چەوساندنەوەی گەلی کورددا سیاسەتی کوشتوبڕیان پیادە کردو بۆ سەر بەکورد دانەواندن ناچار بون هێرشی فراوان بکەنە سەر کوردستانو لەو هێرشانەدا هەمو توانای خۆیان خستە کارو سەرکردایەتیی هێرشەکانیان بەگەورەترین رابەری ئەوسای تورکیا محەمەد رەشید بەگ سپارد.

گەلی کوردیش لەخەباتو تێکۆشاندا درێغیی نەکردوەو چەند داستانێکی کەم وێنەی بۆ مێژو تۆمار کردوە. تورکەکانو ئێرانییەکان سیاسەتی ئاگرو ئاسنیان پێڕۆ کردوە، تەنانەت لەزۆر ناوچەی کوردنشیندا بەزەییان بەمنالو ئافرەتیش نەهاتۆتەوە، بەکۆمەڵ کوردیان لەناو بردوەو شارو دێهاتیان خاپور کردوە.

بەزۆر سەربازی پێکردنو باجی قورس لەناو کورددا رەنگدانەوەی خراپی هەبو. بەداگیرکردنی کوردستان تەنگوچەڵەمەو دەردی کۆمەلایەتی پەرەی سەند.

چەوسانەوەو ستەم روی راستەقینەی کاربەدەستانی تورکیاو ئێرانی دەرخستو گەلی کوردی بەئاگا هێنا، وردە وردە گیانی یاخی بونو سەرپێچی کردن لەدەرونی گەلی کوردا پەرەی سەندو پاشان بەشێوەی راپەرینو شۆرش تەقییەوە.

لەو قۆناغەدا، واتە لەنیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمدا، نوسەرو فەیلەسوفی گەورەی کورد شێخ ئەحمەدی خانی وەدەرکەوت. شێخ ئەحمەدی خانی بەباوکی ئەدەبی کوردی دادەنرێ. لەراستیدا وێژەو داستانەکانی بونە مەشخەڵێکی رۆشنکەرەوەی رێگای شۆرشو تێکۆشانو فیداکاری، بونە بانگەوازێک بۆ خرۆشاندنی هەمو چینەکانی گەل. ئەحمەدی خانی لەو بروایەدا بوو کەئەگەر کورد بەدەسوبرد نەبێ، ئەگەر دژی تورکو ئێرانییەکان خەباتێکی شۆرشگێرانە بەرپا نەکا، گلۆڵەی دەکەوێتە لێژیو پاشان لەسەرشۆریو پەشیمانی بەولاوە هیچی تری بۆ نامێنێتەوە.

شێخ ئەحمەدی خانی لاپەرەیەکی زێرینی مێژوی ئەدەبی کوردییەو لەراستیدا بەمەزنترین ئەدیبو فەیلەسوفی کوردی سەدە ناوەراستەکان دادەنرێ. ئەحمەدی خانی لەداستانی ((مەمو زین)) دا، کەوەرگێردراوەتە سەر زوربەی زمانە زیندوەکانی جیهان وەک روسی، فارسی، ئەڵمانی، عەرەبیو هیتر، ئالای رزگاریی کوردستانی بەرزکردۆتەوەو گەلی کوردی بۆ یەکێتیو خەبات لەپێناوی سەندنەوەی ئازادیو سەربەستیدا هانداوە. لەم داستانەدا رۆڵی تورکیاو ئێران لەپەرتەوازەکردنی کوردو لەتو پەت کردنی کوردستاندا زۆر بەرونی پیشان دراوە[١٢].

ئەگەرچی ئەو قۆناغەی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان مۆرکی تەنگوچەڵەمەو هەرای خۆبەخۆیی جوتیارانەی

پـێوە دیـارە، بـەڵام زۆرجـار ئـەو هـەراو ئاشـوبە کـەجوتیاران هێـزە سەرەکی‌یەکەی بـون بەئەندازەیـەک پـەرەی دەسـەند کـەهیچ نـەدەما هـەمو بناخـەکانی سـەڵتەنەتو پاشـایەتی‌ی تورکیـاو ئێـران بێنـە هەڵتەکانـدن. لەهـەمان کاتـدا ئێـرانو تورکیـا کەسـەریان بـۆ نفـوزی دەوڵـەتــە ســەرمایەدارەکانی ئەوروپــا شــۆڕ کردبــو، وردە وردە سەربەخۆیی‌ی ئابوری‌و سیاسی‌ی خۆیان لەدەس‌دا. بەم جـۆرە قۆنـاغی سەخڵەتی‌و مەینەتی‌ی گەلی کورد دەست پـێ دەکـا. خـەباتی گـەلی کــورد لەپــێناوی رزگــاری‌و ســەربەخۆیی‌دا لەســەرەتای ســەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێ‌دەکاو تا ئەمڕۆ درێـژەی هەیـە. ئـەم خەباتـە بەپێی گۆڕانکاری‌یەکانی ناوچەکەو جیهان، شێوەو روخساری گـۆڕاوە. لەوساوە ((گیروگرفتی کـورد)) یـاخود ((مەسـەلەی کـورد)) لـەدو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکدا هاتۆتە پـێش. ئـەم مەسـەلەیەش وەک مەسەلەی عەرەبو مەسەلەی ئەرمەنو هی‌تر خـۆی سەپاندوەو لـەم روەوە دیـارە کەمەسـەلەی کـورد زادەی سیاسـەتی کوشـتو بـڕی دو دەوڵـەتە پەککەوتەکەی ئێرانو تورکیایە.

کورتـەی بـاس، تەمـەنی مەسـەلەی کـورد سـەد سـاڵ زیـاترە. ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی یـەکجار گرنگـە بـەڵام جیهـان هێشتا گرنگـی‌ی خـۆی نـەداوەتێ‌و روژهەڵاتناسـەکان هێشـتا بەپـێی پێویسـت لێیـان نەکۆڵـیوەتـەوەو روی راسـتەقینەی خـەباتی گـەلی کوردیان پیشان نەداوە.

لـەنێو نوسـەرو رۆژهەڵاتناسـەکان‌دا رامبـۆ تاکـە نوسـەرە کـە بەرێکوپێکی‌و بەچەشنێکی زانستی لەمەسەلەی کوردی کۆڵـیوەتـەوە. ئـەو ئـەوەی سـاغ کردۆتـەوە کەمەسـەلەی کـورد مەسـەلەی خـەباتی

نەتەوەیی گەلی کوردە لەپێناوی رزگاربون لەستەمی کۆنەپەرستانی تورکیاو ئێرانو ئینگلیز[١٣].

مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نیشتمانی‌یەو خەباتی گەلی کورد بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی‌ی رزگاریخوازی‌یە.

**٢- کورتە باسێکی مێژوی تازەی گەلی کورد لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا یەکەم جەنگی جیهان.**

**ا- سیستمی ئابوری‌و کۆمەلایەتی‌ی کوردەواری – دابەشبونی چینایەتی‌و پەیدابونی چینی کریکارانی کوردستان**

سیستمی دەرەبەگایەتی‌و شەڕوشۆڕی خێڵە کۆچەرەکان، کە تا کۆتایی‌ی سەدەی هەژدەهەم لایەنێکی گرنگی ژیانی ولاتانی رۆژهەلاتی پێک هێناوە، هۆیەکی بنچینەیی‌ی دواکەوتنی ئابوری‌و کۆمەلایەتی‌ی ئەو ولاتانە بوە ئەگەرچی لای هەموان ئاشکرایە کەئەو هەلومەرجە نەیتوانیوە پەکی پرۆسەی پەرەسەندن بخا. راستە رۆژهەلات لەچاو ئەوروپادا زۆر دواکەوتوو بوو، بەلام بەگشتی تەوژمی گەشەکردن هەمو لایەنێکی گرتبۆوە، بازرگانی‌و بەرهەم هێنانی کالایی تا دەهات زیاتر پەرەی دەسەند، دابەشکردنی کار لەنێوان شارو لادێدا رو لەگەشەکردن بو، گرنگی‌ی شار زیاتر دەبو، پیشەسازی‌ی ناو مالی لادێ بلاودەبۆوەو ژمارەی مانیفاکتۆرەکان بەرەو زیادبوون دەرۆیشت. تەواوی ئەم پرۆسەیە بەسەرەتای گەشەکردنی بازاری ناوخۆو پەیدابوونی پەیوەندیی سەرمایەداری لەناو کۆمەلەکانی رۆژهەلات دادەنرێ.

کۆتایی‌ی سەدەی هەژدەهەم سەرەتای مێژوی تازەی ولاتانی رۆژهەلات پێک دەهێنێ. ململانێی نێوان دەولەتانی ئەوروپا بۆ پەیداکردنی بازاری ساخ کردنەوەی کالا هەمو جیهانی گرتەوە.

مارکس و ئەنگلس لەمانیفێستی حزبی کۆمۆنیست دا بەم چەشنە پەنجەیان بۆ ئەم مەسەلەیە راکێشاوە: ((بورژوازی لادێی بەشار، وڵاتانی دواکەوتوی بەوڵاتانی پێشکەوتو، جوتیاری بە بورژوازی، وڵاتانی کشتوکاڵی بەوڵاتانی مۆدێرن، ڕۆژهەڵاتی بەڕۆژئاواوە بەستۆتەوە)). بەمجۆرە وڵاتانی دو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک بونە نێچیرو دەستەمۆی تاڵان کردنێکی سەرمایەداری. لەو قۆناغەدا دەوڵەتی تورکیاو ئێران لەچەند وڵات و نەتەوەو گەلێکی جیاواز کەبەزەبری ستەم و ئاگرو ئاسن دەسەڵاتی بێگانەیان بەسەرا سەپێنرا بو، پێکهاتبوون. ستەم و مانەوەی ئەو دەوڵەتانە کۆسپ و تەگەرەیەکی گەورە بو لەبەردەمی گەشەکردنی ئابوری، سیاسیو کەلتوریی گەلانی ستەمکێشدا کە بێگومان هەر یەکێکیان قازانجی ئابوری، زمان، کەلتور و وێژەی تایبەتی خۆی هەبو. گەشەکردنی ئابوریو سیاسیو کەلتوریی ئەم گەلانە گەشەکردنێکی نایەکسان بو.

لەکۆتاییی سەدەی هەژدەهەمەوە سەرمایەداریی پیشەسازیو نفوزی دەوڵەتانی ئەوروپا سەری بەدو دەوڵەتی پاشایەتیی ئێران و تورکیا دانەواندو کاری کردە سەر پەرەسەندنی ئابوریو سیاسیی هەردو دەوڵەت کەببون بە بازاڕی ساخ کردنەوەی کەلوپەلی پیشەسازیو لەهەمان کاتدا سەرچاوەیەکی گرنگی کەرەستەی خاویان پێک دەهێنا. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا سەرمایەدارە بێگانەکان کەئابوریو سیاسەتی هەردو دەوڵەتیان بەدەستەوە بوو پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکانیان ڕیشەکێش نەکردو بەپەیوەندیی سەرمایەدارییان نەگۆڕییەوە.

ڕێککەوتننامەکان دەرگای وڵاتیان لەسەر گازی پشت بۆ کاڵای سەرمایەداری کردەوە. بازرگانیی بێگانە سەرانسەری وڵاتی گرتەوەو هێندە دەسەڵاتدار بو کەتەنانەت دەوڵەتیش نەیدەتوانی سیستەمێکی گومرگی بۆ ڕێکخستنی ئەو بازرگانییە دانێ. پاشان ڕێککەوتننامەکان بونە هۆی دەستێخستنی بێگانە لەکاروباری ناوخۆی وڵات. لەئەنجامی پەرەسەندنی نفوزی سەرمایەی پیشەسازیی بێگانەدا پیشەسازیی ناوخۆ سەرەگێژەی پێکەوت و نەیتوانی بەرگەی ئەو شاڵاوە بگرێ، پاشان فەوتاو تیاچو. ئابوریی کشتوکاڵیو کاڵاییی جوتیارانیش ڕوی کردە بازاڕی جیهانی، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێ کەبەستنەوەی ئابوریی جوتیاران بەسەرمایەداریی جیهانەوە نەبوە هۆی خۆش کردنی گوزەرانی جوتیاران بەتایبەتی کە جوتیارەکان نەبونە بەرهەم هێنەری ئازاد بەڵکو هەمیشە ملکەچی خاوەندارو بازرگانەکان بون.

بەشێکی سەرەکیی خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەجوتیاران پێکهاتوە کەلەیەک کاتدا دوچاری ستەمێکی دو لایەنە بون: ستەمی دەرەبەگایەتیی ناوخۆو ستەمی بێگانەی زەوتکەر. باڵادەستیی ئابوریی سروشتیو لێکترازانی ژیانی ئابوری، زەمینەیەکی لەباری بۆ پچڕانێکی سیاسی خۆش کرد. وەک لەمەوبەر باسمان کرد کوردستان بەهۆی دەسدرێژیی بێگانەوە هەمیشە ژێردەستەو دیل بوە. خێڵە کوردەکان لەسەر مەسەلەی هێرش بردنە سەر ناوچەو وڵاتە دراوسێکان ڕاهاتبوون. سەرەڕای ئەمانەش شەڕو پێکادانی چەکدارانەو ناکۆکیی نێوان دەستە دەرەبەگەکان لەگۆڕێدا بو. ئەو دیاردانە بونە هۆی هەڵتەکاندن و پەک خستنی ئابوریی شارو لادێ، بونە کۆسپێک لەبەردەمی گەشەکردنی ئابوریو کۆمەڵایەتیدا. لەو

کاتـەدا سیسـتـەمی دەرەبەگایـەتی لـە کوردسـتاندا باڵادەست بـوو، پـەیوەندیی نیمچـە خێڵـەکی (پـاتریارکی) و پـەیوەندیی نیمچـە دەرەبەگی لەنێوان خێڵە کۆچەرەکاندا هەبو. هەمو ئەمانە بونە هـۆی دواکـەوتنی ئـابوریی کوردسـتان، بۆیـە کاتێـک تـورک و فارسـەکان کوردسـتانیان داگیرکـرد، ژیـان و پـەیوەندیی کۆمەڵایـەتی لەکوردستاندا زۆر دواکەوتو بـو، کوردسـتان بـەوڵاتێکی کشـتوکاڵیو بـەوڵاتی بـەخێوکردنی ئـاژەڵ دادەنـرا. بـێ لـەوە ئـەو دەوڵـەتانـەی کوردسـتانیان داگـیر کـرد (تورکیـاو ئێـران) خۆیـان لـەڕوی ژیـانی کۆمـەڵایەتییەوە دواکـەوتو بـون. ئەمـە لەلایـەک. لەلایـەکی تـرەوە، هەم تورکیاو هەم ئێران زەمینەیەکی ئابوریی پتەویان نەبو کـەبتوانن پشـتی پـێ ببەسـتن و لەڕاسـتیدا هـەردو دەوڵـەت بـەزەبری هێـز کۆمـەڵێک گەل و نەتەوەیان لەچوارچێوەی یەک دەوڵەتدا کۆکردبـۆوە کەهەر یەکێ لەو گەل و نەتەوانە زمانی تایبەتیو گوزەرانی جیـاوازی خۆی هەبوو.

بـەم شـێوەیە دەبیـنین تورکیـاو ئێـران لەسـەخڵەتیو نەهامـەتیو نەخوێندەواریو چەوسانەوەو دواکـەوتنی کۆمەڵایـەتی بـەولاوە شـتێکی تریـان پێشکەش بەگەلی کـورد نـەکرد. کوردسـتان هـەر وەک وڵاتێکـی کشـتوکاڵیو کـورد وەک گـەلێکی کشـتیارو ئاژەڵـدار مایـەوە. سیسـتەمی دەرەبەگایـەتیو پەیوەندییە دەرەبەگایەتی یەکانیش هەر زاڵ بون. بەڵام سەرەڕای هەمو ویسـت و ئـارەزوی داگیرکـەران، گـەلی کـورد تـوانی گـوزەران و وێـژەو زمـانی خـۆی بپـارێزێ. هـەردو دەوڵـەتی داگیرکـەر نـەیانتوانی بەیـەکجارەکی گەشـەکردنی کۆمەڵایەتیی کوردستان بنبڕ بکـەن، ئەگـەرچی ئـەو گەشـەکردنە زۆر هـێمن و لەسەرخۆ بوو. وێڕای ئەو کۆسپ و تەگەرانە، کوردایەتی گەشەی کردو ڕەوتی بەرەو پێشەوە چونی هەمیشە لەپەرەسەندندا بوو.

ئاشـكرايە كـەهیچ هێزێـكێ نەیـدەتوانی جوڵانـەوەی گەشـەكردنی كۆمەڵایــەتی لەكوردســتاندا لەناوبــەرێ چونكــە ســەرمایەداری لەسەرانسەری ڕۆژهەڵاتدا لەگەشـەكردندا بـوو، بازرگـانیو ڕێگاوبـان لەپەرەسەندندا بوو، شاری گەورە پەیدا بوو، ئابوریی گەلان خـەریكێ بوو دەبوژایەوەو پەرەی دەسەند. بوژایـەوە. سـەرمایەداری لەهـەناوی گــەلانی ڕۆژهــەڵاتدا جموجــوڵێكی هێنایەكایــەوە، لەئــەنجامدا بیروباوەڕی نەتەوایەتی لەڕیزی چینی تازە پێگەیشتووی ڕوناكبیراندا (واتە چینی بورژوازی) پـەیدا بـو. بـۆ ئـەوەی بتـوانین بەڕێكوپـێكی پێكهاتەی كۆمـەڵی كـوردەواری شـی بكەینـەوە، دەبـێ سـەرنجێكێ بدەینە مێژوی پەیدابون و پەرەسەندنی دەرەبەگایەتی لەكوردستاندا.

مێژووی سەردەرهێنانی پـەیوەندیی دەرەبەگایـەتی لەكوردسـتاندا وەكێ مێـژوی سـەردەرهێنانی دەرەبەگایـەتیی وڵاتـانی تـرە، چونكـە شێوەی پەیدابونی ئـەو پـەیوەندییانە بەپرۆسـەیەكی هەمـە چەشـن و لەیەكچوودا تێپەڕیوە. لەسەرێكەوە ئەو دەوڵـەتانـەی لەسـەر بناخـەی سیستەمی كۆیلـەداریو سـێرفداریدا دامـەزرابون ڕوخـان و تیـاچون. دیارە ئەمە كوردسـتانیش دەگرێتـەوە *. لەسـەرێكی تـرەوە ڕوخـانی

---

* بەپێی بەڵگە مێژوییەكان لەكوردسـتاندا سیسـتەمی كۆیلـەداری لـەئارادا نەبوەو لەئەنجامدا هیچ دەوڵەتێكێ لەسەر بناخەی هێنانە بەرهەمی كۆیلەداری بەدی ناكرێ. ئەوەش بەڵگەیە كەلەڕۆژهەڵاتدا سیستەمی كۆیلەداری لـەگۆڕێدا نـەبوە چونكـە شـێوەی ئاسـیاییی بەرهـەم هێنـان كـە لەڕۆژهەڵاتـدا بـاو بـوو دەرفەتی پەیدابونی ئەو چەشـنە سیسـتەمەی نـەداوە. كوردسـتان بـەبێ ئـەوەی بەقۆناخی سیستەمی كۆیلەداریدا تێپەڕێ، لەكۆمۆنی سەرەتاییەوە روی كردە چەشنێكی دیاریكراوی دەرەبەگایەتیی كەپێی دەوترێ دەرەبەگایەتی كۆچەرانە.

سیستەمی  پاتریارکیی خێڵە دڕندەکانی چیا دراوسێکان دەستی پێ کرد. لەئەنجامی ئەم دو پرۆسەیەدا، لەسەر وێرانگای هەردو سیستەمدا دەرەبەگایەتیی کۆچەرانە پەیدا بوو[١٤]. لەمەسەلەی پەیدابونی پەیوەندیی دەرەبەگایەتی لەکوردستاندا، شەڕو شۆڕو پێکادانی خویناوی ڕۆڵێکی گەورەی دیوە کەنەکێ تەنها بۆتە هۆی نەهێشتنی سیستەمی کۆیلەداریو سێرفداری بەڵکو بەئەندازەیەکی دیاریکراویش سیستەمی دەرەبەگایەتیی سەقامگیر کردوە[١٥].

لەسەقامگیرکردنی سیستەمی دەرەبەگایەتیی کوردستاندا خێڵ نەخشێکی گرنگی هەبوە[١٦].

لەسەرەتادا وشەی خێڵ بەو کەسانە دەوترا کەلەچەشنی ڕمبازی ئازادی ئەوروپا بوون و ئەنگلس بەم جۆرە باسی کردون ((لەپاڵ سیستەمی پاتریارکیدا یەکێتییەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی جەنگێ لەلایەن دەستەیەکی شەڕکەرەوە دادەمەزرێ کەبەتۆقاندن و سەرچڵی، خۆیان بەسەر ئەوانی ترا دەسەپێنن))[١٧]. هەر لەم بارەیەوە لینین وتویەتی کەلەڕەوتی پرۆسەی دابەش کردنی کار لە کۆمەڵە خێڵەکییەکاندا، دەستەیەکی جەنگاوەر خۆی جیا دەکاتەوەو پاشان دەبێتە دەستەیەکی ئۆرۆستۆکرات کەجەنگێ و شەڕو شۆڕ بەپیشەی

---

دکتۆر شەمزینی لەمەسەلەی شێوی ئاسیاییی بەرهەم هێنانی نەکۆڵیوەتەوە، لەبەر ئەوە پێی وایە لەکوردستاندا سیستەمی کۆیلەداری لەکایەدا بوەو دوای هەرەس هێنانی، دەرەبەگایەتی هاتۆتە جێ. ئەمەش زیاتر پەیوەندیی بەو کاتەوە هەیە کە نوسەر تێیدا کتێبەکەی نوسیوە، چونکە لەو کاتەدا ستالینیزم برەوی هەبوو، لەئەنجامدا هەمو تێزەکانی شێوەی ئاسیاییی بەرهەم هێنان پشت گوێ خرابوون و ڕێ نەدەدرا کەس بەلایانەوە بچێ (وەرگێڕ).

خــۆی دەزانــی[١٨]. ئــەو دەســتەیە یــا ئــەو چینــە ئۆرســتۆکراتە لەســەرەتادا بــەئێل ناسـرا، پاشـان بـو بـەخێڵ. بـەڵام چـەمکی خـێڵ لەقۆناخەکانی دواییدا گۆڕاو بەرگی چەمکێکی نوێی کردە بەر، واتە خێڵ نەک تەنها دەسـتەی ئۆرۆسـتۆکراتی شـەڕخواز بـەڵکو تێکـڕای ئەندامــەکانی دەگرێتــەوە. بــەم شــێوەیە ئەمــڕۆ بەهــەمو هۆزەکــانی کوردســـتان دەوتــرێ خــێڵ، چ ئەوانــەی نیشــتەجێن و چ ئەوانــەی کۆچەرن، بەڵام ئەمە بەشـێکی کـەمی خێڵـە کۆچـەرەکان ناگرێتــەوە کەتا ئەمڕۆ ناوی سەرەتاییی خۆیان - واتە ئێل - پاراستوە.

سەرەک خێڵ بریتیە لەئێل، ئاغا، بەگ، میر میران، خـان، مــیرو هی تر. بۆ ئەوەی خێڵ هێزێکی چەکداری ڕێکوپێکی هەبێ، سـەرەک خێڵ دەستەیەک چەکداری هەڵبژاردە جیا دەکاتەوە. ئەرکی پاراستنی خێڵ لەئەستۆی ئەو دەستەیەدا دەبـێ. بـۆ نمونـە دەبیــنین میرکۆنـە کەیەکێکە لەکوردەکانی خوراسان* دەستەیەکی چەکـداری ١٢ هــەزار کەسیی هەبو کەبەهەمو جۆرە چەک و تفاقێک پـڕ چـەک کـرا بــون، پــێنج هــەزاریان بەڕێکوپـێکترین شـێوە چەکـدار کرابـون و ئەسپــی تایبەتییان بۆ تەرخان کرابـو[١٩]. سـەرەک خێڵـی شـادلۆ - ئیلخـان - ١٢ هەزار چەکداری هەبو، هەر یەکی لەخانی موکریو میری ڕوانـدز هەزار چەکداری هەبو.

---

* خوراسان ناوچەیـەکی فـارس نشـینەو کەوتۆتـە بـاکوری ڕۆژهـەڵاتی ئێـران. لەسەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەمدا سەفەوییەکان بۆ بـەهێز کـردن و پاراسـتنی سـنوری دەوڵــەت بەشـێکی کوردەکـانی خێڵـی جەعفــەرانلۆو شــادلۆیان بــۆ ناوچەکانی باکوری خۆراسان دورخستەوە (وەرگێڕ).

لێرەدا دەردەکەوێ کە دەرەبەگەکان ئەو چەکدارانەیان کردبو بەپاسەوانی تایبەتی خۆیان بەجۆرێک کە کەڵکیان لەڕەنج و بەرهەمیشیان وەردەگرت.

لەبارەی سروشتی خێڵە کوردەکانەوە مار وتویە: ئەو خێڵانە چەشنە سیستەمێکی دەرەبەگایەتی‌یان تیا بەدی دەکرێ کەلە ((ئێر))ی گیورگی‌یەکان و ((ئێل))ی تورکمانەکان دەچێ. ویلگفسکی دوای ئەوەی لەم مەسەلەیەی کۆڵی‌یەوە ڕونی کردەوە کەنوسەرانی عەرەبی پێش ئیسلام، واتە بت پەرستەکان، دەیانگوت گوایە خێڵە کوردەکان یەکەیەکی نەتەوەیی ئێتنیکی - واتە گروپێکی مێژویی - پێک ناهێنن بەڵکو بریتین لەچەشنە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی[20].

سوڵتانە عوسمانی‌یەکان و شاکانی ئێران بۆ ئەوەی سەرانی خێڵە کوردەکان بەدەوڵەتەوە ببەستنەوەو کەڵک لەچەکدارەکانیان وەرگرن، زەوی‌و زاریان پێ دەبەخشین. ئەو زەوی‌و زارە بەزمانی ڕوسی پێی دەڵێن ئیکتا، بەتورکی پێی دەڵێن قلیج و بەخاوەنەکەی دەوترێ سباهی.

هەندێ جاریش زەوی‌و زاری بەپیتتریان پێشکەش دەکردن کەبەتورکی پێی دەوترێ تیمارو* بەڕوسی سورکال، یاخود زەوی‌و زارێکی پان و پۆڕو خاوەن داهاتێکی زۆریان پێ دەبەخشین

---

*** تیمار چەشنە دەرەبەگایەتی‌یەکی تورکی‌یە کەتێیدا دەوڵەت زەویی پێشکەش دەکردو بەرامبەر بەوە، ئەو کەسەی زەوییەکەی وەردەگرت بەوە پابەند دەبو کە لەکاتی شەڕدا جەنگاوەری پێویست بۆ دەوڵەت ئامادە بکات. لەڕوی داهاتەوە، تیمار ئەو زەوی‌یە بوو کەداهاتەکەی لە۱۹۹۹۹ ئەسپر زیاتر نەبو(وەرگێڕ).**

کەبەتورکی بەزەعامەت* و بەروسی بەتیئول** ناسراوە. ئەو چەشنە زەوی‌و زارە سەرەکێ خێڵی دەکرد بە ئۆتۆکرات. ئەو باجەی کۆ دەکرایەوە نەدەبوو بەهی دەوڵەت بەڵکو بۆ سەرەکێ خێڵ دەبوو. بەرامبەر ئەم کارە دەبوایە سەرەکێ خێڵ لەشکرێکی هەمیشەیی دامەزرێنێ کەهەر کات دەوڵەت پێویستی پێ دەبو بەکاری دەهێنا.

لەدواییدا ئەو چەشنە زەوی‌و زارانەی قلیج، تیمار، زەعامەت و بەتایبەتی تیمارو زەعامەت بونە سەرەتای پەیدابوونی دەرەبەگایەتی. جۆری بەگەڕخستن و کەڵکێ وەرگرتن لەو زەوی‌وزارە وردە وردە پەرەی سەندو شێوەی خاوەنێتی‌ی سەڵتی بەخۆیەوە گرت. پرۆسەی دارزین و داوەشانی سیستەمی خێڵەکی‌ی پاتریارکی‌و پەیدابونی سیستەمی دەرەبەگایەتی بەدرێژایی‌ی چەندین سەدە لەگۆڕێدا بو.

ئۆرۆستۆکراتە دەرەبەگەکان ئەو زەوی‌و زارەیان کردە موڵکی تایبەتی خۆیان کە دوای مردنیان بەمیرات بۆ کوڕەکانیان دەمایەوە، لەهەمان کاتیشدا تێکڕای دەسەڵات لەژێر دەستی خۆیان دا بو.

---

*** زەعامەت بەو زەوی‌یە دەگوترا کەداهاتەکەی لە ٢٠ هەزار ئەسپر(ئاقچە)کەمتر نەبو. لەڕاستیشدا زەعامەت لەڕوی جۆری دەرەبەگایەتی‌یەوە تەنها لەڕوی بڕی داهاتەوە جیاوازیی لەگەڵ تیماردا هەبو(وەرگێڕ).**

**** سیستمی تیئۆل یاخود تیۆل پێش سەردەمی سەلجوقییەکان باو بوو و مەغۆلەکانیش پیادەیان دەکرد. سەرەنجامی هەرە خراپ کە لەم سیستمە کەوتەوە ئەوە بوو کەجوتیاران وەك کۆیلە رەفتاریان لەگەڵدا دەکرا. بەپێی ئەم سیستمە، دەوڵەت لێ دەگەڕا کەسێك باج‌و پیتاك لەگوندێك بۆ خۆی بسەنێ‌و زۆربەی جار تیۆلدارەکە دەبو بەخاوەنی زەوییەکە. لەسەدەی نۆزدەهەم دا کاربەدەستانی ئێران‌و تورکیا تیۆلێکی زۆریان پێشکەش بەلایەنگرەکانیان کرد (وەرگێڕ).**

ئۆرۆستۆکراتی دەرەبەگایەتی تەنها بەوە دانەکەوت کەزەوی بکاتە موڵکی خۆی، بەڵکو دەستی بەزەوت کردنی لەوەڕگاو زەویو زاری گشتی کرد، واتە ئەو زەوییەی کەهی هەموانە، تەنانەت دەستی بە کۆنترۆڵ کردنی لاتیفۆندیاش کرد کەئەمە زەویو زاری فراوان دەگرێتەوە. ئەم زەوت کردنە نەک تەنها لەکێوەکاندا بەڵکو هەروا لەدۆڵ و ناوچە دەشتاییەکانیشدا بەرچاو دەکەوێ[21]. زاوریێف پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کەسەرانی خێڵەکان بونە زەویداری گەورەو خاوەنی دەیان و سەدان دێ. لەم بارەیەشەوە نوسیویەتی کەسەرانی خێڵەکان تەنها کۆمەلانی خەڵکی کورد ناچەوسێننەوە بەڵکو خەڵکی ناوچە دراوسێکانیش لەژێر چەوسانەوەو ستەمی ئەواندا دەناڵێنن[22]. بلاوکراوەی ڕۆژنامەگەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەم بارەیەوە نوسیویەتی: لەماوەی یەکەم پێنج سەدەی کۆچیدا سیستەمی دەرەبەگایەتی لەکوردستاندا سەری دەرهێناو ڕەگی داکوتا، چەند بنەماڵەیەکی پاشایەتیی کورد پەیدا بوون و سیستەمی پاتریارکی لەکوردستاندا هەرەسی هێنا[23]. ئەو پرۆسەیە بەبونی ئابوریی ڕۆژهەلاتی پێشەوە - بەئابوریی کوردستانیشەوە - بەبەشێک لەئابوریی جیهانی سەرمایەداری کۆتایی دێت. بۆیە هاوزەمان لەگەڵ پەرەسەندنو بەهێزبونی پەیوەندییەکانی بەرهەمی کالاییدا، سیستەمی پاتریارکی لاوازترو بێ دەسەلاتتر دەبو، لەهەمان کاتدا هەر ئەندامێکی توێژی سەرانی خێڵەکان دەبو بەدەرەبەگ و بازرگانو سوخۆر. خاوەنێتیی تایبەتی بەهۆی زەوت کردنی زەویو زاری خێڵەوە تا دەهات زیاتر پەرەی دەسەند[24].

لەدو سەدەی دەیەم و یانزەهەمدا پەیوەندیی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا ڕیشەی داکوتا. ئەو پەیوەندییە لەکاتی شەڕی نێوان

تورکیـاو ئێـراندا بەشـێوەیەکی تایبـەتی پـەرەی سـەند[25]. لـەبارەی پەرەسـەندنی سیسـتەمی دەرەبەگایەتی‌یـەوە فریشـمان نوسـیویەتی ((پرۆسەی سەقامگیربوون و پێگەیشتنی سیستەمی دەرەبەگایـەتی‌و پـەیوەندی‌ی دەرەبەگایـەتی لەکوردسـتاندا لـەکۆتایی‌ی سـەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەیەکجارەکی‌و بەشـێوەیەکی ڕیشەیی کۆتایی‌ی هات))[26].

لەوساوە کۆمەڵی کوردستان بەسەر دو چیندا دابەش بـوە: چینـی دەرەبەگەکان‌و خاوەندارەکان - ئاغا، بەگ، میرو هی تر، کە تێکڕای زەوی‌و بەشێکی زۆری ئاژەڵ و مـەڕو مـاڵات بـەهی خۆیـان دەزانـن‌و چینـــی جوتیـــاران کەلـــەزەوی‌و زار بـــێ بـــەرین و بـــەکرێ لـــەلای خاوەندارەکاندا کاردەکەن. لەم بارەیەوە ئاراکلیان نوسیویەتی کەلەنێو کوردەکاندا دو چینی جیاواز بەدی دەکرێن ئەویش چینی سەردەست و چینی ژێردەستە، یاخود چینی ئاغاو بەگ و دەوڵەمەندەکان و چینـی زەحمەتکێشـــانی گـــەل. ئـــەو نوســـیویەتی کـــەچینی دەرەبـــەگ لەکوردســـتاندا دەســـەڵاتێکی زۆری هەیـــە، لەشـــەڕو پـــێکادانی چەکدارانـەدا شـارەزاو لێهـاتوە، ئاغـاو مـیر هـەمو مـافێکی هەیـە تەنانـەت دەتـوانێ هـەرچی مـوڵکی جوتیارانـە بـەهی خـۆی بزانـێ‌و دەستی بەسەردا بگرێ.

ئاراکلیان لەوتارەکەیدا سەبارەت بەکوردەکانی ئێران نوسـیویەتی کە بەڕێوەبردنی گەل بەدەست ئاغاکانەوەیە، جوتیـار بێجگـە لـەوەی کـە کـار بـۆ دەرەبەگـەکان دەکـاو زەوی‌یـان بـۆ دەکێڵـێ‌و خـەریکی کشتوکاڵە هیچی تری لەدەست نایەت[27].

ماکسیمۆفیچ واسیلکۆفسکی باسی ئەوە دەکا کـەجوتیاری کـورد لـەزەوی‌و زار بێبەشـەو بەزەویـدارو دەرەبەگـەوە بەسـتراوەتەوەو بـەم

پێودانگە لەهەلومەرجی ئابوریی نالەباری ژیانی گەلی کورددا، دەبێ پێش هەمو شتێکێ ئەوە دەرخەین کەتێکڕای زەوی‌و زار مولّکی تایبەتی خاوەندارو خانە(کورد بەخان دەڵێ ئاغا)، خەڵکی ڕەشوڕوتیش ئازادن بەلاّم زەوی‌و زاریان نیەو ئەگەر بیانەوێ بەکشتوکاڵەوە خەریکێ بن دەبێ زەوی بەکرێ لەزەویدار بگرن. ئەمەش کارێکی وای کرد تەنانەت ئەگەر هاتو جوتیار زەوی لەزەویداریش کڕی بێ، زەویدار هەرکات بیەوێ دەتوانێ بڵێ: من کاتی خۆی ئەم زەوی‌یەم بەهەرزان بەتۆ فرۆشتوە، ئێستا نرخی زەوی بەرزبۆتەوە، یا ئەوەتا دەس لەزەوی‌یەکە هەڵدەگری یا ئەوەتا پارەی ترم دەدەیتێ. بەم شێوەیە یەکێ لەنیشانە دیاردەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی دەردەکەوێ کە بریتی‌یە لەبەستنەوەی بەرهەم هێنەری ڕاستەوخۆ(جوتیار) بەخاوەنی هۆکانی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی‌یەوە.

بلاّوکراوەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست لەم بارەیەوە نوسیویەتی ((لێرەدا دەبێ هەندێ ڕوخساری تایبەتی هۆکانی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی لەهەناوی نەتەوەکانی ڕۆژهەلاّتی بێگانەدا دیاری کەین، ئەو ڕوخسارانەش لەوەدان کە(لەناو خێڵە جێگیرە کشتیارەکاندا) نەکێ هەر جۆرەها پەیوەندیی دەرەبەگی‌ی کشتوکاڵی هەیە، بەڵکو جۆرەها پەیوەندیی دەرەبەگی‌ی کۆچەرانە(لەناو خێڵە کۆچەرە شوانکارەکان)و جۆرەها پەیوەندیی دەرەبەگی‌ی تێکەلاّویش (کەتایبەتن بەو خێلاّنەی لەگوزەراندا بەژیانی ئابوری‌ی تێکەلاّو پشت ئەستورن) لەکایەدایە. بەلاّم تەواوی ئەم شێوە جیاوازانەی پەیوەندیی دەرەبەگی تەنها دیوی دەرەوەی مەسەلەکەن. هەر سێ شێوەکەش بەپیشەسازی‌ی ناو ماڵەوە بەستراونەتەوە. لەبارودۆخی ئابوری‌ی

لادێدا ئەو چەشنە پیشەسازیيانەی ناو ماڵ یەکێ جۆری بەرهەم دێننە دی، بەڵام لەبارودۆخی ئابوریی خێڵە کۆچەرە ئاژەڵدارەکاندا پیشەسازیی ناوماڵ چەند بەرهەمێکی جۆراوجۆر دێنێتە دی. بۆ نمونە دەبینین کوردەکان فەرش، ڕەشماڵ، خورج و پەستەکێ دێننە بەرهەم، خوری دەشۆنەوەو ڕەنگی دەکەن، جلو گۆرەوی‌و پوزەوانی لێ دروست دەکەن. هەروەها زۆر شتی وەکێ ویان، لەیەن، کالاش، کاڵکێ، شمشم، پێلاو و کەوش لە چەرم دروست دەکەن. بەشێکی بەرهەمی پیشەسازیی ناوماڵی کوردەواری لەسەر داوای بەرخۆر دەهێنرێتە کار. ئەم بەشەش - کەفەرش نمونەیەکەیەتی - ڕوخساری بەرهەمی کالاییی بازرگانیی بچوکی پێوە دیارە))[٢٨].

خاوەنداری کورد نەکێ تەنها زەوی بەهی خۆی دەزانێ بەڵکو ئاویش چونکە زەوی بەبێ ئاو کەڵکی نیە. کەواتە لێرەدا خاوەندار دەستی بەسەر هەمو شتێکدا گرتووە، بەتایبەتی کە ئاوو زەوی‌و خانوبەرەی جوتیاران موڵکی خۆیەتی. بەم پێودانگە ئەو هەم خاوەندارە هەم دەرەبەکێ.

زەوت کردنی زەوی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە کەبەدەستەی ئۆرۆستۆکراتی ناو خێڵ دادەنرێن لەگەڵ بونی ئابوریی کوردستان بە بەشێکێ لەئابوریی جیهان تا دەهات بەتین‌و تاوتر دەبو. لەم بارەیەوە ل.ف تیگرانۆف نوسیویەتی کە گەشەکردن و پەرەسەندنی بازرگانیی دەرەوەی وڵات بوە هۆی بەرزبونەوەی نرخی زەوی، لەئەنجامدا هەمو خاوەندارەکان بۆ کۆنترۆڵ کردنی زەویی گرانبەها پەنایان بردە بەر زەوت کردنی زەویی جوتیارەکان. لەئەنجامدا چینی ئۆرۆستۆکراتی دەرەبەگی خێڵەکانی ئەردەڵان، دزەیی، کەلهور، جاف، خۆشناوو هی تر هەمو زەوی‌و زاری کۆنترۆڵ کرد. ئەم کارە بەئەندازەیەکێ

دڕندانه بو که کـەس نـەما زەوی لێ نەسـەنرێ تەنانـەت لـەو کاتـەدا یاساش نەیدەتوانی دەستەبەری پاراستنی مافی کەس بێ.

کورتەی باس، نزیکەی هەمو زەوی‌و زاری شایستەی کشتوکاڵ بوو بـــەموڵکی ئۆرۆســـتۆکراتی دەرەبەگایـــەتی‌و ســـەرەنجام چەنـــد خاوەندارێکی گەورە کەبەچەشـنێکی تایبـەتی بریتـی بـون لەسـەرانی خێڵـەکانی بابـان، ئـەردەڵان، دەزیـی، کـەلهور، جـاف، خۆشـناو، قوبادیان، مامش، مەنگور، دیبوکری‌و هـی تـر لەکوردسـتاندا پـەیدا بون. ئـەو خاوەنـدارە گەورانـە زەوی‌و زاری فـراوان و دەیـان و سـەدان دێیان هەبو.

کنر باسی ئەوە دەکا کەلەسەرەتای سەدەی نۆزدەهـەمدا بەشـێکی دەرەبەگەکان خاوەنی ٨ - ١٠ دێ‌و هەندێکیشـیان خـاوەنی نزیکـەی ٣٠ دێ بون[٢٩]. کەچی لەکۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمدا دەبیـنین ینـدر باســی ئــەوە دەکــا کەلەناوچــەی کرماشــاندا هەنــدێ دەرەبــەگ لەسەرجەمی نزیکەی ٢٥٠ دێدا خاوەنی ١٠٠ دێ بون[٣٠].

جوتیاران و هەژارانی کوردسـتان مەکینـەو ئـامێری کشـتوکاڵی‌و توانای ماددی‌و تەنانەت پەینی کشتوکاڵیشـیان نـەبو، بـەروبومێکی یەکجار کەمیان هەبو، تەنانەت کاتێک کرێی زەوی‌و باج و پیتاکیان لێ دەردەهێنا هیچیـان بـۆ نەدەمایـەوە کەشـایانی بـاس بـێ. ئەمـە جوتیاری ناچار دەکرد هێزی مەچەکی خۆی بفرۆشێ.

ف. مینۆرسکی باسی ئەوە دەکا کەخانی ماکۆ تەیمورخان زیـاتر لــە ٧٥٪ی زەوی‌و زاری میرنشـینی خـان مـاکۆی بەدەسـتەوە بـو، تەنانەت هەر خـۆی بەتـەنها ٣٥٠ دێی هـەبو[٣١]. حـەقی نوسـیویەتی کەبەشــێکی دەرەبەگــەکانی کوردســتانی تورکیــا ســەدان دێیــان بەدەستەوە بوە[٣٢]. بەم شـێوەیە زۆربـەی زەوی‌و زارەکـانی کوردسـتان

کەبەزۆر لـەجوتیاران سـەنران و بونـە مـوڵکی چینـی ئۆرۆسـتۆکراتی دەرەبەگ.

بـــەکورتی دەتـــوانین بڵـــێین کەسیســـتەمی دەرەبەگایـــەتی لەکوردســـتاندا لەئـــەنجامی گەشـــەکردن و پەرەســـەندنیدا وەک سیســـتەمە کۆمەڵایەتییـــەکانی پـــێش پـــەیدابونی سیســـتەمی دەرەبەگایـەتی، بـوە گـەورەترین کۆسـپ لەبـەردەمی پەرەسـەندنی هێزەکانی بەرهەم هێناندا[٣٣].

گەشـەکردن و پەرەسـەندنی بەرهـەمی کـاڵایی پـتر سیسـتەمی دەرەبەگایەتیی داوەشاندو بناخەکانی لـەق کـرد. سـەرمایەی بێگانـە بەهەمان چەشـنی پـەیدابونی لـەوڵاتانی دو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و نزیکدا لەکوردستاندا پەیدا بوو، کاڵای لادێ ڕەوانـەی دەرەوەی وڵات کرا. کورتەی باس، پەیوەندیی کاڵایی لەکوردستاندا پەرەی سەند.

دەرەبەگی کورد سەرەڕای ئەوەی کەبەشـێکی زەویو زاری بـەکرێ دەدا بەجوتیار، خۆشی کێڵگەیـەکی گـەورەی بەمەبەسـتی بازرگـانی بەڕێوە دەبردو تێیدا ڕوەکی پیشەسازیی وەک توتن، قامیشە شەکرو چەوەنـدەری دەچانـد. بـەم جـۆرە، دەرەبەگـەکان چەنـدان کێڵگـەی سەرمایەدارییان بەڕێوە برد کەجوتیارانو کرێکاران تێیدا بەکرێیەکی دیـاریکراو بەرامبـەر بەفرۆشـتنی هێـزی مەچـەکی خۆیـان کاریـان دەکرد.

پەرەسەندنی نفوزی روس و دەستێوەردانیان لەکافکاس وئاسیای ناوەڕاستو ئێران، هەروا پەرەسەندنی نفوزی ئینگلیز، ئەڵمانیەو ئەمریکاو دەستێوەردانیان لـەوڵاتانی ڕۆژهـەڵاتی عـەرەب و تورکیـا، بـوە هـۆی ئـەوەی ئـەو وڵاتانـە - بەکوردستانیشـەوە- ڕو بکەنـە پەرەسـەندنێکی سـەرمایەداریو لـەبازرگانیی جیهانیدا بەشدار بن. بێگومان ئەمـەش بـوە هـۆی هـەرەس هێنـانی ئـابوریی

سروشــتی، پەرەســەندنی ئــابوریی بازرگــانی، زیــادبونی ژمــارەی جوتیـاران لەسـەر حسـابی خێڵـە کۆچـەرەکاندا و زیـادبونی ژمـارەی کرێکــارە شــارییەکان لەســەر حســابی جوتیــارە لادێییــە بــێ زەوییـەکاندا. دیـارە ئـەم گۆڕانـەش بەئاشـکرا کـاری کردۆتـە سـەر گەشەکردنی هێزە بەرهەم هێنەرەکانی کوردستان.

سەرمایەی بێگانە نەک تەنها بەشێوەی بازرگانی بەڵکو بەچەندین شێوەی جیـاواز هاتۆتـە کوردسـتان. بـۆ نمونـە دەبیـنین سـەرمایەی ئینگلیـزو دەوڵەتـە سـەرمایەدارەکانی ئەوروپـا چەنـد کۆمپـانیاو کێڵگەیـەکی جیـاوازی لەکوردسـتاندا پـێک هێنـاو لەئـەنجامدا لەکـەرکوک، خانـەقین، کرماشـان، ورمـێ، وان و شـارەکانی تـری کوردستاندا کارگەو بانک و داوو دەزگای بێگانە دامەزران.

کوردستان کەیەکێکە لەوڵاتانی دو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیـک بــەئابوریی جیهانیــەوە بەســترایەوەو لەئــەنجام دا پرۆســەی دابەشکردنی کار بەچەشنێکی خێراتر کەوتە گەڕو ئـابوریی لادێ بـۆ هێنانە بەرهەمی ئەو ڕووەکە پیشەسازییانە تەرخان کـرا کەبەکـەڵکی بازاڕەکانی دەرەوەی وڵات دێن، بۆ نمونە دەبینین ناوچەی ئەردەڵان و هەورامان بۆ بـەخێوکردنی ئـاژەڵ و ڕەشـەوڵاخ، ناوچـەکانی شـنۆ، ڕواندز، ئوبیان، مەرگەوەڕو تەرگـەوەڕ بـۆ هێنانـە بەرهـەمی تـوتن و دانەوێڵە، ناوچەی هەولێر بۆ هێنانە بەرهـەمی بـرنج و گـەنم و جـۆ، ناوچەی ورمێ بۆ هێنانە بەرهەمی لۆکە، چەوەندەر، قامیشە شـەکر، دانەوێڵەو توتن تەرخان کران.

لەگـەڵ پەرەسـەندنی بەرهــەمی کــاڵاییدا یەکـەم، دەرەبــەگ و زەویـدارەکان شـێتگیرانە کەوتنـە چەوسـاندنەوەی بەرهـەم هێنـەری ڕاسـتەوخۆ، دوەم، خـەباتی چینایـەتیی جوتیـارە چەوسـاوەکان دژی

دەرەبەگێ و خاوەندارە چەوسێنەرەکان تیژترو بەگوڕتر بو. بێگومان هەر ئەم خەباتەشە کەسیستەمی دەرەبەگایەتی لەڕەگو ڕیشەوە هەڵدەتەکێنێ.

پێویستە ئەوەشمان لەیاد نەچێ کەشان بەشانی هاتنی سەرمایەی ئەوروپا بۆ کوردستان، سەرمایەی بازرگانیی دو دەوڵەتی تورکیاو ئێرانیش کشایە سەر کوردستان بەتایبەتی کەبورژوازیی تورکیاو ئێران کەوتبووە هەڵپەی خۆ دەوڵەمەند کردن و بوو بەخاوەنی زەوی‌و زارێکی پان و پۆڕ، بەتایبەتی لەناوچە پترۆڵی‌یەکان و دەوروبەری چاڵە نەوتەکانی کرماشان، کەرکوک، خانەقین، موسڵ، سیرت و ناوچەکانی خەڵوزی بەردین.

پترۆف لەبارەی سنجابی‌یەکانەوە وای گوزارشت لێ کردوە کەهاتنی سەرمایەی بێگانە بۆ ناوچەی سنجابی‌یەکان پەرەسەندنی پەیوەندیی پولیی خێراتر کرد بەچەشنێک کەزەوی بوو بەشتێکی گران بەهاو لەئەنجامدا بازرگانەکان، سوخۆران، پیاوانی ئاین و فەرمانبەرە گەورەکان دەستیان بەکڕینی زەوی کرد[٣٤].

ستەمی بەگزادە ئۆرۆستۆکراتەکانی خێڵ، بەتایبەتی سەرانی خێڵەکان، ئارام و ئۆقرەی لەڕەشو ڕوتی سادە هەڵگرت. چەوساوەکان لەژیانێکدا بون کەنەیاندەتوانی لەمە زیاتر دان بەخۆیاندا بگرن و دەستەمۆی هەمو شتێک بن. ملنگین لەم بارەیەوە نوسیویەتی ((سەرەک خێڵ زۆردارێکی ستەمدارە، دەسەڵاتێکی بێ سنوری هەیە بەچەشنێک کەدەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەمو ئەو کەسانەدا بسەپێنێت کەلەژێر دەستی‌دان و تەنانەت ئەگەر سەرپێچی‌یان کرد دەتوانی بیانکوژێ))[٣٥].

لێــرەدا چینــی ئۆرۆســتۆکراتی دەرەبــەگ بــوە خــاوەنی زەوی‌و لەئـەنجامدا بەرهـەم هێنـەری ڕاسـتەوخۆ لـەهۆکانی بەرهـەم هێنـان بێبەری کرا، ئەوەش بەو مانایە دێت کـە سیسـتەمی دەرەبەگایـەتی لەسیستەمی سەرمایەداری نزیک بۆتەوە چونکە یەکێ لەنیشانەکانی سیستەمی سەرمایەداری لەوەدا خۆی دەنـوێنێ کەبەرهـەم هێنـەری ڕاسـتەوخۆ لـەهۆکانی بەرهـەم هێنـان بـێ بـەش بکـرێ نـەک تـەنها ئۆرۆستۆکراسـیی دەرەبـەگی خێڵــە نیشـتەجێ بوەکـان بــەڵکو ئۆرۆستۆکراسیی دەرەبەگی خێڵە کۆچـەرەکانیش دەسـتی بـەزەوت کردنی زەوی کرد.

هۆی ئەوەی کەزوربەی دەسـتە کۆچـەرەکانی کوردسـتان درێژەیـان بەژیانی کۆچەری داوە لەوەدایە کەهیچ شـوێنێکیان چنـگ نەکـەوتوە تێیـدا نیشـتەجێ بـن. زۆربـەی زەوی لەلایـەن دەرەبـەگو خاوەنـدارە گەورەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابو.

ماکسیم واسیلکۆفسکی کەلەنیشـتەجێ بـونی کۆچـەرانی کـوردی کۆڵیوەتەوە نوسیویەتی ((کۆچەرانی کورد بەیـەکجارەکی نیشـتەجێ دەبن و خو ڕەوشتی دراوسێکانیان پەسند دەکەن. تـەواوی خێزانـەکان واز لـەژیانی کۆچـەری دێـنن و بەئاواییـەکانـەوە دەبەسـترێنەوە)). بڵاوکراوەی ڕۆژنامەگەری ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـەبارەی نیشـتەجێ بـونی خێڵــە کۆچەرەکانـەوە نوسـیویەتی ((هـۆی ئـەوەی کەخێڵـە کۆچەرەکان بەپەلەپروزێ نیشتەجێ دەبن و لەناوچەیەکدا دادەمەزرێن لەوەدایە کە لەوەڕگا بەپێی پێویست دەست ناکەوێ. هۆیـەکی تـریش خۆی لـەوەدا دەنـوێنێ کەپـەیوەندیی پـولی‌و پـەیوەندیی بەرهـەمی کـاڵایی هاوزەمـان لەگـەڵ تەسـکبونەوەی ژمـارەی لـەوەڕگاکاندا کەچینی بەگزادەکان کۆنترۆڵی دەکا لەپەرەسەندن دایە))[٣٦].

لەسەدەی نۆزدەهەمدا زۆربەی خێڵە کۆچەرەکان بەشێوەیەکی نیوەو ناچڵ یا بەشێوەیەکی تەواو جێگیر بون، دێهاتیان ئاوەدان کردەوەو بەکشتوکاڵەوە خۆیان خەریک کرد. بۆ نمونە ئەو خێڵانەی نیشتەجێ بونو وازیان لەژیانی کۆچەری هێنا ئەمانە بون: خێڵی سورچی بەهەردو بەشی سۆرانیو بادینی، زۆربەی خێڵی هەرکی - سیدان، مندان، سەرهانی، هەرکی بنەجی -، بەشێکی زۆری خێڵی خەیلانی، زراری، زیتکی، پشدەر، زێباری، ئەرتوش، مامش، مەنگوڕ، دیبوکری، پیران، بلّباس، جوانڕۆ، زازا، سنجابیو گەردی. پترۆف دەربارەی نیشتەجێ بونی خێڵی سنجابی نوسیویەتی ((بەنیشتەجێ بونی خێڵی سنجابی، دابەش بونی چینایەتی بەچەشنێکی فراوان پەرەی سەندو لەئەنجامدا بەشێکی ئەندامانی خێڵ بونە خاوەنداری بچوک، بەشێکی تریان پارچە زەویەکی یەکجار بچوکیان بەکرێ گرت، واتە بەمانایەکی تر لەڕوی ئابوریەوە بەخاوەندارەوە بەسترانەوە. بەشێکی تریشیان لەجوتیارە هەژارەکانی دانیشتوی ناوچەکە پێک هاتبو کەئاژەڵو ڕەشەوڵاخ و ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵیان بەجارێ نەبو)). نوسەر درێژەی پێ دەداو دەڵێ ((پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ناو خێڵی سنجابی نەک بەهۆی پەیوەندیی خێڵەکییەوە بەڵکو پێش هەمو شتێک بەهۆی پەیوەندیی نێوان جوتیارانی خودی خێڵ و چینی دەسەڵاتدارەوە کەلەڕوی ئابوریەوە فەرمانڕەوایە، دەسنیشان دەکرێ))[٣٧]. بێگومان ئەوەی پترۆف باسی کردوە خێڵە نیشتەجێ بوەکانی تری کوردەواریش دەگرێتەوە.

بێگومان دورکەوتنەوەی خێڵە کۆچەرەکان لەژیانی کۆچەریو ئاوەدان کردنەوەی دێهات یەکێکە لەبەڵگەکانی ڕوخانی کۆمەڵی

کۆچەری کوردەواری بەتایبەتیو ڕوخانی سیستەمی دەرەبەگایەتی بەگشتی.

گەشتە وەرزییەکانی خێڵە کۆچەرەکان کەئەمڕۆ ڕێژەکەیان هەرگیز ١٠٪ی سەرجەمی دانیشتوانی کوردستان زیاتر نیە، لەڕاستیدا گەشتی وەرزی نین. تەنانەت ئەو چەند خێڵەی ئەو جۆرە گەشتانە دەکەن بەخێڵی کۆچەر دانانرێن چونکە زەمینەی چالاکیی ئابوورییان لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا دامەزراوە[٣٨]. بەگشتی ئابووریی تێکەڵاو لەکوردستاندا هەیە. دیارە ئابووریی تێکەڵاویش بۆ هەلومەرجی دو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک بەگشتیو بۆ کوردستان بەتایبەتی زۆر لەبارە. لەکوردستاندا بەهۆی ئەوەی کەئاوو هەوا هەندێ جیاکەرەوەی تایبەتی هەیەو بەهۆی ئەوەی کە کوردستان هەمیشە ڕوبەڕوی هێرش و دەسدرێژیی داگیرکەران بوە، پاشان بەهۆی ئەوەی کەهێشتا ئامرازی سەرەتاییو دواکەوتو لەکشتوکاڵدا بەکار دەهێنرێ، دەبینین کشتوکاڵ بەتەنها ناتوانێ دەستەبەری ئەوە بێ کەژیانێکی ئابوری بۆ کورد مسۆگەر بکا. لەبەر ئەوە جوتیاری کورد لەیەکێ کاتدا هەم خەریکی کشتوکاڵەو هەم خەریکی ئاژەڵدارییە، واتە چالاکیی ئابووریی ئەو جوتیارە چالاکیی تێکەڵاوە. ئەمە لەلایەکێ. لەلایەکی ترەوە ئاژەڵداری بەبێ دابین کردنی کەرەسەی خۆراکێ کەڵکی نیە. لەبەر ئەوە لێرەدا جوتیار بۆ دابین کردنی خۆراکی ئاژەڵ هەر دەبێ خەریکی کشتوکاڵ بێ. بەم چەشنە دەردەکەوێ کەجوتیاران ناتوانن پشت بەجۆرێکی دیاریکراوی ژیانی ئابوری ببەستن.

بەکورتی دەبێ لامان ئاشکرا بێ کەخێڵە کۆچەرەکان هەرگیزو هەمیشە نەیانتوانیوە لەخێڵە نیشتەجێ بوە دراوسێکانیان

دورکەونــەوە بــەڵکو بەپــێچەوانەوە، چونکــە هەمیشــە پــەیوەندیی نەپســاوەیان لــەنێواندا هــەبوە[39]. لێــرەدا شــتێکی ئاســاییە کــە گەشەکردنی کۆمەڵایــەتیو ئــابوریی کــوردە نیشــتەجێ بوەکــان کــار بکاتــە ســەر ئــەو خێڵانــە. بڵاوکــراوەی ڕۆژنامەگــەریی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاست لەم بارەیەوە نوسیویەتی ((هەر ئەندازە پەیوەندیی پولیو کــاڵای بازرگــانی بچێتــە نــاو ئــابوریی خێڵــە کۆچــەرە کوردەکانــەوە ئەوەنــدەش بــواری بازرگــانی لــەناو ئــەو خێڵانــەدا پــەرە دەســەنێ بەئەندازەیەک کە کوردە کۆچەرەکان هاوردن و ناردنی ئــاژەڵ و ڕەشــە وڵاخی ناوچەکە کــۆنترۆڵ دەکــەن و هــەرچی پــەیوەندیی بەفرۆشــتنی خوریو کاڵای لادێییەوە هەیە ئەوان جێبەجێی دەکەن))[40].

ساخ کردنەوەی بەشێکی بەرهەمی ئاژەڵداری وەک فەرش، خوری، پێست، ڕۆن، پەنیر، گۆشت و کەلوپەلی دەسکردی ناومــاڵ لــەبازاڕی بێگانەدا، وای لەبازرگانەکان کرد هەمو ئەو کەرەستانە دابین بکــەن. لەدواییدا نەک تەنها ئۆرۆســتۆکراتە دەرەبەگــەکانی خێڵــە نیشــتەجێ بوەکــان بــەڵکو هــەروا ئۆرۆســتۆکراتە دەرەبەگــەکانی خێڵــە کۆچەرەکانیش کەوتنە هەڵپــەی خــاوەنێتیی ســەڵتی خۆیــان، چینــی ئۆرۆستۆکراتی دەرەبەگی خێڵــە کۆچــەرەکانیش هــەمو لــەوەڕگاکانی کۆنترۆڵ کرد. بەم شێوەیە هەرچی لــەوەڕگای چــاک هــەبو بــوو بــەهی ئۆرۆســتۆکراتەکان. جوتیــاری هــەژاری کۆچــەرو هــەمو ئەنــدامانی خێڵیش نەیانتوانی بەئازادی کەڵک لە لەوەڕگاکان وەرگرن. وەختێک چینــی ئۆرۆســتۆکراتی کۆچــەری دەرەبــەگ زەویو زاری زەوت کــرد، لەهەمان کاتدا دەبوو بەخاوەنی دەیان و سەدان جوتیارو ڕەشوڕوت[41]. لەئەنجامدا دەبینین تێکــڕای کۆچــەرەکان کەلەئاژەڵــداریو ئــابوریی خۆیان بێ بەری کرابون، بۆ ئەوەی لەبرسانا نەمرن، بونە خزمــەتکاری

چینــی ئۆرۆســتۆکراتی خێڵــەکانیان و ناچــار بــون شــوانکارییان بــۆ بکەن[٤٢]. بەشێکی تریان بونە جوتیاری هەژاری بێ زەویو هەنـدێکیان ڕویان کردە شارەکان و بونە پرۆلیتار.

کورتەی بـاس، بـەکۆنترۆڵ کردنـی تێکـڕای بەرهـەمی ئاژەڵـداری لەلایـەن چینـی ئۆرۆسـتۆکراتی خێڵـی کۆچـەرەوەو بەفرۆشـتنی ئـەو بەرهەمە بەبازرگانەکان، تالآن کردنی کۆچەران توندوتیژتر بو چونکـە لەسەرێکەوە ئەو بەرهەمە بەنرخێکی هەرزان لەکۆچـەرەکان دەکـڕڕاو لەسـەرێکی تـرەوە دەبیـنین چینـی ئۆرۆسـتۆکرات بـاجی تایبـەتیو دیاریکراوی لەسەر لەوەڕگاکان دانابو، بـۆ نمونـە خورشـید ئەفەنـدی نوسیویەتی کەبەشێکی خێڵە کۆچەرەکان لەوانەی بەناوچـەی سـەرانی خێڵەکانی تردا تێدەپەڕن، ناچارن پووشانە بدەن[٤٣].

ڕاوڵنسۆن نوسیویەتی کەناوچەی لاجانی کوردستانی مـوکری هـی خێڵی موکرییە، هەر چی خـێڵ هەیـە کەدێتـە ئـەو ناوچەیـە دەبـێ پوشانە بەو خێڵە بدا. بۆ نمونە دەبینین خێڵی بلّباس هـەزار تومـەن پوشانە بـەخێڵی مـوکری دەدا[٤٤]. لەئـەنجامی ئـەم دزیو جـەردەییو تـالآن کردنـەدا زۆربـەی ئەندامـەکانی خێڵـە کۆچـەرەکان و خێڵـە لاوازەکـان بونـە هـەژارو ڕەشـوڕوت. لێـرەدا لەبـەر ئـەوەی ئـاژەڵ و ڕەشەولآخیان کەم بو، ئابوریی ئەو خەڵکە کۆچـەرە هـەژارە درێـژەی نەکێشا چونکە ئاژەڵداری بەکەڵکی ئـەوە نـەدەهات خێزانێکـی پـێ بەڕێوە ببرێ. خەڵکانی هەژار ناچار بون بەشوێن سـەرچاوەیەکی تـری گوزەراندا بگەڕێن بۆیە یا ئەوەتا دەبوایە خەریکی کشـتوکاڵ بـن یـا ڕو بکەنە شارەکان[٤٥].

زانستی بورژوازی پێی وایـە خێڵـی کۆچـەری کـورد یەکێکـە لـەو ڕێکخراوانــەی کەپــەیوەندیی بەکۆمــەڵی خێڵــەکی (پــاتریارکی) و

دیموکراسـیی سـەرەتاییەوە هەیـەو لەسـەر بناخـەی خزمایـەتی دامـەزراوە. مۆرگـان، یکیـازارۆف و چەند زانایـەکی بـورژوازیی تـر هەمان بڕوایان هەیە. بـەڵام بۆچـونی ئـەو زانـا بورژوازییانـە بـەهیچ چەشنێک ڕاست نیە. بۆ نمونـە دەبیـنین مۆرگـان لەکاتێکدا دەڵـێ گوایە خێڵی کۆچەری کـورد ڕێکخراویـکی خێڵـەکی (پـاتریارکی) و دیمـوکراتی سـەرەتاییە، هـەر لەهـەمان کاتیشـدا دەڵـێ گوایـە ئەگەرچی لەمەسەلەی خـاوەنێتیی سـەڵتدا نایەکسـانی هەیـە بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامانی خـێڵ لـەروی مافـەوە یەکسـانن، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کەبـەبونی نایەکسـانی لـەخاوەنێتیی سـەڵتدا، دیموکراسیی پاتریارکی لەکایەدا نیـە. کـارل مـارکس لـەم بارەیـەوە نوسیویەتی کەئەگـەر هـاتو سـەبارەت بـەخاوەنێتیی سـەڵت لـەڕیزی یـەک خـێڵدا یـا خـود لـەڕیزی یـەک خێـزاندا نایەکسـانی هـەبو، پـەیوەندیی کۆمـەڵایـەتیی نێـوان ئەندامـەکانی خـێڵ یـاخود خێـزان دەبێتــە پــەیوەندییەکی ناتــەبا[٤٦]. بڵاوکــراوەی ڕۆژنامەگــەریی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت لــەبارەی ئــەم مەســەلەوە دەری خســتوە کەدیاردەکانی وەک قۆنتەراتی بازرگانیو کاری کرێ گرتەیی کەزادەی سەر دەرهێنانی چینـی کۆمەڵایـەتیی تـازەن لـەناو خـێڵدا، کاکڵـەی پەیوەندیی سەرمایەداری پێک دەهێنن[٤٧].

لەگـەڵ گەشـەکردن و تیژبـونی خـەباتی چینایـەتیدا پرۆسـەی پەرەسەندنی دەرەبەگایەتی هەم لەهـەناوی خێڵـە جێگیرەکـان و هـەم لەهەناوی خێڵە کۆچەرو ئاژەڵدارەکاندا خێراتر بو. بۆیە هەرگیز نابێ بوترێ گوایە کۆمەڵـە کۆچەرەکان خزمەتی مەسەلەی یەکگرتنی کارو دابـەش کردنـی بەرهـەم دەکـەن. لـەڕەوتی پرۆسـەی کـۆنترۆڵ کردنـی بەرهـەم هێنـاندا کـە لەئـەنجام دا تویـژێکی دیـاریکراوی کۆمـەڵی

کۆچەر دەسەڵاتدار دەبیٚو تویٚژیٚکی تریش لەبەرهەم بیٚ بەری دەکریٚ، ستەم و چەوسانەوە توندوتیژ دەبیٚو لەئەنجامدا دابەشبونی چینایەتی دیٚتە کایەوە. لیٚرەدا پیٚویستە پەنجە بۆ هەلومەرجی تایبەتی خیٚڵە کۆچەرەکان ڕاکیٚشین. ئەو خیٚڵانە ئامادەن کاڵای بازرگانیو پەیوەندیی کاڵایی بیٚننە دی. مارکس لەم بارەیەوە ڕونی کردۆتەوە کە گەلانی کۆچەر پیٚش هەمو گەلانی تر شارەزای پارە بون، چونکە ئەوان هەر چیەکیان هەیە لەگواستنەوەدایەو بەچەشنیٚکی ڕاستەوخۆ ملکەچی شیٚوەی گۆڕینەوەیە. گوزەرانی ئەو خیٚڵانە کاریٚکی وای کردوە پەیوەندیی پتەو لەگەڵ کۆمەڵە دراوسیٚکاندا دامەزریٚنن کەئەمەش گۆڕینەوەی بەرهەم فراوانتر دەکا[٤٨].

بۆ دەرخستنی مەسەلەی گۆڕانی بەرهەمی ئابوریی خیٚڵە کۆچەرەکان بۆ کاڵای بازرگانی لەسەدەی نۆزدەهەمدا، ئەم بەڵگانە دەخەینە پیٚش چاو: بەپشت بەستن بەسەرنجەکانی جابر، لەماوەی یەکێ ساڵدا زیاتر لە ١٫٥ ملیۆن سەر مەڕ براوەتە ئیستانبوڵ[٤٩]. هەر لەم بارەیەوە تایلۆر نوسیویەتی کەلەساڵی ١٨٦٣دا کوردەکان بایی ٤٥٥ هەزار ڕۆبڵ خورییان بەبیٚگانە فرۆشت، سەرباری ئەوەی کەلەبازاری جزیرەدا بایی ١٠٠ هەزار ڕۆبڵ خوریی چەشنی مەرەز فرۆشراوە. خیٚڵە کۆچەرەکانیش بایی ٤٫٥ - ٥ هەزار ڕۆبڵ بەرهەمی بازرگانییان فرۆشتوە، بەتایبەتی خوریی شاڵی بەناوبانگی کوردەواری.

لەیەکیٚ لەنامەکاندا کەلەترابزونەوە نیٚردراوە باسی ئەوە کراوە کە لەساڵی ١٨٦٣دا ڕانە مەڕیٚکی زۆر لەکوردستانەوە هیٚنراوەتە سەر بەندەر، جۆرەها بەرهەمی ئاژەڵداریش وەکێ پیٚست، خوری، ڕۆن، پەنیر، فەرش و شتی تر بەمەبەستی ڕەوانەکردن بۆ دەرەوەی وڵات

لەبەندەرەکەدا کەڵەکە بو بو. هەر بەهەمان شێوە دەتوانین سەدان نمونەی تر بخەینە بەرچاو کەبەڕونی گۆڕانی بەرهەمی کۆمەڵی کۆچەری کوردستان بەکاڵای بازرگانی ساخ دەکەنەوە. زۆربەی ئەو بەرهەمانە هی سەرانی خێڵەکان و چینی ئۆرۆستۆکراتی چینە کۆچەرەکان بو وەکێ ئاغا، خان، میر، بەگ و هی تر. ئەوانە دەوڵەمەندترین گروپی کۆمەڵ بون. بەهۆی ئەوەی کەهەمو داهاتی ئەو کۆمەڵە کۆچەرانە هی بەگزادەکان بوە، ئەو کەرەستانە لەچوارچێوەی ئابوریی سروشتیی سەرەتایی ترازان و مۆرکی سەرمایەدارییان گرتە خۆ. مۆرکی سەرمایەداریی ئەو کەرەستانە لەسەر بناخەی بەگەڕخستنی کرێکارانی لادێدا دامەزرابو. ویلگفسکی لەم بارەیەوە نوسیویەتی کەئەگەرچی سەرەکێ خێڵی کۆچەری کوردەواری لەباوەشی دەرەبەگایەتیدا لەدایکێ بوە، بەڵام ئەو بێجگە لەچینی دەرەبەگەکان نوێنەری چینێکی ترە[٥٠].

کۆبەندی مەسەلەکە لەوەدایە کەلەمەوبەر دو پرۆسەی هاوتەریبمان بینی: گۆڕانی سەرانی خێڵەکان بۆ دەرەبەگی زەویدار کەلەمەسەلەی بەگەرخستن و قازانجدا شێوەی بورژوازییانەیان پیادە دەکرد. ئەوان لەخودی خۆیاندا نوێنەری دەستە بورژوازییەکان بون، لەئەنجامی ئەو گۆڕانە دو ڕەنگییەدا واتە گۆڕانی دەرەبەگی بورژوازیی لادێ (کۆلاکێ) و گۆڕانی بورژوازیی لادێ بۆ دەرەبەگ کە لێرەدا یەکێ کەس هەم ڕوخساری دەرەبەگ و هەم ڕوخساری بورژوازیی پێوە دیارە، جۆرێکی تازەی سەرمایەگوزاران کەتاکۆدا بەبورژوازیی لادێی شێوە زەویدار ناویان دەبا، پەیدا بو. لێرەدا زەویدار لەهەمان کاتدا بورژوازیی لادێیە[٥١].

ئابوریی سەرمایەداری کە لەهەناوی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا پەرە دەسەنێ دەبێتە هۆی ئەوەی کەبورژوازیی تازە پێگەیشتوی لادێ لەچوارچێوەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیدا ئابوریی سەرمایەداریی خۆی بەڕێوە بەرێ.

ئەم نیشانەیە یەکێکە لەرواڵەتە جیاکەرەوە دیارەکانی گەشەکردن و پەرەسەندنی بەرهەمی سەرمایەداری نەک تەنها لەکوردستاندا بەڵکو لەسەرانسەری وڵاتانی دو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا.

ئەم نیشانەیە وای لەزۆر لێکۆڵەرەوە کردوە تەنها گرنگی بەدیوی دەرەوەی دەرەبەگایەتی بدا، ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی پەرەسەندنی سیستەمی ئابوریو کۆمەڵایەتیی دەرونی کۆمەڵی کوردستان فەرامۆش بکاو گوێ بەتێبینییەکانی لینین نەدا کەوتویەتی سیستەمی کاری بێگاری دەرەبەگایەتی دەبێتە سیستەمی کاری سەرمایەداریو هەردو سیستەم بەئەندازەیەک تێکەڵاوی یەکتر دەبن کەجیاکردنەوەیان کارێکی سەخت و دژوار دەبێ، لێرەدا کەس نازانێ کاری بێگاری دەرەبەگایەتی لەکوێ کۆتایی دێت و کاری سەرمایەداری لەکوێوە دەست پێ دەکا[٥٢].

زانستی مارکسیزم - لینینیزم ڕونی کردۆتەوە کەهیچ سیستەمێک نیە لەسەدا سەد خاوێن و بێگەرد بێ. پێش ئەوەی سەرمایەداری ببێتە سیستەمێکی خەملیو، بەدو قۆناخی پەرەسەندندا تێدەپەڕێ: قۆناخی چەکەرە کردنی سەرمایەو پێکهێنانی گروپی سەرمایەدارو قۆناخی پێگەیشتنی سیستەمی سەرمایەداری کەتەنها لەو کاتەدا بەسیستەمێکی گەڵاڵەبوو دادەنرێ کەسیستەمی دەرەبەگایەتی ڕیشەکێش کرابێو پەیوەندیی دەرەبەگایەتی بوبێ بەپەیوەندیی سەرمایەداری. بەم شێوەیە

دەردەکەوێ کەبەگەڕخستنی سەرمایە لەهەناوی سیستەمی دەرەبەگایەتی‌دا سەر دەردەهێنێ. هەروەک ئاگۆبۆف وتویە هەمو ئەوەی لەمەوپێش باس کرا ئەوە دەردەخا کە کۆمەڵی کوردەواری ڕوخسارو جیاکەرەوەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەسەرمایەداری‌و چۆنێتی‌ی وەدەس هێنانی قازانج و بەگەڕخستنی سەرمایە لەسەرەوە دەستی پێ کردوە، لەسەرەتادا چینی سەرەوەی کۆمەڵی گرتۆتەوەو لەسەرخانەوە دەستی بەهەڵتەکاندنی دەرەبەگایەتی کردوە.

ئەگەرچی لەگەڵ گەشەکردن و پەرەسەندنی هەمو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی‌دا بەرهەم و پەیوەندی‌ی بەرهەم هێنانی تایبەت بەو سیستەمە گەشە دەکا، بەڵام لەهەمو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی‌دا بەشێکی پاشماوەکانی دوا قۆناخی سیستەمی کۆمەڵایەتی‌ی پێشوو بەدی دەکرێ. ئەمە لەلایەک. لەلایەکی ترەوە لەناو ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی‌یەدا کەبەرەو نەمان دەچێ پەیوەندیی بەرهەم هێنان و شێوەی بەرهەم هێنانی سیستەمی داهاتو پەیدا دەبێ. بێ گومان سیستەمی تازە جێ بەسیستەمی کۆن لێژ دەکاو پاشان دەیفەوتێنێ[٥٣].

نەخشی تێکدەرانەی سیستەمی دەرەبەگایەتی ناتوانێ تەگەرە لەپرۆسەی گەشەکردنی بەرهەمی سەرمایەداری بدا. سیستەمی سەرمایەداری کە لەمنداڵدانی دەرەبەگایەتی‌دا لەدایک دەبێ، سیستەمی دەرەبەگایەتی سەرەنگوم دەکاو دەیڕوخێنێ.

هەروەک لەمەو پێش باس کرا، دەرەبەگەکان هۆیە بنچینەیی‌یەکانی بەرهەم هێنانیان کۆنترۆڵ کردو بەهەمان شێوە پرۆسەی کەڵەکەبونی سەرەتایی‌ی سەرمایە، تالآن کردنی چینە

بنچینەیی‌یەکانی کۆمەڵ و بێ بەری کردنی بەرهەم هێنەرە ڕاستەقینەکان لەهۆکانی بەرهەم هێنان هاتە کایەوە.

بەم شێوەیە سەرمایە پەیدا بو. بەپەیدابونی سەرمایەش بازاڕ بوو بەشتێکی گرنگ و پێویست. ئەمە خۆی لەخۆیدا لەگەڵ سیستەمی دەرەبەگایەتی‌دا ڕێک ناکەوێ.

لەسەر بناخەی گەشەکردنی بەرهەمی کالاییی کۆمەڵە کۆچەرەکان و پەرەسەندنی گۆڕینەوەی کالای کۆمەڵە کۆچەرەکان و کالای کۆمەڵە کشتوکاڵی‌یە نیشتەجێ بوەکان دا، بازاڕی ناوخۆ پێک هات. لەبارەی پێکهاتنی بازاڕی ناوخۆوە لینین نوسیویەتی کەئەو چەشنە بازاڕانە لەدولاوە پێک دێن، لەلایەک هەمو هۆکانی بەرهەم هێنان کە لەبەرهەم هێنەرە بچوکەکان زەوت دەکرێن دەبنە سەرمایەو بەمەبەستی هێنانە بەرهەمی کالای بازرگانی کەڵک لەسەرمایەکە وەردەگیرێ، لێرەشدا خودی سەرمایەکە دەبێتە کالای بازرگانی، کەواتە هۆکانی بەرهەم هێنان کەجاران بەشێوەیەکی سروشتی لەکایەدا بون، تەنها بەکڕین پەیدا دەکرێن. ئەوەش وا دەگەیەنێ کەبازاڕی تایبەت بەفرۆشتنی هۆکانی بەرهەم هێنان و پاشان بەفرۆشتنی بەرهەم دێتە کایەوە. ئەو بەرهەمانە بەکەڵک وەرگرتن لەهۆکانی بەرهەم هێنان کە ئەوانیش بەنۆرەی خۆیان دەبن بەکالای بازرگانی، دەهێنرێنە بەرهەم. لەسەرێکی ترەوە شێوەی گوزەرانی بەرهەم هێنەری بچوک دەبێتە کالای بازرگانی. واتە بازاڕی ناوخۆی کەرەستەی بەر خواردن پێک دێ[٥٤].

بەم چەشنە لەگەڵ پەیدا بونی ئابوریی بازرگانی‌و سەرمایەی بازرگانی‌دا بازاڕی ناوخۆ سەر دەردەهێنێ‌و بەبێ بەش کردنی بەرهەم

هێنەران لەهۆکانی بەرهەم هێنان بازاڕی یەکگرتوی ناوخۆ پەیدا دەبێ[٥٥].

لەسەر بناخەی دابەش کردنی کارو ئەنجامەکەیدا کەبریتیە لەگۆڕینەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ و بەرهەمی پیشەسازی، شارەکانی کوردستان وەک کرماشان، سنە، سەقز، مەهاباد، بۆکان، شنۆ، نەغەدە، ڕواندز، هەولێر، کۆیە، سلێمانی، کەرکوک، خانەقین، وان، بتلیس، دیاربەکر، موش، سیرت، جولەمێرگ، مەلاتیە، قامیشلیو هی تر گەشە دەکەن و پەرە دەسێنن، هەر یەکێ لەو شارانە دەبێتە مەڵبەندی بازرگانیی ناوچەکەو هەمو جۆرە کەرەستەیەکی خۆراک و بەرهەمی پیشەسازی (هەم بەرهەمی پیشەسازیی ناوخۆو هەم پیشەسازیی هاوردە) بۆ ناوچەکانی دەوروبەری خۆی دابین دەکا.

زوربەی جوتیارە هەژارەکان کە لەخاوەنێتیی هۆکانی بەرهەم هێنان بێ بەش کراون و زۆربەی شوانەکانی لادێ کەلەوەڕگاو ڕەشەوڵاخیان نیە، پرۆلیتاری لادێن. خەڵکانی بێ بەشکراو لەهۆکانی بەرهەم هێنان لەشکری کرێکارانی کوردستان پێک دەهێنن.

ئەگەر بەو گۆڕانە بەردەوامەی دانیشتوانی شارو لادێکانی کوردستان بچینەوە، بەڕونی بۆمان دەردەکەوێ کەئابوریی جوتیاری بچوک وردە وردە هەرەس دەهێنێو ڕو لەکزبون دایە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی جوتیارە هەژارەکان ببنە کرێکارو سەرەنجام ژمارەی کرێکارانی شارو لادێ زیاد دەبێ. بۆ نمونە لەشاری سەقز کە دوانزە هەزار کەسی تێدا دەژی، تەنها ٥٠- ٦٠ خێزان خەریکی کشتوکاڵن، هەمان ژمارەش خاوەندارو زەویدارن، ١٣٠- ١٦٠ خێزان خێزانی فەرمانبەران و موچەخۆرەکانی دەوڵەتن و ئەوەی

دەمێنێتەوە کەنزیکەی دە هەزار کەس دەبێ کاسبکارانی شار پێک دەهێنن کەرێژەکەیان ٧٥٪- ٨٠٪ی دانیشتوانی شارەکەیە[٥٦].
وێـڕای کرێکـاران و فەرمانبـەرانی داوودەزگـا بازرگانیـیـەکان، زوربەی کرێکارانی کورد لەپاڵێوگاو کارگـە نەوتیـیـەکانی کرماشـان، کەرکوک، خانەقین و داوو دەزگا سوپاییەکان و ڕێگاوبـان و هێڵـی ئاسنین و قیرتاو کردنی ڕێگاوبانـەکانی کوردسـتانی تورکیـا، ئێـران، عێراق کار دەکەن.
زوربەی کرێکارانی داوودەزگـاو کارگـە پـترۆلییەکان و ڕێگاوبـان لەکوردسـتاندا کـوردن. گوڤـاری یـەکێتیی تێکۆشـین نوسـیویەتی کەزوربـەی کرێکـارانی ڕێگاوبـان و هێڵـی ئاسـنینی عێـراق، دەزگـا پـترۆلییەکانی موسـڵ و دەزگـا پـترۆلییەکانی سـەر بەکۆمپـانیای نەوتی ئەنگلۆ - ئێرانی کرێکاری کوردن.
بۆ نمونە لەکوردسـتانی عێراقـدا لەسـەرجەمی ٧٥ هـەزار کـەس کەدانیشتوی شاری کەرکوکن، ٢٥ هەزار کەس بەخێزانەوە لەکارگـەو پاڵێوگا پترۆلییەکانی نزیک شاری کەرکوکدا کـار دەکـەن[٥٧]. هـەروا زۆربەی کرێکارانی دەزگاو پاڵێوگا پترۆلییەکانی خانەقین، موسڵ و دەزگا پترۆلییەکانی سـەر بەکۆمپـانیای نـەوتی عێـراق و لقـەکانی، کرێکاری کوردن.
بەپشت بەستن بەئاماری ساڵانەی گشتی کە لەساڵی ١٩٥٥دا وەزارەتـی ئـابوریی عێـراق سـازی کـردوە، دەردەکـەوێ کـەژمارەی کرێکارانی موسڵ، کەرکوک، هەولێرو سلێمانی بێجگە لـەکرێکارانی کارگەو دەزگا پترۆلییەکان بـەم چەشـنەیە: موسـڵ ٨٠٣٢ کرێکـار، کەرکوک ٣٥٢٢ کرێکار، هـەولێر ٢٢٧٢ کرێکـار، سـلێمانی ١٧٧٤ کرێکار کەسەرجەمەکەی دەکاتە ١٥٦٠٥ کرێکار.

لەشـــارو ناوچـــە کوردنشـــینەکاندا ئـــەم پیشەســـازی‌یانە هەیـــە: شـــیرەمەنی، قەســابی، دەبــاخی، پێســت کــاری، وشــکێ کردنــەوەی دانەوێڵە، نانەوایی، شیرینەمەنی، دارتاشی، گەچ، جگــەرە، ڕســتن و چنین، خشت کاری، فەرش، لبادو هی تر.

لەکوردســتانی ئێــراندا تــەنها ژمــارەی کرێکــارانی کارگــەکانی کرماشــان ١٠٠٠-٢٠٠٠ کرێکــارە کــەڕێژەیان بــەم جۆرەیــە: کــورد ٤٥٪، فــارس ٣٠٪، ئاشــوری‌یەکان ١٥٪، ئەرمــەن ٧٪، جولەکــە ٢٪، نەتەوەی تر ١٪[58].

لەساڵی ١٩٥١دا ژمارەی کرێکارانی کۆمپــانیای نــەوتی ئــەنگلۆ ئێرانی‌و کرێکارانی کارگەو پاڵێوگاکانی نەوت سەد هەزار کرێکار بــو کــە ٧٢٤٠٠ کرێکاریــان لەناوچــە کوردنشــینەکانی ئێرانــدا کاریــان دەکردو زۆربەیان کورد بون[59].

لەکوردســتانی ئێرانــدا ســێ کارگــەی شــەکر هەیــە: لەمیانــدواو، ورمێ‌و ناوچەی شا ئابــاد. لەزوربــەی ناوچــە کوردنشــینەکانی ئێرانــدا کارگەی کەوش، جگەرەو توتن، شــیرەمــەنی، پێســت کــاری، ڕســتن و چــنین، پیشەســازی‌ی ئاوریشــم و خــوری، شــیرینەمەنی، نانــەوایی، زێڕنگەری، دەباخی، بەرگــدورین، دارتاشــی‌و پیشەســازی‌ی تــر هەیــە. هــەروەها پیشەســازی‌ی ناومــاڵ و مانیفــاکتۆر لەزوربــەی ناوچەکانــدا بەدی دەکرێ.

لەکوردســتانی تورکیــادا بەپشــت بەســتن بەســەرچاوەکانی ســاڵی ١٩٢٧ی حکومــەتی تورکیا، ژمــارەی کرێکــارانی کارگــەو کارخانــەو مانیفاکتۆرەکانی ناوچەی بتلیس، دیاربەکر، ئورفە، سیرت، مــاردین و وان نزیکەی ١٠٨٩٧ کرێکار بوە کە ٩٠٪ی کورد بوە.

لەناوچە کوردنشینەکانی تورکیادا چەند کارخانەیەکی ڕستن و چنین لەشارەکانی مەلاتیە، دیاربەکرو ئورفە هەیە، کارخانەی جلوبەرگی لۆکە لەئەلازیکو دیاربەکرو کارخانەکانی ڕستن و چنینی ئاوریشم و کارگەکانی دەرهێنانی مس لەدیاربەکر هەیە. سەرەڕای ئەوەش لەزوربەی شارو ناوچەکان دا تەکنیک سازی، چەک سازیو پیشەکاریی تایبەت بەهێنانە بەرهەمی ئاوریشم، فەرش، ڕایەخ و زێڕنگەری بەدی دەکرێ.

بێجگە لەدەزگاو کارگەو کۆمپانیا بێگانەکانی کوردستان، پیشەسازیی ناوماڵ و پیشەسازیی لادێو پیشەکاریش هەیە وەکو خەڵوزسازی، پێستەسازی کەبەپێستی ئاژەڵە کێوییەکان پشت ئەستورە، دەباخی، هێنانە بەرهەمی لبادو پەستەک، ڕستنو چنین، فەرش و شاڵ، ئاوریشم، هێنانە بەرهەمی ڕۆنی خۆماڵی، دروست کردنی کەوش و پێڵاو، دروست کردنی ڕەشماڵ، چەک سازی، فلزسازی، کۆکردنەوەی مازو و کەتیرەو هی تر.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەو بەرهەم و بەروبومەی کوردستان بەمەبەستی بەرخواردن دەهێنرایە بەرهەم و لەچوارچێوەی ئابوریی سەرەتایی نەدەهاتە دەرێ چونکە ئابوریی سەرەتایی بەکۆڵەکەی سیستەمی دەرەبەگایەتی دادەنرێ. بەڵام پیشەسازیی ناوماڵ لەئەنجامی پەیدابونی سەرمایەدا پەرەی سەندو پاشان ڕوخساری مانیفاکتۆری گرتەخۆ کەتیایدا دابەش کردنی کارو شێوەی سەرمایەداری، ڕوخساری کاڵای بازرگانیی پێوە دیارە.

پیشەکاری، بازرگانیو سەرمایەی بێگانە لەژیانی ئابوریی کوردستاندا نەخشێکی گەورەیان هەبو. ئەم نمونانەی خوارەوە زیاتر مەسەلەکە ڕۆشن دەکەنەوە:

بەپشت بەستن بەنوسینەکانی مالاما، ناوچەی هەکاری لەماوەی یەک ساڵدا بایی ٤٥٠ هەزار بود کەتیرەو بایی ٤٥٠ هەزار بود ئاسنی خاوی ڕەوانەی ئێران و موسڵ کردوە، لەوێشەوە ڕەوانەی هندستان کراوە.

بەپێی سەرنجە تایبەتەکانی تایلۆر، لەساڵی **١٨٦٣**دا کوردستان بایی نزیکەی پێنج ملیۆن ڕۆبڵی ئاڵتون کەرەسەی کشتوکاڵی کەبەکەڵکی پیشەسازی دێت ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کردوە.

دەتوانین لەم بارەیەوە چەندین نمونەی تر بخەینە بەردەست کەبەڕونی دەری دەخەن کە کوردستان جۆرەها کاڵای بازگانیی بۆ بازاڕەکانی ئێران، تورکیا، میسۆپۆتامیاو کافکاسیا ناردوەو لەوێوە بۆ بازاڕەکانی ڕوسیەو ئەوروپا ڕەوانە کراوە. سەرمایەی بێگانە تەنها بەرهەم هێنەران و بازاڕی بەیەکەوە گرێ نەدا بەڵکو هەر لەسەرەتاوە چالاک و باڵادەست بو، بەرهەمی بەتەواوەتی کۆنترۆڵ کردو سەری بە بەرهەم هێنەرە بچوکەکان دانەواند. لەم بارەیەوە مارکس نوسیویەتی کە کەڵەکەبونی بەرهەمی بازرگانی پێش کەڵەکەبونی کارخانە پیشەسازییەکان، واتە مانیفاکتۆرەکان، دێتەدی. لینین ئاوا گوزارشتی لە بۆچونەکەی مارکس کردوە کەبەفراوانبونی بازاڕ، بازاڕە بچوک و پەراگەندەکان نامێنن[٦٠].

سەرمایەی بازرگانی بەکۆنترۆڵ کردنی بەرهەم واتە بەیەکخستن و کۆکردنەوەی بازاڕە بچوکەکان، بەرهەم گرد دەکاتەوەو بەم شێوەیە جێ بەپیشەسازیی لادێ لێژ دەکاو مانیفاکتۆری سەرەتایی دێنێتە کایەوە.

مانیفاکتۆر کەلەهەناوی پیشەسازیی لادێدا دێتە کایەوە، خودی ئەو پیشەسازییە ڕادەماڵێو جوتیارە بەرهەم هێنەرە بچوکەکان دەکاتە کرێکاری مانیفاکتۆر.

بەم شێوەیە وێرای ڕوخساری بەرهەمی کالاّیی بازرگانی کەیەکێکە لەنیشانەکانی سەرمایەداری، ڕوخسارێکی تری سەرمایەداری دێتە پێش ئەویش بێبەری کردنی بەرهەم هێنەری ڕاستەوخۆیە لەهۆکانی بەرهەم هێنان. لینین ڕونی کردۆتەوە کەلەو کاتەدا بەرهەمی سەرمایەداری دەست پێ دەکا کەهۆکانی بەرهەم هێنان دەبنە موڵکی خاوەندار، ئیتر کاتێک کرێکاران لەهۆکانی بەرهەم هێنان بێبەش دەبن بەناچاری هێزی کاری خۆیان وەک کالاّیەکی بازرگانی دەفرۆشن.

بەپەیدابونی بازرگان، واتە میانکاری بازاڕو کارگە، سو پەیدا بو. سوخۆرەکان لەڕێگای قەرزەوە پشتی بەرهەم هێنەریان دەشکاند، بەئارەزوی خۆیان یارییان پێ دەکردو دەیانچەوساندنەوە. بەم شێوەیە سوخۆران لەتالاّن کردنی جوتیاران و لەبەریەک هەڵوەشاندنی کارگەکانی لادێدا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن.

زوربەی بازرگانە گەورەکان کەبەبازرگانیی فراوانەوە خەریکن بەتایبەتی لەشارەکاندا، کوردن.

شوێنی جوگرافیی کوردستانو بونی کوردستان بەناوەندی دو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و نزیک لەنێوان کافکاسیا لەلایەک و کەنداوی فارس لەلایەکی ترەوە، لەمەسەلەی پەرەسەندنی بازرگانیو پەیوەندیی پولی - بازرگانیدا ڕۆڵێکی دیاری هەبوە. ئەو شوێنە جوگرافییە کوردستانی کردۆتە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانیو سەرەنجام ناوچە کوردنشینەکان بەهۆی ڕێگاوبانی تازەوە

بەشارەکانەوە بەسترانەوە. لەسەرێکی ترەوە ڕێگا بازرگانی‌یەکان شارەکانی کوردستانیان بەبازاڕەکانی ئەوروپاو ئاسیاوە بەستەوە. بێگومان ئەوەش مایەی گەشەکردنی بازرگانی‌ی ناوخۆ بو.

لەسەر بناخەی ڕێگای بازرگانی‌ی ناوخۆ مەڵبەندی بازرگانی لەشارەکانی کوردستاندا (وەکو کرماشان، قەسری شیرین، خانەقین، کەرکوکێ، سلێمانی، هەولێر، جولەمێرکێ، بتلیس، وان، ڕواندز، مەهاباد، سنە، سەقز، نەغەدە، سەردەشت، ورمێ، قامشلی‌و هی‌تر) پەیدا بو.

بەم شێوەیە شارە بازرگانی‌یەکان وەکێ مەڵبەندی ئابوری لەکوردستاندا پەرەیان سەندو بونە مەڵبەندی کۆبونەوەی کرێکاران، ڕوناکبیران و بورژوازی‌ی کورد. ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتی‌یانە لەپەرەسەندنی سەرمایەداری‌و هەڵتەکاندنی سیستەمی دەرەبەگایەتی‌دا نەخشێکی گرنگیان هەیە.

بۆیە دور نارۆین ئەگەر بڵێین شارەکانی کوردستان لەمەسەلەی پەرەسەندنی وڵاتدا ڕۆڵێکی دیاریان هەبوە بەتایبەتی ئەگەر لەبۆچونەکەی مارکس وردبینەوە کەوتویە شار خۆی لەخۆی‌دا بریتیە لەگردبونەوەی دانیشتوان، هۆکانی بەرهەم هێنان، سەرمایەو کەرەستەی بەرخواردن[٦١].

بەپەرەسەندنی ڕێگاوبانی بازرگانی لەکوردستاندا شێوەی گواستنەوەی کاڵا گەشەی کردو لەئەنجامدا لەسەر ڕێگاوبانەکاندا چایخانە، ئوتێل، چێشتخانە، پەناگاو هی‌تر پەیدا بو. لەو مەڵبەندانەدا هەزارەها کرێکارو فەرمانبەری کورد کەجاران بەچەشنێکی سەرەکی جوتیارو وەرزێر بون، بەکرێ کاریان کرد. بێ‌گومان ئەو کرێکارو فەرمانبەرانە لەمەسەلەی هەڵتەکاندنی

سیستەمی دەرەبەگایەتیو زیادبونی ژمارەی کرێکاران دا بەتایبەتی زیادبونی ژمارەی پرۆلیتارە ناپیشەسازییەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبو.

ڕوخسارە تایبەتیەکانی سەرمایەداری لەکوردستاندا بریتین لەوەی کەبەکۆنترۆڵ کردنی بازاڕی ناوخۆو بەتایبەتی کۆنترۆڵ کردنی بازرگانیو سامانی کانزایی لەلایەن زەوتکەرە بێگانەکانەوە، چارەنوسی ڕشتە گرنگەکانی ئابوریی کوردستان کەوتە دەست سەرمایەی بێگانەوە، لەبەر ئەوە تەنها زەوی، ڕەشەوڵاخ و ئاژەڵ بەدەست چینی ئۆرۆستۆکراتی دەرەبەگی کورد مایەوە. پاشان هەر ئەو چینە بو کەبورژوازیی لادێی پێکێ هێنا. بورژوازیی کوردستان لەیەکەم ڕۆژی پەیدابونییەوە ڕوبەڕوی نەیارێکی بیانیی سەرسەخت بوو، سەرەنجام ناچار بو لەناوچە لادێ نشینەکاندا سەرمایەی خۆی بخاتە گەڕ. بەهۆی ئەو ڕوخسارە تایبەتییەوە، سەرمایەداری لەکوردستاندا نەکێ لەسەر پیشەسازی بەڵکو لەسەر حسابی ئابوریی لادێدا پەرەی سەند.

بەڵام سەرمایە، ئەگەرچی لەئابوریی لادێدا خرایە گەڕ، نەیتوانی پەرە بە بەرهەم و پیشەسازی بدا تەنانەت ئەو قازانجەی وەدەستی هێنا بەری ڕەنجی جوتیاران و ئەنجامی تاڵان کردنێکی بێ وێنە بو.

کورتەی باس، نیشانەو ڕواڵەتی تایبەتی گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا لەوەدا دەردەکەوێ کەئەو گەشەکردنە لەڕوی بەرهەم هێنانەوە بەناوەڕۆکێ گەشەکردنێکی بورژوازییە بەڵام پەیوەندیی دەرەبەگایەتیی تێدا بەدی دەکرێ.

بەکۆنترۆڵ کردنی کوردستانو دامەزراندنی داوودەزگای پیشەسازیو پاڵێوگاکانی نەوت و هێڵی ئاسنین، دەیان هەزار

خێزانی کورد لەزەوی بێ بەش کران و بون بەهەژارو سەرەنجام ناچار بون لەو دەزگایانەدا کار بکەن. بەشێکی تری کرێکارانی کورد لەئەنجامی پرۆسەی زەوت کردنی زەویو زاری جوتیارە بچوکەکاندا پەیدا بون چونکە دەرەبەگەکان (ئاغا، بەگ، خان و هیتر) بۆ چاندنی ڕوەکی پیشەسازی کەلەبازاڕ دەیانفرۆشت، تێکڕای زەوی جوتیارانیان زەوت کردو لەئەنجامدا بەبێ ئەوەی لەڕیشەی دەرەبەگیی خۆیان بەیەکجارەکی جیا ببنەوە بون بەبورژوازیی لادێ.

بڵاوکراوەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لەم بارەیەوە نوسیویەتی ((لەئەنجامی خۆ گێل کردن و پشت گوێ خستن و ڕاستی شێواندندا ژاوەژاوێکی پڕۆپاگەندەییی خەست بڵاوکراوەتەوە گوایە هەمو بزوتنەوە نەتەوەییە ڕزگاریخوازییەکانی گەلی کورد بەفیتی ئیمپریالیزم هەڵدەگیرسێن. جێگای داخ و نیگەرانییە کەمەبەستی سەرەکیی بڵاوکردنەوەی ئەم چەشنە پرۆپاگەندانە تەنها دژایەتی کردنی گەلی کوردو جولانەوە نەتەوەییە ڕزگاریخوازیەکانێتی. هەر چی ئەو پرۆپاگەندانە بڵاو دەکاتەوە هەمو چەشنە پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەهەناوی کۆمەڵی خێڵەکیدا فەرامۆش دەکا، بەواتایەکی تر ئەو کەسانە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد کەڕەنجدەران و جوتیارانی کورد دژی ئیمپریالیزم، دژی ستەم، دژی سیاسەتی ئاگرو ئاسنی کاربەدەستانی تورکیاو ئێرانو دژی خودی دەرەبەگ و سوخۆرە کوردەکان بەرپای دەکەن، ناسەلمێنن)) [٦٢].

ئەم باسە بۆ ڕون کردنەوەی چۆنێتیی پەیدابونی بنەمای تازەی ئابوریی کوردستان تەرخان کرابو. لەئەنجامی پەیدابونی ئەم بنەما تازەیەدا پەیوەندیی دەرەبەگی بوو بەپەیوەندیی سەرمایەداری. لەسەر

بناخەی ئەو گۆڕانكاریيە لەشكری هەژاران كەكرێكارانی كوردستانی لێ پەيدا بو، هاتە كايـەوە. كورتـەی بـاس، لەكوردسـتاندا دو چينـی تازە پەيدا بوون كەبريتين لەچينی كرێكاران و چينی بورژوازی.

## ب- جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی كوردستان- هەڵسەنگاندنو نرخاندنو شیكردنەوەی جولانەوەكە

سـەرەڕای هـەمو رەفتـارە دڕنـدەكانو هەوڵـدانی بـێ وچـانی داگيركەران بـۆ تواندنـەوەی كـورد، پـيلانەكانی دوژمنـان لەشكست بەولاوە هيچی تريان وەدەست نەهێنا، گەلی كـورد لەبۆتـەی گـەلانی سەردەستدا نەتوايەوەو توانی بـونی خـۆی بپـارێزێ، بێكۆڵـدان، بـێ نوچـدانو بـێ ورە بـەردان لەسـەر خـەبات لەپـێناوی رزگـاریو سەربەخۆيیی نەتەوەيیدا پێی داگرتو درێژەی بەخەبات دا.

((لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە پێ بەپێی داڕزينو داتەپـينو گەنـدەڵبونی سيسـتەمی دەرەبەگايـەتیو جێگيربـونی بناغـەكانی سيســـتەمی ســـەرمايەداری، كوردســـتان بـــوو بەشـــانۆی تەنگوچەڵەمەيـەكی سياسـیی تونـدوتيژ، بـوو بەشـانۆی ململانێـی قازانجـەكانی بـورژوازیی تازەپێگەيشـتوی كـوردو قازانجـەكانی سيستەمی پەككەوتوی دەرەبەگايەتی، ئـيتر چارەنوسـی بـێ چـارەی سيسـتەمی دەرەبەگايـەتیی كوردسـتان بـوە مەسـەلەی رۆژ))[٦٣]. بەگەشەكردنو پەرەسەندنی سەرمايەداری لەكوردسـتاندا، جولانـەوەی رزگاریی نيشتمانیی دژی زەوتكەران پەرەی سـەند. لیـنين كەباسـی ئـەو قۆناغـەی جولانـەوەی رزگـاريی نيشـتمانی دەكـا گـرنگترين لايەنەكانی رەوتی مێژوكردی بزوتنەوەی نەتەوايەتی لەقۆناغی

گەشەکردنی سەرمایەداریدا بەم جۆرە دیاری دەکا کەبریتیە لەبوژانەوەی گیانی نەتەوەیی، بەرپابونی جولانەوەی نەتەوەیی، تێکۆشان دژی هەمو جۆرە ستەمێکی نەتەوەییو پێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی[٦٤].

ئاشکرایە کە بەگەشەکردنو پەرەسەندنی سەرمایەداریو هاتنی سەرمایەی بێگانە بۆ کوردستان، چینە سەرەکی‌یەکانی گەلی کورد، کەبریتی بون لەچینی جوتیارانو چینی تازەپێگەیشتوی کرێکارانو توێژی روناکبیرانی هەردو چین لەسێ لاوە دەچەوسێنرانەوەو ئەم سێ جەورەیان لەسەر بوو: ١- ستەمو فشاری زەویداران، بازرگانەکانو بورژوازیی تازە پێگەیشتو، ٢- ستەمو فشاری چینە بورژوازی‌یە دەسەلاتدارەکانی تورکیاو ئێران کەبەچاوێکی سوکەوە تەماشای دروشمە نەتەوەیی‌یەکانی کوردیان دەکرد، ٣- ستەمو فشاری ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ- ئەڵمانو پاشان ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ- ئەمەریکان.

سەرباری ئەوانەش لەکاتی هەڵسەنگاندنو نرخاندنی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی هەر گەلێکدا دەبێ مەسەلەیەکی گرنگو بەڵگەنەویست بگرینە بەرچاو، ئەویش ئەوەیە کەهەر وەک ستالین لەکتێبەکەیدا ((مەسەلەکانی لینینیزم)) باسی کردوە، ئەگەر بمانەوێ باری ئابوریی فلانو فیسار ولات شی بکەینەوە، دەبێ لامان رون بێ کەئەو سەردەمە بەسەر چوە کەتێیدا ولاتان گۆشەگیر بونو هەر یەکێکیان ئابوریی نەتەوەیی‌ی خۆی هەبووەو کاری بەسەر ئابوریی ولاتی ترەوە نەبوە، چونکە ئەمرۆ ئابوریی هەمو ولاتان ئاڵقەکانی زنجیرەیەک پێکدێنی کەپێی دەوترێ ئابوریی جیهانی[٦٥].

لەبەر ئەوە لـەو قۆناغـەدا چەنـد نیشـانەیەکی نـوێی جوڵانـەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردسـتانمان بـەرچاو دەکـەوێ کەلەبزوتنـەوە خۆبەخۆییە بەرفراوانەکانی جارانی جیـا دەکەنـەوە. نیشـانەکان لـەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەون:

١- لەسـەدەی نۆزدەهـەم بـەولاوە ڕاپـەڕینە چەکداریـەکان بـەرگێکی نەتـەوەییان کـردە بـەرو لـەژێر دروشمـی نیشـتمانیو ڕزگاریخوازانەدا لەپێناوی ڕزگارکردنی کوردستان لەستەمی بێگانـە داگیرکەرەکان بەرپا بون. دیـارە ئـەوەش بەپـێچەوانەی ڕاپـەڕینەکانی جاران بوە کە لەڕاسـتیدا لەڕاپـەڕینو سـەرچڵیی دەرەبـەگی بـەولاوە هیچی تـر نـەبونو ئامـانجی سـەرەکییان پاراسـتنی بەرژەوەنـدیی دەرەبەگایەتی، یاخیبونو گێرەشێوێنی بوو.

٢- بەپێچەوانەی ڕاپـەرینەکانی پێشـوەوە، خێڵێـک یـا چینێکـی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو لەشۆڕشدا بەشدار نەبو بەڵکو تێکڕای چینە کۆمەڵایەتیـەکان لەشـوانو جوتیـارو کرێکـارو وەرزێـڕو پـاڵەوە تـا بورژوازیی نیشتمانپەروەر بەشدارییان تێـدا دەکـرد. هـەر یـەکێ لـەو توێـژو چینانـە بەپـێی توانـای خـۆی، بەشـێکی وەک پێشـمەرگەو بەشـێکی بەپـارە، هێنـدێکی بـەبڵاوکراوەو هێنـدێکی بەپرۆپـاگەندە بەشداریی تێدا کرد، هێندێکیش لەتریبۆنی پەرلەماندا پاکانەیان بـۆ شۆڕش کردو پشتیوانییان لـەمافو داواکـانی گـەل کـرد. بەشـداریی کاریگەرانە، هاریکاریو پشتگیری کردنی شۆڕش لەلایـەن چینـەکانی گەلەوە ناوەرۆکێکی نیشتمانیو گشت لاییی بەشۆڕش دا.

٣- بەپەرەسەندنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیو پێشکەوتنی ئـابوریی کۆمـەڵی کوردسـتان شـۆڕش پـەرەی ئەسـتاند، ڕێکوپـێکتر بـوو و ئامانجو بەرنامـەو دروشمـەکانی ڕۆشـنتر بـونو سـەرکردەی سیاسـی

یاخود حزبی سیاسی جڵەوی رابەرایەتی کردنی شۆڕشەکانی گرتە دەست.

دەتوانین مێژوی خەباتی گەلی کورد لەپێناوی رزگاریو سەربەخۆییی نەتەوەییدا بکەینە سێ قۆناغەوە:

١- قۆناغی یەکەم، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان، ٢- قۆناغی دوەم، لەجەنگی یەکەمی جیهانەوە تا جەنگی دوەمی جیهان، ٣- قۆناغی سێیەم، لەجەنگی دوەمی جیهانەوە تا ئەمڕۆ.

دەرەبەگەکانو پیاوانی ئاین کەبوو بون بەبورژوازیی کورد لەکاتی تەنگانەو تەنگەتاویدا بونە دو بەشەوە، بەشێکیان خۆیو بەرژەوەندیی گەلو نیشتمانەکەی بەداگیرکەرانو ئیمپریالیستەکان فرۆشت، چوە باوەشی چینە دەسەڵاتدارەکانەوەو شان بەشانی داگیرکەران لەسەرکوتاندنەوەی هەر چی زۆرتری گەلەکەمانو جوڵانەوە نیشتمانییەکانیدا بەشدار بون.

بەشەکەی تر کەبورژوازیی کوردی پێکئ هێنا بوو، هەڵوێستێکی تری هەبو. لەبەر ئەوەی رقی لەداگیرکەران بوو و گەلو نیشتمانی خۆی خۆشدەویست، گیانی نەتەوەییی تێدا بوژایەوە، پەی بەئەرکەکانی خۆی برد، خزمەت کردنی گەلی بەئامانجی خۆی داناو لەخەباتی رزگاریخوازی گەلدا لەژێر دروشمی سەربەخۆییی نەتەوەییو رزگاریی کوردستاندا بەشداری کرد. بەشکستی راپەرینەکان ئەو بەشە توشی چەرمەسەریو ناخۆشی، ئەشکەنجەو گرتن، کوشتنو دورخستنەوە بوو.

لێرەدا پێش ئەوەی بچینە سەر باسی خەباتو قۆناغەکانی مێژوی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، باشتر وایە گرنگی

بەمەسەلەیەکی تایبەتی بدەین واتە مەسەلەی ئەوەی کەڕۆژهەڵاتناسو مێژونوسەکان بەچاکی لەجوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانیان نەکۆڵیوەتەوەو مافی خۆیان نەداوەتێ، هەر چی شۆڕشی کوردە ئەم یا ئەو رۆژهەڵاتناسە بوختانی بۆ کردوەو بەیاخی بونێکی دەرەبەگی، ئایینیو ئیمپریالیستیی داناوە. هەرچی رابەرو سەرکردەی شۆڕشگێری کوردە بەنۆکەری بێگانە دانراوە. لەڕاستیدا ئەم جۆرە درۆو بوختانە پەڵەیەکی نەنگە بەناوچاوانی ئەو رۆژهەڵاتناسانەدا. خۆ ئەو رابەرو سەرکردانە لەریزی هەرە پێشەوەی ئەو تێکۆشەرانەن کەهەرچییەکیان هەبوە بۆ رزگاریی کوردو کوردستانیان بەخت کردوەو گەلی کورد لەم ڕوەوە شانازییان پێوە دەکا.

لێرەدا ماوەی ئەوە نیە هەر چی دەربارەی شۆڕشەکانی کورد وتراوە، بەتێرو تەسەلی باس بکەین بەتایبەتی کەمەسەلەکە بەباسێکی کورتو سەرپێیی نابڕێتەوە، لەبەر ئەوە تەنها بەشێکی ئەو نوسەرانە بەخوێنەر دەناسینین کەبوختانیان بۆ جوڵانەوەو سەرانی کورد هەڵبەستوە وەکو کێرکێ، مۆرگان، گنتیزۆل، چەرچل، یکیازارۆف، ئافیریانۆفو هیترو هیتر.

بەڵام لێرەشدا دەبێ ئەوە بوترێ کەجوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان تەنانەت لەلایەن بەشێکی رۆژهەڵاتناسە سوڤێتییەکانیشەوە بەشێوەیەکی بابەتیو رێکوپێک لێی نەکۆڵراوەتەوەو دەبوایە نوسینە سوڤێتییەکان ئەوپەڕی راستی پیشان بدەن. هەندێ رۆژهەڵاتناسی ساڵی ١٩٣١ی بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی بەرێکوپێکیو بەپێی پێویست لەمەسەلەی کوردو جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی

کوردستان ورد نەبونەتەوە، بەشێکی بزوتنەوە نیشتمانی‌یەکانی گەلی کورد بەشێوەیەکی چەوتو دور لەراستی شی دەکەنەوە. ئەوان هەمان هەڵەی زۆربەی رۆژهەڵاتناسە رۆژئاوایی‌یەکان دوپات دەکەنەوەو شوێن پێیان هەڵدەگرن.

بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژمارە ١٣و١٤ی ساڵی ١٩٣٢دا بەتوندی رەخنەی لەو رۆژهەڵاتناسە سوڤێتی‌یانە گرتوەو لەوە ئاگاداری کردون کەهەڵەکردن سەبارەت بەجوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی گەلی کورد شوێنەواری خراپی دەبێ. بڵاوکراوەکە نوسیویەتی:

((جێگای داخو نیگەرانی‌یە کەتیۆریی ئیمپریالیستی لەڕێگای دانراوەکانی هەندێ رۆژهەڵاتناسی سوڤێتی‌یەوە دزە دەکاتە ناو زانستی رۆژهەڵاتناسینی سۆڤێتی. ئەم تیۆری‌یانە پەیوەندی‌یان بەتیۆری‌یەکانی ((ئیران))، ((حاکمیەتی عولیا))، ((تایمز))و چەند بڵاوکراوەیەکی ترەوە هەیە کەکورد بەمرۆڤێکی ((دڕندە)) دەشوبهێنن گوایە ((ژیانێکی خێڵەکی‌ی نەگۆڕ دەباتە سەر)) و کورد وا دەردەخەن گوایە ئاژاوەچی‌یەو بەفیتی ئینگلیز یاخی بونی کۆنەپەرستانە ساز دەکا. ئەم تیۆری‌یانە تا ئەمڕۆ لەسەر لاپەڕەی چاپەمەنی‌یەکانی خۆماندا بڵاو دەکرێنەوەو سەرپۆشێکی مارکسیستی بەسەر خۆیاندا دەدەن. بێ‌گومان ئەم کارە ئەنجامێکی یەکجار خراپی لێ دەکەوێتەوە)).

کورتەی باس، زۆر جار مێژونوسەکان بەرپاکردنی جوڵانەوە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد دەخەنە ئەستۆی چەند رابەرێک، نە خەباتی کۆڵنەدەرانەی گەلی کوردو نە پێداویستییە مێژوکردەکانی ئەم جوڵانەوانە بەدی دەکەن.

هەمو کەسێکی ژێر دەپرسێ: ئایا هۆی ئەو هەمو بوختانو شێواندنە چیە کەدژی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بلاو دەکرێنەوە؟ ئایا ئەو خەباتە دورو درێژەی گەلی کورد کەسەدەو نیویێک لەمەوبەر دەستی پێ کردوەو ئامانجەکەی رزگاریو سەربەخۆیی نەتەوەییە، هەموی بەفیتی دەوڵەتێکی بێگانە بووە؟ ئایا راستە هەر چی رابەرو سەرکردەی ئەو بزوتنەوانەیە، نۆکەری دەوڵەتیکی بێگانەو چەتەو پیاوکوژو خوێنرێژ بوە؟ ئایا گیانبازیو فیداکاریی گەلی کورد، تالانو وێرانی، برسێتیو دەربەدەری، ناخۆشیو چەرمەسەری، هەر بۆ پارێزگاری لەئاینو خزمەت کردنی دەرەبەگەکان بوە؟

بێگومان نەخێر. راستە لەهەمو بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازیدا هەندێ کەموکوڕی هەبوەو هیچ بزوتنەوەیەک لەکەموکوڕی بەدەر نیە، بەلام ئەمە بەهیچ شێوەیەک پاکانە بۆ درۆ هەڵبەستنو بوختانو دژایەتی کردنی شۆڕشو رابەڕانو هێزی پێشمەرگە ناکا. گەلی کورد شانازی بەرابەرانیو هێزی پێشمەرگەوە دەکاو بەچاوێکی سوکەوە تەماشای ئەو کەسانە دەکا کەناتۆرە بەپاڵ رابەرانی خەباتی شۆڕشگێرانەیدا دەدەنو تێکۆشانو ئازایەتیی ناسەلمێنن.

پێش هەموو شتێک ئەو بوختانو تۆمەتانە مەبەستێکی تایبەتیو دیاریکراویان هەیەو خزمەتی دوژمنانی راستەوخۆی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان دەکەن واتە داگیرکەرە زەوتکەرەکان. ئەو وڕێنەو بزرکاندنە بۆ داگیرکەران شتێکی ئاساییو پێویستە بۆ ئەوەی نەک تەنها لەولاتانی خۆیاندا بەڵکو لەسەرانسەری جیهاندا رای گشتی چەواشە بکەنو پێش وەخت پاکانە بۆ سیاسەتی کوشتوبڕو سەرکوتاندنەوەی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بکەن.

داگیرکــەران بەهــەمو شــێوەیەک هــەوڵی شــێواندنی نــاوەڕۆکی ڕاستەقینەی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانو خـەباتی گەلی کورد لەپێناوی سەربەستیو سـەربەخۆیی نەتـەوەییدا دەدەن. دیارە ئەم هەڵوێستە شتێکی سەیرو پێچەوانەی چاوەڕێی ئێمـە نیـە چونکە داگیرکەران بیر لەقـڕکردنی بـێ چەنـدو چـۆنیی گـەلی کـورد دەکەنەوەو لەکوشتنی منداڵان، ئافرەتانو لاوانی کورد سڵ ناکەنـەوەو دەستیان ناپەنگێتەوە. ئەوان بـەزەبری زۆردارەکـی منـاڵان لـەدایکو باوکیان دور دەخەنەوەو لەبۆتەی گەلانی خۆیاندا دەیانتوێننەوە.

بەڵام خۆش ئەوەیە هەنـدێ مێژونوسـی تـازەی وڵاتـانی تـر وەکـو خێرخوازو بێلایەن خۆیان دەبەنە پێشو لەهـەمان کاتـدا بـەبڵاوکراوە ڕەسمییەکان پشت ئەستورن. ئەوان هـەمان بـالۆرەی داگیرکـەران لێ دەدەنــەوەو توتییانــەو وشــە بەوشــە قســەکانیان دوپـات دەکەنـەوەو دەڵـــێن: خـــەباتو شۆڕشـــەکانی کـــورد ((دەســـتی)) بێگانـــەو ئیمپــریالیزمی تێدایــە، ســەرکردەو پێشــەواکانی ئــەو بزوتنەوانــە ((خۆفرۆشو نۆکەرن)) و هیترو هیتر. ئەو مێژونوسانە کەخۆیان بـە ((ئاشتیخواز))، ((مرۆڤ دۆست)) و ((بێلایەن)) دەزانن، خەباتی نەتەوەییی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بەپێداویسـتییەکی مێـژویی نازانن‌و لایـان وایـە ئـەو بزوتنەوانـە لەسـەر ویسـتو ئـارەزوی چەنـد کەسێک ساز دەکرێن. مەسەلەی ئەوەی کەلەو بزوتنەوانەدا نەک یەک خێڵ یا چەند خێڵێک یا چەند کەسـێکی دیـاریکراو بـەڵکو تێکـڕای چینە کۆمەڵایەتییەکان بەشـداریان کـردوە، بەتـەواوەتی پشـت گـوێ خراوە. واتە لەو ناوچانەدا کەبەکەڵکی بەرپاکردنی شۆرش دێن، هـەر کــات شــۆڕش هەڵایســا بــێ، تێکــڕای دەســتەو گــروپو چینــە

کۆمەڵایەتیەکانی گەلی کورد لەو خەباتە شۆڕشگێڕی‌یەدا بەشداری‌یان کردوە.

ئەمەش ئەو لایەنانەیە کەمێژونوسە پێنوس فرۆشەکان بەرچاویان ناکەوێ‌و سەرەنجام ناتوانن ئەو قۆناغە مێژویی‌یە هەڵسەنگێنن کەجوڵانەوەی کوردی تێدا پەیدا بوە. ئەوان کەدان بەمافە مرۆیی‌و نەتەوەیی‌یە ڕەواکانی گەلی کورددا نانێن، ئەو سەدان هەزار شەهیدەش کەلەخەباتی رزگاریخوازانەدا، لەپێشمەرگایەتی‌و لەژورەکانی لەسێدارەداندا، لەبەندیخانەو گرتوخانەکاندا گیانی خۆیان بەخت کردوە، ناگرنە بەرچاو.

ئەوان کەلافی بێلایەنی‌و خێرخوازی لێ دەدەن، لەبەر ئەوەی بەگرانی سەریان لەمەسەلەکە دەردەچی‌و لەبنج‌و بناوانەوە لێی ناکۆڵنەوە، هەمیشە توشی هەڵەو لادان دەبن.

ئەرکی درۆ هەڵبەستن بۆ جوڵانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی کەبەو مێژونوسە ڕۆژهەڵاتناسانە سپێردراوە، ئەم ئەنجامانەی دەبێ:

یەکەم: ئەوان بەم کارە پشتیوانی لەدوژمنان‌و چەوسێنەرانی گەلی کورد دەکەن، پاکانە بۆ کوشتارەکان دەکەن‌و دەرفەتی لەبار بۆ تواندنەوەی زۆردارەکی‌و کوژاندنەوەی بەئاگرو ئاسنی هەر بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی دەرەخسێنن.

دووەم: ئەوان بەم کارە روی راستەقینەو ناوەڕۆکی جوڵانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان دەشێوێنن‌و ڕای گشتی‌ی جیهان چەواشە دەکەن.

سێیەم: ئەوان بەم کارە خەبات‌و مێژوی پڕ فیداکاریی گەلی کورد سوک‌و ڕیسوا دەکەن.

نـەدەبوا ئـەو مێژونوسـە رۆژهەڵاتناسـانە کـەدورن لەکوردسـتانو لەهەلومەرجی راستەقینەی گەلی کـورد بـێ ئاگـان ئـەو جـۆرە کـارە ئـەنجام بـدەن، دەبوایـە هەڵسـەنگاندنی جوڵانـەوەی رزگـاریی نیشـتمانیی کوردسـتان بـۆ خـودی مێژونوسـە کوردەکـان بیەڵنـەوە، دەبوایـە بـەبڵاوکراوە ڕەسمی‌یـەکان پشـت ئەسـتور نـەبن. لەسـاڵی ١٩٤٦دا یەکێ لەڕۆژنامەگەرانی قاهیرە دەربارەی درۆ هەڵبەستن بۆ جوڵانـەوەی رزگـاریی نیشـتمانیی کوردسـتان لەگۆڤـاری ((بروکـری ئەزیپسـیون)) دا کـە بـەزمانی فەرەنسـی دەردەچـو وتـارێکی بـڵاو کردەوەو تیایدا نوسی بوی:

((زۆر جار دەبیسین گوایە هەمو شۆڕشێک ((دەستی مۆسـکۆی تێدایە)). لەڕاستیدا ئەمە خۆخەڵەتاندنو تەفرەدانـە. شۆڕشـی کـورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە... بەڵام ئەم شۆڕشـە بـەهیچ شـێوەیەک بەدەسـتێوەردانو نەخشـەی یـەکێتیی سۆڤـێت پشـت ئەسـتور نیـە. کەواتە بۆچی لەدیاری کردنی هۆکـانی شـۆرشدا دور دەڕۆن؟ کاتێـک شۆڕش هەبێ مانای وایە ناڕەزایی هەیـە، چونکـە گـەلی ژێردەسـتو قین لەدڵ هەرگیز بەفیتی دەوڵەتێکی بێگانە رانایەڕێ. با حکومەتـە پەیوەندارەکان ئەرکی خۆیان بەڕێکوپێکی جێبەجێ بکەن، مافەکانی کورد بگرنە بەرچاو وگوێ بۆ داخوازی‌یەکانیان شـل کـەن، ئـەو کاتـە هەمو شتێک ڕەوتی ئاساییی خۆی دەگـرێ. ئەمـەش ڕێکوپـێکترین رەفتارە، بەڵام ئەو دەوڵەتانە بەزۆری سیاسەتی خۆ گێل کردن پـیادە دەکەنو هەمیشە دوپاتی دەکەنەوە گوایە لەوڵاتی خۆیاندا مەسەلەی کورد نیە، چونکە ئەوان هەم مەسەلەکە لەبیری خۆیان دەبەنەوەو هەم خۆیانی لێ کەڕ دەکەن)).

هەندێ مێژونوسو ڕۆژهەڵاتناسو نوسەر دەڵێن گوایە دروشمی پێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردی لەگەڵ ویستو ئارەزوی ئینگلیزدا ڕێکدەکەوێو خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیز دەکات کەدەیەوێ کوردستان بکاتە بنکەیەکی جەنگی لەدژی یەکێتیی سۆڤیێت، لەبەر ئەوە بڵاوی دەکەنەوە گوایە ئەم دروشمە دروشمی کۆنەپەرستانە، دژی بەرژەوەندیی گەلەو هیترو هی تر. لەم بارەیەوە دەبینین پەیامنێری ((بەرلز بێرزن کوریێر)) لەساڵی ١٩٣٠دا درۆ بۆ شۆڕشە رزگاریخوازییەکانی کورد هەڵدەبەستێو دەنوسێ ((ئامانجی شۆرشی کورد - کەپێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بۆ کورد- لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزدا ڕێک دەکەوێ کەدەیەوێ لەناوچەکەدا پایەگایەکی ستراتیجی دژی یەکێتیی سۆڤیێت پێکەوە بنێ)).

ئاشکرایەو گومانی تێدا نیە کەئامانجی ئەم چەشنە پرۆپاگەندەیە کەبەتەواوەتی درۆیە، فریودانو چەواشەکردنی خەڵکییە، چونکە:

یەکەم: دەربارەی ئەوەی کەگوایە ئیمپریالیزمی ئینگلیز دەیەوێ کوردستان بکاتە بنکەیەکی ستراتیجی دژی یەکێتیی سۆڤێت، مەسەلەکە هیچ لایەنێکی راستی تێدا بەدی ناکرێ. ئایا ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە هەر یەکەو بەشی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆی نەکردۆتە بنکەیەکی ستراتیجی دژی یەکێتیی سۆڤێت؟ ئایا ئەو دەوڵەتانە توانیویانە نەیەڵن ئیمپریالیزمی ئەنگلو-ئەمەریکان بۆ ئەو مەبەستە کەڵک لەسەرزەمینی کوردستان وەرگرێ؟

دوەم: ئایا لەقازانجی بریتانیەو وڵاتە یەکگرتوەکاندایە تورکیاو ئێران، واتە دوژمنانی سەرسەختی مێژوییو کلاسیکیی روسیاو

یەکێتی‌ی سۆڤێت، ببنە دو دەوڵەتی لاوازو کەم دەسەڵات. کێ بڕوای بەوەیە کەئیمپریالیزم ئامادەیە کوردستان لەو دەوڵەتانە جیا کاتەوەو دەوڵەتێکی یەکگرتو بۆ کورد یاخود ((کوردستانی گەورە)) پێک بهێنێ؟ پاشان ئەگەر ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ- ئەمەریکان ئەو دەوڵەتەی بۆ کورد پێکەوەنا، کێ دەتوانێ دەستەبەری ئەوە بێ کەئەو دەوڵەتە سەر بەبەرەی ئیمپریالیزم دەبێ؟ مەگەر گەلی کورد ئیمپریالیزمی ئنگلیز بەدوژمنی مێژویی‌ی خۆی نازانێ؟

سێیەم: گریمان ئیمپریالیزمی ئنگلیز دەیەوێ دەوڵەتێک بۆ کورد پێکەوە بنێ، ئایا بریتانیەی ((مەزن)) کەبەدرێژایی‌ی دەیان ساڵ کوێخای راستەقینەی رۆژهەڵات بوە، کەدەوڵەتی عوسمانی‌ی لەتو پەت کردو دەیان دەوڵەتو دەوڵەتۆکەی وەک ئوردن، ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودی، عومان، کوێت، قەتەر، بەحرێنو هی تری پێک هێنا یاخود هیچ نەبێ دەستی لەدامەزراندنیاندا هەبو، نەیدەتوانی دەوڵەتی ((کوردستانی گەورە)) پێکەوە بنێ؟ ئایا بریتانیە بەو ئەندازەیە لاوازو کلۆڵ و کۆڵەوار بوو کەنەتوانێ پەیامە ((پیرۆزەکەی)) ئەنجام بدا؟ بێگومان نەخێر!

ئەگەر ئیمپریالیزمی ئنگلیزو دەوڵەتی عوسمانی ((پیاوە نەخۆشەکە))و بنەماڵەی قاجاری ئێران بەراوردی یەکتری بکەین، ئەوا تای تەرازوی ئنگلیز هەم لەهی عوسمانی‌یەکانو هەم لەهی ئێرانی‌یەکان گرانترە، لەبەر ئەوە ئەگەر بریتانیە بیویستایە کوردستانی گەورە واتە دەوڵەتێکی یەکگرتو بۆ کورد دامەزرێنێ، دەیتوانی بەشەوو رۆژێک کارەکە جێبەجێ بکا. ئەو کات هەم ئەڵمانیای بەزیو، هەم فەرەنسای دۆستی بریتانیەو هەم ئەمریکای وێلسن بەئاشکرا دانیان بەم دەوڵەتە کوردی‌یەدا دەنا. بەڵام بریتانیە

هەرگیز نەیویستوەو نایەوێ دۆستو هاوپەیمانە کلاسیکی‌یەکانی خۆی واتە تورکیاو ئێران کەلەهەمان کاتدا دوژمنی مێژوییو کلاسیکی‌ی یەکێتی‌ی سۆڤێتن، لەخۆی بڕەنجێنێو لاوازو کەم دەسەڵات بکا، بێجگە لەوەی کەکورد هیچ کات خۆی بەدۆستی ئیمپریالیزمی ئنگلیز نەزانیوە. لەم بارەیەوە کورد پەندێکی پێشینانی هەیە کەدەڵێ ((دۆستی دوژمنم دوژمنە، دوژمنی دوژمنم دۆستە)).

لەبەر ئەوە بەخۆڕایی نەبو کەلەساڵی ١٩٥٥دا رۆژنامەی چەپی ئنگلیز ((دێلی ووکەر)) بنوسێ ((پرۆپاگەندەی هەوڵدانی ئنگلیز بۆ پێکەوەنانی ((کوردستانی گەورە)) لەورێنەو بزرکاندن بەولاوە شتێکی تر نیە. چەواشەکردنی رای گشتی جیهانو شاردنەوەی نیازە راستەقینەکانی سیاسەتی ئیمپریالیستی‌ی بریتانیە لەناوچەی رۆژهەلاتدا، مەبەستی سەرەکی‌ی پرۆپاگەندەکەیە)).

دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەکوردستاندا دروشمی گەلی کوردە لەهەمو قۆناغەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی رزگاریخوازانەی‌دا چونکە دروشمێکی خۆشەویستەو بەدڵی هەمو چینەکانی گەلە بەگشتی‌و جوتیاران بەتایبەتی گەلی کورد بەهەمو چینە کۆمەلایەتی‌یەکانی‌یەوە تەنها لەو کاتەدا دەچێتە ریزی جوڵانەوەی رزگاری‌یەوە کەبزانێ ئامانجی جوڵانەوەکە رزگارکردنی یەکجارەکی‌ی کوردستانە لەستەمی داگیرکەران، لەبەر ئەوە دروشمی جوڵانەوەی کورد رزگاری‌و پێشکەوتنە.

لەبەر ئەوە دەبینین لەجولانەوە دیموکراتی‌یەکەی ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ی کوردستانی ئێراندا، سەرەڕای ئەوەی کەئامانجەکەی وەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی بوو لەچوارچێوەی کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی سەر بەئێراندا، سەرەڕای

ئـەوەی کەئـەم راسـتی‌یە بەئاشـکرا لەبەرنامـەی حزبـی دیمـوکراتی کوردستانی ئێراندا رون کرابۆوە، بۆ خرۆشاندنی کۆمەڵانی خـەڵکی‌و ڕاکێشانی تێکڕای چینەکانی گەل بۆ ریزی جوڵانـەوە نیشـتمانی‌یەکە، هەمو رابەرانی حزبی دیموکراتی کوردسـتان رایانگەیانـد کـەکۆماری مەهاباد کۆمارێکی سەربەخۆیەو لەمەولا دەبێتە پایەگایەکی گرنـگ بـۆ رزگـارکردنی پـارچەکانی تـری کوردسـتان. لـەرۆژی راگەیانـدنی کۆماردا هەر چی وتـاری خوێنـدەوە بـەدروشمی ((بـژی کوردسـتانی گەورە)) هاواری کرد. هێنانە پێشەوەی ئەو دروشمە، بۆ پێکەوەنانی کۆمارێکی سەربەخۆ نەبو، بەتایبەتی کەئـەم مەسـەلەیە لەبەرنامـەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێـراندا بـاس نـەکرابوو و لای هـەموان رون بـــوو کـــەئامانجی حـــزب پـــێکەوەنانی کۆمـــاری ئۆتۆنـــۆمی کوردستانە لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا.

لێرەدا بۆمـان دەردەکـەوێ کـەدروشمی پـێکەوەنانی دەوڵـەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد دروشمێکی کۆنەپەرسـتو دژی بەرژەوەنـدیی گـەل نیە، بەڵکو دەرخەری راستگۆیانەی خواسـتو ئـاواتی گـەلی کـوردە. لەهەمو شۆڕشێکی رزگاریخوازیدا ئەم دروشمە بەرزکراوەتەوەو وەک دروشمـــی خـــەباتی گـــەلی کـــورد لەپـــێناوی رزگـــاربون لەســـتەمی داگیرکەرانو سەندنەوەی مافە رەواکان هێنراوەتە پێش.

هەر کات ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ- ئەمەریکان نەتوانێ خەباتی رزگاریخوازی کورد سەرەنگوم بکـا، پـەنا دەباتـە بـەر فـڕوفێڵو تـەفرەدان، بـەدرۆ بەتـەنگ مەسـەلەی کـوردەوە دێـتو بـەوردی‌و لێزانانـە سەرپۆشـێک بەسـەر نیـازە راستەقینەکانی‌دا دەدا. لەبەر ئەوە دەبینین ئیمپریالیستەکان لەلایەک بەزەیی‌و سۆزو پشتیوانی‌ی خۆیان بۆ جوڵانـەوەی رزگـاری‌ی کـورد دەردەبـڕنو لەلایـەکی ترەوە بۆ دامرکاندنەوەی جوڵانەوەی رزگاری‌ی نیشـتمانی‌ی کوردسـتان

لەگەڵ داگیرکەراندا پشت لێک دەبەستن، بەکردەوە پشتگیرییان دەکەنو بەچەکی کوشندە یارمەتییان دەدەن چونکە ئەوان لایان ئاشکرایە کە گەلی کورد دوای رزگاربونی بەهیچ شێوەیەک ماوە بەکەس نادا یاری بەچارەنوسی بکا. ئەوەی بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەساڵی ١٩٣٤دا لەم بارەیەوە نوسیویەتی زۆر ڕاستە. بڵاوکراوەکە لەوتارێکدا نوسیویەتی ((ئینگلیزەکان بەپشتگیریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد سەری رم دژی خۆیان تیژ دەکەنو گۆڕی خۆیان بەدەستی خۆیان هەڵدەکەنن چونکە جوڵانەوەی کورد رو لەفراوانبونەو بێگومان لەو چوارچێوەیەی کەسەرکردایەتیی باڵای بریتانیە کێشاویەتی، دەترازێو دێتە دەرێ. گومانی تێدا نیە کەجوڵانەوەی کورد لەهەمان کاتدا دەبێتە جوڵانەوەیەکی دژی ئیمپریالیستیو هاوخەباتی جوڵانەوەی گەلانی رۆژهەڵاتی پێشەوە))[٦٦].

لەکاتی شیکردنەوەی هۆکانی شکستو گلانی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستاندا، رۆژهەڵاتناسو نوسەرە ناوبراوەکان بەهەڵە لەمەسەلەکە دەکۆڵنەوەو توتییانە تاکە هۆیەک دوبارە دەکەنەوە ئەویش ئەوەیە کەگوایە دەرەبەگو پیاوانی ئاین پێشەواو رابەری شۆڕشەکان بونو ئەوان شۆڕشەکانیان بەهەڵدێرو کوێرە رێی بەرژەوەندیی تەسکدا کێش کردوە. دیارە ئەم شیکردنەوەیە راست نیە چونکە:

یەکەم- لەقۆناغی یەکەمو دوەمی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستاندا حزبێکی شۆڕشگێری پێشکەوتنخواز سەرکردایەتیی جوڵانەوەکەی نەکردوە چونکە ئەو کاتە ئەم جۆرە حزبە لەئارادا نەبوە.

لەبەر ئەوە شتێکی زۆر ئاسایی‌یە کەلەو کاتەدا حزبی سیاسی سەرکردایەتی‌ی ئەو جوڵانەوانە نەکا.

دوەم- لەهەردو قۆناغەکەدا جوتیاران زۆربەی گەلیان پێکهێناوە، لەبەر ئەوە تەنها لەو کاتەدا مەسەلەی راکێشانو یەکخستنی جوتیارە کوردەکان لەخەباتی رزگاریخوازی‌دا شان بەشانی چینەکانی تری گەل سەرکەوتوانە ئەنجام دراوە کەکەسانێکی ناسراوو متمانە پێکراو، واتە پێشەوایانو سەرکردە پێشکەوتنخوازەکانی خۆیان، رابەرایەتی‌ی جوڵانەوەکەیان کردبێ. لەبەر ئەوە بەنەمانی ئەو سەرکردانە، جوڵانەوەکە سەری نەدەگرتو دەکوژایەوە چونکە لەو کاتەدا کۆمەڵانی خەڵکی بێ رابەر دەمانەوە.

بەبڕاوی ئێمە، گرنگترین هۆکانی شکستی جوڵانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵانەوەکانی قۆناغی یەکەمو دوەمی مێژوی خەباتی کورد بێ تاکتیکو بەرنامەی رێکوپێک بون، بەدەستپێشخەری‌ی تێکڕای گەلی کورد بەرپا بوون، هیچ حزبو گروپێک نەبو رابەرایەتی‌یان بکا بەڵکو چەند رابەرو سەرکردەیەکی کەم توانا کەلەڕوی سیاسی‌یەوە بەپێی پێویست شارەزا نەبونو سەریان لەکاروباری سیاسەت دەرنەدەچو جڵەوی سەرکردایەتی‌یان گرتە دەست. ئەو جوڵانەوانە بەلەناوچونی رابەر تینیان بۆ دەهاتو تێکدەشکان چونکە فاکتەری سەرەکی‌ی پشتگیری کردنی جوڵانەوەکەو بەشداری کردن تێیدا- خودی رابەر بوو نەک حزبو گروپی سیاسی.

دوەم: هەروەک لەمەوپێش باسمان کرد، بەشێکی پیاوانی ئاینو دەرەبەگە کوردەکان خیانەتیان لەگەل کردو بونە نۆکەری داگیرکەران.

ئەوان هەمیشە لەسەرکوت کردنی زۆردارەکیی هەر جولانەوەیەکی رزگاریخوازیدا بەشدار بونو دەستیان چوە خوێنی ڕۆڵەکانی گەل. ئەم خیانەتە هێزەکانی گەلی کزو پەراگەندە کرد.

سێیەم: بەلەتو پەت کردنی کوردستانو دابەش کردنی بەسەر تورکیاو ئێرانو عێراقو سوریادا کاریکی دژوارە کوردەکانی هەر پارچەیەکێ درێژە بەپەیوەندیی ناوخۆییی پتەو بدەنو لەئەنجامدا ناتوانن پشتگیریی برا کوردەکانیان بکەن کەلەپارچەیەکی تردا دژی ستەمو چەوسانەوە راپەڕیون.

چوارەم: دەوڵەتە داگیرکەرەکان بۆ داپڵۆسینی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان لەهەر پارچەیەکدا بێ بەچەشنێکی پتەو پشتی یەکتر دەگرنو پێکەوە لەکپ کردنی جولانەوەکەدا بەشداری دەکەن. ئەوان لەم بارەیەوە گوێ نادەنە ئەوەی کەئایا جولانەوەکە لەسنوری فلان یا فیسار دەوڵەت دایە، بۆ ئەنجامدانی ئەو نەخشە هاوبەشە، چەندان پەیمانو رێککەوتننامەی سوپاییو سیاسیی وەکێ پەیمانی سەعد ئابادو پاشان پەیمانی بەغدایان مۆرکرد. ئەوان لەپەیمانو رێککەوتننامەکانیاندا بۆ خامۆش کردنی هەر جولانەوەیەکی کورد بەئاشکرا باسی پێویستیی هاریکاریی هاوبەشو کاریگەرانەیان کردوە.

پێنجەم: ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ- ئەمەریکان سەرسەختترینو دڕەندەترین دوژمنی سەربەستیی گەلی کوردە.* ئیمپریالیستەکان

*لێرەدا دکتۆر شەمزینی، لەژێر تینو تاوی بیری مارکسیستیدا، گوزارشت لەو بۆچونانە دەکا کە لەناوچەکەدا لەدوای یەکەم جەنگی جیهانەوە تا سالانی شەستی سەدەی رابردوو باویان سەندبوو. نوسەرانو سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە هەرگیز پێشبینیی ئەوەیان نەدەکرد کەدەشێ پاش ٤٥ ساڵ

رزگاریی کورد ناسەلمێننو نەک تەنها لەهەمو شوێنێکو لەهەمو هەلومەرجێکدا پشتیوانیی‌یان لەداگیرکەران کردوەو بەهەمو شێوەیەک، بەچەکی کوشندەو بەژاوەژاوی پڕۆپاگەندەیی، بۆ دامرکاندنەوەی جولانەوەی کورد یارمەتیی‌یان داون، بەڵکو هەروا زۆر جار بەشێوەیەکی کاریگەرانە لەکوژاندنەوەی جولانەوەکەدا بەشداریی‌یان کردوە. لەبەر ئەوە خەباتی گەلی کورد هەم دژی داگیرکەرانو هەم دژی ئیمپریالیستەکانە.

شەشەم: لەکاتێکدا گەلی کورد بەچەکی سوکو کۆن درێژەی بەخەبات دەدا، دوژمنان بەتازەترین چەکی کاریگەر پڕچەک کرابونو سوپایەکی دیسپلینداریان لەبەر دەستدا بوو.

حەوتەم: نەبونی هیچ یارمەتیی‌یەکی دەرەکیی کاریگەر چ داراییو چ سوپایی. هەر چی دەوڵەتی گەورەو بچوکە تەنانەت ئەوەی کەخۆیشی بەپاڵپشتی خەباتی گەلانی ژێردەستەو زۆرلێکراو دەزانێو رۆژ تا شەو گۆرانیو بالۆرە بەبالایدا دەڵێ، یارمەتیی‌یەکی ئەوتۆی گەلی کوردی نەداوە.

هەشتەم: سەرباری بالادەستیی جەنگیی داگیرکەران، دوژمن لەهەمو جولانەوەیەکی نەتەوەییدا بۆی دەرکەوتوە کەناتوانێ جولانەوەکە دامرکێنێتەوە، بۆیە بەپەلە هاواری بردۆتە بەر ئیمپریالیزمو دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی ئیمپریالیستەکانی ئەنگلۆ- ئەمەریکان، ئەوانیش بۆ بلاوە پێ کردنی جولانەوەکە لەیارمەتیدانی دوژمن بەپارەو چەکی تازەو پڕۆپاگەندەی ژەهراوی درێغیان نەکردوە.

---

**لەبڕانەوەی جەنگی جیهانی دووەمی جیهان، ئەو چەشنە بۆچونانەیان هیچ باق و بریقێکی نەمێنیو تەنها وەك بەشێك لەمێژوی بیری سیاسی سەیر بکرێن(وەرگێڕ).**

نۆیەم: سیستەمی دەرەبەگایەتی وەک سیستەمێکی کۆنەپەرستو دوژمنی هەمو جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی کورد لەلاوازکردنی هێزە شۆڕشگێرەکانی گەلدا نەخشێکی گەورەی هەبوە.

دەیەم: نزمی‌ی ئاستی هۆشیاریی سیاسی کەلەئەنجامدا حزبێکی شۆڕشگێری پێشڕەو بۆ سەرکردایەتی کردنی خەباتی گەلی کورد پێکەوە نەنرا.

هەر وەک لەمەوپێش وتمان لەسەر بنچینەی گەشەکردنی ژیانی ئابوریو کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا هەم هۆشیاری‌ی سیاسی‌و هەم جوڵانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان گەشەی کرد. لەبەر ئەوە ئێمە لەو بڕوایەداین کەجوڵانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێ دەکاو تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە. دەتوانین مێژوی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستان بکەینە سێ قۆناغەوە:

١- قۆناغی یەکەم، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان. هەمو راپەڕینەکانی ئەم قۆناغە ئامانجی دیاریکراویان هەبو، واتە رزگاری‌ی کوردستان. گرنگترین کەموکوڕی‌ی ڕاپەڕینەکانی ئەم قۆناغە ئەوە بوو کەحزبێکی سیاسی یا سەرکردایەتی‌یەکی بەکۆمەڵ رابەرایەتی‌ی خەباتی نەکردوە بەڵکو ئەوەی رابەرایەتی‌ی خەباتی گەلی کرد- رابەرو پێشەوا ناودارەکانی کۆمەڵی کوردەواری بون. تێکرای راپەڕینەکان روخساری نەتەوایەتی نیشان دەدەن. ئەمەش نمونەی جوڵانەوەکانی ئەو قۆناغەیە:

١- جوڵانەوەی عەبدولڕەحمان پاشای بابان لەسلێمانی (١٨٠٦-١٨٠٨).

٢- جوڵانەوەی ئەحمەد پاشای بابان (١٨١٢).

٣- ڕاپەرینی کوردەکانی زازا لەسیواس (١٨٢٠).
٤- جوڵانەوەی میر بەدرخان لەجزیرە (١٨٢١- ١٨٤٧).
٥- جوڵانەوەی محەمەد پاشا لەرواندز (١٨٢٦- ١٨٣٣).
٦- راپەڕینی کوردەکانی چیای شەنگار (١٨٣٠- ١٨٣٣).
٧- جوڵانەوەی میر شەریف خانی بتلیسی (١٨٣٤).
٨- جوڵانەوەی یەزدان (ئێزدین) شێر (١٨٥٣).
٩- جوڵانەوەی حسێن کەنعان پاشاو عوسمان پاشا (١٨٧٩).
١٠- جوڵانـــەوەی شـــێخ عـوبەیـــدوڵڵای شـــەمزینی (١٨٨٠- ١٨٨١).
١١- راپەڕینی کوردەکانی موسڵو ئەرزڕۆمو بتلیس (١٩٠٧).
١٢- جوڵانەوەی مەلا سەلیمو شەهابەددین لەبتلیس (١٩١٣).
٢- قۆنـاغی دوەم، لەجـەنگی یەکـەمی جیهانـەوە تـا جـەنگی دوەمـی جیهـان واتـە جوڵانـەوە رزگاریخوازیـەکانی نێـوان هـەردو جـەنگ دەگرێتـەوە. ئـەو جوڵانەوانـە بـێ کـەموکوڕی نـەبون بـەڵام شۆڕشی مەزنو سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر بەئاشکرا کاری تێ کردبـوون، لەبـەر ئـەوە دەبیـنین جوڵانـەوەکانی ئـەم قۆناغـە رێکوپـێکترو رێکخراوتـرنو حزبـی سیاسـیو خـاوەن بەرنامـەی رونو دیـاریکراو سەرکردایەتیی خـەبات دەکـا بـەڵام سـەرکردایەتیی شـۆڕش هێشـتا بەتەواوەتی لەدەست چەند رابەرێک دەرنەچوە.
جوڵانەوەکانی ئەو قۆناغەش هەر وەکو جاران رەنگـی نەتـەوەیی لەخۆیان دەدەن، ئەمەش چەند نمونەیەکە:
١- جوڵانەوەکانی شێخ مەحمود لەسلێمانی (١٩١٩- ١٩٣٢).
٢- جوڵانەوەی سمکۆ لەکوردستانی ئێران (١٩٢٠- ١٩٣٠).

٣- جولانەوەی شێخ سەعید بەسەرکردایەتی‌ی حزبی تەعالی‌ی کوردستان لەکوردستانی تورکیا (١٩٢٥).

٤- جولانەوەی ئاگری داخ (١٩٢٦- ١٩٣٤).

٥- جولانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی (١٩٣١- ١٩٣٤).

٦- جولانەوەی جەعفەر سولْتان لەکوردستانی ئێران (١٩٣١- ١٩٣٢).

٧- راپەڕینی کوردەکانی دیاربەکر (١٩٣٤).

٨- راپەڕینی کوردەکانی دێرسیم (١٩٣٧).

٣- قۆناغی سێیەم، لەجەنگی دوەمی جیهانەوە تا ئەمرۆ. لەو قۆناغەدا خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد رێکوپێکترو رێکخراوتر بوو، حزبی سیاسیی بە بەرنامەو دروشمی رونو ئاشکرا زاخاودراو رابەری خەبات بون، هەمو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردستان بەچەشنێکی کاریگەرانە لەرابەرایەتی کردنی ئەو خەباتەدا بەشدار بون. خەباتی رزگاریخوازی ئەو قۆناغە رەنگی دیموکراتی- نەتەوەیی‌ی لەخۆی دەدا. ئەمەش نمونەی گرنگترین جولانەوەکانی ئەو قۆناغەیە:

١- جولانەوەی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی کوردستانی عێراق بەسەرکردایەتی‌ی مەلا مستەفا بارزانی‌و حزبی رزگاریی کورد کەپاشان لەگەڵ جولانەوەی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ئاوێتە بوو.

٢- جولانەوەی دیموکراتی ١٩٤٥- ١٩٤٦ی کوردستانی ئێران بەرابەرایەتی‌ی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و پێکەوەنانی کۆماری مەهاباد.

٣- راپەڕینی کوردەکانی جوانڕۆ لەکوردستانی ئێران (١٩٥٦).

لێرەدا دوای ئەوەی مێژوی خەباتی گەلی کوردمان بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش کرد، بەکورتی بەشێکی جولانەوە رزگاریخوازی‌یەکانی قۆناغی یەکەم باس دەکەین. لەکاتێکدا دو ئیمپراتۆریی دەرەبەگی تورکیاو ئێران لەتەنگوچەڵەمەی سیاسی‌و لەسەرەمەرگا بون، لەکاتێکدا هەردو رژێمی دەرەبەگی پاشایەتی خەریکی هەرەس هێنان‌و روخان بون، لەو کاتەدا واتە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا مێژوی خەباتی رزگاریخوازانەو جولانەوە شۆڕشگێرەکانی گەلی کورد دەست پێ دەکەن. جولانەوەکانی ئەو سەردەمە لەهی پێشو جیاواز بون‌و دروشمی نەتەوەیی‌ی رزگاریخوازانەیان هەبو.

لێرەدا بەشێکی جولانەوە رزگاریخوازی‌یەکان گەلی کورد بەنمونە دەهێنینەوە:

## ١- راپەرینی ١٨٢١- ١٨٤٧ی کوردەکانی ناوچەی جزیرەو بۆتان

لەساڵی ١٨٢١دا میر بەدرخان کەلەتەمەنی هەژدە ساڵیدا بوو بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشینی جزیرەو بۆتانی کەوتە دەست. میر هەر لەیەکەم رۆژەوە بیری لەرزگارکردنی کوردستان لەستەمی تورکیا دەکردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ویستی هەمو میرنشینەکان یەکخاو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد پێکەوە بنێ. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم نەخشەیە، دەبوایە تواناو وزەی کورد لەژێر ئالای کوردایەتی‌دا جۆش بدرێ. هەروا بۆ خۆپاراستن‌و تێکشکاندنی هێرشی داگیرکەران دەبوایە کارخانەی چەک‌و کەرەستەی جەنگی لەکوردستاندا دابمەزرێنرێ‌و کەسانی شارەزای بۆ دابین بکرێ. لەبەر ئەوە بۆ

یەکخستنی میرنشینە کوردەکان، میر دەستی بەبڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەیەکی خەست کردو داوای لەهەموان کرد ریزەکانیان یەکخەنو لەپێناوی رزگاریی کوردستاندا بکەونە کار.

هەمو رابەران، سەرانی خێڵەکانی کورد، تێکرای پیاوانی ئاینو بەشێکی زۆری کۆمەلانی خەڵکی وان، هەکاری، موش، خێزان، قارس، موسڵو میرنشینی ئەردەڵان لەئێران بەدەنگێ بانگەوازەکەوە هاتنو چونە ریزی پەیمانە پیرۆزەکەوە.

میر بەدرخان لەهەمان کاتدا دەستی بەخۆ ئامادەکردنێکی سوپایی کرد. بۆ نمونە لەجزیرە دو کارخانەی دامەزراند، یەکێکیان بۆ دروست کردنی چەکو ئەوی تریان بۆ دروست کردنی باروت. لەسەرێکی ترەوە بۆ پشت بەخۆ بەستنو ئامادەکردنی کەسانێکی شارەزاو کارامە کەبتوانرێ لەمەسەلەی چەکسازیو هێنانە بەرهەمی کەرەستەی جەنگیدا پشتیان پێ ببەسترێ، کۆمسیونێکی چەند کەسی بۆ ئەوروپا نارد[٦٧].

چالاکیو کردەوەی میر بەدرخان ئەژنۆی سوڵتانو دەوڵەتی تورکیای شکاند. لەسەرەتادا سوڵتان ویستی بە بەڵێنێکی درۆیانە گوایە نیازی وایە سنوری میرنشینەکەی بۆ فراوان کا، میر بخافڵێنێو بەم جۆرە هەمو نەخشەکانی سەبارەت بەرزگاریو سەربەخۆیی کوردستانی پێ هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام سوڵتانی تورکیا کەبۆی دەرکەوت لەم بارەیەوە هیچی پێ ناکرێ، پەنای بردە بەر سازکردنی پیلانی ترو بەفیتی سوڵتان لەناوخۆی کوردستاندا ئاژاوە، ئاشووبو پاشاگەردانی ساز کرا بۆ ئەوەی میر نەپرژێتە سەر جێبەجێ کردنی نەخشەکانی.

فەلـەكانی ناوچـەی بۆتـان، كـە كەمایەتی‌یـەكی بچوكیـان پـێكـ دەهێنا، چاكترین چەكی دەستی سوڵتان بون. سوڵتانو فەرمانبەرانی دەوڵەت كەوتنە هاندانی فەلەكانی ناوچەی بۆتان دژی میر بۆ ئەوەی لەدەسـەڵاتی مـیر یـاخی بـنو بـاجی نـەدەنێ، لەئـەنجامدا ئـاژاوە ناوچەكەی تەنی‌یەوەو ئەمـە لەكاتێكـدا رویـدا كەهـەموان دەیـانزانی میر چەند دادپەروەرو یەكسانی خـوازەو هیـچ كـات لەسـەر بناغـەی ئاینو رەگەز جیاوازیی نەناوەتەوە بەتایبـەتی كەبەدەستپێشـخەریی میر هەمو نەریتە كۆنـەكان كەبەسـەر ناموسـڵمانەكاندا سەپـێنرابون هەڵوەشـێنرانەوەو بریـار درا بەیەكسـانی رەفتـار لەگـەڵ موسـڵمانو ناموسڵماندا بكرێ[٦٨].

بەڵام كاتێكـ میر ویستی ئاشتیو ئاسودەیی‌ی ناوچەكە بپـارێزێ، فەلەكان كپ كاتەوەو ئاژاوە نەیەڵێ، ئنگلیزو فەرەنسی‌یەكان لوتیـان ژەنی‌یـە مەسـەلەكەوەو ئـەم كارەیـان كـردە بەهانەیـەكـ بـۆ دەست درێژكردنە ناو كاروباری توركیا. هەردو دەوڵـەتی بریتانیـاو فەرەنسا بۆ سەركوت كردنی جوڵانەوەی كورد ئامادەیی‌ی تەواویان پیشاندا.

بـەم چەشـنە ئنگلیـزو فەرەنسـی‌یەكان گوایـە مـافی فەلـەكانی كوردستان دەپارێزن، لەیارمەتیدانی توركیا كەم تەرخەمی‌یان نـەكرد. پـاش ئـەوەی توركیـا ئـەو هـەمو یارمـەتی‌یـەی پێگەیشـت دەسـتی بەلەشكركێشی‌ی سوپایی كرد.

بەڵام لەشكری سوڵتان بەرگـەی نـەگرت، نـەیتوانی سـەر بەگـەلی كورد دانەوێنێو ناچار بوو بەسەرشۆڕی‌یەوە كوردستان بەجێ بێڵێ.

سەركەوتنی هێزی پێشمەرگەو ژێركەوتنی توركەكان، دەرفـەتێكی لەباری بۆ میر پێكـ هێنا بۆ ئەوەی لەساڵی ١٨٤٢دا سـەربەخۆیی‌ی كوردستان ڕابگەیەنێ. ئەو بـەناوی خۆیـەوە پـارەی دەركـردو سـنوری

دەوڵەتی بەئەندازەیەکێ فراوان کرد کەلەناوچەی وانەوە تا مەهابادو ڕواندز لەلایەکێو لەموسڵەوە تا دیاربەکر لەلایەکی ترەوە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو. پاشان میر توانی شنگار، سیرت، وێران شار، سوێرەکێ، دیاربەکر، شنۆو ورمێ بکاتە بەشێکی دەوڵەتەکەی.

ئنگلیزو فەرەنسی‌یەکان لەسەر دامرکاندنەوەی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان پێیان داگرت. ئەوان بەژێرزارەکی دەوڵەتی تورکیایان لەکورد هانداو بەفیتی ئەوان دەوڵەت بۆ دامرکاندنەوەی جوڵانەوەی کورد لەشکرێکی تازەی پێکێ هێنا. رابەرایەتی‌ی ئەو لەشکرە بەعوسمان پاشا، عومەر پاشاو سەبری پاشا سپێردرا.

یەکەم پێکاهەڵپڕژانی چەکدارانە لەنێوان سوپای تورکێو پێشمەرگەکانی کوردستاندا لەنزیکێ ورمێ رویداو لەئەنجامدا سوپای تورکێ شکا. لەکاتێکدا میر بەدرخان خەریکی دەرپەڕاندنی دوژمن بوو، هەواڵێکی وا بڵاوبۆوە گوایە بازوی چەپی لەشکر کە بەسەرکردایەتی‌ی یەزدان شێری ئامۆزای میر بەدرخان بوو، سەنگەری پێشمەرگایەتی‌ی چۆڵ کردوەو چۆتە ریزی دوژمنانەوە. یەزدان شێر بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ میر بەدرخاندا ناتەبا بو، بەبەڵێنی تورکەکان فریو دراو ویستی بەو خیانەتە تۆڵەی خۆی لەمیر بکاتەوە. لەئەنجامدا تورکەکان بەپشتیوانی‌ی یەزدان شێر ناوچەی جزیرەیان گرتەوە. لێرەدا میر بەدرخان ناچار بوو بەشێکی کەمی هێزەکەی بۆ راونانی دوژمن لەناوچەی ورمێ بیەڵێتەوەو بەشەکەی تر بەرەو جزیرە بەرێ. دوای چەند شەڕێکی خوێناوی، ناوچەی جزیرە لەداگیرکەرە تورکەکان پاکێ کرایەوە.

بەڵام هەڵوێستی دوژمنکارانەی یەزدان شێر میر بەدرخانی شپرزە کردو ناچاری کرد بەرەو قەڵای ئیرۆخ بکشێتەوە. پاشان

هێزەکانی تورکیا کەسەر لەنوێ خۆیان یەکخستەوەو هێزی تریان بۆ هات، لەهەر چوار لاوە قەڵاکەیان گەمارۆدا.

میر بەدرخانو پێشمەرگەکان هەشت مانگ داکۆکیی گردەبڕیان لەقەڵای ئیرۆخ کرد. پاشان کەئازوقەو کەرەستەی جەنگیان لێ بڕا، ناچار بون بێنە دەرێ. هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر سوپای تورك و شەڕی مانو نەمانیان کرد. دوای پێکادانێکی خویناویو زیانێکی زۆر، میرو پاشماوەی هێزەکەی دەستگیر کران. بەم شێوەیە دوایی بەو جوڵانەوەیە هێنراو میر ڕەوانەی ئیستانبوڵ کرا. لەم سەروبەندەدا بەبۆنەی سەرکوت کردنی جوڵانەوەکەوە، مەدالیای ((شەڕی کوردستان)) کەدەوڵەتی تورکیا دەری کردبو، بەهەمو ئەو کەسانە درا کەلەشەڕەکەدا بەشدار بون.

## ٢- جوڵانەوەی ١٨٢٦ی محەمەد پاشای ڕواندزی

پاش ئەوەی محەمەد پاشا کە بەدوربینی، ژیری، ئازایەتیو فڕوفێڵ ناسرابو، توانی دەست بەسەر میرنشینی ڕواندزدا بگرێ، لەشکرێکی زیاتر لەپەنجا هەزار کەسی پێك هێنا[٦٩]، ئەو بڕیاری ڕزگارکردنی کوردستانی دابو، لەبەر ئەوە بەیەکپارچەکردنی میرنشینە بچوکە دراوسێکانی وەك شێروانو برادۆست دەستی بەجوڵانەوەکەی کرد.*

* هیچ بەڵگەیەك لەسەر هەوڵەکانی میر محەمەد بۆ جیابونەوە لەدەوڵەتی عوسمانی نیە. لەڕاستیدا چەمکی (جیابونەوە) لە نێو کورددا بیرۆکەیەکی تازەیەو مێژوی دەچێتەوە سەر سەدەی بیستەم نەك سەدەکانی پێشوترو لەم سۆنگەیەوە کێشانە کردنی ڕوداوەکانی پێشوو بەتەرازوی پێوانە باوەکانی ئەم سەردەمەمان کارێکی دروست نابێ.

بیری زاڵ بەسەر بیرکردنەوەی میر محەمەددا، وەك بیری زاڵ بەسەر هەمو دەرەبەگەکانی ئەو سەردەمەدا، بیری عوسمانیزم بوو نەك کوردایەتی، لەپاڵ عوسمانیزمیش، بیری

هێزەکانی محەمەد پاشا ناوچەکانی سورچی، خۆشناوەتی، هەریر، هەولێر، ئاڵتون کۆپری، کۆیەو رانیەیان رزگارکرد، پاشان کاروباری ناوچە رزگارکراوەکانیان رێک خستو بۆ بەڕێوەبردنیان دەزگای کارگێڕیان دامەزراند، بەئەستوربونی باسکی سوپاکەی محەمەد پاشا، ناوچەکانی شنگار، تورابدین، ئامێدی، دهۆک, زاخۆو هیتر رزگار کرانو کاروباری کارگێڕییان تێدا رێکخرا.

---

ئیسلامگەرایی پێگەیەکی بەرچاوی هەبو. نامەکەی میر محەمەدو سەرخێڵەکانی کورد بۆ سوڵتان مەحمودی دووەم لەساڵی ١٨١٦دا کە لەئەرشیفی عوسمانیدا پارێزرابوو و بۆ یەکەم جار مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف لەساڵی ٢٠٠٥دا لە گۆڤاری (مێرگ)ی بڵاو کردەوە، ئاماژە بۆ دڵسۆزیی میر محەمەد بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەکاو هیچ بیرێکی کوردایەتیی لێ هەڵناکرێنرێ. لەو نامەیەدا میر محەمەد داوای یارمەتیو پشتیوانیو چەك و کەرەستەی جەنگی لەسوڵتان کردوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی عەباس میرزای کوڕی فەتحعەلی شای قاجاری ئێران بۆ سەر قەڵەمڕەوی دەرەبەگ نشینی رواندز بەو پێیەی کەبەشێکە لەقەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی. بەشێوەیەکی گشتی, هەوڵەکانی رواندز بۆ پەیداکردنی فاکتەرەکانی هێز، بۆ جیابوونەوە لەدەوڵەتی عوسمانی نەبووە بەڵکو بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئێران بووە.

لەم روەوە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کەیەکێ لەگەورەترین شاڵاوەکانی پاکتاوکردن لەدژی کوردە ئێزدییەکان لەمێژودا, لەسۆنگەی رقی ئاینییەوە, لەسەر دەستی میر محەمەد بەڕێوە چووە. میر محەمەد پاش گرژبونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیستانبول دا, هیچ بەرگرییەکی بەرچاوی نەنواند, بەقسەی مەلاکانی کردو خۆی بەدەستەوە داو رازی بوو بۆ بۆ دەست ماچ کردنی سوڵتان و نواندنی گوێڕایەڵیو دڵسۆزی بچێ بۆ ئیستانبول, بەرامبەر بەوەی کەئیستانبول لەسەر حوکمڕانیی دەرەبەگ نشینەکەی بهێڵێتەوە. کوردایەتی چەمکێکی تازەیە, لەو سەردەمەدا هێشتا سەری دەرنەهێنا بوو. بۆیە, ناکرێ هۆی روداوەکانی رواندز ببرێتەوە سەر هەستی کوردایەتی. دەبێ هەموو روداوەکانی ئەو دەمە بخرێنە ئەو چوارچێوەیەوە کەدەوڵەتی عوسمانی لەبەر کۆمەڵێك هۆ, کەگرنگترینیان پەیوەندیی بەتەشەنەکردنی ململانێی لەگەڵ ئێراندا هەبو, کەوتبوە پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەهێشتنی دەرەبەگ نشینە ئۆتۆنۆمەکانی کورد کەچیتر بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوری دەوڵەت کەڵکیان نەمابوو(وەرگێڕ).

لەو کاتەدا سوپای تورکێ بەسەرکردایەتیی رەشید پاشای سەدری ئەعزەمی پێشو و والیی ئەوسای سیواس لەدو لاوە پەلاماری میرنشینی دا- یەکێکیان لەموسڵەوە، ئەوی تریان لەبەغداوە. لەسەرێکی ترەوە دەوڵەتی تورکێ بەوالیی بەغداو بەڕێوەبەری موسڵی راگەیاند بوو کەدەبێ ملکەچی رەشید پاشا بنو هەرچییەکی دەوێ بۆی دابین بکەن. دوای چەند شەڕێکی خوێناوی، هێزەکانی تورکێ محەمەد پاشایان دەستگیر کردو بۆ ئیستانبولیان ناردو لەوێ بریاری خنکاندنی دەرچوو و لەسیواس لەسێدارە درا [٧٠]. بەم جۆرە ئەمجارەش بڵاوە بەجولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان کرا.

## ٣- جوڵانەوەی ١٨٥٣ی جزیرەو بۆتان بەرابەرایەتیی یەزدان شێر

دوای ئەوەی سوپای تورکێ بڵاوەی بەجولانەوەکەی جزیرەو بۆتان کرد، دەوڵەتی تورکیا بەڕێوەبردنی میرنشینی بۆتانی بەیەزدان شێر سپارد. بەڵام زۆری نەخایاند دەوڵەتی تورکیا لەترسی گەشەکردنی نفوزی یەزدان شێر، لێی هەڵگەڕایەوەو لەبەڕێوەبردنی میرنشینی دورخستەوە، هەمو ناوچەکانی میرنشینی بەسوپا تەنییەوە، ژاندارمی لەشارەکاندا مۆڵداو والیی بۆ شارەکان دانا.

ستەمو سیاسەتی توندوتیژیی والییە تورکەکانو ژاندارمەکان مایەی هەراو پشێویو ناڕەزاییی خەڵکی ناوچەکە بوو.

بەڕاگەیاندنی شەڕ دژی روسیا، تورکیا ناچار بوو بەشێکی هێزەکانی کوردستان بەرەو بەرەی روسیا بەرێ. یەزدان شێر ئەم هەلەی قۆستەوەو لەساڵی ١٨٥٣دا لەناوچەی بۆتان رابەرایەتیی جوڵانەوەیەکی چەکدارانەی کرد. هێندەی نەبرد خێڵەکانی ناوچەی

بۆتان، بتلیس‌و هی‌تر چونە ریزی جولآنەوەکەوە. هەروا خێلّە ئێزدی‌یەکان پەیوەندی‌یان بەجولآنەوەکەوە کردو لەشەڕدا ڕۆلّێکی گرنگیان نواند. لەسەرێکی ترەوە هەر چی ئەرمەن‌و ئاسوری‌ی ناوچەکە بوو پەیوەندی‌ی لەگەلّ جولآنەوەکەدا دامەزراند، لەسالّی ١٨٥٤دا هێزی شۆڕش موسلّ‌و بتلیسی رزگار کرد. هێزی پێشمەرگە لە ٣٠ هەزار کەس پێکهاتبو.

سولّتانی تورکیا ویستی تۆوی دوبەرەکی لەناو ریزی هێزی پێشمەرگەدا بچێنێ بەلآم هەولّدانەکەی سەری نەگرت، لێرەدا دەولّەتی تورکیا ناچار بوو سوپای بەغداو شارەکانی تر بۆ پەلاماردانی کورد بخاتە گەڕ. شاری سیرت ناوەندی کۆبوونەوەی سوپای تورکێ بوو. لەناوەڕاستی سالّی ١٨٥٤دا کوردە ئێزدی‌یەکان بەسەرکردایەتی‌ی میر ماریزدین هێرشیان کردە سەر سوپای تورکێ‌و دەریانپەڕاند. لەئەنجامدا ناوچەیەکی فراوان رزگار کراو کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە. پێشمەرگەکان هەر چی فەرمانبەرو بەڕێوەبەری تورکی ناوچە رزگارکراوەکان بوو، دەریان کرد. هێزی پێشمەرگە کەبەچەکێ‌و تۆپخانەی سوپای بەزیوی تورکێ خۆی پڕچەکێ کردبو، لە ٦٠- ١٠٠ هەزار جەنگاوەر پێکهاتبو.

سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەو شکستی تورکەکان، سوپای تورکیای شپرزە کرد، بەتایبەتی کەئەو سوپایە لەبەرەی کافکاس‌دا لەشەڕدا بو. یەزدان شێر مەسەلەکەی لێکدایەوەو بڕیاری‌دا بۆ هاریکاری کردن دژی دوژمنی هاوبەش لەگەلّ هێزەکانی روس‌دا پەیوەندی دامەزرێنێ. ناوبراو پێنج نامەی بۆ رابەری هێزەکانی روسیا لەیەریڤان نارد، داوای لێ‌کرد پێکەوە لەمەسەلەکە بکۆلّنەوە، پەیوەندیی دو قۆلّی پێکێ بهێنن‌و بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ لێدانی

بێ چەندو چۆنی سوپای تورکێ داڕێژن. ئەو لەنامەکانیدا وای نیشان دابو کەلەناوچەکانی وانو بتلیسەوەو دەست بەجموجوڵ دەکاو لەپشتەوە هێرش دەکاتە سەر ئەو سوپایەی تورکێ کە لەکافکاسیایە. بەڵام یەزدان شێر هیچ وەڵامێکی چنگێ نەکەوتو هەر پێنج نامەکەی بەفیڕۆ چون. لێرەدا یەکسەر پەیوەندیی لەگەڵ ببوتۆفی لێپرسراوی ستادی سوپای روسیا لەکافکاسیا دامەزراند. بەڵام ببوتۆف وەڵامێکی ڕێکوپێکی نەدایەوە. کەوەڵامیشی دایەوە داوای لەیەزدان شێر کرد بڵاوە بەهێزەکانی بکا، دوایی بەشۆڕش بێنێو دەست لەو هەرایە هەڵگرێ.

وەکێ دەرکەوت ببوتۆف نەکێ تەنها نەیدەویست لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا پەیوەندی دامەزرێنێو پێکەوە بکەونە گیانی سوپای تورکێ، بەڵکو بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی شۆڕش لەکوردستاندا کلپەی سەند بوو، نەیهێشت هێزەکانی روسیا تەوژمی سوپایی بخەنە سەر هێزەکانی تورکێ. ئەم هەڵویستە دەرفەتێکی لەباری بۆ تورکیا پێکێ هێنا بۆ ئەوەی بەشێکی هێزەکانی بەرەی کافکاس بکێشێتەوە دواوەو لەشەڕدا دژی هێزی پێشمەرگە بیانخاتە گەڕ.

نەمرود روسیانی کۆنسوڵی ئنگلیز لەموسڵ کەزانی یەزدان شێر هیچ وەڵامێکی ڕێکوپێکی لەببوتۆفەوە پێ نەگەییوە، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کوردو تورکیا ئامادەییی دەوڵەتی ئنگلیزی بۆ یەزدان شێر دەربڕی. بۆ ئەم مەبەستە لەیەزدان شێر داواکار بوو سەردانی کۆنسوڵگەی ئنگلیز بکا بۆ ئەوەی پێکەوە لەمەسەلەکە بکۆڵنەوەو چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە. یەزدان شێر باوەڕی بەبەڵێنی نەمرود روسیان کردو بەرەو موسڵ کەوتە رێ. کۆنسوڵ لەباتی ئەوەی وتوویژی لەگەڵدا بکاو چارەسەرێک بۆ گیروگرفتی کوردو تورکیا

بدۆزێتــەوە، بــەڵێنی خۆی شــکاندو یــەزدان شــێری گــرتو رەوانــەی ئیستانبولی کرد. هێزی پێشمەرگە پاش ئەوەی رابەرەکەی لەدەستدا، بەرگەی نەگرتو شکا.

## ٤- جوڵانــەوەی ١٨٨٠- ١٨٨١ی کوردەکــانی ئێــرانو تورکیــا بەرابەرایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی

جوڵانەوەکـــــەی ١٨٨٠- ١٨٨١ کەشــــێخ عوبەیــــدوڵڵای شەمزینی(بەشێخ عوبەیدوڵڵا نایریو هەندێجار بەگەیلانی ناسـراوە) رابەرایەتیی کرد، بەوەی کەئامانجی نەتەوەییی ئاشکرای هــەبوو و بەوەی کەزۆربەی چینەکانی گەل بەشدارییان تێدا کرد، بەگــەورەترین جوڵانەوەی رزگاریخوازی ســەدەی نۆزدەهــەم دادەنرێ. لێرەدا لەبــەر ئەوەی زۆربەی مێژوونوسەکانو رۆژهەڵاتناسەکان لەسەر شیکردنەوەو هەڵســەنگاندنی ئــەو جوڵانەوەیــە یەکــدەنگ نــین, هــەر یــەکێکیان بەپێی بیرو بۆچونی تایبــەتی خۆی بەچەشــنێکی راســت یــا چــەوت لێکــی دەداتــەوە، وای بــەباش دەزانــین کەئــەم جوڵانەوەیــە بــەتێرو تەسەلی لێی بکۆڵرێتەوە.

ئــەو قۆناغــە بــۆ هــەردو ئیمپــراتۆریی ئێــرانو تورکیــا قۆنــاغی هەرەس هێنانو داتەپین بوو، ئاشوب سەرانسەری ئیمپراتۆریی تــەنی بۆوە، هەردو ئیمپراتۆری لەسەرەمەرگا بونو بەئەندازەیەک گیرۆدەی تەنگوچەڵەمەی سیاسیو نائارامی بوو بون کەسەریان لێ شێوا بوو و نەدەپرژانە سەر هیچ شتێک.

لاوازیو کەم دەسەڵاتیی هەردو ئیمپەراتۆری هەلێکی لــەباری بــۆ هەڵگیرسانی جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی بــەربڵاو بەســەرکردایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی پێک هێنا. لەسەرەتای دەسپێکی

شۆڕشدا تەنها ناوچەی شەمزینان لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوو بەڵام هێندەی پێ نەچو گڕی شۆڕش زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی تورکیاو ئێرانی گرتەوە. لەوتارەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی کەلەکۆنگرەی تەموزی ساڵی ١٨٨٠ی نوێنەرانی خێڵەکاندا خوێنرایەوە، دەردەکەوێ کەئامانجی جوڵانەوەکە- رزگاریی کوردستانو پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوە.

ئەو کۆنگرەیە بەئامادەبونی هەمو سەرانی خێڵەکان، ناودارانی کورد، پیاوانی ئاینو نوێنەرانی هەمو چینەکانی کۆمەڵ لەگوندی نایریی ناوچەی شەمزینان بەستراو تێیدا بڕیاری پێکەوەنانی ((کۆمەڵەی خێڵە کوردەکان)) درا کەئەویش بەنۆرەی خۆی بڕیاری بەرزکردنەوەی ئاڵای خەباتی شۆڕشگێڕانەی دا دژی هەردو دەوڵەتی تورکیاو ئێران.

سەرانی جوڵانەوەکە پێیان وابو کردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بەئاگردانی شۆڕش دەرفەتێکی چاکێ بۆ پەرەسەندنی شۆڕش پێکێ دەهێنێ. ئەوان دەیانویست پێشەکی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران رزگاربکەنو پاشان بادەنەوە سەر تورکیاو کوردستانی لێ بسەننەوە. ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

یەکەم- ئەوان دەیانویست لەخەریکبونی دەوڵەتی ئێران بەشەڕی خێڵە تورکمانەکانەوە کەڵکێ وەرگرنو سەرەنجام ئەو هەلومەرجە دەرفەتێکی لەبار بۆ رزگارکردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران دەرەخسێنێ.

دوەم- دەوڵەتی تورکیا بەشێکی بەشداربوانی کۆبونەوەی نوێنەرانی خێڵەکانی بەهۆی شێخ فەهیمەوە فریو دا بوو. دەوڵەت بەپارە شێخ فەهیمی هان دابوو فشار بخاتە سەر بەشداربوانی کۆنگرە

بۆ ئەوەی دەست بەکوشتنی ئەرمەنەکانی کوردستان بکەنو پاشان بادەنەوە سەر دەوڵەتی ئێرانو شەڕی پێ بفرۆشن. شێخ فەهیم دەیویست کورد بەرداتە گیانی ئەرمەنو بەم جۆرە شەڕی لاوەکی هەڵگیرسێنیو جولانەوەکە لەشاڕێی ئاسایی خۆی لادا، بەڵام شێخ عوبەیدوڵلا تەگەرەی لەهەڵویستەکانی داو نەیهێشت بەهیچ جۆرێک ئەو چەشنە پێشنیارانە لەکۆنگرەدا باس بکرێن، چونکە بەبڕوای ئەو خۆش کردنی ئاگری دوژمنایەتیی کوردو ئەرمەن هێزی پێشمەرگە لاواز دەکا. کۆنگرەکە لەفیتی پیلانەکە هۆشیار بوو. بۆ ئەوەی مەسەلەکە لەبیری هەڵخەڵەتاوەکان بەرێتەوە، بڕیاری دا شۆڕش لەئێرانەوە دەست پێ بکاو هەمو بەشداربوانی کۆنگرە بەبێ جیاوازی بخرێنە گەڕو هەر یەکێ لەئاستی خۆیەوە ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکا.

سێیەم- بەرپاکردنی شۆڕش لەئێراندا مەسەلەی دابین کردنی ئازوخەی هێزی پێشمەرگەی ئاسانتر دەکرد، چونکە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران ناوچەی بەپیتو دەوڵەمەند بونو بەرزگارکردنی ئەو خێرو بێرە هێزی پێشمەرگە هەموو پێداویستییەکانی خۆی بۆ شەڕکردن لەگەڵ دوژمنی سەرەکیو بەهێزدا واتە دەوڵەتی تورکیا دابین دەکرد.[٧١]

شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی لەو بڕوایەدا بوو کەدوژمنایەتیی کوردو ئەرمەن لەقازانجی دوژمناندایەو قازانجی کوردی تێدا نیە، بۆیە ویستی دۆستایەتیی کوردو ئەرمەن پتەو بکاو هەر چی ناکۆکی هەیە لەنێوان کوردو ئەرمەندا بەشێوەیەکی هێمنانە چارەسەر بکا. ئەو یەکێ لەئەرمەنەکانی- کەناوی سیمیۆن یاکۆ فلۆویچ گیلیکارۆف- بوو بەوەزیری کاروباری دەرەوە دانا.

شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی لەو بڕوایەدا بوو کەبۆ جۆشدانی تێکڕای چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەخەباتدا دژی تورکیاو ئێران، دەبێ بەریکوپێکترین شێوە لەئیسلامەتی کەڵک وەربگیرێ بەتایبەتی کەلەو کاتەدا ئیسلام نفوزێکی زۆری لەکۆمەڵدا هەبو. شێخ کەڵکی لەئیسلامەتی وەرگرتو لەوتارەکەیدا تورکەکانی بەزۆردارو خوانەناسو فارسەکانی بەدوژمنانی ئاینی ئیسلام ناوبرد. ئامانجی شێخ لەو کارەدا یەکخستنی کوردو هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی رزگاریخوازی بوو، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کاریکی وای کردوە بەشێکی زۆری مێژونوسو رۆژهەڵاتناسەکان شێخ بەکۆنەپەرست بزانن‌و جولانەوەکە بەجولانەوەیەکی ئاینی - کۆنەپەرست بدەنە قەڵەم. ئەم تۆمەتانە بەهیچ شێوەیەک راست نین چونکە بۆ شیکردنەوەی هەر روداوێک دەبێ گرنگی نەک بەدیوی دەرەوەی بەڵکو بەدیوی ناوەوەی بدرێ. ئامانجی جولانەوەکە رزگارکردنی کوردستان بو لەستەمی تورکو ئێرانی‌یەکان. لەم بارەیەوە ئاراکیلیان لەوتارەکەیدا ((کوردەکانی ئێران)) نوسیویەتی ((ئەگەر بەشێوەیەکی ریکوپێک لەنزیکەوە لەهۆکانی بەرپابونی شۆڕشی کوردو هەڵمەتەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی بکۆڵرێتەوە، ئەو کاتە من بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو کەسانەدا نیم کەپێیان وایە شۆڕشەکە شۆڕشێکی ئاینی‌یەو کوردەکان سوننەن‌و رقیان لەفارسی شیعەو فەلەکانە. بەگشتی، بەپشت بەستن بەو هەواڵە بڕوا پێکراوانەی پێم گەیشتون پێم وایە شێخ عوبەیدوڵڵا فەلە ئەرمەن‌و ئاسوری‌یەکانی نەچەوساندۆتەوە)).

ئەمەش دەقی وتارەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی‌یە کەلەکۆنگرەی نوێنەرانی خێڵەکاندا خوێندۆیەتی‌یەوە:

((٥٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئیمپەراتوریی عوسمانی دامەزرا. عوسمانی‌یەکان بەنارەوایی هاتنە سەر کار، دوای ٤٠٠ - ٥٠٠ ساڵ دەوڵەتی عوسمانی لەرێی ئسلامەتی لایداو رێگای خوانەناسی‌ی گرتەبەر، لەوساوە لاوازو بێدەسەڵاتەو تا دێت لەروخانو هەرەس هێنان نزیک دەبێتەوە. ئەم هەرەس هێنانە بەئەندازەیەک خێرا دێتە پێش کەئیتر کەس گومانی لەوەدا نیە کەئیمپەراتۆریەت بەم زوانە تیا دەچێ. رۆڵە ئازیزەکانم با گوێ بۆ ئامۆژگاری‌یەکانی باوباپیرانمان شل کەین‌و چیتر سەر بۆ ستەم‌و چەوسانەوەی تورکە خوانەناسەکان شۆڕ نەکەین، نەک هەر ئێمەی کوردی تورکیای عوسمانی بەڵکو کوردی ئێرانیش دەبێ لەم دو دەوڵەتە کەتەگەرە لەپێشکەوتنمان دەدەن، رزگاری بێ. باپیرانمان داواکارن هەمومان لەپێناوی ئاین‌و رزگاریی نیشتماندا تێ بکۆشین، بلیمەت‌و زانایان وتویانە: کەڵک وەرگرتن لەبارودۆخی لەبار ژیری‌و زیرەکی‌یە. ئەمرۆ فارسەکان بەشەڕی تورکمانەکانەوە خەریکن‌و هەمو هێزەکانیان بۆ شەڕ ناردوە، کەواتە ئەمرۆ هەلومەرجی هەڵگیرساندنی جوڵانەوەیەک دژی دەوڵەتی ئێران زۆر لەبارو گونجاوە. دەبێ ئەوەش بزانین کەئەگەر فارسەکان بەشەڕیشەوە خەریک نەبونایە ئێمە هەر لێیان نەدەترساین چونکە فارسەکان ئەوپەڕی پێیان بکرێ لەسەد هەزار شەرکەر زیاتریان پێ کۆ ناکرێتەوە، جارێ زیاتر لەنیوەی ئەو شەرکەرانە برا کوردەکانی خۆمانن کەلەژێر چەپۆکی دەوڵەتی ئێراندان‌و بەنۆرەی خۆیان هەمان هەستی ئێمەیان هەیە.

لێرەدا لەبەر ئەوەی بەشێکی بەپیت‌و دەوڵەمەندی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئێراندایە، ئێمە لەسەرەتادا دژی دوژمنی بێ هێز جوڵانەوەکە بەرپا دەکەین‌و لەئەنجامدا دەتوانین براکانمان‌و وڵاتە

هەرە بەپیتو دەوڵەمەندەکەیان رزگار بکەین. ئەوەش کارێکی وا دەکا سەرچاوەیەکی گرنگمان چنگ بکەوێ. دەتوانین بەم سەرچاوەیە لەشەڕدا دژی دوژمنی دوەمو بەهێز، واتە تورکە عوسمانییەکان، پشت ئەستور بین.

بەڵام ئەگەر هەر بەکێوەکانی خۆمان پشت ئەستور بوین، ئەوا ناتوانین مەسەلەی ئازوخە دابین کەین. ئایا هەڵویستی ئێوە لەم بارەیەوە چیە؟ ئایا ئێوە ئامادەن رێبازی بەرەو پێشەوە چون بگرنە بەر؟ ئەگەر لەم بارەیەوە هیچ شتێکتان هەیە، تکایە بفەرمون)) [٧٢].

لێرەدا هەمو بەشداربوانی کۆنگرەی نوێنەرانی خێڵە کوردەکان بەتێکڕای دەنگ ئامادەیی خۆیان بۆ خەباتو گیانبازی لەپێناوی رزگاریی کوردستاندا پیشان دا.

دوای تەواوبونی کۆنگرەو داڕشتنی نەخشەی کارکردن، شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشی دەرکرد. پێشمەرگە لەماوەیەکی کەمدا ورمێو ناوچەی موکریانیان بەئاسانی لەدەوڵەتی ئێران سەندەوە. لەهەمو ناوچە رزگارکراوەکاندا دەزگای تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ دامەزرا. بەڕێوەبەرانی دەزگاکان کورد بون.

لەو کاتەدا ژمارەی پێشمەرگە لەدە هەزار پێشمەرگە زیاتر بوو [٧٣]. دەوڵەتی ئێران بۆ لێدانی پێشمەرگە سوپایەکی بیست هەزار کەسیی خستە گەڕ. بەپشت بەستن بەرەزامەندیی دەوڵەتی ئێران، دەوڵەتی تورکیا بۆ سەرکوت کردنی کوردە راپەڕیوەکان سوپای خۆی خستە گەڕ. هەردو سوپاکە ئابلۆقەی پێشمەرگەیان دا. سوپای ئێران لەهەمو شەڕەکاندا شکا، بەتایبەتی کەهێزی پێشمەرگە شارەکانی ورمێ، خوی، شنۆ، میاندواو، مەراغە، مەهاباد، شار وێرانو هی تری

رزگارکردو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی ناوچە رزگارکراوەکان دەزگای تایبەتی پێکەوەنا. کاتێک هێزی پێشمەرگە هەڕەشەی لەتەوریز کرد، تەنگەتاویی دەوڵەتی شای ئێران گەیشتە رادەیەک هاواری بردە بەر دو دەوڵەتی روسیاو ئنگلیزو بۆ بڵاوە پێ کردنی جوڵانەوەی کورد داوای یارمەتیو پشتگیریی لێ کردن. تزاری روس هات بەدەنگ بانگەوازی شاوەو بۆ ئەوەی جوڵانەوەکە لەچوارچێوەی خۆی نەترازێو ناوچەی تر نەگرێتەوە، سوپای روسیای لەسەر سنور مۆڵ دا. لەئەنجامدا کوردستان وەک قەڵەمڕەوێکی داخراو بۆ هەر سێ سوپاکەی ئێرانو تورکیاو روسیای تزاری مایەوە. شەڕ لەوپەڕی گەرمیو تینو تاودا بوو. پێکاهەڵپژانی خوێناوی لەنێوان سوپای ئێران بەپشتگیریی جاشە دەرەبەگەکانی ئێران بەسەرکردایەتی تەیمور خانی سەرداری ماکۆو نێوان هێزی پێشمەرگە رویدا. دوای ئەو شەڕانە شێخ عوبەیدوڵڵا ناچار بوو ڕو بکاتە کێوە سەختەکانی کوردستان.

ساڵی ١٨٨١ دوای وتوویژو کۆششێکی زۆر، دەوڵەتی روسیای تزاریو دەوڵەتی ئنگلیز شێخ عوبەیدوڵڵایان گەیاندە ئەو بڕوایەی کەپێویستە لەرێگای وتوویژەوە چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە شێخ سەردانی ئیستانبولی کرد، بەڵام دەوڵەتی تورک لەبریتی ئەوەی وتوویژی لەگەڵدا بکا، گرتیو زیندانی کرد. شێخ ساڵێک لەزیندان مایەوە، تا هەلێکی بۆ هەڵکەوتو لەرێگای کافکاسەوە روی کردە کوردستان، بەڵام هەردو دەوڵەتی تورکیاو ئێران دەرفەتێکی وایان پێ نەدا کەبتوانێ بەرێکوپێکی پەیوەندی بەلایەنگرانییەوە بکاو سەر لەنوێ رێکیان خاتەوە. ساڵی

١٨٨٢ شێخ دیسانەوە گیراو ئەم جارە لەگەڵ سەد خێزانی کورد بۆ حیجاز دورخرایەوە، ساڵی ١٨٨٨ شێخ کۆچی دوایی‌ی کرد.

لەساڵی ١٨٣٩دا دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بەگەڕانەوەی خێزانی شێخ عوبەیدوڵلاو شێخ عەبدولقادر لاری‌ی نەبو بەمەرجێک لەئیستانبول جێگیر بن. لەساڵی ١٩٢٥دا شێخ عەبدولقادر (کەگەورەترین کوڕانی شێخ عوبەیدوڵلا بوو) گیراو دەوڵەتی تورکیا بەتاوانی سەرۆکایەتی کردنی کۆمەڵی تەعالی‌ی کوردستان لەسێدارەی دا.

کورتەی باس، هەندێ مێژونوس‌و رۆژهەلاتناس جولانەوەکەی شێخ عوبەیدوڵلا شەمزینی بەشێوەیەکی نادروست شی دەکەنەوە گوایە دەسکردی تورک‌و ئنگلیزو گوایە جولانەوەیەکی ئاینی‌ی کۆنەپەرست بوەو پەیوەندی‌ی بەجولانەوە ئاینی‌یەکەی شاملەوە هەبوە کەلەکافکاس دژی تزاری روسیا بەرپا بوە. لەسەرێکی ترەوە جولانەوەکە بەجولانەوەی رێگرو چەتەو پیاوکوژان دادەنێن گوایە بەمەبەستی دژایەتی کردنی فەلەو روس هەڵگیرساوە.

بێ گومان ئەوان بۆ پاساودانی سیاسەتی کوشتوبڕی دوژمنانی کورد ئەو درۆو دەلەسانە بلاو دەکەنەوەو هەر چی دژی جولانەوەکە وتراوە راست نیە، جارێ:

یەکەم- جولانەوە رزگاریخوازی‌یەکەی ساڵی ١٨٨٠ نمونەیەکی زیندوی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستانە کەئامانجەکەی رزگارکردنی کوردستان بوە لەستەمی تورکیاو ئێران. ئەم جولانەوەیە نەک تەنها بەفیتی تورکیاو ئنگلیز بەرپا نەبوە بەڵکو بەپێچەوانەوە دژی تورکیا بوە، ئەمەش بەرونی لەوتارەکەی شێخ عوبەیدوڵلادا دەردەکەوێ.

دووەم- جولاّنەوەکــە پــەیوەندیی بــەهیچ جولاّنەوەیــەکێ یــا بیروباوەڕێکی ئاینی‌یەوە نەبوەو ئەوانـەی دەڵـێن گوایـە پـەیوەندیی بەجولاّنەوە ئاینی‌یەکەی شاملەوە هەبوە کە لەکافکاسیا دژی تـزاری روسیا بەرپا بوە، راست ناکـەن. ئـەو پرۆپـاگەندەیە هـەر لەبنچینـەدا راسـت نیـە چونکـە جولاّنـەوە ئاینی‌یەکـەی شـامل لـەژێر دروشمـی پارێزگاری لەئیسلامەتی‌و دژی دەوڵـەتێکی نائیسلامی هەڵگیرساوە، بـەلاّم جولاّنـەوەی کـورد لـەژێر دروشمـی رزگـاریی کوردسـتان‌و جیابونەوە لـەدو دەوڵـەتی تورکیـاو ئێـران کەهـەردوکیان موسـڵمانن بەرپا بوو. بێ‌گومان شێخ عوبەیدوڵلا لایەنگری بەرپاکردنی شەڕێکی ئاینی دژی روسـیا نـەبوەو ئـەوەی لـەم بارەیـەوە هەنـدێ مێژونـوس‌و رۆژهەلاّتناس بلاّویان کردوەتەوە راست نیە. بەپێچەوانەوە تزاری روس بۆ پشتگیری کردنی هەردو دەوڵەتی ئسلامی‌ی تورکیاو ئێران‌و بلاّوە پێ کردنی جولاّنەوەی کورد، لەسەر سنور سەربازی مۆڵ دا.

سێیەم ـ نە شـێخ عوبەیـدوڵلاو نـە پێشـمەرگەکانی دزو جـەردە و چەتــە و رێگــر وپــیاوکوژ بــون . هــەر وەکێ بۆمــان دەرکـەوت لــەو جولاّنەوەیـەدا نـەکێ تـەنها کـورد بـەڵکو ئەرمـەن وئاسـوری‌یەکانیش بەشدار بون .

بێجگــە لەوانــەی لەگورەپــانی شــەڕدا کــوژراون، پێشــمەرگەکان دەسیان نەچووە خوێنی کەسی تر و هەرگیز نەیانویستوە دانیشـتوانی هیچ ناوچەیەکێ لەناوبەرن چونکە بەپێچەوانەی پرۆپـاگەندەی هـەنـدێ مێژوونووسەوە ـ ئامانجی جولاّنەوەکـە رزگـاریی کوردسـتان بـووە نەکێ لەناوبردنی خـەڵکی ئـەم یـا ئـەو ناوچەیـە، بەتایبـەتی کەشـێخ عوبەیـدوڵلا پـیاوێکی ئاینپـەروەر بـووەو بـەهیچ شـێوەیەکێ رێگـای

بەپێشمەرگەکانی نەداوە بەخوتوخۆڕایی پەلاماری خەڵکی بێ تاوان بدەن و بیانکوژن .

چوارەم : هەندێ مێژوونوس پێی وایە دارودەستەی شێخ چەند هەزار کەسێک دەبون کەزۆربەیان چەقۆکێش، وپیاوکوژ وملهوڕ بون. ئەو مێژوونووسانە بڵاوی دەکەنەوە گوایە گەلی کورد پشتگیریی جوڵانەوەکەی نەکردوە .

جوڵانەوەکە بەوەی کە لەماوەیەکی کەمدا بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی تەنییەوە و بەوەی کەپێشمەرگەکان بەبێ خوێن رشتن بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیان ڕزگار کرد، ئەو چەشنە بۆچونانە بەتاڵ دەکاتەوە. لەبەر ئەوە دەبینین خەڵکی ناوچە ڕزگارکراوەکان نەک هەر دژی جوڵانەوەکە نەبوون بەڵکو بەهەمو شێوەیەک پشتگیرییان کردو چونە ڕیزیەوە.

بێ گومان ئامانجی جوڵانەوەکەو ئامانجی شێخ عوبەیدوڵڵا داگیر کردنی سەرانسەری ئێران یاخود تورکیا نەبوە گوایە خەڵکەکە لەئیسلامەتی لایان داوە، بەڵکو ئامانجەکەی وەک لەوتارەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا دەردەکەوێ، رزگاریی کوردستان بوەو هیچی تر. لەسەرێکی ترەوە شێخ عوبەیدوڵڵا نەیویستوە جوڵانەوەکە لەسنوری کوردستان بترازێ و وڵاتی تر بگرێتەوە[٧٤] .

کورتەی باس، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان کەخۆی لەڕاپەرینی چەکدارانەدا دەنوێنێ لەناوەڕۆکدا جوڵانەوەیەکی نەتەوەییی رزگاریخوازییە. لەو جوڵانەوەیەدا لەدروشم وبەرنامەو تاکتیکەکاندا هەندێ هەڵەو کەم وکوڕی بەدی دەکرێ. لەسەرێکی ترەوە لەو قۆناخەی مێژوودا حزبی سیاسی ڕابەرایەتیی جوڵانەوەکەی نەکردوە بەڵکو چەند رابەر وکەسایەتیکی ناسراو ئەرکی سەرکردایەتیی

جولانەوەکانیان گرتۆتە ئەستۆ، چارەنووسی جولانەوەکان بەمانەوەی ڕابەرەکانی‌یەوە بەسترابۆوە .

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا چاویان بڕیبوە دوو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو نزیکێ.

پێشبرکێی ئەو دەوڵەتانە بۆ پەیدا کردنی نەوت دەستی پێ کردو کوردستانیشی گرتەوە چونکە کوردستان دەوڵەمەندترین ناوچە پترۆڵی‌یەکانی ڕۆژهەلات بوو. ململانێ‌یەکی توندوتیژ لەنێوان دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی ئەڵمانیا وئینگلیز وروسیای تزاری بۆ کۆنترۆڵ کردنی کوردستان کەوتە گەڕ .لەو کاتەدا چارەنووسی دەوڵەتی عوسمانی مەسەلەی ڕۆژ بوو.

گەشەکردنی نفوزی ئەڵمانیە لەئاسیای پێشەوەدا، لەساڵی ١٩٠٧دا بوە هۆی دابەش کردنی ئێران لەنێوان ئینگلیز وروسەکاندا . تورکیا لەسالانی ١٩٠٥ـ ١٩٠٧ دا بەپشت بەستن بەیارمەتی‌ی کاریگەرانەی ئەڵمانیا توانی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران داگیر بکا.

شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ی روسیاو خەباتی کۆڵنەدەرانەی گەلانی روسیا دژی ڕژێمی تزار ناوچەکەی هێنایە جۆش وخرۆش و ورەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ستەمکێشی ڕۆژهەلاتی بەرز کردەوە. لینین لەم بارەیەوە نوسیویەتی ((دوای شۆڕشەکەی روسیا شۆڕشی دیموکراتی هەموو ئاسیای گرتەوە ـ تورکیا ـ ئێران ـ چین ..)). ئەو پێی وابو سەرمایەداری‌ی جیهانی‌و شۆڕشی ١٩٠٥ی روسیا هەوێنی بەئاگابونی یەکجارەکی‌ی هەموو ڕۆژهەلاتە و سەدان چەوساوە وڕێنەی سەدە ناوەڕاستەکانیان خستۆتە لاوەو لەپێناوی ژیاتێکی نوێ‌و هێنانە کایەی دیموکراسی‌دا تێ دەکۆشن.

ئەوی ڕاستی بێ شۆڕشی ساڵی ۱۹۰۵ی روسیا زۆر کاری کردە سەر جوڵانەوەی پێشکەوتنخوازی گەلی کورد. لەم بارەیەوە گیرکۆڤی کۆنسوڵی گشتیی روس لەشارۆچکەی خوی نوسیویەتی ((کاتێک بازرگانە کوردەکان ویاریدەدەرەکانیان لەڕوناکبیرە کوردەکان بۆ سەردانی فرۆشگای ماکاریۆف، دەهاتن بۆ نێزنی نۆڤکۆرۆد، چاویان بەدیموکرات و سەربازە روسەکان دەکەوت، ئەوانیش بەنۆرەی خۆیان گرنگترین ڕووداوەکانی شۆڕشی ساڵی ۱۹۰۵ ی روسیایان بۆ دەگێڕانەوە)).

دەستە پێشکەوتنخوازەکانی کومەڵی کورد، واتە ڕۆشنبیران، خوێندکاران، لاوان، ئەفسەران، فەرمانبەران، بازرگانەکان و سەرانی خێڵەکانو هی تر بەشێوەیەکی کاریگەرانە لەبزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی گەلانی دوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ونزیکدا بەشداری‌یان کرد .

ڕۆژنامە وگۆڤارە کوردی‌یەکانی ئیستانبول، قاهیرە، ژنێڤو هی تر چەند بانگەوازێکیان بۆ گەلی کورد بڵاوکردەوەو داوایان لێ کرد لەپێناوی مافە نەتەوەیی‌یەکانی‌دا تێ بکۆشێ.

کوردەکان شان بەشانی عەرەب ، ئەلبان، باسناک، ئەرمەنو هی تر لەپێکەوەنانی کۆمەڵی ((ئیتیحادو تەرەقی))دا بەچەشنێکی کاریگەرانە بەشدار بون بەڵام پاشان بۆ ڕابەرانی کورد و هەروا بۆ نوێنەرانی گەلانی تر کەلەکۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقیدا ئەندام بون دەرکەوت کە ((عوسمانیزم بریتیە لە زەوت کردنی مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلانی ئیمپراتۆریەت))[۷۵].

لەم بارەیەوە لاهوتی نوسیویەتی((سیاسەتی شۆڤینیستیو پان تورکیستیی لاوانی تورک (زۆن تورک) بوە هۆی سەردەرهێنانی

نەتەوایەتی‌ی توندڕەوو پەیدابونی جولانەوەی لاوانی کورد ، هەروا لەهەمان کاتدا لەناو عەرب‌و ئەرنەئوت‌و گەلانی تری ئیمپراتۆریەتی تورکیادا ڕەنگدانەوەیەکی نەتەوەیی‌ی چەواشەی هەبو))[٧٦] .

لەئەنجامدا زۆربەی سەرکردە ناتورکەکان (بەسەرکردە کوردەکانیشەوە) لەکۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی هاتنە دەرێ‌و ڕێکخراوی سیاسی‌ی خۆیان پێک هێنا. ئەو ڕێکخراوانە بونە پێشەنگی خەباتی ئەو گەلانە لەپێناوی سەندنەوەی مافە نەتەوایەتی‌یەکانیاندا.

ساڵی ١٩٠٨ کۆمەڵی تەعالی‌و تەرەقی بەسەرکردایەتی‌ی شێخ عەبدولقادر گەیلانی، ئەمین عالی بەدر خان، جەنراڵ شەریف پاشاو هی تر لەو کەسانەی کەجاران ئەندامی کۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی‌و نوێنەری لاوە خوێن گەرمەکانی زانکۆکانی ئیستانبول‌و قاهیرەو ئامۆژگا بالاکانی ئەوروپا بون، پێکەوە نرا. پاشان لەساڵی ١٩١٠دا ڕێکخراوی هێڤی کە ڕێکخراوێکی نیمچە ژێرزەمینی‌ی خوێندکارە کوردەکان بوو بەدەستپێشخەری‌ی هەندێ تێکۆشەر پێک هات.

ئەو ڕێکخراوانە چەندان گۆڤارو ڕۆژنامەی وەک هێڤی کورد ، ڕۆژی کورد ، هەتاوی کورد ، وێکبون، ژین، کوردستان‌و هی تریان بەزمانی کوردی دەرکردو هەموویان داوای کوردستانێکی سەربەخۆیان دەکردو هەندێکیان شوێنەواری باش‌و بەکەڵکیان لەپاش خۆیان بەجێ هێشت.

لەکاتی بەرپابونی شۆڕشی کەمالیستی‌دا کوردەکان بەکردەوە سەلماندیان کەدژی بێگانەکان پشتگیریی شۆڕشی تورکیا دەکەن. لەکۆنگرەی رابەرانی جولانەوەی نیشتمانی‌ی کوردستاندا کەهاوزەمان لەگەڵ کۆنگرەی ((دیفاع لەهەق))ی کەمالیستەکاندا بەسترا، بڕیار درا پشتیوانی لەجولانەوەی کەمالیستی بکرێ‌و پەیوەندی‌ی پتەو

لەگەڵ جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی گەلی تورکدا دابمەزرێنرێ. بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە، لەشکرێکی کوردی کەپاشان زۆربەی سوپای تورکیای پێکهێنا بەمەبەستی شەڕکردن لەگەڵ ئینگلیزو فەرەنسییەکانو یۆنانەکاندا لەخێڵە کوردەکان پێکەوەنرا.

لەلایەکی ترەوە کورد بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەشداریی لەشۆڕشی ١٩٠٥- ١٩١١ی ئێراندا کرد. لەهەموو شارەکانی کوردستانی ئێراندا وەکێ کرماشان، مەهاباد، سەقزو هیتر ئەنجومەنی شۆڕشگێڕانە پێکەوەنرا. ئەو ئەنجومەنانە بەشێوەیەکی توندو سفت دەستکەوتە دیموکراتییەکانی شۆڕشیان پاراستو لەگەڵ زەوتکەرە تورکەکاندا کەبەشێکی ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیان داگیر کردبو بەشەڕ هاتن.

ئەنجومەنی شۆڕشگێر بۆ پەروەردە کردنی تێکڕای گەلی کورد فێرگەیەکی سیاسی بوو. جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان لەسەردەمی تەوژمی شۆڕشگێرانەی ساڵی ١٩٠٧دا پەرەی سەندو لەگەڵ جولانەوە پێشکەوتنخوازییەکانی تورکیاو ئێراندا پەیوەندیی تێکوشەرانەی دامەزراند. بەڵام پاشان لەئەنجامی هەڵوێستی شۆڤێنیستیی نەتەوەپەرستە تورکو فارسەکاندا کەرابەرایەتی کردنی جولانەوەی ئەو گەلانەیان لەئەستۆدا بوو و بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی پان تورکیزمو پان ئێرانیزم کاریان دەکردو بەهیچ شێوەیەکێ گرنگییان بەداخوازیو مافە نەتەوەییەکانی گەلانی تری دەوڵەت نەدەدا، دەبینین جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردو جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی گەلانی تری ناتورکو نافارس بەرگی جیاخوازی لەبەر دەکەنو لەپێناوی رزگاریی یەکجارەکی

لەســـتەمی ئێـــران‌و تورکیـــاو پـــێکەوەنانی دەوڵـــەتی نەتـــەوەیی‌ی سەربەخۆدا تێدەکۆشن.

لێـــرەدا قۆنـــاغێکی نـــوێی جوڵانـــەوەی رزگـــاری‌ی نیشـــتمانی‌ی کوردستان دەست پێ دەکا کەتێیدا چەندان حزبـی سیاسـی‌ی نهێنـی‌و نیمچە نهێنی رابەرایەتی‌ی خەبات دەکەن، لەژێر ئالاکەیانـدا زۆربـەی دەستە پێشکەوتنخوازەکانی گەل کۆ دەکەنەوەو لەپـێناوی رزگـاری‌ی نەتەوەیی‌دا تێدەکۆشن. جوتیاران هێزی سـەرەکی‌و بزوێنـەری هـەموو جوڵانەوەکان بون.

لەســـاڵی ١٩١٣دا عەبـــدولرەزاق بـــەگ کۆمـــەڵی جیهانـــدانی‌ی پێکهێنا کە ئامانجەکەی بەرزکردنەوەی ئاستی سیاسی‌و کـەلتوری‌ی گەلی کورد بوو. بێجگە لەکۆمەڵی جیهاندانی چەند رێکخراوێکی تر لە کوردستاندا دامەزران.

ئەو رێکخراوە سیاسی‌یانە گەلی کوردیان هێنایە جـۆش‌و خـرۆش‌و ئـــالای تێکۆشـــانیان دژی داگیرکـــەران بـــەرزکردەوە. بانگـــەوازو پرۆپاگەندەکانی ئـەو رێکخـراوە سیاسـی‌یانە زۆر کاریـان کـردە سـەر چینە چەوساوەکانی کۆمـەڵی کـوردو ئاسـتی‌و هۆشـیاری‌ی سیاسـی‌و کەلتوری‌ی گـەلیان بـەرزکردەوە. لەسـالانی پـێش بەرپـابونی جـەنگی یەکەمی جیهاندا کوردستان ناوچەیەکی گڕگرتوو و ئاگردانی شۆڕشـی رۆژهەڵات بوو. ئەگەر هەر ساڵی ١٩١٤ بەنموونە وەرگرین، دەبینین راپەڕینی چەکدارانە بتلیس، وان، دێرسیم‌و دیاربـەکری گرتۆتـەوەو لـە ئەنجام‌دا تورکیا درەنگ لەجەنگی یەکەمی جیهاندا بەشداری‌ی کرد.

## کۆبەند

١- گەلی کورد، کەیەکێکە لەدێرینترین گەلانی دو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکئو ئەمڕۆ لەسەر خاکی کوردستاندا دەژی، یەکێکە لەگەلانی ئاری نژادو سەر بەنەتەوە هێندۆ ئەوروپاییەکانە.

٢- گەلی کورد بەشێوەی میرنشینو دەوڵەتی سەربەخۆ ژیانێکی سەربەخۆی بردۆتە سەر.

٣- لەسەدەی دەیەمو یانزەهەمدا پەیوەندیی دەرەبەگایەتی لەکوردستاندا سەری دەرهێناو وردە وردە گەشەی کرد. لەکۆتاییی سەدەی هەژدەهەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا دەرەبەگایەتیو پەیوەندییە دەرەبەگییەکان پێیان نایە باڵاترین قۆناغی پێگەیشتنو خەملینەوە.

٤- لەکۆتاییی سەدەی پانزەهەمو سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا نفوزی تورکیاو ئێران لەسەرەتادا بەشێوەیەکی ئاشتییانەو پاشان بەزەبری چەکئ خۆی لەکوردستاندا جێگیر کرد. بەگەشەکردنی نفوزی هەردو دەوڵەت، میرنشینە دەرەبەگە کوردەکان یەکئ لەدوای یەکئ سەربەخۆییی خۆیان لەدەستدا.

گەلی کورد کەوتە بەر پەلاماری تورکیاو ئێران کەتەنها لە سەدەی نۆزدەهەمدا توانییان سەرتاسەری کوردستان کۆنترۆڵ بکەن. لەو کاتەوە خەباتی درێژخایانو پڕ لەناسۆری گەلی کورد لەپێناوی ڕزگاریدا دەستی پێ کردوەو تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە.

٥- سەرمایەداری لەکوردستاندا — وەکئ هەموو وڵاتانی دو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکئ — لەهەناوی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا و لەئەنجامی هاتنی سەرمایەی بێگانە بۆ کوردستان، پەیدا بوە.

بە پەیدابونی سەرمایەداری، کریٚ گرتەیی‌و چینی بورژوازی سەری دەرهێنا.

٦- بە چەکەرەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا جوڵانەوەی نەتەوەیی‌ی رزگاریخوازی گەلی کورد پەیدا بوو، لەبەر ئەوە خەباتو راپەرینە چەکداری‌یەکانی سەدەی نۆزدەهەم جوڵانەوەی دەرەبەگی‌و ئاینی‌و دژی گەل نین — هەروەکێ هەندیٚ دەڵێن — بەڵکو خەباتی نەتەوەیی‌و جوڵانەوەی رزگاریخوازو زادەی بەرەو پێشەوە چونی کۆمەڵایەتین.

مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نیشتمانی‌یە، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لەئەنجامی سیاسەتی کوشتوبڕی دو دەوڵەتی ئێرانو تورکیادا سەری هەڵداوە. ئەم مەسەلەیە تا ئەمڕۆ بەچارەسەرنەکراوی هەڵپەسێردراوە.

٨- قۆناغی یەکەمی مێژوی خەباتی گەلی کورد لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پیٚ دەکا تا هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهان. لەو قۆناغەدا ئەم هەڵەو کەمو کوڕی‌یانە بەدی دەکریٚ:

ا- جوتیاران، کەبزوێنەری هەمو جوڵانەوەیەکی نەتەوایەتی بون، بەگرانی سەریان لەئامانجو ئاواتی شۆڕش دەردەکردو هیچ چارەسەرێکیان بۆ مەسەلەی ریفۆرمی زەوی لەشۆڕش بەدی نەدەکرد.

ب- جوڵانەوەکانی ئەو قۆناغە لەژێر ئالای حیزبو رێکخراوی سیاسی نەبون بەڵکو بەسەرکردایەتی‌ی چەند کەسێکێ بون کەئەگەر لەهەڵەو کەموکوڕی‌یەکانیان وردبینەوە بەرونی بۆمان دەردەکەویٚ کە سەرکردەی لێوەشاوەو کارامە نەبونو سەریان لە کاروباری سیاسەت دەرنەدەچو.

ج- سەرکردایەتی کردنی جولانەوەیەکی ئالۆزی وەک جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن کەسانێکی دەسەلاتدارو ناودارەوە نەیتوانیوەو ناتوانێ دەستەبەری ئەوە بێ کەئەو کەسانە — هەرچەند دەسەلاتدارو خاوەن نفوز بن — توشی هەڵەو کەموکوڕی نابن. بێ گومان ئەگەر جولانەوەکە توشی نوچدانو هەڵدێر بوو یاخود لەشارێی ئاسایی خۆی لایدا، ئەوا هەموو ئەو دیاردانە رەنگدانەوەی هەڵسوکەوتی ئەوان دەبن.

د- جولانەوەکانی ئەو قۆناغە بەرادەیەک رەنگی نەتەوەیی لەخۆیان دەدەن، هەر چی بەرژەوەندیی کەمە نەتەوەکانی کوردستانە فەرامۆش دەکەن.

هـ — بە لەدەستدانی رابەر، جوتیارە کوردەکان ئەژنۆیان دەشکاو جولانەوەکەیان دادەمرکایەوە.

و- دوژمنایەتیی خێڵەکیو گیانی تۆڵەسەندنەوە هێزەکانی گەلی هەراسان کردو لەمەسەلەی یەکگرتنی کورد لەژێر ئالای خەباتی نەتەوەییی یەکگرتودا نەخشێکی زیانبەخشی هەبوو.

١٣٤

# بەشی دووەم

## کوردستان لەنێوان هەردوو جەنگدا

## ١-كوردستان له سالانی جه نگی یه که می جیهاندا

بەرەو پێشەوە چونی سەرمایەداری لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کارێکی وای کرد وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەڵمانیا پێش دەوڵەتە سەرمایەدارە دێرینەکانی بریتانیاو فەرەنسا بکەون، ئەوەش جێگای نەفرەتی زۆرتری ئەو دو دەوڵەتە بوو بەتایبەتی کەبریتانیا پایەی پیشەسازیی جارانی خۆی لەدەسدا بوو. هەمو ئەو گۆڕانکاریيانە بونە هەوێنی پێکاهەڵپژانی دەوڵەتە ئیمپریالیستە سەرەکیيەکان بۆ سەرلەنوێ دابەش کردنەوەی جیهان هەم لەڕوی سیاسیيەوەو هەم لەڕوی ئابوریيەوە. ئامانجی ئەو ململانێیە بریتی بوو لەپەیدا کردنی کۆلۆن، کۆنترۆڵ کردنی کانگاکانی کەرەستەی خاوو دابین کردنی بازاڕی ساخ کردنەوەی کاڵای بازرگانی. ناکۆکیيەکان بە ئەندازەیەکێ توندوتیژ بون هەر یەکێ لەو دەوڵەتانە خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکردو بەم چەشنە خۆسازدان بۆ جەنگی یەکەمی جیهان هاتە گۆڕێ.

ململانێو ناکۆکیی نێوان بریتانیاو ئەڵمانیا هۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان بوو چونکە ئیمپراتۆریی بریتانیا نەکێ تەنها دەیویست کۆڵۆنەکانی ژێردەستی خۆی بپارێزێ بەڵکو هەروا دەیویست پەرە بەنفوزی جیهانیی خۆیشی بداو نفوزی جارانی خۆی زیندو بکاتەوە. ئەڵمانیاش کەتا دوێنێ لە ڕوی پەرەسەندنی پیشەسازیيەوە لەبریتانیا دواکەوتوتر بوو بەڵام توانی بوی بەماوەیەکی کەم خۆی بگرێتەوەو پێش بریتانیا بکەوێ، داواکار بوو

کۆڵۆنەکان و ناوچەکانی نفوز سەرلەنوێ دابەش بکرێنەوەو ئەویش وەک ئەوانی تر کۆڵۆن و ناوچەی نفوزی بەرکەوێ.

یەکێ لە هۆیە سەرەکی‌یەکانی ململانێو پێکادانی ئیمپریالیستەکان، نەوت بوو. لەم بارەیەوە ستالین نوسیویەتی((مەسەلەی نەوت مەسەلەی ژیانە. کێ زۆرترین نەوتی هەبێ، چارەنوسی جەنگی ئاییندە دیاری دەکا))[1].

بەگەشەکردنی نفوزی ئەڵمانیا لەوڵاتانی دو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا بریتانیاو روسیای تزاری شێتگیرانە کەوتنە بەربەرەکانێ کردنی.

کوردستانیش وەک دەوڵەمەندترین ناوچە پترۆڵی‌یەکانی وڵاتانی دو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ونزیک سەرنجی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی ڕاکێشا و کۆنترۆڵکردنی بوە یەکێ لەئامانجەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و سەرەنجام کوردستان بوە مەیدانی ململانێی توندوتیژی نێوان ئەڵمانیا، بریتانیاو روسیای تزاری. بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەو تەفرەدانی کورد سیخوڕانی ئینگلیز، ئەڵمان و ڕوس خزانە ناو کوردستانەوەو هەر یەکێکیان لاف وگەزافی ئەوەی لێ دەدا گوایە وڵاتەکەی مافی گەلان دەسەلمێنێ و لە داخوازی یەکانی گەلی کورد پشتیوانی دەکا.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا ڕەوتی ڕوداوەکان گۆڕانێکی وای بەسەر کۆمەڵی کوردەواری‌دا هێنابو لەلایەک ململانێ وناکۆکی‌ی چینایەتی، لەلایەکی تریشەوە ململانێی نێوان گەلی کوردو داگیرکەران لەوپەڕی توندوتیژی‌دا بوو. هەردو ناکۆکی بەتەنیشت یەکەوە هەمیشە لەپەرەسەندندا بون و کار گەیشتە ڕادەیەک بۆ بەلادا خستنەوەیان ڕێگای ئاشتی‌یانەو ساتوسەودا بەکەڵک

نەدەهات. لەبەر ئەوە ژمارەی هەزارانی شارو لادێ پەرەی سەندو پاشان هەمو ئەو هەزارانە پرۆلیتاری شارو لادێ(کرێکار، شوان، گاوان، سەپان، هی ترو هی تر) و بەشێکیان لۆمپنی پرۆلیتاریایان* پێکێ هێنا. لە سەرێکی ترەوە دەرەبەگەکان و بورژوازی‌یەکان کە کەوتبونە هەڵپەی خۆدەوڵەمەند کردن لە جاران دەوڵەمەندتر بون و لەسەر چەوساندنی گەلی ڕەنجدەر پێیان داگرت. لەبەر ئەوە دەبینین چەوسانەوەی چینایەتی و ستەمی نەتەوەیی لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا لەوپەڕی توندوتیژی دا بو.

پاشاگەردانی وسەرکوت کردنی بێ چەندو چۆنی کورد لەلایەن چەوسێنەران و داگیرکەرانەوە جێگای نەفرەتی زۆرتری کورد بوو و پاشان بوە هەوێنی ڕاپەڕین و جوڵانەوەی چەکداری لە سەرانسەری کوردستاندا، جوتیاران باجیان نە بە دەوڵەت و نە بە دەرەبەگەکان دەدا و سەرەنجام ناکۆکی‌یەکانی نێوان جوتیاران و دەرەبەگەکان و نێوان جوتیاران و داگیرکەران گەیشتە پلەی پێکاهەڵپژانی چەکدارانە. لەبەر ئەوە لەو قوناغەدا شۆڕش و جوڵانەوەی جوتیاری سەرتاسەری کوردستانی تەنیوەتەوە.

هەروەکێ لەمەوپێش بۆمان دەرکەوت شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ ی روسیا کاری کردە سەر جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستان و کارێکی وای کرد ئەو جوڵانەوەیە بە دروشم و ئامانجی سیاسی‌ی ڕێکوپێکترو دیموکراتیتر خۆی دەوڵەمەند بکا. لەبەهاری ١٩٠٥

---

* مەبەست لەلۆمپنی پرۆلیتاریا ئەو توێژە هەژارە پەراوێزخراوانەی کۆمەڵە کەهیچ بەرهەم ناهێنن, لەسەر ڕەنجو ماندوبونی خەڵکانی تر دەژینو ئاسەواری خراپ لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانو ئاکاری گشتی بەجێ دێڵن وەك سواڵکەرەکان, دزەکانو هی تر (وەرگێڕ).

لەکوردستانی ئێران دا جوڵانەوەیەکێ بە سەرکردایەتیی جەعفەر ئاغای شکاکێ هەڵایسا. ئەگەرچی جوڵانەوەکە دامرکایەوەو جەعفەر ئاغای شکاکێ نامەردانە کوژرا، بەڵام جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستان دوایی نەهات و زۆری پێ نەچو جوڵانەوەیەکی چەکدارانە لە ناوچەی بارزان بە سەرکردایەتیی عەبدولسەلام بارزانی هەڵایسا و بۆ دامرکاندنەوەی، دەوڵەتی تورکیا ناچار بوو هێزێکی گەورەی سوپا بخاتە گەڕو پاش سەرکوت کردنی، سەرانی جوڵانەوەکەی لە سێدارە دا*.

* شتێکی زانستییانە نیە هەر چی ململانێی کوردە لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیدا هۆکەی ببرێتەوە سەر هەستی نەتەوەیی. تێوەگلانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەململانێدا لەگەڵ کاربەدەستانی موسڵو وردترو بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ فازل پاشای والیی موسڵدا, ناچێتەوە سەر هۆی سیاسی چونکە شێخ عەبدولسەلام هەر لەبنەڕەتدا هیچ دیدێکی سیاسیی بۆ مەسەلەکان نەبووەو هێشتا هەستی نەتەوەیی بەو ئەندازەیە پەرەی نەسەندبوو کەبیر لەسەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی بکاتەوە. ئاشکرایە کە تا ئەو کاتە بیری عوسمانیزم, واتە خۆ بەعوسمانی زانی, لەهەر بیرێکی تری ناوچەکە, لەوانە بیری کوردایەتی, زاڵترو دەسڕۆتر بوو. بزوتنەوەی نەتەوەیی کە لەناوەڕۆکدا بزوتنەوەیەکی شارییە, پێویستی بەپێکهاتەیەکی ئایدیۆلۆژییە کەلەو سەردەمەدا لەناوچەکەدا بەدی ناکرێ.

ئەو یاداشتەش کە لەساڵی ١٩٠٨دا گەورە پیاوانی بادینان, لەوانە شێخ عەبدولسەلام, بۆ ئیستانبولیان نارد, هیچ ناوەڕۆکێکی نەتەوەییی نیەو ئاماژە بۆ هیچ پەرەسەندنێك لەبواری هۆشیاریی نەتەوەییدا ناکا. داخوازیی لەبابەتی دیاری کردنی فەرمانبەری کوردیزان لەناوچەکەدا, دانانی دادوەری بەمەزهەب شافعی نەك حەنەفی لەدادگاکاندا, نەهێشتنی ئەو باجانەی کە لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێنو دەستخستنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ ناوچەکە, لەناوەڕۆکدا داخوازیی سیاسیی نینو هیچ دوراییەکی نەتەوەییشیان لێ بەدی ناکرێ.

شێخ عەبدولسەلام لەنێو بارزانییەکاندا بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی کاریگەری پێك هێنا, بەڵام سەبارەت بەهەڵسوکەوتی وەك رابەرێکی سیاسیی ناسیونالیست هیچ بەڵگەیەکی بەرچاو لەئارادا نیە (وەرگێڕ).

لـەو قۆناخـەدا جولاّنـەوەی کـورد لەوپـەڕی تونـدوتیژی‌دا بـوو. ئاوراتۆڤ لەنوسینەکانی‌دا گرنگیـی بـەڕەوتی بـەرەو پێشـەوە چونی ڕوداوەکـانی کوردسـتان داوەو ئـەوەی ئـەو باسـی کـردون بەڵگـەی پەرەسەندنی جولاّنەوەی کوردن. ئـاوراتۆڤ زیـاتر گرنگیـی بـە هـەراو هەنگامـەی شـارەکان داوەو ئـەوەی سـەرنجیان ڕاکێشـاوە چەنـد ڕوداوێکی لە بابـەتی کـوژرانی کۆمیسـێری پـۆلیس و گرتنـی شـاری بتلیس، لەکارخستنی والـی‌ی شاری وان، پێکەوەنانی دادگـای گـەل و دادگایی کردنی جامبازو قاچاخچی‌یەکانی شاری ئـەرزرۆم، هەراکـەی ناوچەی دیاربەکرو هی‌ترو هی‌تر.

لەسالاّنی ١٩١٦ –١٩١٧ دا تێکڕای کوردستان لەلایـەن سوپـای هاوپـەیمانەکان و سوپـای تورکیـاو ئـەڵمانیاوە داگـیر کرابـو، داگیرکـەران بەتایبـەتی ئـەڵمان و ئینگلیزەکـان بـێ بەزەیی‌یانـە کوردستانیان تـالاّن کـرد، هـەر چـی ئـاردو گـەنم و ڕەشـەولاّخ هـەبو بردیـان و هـەر چـی پـارەو زەخـیرەو بـەروبومیان دەسـکەوت لەکوردەکانیان زەوت کرد، کەچی بەو تالاّنەش دانەکەوتن، بەڵکو بـۆ دامرکاندنەوەی هەر جولاّنەوەیەک وبۆ سەرەنگوم کردنـی هـەر جـۆرە بەرگری‌یەک بەسوپا هێرشیان کردە سەر کوردو دەستیان چوە خـوێنی ڕۆڵەکانی. تورکەکان بە پاڵپشت و یارمەتی‌ی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتنە پەیجوری کوردو بەکۆمەڵ خەڵکیان لەناو برد.

سوپای تورک کە خۆی لە بـەردەمی سوپـای روسـیا پـێ ڕانـەگیرا وسەرەنجام ناچـار بـوو بەشـکاوی بکشـێتە دواوە، ڕەشـبگیر کەوتـە گیانی خەڵکی بـێ تـاوانی کوردسـتان و داخـی شـکانی خـۆی بـەوان هەڵڕشت. لەم بارەیەوە عەبدولعەزیز یامولکی نوسیویەتی (( سوپای تورک کە بەشکاوی ناچار بوو ئەرزرۆم بەجێ بێڵێ‌و بکشێتەوە دواوە،

هەڵی پێچایە سەر کوردەکان و بە ماڵ و مناڵەوە بەرەو ئەناتۆلیا ڕایگوێزان و پۆل پۆل هەموویانی پێش خۆی خست، کوردەکانیش لەبەر بێ چەکی بەرگرییان پێ نەکرا)) [۲].

کاربەدەستانی تورک بۆ ڕاگواستن و نیشتەجێ کردنی زۆردارەکیی کورد فرمانی نهێنیی تایبەتیان دەرکرد. عەبدولعەزیز یامولکی کە دێتە سەر باسی مەسەلەی ڕاگوێزانی کورد بڕیارە ڕەسمییەکانی دەوڵەت دەکاتە بەڵگە چونکە بڕیارە ڕەسمییەکان بە ئاشکرا باسی ئەم مەسەلەیە دەکەن، ئەمەش نمونەیەکی بەڵگە ڕەسمییەکانە:

((دەبێ خەڵکی ناوچە پڕ دانیشتوانە کوردنشینەکان ڕاگوێزرێن و لە وڵاتی خۆیان دور بخرێنەوە، لەو ناوچانەدا جێگر بکرێن کە ناوچەی پڕ دانیشتوان وتورک نشینن بە مەرجێک ڕێژەیان ٥٪ی سەرجەمی خەڵکانی تورکی ناوچەکان زیاتر نەبێ.

دەبێ گەورە پیاوان و سەرکردەو سەرانی کورد لە وڵات ولایەنگران و خێڵەکانی خۆیان جیا بکرێنەوە و پاش ئەوەی بۆ ناوچە دورەکانی تورکیا ڕاپێچ دەکرێن پێویستە لەیەک داببڕێن و کەس کاری بەسەر ئەوی ترەوە نەبێ، هەروا نابێ مناڵان ولاوان لەگەڵ خۆیاندا بەرن، نابێ تێکەڵاوی یەکتری بن، هەمو جۆرە پەیوەندی و تێکەڵاوییەک دەبێ بپچڕێ، بیجگە لە زمانی تورکیش نابێ بە هیچ زمانێکی تر بدوێن و دەبێ داب و خوو و ڕەوشتی خۆیان بگۆڕن، دەبێ بەتەواوەتی بەکۆمەڵ و بە زۆردارەکی بکرێن بە تورک)) [۳].

ڕاگوێزانی زۆردارەکیی کورد بۆ ناوچە دورەکانی تورکیا لە وەرزی زستان دا دەستی پێ کرد. ڕاگوێزراوەکان کە لە ڕێگادا توشی برسێتی، سەرما، بەفرو سەهۆڵ بەندان بون بەهەزار فەلاکەت و

ناخۆشی گەیشتنە ناوچە دیاریکراوەکان و هەر لە ڕێگادا زیاتر لە سێ چارەکیان مردن، لەم بارەیەوە عەبدولعەزیز یامولکی نوسیویەتی ((تا بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان پتر لە حەوت سەد هەزار کوردی تورکیا مردن، یاخود لەناو بران))[٤].

ئەوەی بەسەر کوردەکان هات لە نەهامەتی‌یەکەی ئەرمەن‌و ئاشوری‌یەکان کەمتر نەبو. لەبەر ئەوە شتێکی ئاسایی بو کە کورد، ئەرمەن و ئاشوری‌یەکان بەهانای یەکترەوە بێن و دژی باشبوزوخی دوژمنی هاوبەشیان هاوکارو هاودەردی یەکتری بن. عەبدولعەزیز یامولکی نوسیویەتی(( بێ گومان چاکەی دەربازکردنی ئەو بەشە کەمەی ئەرمەن لە ڕەشەکوژیی تورکەکان لەئەستۆی کوردەکان دایە، سێ چارەکی ئەرمەنەکان لەوانە بون کە کوردەکان دالدەیان دان و لە مردن ڕزگاریان کردن))[٥].

هەر لەم بارەیەوە بلەچ شێرکۆ نوسیویەتی((خۆش بەختانە ئەمڕۆ لە کۆڕەکاندا ساخ کراوەتەوە کە لە سالانی جەنگی گشتی و لە کاتی کوشتاری ئەرمەنەکاندا، کوردەکان بەوەی کە دالدەی پەنجا هەزار ئەرمەنیان داوەو نەیانهێشتوە دەستی تورکەکانیان پێ بگا، کارێکی مرۆڤ دۆستانەی بێ وێنەیان ئەنجام داوە بەتایبەتی کە خودی ئەرمەنەکانیش دانی پێدا دەنێن. پاشان کە سوپای ڕوسیاو دەستە چەکدارە ئەرمەنەکان لە جەنگی گشتی دا بەشێکی زۆری کوردستانیان کۆنترۆڵ کرد، کوردەکان ئەرمەنە دالدەدراوەکانیان بەوان سپارد))[٦].

ژاندارمەکانی تورک کە بەفرمانی ئەلمانەکان پەلاماری کوردستانی ئێرانیان دا، کاری وا دڕندانەیان ئەنجام دا مەگەر هەر لەوان بوەشێتەوە، داخی شکانی خۆیان لەبەرەی جەنگدا بەکورد

هەڵڕشت و ڕەشبگیر کەوتنە گیانی کوردە بێ تاوانەکان. هەر ئەوە گەورەترین بەڵگەیە کە لە سەرزەمینێکی دوانزە هەزار کیلۆمەتریدا تورکەکان بەوپەڕی نامەردایەتی‌یەوە کەوتنە گیانی ئەنجومەنە شۆڕشگێڕەکان. بەپێی ڕاپۆرتەکانی کاوریکا کە یەکێکە لە سیاسەتمەدارانی روس، تورکەکان لەیەک هێرشی کتوپڕدا دو هەزار کوردیان کوشت. ناوبراو لەم بارەیەوە نوسیویەتی((تورکەکان سکی پیاوانی کوردیان هەڵدڕی، مەمکی ئافرەتانیان بڕی و تەنانەت بەزەیی‌یان بەکچە ساواکانیش نەهاتەوە)). هەر لەم بارەیەوە عەبدولعەزیز یامولکی نوسیویەتی(( پێویست ناکا هەمو تاوانە دزێوەکانی تورکێ لە کوردستاندا بژمێرین، هەر ئەوە بۆ خۆی گەورەترین بەڵگەیە کە بەدرێژاییی ڕێگای نێوان کرماشانو خۆراوای خانەقین لاشەی جوتیارە کوردەکان کەبەدەستی تورکەکان کوژرابون و من بەهەردو چاوی خۆم دیومە بەم لاو بەو لای ڕێگاکە فڕێ درابون))[٧]. یامولکی پێی وایە((تەنها سوپای روسیا کوردی ئێرانی لە کوشتارە نامرۆیی‌یەکانی تورکێ ڕزگار کرد))[٨].

لەسالانی ١٩٠٥-١٩١٢ دا تورکەکان بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران دا کوردستانی ئێرانیان داگیر کرد. کاربەدەستانی تورکیا لە کەسیان نەشاردەوە کە ئەوان ئەم کارەیان لەجیاتی کۆنەپەرستانی ئێران ئەنجام داوە چونکە لەو کاتەدا کۆنەپەرستانی ئێران هێندە کەم دەسەلات بون نەیاندەتوانی بپرژێنە سەر داپلۆسینی کورد بەتایبەتی کە تەنگوچەڵەمەی ناوخۆی ئێران لەوپەڕی تین و تاودا بوو. ئەوەی ئەوەندەی تر مەسەلەکە ڕۆشن دەکاتەوە ئەوەیە کە یەکێ لە ئەندامانی پەرلەمانی ئێران داواکار بوو

سوپا نـەک بـۆ بەربـەرەکانێی تورکـە داگیرکـەرەکان بـەڵکو بـۆ داپڵۆسینی کوردی ئێران بۆ کوردستان بنێرن.

کۆنترۆڵ کردنی کوردستانی ئێران لەلایەن سوپای تورکیاوە مایەی پەژارەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان نەبو، ئەوەش بەو مانایە دێت کە ئەو دەوڵەتانە لەسەر مەسەلەکە یەکدەنگ بـون چونکـە ئـەوان بـەبێ ئەوەی نارەزاییی خۆیان دەربڕن, بەبێ ئەوەی بەرهەڵستیی ئەو کارە بکەن یاخود تەگەرەی لێ بدەن ماوەیـان بەتورکـەکان دا کوردسـتانی ئێـران داگـیر بکـەنو دەرفـەتی سـەرکوت کردنـی کـوردو سـەرەنگوم کردنی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردیان بۆ پێک هێنان.

ئامارەکـان بۆمـان دەردەخـەن کـە لەئـەنجامی کوشـتارو لەشکرکێشیی داگیرکەراندا برسێتی, گەندەخۆریو کـەم بەرهـەمی، سەرتاسـەری کوردسـتانی تەنیـەوەو لەزسـتانی ١٩١٨دا نیـوەی خەڵکی کوردسـتان برسـێتی هەراسـانی کردبـون. ئەوانـەی بەدەسـتی داگیرکەران کوژرانو ئەوانەی لەبرسانا مردن، هەروا ئەوانـەی لـەکاتی راگوێزانی زۆردارەکیی سـالانی جـەنگی یەکـەمی جیهـاندا بەرگـەی بـەفرو سـەهۆڵ بەنـدانیان نـەگرتو مـەرگێ تـەنگی پـێ هـەڵچنین, ژمارەیان دو ملیۆن کـەس دەبـێ. کـار گەیشـتە رادەیـەک کەکـەمتر لەسـێیەکی ئـەو زەویـیـەی کـەجاران بەکـەڵکی کشـتوکاڵ دەهـات, کەڵکی لێ وەردەگیراو ئاژەڵو رەشـەولاخ بەرادەیـەک کـەم بـوو بـوو ژمارەی لەچارەکی جاران کەمتر بوو.

سـتەمی داگیرکـەران, چەوسـانەوەی نەتەوایـەتیو سیاسـەتی راگوێزانو تواندنەوە کـە نەتەوەپەرسـتە شۆڤێنیسـتەکانی دەوڵـەتانی تورکیاو ئێران بۆ بەتورکێو بەفارس کردنی کورد پەیرەویان کردوە، بـۆ هەڵگیرسـانی جولانـەوەی چەکدارانـە لەکوردسـتانی ژێـر دەسـەلاتی تورکیاو ئێراندا دەرفەتی لەباری پێک هێنا.

## ٢- نەخشی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر لەبەرەو پێشەوە بردنی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کورد

شۆڕشی سۆسیالیستی مەزنی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ گەورەترین وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیی مێژوی ئادەمیزادە چونکە قۆناغێکی نوێی مێژوی بەرەو پێشەوە چونی وڵاتە کۆڵۆنیو پاشکۆکانی رۆژهەڵاتی لەگەڵ خۆیدا هێنایە گۆڕێو بۆ گەلانی ژێردەستەو ستەمدیدەی جیهان بەگەلی کوردیشەوە دەرگای هیوای لەسەر گازی پشت کردەوە.

شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر برینێکی کاریگەر بوو لەسەر دڵی ئیمپریالیزمو هەرەسی بەسیستەمی کۆڵۆنیالیستی هێنا. لەو کاتەوە روسیای سۆڤێت دۆستی ئاشناو هاوپەیمانی دڵسۆزی تەواوی گەلانی ژێردەستەی رۆژهەڵاتی ستەمدیدەیە.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر یەکەمین شۆڕش بوو کەکۆمەڵانی خەڵکی رەنجدەری رۆژهەڵاتی هۆشیار کردەوەو بەرەو خەباتی دژی ئیمپریالیستی کێشی کردن*. لەم بارەیەوە لینین نوسیویەتی( (لەکاتێکدا ئەم شۆڕشە رۆژهەڵات بەئاگا دێنێ، ئەو سەردەمە دەست پێ دەکا کە هەمو گەلانی رۆژهەڵات تێیدا لەدیاری کردنی چارەنوسی تێکرای جیهاندا بەشداری دەکەن.. لێرەدا بۆ یەکەمین جار جوڵانەوەی سەربەخۆی کۆمەڵانی زۆرو زەبەندی

---

* ئەم بۆچوونە سەبارەت بەکاریگەریی شۆڕشی ئۆکتوبەر لەسەر گەلانی رۆژهەڵات بەو رەهاییەیە زێدەڕۆیی‌یەکی زۆری پێوە دیارە. ئەگەرچی ئەم شۆڕشە هەلومەرجی ستراتیجیی ناوچەکەی گۆڕی، بەڵام نە بۆ کورد نە بۆ عەرەب نە بۆ فارس و نە بۆ تورك ئەوەندە کاراو کاریگەر نەبوو کە بە ئاگایان بێنێ چونکە لە ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییان باڵاتر بوو و بەهاکانی بەو ئەندازەیە تۆکمە نەبون کە بتوانن سیستمی پتەوی کۆمەڵایەتی ـ ئابوری ـ ئاینیی گەلانی موسڵمانی رۆژهەڵات هەڵتەکێنن (وەرگێڕ).

خەڵكی دەست پێ دەكاو لەخەباتدا بۆ سەرەنگوم كردنی سیستمی ئیمپریالیستی‌ی جیهانی نەخشێكی كاریگەری دەبێ))[٩].

بەرنامەی حزبی بەلشەفیكئ لەبارەی مەسەلەی نەتەوایەتی‌یەوە كەلینین دایڕشتبوو گرنگی‌یەكی جیهانی‌ی هەیە چونكە لەو بەرنامەیەدا مافی چارەی خۆنوسینی گەلان بەمافی جیابونەوەشەوە سەلمێنرا بەتایبەتی كە بەرنامەكە هاودەردی‌ی حزبی بەلشەفیكئو گەلانی زۆرلیكراوی تێكوشەری دەردەبڕی.

لەكاتێكدا ئیمپریالستەكانی ئەمریكا، بریتانیا، فەرەنساو ئیتالیا چاوچنۆكانە خوینی گەلانی دو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیكیان دەمژی، لەكاتێكدا ئەو دەوڵەتانە لەوپەڕی ناكۆكی‌و ناتەبایی‌دا بونو هەر یەكێكیان دەیوست سەرچاوە ئابوری‌یەكانی وڵاتانی ژێردەستە بۆ خۆی بدۆشێو دەوڵەتانی تری لێ بێ بەری بكا، لەو كاتەدا نیشتمانی شۆڕشی ئۆكتۆبەر دەستی برایەتی‌و یارمەتی‌ی بۆ گەلانی رۆژهەڵات درێژ دەكردو پشتیوانی‌ی لێ دەكردن.

شۆڕشی ئۆكتۆبەر بوە هەوێنی بەگەڕخستنی خەباتی رزگاری‌ی نیشتمانی، بۆ تێكوشانی گەلانی رۆژهەڵات لەپێناوی رزگاری‌ی نەتەوایەتی‌دا هەلومەرجی لەباری پێكئ هێناو ناوەڕۆكی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی رۆژهەڵاتی گۆڕی.

پاش سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەر گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیكئ بەگەلی كوردیشەوە بۆ وەدەست هێنانی رزگاری‌و ئازادی كەوتنە خۆو دژی ئیمپریالیزم، داگیركەرانو كۆنەپەرستان خەباتیان بەرپا كردو بە رقێكی ئەستورتر بۆ پێشەوە هەنگاویان نا.

لەئێراندا جولانەوەی شۆڕشگێرانە هەلایساو سەرەنجام بنەماڵەی قاجار لەکار خرا. لەتورکیاش هەرەس هێنانی سەڵتەنەتی عوسمانی دەستی پێ کردو مستەفا کەمال سەرکردایەتی‌ی خەباتی گەلانی تورکیای کرد دژی داگیرکەرە بێگانەکان. مستەفا کەمال کە دەیویست تورکیا لەبێگانە رزگار بکا، هاواری بردە بەر کوردو داوای یارمەتی‌ی لێ کرد. کوردەکانی ناوچەی ئەرزرۆم لەیارمەتیدانی دریخیان نەکردو پێشەنگی خەبات بون دژی دەسدرێژکەرە بێگانەکان. کوردەکان شان بەشانی تورکەکان لەهەر بستێکی ولات پاریزگاری‌ی گردەبڕیان کردو بۆ رزگار کردنی تورکیاو دەرپەڕاندنی دەسدرێژکەرە گریکەکان خوێنیان رشت.

کەس ناتوانێ نەخشی دیاری کورد لەیارمەتیدانی کۆماری تازە پێگەیشتوی تورکیادا فەرامۆش بکا، ئەو کۆمارەی لەتەنگانەدا بوو و دوژمنان لەهەمو لایەکەوە تەنگیان پێ هەڵچنی بوو کەئەگەر کوردەکان پشتیوانی‌یان لێ نەکردایەو لەو کاتە ناسکئو پڕ مەینەتی‌یەدا شان بەشانی گەلانی تورکیا بۆ پاراستنی بەگەڕ نەکەوتنایە، کۆمار دەفەوتاو تیا دەچو.

کورتەی باس، بەخەباتی گەلانی تورکیا دژی داگیرکەرە گریکەکانو بەپشتیوانی‌ی روسیای سۆڤێت، داگیرکەرە دەسدرێژکەرەکان دەرکرانو پارێزگاری لەکۆماری ئەمڕۆی تورکیا کرا.

کوردەکان لەکاتی جولانەوەی کەمالیستی‌دا بەکردەوە پشتیوانی‌یان لەشۆڕشی تورکیا دژی بێگانەکان کرد. لەمانگی تەموزی ١٩١٩دا هاوزەمان لەگەڵ بەسترانی کۆنگرەی((پاریزگاری لەهەق))ی کەمالیستەکاندا، کۆنگرەی سەرانی جولانەوەی کورد لەئەرزرۆم بەستراو بڕیار درا پشتیوانی لەجولانەوەی کەمالیستی‌و

خەباتی گەلی تورک بکرێ بە مەرجێک کەمالیستەکان مافە نەتەوەییەکانو ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد بسەلمێنن. لەلایەکی ترەوە بڕیار درا ئەگەر کەمالیستەکان داخوازیەکانی کوردیان پێشێل کرد، شۆڕشێکی بەرفراوان لەسەرانسەری کوردستاندا بەرپا بکرێ*.

کوردەکان ڕێزی بڕیارەکانی کۆنگرەیان گرت، خێڵەکانیان پڕ چەک کردو کەوتنە خۆسازدان بۆ پاراستنی کۆماری تازە پێگەیشتوی تورکیا. خێڵە کوردەکان بەشی بنچینەییو زۆربەی ئەو سوپایەیان پێک هێنا کەلەگەڵ ئینگلیزو فەرەنسییەکانو گریکەکاندا بەشەڕ هات. هەروەک دەردەکەوێ تەنگەتاویی تورکە کەمالیستەکان وای لێ کردن هاوار بەرنە بەر کورد، کەچی کە سەرکەوتنو هەستیان بە هێزو دەسەڵاتی خۆیان کرد لەهەمو بەڵێنەکانیان پاشگەز بونەوە. ئەو

* کوردەکانی باکور هەر لەسەرەتاوە لە بزوتنەوەی کەمالیستەکان بەگومان و دڕدۆنگ بوون، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك: یەکەم، ئەم بزوتنەوەیە هیچ دیدێکی دۆستانەی بۆ مەسەلەی کورد نەبوو و دەمارگرژییەکی نەتەوەییی ڕون زاڵ بوو بەسەریدا، دووەم، ئەم بزوتنەوەیە توانیبوی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ روسیای بەلشەفیك دا دابمەزرێنێ. کوردیش لەبەر چەند هۆیەك کەزۆربەی پەیوەندیی بەئاینەوە هەیە، کەیفی بەو ئایدیۆلۆژیایە نەدەهات کە روسیا لە هەڵپەی بڵاوکردنەوەیدا بوو. سێیەم، بزوتنەوەی کەمالیستی بەلای کوردەوە بزوتنەوەیەك بوو کەدژایەتیی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیی دەکرد کە تا ئەو کاتە سوڵتان نوێنەرایەتیی دەکرد و لەبەر ئەم هۆیە، پێداویستییە ئاینییەکان کوردیان هان دەدا بە گومانەوە تەماشای ئامانجەکانی بزوتنەوەکە بکات. بەرنامەی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٩١٩دا چوار خاڵی لەخۆ گرتبوو کە کاریگەریی ئیسلام لەسەر بیرکردنەوەی سەرانی کورد دەردەخاو بریتی بون لە ڕانەگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، پشتگیری کردنی تورك لە خەباتیان دا لە دژی ئەوروپاییەکان، تەگەرەدان لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنستان و ڕازیبوون بە کوردستانێکی ئۆتۆنۆم لەژێر سایەی سوڵتانی عوسمانیدا. کتێبەکەی ن. دەرسیمی Kurdistan Tarihinde Dersim (حەلەب ١٩٥٢) وردەکاریی زۆری لەم بارەیەوە تێدایە (وەرگێڕ).

بـەڵێن شـکاندنە پـەڵەیەکی نەنگـە بـەناوچاوانی کەمالیسـتەکاندا.

رابـــەری هندســـتان پـــاندیت جـــەواهر لال نـــەهرۆ لـــەم بارەیـــەوە نوسیویەتی((بەمجۆرە تورکـەکان کـەتازە لەخـەباتی رزگـاریخوازیی خۆیاندا سەرکەوتبون، دەستیان بەلەناوبردنی ئەو کوردانە کـرد کـەبۆ هەمان ئازادی تێدەکوشـان. بەڕاسـتی سـەیرە، نەتەوایەتی‌یـەکێ کـەتا دوێنێ پارێزگاریی لەمافی خـۆی دەکـرد، ئێسـتا دەسـدرێژی بکاتـە سەر مافی نەتەوەیەکی ترو خەباتی رزگاریخوازیی بکاتە خەبات بـۆ ژێردەستە کردنی گەلانی تر. لەسـاڵی ١٩٢٩دا راپـەڕینێکی دیکـەی گـەلی کـورد هەڵایسـا، بـەڵام ئـەویش لانـی کـەم بـۆ ماوەیـەکێ دامرکایەوە. بەڵام کێ هەیـە بتـوانێ گـەلێکێ لـەناو بـەرێ کەلەسـەر وەدەسـت هێنـانی مـافی خـۆی موکـوڕەو ئامادەیـە نرخـی ئـەو سەربەستی‌یە بدا؟))[١٠].

یاسای بنچینەیی‌ی تورکیا کەلەخاڵی ٨٨یـدا هـاتوە کـە((هـەمو دانیشـــتوانی تورکیـــا بـــەبێ گوێدانـــە ئـــاین‌و رەگـــەز بـــەتورکێ دەژمێـردرێن)) بەئاشـکرا مافـە نەتەوەیی‌یـەکانی گـەلانی تورکیـا پێشێل دەکا.

بەم چەشنە بەرونی بۆمان دەردەکـەوێ کەشۆڕشـی کەمالیسـتی لـە رەوتـی پەرەسەندنی‌دا لەبیروباوەری خۆی هەڵگەڕایەوەو کەوتە دژایەتی کردنـی هـەمو ئەو گەلانەی کـە بەرەگـەز تـورکێ نـەبون، شۆڤێنیزمی کەمالیسـتەکان وەتـەق کەوت، پەردەی لەڕوی خۆی هەڵماڵی، رۆژانی مەینەتی‌و تەنگانەی بیر چۆوەو خۆی لەوە گێل کرد کەکورد لەکاتی تەنگانەدا لەیەکێ سـەنگەردا شـان بەشـانی تـورکێ لەگـەڵ داگیرکـەرە شـاڵاوهێنەرەکاندا بەشـەڕ هـاتوە. کەمالیسـتەکان ئـەوەیان لـەبیری خۆیـان بـردەوە کـە زۆربـەی ئـەو سوپـایەی لەگـەڵ داگیرکەرە بێگانەکاندا بەشەڕ هات لەکورد پێکهاتبو.

ئەگەرچی جوتیارانی کوردو تورک هێزی سەرەکیو بزوێنەری شۆڕشی کەمالیستی بون، ئەگەرچی جوتیارانی کوردو تورک لەشۆڕشەکەدا هاو ئامانج بون، کەچی کەمالیستەکان بەرژەوەندییەکانی جوتیارانی کوردیان نەسەلماند، بەوەش دانەکەوتن بەڵکو پاش ئەوەی بێگانەکانیان لەتورکیا دەرپەڕاند، بایان دایەوە سەر کوردو هەمو مافە نەتەوەییەکانیان لێ زەوت کرد. لەئەنجامدا هەمو گروپە سیاسییەکانی کوردو هاوسۆزەکانی جوڵانەوەی کەمالیستی لەبەشداری کردن لە جوڵانەوەی نەتەوایەتیی تورکیادا دورکەوتنەوە.

بەڵام دەبینین کوردستان لەژێر کارتێکردنی شۆرشی ئۆکتۆبەردا روداوی گرنگ بەخۆیەوە دەگرێو جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی قۆناخی تازەی بەرەو پێشەوە چون دەپێوێ. جوڵانەوەی کورد لەسەرێکەوە دژی داگیرکەرانو لەسەرێکی ترەوە دژی ئیمپریالیزم بوو. ئارنۆلد وێلسن بەئاشکرا ترسی ئەوەی لێ نیشتبو شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەچەشنێکی کاریگەرانە کار بکاتە سەر جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانو لەم بارەیەوە لەکتێبەکەیدا ((میسۆپۆتامیا لەساڵانی ١٩١٧-١٩٢٠دا)) بەترسو لەرزەوە نوسیویەتی((ئەوپەڕی جێگای داخە کەناو و بنچینەو پرنسیپەکانی بۆڵشەفیزم ئەمڕۆ لەکوردستاندا بۆتە سەر وێردی هەمو کەس)).

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی لەمەوپێش باسمان کرد دەبینین شۆڕشەکانی پاش ساڵی ١٩٢٠ ئەگەرچی بەڕابەرایەتیی هەمان گروپە پێشکەوتنخوازەکانی جارانو لەژێر سەرکردایەتیی پێشەوا پێشکەوتنخوازەکانی جاراندا بون، بەڵام هاوسۆزی جوڵانەوەی

کەمالیستی نین‌و خۆیان بەدۆستی نازانن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دژی بون چونکە جولانەوەی کەمالیستی لەرەوتی پەرەسەندنی‌دا ڕێبازێکی شۆڤینیستی‌ی گرتە پێش‌و دژایەتی‌ی هەمو نەتەوەکانی کۆماری تورکیای کرد.

رابەری ئەو کاتەی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستان کۆمەڵی تەعالی کوردستان بوو کەهەمو گروپ‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان‌و تێکرای پێشکەوتنخوازانی کوردی لەخۆی کۆکردەوەو بۆ رزگاری‌ی کوردستان خەباتێکی توندوتیژی دژی ستەم و دکتاتۆری‌ی کەمالیستی بەریا کرد.

بێ گومان شۆڕشی ۱۹۲۰ هەڕەشەی تەواوی لەکۆماری تورکیا کرد بەتایبەتی کە مستەفا کەمال هێشتا دکتاتۆری‌ی خۆی بەتەواوەتی جێگیر نەکردبو، لەبەر ئەوە کاربەدەستە کەمالیستەکان بۆ کوژاندنەوەی بڵێسەی شۆڕش ناچار بون زۆربەو بەهێزترین تیپەکانی سوپا بە سەرکردایەتی‌ی عوسمان پاشا بۆ کوردستان بنێرن، پاش زیانێکی زۆر کەمالیستەکان توانی‌یان بەشێوەیەکی کاتی جولانەوەکە دامرکێننەوە. شۆڕشی ساڵی ۱۹۲۰ سەرەتای زنجیرە شۆرشە رزگاریخوازی‌یەکانی کورد بوو دژی کەمالیستەکان.

بەدامرکاندنەوەی جولانەوەکە کەمالیستەکان سەرانسەری کوردستانیان بەسوپا تەنی‌یەوەو تاوانی وایان ئەنجامدا کەویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنێ، لەدەستوردا هەموو مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردیان پێشێل کرد، بەباجی سەنگین گەلیان هەراسان کردو بە چەشنێکی دڕندانە کەوتنە گیانی کورد.

رەفتاری توندوتیژو دڕندانەی کەمالیستەکان ورەی گەلی کوردی نەهێنایە خوارێ، زیاتر کینەی تێدا وروژاندو بێ پەروا لەسەختی‌ی

ڕێگا لەسەر خەبات زیاتر پێی داگرت. لەبەر ئەوە هێشتا دەنگی دوا فیشەکی شۆڕش کپ نەکرا بوو، شۆڕشێکی تر بەرقێکی ئەستورترو لەوەی پێشو بەهێزترو خورت تر هەڵدەگیرسایەوەو سەرلەنوێ بناخەکانی دکتاتۆریی کەمالیستەکانی دەهێنایەوە لەرزین.

بەم جۆرە بەدامرکاندنەوەی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ شۆڕشی ساڵی ١٩٢٤ هەڵایساو زۆربەی ناوچەکانی وان، بایەزید، مەلاتیە، ئەلازیکۆ هی تری گرتەوە. ئەم شۆڕشە خۆی لەخۆیدا سەرەتای شۆڕشێکی توندوتیژتر بوو کە لەساڵی ١٩٢٥دا هەڵگیرساو هەمو بستێکی کوردستانی تەنییەوەو زەبرێکی گەورەی لەدکتاتۆریی کەمالیستی دا.

پاش جەنگی یەکەمی جیهان گەلی کورد وەکۆ هەمو گەلانی ژێردەستو زۆرلێکراو داوای مافە نەتەوەیی‌یەکانی دەکرد. هەمو حزبو گروپە سیاسی‌یەکان کومیسیونێکیان بەسەرکردایەتیی شەریف پاشا پێکەوەناو بۆ کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس وەکۆ نوێنەری گەلی کورد رەوانەیان کرد.کومیسیون هەوڵیدا مەسەلەی کورد وەکۆ خاڵێکۆ بخاتە ناو کارنامەی کۆنگرەوەو سەرکەوتوانە توانی مافە نەتەوەیی‌یەکانی کورد بەبەشداربوان بسەلمێنێ.

لەئابی ١٩٢٠دا پەیمانی سیڤەر لەنێوان دەوڵەتە براوەکانی جەنگۆ تورکیادا مۆر کرا. بەپێی خاڵەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ی پەیمانەکە، مافە نەتەوەیی‌یەکانی کورد سەلمێنران. هاوپەیمانەکان ئامادەیی‌ی خۆیان پیشان دا گوایە هەمو ئاواتەکانی گەلی کورد وەدی دێنو هەمو ئەو مەسەلانەیان لەراگەیاندنێکدا باس کرد کە بە چەشنێکی تایبەتی بۆ مەسەلەی کوردیان تەرخان کردبوو و تێیدا

دوپـاتیان کـرد ەوە کەئـەوان تـەوژم دەخەنـە سـەر تورکیـا تـا مافـە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بسەلمێنێ.

بەڵام دەوڵـەتە ئیمپریالیستەکان بـەو بەڵێنانـە کوردیـان لەخشـتە بردو نەک تـەنها خاڵـەکانی پـەیمانی سیڤـەریان هەڵپەسارد بـەڵکو هێشـتا مەرەکەبەکـەی وشـک نـەبو بـوو کەدەوڵـەتانی بریتانیـا ، ئـەمریکاو فەرەنسـا کـە گوایـە مافـە نەتەوەییـەکانی کوردیـان سـەلماندوە لەگـەڵ تورکیـا پـەیمانی لوزانیـان مـۆرکردو هـەر چـی لەمـەوبەر دەربارەی مەسەلەی کوردو کوردستان وتـرا بـوو فـەرامۆش کرا. ئەوان  پاش ئـەوەی لەپـەیمانی لـوزاندا مافـە نەتەوەییـەکانی گـەلی کوردیـان پێشـێل کـرد ، کوردسـتانیان لەتوپـەت کـرد ، لـەنێو خۆیاندا بەشیان کردو بەم کارە پەچەیان لەڕوی خۆیان هەڵمالی.

بـەم جـۆرە جـارێکی تـر نیـازو روی دوژمنکارانـەی دەوڵـەتـە ئیمپریالیستەکان بۆ کورد رون بۆوە. دکتۆر بلەچ شێرکۆ لەم بارەیەوە وتویـە((بـەم چەشـنە هـەمو بـەڵێنو وتارەکـانی سـەبارەت بـەمافی چـارەی خۆنوسـینی گـەلانی سـتەمکێش، هـەروا هـەمو بـڕیارەکانی سـەبارەت بـە دەربـازکردنی هـەر نەتەوەیـەکی نـاتورک لـەژێر بـاری ستەمی تورکیا ، هەموی مەرەکەبی سەر کاخەز بوو))[11].

کوردەکان بەبەڵێنو نیازەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەخشتە بـران. دوڕویـیی ئیمپریالیسـتەکان لـەوەدا بـوو کـە لەلایـەک بـە ژێرزارەکی هەمو مافـە نەتەوەییـەکانی گـەلی کوردیـان سـەلماندو بەڵێنی ساختەیان پێداو لەلایەکی تـرەوە لەگـەڵ دوژمنـی ئـازادیی کورد دەستیان تێکەڵاو کرد ، لەئەنجامدا کورد بۆ رزگاریی وڵاتەکـەی سەدان هەزار شەهیدی لێ کەوت.

داخوازی‌یەکانی کورد داخوازی‌ی رەوا بون بەڵام کەس نەبو گوێیان لێ بگرێ چونکە دەوڵەتە زلهێزەکان نەک هەر گرنگی‌یان بەئازادی‌ی گەلان نەدەدا بەڵکو هەمو هێزو توانای خۆیان بۆ سەر پێ دانەواندنو لەتوپەت کردنی وڵاتەکەیان تەرخان دەکرد، چونکە جەنگی یەکەمی جیهان جەنگێکی ئیمپریالیستی بوو، لەبەر ئەوە شتێکی ئاسایی بوو کە ئەو دەوڵەتانە هیچ نرخێک بۆ رزگاری‌ی گەلان دانەنێن.

هەر لەبەر ئەوەشە کەئەو دەوڵەتانە وەڵامی داخوازی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردیان نەدایەوە. کۆمەڵەی گەلانیش مافی گەلانی بچوکو ژێردەستەی نەپاراست، هەر ئەوەش دیارترین بەڵگەیە کە هەر چی‌ی لەم بارەیەوە دەرکردوە لەوڕێنەو مەرەکەبی سەر کاخەز بەولاوە هیچی تر نەبوە.

لەم بارەیەوە رۆژنامەنوسی لوبنانی یوسف مالک لەساڵی ١٩٤٢دا نوسیویەتی ((دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کەپاش جەنگی جیهان لەکۆنگرەی ئاشتی‌ی سیڤەردا کۆبونەوە، بە تەواوەتی لایان رۆشن بوو کە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد شتێکی زۆر پێویستەو بە بەرچاوی شەریف پاشای نوێنەری کوردەوە چارەسەرکردنی مەسەلەکەیان سەلماند. بەڵام پاش ئەوەی دەوڵەتە گەورەکان دانیان بەشۆڕشی کەمالیستی‌دا ناو پەیمانی شومی لوزانیان مۆر کرد، کوردستانی لەتوپەتکراوو زامداریان بەیەکجارەکی فەرامۆش کردو هەر یەکێ لەدەوڵەتە هاوبەرژەوەندی‌یەکان تەنها بەرژەوەندی‌ی خۆی لەبەر چاودا بوو)).

دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان سەرەڕای ناکۆکی‌و ناتەبایی‌ی نێوانیان کە تا دەهات توندوتیژتر دەبو، سەرەڕای بەشەڕ هاتنیان لەسەر

وڵاتانی دو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکئو هەوڵدانیان بۆ دۆشینی ژێدەرە پترۆلی‌یەکانی کوردستان، هەمویان لەسەر درێژەدان بەژێردەستەیی‌ی کوردستان یەکدەنگ بون، هەمویان پێکەوە کوردیان لەمافە نەتەوەیی‌یەکانی بێ بەری کردو جوڵانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی گەلی کوردیان خنکاند. بەڵام خەباتی جوامێرانەی گەلانی روسیا بوە هەوێنی هاتنە جۆشو خرۆشی هەمو گەلانی ستەمدیدەی جیهان بەگەلی کوردیشەوە.

هەمو ئەوەی لەمەوپێش باس کرا بەچەشنێکی کارێگەرانە کاری کردە سەر چارەنوس، ناوەڕۆک، روخسارو ئامانجەکانی جوڵانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان لەساڵانی نێوان هەردو جەنگەکەی جیهاندا.

پەرەسەندنی نفوزی دەوڵەتە ناکۆکە گەورەکان لەوڵاتانی دو رۆژهەڵاتی ناوەراستو نزیکدا هاوزەمان لەگەڵ تەنگەتاویی سیستەمی کۆلۆنیالیستی‌ی دەوڵەتە سەرمایەدارەکاندا جوڵانەوەی رزگاریخوازی دیموکراتی کوردستانی کردە بەشێکی جیانەکراوەی جوڵانەوەی گەلانی ستەمکێشو ژێردەستەو پاشکۆ دژی ئیمپریالیزمو دەرەبەگایەتی‌و دکتاتۆری.

کوردەکانی تورکیا، ئێرانو عیراق بۆ وەدەست هێنانی رزگاریی نەتەوەیی کەوتنە خۆ و شۆڕش راپەرینی چەکدارانەیان هەڵگیرساند، هەر بۆ نمونە لەعیراقدا شۆڕشی١٩١٩-١٩٢٢ی سلێمانی، شۆڕشی ١٩٣٠-١٩٣٢ی سلێمانی‌و بادینان، لەئێراندا شۆڕشی ١٩٢١ی ناوچەی ورمێ، لەتورکیا شۆڕشەکانی ١٩٢٥، ١٩٢٧، ١٩٢٨،

١٩٣١و هەروا لەعیراقدا شۆڕشی ١٩٣٣-١٩٣٤ی ناوچەی بارزانو لەتورکیا شۆڕشی ١٩٣٧-١٩٣٨ی ناوچەی دێرسیم هەڵگیرسان.

بەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێ کە قۆناغی سێیەمی مێژوی خەباتی گەلی کورد لەسالآنی نێوان هەردو جەنگدا بەتوندوتیژبونی خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئازادیو سەربەخۆیی نیشتمانی لەقۆناغی پێشو جیا دەکرێتەوە.

لەو قۆناغەدا گەلی کورد درێژەی بەخەباتو تێکوشان دا. خەباتی گەلی کورد جارێ بەرگی ئاشتییانەو جارێکی تر بەرگی چەکدارانەی لەخۆی دەپێچێ. ئیتر لەناوچەکانی دیاربەکر، سلێمانی، موکریان، ورمێ، بارزانو هی تر بەرهەڵستی پەرەی گرت.

لەسەرەتادا جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان هاوکارو هاوئامانجی جوڵانەوەی دیموکراتی تورکیاو ئێران بوو، بەڵام هەڵویستی شۆڤێنیستیی نەتەوەپەرستەکانی تورکیاو ئێران کەسەرکردایەتیی ئەو گەلانەیان کردو بەتوندی کەوتنە ئێران چێتیو تورکچێتیو هەمو مافو داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیان پێشێل کرد، جوڵانەوەی کوردی لێ دور خستنەوەو کارێکی وای کرد جوڵانەوەکە بۆ جیابونەوە لەتورکیاو ئێرانو پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ تێ بکۆشێ.

پێشەنگی خەباتی ئەو قۆناغە ئەو حیزبو گروپە نەتەوەخوازە دیموکراتانەی وەکێ حیزبی تەعالی کوردستان بوو کەلەئیستانبولو شارەکانی تر پێکەوەنران.

لەساڵی ١٩٢٢ بەولاوە واتە پاش سەرکەوتنی یەکجارەکیی دەوڵەتی سۆڤێتو پاش ئەوەی گروپە سیاسییەکانی کورد هیچ

ئومێدێكیان بە سیاسەتی بریتانیاو فەرەنساو ئەمریكا نەما، گروپە سیاسی‌یەكان رویان كردە پەیوەندی دامەزراندن لەگەڵ كاربەدەستانی یەكێتی‌ی سۆڤێتدا، بەرونی بۆیان دەرخستن كەئەوان لەهەڵویستی دەوڵەتە ئیمپریالیستە گەورەكان بەرامبەر بەمەسەلەی كورد بێ ئومێد بون، هاوسۆزی‌ی خۆیان بۆ سیاسەتی سۆڤیت دەربڕی‌و لەدەوڵەتی سۆڤێت داواكار بوون بۆ سەندنەوەی مافە نەتەوەیی‌یەكانی كورد پشگیری‌یان لێ بكا.

دیارە كورد روسیای سۆڤێتی بەهاوپەیمان‌و دۆستی دڵسۆزی خۆی داناوە، لەبەر ئەوە داوای یارمەتی‌ی لێ كردوە. هەر لەساڵی ١٩٢٢دا دەبینین خالید بەگ كەیەكێكە لەسەرانی جولانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی كوردستان بۆ دەوڵەتی سۆڤێت نامە دەنوسێ‌و دەڵێ((لەبەر ئەوەی من بەیارمەتی‌ی ئینگلیز بۆ پێكەوەنانی كوردستانی سەربەخۆ پشت نابەستم، بڕیارم داوە بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئامانجە بەپشتیوانی‌ی روسیای سۆڤێت تێ بكۆشم. من لەسەر پێكەوەنانی كوردستانێكی سەربەخۆ لەژێر سەرپەرشتی‌ی روسیای سۆڤێتدا پێ دادەگرم)) [١٢].

هەروا لەكۆبونەوەیەكی نهێنی‌ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٢٢دا كە لە ئەرزرۆم بەستراو سەرانی جولانەوەی كوردی تێدا بەشدار بون، كۆمیتەی سەركردایەتی بڕیاری دا بەپشتیوانی‌ی یەكێتی‌ی سۆڤێت بۆ پێكەوەنانی كوردستانێكی سەربەخۆ تێ بكۆشێ. بەڵام كۆمیساریای كاروباری دەرەوەی یەكێتی سۆڤێت پاش ئەوەی لەمەسەلەكەی كۆڵیەوەو هەلومەرجی ئەوسای جیهانی گرتە بەرچاو، بریاری دا پشتیوانی نە لەكورد بكاو نە لەتورك بەڵام بەرونی پیشانی‌دا

کەیەکێتیی سۆڤێت سۆزی خۆی بۆ خەباتی کورد دژی بریتانیا دەردەبڕێ*.

دەوڵەتی تورکیا کەهەمیشە ترسی پێکەوەنانی کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆی لێ نیشتوە بۆ سەرکوت کردنی هەر جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی کورد بەپەلە ملی دایە خۆسازدان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دا.

## ٣- حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان – جوڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستان لە پێناوی سەربەخۆییو رزگاریی نیشتمانیدا

لەسالانی نێوان جەنگی یەکەمو دوەمی جیهاندا جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان زۆر گۆڕانی بەسەردا هات چونکە لەساڵی ١٩١٧ بەدواوە جوڵانەوەکە لەژێر کارتێکردنی شۆڕشی سوسیالیستی ئۆکتۆبەرو لەهەلومەرجێکی تازەدا بوو، هەم

*مۆسکۆ بزوتنەوەی کەمالیستیی بەبزوتنەوەیەکی نیشتمانیی شۆڕشگێر دادەناو پشتیوانیی لەخەباتی ئەو بزوتنەوەیە لەدژی بریتانیا دەکردو لەم چوارچێوەیەدا مۆسکۆ پەیمانی سیڤەری بەپەیمانێکی ئیمپریالیستی دەزانیو پشتیوانیی لەهەڵوەشاندنەوەی دەکرد. ئەگەرچی هاوکاریی کەمالیست-بەلشەفیك لەدژی کورد نەگەیشتە رادەی کاری هاوبەش وەك ئەوەی لەدژی ئەرمەنستان ئەنجام درا بەڵام ئەم هاوکارییە یەکێ لەو هۆیانە بوو کەئەوروپای هاندا هەوڵ بدا لەرێی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەرەوە, تورکیا لەبەلشەفیکەکان دور بخاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی, لەو سەردەمەدا مۆسکۆ لەبەر بەگومان کەوتنی لەپەیمانی سیڤەرو دیدە پان ئیسلامییەکانی کورد, پشتیوانیی لەبزوتنەوەی کوردی تورکیا نەدەکرد (وەرگێڕ).

ڕێکوپێکترو هەم لەژێر سەرکردایەتیی گروپی سیاسیی خاوەن ئامانجو بەرنامەو تاکتیکی ڕۆشنترو رونتردا بوو.

ڕێکخراوەکانی ئەو قوناغە گروپە پێشکەوتنخوازەکانی کوردیان لەخۆیان کۆکردەوەو لەهەمویاندا هێزی بزوێنەری جوڵانەوەکە جوتیاران بون.

ناشبێ ئەم ڕاستییەمان لەیاد بچێ کە لەو قۆناغەشدا لەهەناوی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانداو لەرەوتی خەباتی رزگاریخوازیدا کەم تا زۆر هەڵەو کەموکوڕی بەدی دەکرێ چونکە سەرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان کە لەو قوناغەدا رابەرایەتی کردنی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان لەئەستوی ئەواندا بوو، لەروی تیورییەوە لێوەشاوەو کارامە نەبون، توانای بەرێوەبردنی شۆڕشێکی بەرفراوانیان نەبو، لێزانو شارەزا نەبونو بەگرانی سەریان لەمەسەلەی شۆڕشو سیاسەت دەردەکرد. لەبەر ئەوە دەبینین لایەنە نەتەوەییەکە بەئەندازەیەکێ بەسەریاندا زاڵ بوو کەوای لێ کردبون هەم مافی نەتەوەکانی تری کوردستان فەرامۆش بکەنو هەم بۆ پەیوەندیی دامەزراندن لەگەڵ گەلانی سەردەستدا هیچ کارێکێ نەکەن. هەمو ئەوانە لەرەفتارو کردەوەکانیان دا بەرونی رەنگی دایەوەو سەرنجام کاری کردە سەر رەوتی جوڵانەوەکە. لەسەرێکی ترەوە ئەو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییانە نەیانتوانی تێکڕای گەلی کورد لەژێر ئاڵاکەیاندا کۆ بکەنەوەو لەبەر ئەوەی ریشەی پتەویان لەناو کۆمەڵانی خەڵکیدا نەبو بەرێکوپێکی سەرکردایەتیی گەلیان پێ نەکرا، بەتایبەتی کە ئەو ڕێکخراوانە بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی گەورە پیاوان هیچیان نەکردو زۆر جار سەرکردەکانی شۆڕش نەکێ ئەو

ڕێکخراوانە چارەنوسی شۆڕشەکەیان دیاری دەکرد، ئەو کاتە ئەو ڕێکخراوانە لەباتی ئەوەی نەخشی سەرەکی‌یان هەبێ نەخشێکی لاوەکی‌و ناسەرەکی‌یان دەبو.

لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە کە هەر کات سەرکردایەتی‌ی ئەو جۆرە جولانەوەو راپەرینە سیاسی‌یە رزگاریخوازە گرنگانە، کەئامانجەکەیان چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی سیاسی‌ی ئالۆزو پڕ گرێ‌و گۆڵی وەکێ مەسەلەی کوردە، لەدەست سەرکردایەتی‌ی بەکۆمەڵی حیزبێکی سیاسی‌ی پێشکەوتنخواز دەرچێ‌و بکەوێتە دەست چەند رابەرێکی تاکڕۆ، زۆر هەڵەو کەموکوڕی‌ی تێ دەکەوێ، با ئەو رابەرانە بلیمەت‌و زیرەکێ، لێزان‌و شارەزاش بن. بێجگە لەوەی کەئەو جولانەوە چەکداری‌یانە بە لەدەسدانی رابەرو پێشەواکانی دادەمرکانەوە، هۆی ئەوەش لەوەدایە کەپەیوەندی‌ی نێوان ئەو ڕێکخراوە سیاسی‌یانەو کۆمەلانی خەڵکی شۆڕشگێر بەو ئەندازەیە پتەو و تۆکمە نەبو، بەو ئەندازەیە ریشەدار نەبو کە لەدەسدانی رابەرو پێشەواکان کار نەکاتە سەر گروپە سیاسی‌یەکان‌و سەریان لێ نەشێوێنێ.

بۆ رون کردنەوەی نەخشی مێژویی‌ی حیزب‌و گروپە سیاسی‌یەکانی کوردستان کە لەو کاتەدا لەئیستانبول و قاهیرەدا بون، بەکورتی دێینە سەر باسی گرنگترین ئەو گروپانەی دەوروبەری جەنگی یەکەمی جیهان.

١- حیزبی تەعالی کوردستان

ئەو حیزبە لەئیستانبول بەسەرکردایەتی‌ی شێخ عەبدولقادر شەمزینی کەپاشان کەمالیستەکان بەبیانوی رابەرایەتی کردنی

جولانــەوەی ئەوســای کــورد لەســێدارەیان دا، پــێکەوەنراو تــوانی ڕێکوپێکترین پێشەواو رابــەرانی کــورد لــەخۆی کۆکاتــەوە کــەزۆریان ئەفسەر، مافناس، پزیشکێ، پیاوانی ئـاینو سـەرانی خێـل بـون وەکێ شێخ عەبدولقادر شەمزینی، ئەمین عالی، محەمەد عـەلی، خـەلیل رامی، کامەران بەدرخان، جەنراڵ فوئاد پاشا، سەید عەبدوڵلاو سەید محەمەدی کوڕانی شێخ عەبدولقادری شەمزینی، مـیرالای خـەلیل بـەکێ دێرسـیملی، شـێخ سـەعید (کەپاشـان رابەرایـەتیی شۆڕشـی ۱۹۲۵ی کـرد)، ڕەمـزی بـەکێ، ئـەکرەم بـەکێ، جـەمیل پاشـا زادە، نەجمــەددین حوسـێن، مەمــدوح ســەلیم، حەســەن حامــد، حوسـێن عەونی، مـیرالای محەمــەد عــەلی بـەکێ، ئـەمین زەکـی، مـەحمود نەدیم پاشا، جەنراڵ مستەفا پاشا سلێمانی، جـەنرال حەمـدی پاشـا، محەمەد ئەمین بەکێ سلێمان، شێخ عەلی شێخ شەفیق خێزانیو هی تر.

ئەو حزبە رابەری گەورەترین جولانەوەی چەکداری ئەو قۆناغە بــوو واتــە شۆڕشــەکەی ۱۹۲۵ کەبناخــەکانی کۆمــاری تورکیــای هێنایــە لەرزینو هیچی نەمابو دەسەلاتی داگیرکەران لەکوردستان رامالێ.

۲- هەروا لەئیســتانبول دا کۆمــەڵی تەشـکیلاتی کۆمەلایــەتیی کوردستانو چەند کۆمەڵو ڕێکخراوێکی سیاسیی تر پــێکەوەنران کـە ئامانجەکەیان رزگاریی کوردستانو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسـیو کەلتوری گەل بوو. لەژێر ئـالای کۆمــەڵی تەشـکیلاتی کۆمەلایەتیـدا بەشـێکی زۆری خوێندکارە کوردەکانی ئامۆژگا بالاکانی ئیستانبول و ئەوروپا کۆ بونەوە.

۳- لەقاهیرەش میر سورەییا بەدرخان کۆمەڵی ئستقلالی کوردی پێکەوە نا.

بەڵێنانەش بەبڕوای کۆنەپەرستانی تورکێ ئەوەیان نەدەهێنا بۆ کورد بسەلمێنرێن.

پاشان دەوڵەتی تورکیا پەرلەمانی ناچار کرد خودی پەیمانی لۆزان هەڵوەشێنێتەوە. ((لەخاڵەکانی ٤٠، ٣٩، ٣٨ی بەشی سێیەمی پەیمانی لۆزاندا هاتوە کە ((دەوڵەتی تورکیا دەستەبەری ئەوە دەبێ کەکورد کەکەمە رەگەزێکی تورکیا پێکێ دەهێنێ بۆی هەیە بەئاشکرا بەزمانی نەتەوەییی خۆی بدوێ، لەدادگاکانی تورکیادا بەکاری بێنێ، رۆژنامەو گۆڤارو پەرتوکی پێ دەرکا، بۆی هەیە یانەی زانستی، کۆمەڵایەتیو پەروەردەییی کوردزمان پێکەوەبنێو بەوپەڕی ئازادییەوە لەناوخۆ و دەرەوەی تورکیا هاتوچۆ بکاو هەموو ئەو مافە سیاسییانەی دەبێ کەتورکەکان هەیانە)). خاڵی ٣٧یش دەڵێ((تورکیا دەستەبەری ئەوە دەبێ کەهیچ یاسایەکێ یا بڕیارێکێ بەپێچەوانەی مافە ناوبراوەکان دەرناکا)). خاڵی ٤٤یش باسی ئەوە دەکا کەبەڵێنەکانی تورکیا بەڵێنی جیهانین، لەبەر ئەوە بەهیچ

---

* پەیمانی لۆزان بەپێچەوانەی پەیمانی سیڤەرەوە هیچ ئاماژەیەکی بۆ کورد تێدا نیەو تورکیای بەهیچ مەرجێك بۆ دابین کردنی مافەکانی کورد پابەند نەکردووە. ئەو تێکستەی کەدکتۆر شەمزینی لەشیکردنەوەکەیدا پشتی پێ بەستووە, لەکتێبەکەی دکتۆر بلەچ شێرکۆوە وەرگێراوە کەساڵی ١٩٣٠ بەعەرەبی بەناونیشانی ((القضية الكردية ماضي الكرد وحاضرهم)) لەقاهیرە چاپ کراوەو پێدەچێ دکتۆر بلەچ شێرکۆ کەهەندێ لەلێکۆڵیارەکان ئەم ناوە بەناوی خوازراوی محەمەد عەلی عەونیی دەزانن, وردەکارییە یاساییەکانی پەیمانی لۆزانی نەزانی بێ کەتێیدا واژەی بەکارهێنراوی ((کەمینە)) کورد ناگرێتەوە بەڵکو تەنها گروپو تایفە ناموسڵمانەکانی وەك یۆنانو ئەرمەنو جولەکە دەگرێتەوەو هەندێ مافیان بۆ دەسەلمێنێ ((وەرگێڕ)).

شێوەیەکێ بۆی نیە ئەو بەڵێنانە بشکێنێ ئەگینا ئەو دەوڵەتانەی پەیمانی لۆزانیان مۆر کردوەو دەوڵەتە ئەندامەکانی کۆمەڵەی گەلان بۆیان هەیە سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی بەڵێنەکان بکەنو تورکیا ناچار بکەن ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکا کە بەدەوڵەتانی داوە)) [١٤].

بەڵام پەیمانی لوزانیش وەکێ پەیمانی سیڤەر مەرەکەبی سەر کاخەز بوو. کۆمەڵەی گەلانیش ئەگەرچی خاڵە ناوبراوەکانی پەیمانی لۆزانی بەلاوە رونو ئاشکرا بوو بەڵام خۆی لەمەسەلەکە گێل کردو بێدەنگێ بوو. مستەفا کەمال لەجیاتی ئەوەی بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکا، کەوتە گیانی کوردو پەلاماری دا. هەر چی ئامۆژگای کەلتوریی کوردزمان بوو داخرا، هەر چی تێکۆشەرو کوردپەروەر بوو گیرا، بەم کارەش دەوڵەتی کەمالیست سیاسەتێکی توندوتیژی گرتە پێشو هەمو جۆرە یاسایەکی پێشێل کرد. کۆمەڵەی گەلان کەیەکێ بوو لەلایەنەکانی پەیمانی لۆزان لەباتی ئەوەی دژی رەفتاری نامرۆڤانەی کەمالیستەکان دەنگی نارەزایی هەڵبرێ، بێدەنگیی بۆ خۆی هەڵبژارد.

کەمالیستەکان نەکێ هەر مافە نەتەوەیییەکانی کوردیان نەسەلماند، بەڵکو تەگەرەشیان لە پێشکەوتنی ئابوری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی کوردستان دا، سیاسەتێکی رەگەزپەرستانەیان پیادە کرد، ئەفسەرو فەرمانبەرو سیاسییەکانی کوردیان گرتو بۆ ناوچە دورەکانی تورکیا دوریان خستنەوە.

کەمالیستەکانو لەسەروی هەمویانەوە مستەفا کەمالو عیسمەت ئینونو سیاسەتێکی رەگەزپەرستانەیان پەیرەوی کرد، ئەو سیاسەتەی کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا یاکوب قەدری بەم شێوەیە دەری بریوە ((گڕی سوری ئەو شەڕانە کۆتاییی مەسەلەکە نیە، بەڵکو

سـەرەتای دەسپـێکی خـەباتی نێـوان دو رەگـەزە: رەگـەزی کـورد کەئەوروپایی‌یەکان وەکو خۆیان بەئاری نژاد ورەگـەزی تـورکێ کـە بـە مەغۆل نژادی دادەنێن)).

هەر لەم بارەیەشەوە رۆژنامەی پان تورکیستی((ئیلـری)) بـڵاوی کردەوە((دەبێ بێگانەکان — واتە ئەوانەی بەرەگەز تورکێ نـین — یـا لەناو تورکیزمدا بتوێنەوە یا بمرن)).

ئەوی راستی بێ لەنێوان یـەنی چاری‌یـەکانی سـەردەمی سـوڵتانە عوسمانی‌یەکانو کەمالیستەکاندا سەبارەت بەمەسەلەی کـورد هیـچ جیاوازی‌یـەکی ئـەوتۆ نی‌یـە بـەڵکو کەمالیسـتەکان گرەویـان لەسـوڵتانەکانیش بـردەوە، لەدڕنـدێتیو رەشـەکوژیو خـوێن رشـتندا مامۆستای لێوەشـاوەو لـە لـەناوبردنی بەکۆمـەڵی گـەلاندا بلیمـەت بون، بە کوشتارو کاری دڕندانە ناویـان دەرکـردو لەسـەر کەللەسـەری سـەدان هـەزار شـەهیدی گـەلانی ژێردەسـت تۆرانیسـتی‌ی خۆیـان دامەزراند.

شـتێکی ئاسـایی بـوو کـە هەڵسـوکەوتی دەسـەڵاتدارە کەمالیستەکان بەرامبەر بەکوردو جوڵانەوەی رزگـاریی نیشـتمانی‌ی کوردستان، کورد لەشۆڕشی‌کەمالیستی هەڵوەرێنێو وا لەگەڵی کورد بکا دژی کەمالیستەکان بۆ رزگـار بـون لـە چەپـۆکی تۆرانیسـتەکانو بـەدی هێنـانی مافـە نەتەوەیی‌یـەکانو رزگـاریو سـەربەخۆیی‌ی نەتەوەیی، تێ بکوشێ.

لەسـاڵی ١٩٢٠ بـەدواوە زنجـیرە جوڵانەوەیـەکی چەکـداری دژی پاشـاگەردانیو دەسـەڵاتی کەمالیسـتەکان کوردسـتانی تەنی‌یـەوە. شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ کەحیزبی تەعالی کوردستان رابەرایەتی‌ی کـرد گەورەترینو توندوتیژترین شۆڕشی ئەو قۆناخە بوو.

لەساڵی ١٩٢٥دا حیزبی تەعالی کوردستان بەوردی نەخشەی هەڵایساندنی شۆڕشی دارِشت. بڕیار وابو شۆڕش لەسەرانسەری کوردستاندا لەنەورۆزی ١٩٢٥دا هەڵگیرسێ. کۆمیتەی سەرکردایەتی‌ی پێشمەرگەیی‌ی شۆڕش کە لەجەنراڵ ئیحسان نوری پاشاو چەند ئەفسەرێکی تر پێکهاتبو، نەخشەی بەرپاکردنی شۆڕشی دارشت. ئەوانەی نەخشەی شۆڕشیان دارِشت، لەهەموو لایەکی مەسەلەکەیان کۆڵی‌یەوەو بڕیاریان دا ئەگەر شۆڕش تینی بۆ هات خێڵە چەکدارەکان بەسەر چەند دەستەیەکدا دابەش دەکەنو دەست بە شەڕی پارتیزانی دەکەن.

بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش لەسەرانسەری کوردستاندا لەیەک کاتدا، رۆژی بەرپاکردنی شۆڕش بەهەمو کۆمیتەکانی ناوچە کوردنشینەکان راگەیەنرا، بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕێی شۆڕشگێرانەوە ئەوەی رویدا هەمو نەخشەکانی لەبەریەک هەڵوەشاندەوە. چەند پێشمەرگەیەکی کۆمیتەی ناوچەی دیاربەکر کەشێخ سەعید سەرکردایەتی‌ی دەکرد، لەدێی پیران لەگەڵ ژاندارمەکانی تورک بەشەڕ هاتنو پێکادانی چەکدارانە رویداو لەئەنجامدا شۆڕش پێش کاتی دیاریکراوی خۆی لەو ناوچەیەدا هەڵگیرساو سەرەنجام هێزە شۆڕشگێرەکانی تری کوردستان نەیانتوانی لەیەک کاتدا راپەڕن، ئەوەش بوە هۆی ئەوەی دوژمن تەوژم بخاتە سەر چەند ناوچەیەکی دیاریکراو و ناوچەکان یەکە یەکە بەر پەلامار بکەون، هەر لەئەنجامی ئەو روداوەشدا بوو کەشۆڕش لەبەشێکی رابەرەکانی کەسەریان لەمەسەلەی شەڕو پێکادان دەردەچو بێ بەش بوو چونکە بەهەڵایسانی شۆڕش پێش کاتی دیاریکراوی خۆی ئەو رابەرانە نەیانتوانی بەپەلەپروزێ خۆیان بگەیەننە ناوچەکانی شۆڕشو سەرکردایەتی‌ی جوڵانەوەکە بکەن.

بەڵام سەرەڕای هەموو شتێکێ بڵێسەی شۆڕش لەماوەیەکی کەمدا – واتە لە ١٣ی کانونی دوەمەوە تا ٢٦ی مارت- هەمو ناوچە کوردنشینەکانی تورکیای گرتەوە کەدەکاتە نزیکەی سێیەکی پێوانەی کۆماری تورکیا.

حیزبی تەعالی کوردستانو سەرکردایەتیی هێزی پێشمەرگە لە راگەیاندنێکی رەسمیدا داخوازییەکانی شۆڕشیان دەربڕی کەبریتی بوو لەرزگاریی کوردستانو پێکەونانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەر هەمان راگەیاندن بڵاوی کردەوە کەلەمەولا جوتیاران بۆیان هەیە باجو پیتاکێ بەدەرەبەگەکان نەدەنو لەهەمو دانیشتوانی کوردستان بەبێ گوێدانە نەتەوەو ئاینو بیروباوەڕ داواکار بوو پشتی یەکتری بگرن، یارمەتیی پێشمەرگە بدەنو خۆراکی بۆ دابین بکەن. ئەفسەرانی کورد بەسەرکردایەتیی جەنراڵ ئیحسان نوری پاشا رابەرایەتیی بیست هەزار پێشمەرگەیان کرد.

جوڵانەوەکە هێندە توندوتیژ بوو بەتەواوەتی کاری کردە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیی وڵاتو هەڕەشەیەکی زۆری لەتورکیای کەمالیست کرد. حکومەتی تورکیا کە ئەو کاتە بەسەرۆکایەتیی عیسمەت ئینونو بوو، سەرکوت کردنی بێ چەندو چۆنیی شۆڕشەکەی یاخود بەواتایەکی راستتر لەناوبردنی گەلی کوردی کردە ئامانجی سەرەکیی خۆیو بۆ ئەم مەبەستە کەوتە گیانی کورد، دیهاتەکانی کوردستانی سوتاند، زمانی کوردیی بەتەواوەتی قەدەغە کرد، کوردەکانی بەزۆر بۆ ناوچە دورەکانی تورکیا گواستەوەو ئەو تورکانەی کە لەگریکێو باڵکان دەرکرا بون لەکوردستاندا نیشتەجێی کردن.

دەوڵـەت لەسـەر جێبـەجێ کردنـی ئـەو سیاسـەتە پـێی داگـرتو عیسـمەت ئینونـو یاسـایەکی تایبـەتی بەپـەرلەمان دەرکـرد. بەپـێی یاسـاکە دادگایـەکی ملیتـاری بـەناوی دادگـای سـەربەخۆیی‌یەوە دامەزراندو دەسەڵاتێکی بێ سنوری پێدا.

بۆ ئەوەی شۆڕش لـەچوارچێوەی خـۆی نـەترازێو ناوچـەکانی تـری تورکیـا نەگرێتـەوەو بـۆ ئـەوەی جوتیـارانی تـورک لەشۆڕشـەکەی کوردستان کەڵک وەرنەگرنو ئەوانیش دژی کەمالیستەکان رانەپەڕن، ئینونو بەپەلەپـروزێ یاسـایەکی تـری بـە پـەرلەمان دەرکـردو بەپـێی یاساکە ئەو باجەی جاران لەجوتیارانی تورک دەسـەنرا کـەم کرایـەوەو باجە دەرەبەگی‌یەکان بەتەواوەتی لابران، پاشان ئەو یاسایە بۆ هـەمو گەلی تورک سەلمێنراو لەسەرانسەری وڵاتـدا بەپـەلە جێبـەجێ کـرا. بەم شێوەیە ئینونو توانی کوسـپ بخاتەبـەر رێگـای جوڵانـەوەی دژی کەمالیسـتی‌ی هـەناوی تورکـەکانو نەیهێشـت ببێتـە هاوکـارو هـاو ئامـانجی شۆڕشـەکەی کوردسـتان. ئـەوەش دەرفـەتێکی لـەباری بـۆ کەمالیسـتەکان پـێک هێنـا بـۆ ئـەوەی هـەمو هێزەکـانی خۆیـان لەکوردستاندا کۆ بکەنەوە بکەونـە گیـانی کـورد. لەسـەرێکی تـرەوە ئینونو لەگەلی تـورک داواکـار بـوو راپـەڕێو دژی جوڵانـەوەی کـورد بجەنگێ گوایە ئەو جوڵانەوەیە هەڕەشـە لەدەوڵـەتی تورکیـا دەکـاو دژی رەگەزی تورکە. بـۆ چەواشـەکردنی رای گشـتیو هانـدانی گـەلی تورکیش، کەمالیستەکان جـارو جـەنجاڵێکی زۆریـان بـۆ ئـەوە کـرد گوایە شۆڕش هەڕەشە لەکۆماری تورکیا دەکاو کورد بەفیتی ئینگلیز راپەڕیوە، پارەو چەک لەوان وەردەگرێو هی ترو هی تر.

مسـتەفا کـەمال لەوتارێکـدا کـە لەپـەرلەمان خوێندییـەوە وتـی ((لەهەمو شتێک گرانتر بۆ ئێمە ئەوەیە کە ئینگلیزەکان پشـتیوانی

لەکورد بکەنو یارمەتی‌یان بدەن. لەمێژە ئینگلیزەکان بۆ دژایەتی کردنی تورکیا کەڵکێ لەکورد وەردەگرن. لەسالآنی جەنگی جیهانی‌دا بریتانیا چالاکترین سیخوڕانی خۆی واتە لۆرانسو نوئێل بۆ کوردستان نارد بۆ ئەوەی لەپشت پەردەوە کورد بۆ کوشتنی تورکێ هان بدەن ...)).

دیارە هەمو ئەو پرۆپاگەندانە درۆ بون. راستە ئینگلیزەکان هەندێ جار بۆ تەفرەدانو فریودانی کورد بڵاویان کردۆتەوە گوایە پشتیوانی لەجولآنەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستان دەکەن، بەڵام تەنانەت لەو کاتەشدا ئەوان نەخشێکی سەرەکی‌یان نەبوە. دیارە ئەو پرۆپاگەندانە زۆر لە کەمالیستەکان دەوەشێنەوە بەتایبەتی کەئەوان هەمیشە بالۆرەی ئەوەیان لێداوە گوایە جولآنەوەکانی کورد دەسکردی سیخوڕانی ئینگلیزن بەتایبەتی لۆرانس. ئەوی راستی بێ کەمالیستەکان بەوەی کە سیاسەتێکی رەگەزپەرستانەیان گرتە پێشو دژی هەمو گەلان بون، کەلێنێکی گەورەیان لەنێوان کوردو دەوڵەتی تورکیا پەیدا کرد. لەکاتێکدا هەردو گەلی کوردو تورکێ لەسایەی یەکێ هەلومەرجدا بون، هەوڵدان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی‌ی دۆستانەو برایانەی هەردوکیان کارێکی سەرکەوتو دەبو، بەڵام کەمالیستەکان لەجیاتی ئەوەی کورد بەلای خۆیاندا راکێشن کوردیان لەخۆیان هەڵوەراند. ئەو جەزرەبەیەی ئەوان دەرخواردی سرب، مالداف، گریکێ، بولگار، ئەلبان، ئەرمەنو عەرەبیان دا، هەمان جەزرەبە بوو کەدەرخواردی کوردیان دا. ئەوان بۆ هەمو گەلان شۆڤێنستو دوژمن بونو بەچاوێکی سوکەوە تەماشای مافە نەتەوەیی‌یە رەواکانی ئەو گەلانەیان کردوە.

کەمال فەوزیش بەوپەڕی ئازایەتی‌یەوە هاواری کرد ((سەربەرزی‌یە بۆ ئێمە لەپێناوی رزگاریی کوردستاندا بمرین. بژی کوردستان. بژی خەباتی گەلی کورد لەپێناوی رزگاریو سەربەخۆیی‌دا)).

دەوڵەتی کەمالیستی بۆ سەرکوت کردنی شۆڕش هێزێکی زۆری کۆکردەوە کە لەچەند تیپێکی پێڕۆ، سوارەو تۆبخانە، پێکهاتبو. لەسەرێکی ترەوە کەمالیستەکان داوایان لەفەرەنسی‌یەکانی داگیرکەری ئەوسای سوریا رێگا بەسوپای تورکیا بدەن کەڵکێ لەهێڵی شەمەندەفەری حەلەب وەرگرێ، بچێتە ناو خاکی سوریاو لەوێوە باداتەوە سەر کوردستانو لەپشتەوە لەپێشمەرگە بدا. فەرەنسی‌یەکان لەجێ‌بەجێ کردنی داواکەی کەمالیستەکاندا دودڵ نەبونو ماوەیان بەسوپای تورکێ دا بچێتە ناو خاکی سوریا.

شەڕ لەوپەڕی تینو تاودا بوو. سوپای تورکیا کەلە ١٥ تیپی پێڕۆ، ٩ بریگادی تۆپ هاوێژ و ٣تیپی سوارە واتە لەسەد هەزار سەربازی چەکدار پێکهاتبو، لەماوەیەکی کەمدا واتە لەمانگی کانونی دوەمەوە تا مانگی تەموز شۆڕشەکەی کوردستانی کپ کردەوە.

زیانی گەلی کورد بەم جۆرە بوو: ١٥٢٠٦ کوژراو، سوتانی ٨٧٥٨ خانو، کاول بونی ٢٠٦ دێ [(١٥)]. کەمالیستەکان بۆ سزادانی کورد کەوتنە چۆڵ کردنی بەشێکی ناوچە کوردنشینەکانو راپێچ کردنی خەڵکەکەی بۆ ناوچە دورەکانی تورکیا. ئەم کارەش لەوەرزی زستاندا جێ‌بەجێ کراو لەئەنجامدا بەشی هەرە زۆری راپێچ کراوەکان لەرێگا توشی بەفرو سەهۆڵ بەندان بونو پێش ئەوەی بگەنە رەوگەکانیان بەشێکیان مردن.

بەم شێوەیە لەماوەی نێوان ١٩٢٥و ١٩٢٦دا لەئەنجامی تاوانەکانی دەوڵەتی تورکیادا پتر لەپێنج سەد هەزار کورد مردن.

بەپێی هەندێ سەرچاوەش بۆمان دەردەکەوێ کە تورکەکان تا شۆڕشەکەی کوردستانیان پێ کوژایەوە پەنچا هەزار سەربازیان لێ کوژراو بۆ سەرکوت کردنی کورد پتر لەشەش ملیۆن جونەیهیان تەرخان کرد [١٦].

پاشان لەرۆژی ٢٧ی حوزەیراندا دادگای کەمالیستی پاش لێپرسینەوەیەکی کارتۆنی بڕیاری خنکاندنی پۆلێکی تری تێکۆشەرانی کوردی دەرکرد. ئەو پۆلە کە ٤٨کەس بوو لەو تێکۆشەرانە پێکهاتبو: شێخ سەعید، شێخ عەبدوڵلا، شێخ سمایل، شێخ عەبدوللەتیف، قاسم بەگ، حاجی خالد، چەرکەس رەشید، مەلا ئەمین، شێخ عەلی، یوزباشی فەخری، لیوتینان محەمەد شەهری، حاجی سادقو هیتر. ئەو تێکۆشەرانەش وەک ئەوانەی پێشو لەشاری دیاربەکر هەڵواسران.

شێخ سەعید پێش لەسێدارەدانی بەجەللادەکانی وت((سەربەرزییە بۆ ئێمە لەئەنجامی خەباتدا بۆ رزگار کردنی وڵاتەکەمان لەستەمی ئێوە پەتی سێدارە بکەینە مل. خەبات ئەرکێکی نیشتمانی بوو، ئێمەش سەربەرزانە جێبەجێمان کرد. پێویستە لەسەر هەمو کوردێکی بەشەرەف بۆ رزگاریی کوردستانی ژێردەستە تێ بکوشێ)).

لەرۆژی ٢٨ی حوزەیراندا هەمان دادگا بڕیاری خنکاندنی ٩٣ تێکۆشەری تری دەرکردو ئەوانیش هەر لەدیاربەکر هەڵواسران [١٧].

پاش ئەوەی شۆڕش بەشێوەیەکی کاتی دامرکایەوە، کاربەدەستانی تورکیا بێ چەندو چۆنی کەوتنە گیانی کورد. حکومەتی عیسمەت ئینونو لەسەپاندنی دەسەڵاتی هەڕەمەکی

بەسەر کوردستانداو لەو دەسەڵاتەی کە پەرلەمان پێی دابو کەڵکی وەرگرتو بۆ ریشەکێش کردنی گەلی کورد ئەم بەرنامەیەی دانا:

١- لەناوبردنی بەکۆمەڵ، سوتاندنی دێهاتەکانو رەفتاری تری دڕندانە.

٢- داماڵینی چەکێ لەکوردستانو سزادانی ئەوانەی چەکیان پێ دەگیرێ.

٣- راگوێزانی زۆردارەکیی کورد بۆ ناوچە دورە تورکێ نشینەکانو نیشتەجێ کردنی ئەو تورکانەی لەیۆنانو باڵکان دەرکرابون لە کوردستاندا.

بەم شێوەیە کەمالیستەکان سیاسەتێکی دڕندانەیان گرتە پێش کە زۆر لەو سیاسەتە دڕندانەترو توندوتیژتر بوو کەلەساڵی ١٩١١دا نوێنەری سەرکردایەتیی ستادی روسیا کاپتن بنزنگرە لەبارەیەوە نوسیویەتی((دەستە چەکدارەکانی تورکێ بەچەشنێکی دڕندانەو بێ بەزەییانە کەوتنە گیانی کوردو هەر کەسێکیان دەستکەوتایە لەناویان دەبردو دەیانفەوتاند)).

لەساڵی ١٩٢٥ بەدواوە حیزبو تێکۆشەرانی کورد دەستیان بەسەردانی کۆنسوڵگەکانی یەکێتیی سۆڤێت لەوانو ماکۆ کرد. بەشێکی ئەو تێکۆشەرانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و هەندێکیان بەنامە لەگەڵ کۆنسوڵگەکاندا پەیوەندییان دامەزراند. بۆ نمونە دەبینین نوێنەری حزبی تەعالی کوردستان سەید عەبدوڵلای کوڕی شێخ عەبدولقادر(کەپاش لەسێدارەدانی عەبدولقادری باوکی لەلایەن تورکەکانەوە لە ناوچەی شەمزینانـدا سەرکردایەتیی شۆڕشی کرد) چەند جارێکێ سەردانی کۆنسوڵگەی وانی کردوەو لەکاربەدەستانی یەکێتیی سۆڤێت داواکار بوو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد

یەکێتی‌ی سۆڤێت یارمەتی‌ی کورد بداو لەخەباتیان پشتیوانی بکا. بەڵام ئەو کاتە هەلومەرجی جیهان دەرفەتی یارمەتیدانی کوردی نەدا، لەبەر ئەوە جوڵانەوەی کورد هەم لەڕوی ماددی‌یەوە هەم لەروی زارەکی‌یەوە لەهەمو جۆرە یارمەتی‌یەکێ بێ بەش بوو.

پاش ئەوەی شۆڕش بەشێوەیەکی کاتی لەبەشێکی ناوچەکاندا دامرکایەوە، سەرکردایەتی‌ی هێزی پێشمەرگە برایە ناوچە شاخاوی‌یەکانی باکور کە بۆ هێزەکانی تورکیا گران بوو بەئاسانی بیگەنێ، لە ناوچەی شەمزینانیش شۆڕش بەسەرکردایەتی‌ی سەید عەبدوڵلای کوڕی شێخ عەبدولقادر خۆی راگرت، بەڵام پاش شەڕێکی سەختو زیانێکی زۆر، پێشمەرگەکان ناچار بون بەرەو ناوچە شاخاوی‌یەکانی کوردستانی باشور بکشێنەوە دواوە. پاشان دادگای کەمالیستی بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر سەید عەبدوڵلادا سەپاند بەڵام لەبەر ئەوەی لەوێ نەبو بڕیارەکە بەهەڵپەسێردراوی مایەوە.

لەساڵی ١٩٢٦دا لەناوچەی ئاگری داخ سوپایەکێ بەسەرکردایەتی‌ی جەنراڵ ئیحسان نوری پاشاو حکومەتێکێ بەناوی حکومەتی ئەراراتەوە پێکەوەنرا. گروپە سیاسی‌یەکانو تێکوشەرانی کورد کەسەرنجامە پڕ مەینەتی‌یەکەی شۆڕشی پێشویان لەبەر چاودا بوو، بۆ خوسازدانو درێژەدان بەخەبات دژی کەمالیستەکان بڕیاریان دا کۆنگرەیەکی گشتی ببەستن.

لەبەهاری ساڵی ١٩٢٧دا لەجێگایەکی دیاریکراوی کوردستانی تورکیادا نوێنەرانی هەمو گروپە سیاسی‌یەکان واتە سەرانی خێڵەکان، گەورە پیاوان، روناکبیرانی کوردو نوێنەرانی هێزی پێشمەرگە بە نهێنی کۆ بونەوەو کۆنگرەیەکی فراوانیان بەست.

کۆنگره بڕیاریدا هەمو حیزبو گروپە سیاسییەکان خۆیان هەڵوەشێننەوەو هەمویان پێکەوە حیزبێکی یەکگرتو دامەزرێنن بۆ ئەوەی رابەرایەتیی خەباتی گەلی کورد بکا، هەمو هێزە ئازادیو سەربەخۆخوازەکان لەخۆی کۆکاتەوەو تا دەرکردنی دوا سەربازی تورکێ لەکوردستان درێژە بەشۆڕش بدا. بڕیارەکانی کۆنگرە بەم جۆرە بون: پێکەوەنانی یەکێ سەرکردایەتیی گشتی بۆ هێزی پێشمەرگە، خۆسازدان بۆ شەڕو خەباتی چەکدارانە، دیاری کردنی ناوەندێکی گشتی بۆ شۆڕشو سەرکردایەتیی گشتیی هێزی پێشمەرگە، دابین کردنی ئازوخە، پەیداکردنی چەکێو کەرەستەی جەنگێو دانانی چەند بنکەیەکێ بۆ چالاکیی پێشمەرگانە. لەسەرێکی ترەوە کۆنگرە بڕیاری دا پەیوەندیی دۆستانەو برایانە لەگەڵ گەلانی ئێرانو عیراقو سوریە پتەو بکرێ. جەنراڵ ئیحسان نوری پاشا بەفەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە دانرا. بۆ بەڕێوەبردنی هەر ناوچەیەکیش چەند کارگێرێکێ دانرانو برایم پاشا وەکێ لێپرسراوی گشتیی هەموو ناوچەکانی دیاری کرا(١٨).

لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٧دا حیزبی خویبون پێکەوەنرا بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی خەباتی گەلی کورد دژی کەمالیستەکان بکا. ئەو حیزبە روناکبیران، سەرانی خێڵەکان، بورژوازییە نیشتمانپەروەرەکان، ئەندامانی حیزبو گروپە هەڵوەشاوەکانی وەکێ حیزبی تەعالی کوردستان، کۆمەڵی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵی سەربەخۆییی کوردو هی تری لەخۆی کۆکردەوە. ئامانجی حیزب رزگارکردنی کوردستان بوو لەستەمی کەمالیستەکانو وەدەست هێنانی سەربەخۆییی نەتەوەییی کورد.

حیزبی خویبون دڵسۆزانە سەرکردایەتی‌ی خەباتی گەلی کوردی کرد بەڵام لەدیاری کردنی ماکی سیاسەتی ئیمپریالیستی‌ی بریتانیا بەرامبەر بە مەسەلەی کورد سەری لێ شێواو نەیتوانی بەرێکوپێکی ئەو سیاسەتە هەڵسەنگێنێ. حیزبی خویبون پاش ئەوەی ڕێبازو سیاسەتێکی سەربەخۆی گرتە پێش‌و خۆی بەهیچ لایەنێکەوە نەبەستەوەو دڵسۆزانە سەرکردایەتی‌ی جوڵانەوەی کوردی کرد ، وازی لەو سیاسەتە هێناو هاتە سەر ئەو باوەڕەی گوایە دەگونجێ مەسەلەی کورد بەپشتیوانی‌و یارمەتی‌ی سیاسەتی ئەنگلۆ — ئەمەریکان چارەسەر بکرێ. لەبەر ئەوە حیزبی خویبون وردە وردە بەلای سیاسەتی بریتانیاو پاشان بەلای سیاسەتی ئەمریکادا دایشکاندو پێی وابو گوایە ئەم دو دەوڵەتە لەمەسەلەی کورد پشتیوانی دەکەن. حیزبی خویبون هەمو نەخشەو کردەوەکانی خۆی لەگەڵ ئەو بڕوایەدا گونجاند واتە ماوەیەک پێی وابو گوایە جوڵانەوەی کورد دەتوانێ بەپشتیوانی بریتانیاو ئەمریکا پشت ئەستور بێ. حیزبی خویبون بەم سیاسەتە جوڵانەوەی کوردی بەکوێرە ڕێی لادان‌و چەواشە بوندا کێش کرد ، چونکە گەلی کورد بەکردەوە بۆی دەرکەوتوە کە سیاسەتی ئەنگلۆ — ئەمەریکان بەرامبەر بەمەسەلەی کورد سیاسەتێکی تەفرەدەرانەیەو بەشێکی زۆری ماڵوێرانی‌و کوشتاری کورد زادەی ئەو سیاسەتەیە ، بۆی دەرکەوتوە کەهۆی سەرەکی‌ی چەوسانەوەی گەلی کوردو مانەوەی لەژێر چەپۆکی داگیرکەراندا هەر ئەو سیاسەتەیە.

بەڵام پاش جەنگی دوەمی جیهان حیزبی خویبون هەستی بەهەڵەی خۆی کردو بەسیاسەتی دەرەکیی خۆیدا چۆوە. ئەویش وەک هەمو حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی تر پەیوەندیی خۆی نەک هەر

لەگەڵ سیاسەتی بریتانیا بەڵکو لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکاشدا پچڕاند، ئەو دو سیاسەتەی کە لەناوەڕۆکدا یەک سیاسەتە بەتایبەتی سەبارەت بەمەسەلەی کورد.

لەساڵانی ١٩٢٦، ١٩٢٧، ١٩٢٨دا دەوڵەتی تورکیا چەند جارێک هێرشی بردە سەر پێشمەرگەو ویستی حکومەتی ئەراراتو سوپاکەی تێک بشکێنێ، بەڵام لەهەمو پەلامارەکاندا شکاو دەوڵەت زیانێکی زۆری لێ کەوت.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٨دا کۆنسوڵگەی سۆڤێت لەشاری ماکۆ ئەم نامەیەی حکومەتی ئەراراتی پێ گەیشت:

((لەمەوبەر حکومەتی کوردی ئەرارات نامەیەکی بۆ نارد بون، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبو. شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسەتی ئەمڕۆ ئێمەی هێنایە سەر ئەو باوەرەی کە گەلی کورد بەبێ یارمەتیو پشتیوانیی روسیای سۆڤێت رزگاری نابێو مافو سەربەخۆییی نەتەوەییی خۆی وەدەست ناهێنێ. ئێمە کەئامانجی ناوبراو مەبەستمانە دەمانەوێ مەسەلەی خەباتی نەتەوەییی رزگاریخوازیمان لەئەنتەرناسیونالی سێیەمدا باس بکرێو چالاکیی خۆمان لەگەڵ سیاسەتی یەکێتیی سۆڤێت لەرۆژهەڵاتدا هاوجوت کەین، هەلومەرجی ئەمرۆ بۆ ئەم مەبەستە زۆر لەبارە. هەر کات بەزارەکی ئەم داخوازییەی ئێمەتان پەسند کرد، حکومەتی کوردی ئەرارات ئامادەیە نوێنەرانی خۆی بۆ جێگای دیاریکراو بۆ لێدوان سەبارەت بەمەسەلەی ناوبراو بنێرێ)).

بەڵام ئەم نامەیەش وەک هێنەکانی پێشو وەڵامی نەبو چونکە بارودۆخی سیاسیی جیهان ماوەی بەروسیای سۆڤێت نەدا دەست درێژ بکاتە ناو کاروباری ناوخۆی وڵاتانی تر.

پاش ئەوەی کەمالیستەکان بەهێرش و پەلاماردان شۆڕشیان پێ لەناو نەبرا، پەنایان بردە بەر فڕوفێڵ. کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا لەحکومەتی ئیحسان نوری پاشا داواکار بون بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت پێکەوە وتووێژ بکەن.

لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٨دا نوێنەرانی حکومەتی ئەرارات کە لەنوێنەری کارگێڕو نوێنەری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە پێکهاتبو لەشکلی کوپرو کە ٣٠ کیلۆمەتر لەشاری بایەزیدەوە دورە لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیادا کۆ بونەوە.

بەڵام نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیا کە نەیاندەویست چارەسەرێکی ریشەیی بۆ مەسەلەی کورد بدۆزنەوە ویستیان نوێنەرانی کورد لە خشتە بەرن و پێشنیاریان کرد دەوڵەت لێبوردنێکی گشتییان بۆ دەرکاو هەمویان واز لەو مەسەلەیە بێنن. ئەوان بەڵێنیان بەنوێنەرانی کورد دا کە ئەگەر هاتو وازیان لەم مەسەلەیە هێنا دەوڵەت ئامادەیە هەرچییەکیان دەوێ بۆیان جێبەجێ بکا. لەو وتووێژەدا نوێنەرانی دەوڵەت باسی هیچ مەسەلەیەکی گرنگیان نەکرد، گرنگییان بە داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد نەدا و زیاتر خۆیان بەمەسەلەی لاوەکییەوە خەریک کرد. لەبەر ئەوە وتووێژ سەری نەگرت.

بەسەرنەگرتنی وتووێژ دەوڵەت بایدایەوە سەر رەفتاری دڕندانەی جارانیو کەوتە گیانی کورد، ئەمجارەیان ویستی هەر چۆنێ بێ مەسەلەی کورد بە یەکجارەکی نەهێڵێو گەلی کورد بەیەکجارەکی ریشەکێش بکا. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم نەخشەیە دەوڵەتی تورک لە ساڵی ١٩٢٨دا وڵاتی کردە چوار ناوچەی سوپایی کە هەر یەکێکیان بەناوچەی مفەتشیەی گشتی ناسرا بوو. ناوەندو سنوری دەسەڵاتی هەر ناوچەیەک بەم جۆرە بوو :

١- ناوچەی مفەتشیەی گشتی‌ی ژمارە یەکێ کەناوەندەکەی دیاربەکرەو سنوری دەسەڵاتی هەموو ولایەتە کوردنشینەکانی بتلیس، وان، هەکاری، موش، ماردین، ئورفە و سیرت دەگرێتەوە. پاشان برایم تالی(کەیەکێ لە ئاشناترین دۆستانی مستەفا کەمال بوو) والیی سیواس وەهبی. ئابدین ئۆزمەنو ئەونی دوغمان بە بەرێوەبەری گشتی‌ی مفەتشیەکە دانران.

٢- ناوچەی مفەتشیەی گشتی‌ی ژمارە دو کەناوەندەکەی تراکیایە.

٣- ناوچەی مفەتشیەی گشتی‌ی ژمارە سێ کەناوەندەکەی ئەرزرۆمە.

٤- ناوچەی مفەتشیەی گشتی‌ی ژمارە چوار کەناوەندەکەی ئەلازیکەو سنوری دەسەڵاتی، هەمو ولایەتە کوردنشینەکانی ئەلازیکێ، دێرسیم و بنگۆل دەگرێتەوە.

لەمانگی حوزەیرانی ١٩٣٠دا پاش ئەوەی بۆ کەمالیستەکان دەرکەوت کەگەلی کوردیان پێ لەناو نابرێ و شۆڕشەکەیان پێ خاشەبڕ ناکرێ، پاش ئەوەی بۆیان دەکەوت کە کوشتارو لەشکرکێشی، هێرشو پەلاماردان هیچ کەڵکی نەبوە، لەسەرێکەوە خۆسازدانی گشتی‌یان لە تورکیا راگەیاندو لەسەرێکی ترەوە دەستیان بەپرۆپاگەندەو بوختان هەڵبەستن کرد. رۆژنامەو گۆڤارەکانی تورکیا کەوتنە بالۆرەلێدانی ئەوەی گوایە هێزی پێشمەرگە دەسوپێوەندی ئیمپریالیزمو سەر بە بێگانەیە و هی ترو هی تر. رۆژنامەکان خۆیان لەوە گێل کرد کە شۆڕشی کورد هۆی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە پێویستی بەهاندانی هیچ دەوڵەتێکی بێگانە نیە. رۆژنامەکانی تورکیا وا خوێنەرانیان چەواشە دەکرد گوایە ئەگەر دەوڵەتە

ئیمپریالیستەکان دەست درێژ نەکەنە ناو کاروباری ناوخۆی تورکیا، ئاشتیو ئارامیو داد سەرانسەری وڵات دەگرێتەوە. رۆژنامەی ((وەقت)) لەبارەی لۆرانسەوە وتارێکی بڵاوکردەوەو وای پیشاندا گوایە ئەو سیخوڕە ئنگلیزە لە کوردستاندا بوە. رۆژنامەکە نوسیویەتی ((ئەو چەتانەی لەمەوپێش بەبۆمب لەناومان بردن، ئەمڕۆ بونەتە دەسکەلاو بلوێرژەنی ئەو پیاوکوژەی کەشەبقەیەک دەکاتە سەرو جلی فراک لەبەر دەکا. لە پشت ئەو چەتانەدا کەڵبە تیژەکانی دێوێکی گەورەو دڕ دەدرەوشێنەوە)).

دیارە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئێرانیش هاودەردی رۆژنامەو گۆڤارەکانی تورکیا بون، لەبەر ئەوە ئەوانیش هەمان بالۆرەی تورکەکانیان لێدایەوە، توتییانە پرۆپاگاندەکانی ئەوانیان دوپات کردەوەو بونە لاسایی کەرەوەو بلوێر ژەنی رۆژنامەکانی تورکیا. هەر بۆ نمونە دەبینین رۆژنامەی ((ئیقدام)) لەژمارەی ٢٦ی ئایاری ١٩٣٠دا رۆژنامەی((جمهوریەت)) دەکاتە دەمڕاستی خۆی، هەواڵێکی داتاشراو کە پالەوانەکەی لۆرانسە بلاودەکاتەوە دەنوسێ ((رۆژنامەی جمهوریەت وێنەیەکی کۆڵۆتێل لۆرانسی بلاو کردۆتەوە کە لەبەغدا گیراوە. لەوێنەکەدا کۆڵۆتێل لۆرانس بەجلوبەرگی پیاوانی ئاینی ئیسلامە. کوردەکان ناوبراو بەکابرایەکی نورانی دەزانن، دەستو پێی ماچ دەکەن، زۆر رێزی دەگرنو بەخواوەندی دادەنێن. پەیامنێری رۆژنامەی جمهوریەت بەتایبەت بۆ دۆزینەوەی لۆرانس بۆ بەغدا چو، دیارە ئەم کارەش ئاستەنگێو کەندی زۆر لەبەرە بەڵام پاش دژوارییەکی زۆر دۆزییەوەو بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ وێنەی گرت. لێرەدا لەبەر ئەوی ئەو ساختەچییە بەتەواوەتی لەلۆرانس دەچێ، ئەو لۆرانسەی کە لەوێنەکەدا کوردەکانی لەدەوری

خۆی کۆکردۆتەوە، کەس لەم بارەیەوە سوسەی ئەوە ناکا کەئایا ئەو کابرایە خۆیەتی یا خۆی نیە ))[١٩].

بلاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بە وتارەکانی رۆژنامەکانی تورکیا و ئێراندا چووە، بەتەوسەوە نوسیویەتی((دیسانەوە لۆرانس هاتەوە سەر شانۆ. بەڵێ هەر هەمان لۆرانسی جاران. ئەوی راستی بێ هێندە باسی لۆرانس کراوە مرۆڤ دێتە سەر ئەو باوەڕەی گوایە هەر چی داوودەزگای ئاڵۆزی سەرکوت کەری گەلانی ئیمپریالیزمی ئنگلیزە تەنها لەلۆرانس پێکدێ. ئایا ئەگەر ئەو هەمو درۆ و دەلەسەیە لەبەرژەوەندیی ئیمپریالیزمی بەرتیانیادا نەبێ، ئەی لەبەرژەوەندیی کێیە؟ ئەگەر ئیمپریالیزمی ئنگلیز لەمەوپێش لۆرانسو لەشکرێکی بەرفراوانی دەسوپێوەندەکانی خۆی لەدورگەی عەرەبدا بەگەڕ خستبێ، ئەگەر لۆرانس رێکخەری یاخی بونە کۆنەپەرستەکەی ئەفغانستان بوبێ، کەواتە لۆرانس کە لەهەمو شوێنێکدایە, ئەمڕۆ بۆ پێکەوەنانی کوردستانی ئازاد خۆی ساز داوە. بەم جۆرە لۆرانس دەکرێ بە پێغەمبەرو هەر ئەوەی دەمێنێ ناوبانگێکی پیرۆزی بۆ پێک بهێنرێ، بەتایبەتی کەئاینی لۆرانس سازو ئامادەیە. وێ دەچێ بیرکردنەوەی مرۆڤ زۆر تەسکو تەنگەبەر بێ ! با لۆرانس بە جلوبەرگی بازرگانێکی گەڕۆک بێتە پێش، با ریشی پیاوچاکان بۆ خۆی بفرۆشێو هەناسەی پیرۆزیان بخاتە شوشەیەکەوەو لەبازاڕدا بازرگانیی پێوە بکا، یاخود سەودا بەتەسبیحێک بکا کە لەسەر هەر دەنکێکی دروشمی دەوڵەتی کوردستانی ئازادی لەسەر هەڵکۆڵراوە. با وەک دەروێشێک یاخود وەک سەرگەردان و وێڵو ئاوارەی چیرۆکەکان بێتە پێش. لۆرانسی ناو مێشکی نوسەرە کەمالیستەکان پێوانەیەکی تایبەتی هەیە : ناوبراو

جلوبەرگی پیاوێکی ئاین دەپۆشیێو نوشتەی ساکارو سادە دەنوسێ، کوردەکان رێزی لێ دەگرنو دەستو پێی ماچ دەکەن، هەمو ئەم کارەش بە بەرچاوی های کۆمیشنەری بریتانیەوە لەعیراق رودەدا، ئەمەش هەمان لۆرانسی سیخوڕە کە لەمێژە ((تێژراوە))و نزیکەی هەمو جیهانی پێشکەوتو دەیناسێ چونکە نەک هەر لەسیخوڕکاری بێ بەری نەکراوە بەڵکو ماوە بەخەڵکیش دەدرێ وێنەی بگرن ! ئەرێ ئەم وڕێنەیە چەندی بەچەندە!)). بڵاوکراوەکە درێژەی پێدەداو بە رۆژنامەکانی ئێران و تورکیا رادەبوێرێو دەنوسێ ((ئەوانەی دەیانەوێ پەردەیەک بەسەر تەنگوچەلەمەی دژواری کوردستانی تورکیا دادەن.. ئەوانەی دەیانەوێ مەسەلەی کورد لەتورکیا وا پیشان بدەن گوایە مەسەلەکە بڕاوەتەوەو چارەسەر کراوە، ئەوانەی دەیانەوێ ستەمی نەتەوەییی کەمالیستە نەتەوەپەرستەکان بشارنەوە، ئەوانەی دەیانەوێ کورد لەمافی چارەی خۆنوسین بێ بەری بکەن جوڵانەوە نەتەوەییە رزگاریخوازەکەی بکوژێننەوەو چەکی بکەن، ئەوانەی بۆ داپڵۆسینی کوردو کردنی بەتورک و فارس دەیانەوێ لە هەر بستێکدا سەربازگە دامەزرێنن، ئەو کەسانە بەئەفسانەی لۆرانس خۆیان ریسوا دەکەنو هەمو ئەو کارە بەهیچ جۆرێک چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد ناگەیەنێ))[٢٠].

پاش پرۆپاگەندەیەکی خەستو درۆ و دەلەسەیەکی زۆر، دەوڵەتی تورکیا دیسانەوە هێرشی بردە سەر کورد. هێزی پێشمەرگە بە سەرکردایەتیی ئیحسان نوری پاشا، فەرزەندو هی تر دلێرانە بەرەنگاریی سوپای تورکیای کرد. شەڕ لەوپەڕی تینو تاودا بوو، سوپای تورک لەهەمو رویەکەوە باڵادەست بوو، نابەرامبەریی هێزەکان بەئاشکرا دیار بوو. بەڵام سەرەڕای هەمو شتێک

پێشمەرگەکان ١٧٠٠ سەربازی تورکیان بەدیل گرت، ٦٠ تفەنگ و ٢٤ هاوەنیان دەسکەوت و ١٢ فڕۆکەیان خست[٢١].

ڕۆژنامەکانی تورکیا بەئاشکرا لەگەلی تورک داواکار بون ڕاپەڕێ، خۆسازدانی گشتی ڕاگەیەنێو بێ چەندو چۆنی وبێ جیا کردنەوەی پیاو و ئافرەتو منالو پیر بکەوێتە گیانی کورد.

هەر لەم بارەیەوە ئۆرگانی دەوڵەت((حاکمییەت مللییەت)) لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ١٩٣٠دا بەوپەڕی تەوسەوە بلاوی کردەوە:

((ئەو کوردەی دوێنێ لەئەرارات خرایە ژێر پێوە، ئەمڕۆ ترسی لێ نیشتوەو دڕندانە پارێزگاری لەخۆی دەکا. لەو هەرایەدا دو باند دروشمی کوردستانی ئازادیان بەرز کردبۆوە. بێگومان هەموان دەزانن کەئێمە گاڵتەمان بەداخوازیەکانی ئەو ڕێگرانە دێت کە بەشێوە دەچنەوە سەر جڕوجانەوەری ناو ئەفسانە. لەبارترین پەنا بۆ ئۆتۆنۆمیی ئەو جۆرە خەڵکە کەهەمو وشەکانی فەرهەنگەکەیان بەسەر یەکەوە ناکاتە دو سەد وشە، جێگایەکە لەئەفەریقا یاخود لەیەکێ لەو بیابانانەی کەنیوەی بەمەیمونو نیوەکەی تری بەمرۆڤ ئاوەدان کراوە. ئەم جۆرە داخوازییانە شایستەی ئەوە نین لەئاسیای لانکەی شارستانێتیی دێرین دەرفەتی سەر دەرهێنانیان بدرێتێ ... ئەو ئازادی و سەربەخۆیی‌یەی لەوان دەوەشێتەوە، ئازادیی کابرایەکی سەرگەردان و وێڵە. ئەوانەی لەڕویان دێ داوای ئەم جۆرە داخوازیيانە بکەن، بەناوی ئاسایشی گشتی‌یەوە شایستەی داپلۆسین و سەرەنگوم کردنن، ئەگەرچی ئەمڕۆ هەر وا ڕەفتاریان لەگەڵ دا دەکرێ))[٢٢].

لێرەدا بەرونی دەردەکەوێ کەسەرانی کەمالیستەکان هیچ کات نرخیان بۆ مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد دانەناوە. مستەفا کەمال دەیویست بەم جۆرە مەسەلەی کورد چارەسەر بکا کە سوڵتان

مەسەلەی ئەرمەنەکانی پێ چارەسەر کرد، واتە هەروەک چۆن سوڵتان ئەرمەنەکانی لەناوبرد، ئەویش دەیویست کورد لەناو بەرێ.

کاربەدەستانی تورکیا بەوپەڕی دڕندایەتی‌یەوە لەگەڵ کوردەکاندا هەڵسوکەوتیان کرد، بەفڕۆکە ڕەزو باخو ناوچە کوردنشینەکانیان بۆردومان کرد، بۆمبی میکرۆبیو دەردە بۆمبیان بەکار هێناو سەرەنجام نەخۆشیی کولێرە، ڕشانەوە، ئاوڵەو هی تریان لەکوردستاندا بڵاوکردەوەو منداڵانو ژنانو پیرەکانیان سەربڕی، بەوەش دانەکەوتن بەڵکو کەوتنە گیانی لاشەکانو هەنجن هەنجنیان کرد. ئەوەی ئەوان کردیان دڕندەترین و سەرەڕۆترین خەڵکانی دواکەوتوی سەدە ناوەڕاستەکان لەڕویان نەهاتوە بیکەن. هەر ئەوە بۆ خۆی ڕۆشنترین بەڵگەیە کەسەربازە تورکەکان زۆر جار بە سەرەتێزە سکی منداڵانیان هەڵدەدڕیو پاشان فڕێیان دەدایە ناو ئاگر. لەیەکێ لەناوچەکانی دەوروبەری شاری بایەزید، تورکەکان نزیکەی دو هەزار منداڵ و ژن و پیریان زیندەبەچاڵ کرد[٢٣]. لەهەندێ ناوچەشدا نزیکەی هەزار روناکبیری کوردیان خستە ناو گونیەو سەری گونیەکانیان دوری‌یەوەو پاشان بەزیندویی فڕێیان دایە ناو دەریاچەی وان[٢٤]. لەباکوری دەریاچەی وانیش تورکەکان ٣٧ گەورە پیاوی کوردیان گرت، هەمویان سەربڕی، لاشەکانیان کەلەپاچە کردو پاشان سوتاندیان، لە دواییدا سەرەکانیان بەپەتێک بەکلکی ولاخەوە بەستەوەو بەناوچەکەدا گەڕان[٢٥].

لەم بارەیەوە ئێچ ئێس ئارمسترۆنگ لەکتێبەکەیدا ((گورگی بۆر مستەفا کەمال)) نوسیویەتی ((بەم چەشنە کوردستان بەئاگرو ئاسن وێران کرا، تورکەکان کەوتنە ئەشکەنجەدانو سەربڕینی پیاوان، دێهاتیان سوتاند، ڕەزو باخیان خاپور کرد، منداڵان و ژنانیان رفاندو

پاشان لەناویان بردن. تورکەکانی مستەفا کەمال بۆ تۆڵە سەندنەوە لەکورد کەوتنە گیانیان و بەچەشنێکی دڕندانە بەشێکی زۆریان کوشت. ئەوان بەدڕندێتی گرەویان لەو سوڵتانانە بردەوە کەدەستیان چۆتە خوێنی گریک، ئەرمەن و بولگار. مستەفا کەمال لەهەمو ناوچەکاندا دادگای ملیتاریی تایبەتی بەناوی دادگای ئیستقلالەوە دامەزراند کە بە بڕیارەکانی ئەو دادگایە کوردەکان لەسێدارە دران، زیندانی کران و لەوڵات دور خرانەوە ...... مستەفا کەمال بەزیندان، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان، خوێن، کوشتنو رەشەکوژی مۆرکی خۆی بەسەر تورکیادا سەپاند))[٢٦]. بۆ زیاتر پەچە هەڵماڵین لەڕوی کەمالیستەکان هەر ئەوە بۆ خۆی گەورەترین تاوانە کە لەجباق جور ٢٨ کچی کوردیان گرت، کچەکان دران بە ئەفسەرەکان و پاشان بەسەربازەکان، ئنجا کەکاریان پێ نەما مەمکیان بڕین و لەناویان بردن[٢٧].

سیاسەتی کوشتارو رەشەکوژی شتێکی تازە نیە، بەڵکو ئەو سیاسەتە لەمێژە بۆتە سیاسەتێکی کلاسیکی بەڵام کەمالیستەکان پاش ئەوەی دەسەڵاتیان گرتە دەست لەدڕندێتی و شۆڤێنیستیو تورکاندنی زۆرەملیی گەلاندا روی سوڵتانە خوێن رێژەکانیان سپی کردەوە.

کەمالیستەکان شەڕی لەناوبردنی کوردیان ڕاگەیاندو سەرەنجام سەدان هەزار کورد بەدەستی ئەوان کوژران، سەدان دێ و ناوچەی ئاوەدانکراو سوتێنران، سەدان خانو خاپور کرانو شوێنەواریان نەما. بۆ شاردنەوەی تاوانەکانیشیان، دەوڵەت ناوچە کوردنشینەکانی بەناوچەی قەدغەکراو ڕاگەیاندو رێگەی بەکەس نەدا سەردانیان بکا.

شایانی باسە کەسیاسەتی رەگەزپەرستە کەمالیستەکان بەرامبەر بەکورد هیچ جیاوازیی لەگەڵ سیاسەتی سوڵتانەکاندا نەبو، بەڵکو لەسەردەمی مستەفا کەمالەوە تا ئەمڕۆ سیاسەتی رەگەزپەرستانەی کەمالیستەکان بەرامبەر بەکورد هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوەو زۆر لەوەی سوڵتانەکان توندوتیژترو خوێناوی ترە.

تێکۆشەری تورکێ س. ئوستونگول لەیاداشتەکانیدا لەبارودۆخی گەلی کوردو رابەرو تێکۆشەرەکانی دەکۆڵێتەوەو تیشکێ دەخاتە سەر سیاسەتی رەگەزپەرستانەی کەمالیستەکان. ئەو لەیادشتەکانیدا نوسیویەتی :

((..... منو چەند کۆمۆنیستێکی تر لەقەڵایەکدا کە کەوتبوە مەڵبەندی چاوەدێریی گشتی گیرابوین. دەماندی کەژاندارمەکان دەستە دەستە کوردەکان دەبەنە دەرێ و گوللە بارانیان دەکەن و پاشان دێنەوە ناو زیندان و پشتێنی ئاوریشمی کوڕە کوردە کوژراوەکان بەخەڵکی دەفرۆشن.

زۆر چاکێ لەیادم ماوە کە رۆژێکیان لاوێکی تەمەن بیست ساڵەی کوردیان هێنایە ژورەکەی تەنیشت ژورەکەی منەوە. دەیانوت گوایە لەو کاتەدا کە لەگەڵ هێزەکانی کوشتوبڕی کەمالیستەکاندا بەشەڕ هاتوە چەند ئەفسەرێکی کوشتوە. ژاندارمەکان بۆ چەند رۆژێکێ زۆریان ئەشکەنجە دا و بەقەمەی سورکراوەی تفەنگێ داخیان دەکرد کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی تاکە وشەیەکی لێ هەڵکڕێنن. جەستەی ئەو لاوە کوردە یەکێ پارچە ببوە برینەسوتو کرم تێی دابو. ئەو لاوە ئازایە لەتاو ئازار لێوی خۆی دەکرۆشت و بەورەیەکی بێ ئەندازەوە بەربەرەکانێی مەرگی کردو هەمیشە هاواری دەکرد : تۆڵە، تۆڵە، تۆڵە )).

لەجێگایەکی تردا نوسیویەتی :

(( پێویستە وتەکانی رۆڵەی دڵسۆزی گەلی تورکێ مستەفا سوبحی کە نامەرادنە بەدەستی کەمالیستەکان کوژرا، وەبیر یەنی چارە کەمالیستەکانی ئەمڕۆ بخەینەوە، ئەو وتانەی هەتا هەتایە لەدڵی گەلەکەی مستەفا سوبحیدا بەزیندویی دەمێننەوە. مستەفا سوبحی وتویە : بەندیخانە، زیندان، ژورەکانی ئەشکەنجەدان، خوێنو ئاگر ناتوانن خەباتی گەل لەپێناوی رزگاریی نیشتماندا، لەپێناوی دیموکراسیو ئازادیدا لەناو بەرن. ئەوان کەئەمڕۆ فرمێسکێو ئەشکەنجەو ناهەمواری دەرخواردی گەلی تورکیا دەدەن، با چارەنوسە خوێناوییە ئابڕوچوەکەی سوڵتانەکانیان لەبەرچاودا بێ )).

بێ پشتیوانی، کەم چەکیو بێ ئازوخەیی پێشمەرگەکانی هەراسان کردو کارێکی وای کرد نەتوانن لەبەردەمی سوپای تورکێدا کە لە هەمو رویەکەوە باڵادەست بوو خۆیان راگرن بەتایبەتی کەتورکیا بە تازەترین چەکی دەوڵەتە هاوکارەکانی پشت ئەستور بوو و دەیتوانی تا چەند ساڵێک بێ پسانەوە درێژە بەشەڕ بدا. بەڵام سەرەڕای نابەرامبەریی تێوان هەردو هێز، پێشمەرگەکان دلێرانە لەخاکێو ئازادی پارێزگارییان کردو زیانێکی زۆریان بەدوژمن گەیاند. ئەوەی پشتی پێشمەرگەی شکاند هەڵوێستی رەزا شا پەهلەوی بوو کە بەپەلە پروزێ فریای مستەفا کەمال و سوپای تورکیا کەوت. کاربەردەستانی ئێران ماوەیان بە سوپای تورکیا دا بپەڕێتەوە ئەودیوی سنورو لەوێوە لەپشتەوە باداتەوە سەر ناوچەکانی شۆڕش و پێشمەرگەکان گەمارۆ بدا. لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی رەزا شا ئەنکەرەی ئاگادار کرد کە هەر کات سوپای تورکیا تینی بۆ هاتو

تەنگــەتاوی‌ی تورکــەکان گەیشــتە رادەیــەکێ کــە نــەتوانن شــۆڕش بکوژێننەوە، ئەو ئامادەیە بەپەلە یارمەتی تورکیا بدا.

هێزی پێشمەرگە هێرشێکی چەواشەی بـردە سـەر سوپـای تـورکێ، گەمارۆکەی شکاندو توانی بپەڕێتەوە ئەودیوی سـنوری ئێـران، بـەڵام سوپـای ئێـران کـە چـاوەڕێی پێشـمەرگەکانی دەکـرد هێرشـی بـردە سەریان، شەڕێکی خوێناوی لـەنێوان هـەردولادا رویـدا و لەئـەنجامدا هەر چی پێشمەرگە بوو کەوتە بوسەکەوەو بەدیل گیرا.

پاش بەدیل گرتنی پێشمەرگەکان ئێرانی‌یەکان بۆ زیندانی قەسـری قاجار راپێچیان کردنو لەوێدا زۆربەیان بەژەهر شەهید کران.

بــەم شــێوەیە لــەنیوەی دوەمــی ســاڵی ١٩٣٠دا جوڵانــەوە چەکداری‌یەکەی کورد پاش خەباتێکی توندوتیژو دژوارو زیـاتێکی زۆر جـارێکی تـر دامرکایــەوە، دیسـانەوە کوردســتان بــەخوێنی رۆڵــە دڵسۆزەکانی کە لە پێناوی ئـازادی و سـەربەخۆیی‌دا لـەهیچ شـتێک بەرچاوتــەنگێ نـەبون سـور هەڵگـەڕاو دیسـانەوە کەمالیسـتەکان کـە دەسـتیان بـەخوێنی گـەلان سـورە بـۆ سـەرکوت کردنـی جوڵانـەوەی رزگاریخوازی کورد هـەمو جـۆرە چـەکێکیان بـەکار هێنـا، بـەتۆپ و فڕۆکـە کەوتنـە بۆمبـاران کردنـی دێهاتـەکان، هـەر چـی رانـە مـەڕو رەشەوڵاخ بوو بەتالانیان بردو بەبێ ئەوەی پێشمەرگە و منـاڵی سـاوا و ئـافرەت و پـەککەوتە لەیـەکێ جیـا بکەنـەوە هـەمویان دایـە بـەر دەسرێژی گوللە.

لەم بارەیەوە رامبـۆ نوسـیویەتی(( لەسـالانی ١٩٢٥ - ١٩٢٨دا کەپــتر لــە نیــو ملیــۆن پــەککەوتەو ئــافرەت و منــاڵ بــەزۆر بــۆ ولایەتــەکانی رۆژئـاوای تورکیـا دور خرانـەوە، گـەلی کـورد توشـی نەهامەتی‌و

ماڵۆیرانی بو بەڵام کوردەکان بەورەیەکی بەرزتر بۆ وەدەست هێنانی ئازادی لەسەر خەبات و تێکۆشان پێیان داگرت))[٢٨].

کەمالیستەکان لەرۆژنامەو راگەیاندنە رەسمیی‌یەکانیاندا بڵاویان کردەوە گوایە شۆڕشی کورد گۆڕ کراوەو کورد بەتەواوەتی لەناو براوە، بەڵام پاشان ناچار بون خۆیان خۆیان بەدرۆ بخەنەوە. لەساڵی ١٩٣٠دا عیسمەت ئینونو لەوتارێکدا بەبۆنەی تازە کەوتنە کاری هێڵی شەمەندەفەری ئەنکەرەو سیواسەوە وتی((ئەو یاخی بونەی پێنج ساڵە بەفیتی راکردوەکانی دەرەوەی وڵات لەولایەتەکانی رۆژهەڵاتدا لە گۆڕێ دایە، ئەمرۆ نیوەی تینی خۆی دۆڕاندوە...))[٢٩]. پاشان درێژەی پێدا و وتی((لەم ولاتەدا بێجگە لەتورکێ کەسی تر بۆی نیە داوای مافی نەتەوەیی بکا. لەم وڵاتەدا تەنها تورکێ بۆی هەیە ئەو چەشنە مافە نەتەوەییو رەگەزی‌یانەی هەبێ.... هەر کات هێڵی شەمەندەفەر گەیشتە سەر سنور، ئەم راستی‌یە رۆشنە بەشێوەیەکی وا دەردەکەوێ کە بۆ هەڵایسانی پاشاگەردانیو یاخی بون هیچ دەرفەتێک نامێنێ))[٣٠].

پاش وتارەکەی عیسمەت ئینونو، وەزیری داد مەحمود ئەسعەد بەکێ لەوتارێکدا بێ شەرمانە وتی((ئێمە لەتورکیادا دەژین، لەوڵاتێکدا کە لەهەمو وڵاتانی تری جیهان زیاتر ئازادیی تێدایە...با دۆستو دوژمن بزانێ، با کێوەکانیش بزانن کە گەورەی ئەم ولاتە تورکە، ئەوەی بە نەتەوە ناچێتەوە سەر رەگەزی پاکی تورکێ، لەنیشتمانی تورکێدا تەنها یەکێ مافی هەیە : ئەویش ئەوەیە کە نۆکەرو کۆیلە بێ!.... هیچ دەرفەتێک لەم دەرفەتە لەبارتر نیە بۆ ئەوەی نوێنەرتان بۆچونی خۆی ئاشکرا بکا. لەبەر ئەوە دەبینن منیش هەستو بۆچونی خۆم لەکەس ناشارمەوە))[٣١].

بەڵام سەرەڕای ئەو هەمو کوشتارە، کوردەکان چەکی خەباتو تێکۆشانیان دانەناو هەمو جارێکێ بەورەیەکی بەرزتر خەباتیان بەرپا دەکردەوە. لەساڵی ١٩٣٤دا شۆڕشێکی تر لەدیاربەکر هەڵایسا.

لەساڵی ١٩٣٥دا بۆ تەواو کردنی سیاسەتی بەتەمەن دە ساڵەی تورکاندن کاربەدەستانی تورکیا درێژەیان بەهێرشکردنە سەر کورد دا. ئەوان دەیانویست ((تورکە کێویەکان بکەنە تورکی شاری))و گەلی کورد بەیەکجارەکی لەناو بەرن. ئەمجارەیان بایان دایەوە سەر کوردەکانی ناوچەی دێرسیم و ویستیان بیانتورکێنن. بۆ ئەم مەبەستەش کاربەدەستە کەمالیستەکان پێویستیان بەزەمینەیەکی تیۆری و لەشکرکێشی هەبو.

رۆژنامەی ((تان)) لەم بارەیەوە نوسیویەتی ((مەسەلەی تورکاندنی خێڵە کوردەکان هێشتا لەقۆناغی سەرەتایی‌دایە بە تایبەتی کەدەستێوەردانی زۆر کەس تا رادەیەکێ مەسەلەکەی ئاڵۆز کردوە.... نزیکەی دو ساڵ لەمەوپێش دەوڵەت لەناوچەکەدا سیستەمێکی تایبەتی هێنایە کایەوە کە لەئەنجامدا تێکڕای دەسەڵات درایە فەرماندەی سوپا عەبدوڵڵا ئاڵب دوغمان. ئامانجی ناوبراو هێمن‌کردنی بارودۆخی ناوچەکەیە بەهەمو شێوەیەکێ))[٣٢].

بۆ ئەوەی جیهانی پێشکەوتو لەدڕندێتیی کەمالیستەکان بێ ئاگا نەبێ، ئەو دڕندێتی‌یەی کە لەسەدە ناوەراستەکانیشدا نمونەی نیەو بۆ ئەوەی دەری خەین کە کاربەدەستە کەمالیستەکانی تورکیا تا چ ئەندازەیەکێ دوژمنی گەلی کوردن، وا لەخوارەوە بەشێکی راپۆرتە فۆتۆکۆپی کراوەکەی ئابدین ئۆزمان لێپرسراوی مفەتشیەی گشتیی ژمارە یەکێ دەخەینە بەرچاو کە لە ٢٣ لاپەڕەدایەو بۆ وەزارەتی کاروباری ناوخۆی تورکیای بەرز کردۆتەوە:

مەکتەبی تایبەتی مفەتشیەی گشتی‌ی ژمارە یەک

کــــــورتە :

ئەم راپـۆرتە راپـۆرتێکی تایبەتـە بەدارشـتنی سیاسـەتی نـاوخۆی ولایەتەکانی سەر بەناوچەی مفەتشـیەی گشـتی‌ی ژمـارە یـەک واتـە ولایەتەکانی بتلیس، دیاربەکر، وان، هەکاری، موش، ماردین، ئورفەو سیرت.

... مەبەستی راپـۆرتەکەم، دەستەبەرکردنی مانـەوەی ناوچەکەیـە وەک بەشـێکی جیانـەکراوەی نیشـتمانی تـورک بەتایبـەتی کـە ئـەو ناوچەیە بەسامانی سروشتی دەوڵەمەندە.

روداوەکەی شێخ سەعید زادەی بیروباوەڕی کوردایـەتی بـوو. ئـەو راپەڕینانەی بەسەرکردایەتی‌ی چەند کەسێک لەناوچـە جیـا جیاکانـدا هەڵایسان وەک جوڵانەوەکەی حاجۆ و خەڵکی ساسۆن و راپەڕینەکەی ئـاگری داخ (ئـەرارات) کەبەهـەمان بیروبـاوەڕ زاخـاو دراون, هـەروا ئەوانەی بۆ روداوەکەی زیلان پرۆپاگەندە دەکەن بەهـەمان مەسـەلەی کـورد پشـت ئەسـتورن. چەتـەکانی عـەلی جـان، سـەید خـانو دەسوپـێوەندەکانیان کـە لـە ٨٠ - ١٠٠ کـەس پـێکهاتبون و چەنـد سـاڵێک دەوڵـەت پـێیانەوە خـەریک بـوو، بـۆ هـەمان مەبەسـت تێدەکۆشـان. هـەروا جوڵانەوەکـەی مـەلکانی محەمـەد یـونس و عەبدولرەحمانی کوڕی کە ئەمڕۆ لەناوچـەی قەدەغـەکراوی ساسـۆندا لەئارادایـە زادەی بیروبـاروەڕی کوردایـەتی‌و چەنـەبازیی وەدەسـت هێنـانی ئۆتۆنۆمی‌یـە بەتایبـەتی کـە نـاوبراو بـە هەڵسـوکەوت وەک مامۆستایەکی ژیر دێتە بەرچاو. کەسانی وەک حەسەنانلی فەرزەنـدە، حەسەنانلی حەدۆ، یادۆ، عەلی جـان، سـەید خـان، کەواشـلی عـادل، عیززەت موسا، سمکۆ، جەبرانلی خالد، حەسەنانلی خالد، بتلیسـلی،

زیای لەسێدارە دراو، ئیحسان نوری پاشاو هی تر، هەم زیندوەکانو هەم مردوەکان، بەتێکوشەرو پاڵەوانی نەتەوەیی دادەنرێن.

.... دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە پرۆپاگەندەی دەرەوەی کوردستان لەوپەڕی برەودایە، لەبەر ئەوە ئەگەر بەزانیاری‌یە گرنگەکانی دەنگوباسە رەسمیو تایبەتی‌یەکان پشت ببەستم دەتوانم بەئاسانی بیرو بۆچونەکانم بسەلمێنم. چالاکی‌ی بەردخانی‌یەکان لەسوریە.... پرۆپاگەندەکانی ئامۆژگای مارکسیزم - لنینیزم لەیەریڤان (ئەرمەنستانی سۆڤێت)، چالاکی‌ی ئەرمەنەکانی دەرەوەی وڵات... بڕیارەکانی کۆنگرەی کوردی یەریڤان (سۆڤێت).. هەمو بەمەبەستی بوژاندنەوەی گیانی کوردایەتی‌یە... خورت بون و درێژەدان بەو چالاکی‌یانە زیاتێکی زۆر لەنیشتمانەکەمان دەدا...

... ئەمڕۆ ئەگەر چی کوردەکان بەیارمەتی و پشتیوانی‌ی ئەرمەن هیچیان بەهیچ نەکردوە، بەڵام ئەوان بەتەمان لەکاتێکدا راپەڕن کە تورکیا سەری لێ شێوابێو گیروگرفتی ناوخۆ و شەڕی دەرەکی تەنگی پێ هەڵچنی بێ. لەڕاستیدا کوردو ئەرمەنەکان کە ئەمڕۆ لەسوریا گیرساونەتەوە ئەگەر بیانەوێ دەتوانن دەستەی چەکداری دەیان هەزار کەسی پێکەوە بنێن، ئەوانە دەیانەوێ کوردەکانی ناوخۆی وڵات راپەڕێنن و هەر کات تورکیا لەتەنگانەو تەنگوچەڵەمەیەکی سیاسی‌دا بوو ئەوان پەلاماری دەدەن و لەگەڵ کوردەکانی ناوخۆی وڵاتدا هاریکاری دەکەن.

... مەبەستم لەباس کردنی ئەم مەسەلانە خۆدەربازکردنە لەو زیانە ناوخۆییو دەرەکی‌یانەی کە جوڵانەوەی مەسەلەی کورد لەکۆماری تورکیای دەدا، مەبەستم دیاری‌کردنی ئەو رەفتارەیە کە بۆ

سەرکوتکردنی جوڵانەوەکە دەبێ بیگرینە بەر. ئەنجامدانی ئەو رەفتارە نەک هەر کاتی هاتوە، بەڵکو دەبوایە زوتر ئەنجام بدرێ...

کام رێباز پێویستە بگرینە بەر، ئایا پێویستە ئەو ناوچەیەی لەشانزە پارێزگای کوردنشین پێکهاتوەو بەڕاستی لەجوانیو ساماندا بەهەشتێکە بۆ خۆی، بە بەشێکی جیانەکراوەی تورکیا دابنرێو دانیشتوانە کوردەکەی بە یەکجارەکی بکرێن بەتورک، یاخود پێویستە گەشە بەو رێوشوێنە درێژە بدەین کە چەند ساڵێکە پەیڕەوی دەکرێو سەرەنجام ناوچەکە هەمیشە لەژێر چاودێریی هێزەکانی دەوڵەت دایە بەچەشنێک کەهەر هەرایەکی گەورەو بچوکی ناوچەکە، کەدەگونجێ گەل دژی هەڵسوکەوتێکی دیاری کراوی دەوڵەت هەڵیگیرسێنێ، کاری بەسەر هێزەکانی دەوڵەتەوە هەیە؟ لێرەدا پێویستە رێزی گەورە پیاوانی ناوچەکە بگیرێ، بەپارە فریو بدرێن، چاویان تێر بکرێ، جۆرە ئارامییەک بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنرێ و هەر هەرایەک لە پاشەڕۆژدا سەردەربێنێ دەبێ پێ بەپێی دۆخەکەو پێداویستییەکانی چارەسەر بکرێ.

بەبڕوای من ئەگەر هەلومەرجی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لەبەرژەوەندیی خۆماندا بێ، پێویستە رێگای یەکەم هەڵبژێرین بۆ ئەوەی ئەوانەی لەدەرەوەی سنوری رۆژهەڵات و باشوردا بۆ مەسەلەی کورد کار دەکەن بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە لەناوخۆی وڵاتدا کەس نیە لەزمانیان بگاو هاوهەستی ئەوان بێ. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارەش چەند رێگایەک هەیەو دەبێ لەچەندین لاوە بەهاوتەریبی بۆ مەسەلەکە بچین.

ا) دەبێ کۆچەرە تورکەکان لەهەردو دیوی رێگاوبانی سەرزەمینیو هێڵی شەمەندەفەری دەریاچەی وان، پێدەشتەکانی

موش، شارۆچکەکانی بولانق و مەلازگەردی پارێزگاکانی رۆژهەڵات نیشتەجێ بکرێن. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەسەلەیەش دەبێ پرۆژەیەکی چەند ساڵی بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئەو شوێنانە دارێژرێ بەوەی کەمافەکانی کەڵک وەرگرتنی وەک پشتیوانی، لەکارخستنو دابەش‌کردنی زەوی بەسەر چەند پارچە زەوییەکی یەکساندا بەچەشنێکی یاسایی بۆ کۆچەرەکان بسەلمێنرێ و هەمو جۆرە کەرەستەیەکی پێویست بۆ پیشەکارەکان دابین بکرێ بۆ ئەوەی یەکسەر دەست بەپێکەوەنانی دێهاتی هاوچەرخ بکەن. بۆ بەرێوەبردنی ئەم کارەش دەبێ دەستەیەکی کارگێڕیی هەمیشەیی دیاری بکرێ و لە دادپرسێکی شارەزا، پزیشک، ئەندازیار، وەستاو تەکنیکارێک پێک بێ... ئەگەر هەر ساڵە٣ - ٥ دێهاتی تورک نشینی سەد ماڵی بە بەردەوامی پێکەوەنرا، پێم وایە کارەکەمان زۆر سەرکەوتو دەبێ... ئەو دێهاتە مەسەلەی تورکاندنو تواندنەوەی گەلێکی دواکەوتوی نەخوێنەوار لەبۆتەی گەلێکی روناکبیری پێشکەوتودا ئاسانتر دەکا، ئەگینا کوردێکی شاخەوانی لەش ساغو تەرپۆش بە کابرایەکی ئاوارەو دەسکورت ناکرێ بەتورک و ناتوێنرێتەوە بە تایبەتی کەهەمو جلوبەرە شڕو دڕاوەکەی ئەو کابرایە لەدەرپێیەکی سپیو کراسێکی شین بەولاوە هیچی تر نیە. کابرایەک مەلاریا تێی وروژا بێ، لەخانویەکی کۆندا بژێ، لەبرسانا هەڵتروشکا بێ، نەخۆشی هەراسانی کردبێو هەمیشە لەدادگا داواکاربێ لەو زەوییە بێ بەری نەکرێ کە دەوڵەت زەوتی دەکاو پاشان دەیدا بەتورکەکان، کابرایەکی وا ناتوانێ ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. ئەم جۆرە کۆچەرانە هی ئەوە نین کە ئەو کوردە شاخاوییە لەش و مێشک ساغە لەبۆتەی خۆیاندا بتوێننەوە.....

ب) پرۆژەی فێرکردنی زمان

ئەوانەی دەمانەوێ بیانتوێنینەوەو لەزانکۆکانی تورکیادا پەروەردەیان بکەین دەبێ وایان لێ بکەین لەجیاتی زمانی کوردی بە زمانی تورکی بدوێن. ئەم مەسەلەیەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە دەبێ منالان لەمالْ و باوکێ و دایکە لادێ نشینەکانیان و لەژینگە لادێییەکانیان دور بخرێنەوە، ئەویش بەوەی کەمنالە لادێییەکان لەفێرگەی شەوانەی تایبەتیدا (نەکێ لە خانەی بێ باوکێ و دایکان) کۆ بکرێنەوەو بۆ خەوتنیان سیسەمی دارو ساکاریان بۆ ئامادە بکرێ. مامۆستای لێوەشاوەو کارامەو بەتواناش بۆ بەڕێوەبردنی ئەو فێرگانە دەبێ دیاری بکرێ بۆ ئەوەی منالەکان بەگیانی تورکیزمو تورکێ پەروەری پەترمە بکەن، پێویستە لەسەر دەولەتیش ئەو جۆرە داوودەزگایانە دامەزرێنێ. دەبێ زمانی تورکی بکرێتە تاکە زمانی ئاخافتنی ئەو فێرگانە. لەلایەکی ترەوە دەبێ بەرنامەی تایبەت بەپرۆپاگەندەی تورکیستی و ڕێزگرتنی رابەران و گەورە پیاوانی تورکێ بۆ ئەو فێرگانە دارێژرێ چونکە بەمجۆرە پرۆپاگەندەیە گەورە پیاوانی تورکێ لەلای منالەکان خۆشەویست دەکرێن. با ماوەی خوێندنیش سێ سالْ بێ بە مەرجێکێ منالەکە هەر سالەی ١٠ - ١١ مانگێ لەخوێندندا بێ. پاشان پێویستە بۆ هەمو ئەوەی لەمەوپێش باسم کرد یاسای تایبەتی دەربکرێ بۆ ئەوەی مەسەلەی تواندنەوە وەکێ کاری کومیسیونەکانی لێ بێت.

جـ — پرۆسەی تواندنەوە :

پێم وایە پرۆسەی تواندنەوە دەبێ لەسێ رشتەدا جێبەجێ بکرێ. رشتەی ئابوری، رشتەی تەندروستیی کۆمەلایەتی و رشتەی کەلتوری.

١- کاریگەریی ئابوری

پێویستە دەسەڵاتی ئابوری تەنها بۆ ئەو کەسانە بسەلمێنرێ کە بەیەکجارەکی وازیان لەکوردایەتی هێناوە. ئەمە لەلایەک. لەلایەکی ترەوە دەبێ لەڕێگای خانەی گەلەوە بازرگانەکان فێر بکرێن چۆن کاسبیی خۆیان بکەن و چۆن لەگەڵ کوردەکاندا هەڵسوکەوت بکەن و لەگەڵ کوردە شاخاوییەکاندا بەتورکی بدوێن، لێرەشدا نابێ رێگا بەهیچ بازرگانێکی گەڕۆک بدرێ لەخۆیەوە لەم دێیەوە بچێتە ئەو دێیە چونکە ئەو بازرگانانە کە کاڵای هەمەجۆر بەهێلکەو رۆن دەگۆڕنەوە یاخود بەنرخێکی هەرزانی دەفرۆشن، دیهاتەکان بەیەکەوە دەبەستنەوەو هەمیشە بەزمانی کوردی دەدوێن، زۆر جاریش بەپرۆپاگەندەو دەنگوباس بڵاوکردنەوە وا لەلادێ نشینەکان دەکەن لەشارو شارۆچکەکان دور بکەونەوە... بۆ زیاتر چەسپاندنی نفوزی مەڵبەندە ئابورییە ناوبراوەکانیش دەبێ بۆ فەرمانبەرە کشتوکاڵییەکان و دامپزیشکەکان چەند وڵاخێک تەرخان بکرێ بۆ ئەوەی هەمیشە بەدێهاتەکاندا بگەڕێن، پەیوەندی لەگەڵ لادێ نشینەکاندا دامەزرێننو بەتێکەڵاوبونو ئاخافتن بەزمانی تورکی پرۆپاگەندەی پێویست بڵاو بکەنەوە.

٢- کاریگەریی تەندروستیی کۆمەڵایەتی

... بۆ ئەوەی تەندروستیی کۆمەڵایەتی ئەو ئەنجامەی هەبێ کە خۆمان دەمانەوێ، دەبێ لێپرسراوانی شارۆچکەکان بەسواریی وڵاخ بەدێهاتەکاندا بگەڕێن، لەگەڵ لادی نشینەکاندا پەیوەندی پێک بێنن، تورک و کورد و قزڵباش و عەلی ئیلاهییەکان هان بدرێن ژنی یەکتری بخوازن و سەر لەیەکتری بدەن، فەرمانبەرو سەربازەکانی ناوچەکانی رۆژئاوا کە رەوانەی ناوچە کوردنشینەکان کراون هان

بدرێن ژنانی کورد بخوازن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دەوڵەت زەوییان بەسەردا دابەش بکا بۆ ئەوەی لەناوچەکاندا جێگیر بن.

٣- کاریگەریی مەڵبەندە کەلتورییەکان

... دەبێ مەڵبەندە کەلتورییەکان کاریگەرتر بکرێن بۆ ئەوەی لەمەسەلەی گۆش کردنی کورد بەکەلتوری تورکێ بتوانن چالاکانە کارەکەی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەگینا ئەگەر کورد بەشوێن کەلتوری تایبەتی خۆیدا بگەڕێ گیروگرفتەکە ئاڵۆسکاوتر دەبێ.

٤- کلێس کردن(ئاسیمیلاسیون یان تواندنەوە)

... پێش هەموو شتێکێ هەرگیزو هەمیشە نابێ ماوە بەروناکبیران، فەرمانبەرانو کارکەرانی دەزگا دەوڵەتییەکان بدرێ بەزمانی کوردی بدوێن بەتایبەتی لەکاتی کارکردندا. نابێ فەرمانبەر تەنانەت لەگەڵ کارخوازە لادێییەکانیشدا کە فڕیان بەسەر زمانی تورکییەوە نیە بەزمانی کوردی بدوێ، لێرەشدا پێویستە لەسەر کارخواز وەرگێڕێکی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا بێنێ. بەم جۆرە کارخواز دادەمێنێ و ناچار دەبێ ئەویش بەزمانی تورکی بدوێ.

ئەو فەرمانبەرەی بەکوردی دەدوێ، دەبێ لەسەرەتادا ئاگادار بکرێ کە نابێ لەکاتی کارکردندا زمانی کوردی بەکار بێنێو ئەگەر دوبارەشی کردەوە پێویستە بەڕێژەی جیا جیا بەشێکی موچەکەی لێ ببڕدرێ. پاشان کە مەسەلەکە بوە شتێکی ئاسایی، هەر فەرمانبەرێکێ زمانی کوردیی بەکار هێنا دەبێ لەکار بخرێ و هەر لێپرسراوێکی دەزگاو هەر ئەفسەرێکی ئاسایش و پۆلیس دەبێ لە جێبەجێ کردنی ئەم مەسەلەیەدا بەرپرسیار بێ. پێش ئەوەی بەمەسەلەی تواندنەوە کۆتایی بێنم، بەپێویستی دەزانم سەرەنج بۆ مەسەلەیەکی گرنگ ڕاکێشم....

ئەو کوردانەی پێیان وایە ڕەفتاری نەرمی دەوڵەت زادەی سۆزو بەزەیی نیە بەڵکو زادەی ئەو کردەوانەیە کە خۆیان ئەنجامیان داوە، هەروا ئەوانەی دێهاتەکانیان کەوتۆتە سنوری ئەو ناوچە قەدەغەکراوانەی کە کاتی خۆی بەرهەڵستیی دەوڵەتیان کردوەو بەپڕۆپاگەندەکانی دەرەوەی وڵاتەوە بەستراونەتەوە، هەمویان یەک بابەتن‌و یەکجار زیانبەخشن. لەسەرێکی ترەوە زۆر گرانە بۆ ئێمە بیانتوێنینەوە. لەبەر ئەوە دەبێ یەکە یەکە دەستنیشان بکرێن و پاشان دەرپەڕێنرێن.

ئەمڕۆ کەس نازانێ ژمارەی ئەو کەسانە چەندە بەڵام ئەم ساڵ دەوڵەت بە ژێرزارەکی بڕیاری داوە نزیکەی سێ هەزار کەسیان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوادا نیشتەجێ بکا. بەپێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک لەماوەی ١٥ — ٢٠ ساڵدا ئەوانەی ناتوێنەوە بەیەکجارەکی لەناو دەبرێن و ئەوانەی دەمێننەوە بەیەکجارەکی بەکەلتوری تورک گۆش دەکرێن. بەبێ ئەو کارە مەسەلەی تواندنەوە بەو جۆرەی کەخۆمان دەمانەوێ سەر ناگرێ.

ا) لەپرۆژەی تواندنەوەدا دەبێ :

١- زۆر گرنگی بەخانەی گەل بدرێ.

٢- بۆ خوێندنەوەی هەواڵ و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کتێبخانەی تایبەت تەرخان بکرێ.

٣- بۆ ناساندنی کۆنینەکانی تورک مۆزەخانەو پێشانگای تایبەتی دامەزرێنرێ، تیپی گەڕۆگی گۆرانی و نواندن پێکەوە بنرێ و لە دێهاتەکاندا سینەما و ئێزگە دامەزرێنرێ. هەمو ئەمانە ئەنجامی چاکیان دەبێ.

پاش ئەوەی بۆچونی خۆم دەربارەی تواندنەوەی زۆردارەکیو ئارەزومەندانە بەکورتی دەربڕی، بەپێویستی دەزانم باسی ئەو مەسەلانە بکەم کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریان بەسەر جێبەجێ کردنی مەسەلەی ناوبراوەوە هەیە :

خاڵی ١- بۆ لەناوبردنی کوردایەتی یاخود بۆ هێنانە سەر کاری دەزگایەکی کارگێڕیی توندوتۆڵ لەناوچە کوردنشینەکاندا، پێویستە رێگاوبانی تازە هەبێ. ئەوەی من بە پێویستی دەزانم هێنانەکایەی ئەم رێگاوبانەیە :

ا- ڕێگای دیاربەکر - سیلوان - مەلەکان - زیارەت - بتلیس - رتاتوان.

ب- ڕێگای زیارەت - سیرت - بەرواری - جەناق - وان.

جـ- ڕێگای وان — باشقەڵا — هەکاری — بەرواری.

د- ڕێگای ماردین — ساوور — میدیان - کەرجۆش - سیرت.

ئەگەر ئەو ڕێگاوبانە بە ناوچەی دەسەڵاتی مفەتشیەی گشتیی ژمارە یەکدا تێپەڕێ، مفەتشیە لەم بارەیەوە کەمتەرخەمی ناکاو بەهەمو شێوەیەک یارمەتیی کاربەدەستان دەدا. بێگومان بەو ڕێگاوبانە ناوچەکە هەم لەڕوی ماددی و هەم لەڕوی زارەکییەوە گەشە دەکاو بەرێکوپێکیو بەخورتی بەنیشتمانی دایکەوە دەبەسترێتەوە.

ئەو کوردانەی لەبۆتەی کەلتوری تورکدا ناتوێنەوەو هەزاران پرۆپاگەندەی کوردایەتی کاریان تێ دەکا.... بەپێویستی دەزانم بخرێنە گروپی کارەوەو لەکاتی سەربازیدا بۆ کردنەوەی ڕێگاوبانی تازە کەڵکیان لێ وەرگیرێ، هەر لەهەمان کاتیشدا دەبێ فێری

زمانی تورکی بکرێن، هەوڵی تواندنەوەیان بدرێو لەم بارەیەوە نابێ بەهیچ شێوەیەک چاوپۆشیان لێ بکرێ.

**خـــالی۲**......................................................................................

**۳خالی**..........................................................................................

بەجێبەجێ کردنی پێشنیارەکانی راپۆرتەکەمو بە هەڵسوکەوتی ئەمڕۆی مفەتشیەی گشتیی ژمارە یەک، گەلی تورک شادمان و بەختەوەر دەبێو تورکیا بەرەو پێشەوە دەچێ. ئەم ڕاپۆرتەم دەخەمە بەردەستی هەلسوڕێنەری مەزنی دەوڵەت عیسمەت ئینونو کە بۆ وەدەست هێنانی شادی و بەختیاری، گەلی تورک لەسەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی تر دەباو ڕۆژ بەڕۆژ تورکیا بەرەو پێشەوە دەبا. من لەکاتێکدا ئەم راپۆرتەم بەرزدەکەمەوە، چارەسەرکردنی یەکێ لە گیروگرفتەکانی وڵاتەکەمان بەمەبەستی خۆم دادەتێم بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە بڕیارو ئامۆژگاریی پێویست دەرکرێ.

مفەتشی گشتیی ناوچەی یەک

ئابدین ئۆزمان

دیسانەوە بۆ تواندنەوەی گەلی کورد، لە ٥ی ئایاری **۱۹۳۲**دا کاربەدەستانی تورکیا یاسایەکی تایبەتیان دەرکرد. بەپێی یاساکە گەلی کورد لەهەمو مافە یاسایییو رەگەزییەکانی بێ بەش کراو تورکیا بەسەر چوار ناوچەدا کە سێیانی لەکوردستاندا بوو دابەش کراو بڕیار درا یەکێ لەو سێ ناوچەیە بەتەواوەتیو بەیەکجارەکی لەدانیشتوان چۆڵ بکرێو بکرێتە ناوچەیەکی قەدەغەکراو.

خاڵی نۆیەمی یاسای ناوبراو دەڵێ :

((بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری کاروباری ناوخۆ بۆی هەیە ئەو کوردانە راگوێزێ کە لەناو رەگەزو کەلتوری تورکدا نەتواونەتەوەو لەنێو تورکە روناکبیرەکانی ناوچە کەلتور ئاشناکانی تورکیادا نیشتەجێیان بکا. ئەوانەی تا دەرچونی ئەم یاسایە سەرانو رابەرانی کورد بون یاخود ئاغاو بەگو سەرانی خێڵ بون، هەروا ئەو سنورنشینانەی سوسەی نۆکەرایەتی‌یان لێ دەکرێ وگەورە پیاوانی کوردو ئەوانەی لەنێو کوردەکاندا رێزو پایەی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروا خزمو کەسوکاری هەمو ئەمانە، دەبێ بەخاووخێزانەوە ناوچەکانیان لێ چۆڵ بکرێ، بۆ ناوچە تورک نشینەکان دور بخرێنەوەو لەنێو تورکەکاندا نیشتەجێ بکرێن.

ئەوانەی زمانی زگماکیان تورکی نیە، بۆیان نیە کۆ ببنەوەو لەنێو خۆیاندا دێهات و رێکخراوو سەندیکای پیشەیی یاخود چینایەتی وەک یەکێتی‌ی پیشەکارەکان، یەکێتی‌ی فەرمانبەرانو هی تر پێکەوە بنێن. بۆشیان نیە سەرۆکایەتی‌ی سەندیکاو رێکخراوە پیشەییو چینایەتی‌یەکانیان بکەن یاخود کاری تێدا بکەن.

وەزیری کاروباری ناوخۆ بۆی هەیە هەمو رێکخراوو سەندیکاکان هەڵوەشێنێتەوە. ئەمە ئەو رێکخراوانەش دەگرێتەوە کە لەمەوپێش لەکایەدا بون.

بێگانە بۆی نیە سەر لەناوچە لادێ نشینەکان بدا. ژمارەی بێگانەکان کەبۆیان هەیە لەدێهاتی دەوڵەتیو شارەکاندا نیشتەجێ بن، دەبێ ١٠٪ ی سەرجەمی دانیشتوی ناوچەکە زیاتر نەبێ)).

خاڵی دەیەمیش دەڵێ :

((ا- لەڕوی یاساوە کورد هیچ مافێکی نیە، هەمو جۆرە مافێکی یاسایی‌ی ناوچەکە، تەنانەت ئەوەی بەبڕیاری دادگاش پشت ئەستورە، هەڵدەوەشێنرێتەوە....

ب- هەرچی دەسەڵاتە لەسەران و رابەرانی کورد یاخود لەبەگ و ئاغاو سەرانی خێڵەکان دەسەنرێتەوەو هەرچی دەزگای ژێر دەسەڵاتی ئەوانە یاخود بەیاساو نەریت پشت ئەستورە هەڵدەوەشێنرێتەوە...

هەرچی موڵکو سامانی گوێزراوەیە، بەبێ گوێدانە ئەو بەڵگەنامانەی کە تا دەرچونی ئەم یاسایە مافی خاوەنێتیی خاوەندار ساغ دەکەنەوەو لەڕوی یاساییەوە مافی یاسایی بەخاوەنەکەی دەدەن، دەبێ بەهی دەوڵەت)).

دیارە ئامانجی سەرەکیی ئەو یاسایە بەتورک کردنی کوردە، ئەگینا یاسایەکی وا بێجگە لە ئەو ئامانجە هیچ ئامانجێکی تری نابێ. کەواتە بۆچی هەندێ ((مێژونوس)) راستی دەشێوێنن وخەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانی ئازادیو سەربەخۆییی نەتەوەیی بەجوڵانەوەیەکی کۆنەپەرستی فیوداڵیستی ناو دەبەن ؟ سەرانی ئەو جوڵانەوەیە بەرێگرو چەتەو نۆکەری ئیمپریالیزم، بەدەرەبەگ و خوێنرێژ دادەنێن؟ هەر ئەوە بۆ خۆی بەڵگەیە کەراپەرینیساڵی ١٩٣٤ی کوردەکان ناوچەی دێرسیم (کە ئەمڕۆ بەتونجلی ناسراوە) زادەی بەربەرەکانێ کردنی ئەو یاسایە بوو. بۆ سەپاندنی یاساکە کەمالیستەکان ٢٥ هەزار سەربازیان خستە گەڕ کە بەتازەترین چەکو کەرەستەی جەنگی پڕچەک کرابونو هەڵسوڕاندنی ئەو لەشکرکێشییە بەفەوزی چەقماق پاشا سپێردرا. لەئەنجامی هێرشو کوشتاردا ٤٠٠ دێی کوردستان خاپور کرا. کچی فڕۆکەوانی تورک سەبیحە کەمستەفا کەمال لەمناڵییەوە بەخێوی کردبو، بەشانازییەوە بۆ پەیامنێرانی رۆژنامەکانی دەگێڕایەوە کەچۆن فڕۆکەی لێ خوڕیوەو ناوچە لادێ نشینەکانی بۆردومان کردوە. لەو چاوپێکەوتنەدا سەبیحە ڕایگەیاند کە لەبەرزاییی نزمەوە ئافرەتو

پیرەژنو منالانی کوردی بۆمباران کردوە، خەڵکانی بێ تاوانیش لەترسانا رایان دەکردو لە ئەشکەوتو دۆڵەکاندا خۆیان دەشاردەوە. کاربەدەستە کەمالیستەکان بۆ پاداشت دانەوەی ((پاڵەوانێتی))ی ئەو کچە سەری رێزو نەوازشیان بۆ دانەواندو مەدالیای ((پاڵەوانێتی‌یان)) خەڵات کرد.

زمانی تورکی لەسەرانسەری ناوچەی دێرسیم بەسەر هەمو فێرگەکاندا سەپێنرا، ئاخافتن بەزمانی کوردی قەدەغە کرا، وشەی کورد لەهەمو فەرهەنگو نوسراوەکاندا رەش کرایەوە، جلوبەرگی فۆلکلۆری و گۆرانیی کوردەواری بەتەواوەتی قەدەغە کراو هەر چی سەرپێچیی کرد بەکوشتن و ئاوارەکردن سزا درا. پاشان لەدیسەمبەری ١٩٣٥دا دەوڵەتی کەمالیستی بڕیاری ژمارە ٢٨٨٤ی دەرکردو بەپێی ئەو بڕیارە جەنراڵی خانەنشین کەجاران ناوچەکەی بەڕێوە دەبرد لابراو جەنراڵی تری سەرکردایەتیی باڵای سوپا کرایە والیی ناوچەکە، لەباتی فەرمانبەرانیش چەند ئەفسەرێک ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان گرتە ئەستۆ. والیی گشتیی ناوچەکە دەسەڵاتی وەزیری پێ دراو بەپێی بڕیارەکە والیی ئەو ناوچەیە بەرەزامەندیی وەزیری بەرگری دیاری دەکرا. لەتورکیا تەنها پەرلەمان بۆی هەیە بڕیاری خنکاندن بەسەر هاوولاتییاندا بسەپێنێ، کەچی لەکوردستاندا والیی‌یەکان مافی خنکاندنی هاوولاتییان پێ درا. ئەو بڕیارەش نەک هەر لەدێرسیم بەڵکو لەهەمو ولایەتەکانی ئەلازیک، مەلاتیە، سیواس، ئەرزنجان، ئەرززۆم، دیاربەکر، قوموشانە، بنگول، سیرت، هەکاری، موش، بتلیس، وانو هی تر فەرمانڕەوا بوو. بەپێی بڕیارەکە کورد بۆی نەبو لەدەزگاکانی دەوڵەتدا کار بکا یاخود لەسەرکردایەتیی سوپادا پلەیەکی بەرز

وەرگـرێ، بڕیارەکـە بـەوەش دانەکـەوت بـەڵکو کـوردی لـەکاری نـاو کارگەو کۆمپانیاکانیش بێ بەش کرد.

سـەرباری ئـەو هـەمو تـیرۆرو چاوترسـاندنە، لەسـاڵی ۱۹۳۷دا کوردەکـانی دێرسـیم دیسـانەوە ڕاپـەڕین، گـوڕو زەبـری ڕاپـەڕینەکە هـەرگیز لەگێڕانـەوە نایـەت. لـە١٦ی نیسـانی ۱۹۳۷دا ڕۆژنامـەی ((جمهوریەت)) بڵاوی کـردەوە کـەهێزی پێشـمەرگە لەپـێنج هـەزار چەکدار پێکهاتوە.

لەســـەرەتای ســـاڵی ۱۹۳۷دا خـــەڵکی ناوچـــەی دێرســـیم لەکاربەدەسـتانی دەوڵـەت داواکـار بـون سوپـاو ژانـدارم بکێشـێتەوە دواوە، پڕۆژە سوپاییەکانی وەک دامەزراندنی پردو ڕاکێشانی هێڵی شـەمەندەفەر هەڵوەشـێنێتەوە، لـەباجو پـیتاک سـەندندا ئاسـتی گـوزەرانی خـەڵکی بگرنـە بـەرچاو و ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان بسەلمێنن.

رامبۆ لەکتێبەکەیدا دەگێڕێتەوە کە ڕۆژنامەی ((تان)) لەمانگی حوزەیراندا لەبارەی ڕاپەڕینەکەوە نوسیویەتی((سەبارەت بەیاخی بوە کوردەکانیش دەبێ بە توندوتیژترین شێوە رەفتاریان لەگـەڵدا بکـرێو هەمویان لەناو ببرێن. بڕیار وایە ناوەندی جوڵانەوەکە(واتـە دێرسـیم) بەیەکجارەکی خاپور بکرێو دانیشـتوانەکەی لـەناو بـبرێن یـاخود بـۆ ناوچە جیا جیاکانی تورکیا دور بخرێنەوە)).

هەر لەهەمان وتاردا هاتوە کە ((بەم جـۆرە دانیشـتوانی دێرسـیم دەبنـە تـورکی رەسـەن، تـورکی رەسـەنی تـریش لەناوچـەکانی تـری تورکیاوە لەدێرسیم نیشتەجێ دەکرێن. بەم جۆرە کورد بەیـەکجارەکی دەکرێ بەتورک)).

کوردەکانی دێرسیم دلێرانە دەستیان دایە چەک و بەرگرییان لەخۆیان کرد. راپەرینەکە تا ساڵی ١٩٣٨ خۆی گرت. رۆژنامەی ((العمل القومی)) ی سوری لەم بارەیەوە وتارێکی بڵاو کردەوە، هاتە سەر باسی پەیمانی ئێران و تورکیا و عیراق و وتی :

((کوردەکانی دێرسیم زیاتێکی زۆریان لەسوپای تورکیا داوەو دەسکەوتێکی زۆریان چنگ کەوتوە. منالآن و کچانو ژنانی کورد بە پەرۆشەوە لەشۆڕشەکەدا بەشداری دەکەن و ئازایانە سەنگەری نەبەردی چۆڵ ناکەن)).

هەر لەم بارەیەوە رۆژنامەی((الاخبار))ی سوری نوسیویەتی ((سەرچاوە بڕواپێکراوەکان رایدەگەیەنن کە شۆڕشەکەی دێرسیم تا دێت کلێپەسەندوترو تۆکمەتر دەبێ، شۆڕشگێڕانی کورد سوپای تورکیایان ناچار کرد بکشێتەوە دواوەو زیاتێکی گیانیو ماددیی زۆریان لێ داوە....بۆ خرۆشاندنی گەلی کوردیش بڵاوکراوەی شۆڕشگێرانە لەسەرانسەری کوردستاندا بەخش کراوە، بەتایبەتی کە جوڵانەوەکە بۆ رزگارکردنی کوردستان لەستەمی داگیرکەرە تورکەکان تێدەکۆشێ)).

رۆژنامەکانی جیهان بەگشتیو هی سوریا بەتایبەتی دەنگوباسی شۆڕشەکەی دێرسیمیان بلاوکردەوە، خەباتی رەوای گەلی کوردیان بە خەلکی ناساندو رەفتاری رەگەزپەرستە تورکەکانیان سەرزەنشت کرد. هەر لەم بارەیەوە رۆژنامەی((الشرق)) ی بەیروتی نوسیویەتی ((سیانزە ساڵە گەلی کورد بۆ رزگاریو وەدەست هێنانی مافە رەواکانی دەستی داوتە چەک، ئەو گەلە لەپێدەشتەکانی موشو چیاکانی ئەراراتدا خەباتێکی چەکداری هەڵایساندوەو دلێرانە دژی داگیرکەرە تورکەکان تێدەکۆشێ)).

ئەگەرچی کەمالیستەکان، ئنگلیزو ئەمریکییەکان لایان ئاشکرا بوو کە شۆڕشگێڕانی دێرسیم تەنها پشتیان بەخۆیان بەستوەو کەس

نی‌یە بەچەکئو پارە یارمەتی‌یان بدا، بەڵام بۆ ئەوەی پاکانە بۆ رەفتاری دڕندانەی کەمالیستەکان بکەن، لەهەموو جیهاندا بڵاویان کردەوە کەیەکێتی‌ی سۆڤیێت پشتیوانی لەشۆڕشگێڕانی دێرسیم دەکاو چەکئو ئازوخەیان بۆ دەنێرێ. کەمالیستەکان رەفتاری وا دەرندەیان ئەنجام دا مەگەر هەر لەخۆیان بوەشێتەوە. هەر ئەوە بۆ خۆی بەڵگەیە کە بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشەکە کەمالیستەکان هەڵیان پێچایە سەر هەزارو پێنج سەد پیرەژنو ئافرەتو منداڵ، هەمویان بەپەتو گوریس بەستەوە، چاڵێکی گەورەیان هەڵکەند، بارمتەکانیان تێدا کۆکردەوە، نەوتیان کرد بەسەریاناو ئاگریان تێ بەردان. بەم جۆرە جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستان لەدەریای خوێندا خنکێنراو سەرەنجام چل هەزار کورد شەهید کران. لەم بارەیەوە رامبۆ نوسیویەتی((لەشۆڕشە رزگاریخوازی‌یەکەی کوردستاندا چل هەزار کەس کوژران، لەلایەکی ترەوە تورکە کەمالیستەکان بە بەرد دەرگای ئەو ئەشکەوتانەیان هەڵچنی کە هەزاران خێزانی کورد بەئافرەت، منداڵو پیرەژنەوە خۆیان تێدا شاردبۆوە، بەتێپەربونی رۆژگاریش مەرگئو برسێتی تەنگی پێ هەڵچنینو هەموانی کوشت)). رامبۆ بە تەوسێکەوە دەڵێ ((بەڵام هەرچونێ بێ خۆ تورکەکان زۆر پێشکەوتون!)).

لەساڵی ١٩٣٨دا کوردەکانی دێرسیم دیسان راپەرینو داوای مافەکانی خۆیان کرد. لەبارەی راپەرینەکەوە رۆژنامەی ((ئەقشام)) کە لەتورکیا دەردەچێ نوسیویەتی ((سوپا ناوچەکەی پاک کردەوەو هەمو گروپەکانی ناوچەکەی راماڵی)). پاش شکستی شۆڕشەکەی ١٩٣٨، وەزیری کاروباری ناوخۆی تورکیا لەوتارێدا بەشانازی‌یەوە باسی مەسەلەی لەناوبردنی کوردی کردو وتی ((ئیتر لەمەولا

مەسـەلەی کـورد لـەتورکیادا نیـە)). هـەر لـەم بارەیـەوە گۆڤـاری ((ئیکۆنۆمیست)) لـە ژمـارەی ١٠ی ئایـاری ١٩٤٦دا نوسـیویەتی ((لەوسـاوە کـورد بـەرەسمی لـەتورکیادا نیـە...... مەگـەر هـەر ئایـنـدە ئـەم راسـتی‌یە سـاغ بکاتـەوە کـە لـەناوبردنی گـەلی کـورد کەدەوڵـەتی تورکیـا بـۆ ئەنجامـدانی سوپـای خسـتۆتە کـار، چارەسـەرێکی کاتی‌یـە یـاخود گـەلی کـورد بەڕاسـتی وەک هێزێـک لەولاتدا نەماوە)). بەڵام تیرۆرو چاوترساندنو کوشتار بۆ هەڵوێسـتی وەزیری ناوبراو پاکانە ناکا بەتایبەتی کە ئەو بێجگـە لـەخۆی کەسـی تری پێ ناخاپێنرێ. ئاشکرایە کەراپەڕینەکەی دێرسیم تا ساڵی١٩٣٩ درێـژەی هـەبوو و لـە٨ی تـەموزی ١٩٣٩دا رۆژنامـەی ((ئولـوس)) بڵاوی کردەوە کە ((لەتریبۆنی پەرلەمانی تورکیادا وەزیری کاروباری ناوخۆ رایگەیاند کە ئەمـڕۆ یـاخی بونەکـەی ناوچـەی تـونجلی(واتـە دێرسیم-نوسەر) کوژایەوە)). بەڵام گـەلی کـورد سـەنگەری خـەباتی چۆڵ نەکردو لەسەر تێکۆشانو خۆبەخت‌کردنو گیانبـازی پێی داگـرت کەچی بەشـێکی کاربەدەسـتانی تورکیـا ناوبـەناو بڵاویـان دەکـردەوە گوایە کـورد لـەتورکیادا نـەماوە. هـەر ئـەوە بـۆ خـۆی نمونەیـە کـە ئەکرەم ئوزاقلی گول لەگۆڤاری ((سۆن پۆست)) بەم جۆرە بیروباوەڕە شۆڤێنیسـتی‌یەکانی خـۆی هەڵـدەڕێژێ((هیـچ کاتێـک کەمایـەتی‌ی کورد لەتورکیا نەبوە، نە نیشتەجێو نـە کۆچـەر، نـە خـاوەن هەسـتی نەتەوایەتی‌و نە بـێ هەسـتی نەتەوایـەتی. دەیـان سـاڵ لەمەوبـەر لـە ناوچە دورەکانی تورکیادا، کەبێگانەکان بەکوردسـتانو ئەرمەنسـتانی دەزانن، هەندێ تورکی دواکەوتو دەژیان. ئەو تورکە دواکەوتوانـە لەبـەر ئـەوەی بەدابڕاوی لەناوچەیەکی دوری دەوڵەتی عوسمانی‌دا دەژیـان، فێـری هەنـدێ وشەی زمانی عـەرەبی‌و فارسی بون، ئەو زمانەی ئەمڕۆ ئەوان

پێی دەدوێن زادەی هاتنی ئەو وشانەیە بۆ ناو زمانی توركی، بەڵام لەم رۆژگارەدا فێرگەكان هەلومەرجێكی لەباریان پێكێ هێناوە. لەبەر ئەوە ئومێدەوارین لەئایندەیەكی نزیكدا ئەو شێوە زمانە توركی‌یە بەیەكجارەكی بفەوتێ..)).

مێژو سەلماندویەتی كە سەرەڕای هەوڵدانی یەنی چارە عوسمانی‌یەكانو شۆڤێنیستە كەمالیستەكانو رەگەزپەرستانی فارسو عەرەب بۆ تواندنەوەو لەناوبردنی گەلی كورد، گەلی كورد نەفەوتاو تا نیشتمان لەستەمی توركێو فارسو عەرەب رزگار نەكا، تا مافو سەربەخۆیی‌ی نەتەوەیی‌ی خۆی وەدەست نەهێنێ، واز لەخەبات ناهێنێ. كوردستان بەرمیلێكی پڕ باروتە كە بەیەكێ دەنكە شقارتە گڕ دەگرێو دەتەقێ. مەسەلەی كوردیش تەنها لەو كاتەدا چارەسەر دەكرێ كەگەلی كورد رزگاری دەبێ، هەمو مافەكانی وەدەست دەهێنێو كوردستاتێكی یەكگرتو پێكەوە دەنێ. سیاسەتی باشبۆزۆخی توركێ كەسیاسەتێكی شۆڤێنیستی‌ی رەگەزپەرستانەیە سەری بەكورد دانەنەواند. لەسالانی ١٩٣٩،١٩٣٨،١٩٣٧،١٩٣٤،١٩٣٠،١٩٢٨،١٩٢٧،١٩٢٥،١٩٢٠ دا زنجیرەیەكێ راپەرینی چەكدارانە سەرتاسەری كوردستانی تەنی‌یەوەو دەوڵەتی توركیای هێنایە لەرزین. ناشد حەقی كە پەیامنێری تایبەتی رۆژنامەی ((وەقت)) بوو، كاتێكێ گەیشتە دیاربەكر كە كەمالیستەكان دادگای ئیستقلالیان تێدا دامەزراندبوو و خەریكی سزادانی تێكۆشەرانی كورد بون. ناوبراو لەژێر ناونیشانی ((دادپرسی گشتی‌ی داوای سزادانی ٣٥ تاوانبار دەكا)) وتارێكی نوسیوەو تێیدا دەڵێ :

((دادپرسی گشتی — یاخی بونەکەی ئەم دوایی‌یەی ولایەتەکانی ڕۆژهەڵات کەبۆ پارێزگاری کردن لەدەوڵەت گرنگترین پارچەی وڵاتی سەرفرازی تورکیا پێکێ دەهێنن، زادەی هەمان ئەو گیانە پیس‌و پڵۆخە بوو کە بۆسنیاو هێرزەگۆڤینیای دژی تورکێ هان دا، ئەو بۆسنیاو هێرزەگۆڤینیایەی کە لەسێ لاوە بەدەوڵەتی بیانی‌ی ناتورکێ‌و ناموسلمان گەمارۆ درابو، زادەی هەمان ئەو گیانە بوو کە لەجەنگی گشتی‌دا وای لەئەرنەئوتەکان (ئەلبانی‌یەکان) کرد لەپشتەوە خەنجەر لەتورکێ هەڵکێشن بەبێ گوێدانە ئەوەی کە بۆ پێنج سەد ساڵ هاونیشتمانی تورکێ‌و لەسایەی پان عوسمانیزم‌دا بون، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە تورکەکان زۆر بەنەرمی لەگەڵ براکانی خۆیاندا هەڵسوکەوتیان کردوە. ئامانجی ئەمڕۆی یاخی بونی کورد هەر ئەو ئامانجەیە کە کارێکی وای کرد لەجەنگی گشتی‌دا سوری‌یەکان‌و فەلەستینی‌یەکان لەتورکیا جیا ببنەوە. مەبەستی کورد لە دژایەتی‌کردنی تورکیا هەر ئەو مەبەستە دزێوەیە کە نەتەوە ناوبراوەکانی لەدژی تورکیا هان داوە)).

پاشان دادپرس روی کردە ٣٥ تێکۆشەرەکەو پێی وتن ((هەندێک لەئێوە ئاکاری خراپی دەوڵەت‌و پارێزگاری لەخەلافەتیان بۆ ئەم راپەرینە کردۆتە بیانو. بەڵام هەموتان لەسەر دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ یەکدەنگ بون)).

لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٢٥دا ڕۆژنامەی ((وەقت)) لەژێر ناونیشانی ((چۆن نەخشەی یاخی بونی کورد داڕێژرا)) لەوتارێکدا بڵاوی کردەوە کە ((پار لەولایەتەکانی ڕۆژهەڵاتماندا حزبێکی ژێرزەمینی هەبو کە بۆ رزگاری وسەربەخۆیی‌ی کوردستان تێدەکۆشا. . . بەم جۆرە بۆ هەموان ڕۆشن دەبێتەوە کەحزبی ناوبراو یاخی بونی

کوردی ساز کردوه، تەنها یەکێ ئامانجیشی هەبوه ئەویش دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیە لە ولایەتەکانی رۆژهەلاتماندا. بەلام ئەم یاخی بونە پێش کاتی دیاریکراوی خۆی هەلایسا...)).

جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان جولانەوەیەکی نیشتمانییەو بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوەیییەکان هەلایساوە. لینین نوسیویەتی ((هەر جۆرە وەلامێکی نەتەوەی ژێردەست خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی نیشتمانییە)).

بێ گومان خەباتی گەلی کوردیش سەرنجی جیهانی بۆ مەسەلەی کورد راکێشاوە. لە ٣٠ی ئابی ١٩٣٠دا کۆمیتەی راپەراندنی مەکتەبی سۆسیال ئینتەرناسیونالی کرێکاران لە زیوریخ ئەم بڕیارەی دەرکرد :

((کۆمیتەی راپەراندنی مەکتەبی سوسیالیستی کرێکارانی جیهان سەرنجی جیهان بۆ ئەو کوشتارە رادەکێشێ کەدەولەتی تورکیا نەکێ هەر دژی ئەو کوردانەی لەپێناوی ئازادیدا تێدەکۆشن، بەلکو دژی ئەو کوردە بێ تاوانانەش کە لەجولانەوەکەدا بەشدارییان نەکردوە، ئەنجامی دەدا. تورکەکان وەکێ چۆن جاران تەنگیان بە ئەرمەنەکان هەلچنی، ئەمجارە دەیانەوێ تەنگێ بەکوردیش هەلچنن، ئەمەش لەکاتێکدا رودەدا کە ڕای گشتیی نەتەوە گەورەکان دەنگی نارەزایی دژی ئەم درندێتییە هەلنابڕێ. لەلایەکی ترەوە کۆمیتە سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێ کە پێشێل کردنی ئەندەرونی سەرزەمینی فارس لەلایەن سوپای تورکیاوە هەڕەشە لەئاشتیی ناوچەکە دەکا. دەستەی راپەڕاندن لەجیهان داواکارە دژی روداوە خوێناوییەکانی کوردستان کە گەلی کورد سوتەمەنییەکەیەتی دەنگی نارەزایی هەلبڕێ)).

## ٢- لەکوردستانی ئێران

تەوژمی جوڵانەوەی ١٩١٨ی گەلانی ئێران زادەی شۆڕشی سوسیالیستی روسیا بوو. گەلی کورد لەئێراندا بەرقێکی ئەستورتر درێژەی بە خەبات داو دژی دوژمنانی ناوخۆو دەرەوەی وڵات جوڵانەوەی شۆڕشگێرانەی هەڵایساند. بە هاتنە سەر کاری رەزا شا رژێمێکی پاشایەتیی ئۆتۆکرات دەسەڵاتی سیاسیی گرتە دەست بەڵام تیرۆرو دکتاتۆری، جوڵانەوەی خەڵکی چەوساوەو ستەمدیدەی پێ لەناو نەبرا.

لەساڵانی ١٩١٨ - ١٩٢٩،١٩٢٥،١٩٢٠و ١٩٣٠دا چەند راپەرینێکی چەکدارانە ناوچەکانی موکریان، ورمێ، هەورامان، مەنگوڕایەتیو گوڵباخی تەنییەوە. ئامانجی سەرەکیی تێکڕای راپەرینەکان رزگار کردنی کوردستان بوو لەستەمو فشاری کۆنەپەرستانی ئێران. دەوڵەتی ئێرانیش بەنۆرەی خۆی بڵاوی دەکردەوە گوایە هەر چی راپەڕینە بە فیتی بریتانیا بەرپا دەبێ. لەم بارەیەوە بڵاوەکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نوسیویەتی :

((بێ گومان کەس باوەڕ ناکا ئیمپریالیزمی بریتانیا شۆرش ساز بکاو گەلی کورد دژی دەوڵەتی ئێران هان بدا چونکە خودی دەوڵەتی ئێران داردەست و بلوێرژەنی ئنگلیزە. دەبێ ئەوەشمان لا رون بێ کە ئەگەر وتمان گوایە ((شۆڕش بەفیتی سیخوڕانی ئنگلیز هەڵدەگیرسێ))، دەبێ پەی بەو راستییە بەرین کەئەو سیخوڕانە ئەگەر شتێکیان پێ بکرێ تەنها دەتوانن دەستی یارمەتی بۆ شۆڕشێکی خەملیو وگەڵاڵەبوو درێژ بکەن، تەنها دەتوانن کەڵک

لەو تەنگوچەڵەمەیە وەرگرنو بێجگە لەنەخشی ((مامان)) هیچ نەخشێکی تریان نابێ)).

لەیەکەمین جەنگی جیهاندا سمایل ئاغای شکاکێ ناسراو بەسمکۆ کەیەکێ بوو لە سەرانی خێڵەکان، جڵەوی سەرکردایەتی ی جوڵانەوەی کوردی گرتە دەست*. سمکۆ پیاوێکی ژیرو لێهاتو بوو.

---

* ئەستەمە جموجۆڵی سمکۆ بخرێتە چوارچێوەی بزوتنەوەی سیاسی یەوە. سمکۆ سەرۆکی خێڵی شکاك بوو کە تا دەرکەوتنی سمکۆ هیچ مێژویەکی سیاسیی نەبووەو هەستی نەتەوەیی لەنێویدا لەوپەڕی لاوازیدا بوو. ئەم خێڵە کەبەشداریی لەراپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵلا نەهریشدا نەکردوە, زۆربەی جار خۆی بەپشتیوانی ئێرانییەکان زانیوەو لەم بوارەدا لەگەڵ عەباس میرزای نائیبولسەلتەنەتدا لەدژی عوسمانییەکانو لەقۆناغی دواتردا شانبەشانی ئێرانییەکان لەدژی خێڵی بلباس لەبناری قەندیلو لەدژی میری رواندز بەشەڕ هاتووە. تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئابوریی شکاك پشت ئەستور بوو بەئابوریی راووڕوت.

سمکۆ هیچ دیدێکی سیاسیی نەبو. لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهاندا شانبەشانی ئێرانییەکان لەدژی روس شەڕی کردو پاشان خیانەتی لەئێرانییەکان کردو بەبێ هیچ مەرجێك هاوپەیمانیی لەگەڵ روسەکاندا بەستو پاش کشانەوەی روس لەئێران, پەیوەندیی بەتورکەوە کردو دواتر پەیوەندیی لەگەڵ کەمالیستەکاندا دامەزراندو رازی نەبوو لەدژی کەمالیستەکان هاوکاریی ئینگلیز بکات.

لەهەلومەرجی نەبونی دەسەڵاتی حکومەت لەناوچەکەدا, سمکۆ دەرەبەگ نشینێکی لەقەڵەمڕەوی نێوان ورمێو سەلماسو سنوری تورکیادا دامەزراند. سمکۆ وەك رابەرێکی خێڵەکی, هێشتا زۆری مابوو وەك رابەرێکی نەتەوەیی خۆی بنوێنێ. بیرە نەتەوەیی یە کرچو کاڵەکانی زیاتر زادەی راوبۆچونی عەبدولرەزاق بەگ بەدرخانو سەید تەهای نەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بون.

. ڕۆژنامەی((بەرەبەیانی ڕۆژهەڵات)) لەژمارەی ١٣٠٦ی ٢٠ی ئوکتۆبەری ١٩٢٦دا نوسیویەتی سمکۆ ((سیاسی‌یەکی مەزنە بەڵام لەچوارچێوەیەکی بچوکێ دایە)). سمکۆ شان بەشانی هێزەکانی ڕوسیا تورکەکانی لە کوردستانی ئێران دەرپەڕاند.

پاش شۆڕشی ئوکتۆبەر سوپای ڕوسیا کشایەوە دواوە، ئێرانی بەجێ هێشتو لەئەنجامدا چەکێو کەرەستەیەکی زۆر بۆ کورد مایەوە. لەو کاتەدا دەوڵەتی ئێران هیچ دەسەڵاتێکی لەکوردستاندا نەمابوو، لەبەر ئەوە کورد خۆی کاروباری خۆی بەڕێوە دەبردو سمکۆ ڕابەرایەتی‌ی جوڵانەوەکەی کرد. نەمانی نفوزی ڕوسیا لەناوچەکەدا هەلێکی لەباری بۆ سمکۆ ڕەخساند بۆ ئەوەی پەرە بەدەسەڵاتی خۆی بداو سەرکردایەتی‌ی جوڵانەوەکە بکا.

لەتێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٠دا سمکۆ لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا پەیوەندی‌ی دامەزراندو ئارامی‌ی ناوچەکەی پاراست. پەیوەندیی تێوان سمکۆ و شێخ محەمەد خیابانی کە ڕابەری جوڵانەوەی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران بوو زۆر پتەو بوو.

لەو ماوەیەدا سمکۆ سەربازە تورکەکانی لەناوچەی مەراغەو میاندواو دەرپەڕاندو ناچاری کردن کوردستان بەجێ بێڵن. پاشان لەناوچەی قەرەداغی باکوری دەریاچەی ورمێدا گورزێکی کوشندەی لە

---

لەساڵی ١٩٢٩دا سمکۆ ئامادەیی‌ی دەربڕی کەوەك ئێرانییەکان داوایان لێ کردبوو, لەتەورێز یاخود لەتاران نیشتەجێ ببێو لەڕەوتی ئەو وتووێژەی کەلەم ڕووەوە لەشنۆ ئەنجام درا, ئێرانییەکان هەلەکەیان قۆستەوەو تیرۆریان کرد. بۆ شارەزایی پەیداکردن دەربارەی سمکۆ, یەکێ لەچاکترین سەرچاوە کوردییەکان کتێبی ((کوردو عەجەم))ی مامۆستا نەوشیروان مستەفا ئەمینە (وەرگێڕ).

دەرەبەگە قەرەداغییەکان وەشاندو شکستی پێ هێنان. لەناوچەی مەهابادیش هێرشی بردە سەر سوپای ئێرانو زیاتێکی گەورەی لێدا. شایانی باسە کە سوپا لەلایەن کۆنەپەرستانی ئێرانەوە بۆ سەرەنگوم کردنی جوڵانەوەی ئەنجومەنە دیموکراتی‌یەکانی کوردستانو ئازەربایجان رەوانەی باکور کرابو. بەم سەرکەوتنانە سمکۆ لەناوچەکەدا گەورەترین هێزی پێکەوە ناو دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی ماکۆ، خوی، کوتور، دیلمان، ورمێ، مەهاباد، سەقز، شنۆ، نەغەدە، بۆکان، بانەو سەردەشت دا سەپاند. لەشکرەکەشی لە دە هەزار پێشمەرگە پێک هاتبو. لەپایزی ساڵی ١٩٢٢دا سمکۆ خۆی بەشای کوردستان راگەیاندو لەم مەسەلەیەدا بەخاڵەکانی پەیمانی سیڤەر پشتی بەست. پاشان ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستانی پێک هێناو ئەنجومەن هەوڵیدا لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا پەیوەندیی دیپلۆماتی دامەزرێنێ. رۆژنامەی ((کوردستان)) وەک ئورگانی حکومەتی سمکۆ دەرچو.

لەساڵی ١٩٢٦دا سوپای ئێران لەسەلماس ڕایگەیاند کەدژی کورد شەڕ ناکا. پاشان وەزیری بەرگریی ئێران جەنراڵ ئەحمەدی لە وتارێکدا کە لەپەرلەمانی ئێراندا خوێنرایەوە وتی ((سەربازەکانی ئۆردوی سەلماس یاخی بون، ئەفسەرانی خۆیان کوشت، ئۆردویان سوتاندو پاشان پەیوەندی‌یان بەحکومەتی سمکۆوە کرد)). بەڵام حکومەتی کوردستان زۆری نەخایاند چونکە سوپای ئێران پەلاماری کوردستانی داو پاش شەڕێکی خوێناوی، جوڵانەوەی کوردستان جارێکی تر دامرکایەوە. سمکۆش بۆ خۆی ناچار بوو بەرەو ناوچە شاخاوی‌یەکان هەڵکشێ. هەر لەو ماوەیەشدا سمکۆ چەند هێرشێکی بردە سەر سوپای ئێرانو زیاتێکی زۆری لێدا بەڵام لەبەر بێ پشتیوانیو

باڵادەستیی هێزە چەکدارەکانی ئێران کارێکی ئەوتۆی پێ نەکرا. سوپای ئێران کە لەهەمو رویەکەوە باڵادەست بوو، بەپشتیوانیی سوپاکانی عیراقو تورکیاش پشت ئەستور بوو. پاشان لەساڵی ١٩٣٠دا سمکۆو سەرانی تری کورد لەشاری شنۆ بەشێوەیەکی نامەردانە لەناو بران. حکومەتی شا داوای لەسمکۆ کرد بکەونە وتووێژ بۆ بەئاشتیو لەرێگای وتووێژەوە چارەسەر کردنی مەسەلەکە. سمکۆش لەم بارەیەوە لاریی نەبو. پاشان بڕیار درا وتووێژ لەشاری شنۆ ئەنجام بدرێ. لەشاری شنۆ زۆر بەگەرمی پێشوازی لەسمکۆ کراو بەو بۆنەیەوە ئاهەنگیان گێڕا، بەڵام کۆنەپەرستانی ئێران لەرێگای گەڕانەوەی سمکۆدا بۆسەیان بۆ داناو لەناویان برد.

## ٣- لە کوردستانی عیراق

لەنۆڤەمبەری ١٩١٨دا پاش مۆرکردنی پەیمانی تەقە وەستان لە مۆدرۆس، ئنگلیزەکان ولایەتی موسڵیان داگیرکرد کەناوچەیەکی فرە دەولەمەندو پترۆلیەو زۆربەی خەڵکەکەی کوردە. بەداگیرکردنی عیراق لەلایەن ئنگلیزەوە باری ئابووریی گەل ئەوەندەی تر شپرزە بوو، سەرەنجام برسێتی، گیروگرفت، نەخۆشیو هەژاری سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە.

لەساڵی ١٩١٨دا شێخ مەحمودی رابەری ئەوسای جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان ویستی لەشاری سلێمانیدا دەوڵەتێک بۆ کورد پێکەوە بنێو بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بەیارمەتیدانو پشتیوانیی دەوڵەتە گەورەکان بوو، لەبەر ئەوە لەسەرەتادا روی کردە روسیا بەڵام کە بۆی دەرکەوت روسیا لەم بارەیەوە هیچی پێ ناکرێ روی کردە بریتانیاو داوای یارمەتیی لێ

کـرد. وێڵسـن نوسـیویەتی((شـێخ محمـود تـا دوێنـێ لەگـەڵ روسەکاندا کە بەڵێنیان پێ دابو دژی سوپای تورکیا پشتیوانی لێ بکەن، وتووێـژی دەکـرد)). گـەلی کـورد خـەباتێکی نەسرەوتی دژی ئیمپـریالیزمی بریتانیـا بەرپـا کـرد. لـەمانگی مـارتی ١٩١٩دا کوردەکانی ناوچەی زاخۆ کاپتن پێرسنیان کوشت. لە١٤ی تـەموزیش کاپتن ئوللی لەئامێدی کوژرا. پاشان لەسەرەتای مانگی نۆڤـەمبەردا کوردەکانی ئاکرێو زێبار راپەڕینو سەرەنجام کاپتن سکۆتو کاپـتن بێڵ کـوژران. شـۆڕشو پاشـاگەردانی، کـونو کەلەبـەری کوردسـتانی گرتەوە. وێڵسن لەراپۆرتێکدا کەبۆ حکومەتی بریتانیای نوسـی بـوو، وتویە((هەراو گێرەشێوێنی هەمو سنوری گرتۆتەوە)).

لە١٤ی تەموزی ١٩١٩دا کوردەکانی بادینـان راپـەڕین، ناوچـەی ئامێـدی لـەئنگلیز سـەنرایەوەو ئەفسـەرە سیاسـیەکانی ئنگلیـز کوژران. بریگادی تیپی ١٣ بەسەرکردایەتیی نەیتنگڵ لـەدوریی ٢٥ میل لەشاری ئامێدی جێگیر بوو و بۆ هێرش بردنە سەر کـورد خـۆی سـازدا. لـەماوەی پـانزە رۆژدا ئنگلیزەکـان هێـزی تریـان کـۆکردەوەو پاشان هێرشیان بردە سـەر کـورد. لەسـەرەتای ئابـدا سوپـای ئنگلیـز سـەرکەوتنی وەدەسـت هێنـا، راپـەڕینەکەی کوژانـدەوەو هـەمو رابەرەکانی بەدیل گرت. لەم بارەیەوە وێڵسن نوسیویەتی((هێزەکـانی ئنگلیـز بـێ چەنـدو چۆنی بەربونـە گیـانی کـوردو سـەرەنجام چەنـد سەرۆکئو ئاغایەکئ ئـازار درانو کـوژران....)). بـەڵام ئـەو تۆقاندنـە ورەی گـەلی کـوردی نەشـکاندو لـەحوزەیرانی ١٩٢٠دا کوردەکـان لەگەلی مزیرکان سێ سەد سەربازیان کوشت.

لەناوچەی رواندزیش سەید تەهای شێخ محەمـەد سـدیقی شـەمزینی رابەرایەتیی جولانەوەی نەتەوایـەتیی کـرد. پـاش بڕانـەوەی جـەنگی

یەکەمی جیهان سەید تەها لەناوچەی رواندز جێگیر بوو. بۆ ئنگلیزەکانیش دەرکەوتبو کە سەید تەها لەناوچەی رواندزدا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوە بە بەڕێوەبەری گشتی ناوچەکەیان دانا. ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتی سەید تەهادا وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بەڕێوە دەبرا. لەمانگی ئایاری ١٩١٩دا نوێنەری سیاسی ئنگلیز لە بەغدا ئەم بروسکەیەی بۆ سکرتێری وەزارەتی هندستان نارد: ((... ئەفسەرە سیاسیەکان پێیان وایە دەسەڵاتی ئەم کابرایە(واتە سەید تەها-نوسەر)لەناو کوردەکانی کوردستانی ناوەڕاستو باکوری رۆژئاوای ئێراندا دەسەڵاتێکی یەکجار فراوانەو کەس هێندەی ئەو دەسەڵاتدار نیە.....ئەم کابرایە داوای کوردستانێکی یەکگرتو دەکا-کەهەمو ناوچەکانی کوردستانی ئێرانیش دەگرێتەوە-و دەیەوێ ئەو دەوڵەتە لەژێر چاوەدێری بریتانیادا بێ. ناوبراو دەڵێ وەک چۆن دەوڵەتی بریتانیا یارمەتی عیراق دەدا با هەر بەو جۆرەش یارمەتی ئەو بدا)).

کاتێک سمکۆ سەرکردایەتی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کوردستانی ئێرانی دەکرد، سەید تەها لەجوڵانەوەکەدا بەشدار بوو و پشتیوانی لەسمکۆ کرد. پاش ئەوەی جوڵانەوەکەی کوردستانی ئێران تینی بۆ هات، سمکۆ پەڕیەوە ئەودیوی سنورو ماوەیەک لەلای سەید تەها گیرسایەوە.

سیاسەتی بریتانیا بەناوەڕۆک لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی گەلی کورددا رێک نەدەکەوت. هەڵسورێنەرانی سیاسەتی ئیمپریالیستی بریتانیا لەو بڕوایەدا بون کە بۆ ئەنجامدانی سیاسەتی ناوخۆیان دەبێ بەشێکی رابەرانی کورد لەناو بەرن. یەکێ لەوانەش کەبڕیاری لەناوبردنی درا سەید تەها بوو، لەبەر ئەوە ئنگلیزەکان پەنایان بردە

بەر رەزا شاو هەر بەفیتی ئەوان رەزا شا ناردی بەشوێن سەید تەهاداو داوای لێ کرد سەری لێ بدا بەو بیانوەی گوایە دەیەوێ دوایی بە گیروگرفتەکانی سەر سنوری عیراقو ئێران بێنێو ئەو مەسەلانە یەکلا بکەنەوە کە پەیوەندی‌یان بەموڵکی تایبەتی سەید تەهاوە هەیە کەبەشێکی لەچوارچێوەی سنوری ئێراندا بوو.

بەمجۆرە پاش ئەوەی سەید تەها لەیارمەتی‌ی بریتانیا بێ ئومێد بوو، بانگەوازەکەی رەزا شای پێ گەیشت. سەید تەهاش کڵاوەکەی چوە سەرو لەساڵی ١٩٣٦دا بەرەو تاران کەوتە رێ. لەتاراندا رەزا شا سەید تەهای لەلای خۆیدا گل دایەوەو رێگای گەڕانەوەی لێ گرت. پاشان کە سەید تەها نەخۆشکەوت رەزا شا بۆ ((چارەسەرکردنی))، پزیشکی تایبەتی خۆی بۆ لای نارد. پزیشکەکەش لەسەر داوای رەزا شا بەژەهر دوایی‌ی بەژیانی سەید تەها هێنا.

لەساڵی ١٩١٩دا ئیمپریالیستە ئنگلیزەکان پێیان وابو شێخ مەحمود هی ئەوە نیە کەپشتی پێ ببەستنو سەرەنجام ئەو بڕوایەیان لا گەڵاڵە بوو کە ناوبراو خەبات لەدژی بریتانیا بەرپا دەکا. لە بەهاری ١٩١٩دا کۆمیسێری ئنگلیز لەکوردستان مێژەر نوئێل لە راپۆرتێکدا بۆ وێلسنی نوسی کە ((دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کەسیاسەتی جیهانی زۆر کار دەکاتە سەر هەلومەرجی ناوخۆی ناوچە کوردنشینەکان. دواخستنی مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیاداو شەڕی نێوان تورکو گریک سەرنجی هەمو سەرانی کوردی راکێشاوە. بەرنامەی بەلشەفیکەکان خۆی بەهەموان ناساندەوە، ناوی بەلشەفیک تا دێت باوتر دەبێو کەس نیە بەخراپە باسیان بکا، ئەمەش لەسەپاندنی سیاسەتی بریتانیا بەسەر ناوچەکەدا (واتە ناوچەی کوردستان-نوسەر) رێ دەگرێ... یەکێ لەئامانجە

سەرەکییەکانمان پەکێ خستنی....تەوژمی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی نزیکە)).

هۆشیاریی گەلی کورد هەمیشە لەپەرەسەندندا بوو، خەباتی دژی ئیمپریالیستیش لەوپەڕی تینو تاودا بوو بەتایبەتی کە بارودۆخی کوردستانی باشور بەتۆکمەترین شێوە بە بوژانەوەو گشەکردنی تەوژمی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتەوە بەسترابۆوە.

لەئایاری ١٩١٩دا شێخ مەحمود لەناوچەی سلێمانیدا جولانەوەیەکی چەکداری دژی ئیمپریالیستیی هەڵایساند. ئامانجی جولانەوەکە رزگاریی کوردستان بوو. گەلی کوردیش بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ تێکۆشاو ئینگلیزو دارودەستەکەی لەسلێمانی دەرپەڕاند. ئەگەرچی ئیمپریالیستەکان پاش هێرشێکی توندوتیژ، لەمانگی حوزەیرانی ١٩١٩دا بلاوەیان بەجولانەوەکە کرد، بەلام هێندەی نەبرد بێجگە لەسلێمانی راپەرین ناوچەکانی تری کوردستانی گرتەوەو لەهەمو ناوچەکانی کەرکوک، هەولێر، زاخۆ، ئامێدیو پشدەر خەباتی چەکداری هەلایساو سەرەنجام ئنگلیزەکان سەریان لێ شێواو تەنگیان پێ هەلچنرا. لەحوزەیرانی ١٩١٩دا سکرتێری وەزارەتی هندستان لە لەندەنەوە بروسکەیەکی بۆ نوێنەری گشتیی ئنگلیز لەعیراق ناردو داوای لێ کرد بە پەلە هەلوێستی خۆی دیاری بکا. هەر لەهەمان بروسکەدا داوای لێ کردبو کەدەنگوباسی ناوچە کوردنشینەکانی پێ راگەیەنێ. لە١٣ی حوزەیراندا لەژێر ناونیشانی((کوردستان)) نوێنەری گشتیی ئنگلیز لەبەغدا بروسکەیەکی وەلامبەری بۆ لەندەن ناردو بەمجۆرە هەلوێستی خۆی دیاری کرد:

((بەرەچاو کردنی چەند هۆیەکی ئابوریو ستراتیجیو بۆ ئەوەی دەوڵەتی عیراق لەناوچەیەکی شاخاویی پڕ دارستانو شیاوی گەشەکردنێکی زۆر کەڵک وەرگرێ، دەبێ سنوری تورکیاو فارس بەزۆری سنوری رۆژهەلاتی ئەو ناوچانە بێ کەزۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کوردن. نیاز وایە سلێمانی، رانیەو کۆیە بخرێنە سەر میسۆپۆتامیا، بەڵام دەبێ هەولێر کە بەشێکی هێڵی شەمەندەفەری موسڵ پێک دەهێنێ وەکو ئاکرێ لەکوردستان داببڕدرێ، هەروا دەبێ دەهۆکو زاخۆ بەبێ ئامێدی بخرێنە سەر میسۆپۆتامیا. پێم وایە سنوری جوگرافیی ئەو ناوچەیەی کەزوربەی کوردنشینە دەبێ بریتی بێ لەکەمێک سەروی جزیرە، سەروی نوسەیبین، خواروی ماردین، سەروی سەرکانی بەپێی هێڵی پانیی ٣٧ تا دەگاتە برهیکو فورات، پاشان پەیرەوی سنوری ولایەتەکانی خارپیت، ئەلازیک، بتلیسو وان بکرێ، بەمجۆرە ئەرزنجانو ئەرزرۆم لەمەسەلەکە دەردەکرێن. ولایەتەکانی موسل، بەغداو بەسرەش با لەژێر سەرپەرشتیی بریتانیادا دەوڵەتێکی عەرەبییان لێ پێک بهێنرێ)).

وەک دەردەکەوێ کاتێک ئنگلیز دژی پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردستان بون، بریتانیا تاکە کوێخای رۆژهەلات بوو و هەر چی مەسەلەی گرنگ بوو دەیتوانی بەئاسانی و بەهەوەسی خۆی دوایی پێ بێنێ. بەڵام بریتانیا نەیدەویست جێ بەدارودەستە کۆنەپەرستەکانی ئێرانو تورکیاو عەرەبستان لێژ بکا، لەبەر ئەوە بەهەمو جۆرێک گەلی کوردی داپلۆسی و تاڵترین شێوەی چەوسانەوەی کرد بەگەرویدا. بەڵام ئەو سیاسەتەش چۆکی بەگەلی رەنجدەری کورد دانەدا. لە١٨ی ئابی ١٩١٩دا خێڵی گولی لەنزیک زێی خابور پەلاماری هێزێکی ئنگلیزی داو گورزێکی گەورەی

تێسـرەواند بـەڵام پاشـان ئنگلیزەکـان هێرشـیان بـردە سـەر سـەرکردایەتی ناوەنـدیی شۆرشـگێڕانی خێڵـی گـولی. ئـەو شـەڕە ئنگلیزەکـانی هێنایـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە بەشـەڕهاتن لەگـەڵ کوردەکانـدا کـارێکی ئاسـان نیـە بـەڵکو زۆر سـەختو دژوارە. لـەو شەڕەدا هیچی نەمابو خێڵی گولی ببەزێ، بـەڵام گۆرانـەکان بەپـەلە فریای کەوتنو سەرەنجام تای تـەرازوی شـەڕەکە بـەلای کوردەکـاندا دایشکاندو ئنگلیزەکان شکان. بەمجۆرە خەباتی کوردەکـانی گـولیو گـۆران تـا مـانگی ئـەیلولی ١٩١٩ درێـژەی کێشـا. لـە٢٢ی ئـابی ١٩١٩دا سکرتێری وەزارەتـی هندسـتان لـە لەندەنـەوە بـۆ نوێنـەری سیاسیی ئنگلیز لەبەغدا ئەم بروسکەیەی نارد:

((دەوڵـەتی خـاوەن شـکۆ بـەوردی لەمەسـەلەی هێڵـی شـەمەندەفەری تێـوان قزلربـاتو کفـریو کـەرکوکی کۆڵیـەوە. بەچاوپۆشین لەبەکارهێنانی دوایـی ئـەو هێڵـە، ئێمـە لەبـەر چەنـد هۆیەکی ستراتیجیو بۆ پاراستنو دەستەمۆکردنی کوردستانی باشـور داواکارین دەسبەجێ دەست بەدامەزراندنی بکرێ. ئەو-واتە دەوڵەتی خـاوەن شـکۆ-تـا ئێسـتا لەبـەر ئـەوە پشـتیوانیی لەسیاسـەتی چەسپاندنی نفوز لە کوردسـتانی باشـوردا کـردوە چونکـە وای زانیـوە دانیشـتوانی ناوچەکـە پێشـوازیی لێ دەکـەن، لەبـەر ئـەوە ئـەو پێشـنیارەی پەسـەند کـرد کـە جـەنابت لەبروسـکەی ٩ی ئایـاردا سەبارەت بەپێکەوەنانی چەند قەوارەیـەکی ئۆتۆنـۆمی کـوردی لـەژێر فەرمانـڕەوایی سـەرانی کـورددا باسـتکردبـو. بـەڵام دیـارە ئێمـە بەهەڵەدا چوبوین چونکە خەڵکی لە بریتی ئـەوەی لـەنفوزی بریتانیـا پێشـوازی بکـەن بەتونـدی دژایـەتیی دەکـەن، لەبـەر ئـەوە هێڵـی ستراتیجیی شەمەندەفەر بۆ سەرکوت کردنیان شتێکی پێویستە)).

پەیامنێری تایمس لەڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا لەبروسکەیەکدا بۆ ڕۆیتەر وتی((بەلکاندنی کوردستانی باشور بەمیسۆپۆتامیاوە(عیراقی ئەمڕۆ-وەرگێڕ) ئاشتی لەناوچەکانی خانەقینو سلێمانیدا دەچەسپێ، بێجگە لەوەی کەئەم کارە بۆ ئێمە زۆر گرنگە چونکە ئێمە بەرامبەر بەفارس (ئێرانی ئەمڕۆ-وەرگێر) بەرپرسیارین)).

لەنۆڤەمبەری ١٩١٩دا کوردەکانی ناوچەی بارزان جوڵانەوەیەکی دژی ئیمپریالیستییان هەڵایساند بەڵام ڕاپەڕینەکەیان بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوت کرا. هەر لەو مانگەشدا دەبینین ئیمپریالیستە ئنگلیزەکان هەوڵ دەدەن نەتەوەپەرستانی تورکو فارسو عەرەب دژی کورد هان بدەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا خەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد زۆری بۆ هێنابون ناچار بون بەدرۆ بەرگی پارێزەری مافی گەلان لەخۆیان بپێچنو بڵاوی بکەنەوە گوایە کوردیش بۆی هەیە بەهەمو مافەکانی خۆی شاد بێ. لە٢٢ی نۆڤەمبەردا سکرتێری وەزارەتی هندستان لەبروسکەیەکدا بۆ نوێنەری سیاسیی ئنگلیز لەبەغدا نوسیویەتی ((دیارە دەبێ واز لەکوردستان بێنین، لەڕوی پراتیکەوە مەسەلەکە لەوەدایە کە چۆن ئەم ئەرکە بەرێکوپێکی بەبێ ئەوەی زیان لەئارامیی سنوری میسۆپۆتامیا بکەوێ ئەنجام بدەین. نوئێل لەو بڕوایەدایە کە لەم بارەیەوە سێ مەرج هەیە. یەکەم-دەبێ نفوزی تورکیا لەکوردستاندا نەیەڵین، دوەم-دەبێ کوردستان لەتوپەت نەکرێ، سێیەم-لەکاتی دیاریکردنی سنوری نێوان کوردو عەرەبدا دەبێ هێڵی ئەنتۆلۆژی (نەتەوەیی) پیادە بکرێ. نوئێل پێی وایە ئەگەر کارمان بەسەر چارەنوسی کوردەوە نەبێ هەمویان دۆستایەتیی بریتانیا دەکەنو پێویستیان بەهاندانو یارمەتیی کەس نابێ بۆ ئەوەی

تورکەکان لەدەرەوەی سنور بهێڵنەوە. لەسەرێکی ترەوە ناوبراو پێی وایە لەتوپەتکردنی وڵات بەلکاندنی دەوڵەمەندترین پارچەکانی (واتە کوردستانی باشور-نوسەر) بە میسۆپۆتامیاوە هەلێکی لەبار بۆ پرۆپاگەندەی نەتەوەییی دژی بریتانیا دەرەخسێنێ)).

لە٢٦ی نۆڤەمبەردا نوێنەری ئنگلیز لەبەغدا لەبروسکەیەکدا بۆ سکرتێری وەزارەتی هندستان لەلەندەن نوسیویەتی ((هەر سێ مەرجەکەی نوئێل رەت دەکەمەوە)).

لە٦ی دیسەمبەری ١٩١٩دا لەوەزارەتی هندستان لە لەندەن کۆنفرەنسێک بەسەرۆکایەتیی سێر ئەی. ئێچ. هرتزل بۆ باس کردنی مەسەلەی کوردو دیاری کردنی سنوری تێوان کوردستانو عیراق بەسترا. لەو کۆنفرەنسەدا هرتزل وتی ((کۆنفرەنس لەو بڕوایەدایە کە دەبێ ولایەتێکی کوردی لەسلێمانی لەژێر سەرپەرشتیی بریتانیا هەبێ، ئەنجومەتێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەی تێوان هەردو زێ پێکەوە بنرێ بەڵام دەبێ رواندزی لێ دەربکرێ تا ئەو کاتەی خۆی داوا دەکا بچێتە ریزی ولایەتەکەوە، هەروا دەبێ جزیرە بکرێتە مەڵبەندی دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆم بە سەرپەرشتیی یەکێ لە بنەماڵەی بەدرخان)).

بەڵام پاش سەپاندنی ماندێتی بریتانیا بەسەر عیراقو فەلەستینو سەپاندنی ماندێتی فەرەنسا بەسەر سوریادا، لە ٢١ی ئایاری ١٩٢٠دا کە پەیمانی سان ریمۆ مۆرکرا، هەلومەرجێکی لەبار بۆ بریتانیا هاتە پێش بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی تر کەدەوڵەتی عیراقە لە رۆژهەڵاتدا پێک بهێنێ. پاشان عەرەبێکی بە شای ئەو دەوڵەتە دانا. لەڕاستیشدا شای عیراق هیچ دەسەڵاتێکی نەبو. لە١٨ی ئابی ١٩١٨دا پەیمانی سیڤەر کەمافی چارەی خۆنوسینی گەلی کوردی

سەلماند، مۆر كرا. ویڵسن نوسیویەتی((بۆ كوردەكانی عیراق دەركەوت كەبریتانیا دەیەوێ ناوچە كوردنشینەكان بخاتە سەر شانشینی پێشنیاركراوی عیراق. لەبەر ئەوە چاویان پەڕییە تەوقی سەریانو كەوتنەوە ئاژاوەنانەوە. لەمانگی ئابدا كوردەكان لەگەلی رواندز پەلاماری كاپتن هایان دا، لە٣ی ئەیلولیش ئەفسەری ئنگلیز كێركێ بە پەلەپروزێ شاری زاخۆی بەجێ هێشت. لەهەولێریش خورشید ئاغاو ئەحمەد ئەفەندی دەسەلاتیان گرتە دەستو لە٨ی ئەیلولدا بەویڵسنیان راگەیاند كە لەمەودوا خۆیان هێمنیو ئارامیی ولات دەپارێزن، پاشان وتیان:

یەكێ-لەئێوە داواكارین بەلێنمان بدەنێ كە توركەكان ناگەڕێنەوەو مافی حوكمڕانی كردنی ئێمەی كورد بەعەرەب نادەن.........)).

لەدیسەمبەری ١٩٢٠دا های كۆمیشنەری ئنگلیز پرسی كۆكس بۆ بەڕێوەبردنی عیراق نەخشەیەكی تایبەتی داڕشت، خاڵەكانی پەیمانی سیڤەری فەرامۆش كردو ناوچەی كوردنشینی لەعیراق جیا نەكردەوە. لەم بارەیەوە ویڵسن نوسیویەتی:

((لە٦ی ئایاری ١٩٢١دا راوێژكارانی ناوچەكانی موسل، كەركوكو سلێمانی یاداشتیان نوسیو پاشان هەر خۆشیان بلاویان كردەوە. بەپێی ئەو زانیارییە بڕواپێكراوانەی بەدەستمەوەن، بۆم دەركەوتوە كە كوردی ناوچە كوردنشینەكان بیری نەسرەوتیان وەك ویڵ دەسوڕێتەوەو لەوە دەترسن بەڕێوەبردنی تێكڕای پیشەسازیو ئابوریی ئەو ناوچانە بە بەغدا بسپێردرێ. ئەوان پێیان وایە هەر كات مەسەلەكە گەیشتە ئەو رادەیە زیاتێكی زۆریان لێ دەكەوێ)).

ناوچە كوردنشینەكان دژی هەڵبژاردنی شای عیراق بونو كورد شا فەیسەلی بەنوێنەری خۆی نەزانی.((كورد داواكارە دەوڵەتێك لە

نوێنەرانی خۆی پێکێ بێت)). وێڵسن لەکتێبەکەیدا نوسیویەتی کە بە پێچەوانەی ویستو ئارەزوی گەلی کوردەوە ((پرنس فەیسەلم کردە شای عیراق)). هەمو ناوچە کوردنشینەکان دژی هەڵبژاردنی پرنس فەیسەڵ بون، کوردیش سەری بۆ عیراق دانەنەواندو دژی ئەو بڕیارە بوو. وێڵسن لەکتێبەکەیدا نوسیویەتی ((بەرگریی کورد بەشێوەیەکی خوێناوی سەرکوت کرا. تا ناوەڕاستی مانگی ئەیلول ئەوەندەی لە ئنگلیز کوژرا زۆر لەوە زۆرتر بوو کە لەسالانی ١٩١٩-١٩٢٠دا لێی کوژرا، کاتێک سوپای دیسپلینداری بریتانیا هێرشی بردە سەر خێڵە کوردەکانی باکور)).

لەساڵی ١٩٢٢دا شێخ مەحمود کەنوێنەری گەلی کورد بوو، بەپێچەوانەی ویستو ئارەزوی بریتانیاوە، حکومەتی کوردستانی باشوری پێکەوە نا کەپایتەختەکەی سلێمانی بوو. شێخ مەحمود خۆی بەشای دەوڵەت راگەیاند، بەناوی خۆیەوە پارەی لێداو حکومەتەکەی پولی پۆستەی دەرکرد. ئەو پولەش دروشمی دەوڵەتی کوردستانی باشوری لەسەر چاپ کرابو. پاشان رۆژنامەی ((رۆژی کوردستان)) وەکێ ئۆرگانی دەوڵەت دەرچو. وەزارەت بەسەرۆکایەتیی شێخ قادر پێکێ هاتو سوپای نیشتمانی پێکەوەنرا. وێڵسن نوسیویەتی ((شۆڕشگێرانی کوردی ئێران لەشێخ مەحمودو کوردستانی سەربەخۆ پشتیوانیيان کرد)). بەمجۆرە ئالای کوردستانی سەربەخۆ لەکوردستانی باشوردا شەکایەوە. گەلو کۆمەڵی کوردستانیش بەهەمو چینو گروپە کۆمەلایەتییەکانەوە لەشێخ مەحمود پشتیوانیی کرد. ناوبانگی شێخ مەحمود لەهەمو ناوچەکانی کوردستاندا لەپەرەسەندندا بوو. پاشان لە ٢٤ی ئوکتۆبەری ١٩٢٢دا دەوڵەتی بریتانیا بە ناچاری دانی بە حکومەتی کوردستاندا نا.

دەوڵەتی عیراقیش بەنۆرەی خۆی ناچار بوو دان بەحکومەتی کوردستاندا بنێ. لە٢٤ی نۆڤەمبەردا هەردو دەوڵەتی بریتانیاو عیراق لەراگەیاندنێکی رەسمیدا بەمجۆرەی خوارەوە دانیان بەحکومەتی کوردستاندا نا:

((دەوڵەتی خاوەن شکۆو دەوڵەتی عیراق بۆ ئەو کوردانەی لە چوارچێوەی سنوری عیراقدا دەژین مافی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەچوارچێوەی ئەو سنورەدا دەسەلمێنن. هەردوکیان ئومێدەوارن گروپە جیا جیاکانی کورد لەنێو خۆیاندا لەسەر شێوەو سنوری حکومەتەکە رێککەونو کوردەکان چەند نوێنەرێکی بەرپرسیار بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە پەیوەندیی ئابوریان بەدەوڵەتی خاوەن شکۆو دەوڵەتی عیراقەوە بنێرن)).

لە٢٠ی کانونی دوەمی ١٩٢٣دا شێخ مەحمود ئەم یاداشتەی بۆ کۆنسۆڵی کۆماری فدراسیۆنی سۆڤێت لەتەورێز نارد*:

---

* بە پێچەوانەی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکانمان بۆی دەچن و بەرێزەوە نامەکەی شێخ مەحمود بۆ روس هەڵدەسەنگێنن، وای بۆ دەچم کە ئەم نامەیە کلۆڵیی دپلوماسیەتی کورد دەردەخا. ئەم نامەیە کەهیچ قازانجێکی بۆ کورد لێ نەکەوتەوە، نە پشتیوانیی روسەکانی بۆ کورد دەستەبەر کردو نە پەراوێزی مانۆڕی سیاسیی کوردی فراوانتر کرد. بەپێچەوانەوە، بووە هۆی زیاتر بەگومان کەوتنی ئینگلیز لە نیازەکانی شێخ مەحمود. سیاسەتی شێخ مەحمود سەبارەت بە پەرەدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دوو نەیارە سەرسەختەکەی ئینگلیز لە ناوچەکەدا، واتە روسەکان و کەمالیستەکان، گوزارشت لە دوربینی و دانایی ناکا.

ئەم نامەیە زادەی هەوڵێکی شێخ مەحمود بوو بۆ پەیداکردنی دۆست لەدەرەوەی ناوچەکە بۆ درێژەدان بە ململانێی لەگەڵ ئینگلیزدا، هەوڵێك کەدواتر دەرکەوت هیچی لێ هەڵناوەرێ (وەرگێڕ).

بەڕێز جەنابی کۆنسوڵی روسیای سەرکەوتوو و سەرفراز لە ئازەربایجان

دوای ڕێزو سڵاو

ساڵی ١٩١٧ کاتێک دنیا دەنگی ئازادیی راستەقینەی گوێ لێ بوو و زانی گەلەکەتان لەچنگ چەوسێنەرو تاوانبارەکان رزگاری بوە، هەموو گەلانو نەتەوە چەوساوەکانی جیهان شادمان بون.

لەبارەی مافەکانمانەوە ئەوا لەزۆربەی رۆژنامەکاندا زانراوە کە چۆن ئنگلیزە خوێنڕێژو خوێن مژەکان بەتۆپو ئاگرو بۆمبی سوتێنەر بەبێ ئەوەی ژنو منداڵو پیاو ببوێرن لەساڵی ١٩١٩دا واتە چوار ساڵ لەمەوبەر دەستیان لەگەلی کورد وەشاند، کاتێک گەلی چەوساوەی کورد ویستی مافو داخوازییە رەواو یاساییەکانی خۆی لەسلێمانیی پایتەختدا وەدەست بێنێ. لەبەدبەختیی گەلی کورد دەوڵەتی سەرفرازی روسیا هێندە سەرقاڵ بوو نەیتوانی بپرژێتە سەر کاروباری گەلە چەوساوەو زۆرلێکراوە بیانییەکان. ئەم دۆخە درێژەی هەبو تا ئەو کاتەی گەلی زیرەکو دڵپاکو راستبێژی روس وەدەرکەوتو-سوپاس بۆ یەزدان-توانی هێزو وزەی لەبن نەهاتوی خۆی بخاتە گەڕ.

گەلی چەوساوەو زۆرلێکراوی کورد ئەو هیوایەی هەبو کەلەبارەی ئەم مەسەلانەوە پرستان پێ بکا. هەمو گەلی کوردستانی باشور ئاواتە خوازە دەوڵەتی سەرفرازی روسیا دۆستایەتیی بکاو یارمەتیی بداو ئامادەیە بۆ هێنانە کایەی ئەو دۆستایەتییە لەگیانبازیدا کەم تەرخەمی نەکا. داننان بەمافە نەتەوەییو رەسمییەکانمان مەرجێکی بنەڕەتیو پێویستی دۆستایەتییەکەیە. لێرەدا بۆ ئەوەی ئەو

پەیوەندی‌یە بەڕای گشتی‌ی جیهان بناسێنین، رەگی هێزو توانای خۆمان بەگشتی داکوتینو دەسەڵاتی دوژمن کەم بکەینەوە ئێمە پێویستمان بە هەندێ تۆپ، دەسڕێژ، فڕۆکە، چەکو کەرەستەی جەنگی هەیە. فەرماندەی سوارە کۆلۆنێل رەشید ئەفەندیو سکرتێری تایبەتم عارف ئەفەندی لەم بارەیەوە هەمو شتێکتان بەتێرو تەسەلی بۆ باس دەکەن.

ئەمڕۆ کە گەلی کورد دەستی یارمەتی بۆ ئێوە درێژ دەکاو بەدڵسۆزی‌یەوە ئاواتەخوازە لەگەڵ ئێوەدا بەدۆستایەتیو برایەتی بژی، لانی کەم ئەو هیوایەمان هەیە کەگەلی کورد مافە نەتەوەیی‌یە رەواکانی خۆی وەدەست بێنێ. ئێوە لەمەسەلەی تەقە وەستاندن ئاگادارنو دەشزانن کوردستانی باشور دژی کێ راپەڕیوە. هەروا دەشزانن هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ بەرامبەر بەم چەشنە مەسەلانە چۆنە.

ناکرێ هەمو شتێک بەدرێژی بنوسین، چونکە پەیوەندیی دیپلۆماسی لەنێوان ئێمەو دەوڵەتی سۆڤیێتدا نیە، کەبڕوامان پێی هەیەو بە پشتیوانی خۆمانی دەزانین. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم شتێک بڵێم: گەلی کورد هەموی پێی وایە گەلی روس رۆژهەت رزگار دەکا. لەبەر ئەوە ئامادەیە چارەنوسی خۆی بەچارەنوسی گەلی روسەوە ببەستێتەوە.

ئێستا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە مەسەلەی یارمەتیدانمانە. گەلی کورد بەپەلە چاوەڕوانە لەنێوان هەردو لادا پەیوەندی دابمەزرێ. ئەگەر ئەو پەیوەندی‌یە دابمەزرێو ئەو هاریکاری‌یەی خەوی پێوە دەبینین هاتە دی، گەلی کورد رزگار دەبێ. شایانی باسە کە ئەگەر

ئەو روداوە گرنگە هاتە دی، هەمو رەنجو تێکۆشانمان لەمێژودا بەئاڵتون نەخش دەکرێ.

واژۆ
شای کوردستان
مەحمود

ناوەڕۆکی نامەکەی شێخ مەحمود بۆ کۆنسوڵی یەکێتیی سۆڤێت لە تەورێز بەرونی دەری دەخا کە تا چ رادەیەک شۆڕشی سوسیالیستی ئوکتۆبەر کاری کردۆتە سەر جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی گەلی کورد. هەروەک لەمەوپێش رونمان کردەوە هەردو دەوڵەتی بریتانیاو عیراق لەبەر بارودۆخی ئەو کاتە بەناچاری دانیان بەحکومەتی کوردستانی باشوردا ناو پەیوەندیی دپلۆماتییان لەگەڵدا دامەزراند. لەئەنجامدا شێخ مەحمود ماوەی بەهەندێ راوێژکارو ئەفسەری ئینگلیز دا مەشق بەسوپای ساوای کوردستان بکەنو کاروباری کارگێڕیی حکومەت بەڕێوە بەرن. بەڵام هێندەی نەخایاند ئینگلیزەکان دەستیان کەوتە روو، نیازی تێکدەرانەیان دەرکەوتو سەرەنجام لەمانگی مارتی ١٩٢٣دا پەیوەندیی تێوان حکومەتی کوردستانو بریتانیا شێواو شێخ مەحمود هەمو ئەفسەرانو ئەندامانی کۆمیسیونی بریتانیای لەکوردستان دەرکرد*. پاشان روداوەکان وا

* تا ئەو کاتە سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بەکورد رۆشن نەبوو، بەڵام ئەوەی لەم سیاسەتە رۆشن بوو ئەو بەشە بوو کەپەیوەندیی بە هەوڵی بریتانیاوە هەبوو بۆ لکاندنی کوردستان بەعیراقەوە. بۆیە، جگە لەم بەشەی سیاسەتەکەی بریتانیا، هەمو بەشەکانی تر

پەرەیان سەند کە سوپای بریتانیاو سوپای کوردستان لەگەڵ یەکتریدا بەشەڕ هاتنو پێکادان لە٣ی مارتی ١٩٢٣وە تا ٤ی ئایاری ١٩٢٤ درێژەی کێشا. لەم بارەیەوە وێلسن نوسیویەتی ((هێزەکانی بریتانیا بەربونە گیانی شۆڕشگێرانی کوردو زۆریان لێ کوشتن)). لەبەر باڵادەستی‌ی سوپای بریتانیا کە لەڕوی ژمارەو کەرەستەی جەنگی‌یەوە لەسوپای ساوای کوردستان (ملیشیای پێشمەرگە) ڕێکوپێکتر بوو و بەفڕۆکە پشت ئەستور بوو، سوپای کوردستان بەناچاری کشایەوە دواوە، سلێمانی‌ی چۆڵ کردو روی کردە ناوچە شاخاوی‌یەکانی سەر سنوری ئێرانو عیراق. لەهەمان کاتدا شێخ مەحمود بۆ هەمو باڵوێزخانەو کۆنسۆڵگە بیانی‌یەکانی شاری تەورێز بانگەوازێکی تایبەتی بڵاوکردەوەو تێیدا وتی: ((ئێمەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی باشور لەساڵانی جەنگی جیهانی‌یەوە لەئنگلیز داواکارین مافە نەتەوەیی‌یەکانمان بسەلمێنیو ئێمە هەمیشە لەسەر وەدەست هێنانی داخوازی‌یەکانمان موکوڕین، بەڵام سوپای ئینگلیز

---

شیاوی وتووێژو یەکلایی کردنەوە بون لەوانە باری یاسایی‌ی کورد لە عێراقدا کەلەم بارەیەوە دەکرا لەگەڵ ئینگلیزدا بەسەرەنجام بگات.

ئینگلیزەکان و عیراقییەکان لەبەغدا لەگەڵ شێخ مەحمود ڕێککەوتبون کە پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن پێکەوە بنێ و پەیوەندی لەگەڵ تورك دا دانەمەزرێنێ کەچی شێخ مەحمود ئەم ڕێککەوتنەی پێشێل کرد، خۆی بە مەلیك ڕاگەیاند و کەوتە پەیوەندی دامەزراندن لەگەڵ کەمالیستەکانداو هێشتا چارەنوسی حکومەتەکەی یەکلا نەکرابۆوە کە کەوتە بانگەشەکردن بۆ پێویستیی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی ناوچە ئۆتۆنۆمەکەی.

ئینگلیزەکان وا شێخ مەحمودیان دەهاتە بەرچاو کە بەپێچەوانەی شا فەیسەڵەوە، کەسێکە بە ئەستەم کۆنترۆڵ دەکرێو ئەستەمە بتوانن بڕوا بە بەڵێنەکانی بکەن (وەرگێڕ).

دەستی بەکاول کردنی وڵاتو کوشتنی هاووڵاتیان کرد بەبێ ئەوەی بریتانیا دەرفەتمان بداتێ دەنگی نارەزایی هەڵبڕینو سکاڵاو دەردی خۆمان هەڵڕێژین.

لەساڵانی ١٩٢٢ەوە دەوڵەتی بریتانیا بەهەمو هێزو تواناوە سوپا باڵادەستەکەی بەرداوەتە گیانمانو دەیەوێ کوردستانی باشور بە عەرەبستانەوە بلکێنێ. گەلی کورد لەلایەن ئنگلیزەوە بەتۆپو بۆمبی فڕۆکە بۆردومان دەکرێو ئێستاش ترسی ئەوەی لێ دەکرێ بکەوێتە بەر پەلاماری سوپای بریتانیاو خودی گەلیش هەر لەو بڕوایەدایە، سەرەنجام نزیکەی دو سەد خێزانی کورد لەترسی ئەو پەلامارە دڕندانەیە ناچار بون شاری سلێمانی چۆڵ بکەن، سەرباری ئەوەی کەموڵکی خەڵکی بەتاڵان براوەو سەرانسەری وڵات وێران کراوە. ئێمە لەدادپەروەریی هەڵوێستتان بەرامبەر بەمرۆڤو دادپەروەریی مرۆیی دڵنیاینو لە دادپەروەریی جیهان داواکارین دژی ئەم جۆرە ستەمو دەسدرێژیو زۆرلێکردنە دەنگی نارەزاییی خۆی هەڵبڕێ)).

لەمانگی دیسەمبەری ١٩٢٥دا خولی ٣٧ی کۆمەڵەی گەلان کە لەژێر فشاری بریتانیادا بوو بڕیاری دا ولایەتی موسل(کەکوردستانی ئەمڕۆی عیراق دەگرێتەوە) بخرێتە سەر عیراق. کۆمەڵەی گەلان لەبارەی گەلی کوردەوە تەنها وتی گوایە لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کارەدا دەبێ ویستو ئارەزوی کورد بگیرێتە بەرچاو. ئەم بڕیارە جێی رەزامەندیو مایەی بەختەوەریی بریتانیاو کاربەدەستانی عیراق بوو. لەساڵی ١٩٢٦یشدا بۆ درێژەدان بەسیاسەتی تەفرەدان هەردو دەوڵەتی بریتانیاو عیراق سەبارەت بەمەسەلەی کورد راگەیاندنێکی تایبەتیان دەکرد. ئنگلیزو عیراقی‌یەکان لەراگەیاندنەکەدا وتبویان کە

((دەوڵەتی پایەبەرزی شای بریتانیای مەزنو دەوڵەتی عیراق دان بەوەدا دەنێن کە کوردی عیراق مافی پێکەوەنانی حکومەتێکی کوردیی لەچوارچێوەی ئەو سنورەدا هەیە)). هەر لەهەمان راگەیاندندا بڵاوکرایەوە کە ((لەنزیکترین دەرفەتدا کورد دەتوانێ دەسەلاتو حکومەتەکەی دیاری بکاو سنوری دەسنیشان کا، ئەم هەڵوێستە سەبارەت بەمەسەلەکانی تریش هەمان هەڵوێستە)).

لە٢١ی کانونی دوەمی ١٩٢٦دا سەرەک وەزیرانی عیراق لەوتارێکدا لەبەردەم پەرلەمان دا وتی((پێویستە لەسەرمان مافەکانی کورد بسەلمێنین، دەبێ فەرمانبەرانی ناوچە کوردنشینەکان کورد بن، دەبێ زمانی کوردی سەلمێنراوی ئەوان بێو مناڵەکانیان لە قێرگەکاندا بەزمانی کوردی بخوێنن))[٣٣].

لە١٨ی شوباتی ١٩٢٦دا دەوڵەتی عیراق جارێکی تر بەئاشکرا مافە نەتەوەیی‌یەکانی کوردی سەلماند، بەڵام پاشان بۆ گەلی کورد دەرکەوت کەهەمو ئەو بەڵێنو وتارانە هەر بۆ لە خشتەبردنی گەلن. لەساڵی١٩٣٠دا عیراقو بریتانیا رێککەوتننامەیەکی هاوبەشیان مۆرکرد. ئەو رێککەوتننامەیە دەرخەری چاوچنۆکیو چڵێسیی ئیمپریالیستەکان بوو. لەساڵی ١٩٣١یش پاش وەرگرتنی عیراق بە ئەندام لەکۆمەڵەی گەلانداو پاش ئەوەی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان دانیان بەدەوڵەتی عیراقدا نا، دەوڵەتی عیراق لەهەمو بەڵێنەکانی پەشیمان بۆوەو هەمو مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردی زەوت کرد.

شایانی باسە کەپەیمانی ساڵی ١٩٣٠ی نێوان عیراقو بریتانیا وەک پەیمانە بەدکارەکەی لوزان بوو و بەهیچ جۆرێک باسی مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردی تێدا نەبو. لە٣٠ی ئوکتۆبەردا هەمو

حزبو گروپە سیاسی‌یەکانی کوردستانی عیراقو هەمو سەرانی کورد لەسەروی هەموشیانەوە شێخ مەحمود ئەم یاداشتەیان بۆ کۆمەڵەی گەلان نوسی:

((ئێمەی نوێنەرانی گەلی کوردی عیراق کەئەم نوسراوەمان مۆر کردوە داواکارین ئەم نوسراوەمان بخرێتە بەردەستی کۆمەڵەی گەلانەوە. ئێمە ناتوانین بەرگەی ئەو دۆخە بگرین کەدەوڵەتی عیراق بۆ ئێمەی ساز کردوە، ئێمە لەپەشۆکاوی‌یەکی هەمیشەیی‌و لەدۆخێکی نایاسایی‌و لەچەوسانەوەیەکی بەردەوامدا دەژین. ئەو دۆخە شپرزەی کردوین، لەبەر ئەوە ناتوانین رێ لەهەڵایسانی جوڵانەوەی گەلەکەمان دژی ستەمدارە عەربەکانمان بگرین. دەوڵەتی بریتانیاش کەهەرگیز دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ ناکا ناچارمان دەکا خۆمان چارەسەری ئەم دۆخە بکەین... بەناوی دادپەروەری‌و مرۆڤایەتی‌یەوە بۆ هەمو جیهانی دوپات دەکەینەوە کەگەلی سەرفرازو سەربڵندی کوردمان وەکێ هەمو گەلانی زۆرلێکراوی عیراق ئامادەیە پارێزگاری لەخۆی بکاو بەرپەرچی ستەمو ماف زەوت کردن بداتەوە...)).

بەڵام هەمو رەنجو هەوڵی حزبو گروپەکانی کوردستان بەبا چوو و کۆمەڵەی گەلان هیچی بۆ کورد نەکرد. بێگومان خنکاندنی دەنگی کورد لەکۆمەڵەی گەلاندا شتێکی زۆر ئاسایی بوو چونکە ئیمپریالیزمی بریتانیا لەناو کۆمەڵەدا نفوزێکی زۆری هەبو و بەپێی بەرژەوەندیی خۆی کۆمەڵەی هەڵدەسوڕاند.

لە٨ی شوباتی ١٩٣١دا باڵوێزی بریتانیا لە بەغدا کێ.کۆرنوالیس بەدزی‌یەوە یاداشتێکی بۆ وەزیری عیراق جەمیل مەدفەعی رەوانە کردو تێیدا وتبوی((ئێوە چاکێ دەزانن کەکۆمەڵەی گەلان بەفیتی دەوڵەتی خاوەن شکۆی شای بریتانیای مەزن ئۆتۆنۆمی‌ی نەتەوەیی

بۆ کورد نەسەلماند. پێم وایە بەم زوانەش نوسەرانی یاداشتەکەو دەوڵەتی عیراق بڕیاری‌کۆمەڵەی گەلانیان پێ دەگات... )).

پاش ئەوەی کورد هیچ ئۆمێدێکی بەکۆمەڵەی گەلان نەما، بڕیاری‌دا هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی تازەی عیراق ئافەروز بکا. لە٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا سوپای عیراق لەشاری سلێمانی تەقەی لەچەند خوێندکارێکی خۆپیشاندەری کورد کردو لەئەنجام‌دا دەیان خوێندکارو منداڵو هاونیشتمانی کوژرانو بریندار کران. خۆپیشاندەرەکان لە بەردەرکی سەرای سلێمانی‌دا کۆبونەوەو دەنگی نارەزایی‌ی خۆیان بەرامبەر بەهەڵبژاردنی ساختەی پەرلەمانی عیراق هەڵبڕی. ڕۆژی٦ی ئەیلول ڕۆژێکی پڕ شانازی‌ی مێژوی خەباتی گەلی کوردە. دڕندێتی‌ی داگیرکەران گەلی کوردی هێنایە جۆشو لەسەرەتاوە بەنامەو یاداشت نارەزایی‌ی خۆی دەربڕی. لەیەکێ لەیاداشتەکانی تێکۆشەرانی گەلی کورددا کە بۆ کۆمەڵەی گەلان نوسرابو، هاتوە کە:

((هەراو شێواوی‌یەکەی شاری سلێمانی لەئەستۆی کاربەدەستانی عەرەب دایە. ئەفسەرانو سەربازان بەئەنقەست تەقەیان لەمناڵانو لاوانو ئافرەتانمان کردو ژمارەیەکیان لێ خستن. ئێمەی نوێنەرانی گەلی کوردی عیراق پێتان رادەگەیەنین کەچیتر ناتوانین بەرگەی ئەو دۆخە بگرین کەدەوڵەتی عیراق سازی کردوە.....گومانیشی تێدا نیە کە ئێمە چیتر ناتوانین دان بەخۆماندا بگرینو رێ لەهەڵگیرسانی جوڵانەوەیەکی کاریگەر دژی کاربەدەستە عەرەبەکانمان بگرین)).

بەڵام کۆمەڵەی گەلان گرنگی‌ی بەهاواری گەلی کورد نەدا، نەک هەر لەمافەکانی کوردی نەکۆڵی‌یەوە بەڵکو تاوانەکانی دەوڵەتی عیراقیشی سەرزەنشت نەکردو وەڵامی سکاڵاو یاداشتەکانی کوردی نەدایەوە. لەم بارەیەوە بڵاوکراوەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژهەڵاتی

ناوەراست نوسیویەتی ((دەوڵەتی عیراقو ئیمپریالیزمی بریتانیا کە ئەو کوشتارە خوێناوییەیان بۆ کورد بەرپا کرد، لەبۆچونو هەڵسەنگاندنیاندا بەهەڵەدا چون چونکە تەقەکردن لە خۆپیشاندەرە کوردەکان نەک هەر نەیتوانی کوردەکان خامۆشو بێدەنگ بکا، بەڵکو بەپێچەوانەوە نەوتی بەسەر بڵێسەی ئاگردا کرد. هەژاریو ماڵوێرانیی جوتیاری کورد کە هۆکەی بۆ تەنگوچەڵەمەی ئابوری دەگەڕێتەوە، فشارو رەفتاری داپڵۆسێنەرانەی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی عەرەب دژی گەلی کورد، هەروا خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لەتورکیاو ئێران دژی تورکو ئێرانییەکان، هەمو ئەمانە وایان کردوە کوردستانی عیراق لەهەلەمەرجێکی شۆڕشگێرانەی هەڵچودا بژی کەزیاتر لەبەرمیلێک باروت دەچێو تەڵە شخارتەیەک بەسە بۆ تەقاندنەوەی)) (٣٤)

ئەوی راستی بێ تەقەکردن لەمناڵانو خوێندکارانی کورد لە سلێمانیدا ئەو تەڵە شخارتەیە بوو کە بەرمیلە پڕ باروتەکەی تەقاندەوەو لەئەنجامدا شێخ مەحمود لەساڵی١٩٣٠ەوە تا ساڵی١٩٣٢ رابەرایەتیی جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی کرد کەئامانجەکەی وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردو ئۆتۆنۆمی بوو. پاش ئەوەی بۆ دەوڵەتی بریتانیا دەرکەوت کە دەوڵەتی عیراق لەخۆی رانابینێ جوڵانەوەیەکی وا بکوژێنێتەوە، فڕۆکەی خستە کارو بەهەزارەها بۆمب وەڵامی داخوازییەکانی گەلی کوردی دایەوەو سەدان کەسی کوشت. رۆژنامەکانی ئەوسای بەغدا بەشانازییەوە بڵاویان دەکردەوە کە((کورد دوپشکەو دەبێ بەپاژنەی عەرەب پان بکرێتەوە)). های کۆمیشنەری ئنگلیز هنری کۆنفی دۆپس کە سەرکردەی گشتیی ئنگلیز بوو لەعیراقدا ئەرکی دامرکاندنی جوڵانەوەی کوردی گرتە ئەستۆ. لە٨ی ئایاری ١٩٣١دا

دۆپس یاداشتی ژماره ۲۱ ٠٤ی بۆ دەوڵەتی پایە بەرزی شای بریتانیا بەرزکردەوەو تێیدا وتبوی((سوپای عیراق ناتوانێ لەناوچەی شاخاوی‌یەکاندا جموجوڵ بکا، بەتایبەتی کەتا ئێستا عیراق هێزێکی چەکداری وای نیە کەبتوانێ بەرپەرچی بچوکترین هێرشی کوردی پێ بداتەوە....کورد هەمیشە بۆ راپەڕین سازو ئامادیە. لەبەر ئەوە سوپای بریتانیا کە لەئاشوری‌یەکان(لیڤی) پێک هاتوەو هێزی ئاسمانی‌ی پاشایەتی‌ی بریتانیا بە جوتەو بەجیا بەردەبنە گیانی کوردو راپەڕینەکەیان دەکوژێننەوە...چەند مانگێک لەمەوپێش فڕۆکەکانی بریتانیا کەوتنە بۆردومان کردنی لایەنگرانی شێخ مەحمودی پێشەوای یاخیانی کورد...)).

پاش ئەوەی ئیمپریالیستە ئنگلیزەکان بەتۆپو فڕۆکەو لەشکرکێشی شان بەشانی دەوڵەتی عیراق کوردستانیان کۆنترۆڵ کردو هەزاران کوردیان کوشتو جوڵانەوەی کوردیان بەئاگرو ئاسن دامرکاندەوە، تا ڕادەیەک هێمنی‌و ئاسودەیی کوردستانی گرتەوە. بەڵام ئەو هێمنی‌یە کەم خایەن بوو. لەساڵی **۱۹۳۳**دا شێخ ئەحمەد بارزانی لەناوچەی بارزان دژی داگیرکەران راپەری‌و داوای ئۆتۆنۆمی‌و سەلماندنی مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردی کرد. ئەو راپەرینە تا ساڵی **۱۹۳٤** خۆی گرتو پاش شەڕێکی فەرتەنەو بۆردوماتێکی خەستی هێزی ئاسمانی‌ی بریتانیاو سوپای عیراق، راپەرینەکە دامرکایەوە*. تەنها لە سێ ناوچەی شۆڕشدا، واتە لەناوچەکانی

*پشێوییەکانی ناوچەی بارزان بەشێوەی پچڕ پچڕو تاوناتاو نزیکەی پێنج ساڵیان, لە ۱۹۳۱ـەوە تا ۱۹۳٦, خایاند. بەڵام ناکرێ ئەو پشێوییانە بخرێنە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی سیاسییەوە چونکە ناوەڕۆکی ململانێکە هەر لەبنەڕەتدا ناوەڕۆکێکی سیاسی نەبووە. ریشەی گرژییەکانی ناوچەی بارزان دەچێتەوە سەر ململانێی نێوان شێخ نشینی نەقشبەندیی بارزان‌و شێخ نشینی نەقشبەندیی برادۆست کەتێیدا هەر لایەك بۆ

بەروژ، مزوریو شێروان، فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی بریتانیا ٧٩ گوندیان تەخت کرد، لەسەرجەمی ٢٣٨٢ خانو ١٣٦٥ خانویان سوتاندو روخاند، واتە ٦٠٪ی خانوەکان بەر بۆردومان کەوتن.

راپەڕینەکە ئەوەندە توندوتیژ بوو دەوڵەتی عیراق ناچار بو پەنا بەرێتە بەر کۆمەڵەی گەلانو جارێکی تر رایگەیاند کە کورد مافی ئۆتۆنۆمیی هەیەو ئامادەیە زمانی کوردی وەک زمانێکی رەسمی لە کوردستانی عیراقدا بسەلمێنێو لەمەولا هەر چی فەرمانبەری ناوچەی کوردنشینە دەبێ کورد بێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی کوردستانی عیراق گۆڕانی بەسەردا نەهاتو وەکو خۆی مایەوە. هەر تەنها بۆ نمونە ٩٠٪ی

---

خۆپاراستنو بەرپەرچدانەوەی نەیارەکەی, هەمو ئامرازەکانی بەر دەستی خۆی بەکار هێنا. لەم سەروبەندەدا شێخی برادۆست رەشید لۆلان بۆ راستکردنەوەی لاسەنگیی هێزی نێوان بارزانو برادۆست هاوپەیمانیی لەگەڵ بەغدادا بەست. بەڵام ئەم هاوپەیمانی‌یە بارزانییەکانی وروژاندو هانی دان هێرشێکی بەربڵاو بکەنە سەر قەڵەمڕەوی برادۆستو دەستی بەسەردا بگرن. ئەم کارە لەبەغدا بەکارێکی ناشایستە لەقەڵەم دراو بوە مایەی بەگومان کەوتنی بەغدا لەهەڵسوکەوتی بارزانییەکان.

دو هۆی تر هەن کەبارودۆخەکەیان ئاڵۆزتر کردو گەیاندی‌یانە رادەی پێکادانی سەخت لەنێوان بەغداو بارزانییەکاندا. یەکێکیان, رازی نەبونی بارزانییەکان بوو بەدانانی بنکەی پۆلیس لەبارزانو دووەمیان, سڵەمینەی بارزانییەکان بوو لەنیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان لەناوچەی برادۆست چونکە وا تێگەیشتبون ئەم نیشتەجێ کردنە دەبێتە سەرەتای دەرکردنی کورد لەناوچەکە.

شێخی بارزان ئەحمەد بارزانی لەسەرەتای پشێوی‌یەکانەوە تا پەنابردنی بۆ تورکیا، هیچ داخوازییەکی سیاسیی نەبوو. لە ڕاستیشدا شێخ ئەحمەد بارزانی هیچ کات دیدێکی سیاسیی بۆ مەسەلەکان نەبووەو ئەوەندەی پێی کرابێ هەوڵی داوە بارزانییەکان لە سیاسەت دور بخاتەوە. پشێوییەکانی ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٦ بەشێکی مێژووی تازەمان پێکدێنن بەڵام، بەدڵنیایی‌یەوە، بەشێکی مێژوی سیاسیمان پێک ناهێنن(وەرگێڕ).

فەرمانبەرانی کوردستان عەرەب و خەڵکی بەغداو بەسرە بون. لەسەرێکی ترەوە دەوڵەتی عیراق گوێی نەدایە باری ئابوریی کوردستانو بۆ گەشە پێدانی ئابوریی‌و بەرەو پێشەوە بردنی ژیانی ئابوریو کۆمەڵایەتی‌ی خەڵکی کوردستان هیچی نەکرد ئەگەر چی ئاشکرایە کەکوردستانی عیراق دەوڵەمەندترین ناوچەکانی عیراق پێک دەهێنێ. لەڕوی کانزاوە کوردستان ناوچەیەکی فرە دەوڵەمەندەو چەند جۆرە کانزایەکی تێدایە بەتایبەتی نەوت. لەڕوی کشتوکاڵیشەوە زەوی‌و زارێکی بەپیتو دەوڵەمەندو دارستانێکی چڕی هەیە. هەر ئەوەش بۆ خۆی ڕۆشنترین بەڵگەیە کە ١٧٧٢٧ کیلۆمەتری دوجای سەرزەمینی کوردستان دارستانو جەنگەڵە. پیشەسازیی ناوخۆی کوردستان زۆر دواکەوتوە. دەوڵەتیش لەو ماوەیەدا هیچ کارگەو فابریکەیەکی تێدا دانەمەزراند. بۆ نمونە لەساڵی ١٩٥٤دا، ٢٢١٦٠ کارگەو فابریکە کە ٩٠٢٩١ کرێکار کاری تێدا دەکرد، لەعیراقدا هەبو، کەچی تەنها ٣٥٩٦ کارگەو فابریکە کە تەنها ٧٥٧٣ کرێکار کاری تێدا دەکرد، لەناوچەی کوردستاندا بوو.

لەلایەکی ترەوە حکومەتی عیراق بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ هیچی نەکرد. بۆ نمونە لەساڵی ١٩٥٤دا حکومەتی عیراق ٤٠٥ ترەکتۆرو ٢٢٣ کۆمپاینی بەسەر ناوچە کشتوکاڵی‌یەکانی عیراق دابەش کرد، لە هەمو کوردستاندا تەنها کەرکوک ٣١ ترەکتۆرو ٧٨ کۆمپاینی بەرکەوت. ناوچەکانی تری کوردستان لەهەمو ئەو ئامێرانە بێ بەش کران. لەساڵی ١٩٥٥یش حکومەتی عیراق ١٨٦ ترەکتۆرو ١٤٥ کۆمپاینی بەسەر ناوچەکانی عیراقدا دابەش کرد، ئەمجارەش لەهەمو کوردستاندا هەر کەرکوک ٧ترەکتۆرو ٥ کۆمپاینی

بەرکەوت. سەرەرای دواکەوتویی‌ی کوردستان حکومەتی عـیراق هیـچ هـەوڵێکی بـۆ چارەسـەرکردنو گەشەپـێدانی بـاری کشـتوکاڵی‌ی کوردستان نەدا.

لەکوردستاندا مەگەر بەدەگمەن نەخۆشخانەو تیمارگەمان بـەرچاو کەوێ، ئەگەر هەشبێ لـەرِوی کەرەسـتەو خزمـەتگوزاریی پزیشـکی‌و برین پێچی کارامەوە زۆر کـەموکورِی‌ی تێدایـە. ئـەم دیاردەیـە نـەک هەر دێهاتەکان بەڵکو شارەکانیشی گرتۆتەوە. هەر چی نەخۆشـخانەو تیمارگەی شارەکانە بەرێکوپێکی کاروبـاری خـۆی بـەرِێوە نابـاو زۆر کەموکورِی‌ی هەیە. لەم بارەیەوە رامبۆ نوسیویەتی ((تەنها لەشـاری کـەرکوکدا کەشـارێکی کوردنشـینەو ژمـارەی دانیشـتوانی دو سـەد هەزار کەس دەبێ، پتر لە ٤٨٪ی خەڵکەکەی توشی مەلاریا بـون)). بێجگـە لـە ئـەو نەخۆشـی‌یە چەنـد نەخۆشـی‌یەکی تـر لەشـارەکەدا تەشەنەیان کردبو وەک سیلی سی‌یەکان.

بێگومان حکومەتەکانی سەردەمی پاشایەتی‌ی عیراق بیریـان لـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـتو کـەلتورو پـەروەردە نەکردۆتـەوە، هەوڵیان نەداوە گەشە بەژیانی زانستی‌و کەلتوری‌ی کوردستان بـدەنو تەنانەت فێرگەی پیشەسازی‌و تەکنیکیشیان تێدا نەکردۆتەوە. رامبـۆ نوسـیویەتی ((....تـەنها ١٣٠٤ کـورِی کـوردو ١٠٧کچـی کـورد لەوانەی ئاستی گوزەرانیان باشە توانیویانە بەزمانی کوردی بخـوێنن. ئەگەر چی لەو فێرگانەدا کە مایەی داخو نیگـەرانینو بـەناو فێرگـەی کـوردین لەسـەرجەمی ٣٧ وانـە لەیـەک هەفتـەدا ٢٤ وانـە بەعـەرەبی دەخوێنرێن)). رامبـۆ درێـژەی پـێ دەداو دەڵـێ ((لەسـەرجەمی ٦٠ فێرگـەی کوردستانی عیراق تەنها دو فێرگەی ناوەندی‌و ٣٠ فێرگەی سەرەتایی هەیـە، ئەوەی دەمێنێتەوە زیاتر لەباخچەی منالان دەچێ)).

حکومەتی عیراق نەک هەر هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەواریی نەداوە بەڵکو دەوڵەت خۆی یەکێ لەهۆیە سەرەکییەکانی پەرەگرتنی نەخوێنەواری پێک دەهێنی. بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٦ی وەزارەتی ئابووریی عیراق، لەشاری هەولێردا کەژمارەی دانیشتوانی (بێجگە لەمناڵان) ٢٨٩٧٦٦ کەسە، ٢٨٠٣٦٦ نەخوێنەوارو ٩٤١٠ خوێنەوار هەیە، واتە تەنها ٣,٢٪ی خەڵکی شار خوێنەوارن. لەشاری سلێمانیدا کەژمارەی دانیشتوی (بێجگە لەمناڵان) ٢٢٦٢٠٠ کەسە، ١٧٤٩٣٤ نەخوێنەوارو ١٠٣٠٤ خوێنەوار هەیە. واتە ٤,٥٪ی خەڵکی شار خوێنەوارن. لەسەرێکی ترەوە دەبینین دەوڵەتی عیراق ٣٠٪ تا ٤٠٪ی سەرجەمی داهاتی باجو پیتاک لەناوچە کوردنشینەکانی عیراق کۆ دەکاتەوەو گشتی دەخاتە سەر بودجەی دەوڵەت، بێجگە لەوەی کەدەوڵەت داهاتی تریشی بەردەکەوێ وەک ئەو داهاتەی کەدەوڵەت لەڕێگای کۆمپانیاکانی نەوتەوە دابینی دەکا، لێرەشدا تەنها بەشێکی کەمی ئەو داهاتە بۆ کوردستان تەرخان دەکرێ.

**کۆبەند**

١- لەیەکەمین جەنگی جیهاندا دەوڵەتە زل هێزەکان کوردستانیان داگیرکردو لەئەنجامدا بۆ گەشەکردنو خورت بونی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی گەلی کورد دەرفەتێکی لەبار هاتە پێش.

٢- شۆڕشی سوسیالیستی مەزنی ئوکتۆبەری روسیا تەکانی بەتەوژمی شۆرشگێڕانەی خەباتی گەلی کورد داو جوڵانەوە نەتەوەییەکانی بوژاندەوە.

٣- لەو قۆناغـەدا کـە کەوتۆتـە نێـوان هـەردو جـەنگی جیهـانی، جوڵانـەوەی رزگـاریی نیشـتمانی‌ی گـەلی کـورد چەنـد روخسـارو جیاکەرەوەیەکی تایبەتی بەخۆوە گرتوە کە بریتین لەوانەی خوارەوە:

ا- شۆڕشـی سوسیالیسـتی ئوکتۆبـەر زۆر کـاری کـردە سـەر جوڵانەوەی نەتەوەیی‌ی گەلی کوردو لەباتی پێشەوای نـاودار، حزبو گروپـی سیاسـی سـەرکردایەتی‌ی جوڵانەوەکـەیان کـرد بـەڵام ئـەو حزبوگروپانە بێ کەموکوڕی نەبون.

ب- لەقۆناغێکی دیـاریکراودا جوڵانـەوەی رزگـاریی نیشـتمانی‌ی گەلی کورد هاوخـەباتو هاوچـەکی جوڵانـەوەی نەتـەوەیی‌ی گـەلانی عـەرەبو فـارسو تـورک بـوو. بـەڵام پـاش ئـەوەی نەتەوەپەرسـتە شۆڤێنیستەکانی تورکیـاو ئێـران پـەچەیان لـەڕوی خۆیـان هـەڵماڵی‌و کەوتنـە دژایـەتی کردنـی جوڵانـەوەی نەتەوایـەتی‌ی گـەلی کـوردو هێرشـیان کـردە سـەر رەنجـدەرانی کـورد، جوڵانـەوەی رزگـاری‌ی نیشتمانی‌ی گەلی کورد لێیان رەنجاو کەوتە بەربەرەکانێ کردنیان.

٤-گـەلی کـورد خـەباتێکی سـەختو دژواری هەڵایسـاندو بـۆ وەدەست هێنانی مافە رەواکانی درێژەی بەخەبات دا. لـەو قۆناغـەدا گەلی کورد لەزۆر شوێندا حکومەتی سـەربەخۆو ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی دامەزراند.

ا- جوڵانەوەکانی ئـەو قۆناغـە وەک هینـەکانی پێشـو مەسـەلەی جوتیـارو ریفـۆرمی کشـتوکاڵیان چارەسـەر نـەکرد، بەرنامـەی ئـەو جوڵانەوانە بەو ئەندازەیە گرنگی‌ی بەم مەسەلەیە نەدا کە دەستەبەری نەفەوتانی بەرژەوەندی‌ی جوتیـاران بـێ‌و هەنـدێ جـار مەسـەلەکە بـە یەکجارەکی فەرامۆش کرا.

ب- سەرەڕای ئەوەی کە حزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان سەرکردایەتی‌ی جوڵانەوەکانی ئەو قۆناغەیان کردوە، بەڵام پێشەوای ناودارو دەستڕۆیشتو لەهەمو راپەڕینەکاندا نەخشێکی گرنگی هەبوە. هەمیشە دەبێ ئەوەمان لەیاد بێ کە سەرکردایەتی‌ی تاکڕۆ شتێکی هەڵەیەو رەنگە جوڵانەوەکە بەرێگایەکئدا بەرێ کە بەرژەوەندی‌ی گەلی تێدا نەبێ. هەر چی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەیە دەبێ لەلایەن گروپی سیاسی‌یەوە رابەرایەتی بکرێ.

ج- حزبو گروپە سیاسی‌یەکانی ئەو قۆناغەی خەباتی گەلی کورد ئەوەندە خورتو لێوەشاوەو کارامە نەبون، تیۆری‌ی شۆڕشگێڕانە رێ پیشاندەریان نەبو، لەبەر ئەوە تا رادەیەکئ لەکۆمەڵانی خەڵکی دابڕا بونو لەگەڵ رەنجدەراندا پەیوەندی‌ی پتەو و ریشەداریان نەبو. لێرەدا دەبینین حزبو گروپە سیاسی‌یەکانی ئەو قۆناغە نەخشێکی لاوەکی‌و یارمەتیدەریان هەبوەو ئەوەی چارەنوسی جوڵانەوەکەی بە دەستەوە بوە کەساتێکی دیاریکراو بون.

د- لەبەر ئەوەی حزبو گروپە سیاسی‌یەکانی ئەو قوناغە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی‌دا پەیوەندی‌ی پتەویان نەبو، نەیانتوانی سەرانی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی بەرێکوپێکی هەڵسەنگێنن‌و سەرەنجام لەکاتی هەڵەکردندا نەیانتوانی رەخنەیان لێ بگرن‌و کەموکوڕی‌یەکانیان ئاشکرا بکەن.

هـ- ناتەبایی‌و خۆپەرستی‌ی خێڵەکی‌و گیانی دژیوی تۆڵەسەندنەوە یەکێ لەو هۆیانە بوو کەریزەکانی گەلی کوردی لەبەر یەکئ هەڵتەکاندو هێزو توانای لەبەر یەکئ هەڵوەشاندەوە.

و- حزبو گروپە سیاسی‌یەکان بەرێکوپێکی کەڵکیان لەپەیوەندی‌ی خزمایەتی‌ی نێوان خێڵەکانی کوردەواری وەرنەگرت.

ز-لەبەر ئەوەیحزبو گروپە سیاسییەکانی کوردستان لەتێو خۆیاندا کۆک نەبون، یەکێتیی بیروباوەڕو بەرنامەیەکی رونو رۆشنیان نەبو، نەیانتوانی هەمو هێزەکانی گەلی کورد لەخۆیان کۆ کەنەوە.

ح-حزبو گروپە سیاسییەکانی کوردستان نەیانتوانی گەوهەری راستەقینەی ئیمپریالیزم بەگشتیو ئیمپریالیزمی بریتانیا بە تایبەتی بەگەلی کورد بناسێننو وەک دوژمنی سەرسەختی کوردو داگیرکەری خاکی کوردستانو هاودەردی کاربەدەستانی ئێرانو تورکیاو عیراق بیخەنە رو.

ل- حزبو گروپە سیاسییەکانی کوردستان ئومێدیان بەدەوڵەتە بورژوازییەکانی تورکو فارسو عەرەب بوو و لەو بڕوایەدا بون گوایە ئەو دەوڵەتانە هی ئەوەن یارمەتیی جوڵانەوەی کورد بدەن. ئەو گروپانە بەو دەوڵەتانە لەخشتە بران.

ی- حزبو گروپە سیاسییەکانی کوردستان نەیانتوانی ناوەڕۆکی گەشی مەسەلەو داخوازییەکانی کورد بەگەلانی عەرەبو فارسو تورک بناسێنن.

ک- حزبو گروپە سیاسییەکانی کوردستان نەیانتوانی هەڵوێستی دەوڵەتانو هەلومەرجی گشتیی جیهان بەرێکوپێکی هەڵسەنگێنن.

# بەشی سێیەم

## تەوژمی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان
## لە دەوروبەری ساڵانی جەنگی دووەمی جیهاندا

## ١- بارودۆخی کوردستان پێش بەرپابونی جەنگی دوەمی جیهان

ئاشکرایە کە لەگەڵ بەرپابونی شۆڕشی سوسیالیستی روسیادا، تەنگوچەڵەمەی رژێمی سەرمایەداریی جیهان دەستی پێ کرد. بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگوچەڵەمە سیاسییە، دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان خۆیان بۆ شەڕێکی تری سەرتاسەری جیهان سازو ئامادە کرد. لەساڵی **١٩٣٢** بەولاوە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بەهەمو هێزو توانایانەوە بەمەبەستی بەربەرەکانێ کردنی یەکێتیی سۆڤێت پشتیوانییان لەئەڵمانیای هتلەری کرد.

لەسالانی پێش بەرپابونی جەنگی دوەمی جیهاندا پەیوەندیی نێو دەوڵەتان ئەوەندەی تر ئاڵۆزتر بوو. پەیوەندیی نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا، بریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنساو ئیتاڵیا لەئەنجامی ململانێیاندا بۆ کۆنترۆڵ کردنی دو رۆژهەلاتی ناوەڕاستو نزیکو ئەفریقیا رۆژ بەرۆژو ساڵ بە ساڵ شێواوتر دەبو، بەتایبەتی کە دابەشکردنی کۆنی کۆڵۆنەکانو ناوچەکانی نفوزی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەگەڵ پەیدابونی پەیوەندیی تازەی ناو کامپی سەرمایەداریدا نەدەگونجاو مایەی نارەزاییی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بوو. ئەو هەلومەرجە مەسەلەی دابەش کردنی بازارو ناوچەکانی نفوزو کۆڵۆنەکانی سەرلەنوێ هێنایەوە پێش.

ئەڵمانیای هتلەری کەبەپشگیریی کاریگەرانەی دەوڵەتانی بریتانیا، ئەمریکاو فەرەنسا خۆی گرتەوە، هەڕەشەی

لەبەرژەوەندیەکانی هەر سێ دەوڵەت کردو ویستی چاڵە نەوتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆنترۆڵ بکا. ئەمە ئەوەندەی تر مەسەلەی هەڵایسانی جەنگی دوەمی جیهانی هێنایە پێش. وڵاتانی دو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیک کە رێگاوبانی ستراتیجیی گرنگیان پێدا تێدەپەڕیو بەکانزاو کەرەستەی خاو دەوڵەمەندن، بونە شانۆی ململاتێی سیاسیو کاری جاسوسیانەو پرۆپاگەندەی ئیمپریالیستیی بریتانیاو ئەمریکاو فەرەنسا لەلایەکو ئەڵمانیا لەلایەکی ترەوە.

بێگومان لەهەلومەرجێکی وادا شتێکی ئاسایی بوو کەکوردستانی خاوەن شوێنی ستراتیجیو بەکانزا دەوڵەمەند ببێتە شانۆی ململاتێی سیاسیو پرۆپاگەندەیی دەوڵەتە ئیمپریالیستە ناوبراوەکان. لەبەر ئەوە هەر یەکێ لەو دەوڵەتانە دەیویست بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی کەڵک لە مەسەلەی کورد وەرگرێ. بەڵام ئەوان لەترسی پەرەسەندنی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتیو هی رۆژهەڵات بەگشتی، خۆیان بۆ دامرکاندنەوەی ئەو جوڵانەوەیە ئامادە دەکرد. ئەوان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، چەند گروپێکی سیاسیی کۆنەپەرستو پەیمانی سوپاییی جیاوازیان هێنایە کایەوە. بەیارمەتیو پشتیوانیی ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ — ئەمەریکان، لەشاری تاران لە **٨**ی تەموزی**١٩٣٧**دا پەیمانی سەعد ئاباد لەتێوان تورکیا، ئێران، عیراقو ئەفغانستاندا مۆر کرا. دوای بڕانەوەی جەنگی دوەمی جیهانیش، لەساڵی **١٩٥٥**دا پەیمانێکی تر بەناوی پەیمانی بەغداوە لەنێوان تورکیا، عیراقو ئێران مۆر کرا.

هەڵوێستی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بەرامبەر بەجەنگی دوەمی جیهان هەڵوێستێکی پێشکەوتنخوازانە بوو.

هەروەکێ لەمەوبەر رونمان کردەوە، مۆرکی پێشکەوتنخوازانەی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە ئابوری‌و کومەلایەتی‌یەی هەناوی کۆمەلی کوردەواری بوو. پێش بەرپابونی جەنگی دوەمی جیهان، بورژوازی‌و چینی کرێکاری کوردستان وەکێ دو هێزی سیاسی کە هەر یەکێکیان سەنگی تایبەتی خۆی و لەمیژوی خەباتی رزگاریخوازیدا نەخشی تایبەتی خۆی هەیە، هاتنە سەر شانۆی رووداوەکان. ئەو دو چینە بەشێوەیەکی کاریگەرانە لەجولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستاندا بەشدارییان کردو سەرەنجام ناوەڕۆکئو روخساری ئەو جولانەوەیە لەڕەگوریشەوە گۆڕا. روخانی سیستەم‌و نفوزی دەرەبەگایەتی لەسەرانسەری کوردستاندا دەستی پێ کرد. ئەو سیستەمە ڕێزو پایەی ستەمکارانەی جارانی خۆی لەلای جوتیاران و لادێ نشینەکاندا لەدەستدا. گەل دەرەبەگایەتیی بەخوێنمژی کۆمەلی کوردەواری‌و دوژمنی ئازادی‌و سەربەستی دەزانی. پێکادانی تێوان جوتیاران و دەرەبەگ زەویدارە گەورەکان لەسەرانسەری کوردستاندا هاتە ئاراوە. رق‌و کینەی جوتیاران‌و تێکڕای گەل، دەرەبەگ و زەویدارە گەورەکانی وەکێ سەگی هار بەردایە گیانی خەلکی. کوشتنی جوتیاران‌و زەوت کردنی سامان‌و زەوی و زاریان جارێکێ لێرەو جارێکێ لەوێ بەرچاو دەکەوت. تەواوی ئەم شتانە بناخەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتییان هەلتەکاند.

بەم شێوەیە دوو چینی بورژوازی‌و کرێکاران هاتنە سەر شانۆی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد. بێگومان پەیدا بونی ئەم دوو چینە کاری کردە رووداوە سیاسی‌یەکانی کوردستان. هەردوو چین بەشێوەیەکی کاریگەرانە لەپێکەوەنانی هەموو حزبە سیاسی‌یە

نیشتمانی‌یەکاندا بەشدار بون، خۆپیشاندانو مانگرتنیان سازکرد، بڵاوکراوەو چاپەمەنی‌یان بڵاوکردەوەو لەپەرلەمانو ئەنجومەنو کۆبونەوەکاندا وتاریان خوێندەوەو لەجوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا رۆڵی گرنگیان گێڕا. ئەم دوو چینە تازەیە لەژیانی سیاسی‌ی کوردستانو لەرابەرایەتی کردنی جوڵانەوە سیاسی‌یەکاندا نەخشێکی سەرکردەیی‌یان پیشاندا، دژایەتی‌ی دەرەبەگایەتی‌یان کردو لەژیانی سیاسی‌یان دورخستەوە.

لەو قۆناغەدا جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستان مۆرکێکی پێشکەوتوتر دەگرێتە خۆیو خەباتی دژی ئیمپریالیستی‌ی رونتر دێتە بەرچاو. لەو قۆناغەشدا — واتە لەدەوروبەری ساڵانی جەنگی دوەمی جیهاندا — هێزی بزوێنەری جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی، جوتیارانی کوردستان بوو کەلەژێر ئاڵای حیزبە سیاسی‌یە نیشتمانی‌یەکانی کوردستاندا کۆ بونەوەو بەپێی نەخشەو پرۆگرامی دیاریکراو خەباتی رزگاریخوازانەی خۆیان رێکخست.

بەشێوەیەکی گشتی، لەو قۆناغەدا بەرەی بەرفراوانی گەل هاتە کایەوە. لەژێر ئاڵای ئەو بەرەیەدا، هەموو هێزە دیموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی دژی دەرەبەگایەتیو کۆنەپەرستی یەکیان گرتەوە.

لەو قوناغەدا پرۆپاگەندەی فاشستی، سەرەڕای بڵاوبونەوەی لەناو کۆمەڵی کوردەواریی پێش بەرپابونی جەنگی دوەمی جیهاندا بەو بیانوەی کە ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ — فەرەنسی سەرسەختترین دوژمنی گەلی کوردەو گەلی کوردیش بە دوژمنی سەربەستی‌ی خۆی دەزانێ، دەیویست گەلی کورد تەفرە بدا بەڵام نەیتوانی رەگی خۆی لەکوردستاندا داکوتێو سەرەنجامەکەی شکست و ژێرکەوتن بوو.

تێکڕای گەلی کورد پێش وەخت هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەفاشیزم دیاری کرد.

هێرشی کتوپڕی ئەڵمانیای فاشست بۆ سەر یەکێتیی سۆڤێت، بەرەی دژی فاشستیی بەهێزتر کرد، ئەوەندەی تر مۆرکی پێشکەوتنخوازیی بە شەڕەکە بەخشیو هەموو هێزە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکانی جیهانی — بەهێزە پێشکەوتنخوازو دیموکراتە ئازادیو ئاشتی خوازەکانی کوردستانیشەوە — دژی فاشیزم کردە یەک پارچە. بێگومان هەڵوێستی دژی فاشستیی گەلی کورد، پشتیوانی کردنی سیاسەتی بریتانیا نەبو بەتایبەتی کە لەو قۆناغەدا نفوزی بریتانیا کزو لاواز بوو و تەنانەت گرنگیی جارانی نەمابو.

کینەی گەلی کورد بەرامبەر بەبریتانیاو سیاسەتە ئیمپریالیستییەکەی لەوەدا خۆی دەنوێنێ کەهەمو رابەرو سەرکردەکانی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بەتاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتبو کە هەمیشەو هەرگیز نابێ پشت بەبریتانیا ببەسترێ یا خود لایەنی کەم ئومێدی ئەوەی لێ بکرێ کەچارەسەرێکی رەوا بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە.

**٢-مەسەلەی کورد لەسالانی دەوروبەری جەنگی دووەمی جیهاندا**

تەمەنی مەسەلەی کورد کە بەئالۆزترین کێشەی سیاسیی ئەم ناوچەیە دادەنرێ، سەد ساڵ زیاترە. گەلی کورد کە بەسەر تورکیا، ئێران، عیراقو سوریادا دابەش کراوە، لەڕوی سیاسییەوە یەکگرتو و سەربەخۆ نییەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نیە. دەوڵەتە زەوتکەرەکانی کوردستان کە بەئاگرو ئاسن گەلی کورد دەچەوسێننەوەو دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان کەپشتیوانییان لێ

دەکەن، هەموو هێزو توانای خۆیان بۆ لەناوبردنی گەلی کوردو تواندنەوەی لەناو گەلە سەردەستەکاندا خستۆتە گەڕ. ئەم دەوڵەتانە نایەڵن گەلی کورد بەزمانی باوباپیرانی بدوێ، لەهەموو جۆرە پێشکەوتنێکی ئابوری، سیاسی، کەلتوریو کۆمەڵایەتی بێ بەشی دەکەن، دەیانەوێ نەزانیو دواکەوتنی ئابوری، سیاسی، کەلتوریو کۆمەڵایەتی بەسەر کوردستاندا بسەپێنن بۆ ئەوەی لەرەگوریشە هەڵکەندنی مەسەلەی کورد بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. بەڵام گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانی رزگاریی سیاسی خەباتێکی کۆڵنەدەرانەی بەرپا کردوە.

جێی داخە کەمەسەلەی کورد، واتە مەسەلەی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، تا ئەمڕۆ بەپێی پێویست لەلایەن رۆژهەڵاتناسەکانی جیهانەوە بەباشی رون نەکراوەتەوە. گەلی کورد دەتوانێ رەخنە لەو رۆژهەڵاتناسانە بگرێ چونکە نەیانتوانیوە مەسەلەی کورد بە تەواوی رون بکەنەوە. تا ئەمڕۆ زانا رۆژهەڵاتناسەکان ناوەڕۆکو نوێشکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو مۆرکی نەتەوەییی رزگاریخوازانەی مەسەلەی کوردیان دیاری نەکردوەو پێداویستیی مێژوییی هێزە بزوێنەرەکانی ئەم مەسەلەیەیان بەرچاو نەکەوتوە. تەنانەت رۆژهەڵاتناسە سوڤێتییەکانیش لەم رووەوە گلەییيان لێ دەکرێ چونکە ئەوانیش هەندێ جار بەشێوەیەکی چەوت جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانیان شیکردۆتەوەو تا رادەیەکێ نۆرینەکانی لینینیان فەرامۆش کردوە.

بەپێی زانستی مارکسیزم، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بریتیە لەخەباتی بورژوازیی تازە پێگەیشتوی کوردستان دژی بورژوازیی گەلانی سەردەستی تورکیا، ئێرانو عیراق و دژی

دەسەڵاتی دکتاتۆریی ئەو وڵاتانە. لەسەر ئەم بنچینەیە، بورژوازیی کوردستان هێزی کاریگەرو سەرەکیی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانە. لینین نوسیویەتی((لەهەموو جوڵانەوەیەکی نەتەوەییی بورژوازیی گەلی چەوساوەدا ناوەڕۆکێکی دیموکراتی گشتیی دژی چەوسانەوە هەیە، بێگومان ئێمەش لەو ناوەڕۆکە پشتیوانی دەکەینو لەهەستە نەتەوەیییەکانی تری جیا دەکەینەوە))[1].

لەسەر ئەم بناغەیە دەبێ نەخشی خیانەتکاریی بورژوازیی گەلی سەردەست و نەخشی نیشتمان پەروەریی بورژوازیی گەلی ژێردەست لەیەکێ جیا بکەینەوە. لینین نوسیویەتی((لەڕوی مێژوییەوە ئەم بورژوازییە نیشتمانییە هێشتا توانای سەرکردایەتی کردنی جوڵانەوەی بورژوازیی پێشکەوتنخوازی ئاسیای هەیە. مێژوی جوڵانەوەکانی رزگاریی نیشتمانیی گەلانی رۆژهەڵات ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنن. ئەم بورژوازییە لەخەباتی گەلان دژی ئیمپریالیزمو دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی بەچەشنێکی کاریگەرانە بەشداری دەکا))[2].

هەروا نابێ شیکردنەوەی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان شیکردنەوەیەکی سەرپێییو هەڕەمەکی بێ، واتە نابێ هەمان رێگا بگرێتە بەر کە لەمەوپێش بڵاوکراوەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان گرتویانەتە بەر*. لەسەرێکی ترەوە نابێ چاپەمەنیو رۆژنامەو مێژونوسە بێگانەکان توتییانە بالۆرەی زەوتکەرانی

* وەکێ((رێگای تازەی تورکیا))ی مستەفا کەمال، رۆژنامەی((سۆن پۆست))، رۆژنامەی((تەهران ئەمروز))کەداواکارە((کورد بەئاگرو ئاسن لەناو ببرێ))، وتارەکانی ناهید لە رۆژنامەی((ئاینده))و هی تر.

کوردستانو چەوسێنەرانی گەلی کورد لێ بدەنەوە. لەم بارەیەوە رامبۆ نوسیویەتی((بەڵام پشت گوێ خستنو فەرامۆش کردنی مەسەلەی کورد، چارەسەری مەسەلەکە ناکا. هەوڵدان بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی(مەسەلەکە — وەرگێڕ) بەهێرشو بۆردومانی ئاسمانی، کارێکی وا دەکا خۆیان خۆیان ریسوا بکەنو راستی بشێوێننو بیسەلمێنن کەئەم جۆرە چارەسەرکردنە کاری بەسەر بیروباوەڕی دیموکراسی‌یەوە نیە))[٣].

کۆنسۆلی روس لەشاری ورمێ واسیلی نکتین لەکتێبەکەیدا((فەرهەنگی سیاسی))(بەرگی یەکەم، ل **١٢٠١ — ١٢٠٤**) لەبارەی مەسەلەی کوردەوە نوسیویەتی((ناشێو نابێ کەس گومان لەبونی مەسەلەی کورد بکا. ئەم مەسەلەیە بۆ سیاسەتی جیهانی هێندە گرنگە کەکێشو سەنگی تایبەتی خۆی هەیە... جەنگی جیهانی... هەروا پەیدا بونی چینی رۆشنبیری کوردی زاخاودراو بەبیروباوەڕی تازەی دیموکراسی.... مۆرکئو روخساری جوڵانەوە نەتەوەیی‌یە رزگاریخوازی‌یەکانی گەلی کوردی دیاری کردوەو جوڵانەوەکەی هێناوەتە ریزی جوڵانەوە رزگاریخوازە هاوچەشنەکانی ترەوە لەسەردەمی شۆڕشی گەورەی فەرەنساوە تا ئەمڕۆ. ئەگەر چاو لەچارەنوسی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی گەلی کورد بپۆشین، خۆ لەڕوی ئاکارەوە رای گشتی‌ی جیهان بۆی نیە مۆرکئو روخسارە راستەقینەکانی(مەسەلەی کورد — نوسەر) فەرامۆش بکا. لەڕوی یاسایی‌یەوە، نابێ کورد لەمە زیاتر لەچارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، واتە ئەو چارەسەرەی لەگەڵ رەفتاری مۆدێرنی مرۆڤایەتی‌دا هاوجوتە، بێ بەش بکرێ)).

بەم جۆرە مەسەلەی کورد لەکاتی جەنگی دووەمی جیهاندا پێی نایە قۆناغێکی دژوارترو ئاڵۆزتر، ئەمەش لەم چەند خاڵەدا دەردەکەوێ:

یەکەم: بۆ کەڵک وەرگرتن لەجوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانو بەدی هێنانی نەخشە ئیمپریالیستیەکانو کۆنترۆڵ کردنی چاڵە نەوتەکانی کوردستان، هەر یەکێ لەدەوڵەتە ئیمپریالیستەکان هەوڵی دەدا سۆزی گەلی کورد بەلای خۆیدا راکێشێ. بۆ ئەم مەبەستەش پرۆپاگەندەی خەستیان بلاوکردەوە، بەڵێنی ساختەیان هەڵرشت و چەندین پرۆژەو پێشنیاریان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد خستە بەرچاو. بۆ نمونە دەبینین هایزەر — کە یەکێکە لە نۆکەرانی وولستریت — لەژێر ناونیشانی((گەلی کورد چاوەڕوانی یارمەتیی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکا))وتارێکی بلاوکردەوە[٤]. لەسەرێکی ترەوە گۆڤاری((میدل ئیست ژورناڵ))بلاوی کردەوە گوایە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ پێکەوەنانی کوردستانێکی ئازاد یاخود هیچ نەبێ بۆ سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی تورکیا کار دەکا[٥].

دووەم: سەبارەت بەدەوڵەتە چەوسێنەرەکانی گەلی کورد — واتە تورکیا، ئێرانو عیراق — مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی زیندوی سەر شانۆی سیاسەتی وڵاتە. چینە دەسەلاتدارە کۆنەپەرستە شۆڤێنیستەکانی ئەم وڵاتانە دەیانەوێ سەر بەگەلی کورد دانەوێنن‌و جوڵانەوە رزگارییە نیشتمانییەکەی ریشەکێش بکەن. هەر یەکێ لەم دەوڵەتانە بلاوی دەکاتەوە گوایە مەسەلەی کورد چارەسەرکراوە. ئەوان بێجگە لەخۆیان کەسی تر ناخەڵەتێنن چونکە کاربەدەستانی ئەم وڵاتانە پێش هەمو کەسێک ئاگادارن لەوەی

کەتەنها بەئاگرو ئاسنو بەشێوەیەکی کاتی سەریان بەگەلی کورد دانەواندوەو ناچاریان کردوە ((ئارام))و((دەستەمۆ))بێو هیچ هەرایەکی تریان بۆ نەتێتەوە. ئەوان دەزانن ئەو ئارامی‌یەی هەیە شتێکی کاتی‌یەو کوردستان بەرمیلێکی پڕ باروتەو کەس نازانێ کەی دەتەقێتەوە.

لەسالانی جەنگی دوەمی جیهاندا مەسەلەی کورد ترسناکترین گیروکرفتەکانی چینی دەسەلاتداری تورکیا بوو. پشتیوانی‌ی تورکیا لە ئەلمانیای هتلەریو بەشداری کردن لە جەنگدا، گەلی کوردی دەهێنایە جۆشو خرۆش، چینی دەسەلاتداری لەکار دەخستو کوردستانی لەتورکیا جیا دەکردەوە. تورکیا لەترسی ئەوەی ئەو پێشبینی‌یە بێتە دی زراوی چو بوو. لەبەر ئەوە لەمەسەلەی بەشداری کردن لەجەنگدا پەلەی نەکرد. بۆ ساغ کردنەوەی ئەم مەسەلەیەش، پیاچونەوەیەک بەراپۆرتو وتارە سیاسی‌یەکانی ئەو سەردەمە لەکەلک بەدەر نیە. هەر بۆ نمونە ئیلفنستۆن لەوتارەکەیدا((کوردو مەسەلەی کورد))نوسیویەتی((دەنگوباس هەیە کەئەگەر تورکیا ناچار بێ لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا بەشەڕ بێ، گەلی کورد سەربەخۆیی بەدەست دێنێ، بەتایبەتی کەگەلی کورد هەرگیز سووسە لەسەرکەوتنی هاوپەیمانەکان ناکا ئەگەر لەوپەڕی تەنگانەشدا بن. من وا تێگەیشتوم کەهیچ شتێک هێندەی بەرپابونی شۆڕشێکی رزگاریخوازی‌ی کوردی لەتورکیا کار ناکاتە سەر مەسەلەی راگەیاندنی شەڕ دژی هاوپەیمانەکان لەلایەن تورکیاوە))[٦].

بالوێزی ئەلمانیا لەتورکیا فۆن پاپن لەکاتی خۆیدا نوسیویەتی کە تورکیا زۆر لەچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەترسا، چونکە

چاوی بەرایی‌ی نەدەدا خۆی بەشەڕی جیهانی‌یەوە خەریک بێو کورد کەڵک لەو دەرفەتە وەرگرێو سەربەخۆیی وەدەست بێنێ. ناوبراو نوسیویەتی((پرۆپاگەندە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد ئەژنۆی تورکیای شکاند))[٧].

ئەمە لەلایەک. لەلایەکی‌ترەوە، چینی دەسەڵاتداری تورکیا هەمیشە بۆ هاوپەیمانەکانی دوپات دەکردەوە کە((لەهەر جێیەک سەرەتێزەی تورک هەبێ مەسەلەی کورد نیە))[٨].

رامبۆ نوسیویەتی((با هەر بڵێین گوایە مەسەلەی کورد بونی نیەو کورد لەوڵاتەکانیاندا نیە، خۆ تورکیاو ئێرانو عیراق هێندە لەکورد دەترسن تەنانەت نایەڵن وشەی((کوردیش))بەدەمیاندا بێ))[٩].

لێرەدا پێویستە بۆچونەکانی عەبدولڕەحمان عەززام بەگی سکرتێری گشتی‌ی رێکخراوی دەوڵەتانی عەرەب، بخەینە بەرچاو کەوتویەتی :

((...پێویستە چاوێکمان لەبرا کوردەکانی عیراق بێ...کوردەکان خەڵکاتێکی راستگۆو دڵسۆزن، نایانەوێ زیان لەکەس بدەن، لەبەر ئەوە دەبێ یەکگرتنی عەرەبیش بەدژی بەرژەوەندیی خۆیان نەزانن.کورد موسڵمانە. لەرابردوشدا چەند جارێک روبەروی هێرشەکانی دژی ئیسلام بونەتەوە، لەبەر ئەوە ئەوانیش لەو بڕوایەدان کەیەکگرتنی گشتلایی‌ی عەرەب ناوبانگی ئیسلام بەرز دەکاتەوە... ئەوەتا گەلی عەرەب ئازادییان بۆ دەسەلمێنێ : ئەگەر دەیانەوێ دەتوانن لەگەڵ عەرەبدا یەکگرن، دەشتوانن ئۆتۆنۆمی وەدەستت بێنن، کەسیش لەم بارەیەوە لاری نی‌یە. بەڵام نابێ مەسەلەی کورد لەعیراقدا بەچارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە..... پێویستە لەسەر کوردەکان بەپیلانی بێگانە فریو نەدرێن، لەلایەکی ترەوە دەبێ

دانیشتوی عیراقیش بەو ئەندازەیە ژیرو زیرەکٔ بن کەهەستی کورد بریندار نەکەن چونکە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی ساکارەو هەموان دەتوانن دەستەبەری ئەوە بن کەبەرژەوەندیی کورد مسۆگەر بکرێ. هەر کات عیراق بەهێز بێ، کۆڵەکەی هێزو توانای ئەم گەلە رۆژهەڵاتییە — کوردە))[10].

مەسەلەی کورد لاوازترین ئاڵقەی سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەتانی تورکیاو ئێران عیراقەو تەنها یەکٔ رێگای چارەسەرکردنی هەیە ئەویش سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانو سەربەخۆیی نەتەوەیی گەلی کوردە. لەم رێگایە بەولاوە هیچ رێگایەکی تری چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە نیە.

سێیەم: لەسالانی دەوروبەری جەنگی دوەمی جیهاندا چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد جێگای بایەخو سەرنجی هەمو رابەرو سەرکردەو گروپە سیاسییەکانی کوردستان بوو. بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە چەندین وتووێژو گفتوگۆ و نامەو نامەکاری کەوتە گەڕ. لەئەنجامی ئەو مشتومڕەدا چەند بۆچونو تێڕوانینێکی جیاواز کە هەر یەکێکیان روخسارو روالەتی تایبەتی خۆی هەبو سەریان دەرهێنا.

بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد نەبێتە هۆی ئاڵۆزاندنی پەیوەندیی تێو دەوڵەتان لەهەلومەرجی ناسکی جەنگدا، لایەنە پێشکەوتنخوازو چەپڕەوەکان لەپێناوی وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانو سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمیی گەلی کورد لەتورکیا، ئێرانو عیراق خەباتیان کردو مەسەلەی یەکگرتنی هەمو پارچەکانی کوردستانو پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بۆ قوناغێکی تر هێشتەوە. بۆیە دروشمی((خەباتی گەلی کورد لەپێناوی وەدەست هێنانی

مافی ئۆتۆنۆمی‌دا لەو وڵاتانەی تێیدا دەژی))بەرز کرایەوە. لەژێر ناونیشانی((کورد داوای ئۆتۆنۆمی دەکا))نوسەرێکی کورد بڵاوی کردەوە کە((ئێمەی کورد لەهەلومەرجی ئەمڕۆدا نامانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا دامەزرێنین، چونکە دەزانین ئەم داخوازی‌یە لەم هەلومەرجەدا لەجێی خۆیدا نیە. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەمانەوێ بێتە دی ئەوەیە کە کورد لەو وڵاتانەی تیایدا دەژی لەچوارچێوەی دەوڵەتەکاندا بەمافی ئۆتۆنۆمی شاد بێ، خۆی خۆی بەڕێوە بەرێو زمانو کەلتورو وێژەی خۆی بپارێزێ، دەمانەوێ فێرگەی تایبەتی خۆمانمان هەبێو فەرمانبەرانمان کورد بن. بەکورتی، دەمانەوێ خۆمان خۆمان بەڕێوە بەرینو لەبۆتەی تورکو عەرەبو فارس‌دا نەتوێینەوە. بەڵام هەمو ئەو مافانەمان لێ زەوت کراوە. ئەوان دەیانەوێ بەزەبری زۆردارەکی گەلەکەمان لەناو بەرن، بەڵام دیارە ئەم کارەیان بەهیچ شێوەیەک بۆ ناچێتە سەر، خۆ ئێمە نە تورکو نە عەرەبو نە فارسین. لەڕوی نژادیشەوە ئێمە گەلێکی ئارینژادین. بەڵام خۆ ئەمە بەو واتایە نایەت گوایە ئێمە دژی دەوڵەتانی دو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکینو نامانەوێ بەئاشتیو بەئاسودەیی ژیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بەرینە سەر. بەڵام پێش هەموو شتێک دەبێ مافی ئۆتۆنۆمیمان بۆ بسەلمێنرێ))[11].

لە **٢٥**ی ئابی **١٩٤١**دا سوپای سۆڤێت پەڕییەوە ئەودیوی سنوری ئێران. ئەم کارە گەلانی ئێرانو وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیکی لەمەترسی‌ی فاشیزم رزگار کرد. لەناوچە کوردنشینەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێراندا چەند ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی دامەزران. ئەو ڕێکخراوانە ژاندارمی ئێرانیان چەک کرد،

چالاکی‌ی فەرمانبەرە ئێرانی‌یەکانو دەزگا دەوڵەتی‌یەکانیان لەکار خستو چەوسانەوەی نەتەوایەتی‌یان رامالّی. لەو هەلومەرجەدا قۆناغێکی تری گەشەکردنی مەسەلەی کورد دەستی پێ کردو مەسەلەی کورد بوە گرنگترین مەسەلەی سەر شانۆی سیاسەتی رۆژانە. لەم بارەیەوە واسیلی نکتین نوسیویەتی((لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە دەمێکە بە چارەسەرنەکراوی هەڵپەسێردراوە، زۆر بەخراپی کار دەکاتە سەر کاروباری ناوخۆی سەرتاسەری ئاسیا. مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی رەوایەو نابێ چارەسەر کردنی بەیەکجارەکی دوا بخرێ))، بەتایبەتی کەچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد نەک هەر بۆ تێکۆشەرانی کورد بەڵکو بۆ دوژمنانیش لەهەمو مەسەلەکانی تر توندتر دەچێتە پێش.

## ٣. چالاکی‌ی حزبە دیموکراتەکان و گروپە کۆمەلایەتی‌یەکانی کوردستان لەسالانی دەوروبەری جەنگی دوەمی جیهاندا

### ا) لەعیراق

لەسالانی پێش بەرپابونی جەنگی دوەمی جیهاندا بەتایبەتی لەسالی **١٩٣٨** بەولاوە، هەرایەکی زۆر لەسەرانسەری کوردستاندا کەوتە گەڕ. لەلایەکی ترەوە چاپەمەنی‌یە کوردی‌یەکانی عیراق پەرەیان سەند، لەسلێمانی((ژین))، لەبەغدا((گەلاوێژ))و((دیاریی لاوان))و لەرواندز((زاری کرمانجی))دەرچون. بێجگە لەوەش دەوڵەتی عیراقو بالّوێزخانەی بریتانیا لەبەغدا بۆ پرۆپاگەندە کردن بۆ جەنگ چەند بلاوکراوەو نامیلکەیەکیان دەرکرد، هەر ئەوەش بۆ خۆی بەڵگەیە کە بالّوێزخانەی بریتانیا((دەنگی گیتی‌ی تازە))ی دەرکرد کە بۆ بلاوکردنەوەی هەندێ وتاری کۆمەلایەتی، وێژەیی‌و

مێــژویی کــەڵکی لێ وەرگــیرا. هــەر لــەو ماوەیەشــدا گروپــە سیاسی‌یەکانی کوردستان ئەوەندەی تر کەوتنە گەڕ. بێجگە لەگروپە کۆنەکان، چەند گروپێکی تازە هاتنە گۆڕێو لەژێر ئاڵاکەیاندا بەشی هــەرە زۆری لاوانو پێشــکەوتنخوازەکانیان کــۆکردەوە. بەشــێکی ســەرانی جوڵانــەوەی رزگــاریی نیشــتمانیی کوردســتان نوێنــەرانی جوتیارانو کرێکاران بون.

گــەلی کــورد بەهــەمو گروپــە سیاســی‌یەکانی‌یەوە رێبــازی دژی فاشستیی هەڵبژارد. هــەمو بڵاوکــراوەو ئۆرگانــەکانی ئــەو گروپــانە لــەژێر دروشمــی((دژایــەتی کردنــی فاشــیزمو خــەبات بــۆ وەدەســت هێنانی مافە نەتەوەیی‌یەکان))گەلی کوردیان یەکخست.

بەشی پێشڕەوی کۆمــەڵی کــوردەواری ئەوەنــدەی تــر لــەئامانجو ئەرکو گیروگرفتەکانی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانی کۆڵی‌یەوە بەڵام ئەم کــارە خــۆی لەخۆیــدا هــەوێنی لــەتبونی گروپــە سیاســی‌یەکان بــوو. لایەنــە راســتڕەوەکان شــان بەشــانی نوێنــەرانی دەوڵــەتە ئیمپریالیستەکان لەسەر شــانۆی سیاســەت نەخشــی خۆیــان گێڕا، جارێ پاڵپشتی بریتانیاو جارێ پاڵپشتی ئەمریکا بون. لایەنــە چەپــەکانیش دەیانویســت رێگەیــەکی وا بدۆزنــەوە کــە دەســتەبەری چارەسەرکردنی مەسەلەی کــورد بــێ، لەبــەر ئــەوە هاتنــە ســەر ئــەو بڕوایەی کە دەبێ بەرەی بەرفراوانی گەل بەو جۆرەی کەهەمو هێــزە دیموکراتــەکانی کوردســتان کــۆ دەکاتــەوە، دامــەزرێنن. لەلایــەکی ترەوە دەیانویست پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ بەرە نیشتمانی‌یەکانی وڵاتــە دراوســێکاندا ببەســتن. گــرنگترین حــزبو گروپــی سیاســیو رێکخراوی کەلتوریو کۆمەڵایەتیی کورد لەعیراقدا ئەمانە بون :

**١-** گروپی سیاسی‌ی ساڵی **١٩٣٨**ی شێخ لەتیف شێخ مەحمود کە ئامانجەکەی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو.

**٢-** کۆمەڵەی لاوان کە کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی‌ی خێرخوازی لاوە کوردەکانی بەغدا بوو. ئەم کۆمەڵەیە لەساڵی **١٩٣٣**دا ((یادگاری لاوان))و لەساڵی **١٩٣٤**دا ((دیاریی لاوان))ی دەرکرد. سەرۆکی ئەم کۆمەڵە ئەمین زەکی بەگ بوو. ئامانجی کۆمەڵەی لاوان بەرزکردنەوەی ئاستی کەلتوریو زانستی‌ی گەلی کورد بوو.

**٣-** لەساڵی **١٩٣٩**دا برایم ئەحمەد، عەلائەددین سەجادی‌و کەسانێکی تر گۆڤاری((گەلاوێژ))یان دەرکرد. زۆری نەخایاند هەموو لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەبێ گوێدانە بیروباوەڕی سیاسی‌یان لەدەوری گۆڤاری گەلاوێژ کۆبونەوە.

گۆڤاری گەلاوێژ بەوتارە رێکوپێکەو ناوەڕۆکە دەوڵەمەندەکەی سەرنجی هەمو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردەواریی راکێشا. گۆڤاری گەلاوێژ بەئاشکرا رێبازی دژی فاشستی‌ی پیادە دەکرد، بەبێ سڵەمینەوە دژی فاشیزم خەباتی کردو بەئاشکرا لایەنگری یەکێتی‌ی سۆڤێت بوو. لەبارەی یەکێتی‌ی سۆڤێتەوە چەند وتارێکی گرنگی سەبارەت بەژیانی سەرانی یەکێتی‌ی سۆڤێت‌و ژیانی کۆمەڵایەتی‌و خەباتی دژی فاشستی‌ی گەلەکەی بڵاوکردەوە. دیارە ئەمەش یەکێ لەهۆکانی بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤارە روون دەکاتەوە.

گۆڤاری گەلاوێژ پرۆپاگەندەی فاشستی‌ی سوکەو ریسوا کردو وەکو دەمڕاستی هەمو رابەرو سەرکردەو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستان خۆی نواند.

هــەر لــەم بارەیەشــەوە دەبــێ بــوترێ کەگۆڤــاری گــەلاوێژ هەلومەرجێکی لەباری بۆ دامەزراندنی حزبی هیوا پێکێ هێنا.

**٤- حزبی هیوا**

لەســالی **١٩٣٩**دا بــە دەستپێشــخەریی ژمارەیــەکێ ئەفســەرو رۆشــنبیری کــورد حزبێکــی سیاســی بــەناوی حزبــی هیــوا کــە ئامانجەکــەی خــەباتی دژی فاشســتیو بــەدیهێنانی ســەربەخۆیی نەتەوەییی گەلی کورد بوو, بەشێوەیەکی نهێنی دامەزرا.

حزبی هیوا لەماوەیەکی کەمدا توانی لەسەرتاسەری کوردســتاندا چــالاکی بنــوێنیێو لــەژێر ئالاکەیــدا ژمارەیــەکی زۆری کەســانی دیمــوکراتو پێشــکەوتنخوازی کــۆکردەوە. لــەقۆناغی دامەزراندنــدا ژمارەی ئەندامانی حزبی هیوا لەهەزارو پێنج سەد ئەندام زیاتر بــوو کە زۆریان ئەفسەر، سەرباز، مافناس، خوێندکار، پزیشکێو مامۆســتا بــوونو هــەزارەها لایــەنگری هــەبوو. چــالاکیی حزبــی هیــوا تــەنها عێراقی نەگرتەوە بەڵکو تورکیا، ئێرانو سوریاشی گرتەوە.

دوای رزگار بوونی ناوچەکانی بــاکووری رۆژئــاوای ئێــران لەســاڵی **١٩٤٢**دا، حزبی هیــوا بــڕیاریدا دوو ئەنــدامی خــۆی کــە بریتــی بــوون لەمســتەفا خۆشــناو و میرحــاج ئەحمــەد وەکێ نوێنــەر بەمەبەســتی پەیوەندی کردن بە سەرانی جوڵانەوەی کوردستانی ئێرانەوە بۆ ئێران بنێرێ. لەو کاتەدا بارو دۆخێکی گونجــاو بــۆ پــێکەوەنانی حزبێکــی دیموکرات لەکوردستانی ئێراندا لــەگۆڕێدا بــوو. لــەکۆتاییی ســاڵی **١٩٤٢**دا کۆمــەڵەی ژ.ک(ژیانەوەی کورد ) کە پاشان بە تێرو تەسەلی لەبارەیەوە دەدوێین دامەزرا.

تا کۆتاییی ساڵی **١٩٤٣** حزبــی هیــوا حزبێکــی پێشــکەوتنخوازو بەهێزترین گروپی سیاسیی ئەوسای جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی

کوردستان بوو. حزبی هیوا حزبێکی گشت لایی، بەهێزو دیسپلیندار بوو. هەر لەو ماوەیەشدا کاری کردە سەر کوردەکانی تورکیا، ئێران‌و سوریا. بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو شتانە، دوبەرەکیی ناوخۆیی لەریزی حزبەکەدا لەنێوان بازوی چەپ‌و بازوی راست سەبارەت بەهەموو مەسەلەکانی تایبەت بەڕێکخستن، بەرنامە، نەخشەی کارکردن، دروشم‌و ڕێبازی سیاسی سەری هەڵدا*.

لەساڵی **١٩٤٣**دا لەکاتی هەڵایسانی جوڵانەوەی ناوچەی بارزاندا (پاشان بە تێرو تەسەلی باسی ئەم جوڵانەوەیە دەکەین) ناکۆکی‌یەکانی نێوان بازوی چەپ‌و بازوی راستی حزبی هیوا تەقینەوە. بەتەقینەوەی ناکۆکی‌یەکان گێچەڵی ناوخۆی حزب دەستی پێکرد. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، بریتانیا دەیزانی حزبی هیوا چ رەگێکی لەناو کۆمەڵدا هەیە بەتایبەتی کە بەبەرچاوی ئەوەوە ناوبانگی حزب رۆژ بە رۆژ پەرەی دەسەند. لەبەر ئەوە چوە سەر ئەو بڕوایەی کە بەرەو پێشەوە چوونی دەسەڵاتی حزبی هیوا بە سەرکەوتنی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستان دەشکێتەوەو

---

*حزبی هیوا حزبێکی بێ پرۆگرام‌و پەیڕەوی ناوخۆی نوسراو بوو و زیاتر وەك چەترێك وابوو کەهەمو گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەسایەیدا کۆ بووبوونەوە بەڵام لەگەوهەرداو بەپێی پێوانە باوەکان دەکرێ بەحزبێکی ناسیۆنالیستی راستڕەو دابندرێ‌و لەبنچینەدا, سەرەڕای پەیوەندیی پتەوی بەزەویدارو دەرەبەگەکانەوە, وەك رێکخراوێکی شاری مایەوە. ئەم حزبە دیدێکی تەمومژی بۆ ئۆتۆنۆمی‌ی کورد هەبوو و تەواوی ستراتیجی خۆی لەسەر بنەمای کارکردن بۆ رازی کردنی بریتانیا داڕشتبوو.

پەیدابونی باڵێکی چەپ لەناو حزبی هیوادا زادەی بێ ئومێدبون بوو لەراکێشانی بریتانیا بەلای مەسەلەی کورددا زیاتر لەوەی کەزادەی داشکاندن بێ بەلای واژە مارکسیستی‌یەکاندا, ئەگەرچی ناکرێ رۆڵی فاکتەرە ئایدیۆلۆژییەکان لەم رووەوە لەبەرچاو نەگیرێ (وەرگێڕ).

زیـان لـه بەرژەوەندیـە ئیمپریالیسـتیـیەکانی دەدا. بریتانیـا لەناوبردنی ئەو حزبەی بەمەسەلەیەکی سـەرەکی دانـا، لەبـەر ئـەوە لەناوەوە دەستی بە کلۆر کـردنو لەیـەک ترازانـدنی ریزەکـانی کـرد، ئاگری ناکۆکیی ناوخۆی تێوان هەردوو بـازوی راسـتو چەپـی خـۆش کرد تا لەدواییدا بازوی چەپی لەناو برد، چونکـە ئـەو بـازوە زۆربـەی ئەندامە پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەرەکانی ئەفسەران، سەربازان، لاوان، روناکبیرانو کۆمۆنیسـتەکانی لـەژێر ئالآیەکـدا کۆکردبـوەوە. بریتانیا بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکەی، بەلایەنە راسترەوەکانی ناو ریـزی حزب پشت ئەستوور بوو.

ناکۆکیـیەکانی ناو ریزی حزبی هیوا سـەبارەت بـەدوو مەسـەلەی سەرەکی بوون :

یەکەم :

ئایـا گـەلی کـورد لەخـەباتی نیشـتمانیی رزگـاریخوازدا بـۆ چارەسەرکردنی مەسەلە نەتەوایەتییەکەی دەبێ کام رێبازی سیاسی بگرێتە بەر؟ ئایا دەبێ بە یەکێتیی سۆڤێتو کامپـی سوسیالیسـت یاخود بە بریتانیاو کامپی ئیمپریالیستیی رۆژئاوا پشت ئەستور بێ؟ ئایا کامیان پشتگیریی گەلی کورد دەکـەنو بـۆ وەدەسـت هێنـانی ئازادیو مافە نەتەوەییەکانی یارمەتیی دەدەن؟

دوەم :

ئایا پێویستە لەسەر حزبی هیوا بەهەمو هێزو تواناوە یارمەتیی جولآنەوەی بارزان بدا، بەشـداریی تێـدا بکـاو جڵـەوی سـەرکردایەتی کردنی بگرێتە دەست، یاخود دەبێ دەستەوەستان بوەستێ، بێ لایەن بێو کاری بەسەر جولآنەوەکەوە نەبێ، ئەگەر یارمـەتیشـیدا بـا ئـەو یارمەتییە بەڕادەیەک نەهێنیو کەم بێ سەرنجی چینی دەسەلآتداری

عیراق رانەکێشیێو نەبێتە مایەی تورەبونی حکومەتی بریتانیای هاوپەیمانی حکومەتی عیراق.

رابەری بازوی راست هەمان سەرکردەی حزب بوو واتە رەفیق حلمی. ئەو بازوە بەبیانوی ئەوەی گوایە بریتانیا بەهێزەو دەستی بەسەر عیراقدا گرتوە، دەیویست رەگی پەیوەندیی نێوان هیواو بریتانیا داکوتێ چونکە لەحزبی رانەدەبینی کەبتوانێ بەگژ بریتانیادا بچێو هەمیشە بڵاوی دەکردەوە گوایە بریتانیا دەتوانێ حزبو جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی هەپرون بەهەپرون بکا. بازوی راست پێی وابو یەکێتیی سۆڤێت لەبەر ئەوەی لەکوردستان دورە ناتوانێ یارمەتیی گەلی کورد بدا. ئەمە سەبارەت بەخاڵی یەکەمی ناکۆکی. سەبارەت بەخاڵی دوەمی ناکۆکی، بازوی راست دەیویست کاری بەسەر جوڵانەوە چەکدارییەکەی بارزانەوە نەبێ، هەم یارمەتیی نەداو هەم سەرکردایەتیی نەکا گوایە ئەم کارە مایەی تورەبونو هاروژانی بریتانیایە بەتایبەتی کە جوڵانەوەکە دژی حکومەتی عیراقی هاوپەیمانی بریتانیایە.

بازوی چەپ لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی حزب بەیەکێتیی سۆڤێتو دەوڵەتە سوسیالیستەکانەوە پێی داگرت چونکە لەو بڕوایەدا بوو کە تەنها کامپی سوسیالیست دەتوانێ یارمەتیی گەلی کورد بداو پشتیوانی لەخەباتی نەتەوەییی بکا بەتایبەتی کەهەموان شارەزای سیاسەتو هەڵوێستی بریتانیاو دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی رۆژئاوان سەبارەت بەخاڵی یەکەمی ناکۆکی. لەبارەی خاڵی دوەمەوە، بازوی چەپ داواکار بوو حزب بەتۆکمەترین شێوە لەجوڵانەوەی بارزاندا بەشداری بکا، بەهەمو تواناوە یارمەتیی بداو جڵەوی سەرکردایەتی کردنی بگرێتە دەست.

ئەگەرچی مەسەلەی یارمەتیدانو پشتگیری کردنی جولانەوەکە لەسەرەتای بەرپابونی جولانەوەی چەکدارانەی ناوچەی بارزاندا جێگای مشتومڕێکی زۆر نەبو، چونکە باڵی راست بەناچاری سەری بۆ هەڵوێستی زۆربەی ئەندامان کەچ کردو بەپارەو پرۆپاگەندە پشتگیریی کرد، بەلام ئەم ناکۆکیە هەر بە چارەسەرنەکراوی مایەوە.

لەمانگی شوباتی ١٩٤٤دا لەشاری کەرکوک کۆنفرەنسی حزب بەسترا. لەو کۆنفرەنسەدا سەبارەت بەهەردو خالی ناوبراو ناکۆکیەکان تەقینەوە. بازوی چەپ پەردەی لەڕوی نەخشی ئابڕوبەرانەی بریتانیا هەلمالی، دەری خست کەگەلی کورد بەپشتیوانیی بریتانیا رزگار نابێو دەبێ یەکێتیی سۆڤێت بەپشتو پەنای خۆی بزانێ. ئەو بازوە کینەی خۆی بەرامبەر بەبریتانیا نەشاردەوە، تەنها بەوەش دانەکەوت بەلکو داواکار بوو ئەوەندەی تر تەکان بە مەسەلەی دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم بدرێ. پاشان ئەوەشی خستە سەر کە دەبێ چەند خوێندکارێکی کورد بۆ خوێندن رەوانەی یەکێتیی سۆڤێت بکرێن.

بەم جۆرە کونفرەنس حزبی هیوای کردە دو لەتەوە. بازوی راست بەسەرۆکایەتیی رەفیق حلمی کەهەمو داخوازیەکانی بازوی چەپی رەت کردەوەو لەحزب جیا بۆوە. ئەم لەتبونە کارێکی وای کرد بازوی چەپ لەگەڵ حزبێکی تردا یەکگرێ. بازوی راستیش ماوەیەک بەناوی حزبی هیواوە کاری کردو پاشان هەلوەشایەوە. بەم جۆرە نەخشی مێژوییی حزبی هیوا کۆتایی هات. بەشێکی ئەندامانی بازوی چەپ چونە ریزی گروپی((قاعیدە))ی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوەو بەنهێنی رۆژنامەی((ئازادی))یان دەرکرد. بەشێکی

تریان بونه ئەندامی لقی کوردستانی عیراق کۆمەڵەی ژ.ک. ئەوانی تر حزبێکیان بەناوی ریا راست پێکەوە نا کەزۆربەی رێکخراوەکانی لەسلێمانیو لەتیوان ریزی خوێندکارە کوردەکانی بەغدادا بوو. بەشێکی کەمیشیان چونە ریزی گروپی((وحـدة النضـال))ی کۆمۆنیستەوەو لەکوردستاندا بەناوی((یەکێتیی تێکۆشین))لقیان دامەزراند. چەند گروپێکی تریش بەشێوەیەکی سەربەخۆو بەناوی جیا جیا مانەوەو خۆیان بەپاڵپشتی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان دەزانێ.

٥- پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق(حزبی شۆڕش)

لەکۆتاییی ساڵی ١٩٤٤دا گروپی((وحدة النضال))چوە ریزی گروپی قاعدەوە کە هەردوکیان لەپارتی کۆمۆنیستی عیراق جیا بوبونەوە. بەڵام کۆمۆنیستە کوردەکان نەچونە ریزی ئەم گروپەوە بەڵکو لە کوردستاندا حزبێکی کۆمۆنیستیان پێکەوە نا. ئۆرگانی ئەو حزبە رۆژنامەی((شۆڕش))بوو، لەبەر ئەوە حزبەکەش لەناو خەڵکدا هەر بەحزبی شۆڕش ناسرا.

ئامانجو پرۆگرامی حزبی شۆڕش زۆر رونو ئاشکراو گونجاو بوو لەگەڵ قازانجی گەلی کوردو رەنجدەرانی کوردستان بەتایبەتی. رابەرانی ئەم حزبە کۆمۆنیستە، کوردە پێشکەوتنخوازو رۆشنبیرو کرێکارەکانی پاڵێوگاو کارگەکانی نەوتو رێگاوبان بون.

حزبی شۆڕش دەیویست تەواوی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانو عیراق دژی دوژمنی هاوبەش — واتە ئیمپریالیزمو دەسەڵاتدارانی عیراق- بۆ بەدی هێنانی رژێمێکی دیموکراتی ئازاد یەکگرن. بەرنامەی حزبی شۆڕش ئامانجەکانی بەرێکوپێکی رون

کردەوە. بەپێی خاڵی یەکەمی بەرنامە ئامانجی حزب بریتیە لە((هاوکاریو پتەوکردنی پەیوەندیی برایانەی کوردو عەرەب لەسەر بناغەی رزگاریی هەردو گەل، هاوکاری کردن لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا بۆ بەدی هێنانی بەختەوەریو رزگاریی گەلانو وەدەست هێنانی ئاواتەکانی دو گەلی کوردو عەرەب)). لەخاڵەکانی تری بەرنامەدا حزبی شۆڕش رونی دەکاتەوە کەئەو((لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتی خزمەتگوزاری گەلدا بەمەرجێک ئەندامانی پەرلەمانو شارەوانی هەڵبژێردراوی گەلو نوێنەری راستەقینەی بن، هەروا لەپێناوی گۆڕینی ئەو یاسایانەی لەگەڵ یاسای بنچینەیی‌ی عیراقدا ناگونجێن، تێدەکۆشێ. بەرنامەی حزبی شۆڕش ئەوەندە رێکوپێک بوو ئەو لایەنانەشی باس کرد کە لەرشتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵو پەروەردەدا دوای جێبەجێ کردنی ریفۆرمە دیموکراتی‌یەکان دەبێ بایەخیان پێ بدرێ. بەرنامە باسی مەسەلەی ریفۆرمی زەویی کرد کە یەکێکە لەگرنگترین مەسەلە چارەسەر نەکراوەکانی کوردستان.

لەکاتی جولانەوە چەکداری‌یەکەی **١٩٤٣ – ١٩٤٥**دا حزبی شۆڕش یارمەتی‌ی جولانەوەکەی دا بەوەی کە ئەو هەلەی بۆ بریتانیاو نەتەوەپەرستە شۆڤێنیستەکانی عەرەب هەڵنەخست کەتۆمەتی کۆنەپەرستیو دژایەتی کردنی گەل بخەنە پاڵ جولانەوەکەوە.

لەساڵی **١٩٤٦**دا بەپشت بەستن بەو نۆڕینەی کە لەو کاتەدا فەرمانڕەوا بوو واتە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتو لەچوارچێوەی یەک حزبی سیاسی‌ی یەکگرتودا، حزبی شۆڕش پێش بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد خۆی هەڵوەشاندەوە.

٦- حزبی رزگاری

لـەکۆتایی‌ی ساڵی **١٩٤٤** و سەرەتای ساڵی **١٩٤٥** دا هەمو لایەنەکان لەسەر مەسەلەی کۆکردنەوەی هەمو هێزە نیشتمانی‌و گروپە سیاسی‌یە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی عیراق لەیەکێ بەرەی نیشتمانی‌دا، یەکدەنکێ بون. ئامانجی ئەو بەرەیە بریتی بوو لەخەبات دژی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی‌و دەرەبەگایەتی، وەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین‌و رزگاریی کوردستانی گەورە، یەکخستنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی عیراقدا کەگروپ‌و هێزە نیشتمانی‌یەکان نوێنەریانن.

حزبی شۆڕش و گروپە چەپەکانی ترو لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی حزبی هەڵوەشاوەی هیوا ئەرکی دامەزراندنی بەرەیان گرتە ئەستۆ. بەدەستپێشخەریی ئەو لایەنانە، حزبی بەرەی نیشتمانی‌ی یەکگرتوی کوردی عیراق بەناوی حزبی رزگاری‌ی کوردەوە دامەزرا. سەرکردایەتی‌ی ئەم حزبە کۆمیتەیەکی حەوت کەسی بوو کەنوێنەرانی حزبی شۆڕش و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی تری تێدا بوو.

هەمو حزب‌و گروپە سیاسی‌یە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان بەم بۆنەیەوە راگەیاندنیان دەرکردو داوای یەکگرتن‌و پێکەوەنانی حزبێکی سیاسی‌ی یەکگرتویان لەگەلی کورد کرد. بۆ نمونە حزبی شۆڕش لەژێر دو ناونیشاندا ((یەکگرن بۆ دامەزراندنی حزبی رزگاریی کورد))و((تێ بکۆشن بۆ پەکێ خستنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستان))راگەیاندنی دەرکردو تێیدا بڵاوی کردەوە کە :

لەم رۆژانەدا کە بەسەرکەوتنی بیروباوەڕی ئازادی‌و نزیکبونەوەی هەڵتەکاندنی بناخەی هێزەکانی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستانی

ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، واتە بەتیاچونی هێزی دەوڵەتە فاشستەکان، جەنگێ کۆتاییی پێ هاتوە، هەمو نەتەوە بچوکو ژێردەستەکانی جیهان کە لەپێناوی پێشکەوتندا خەباتیان کردوەو خوێنیان ڕشتوە، داوای ئازادیو مافە نەتەوەیی‌یەکان دەکەن، داوای مافی چارەی خۆنوسین دەکەن بەو جۆرەی کە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای جیهان وبڕیارەکانی دەوڵەتە یەکگرتوەکاندا دەگونجێ. بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کەئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان هەمو هێزو توانای خۆیان خستۆتە گەڕ، لەبەر ئەوە ئازادی بەکەس نادرێ بەڵکو بەزۆر لەزەوتکەران دەسەنرێ. ئەم نۆرینە لەزۆر دەوڵەتی ڕۆژئاوادا بەکردەوە هاتۆتە گۆڕێ. لەفەرەنسا ((بەرەی بەرگری))، لەگریکێ((بەرەی ئەیام))و لە یۆگسلاڤیا ((بەرەی رزگاریی وڵات))دژی هێزە کۆنەپەرستو ئیمپریالیستەکان دەستیان بەتێکۆشان کرد. گەلی کوردی بەپێی پیلانو نەخشەکانی ئیمپریالیزم دابەش کراو دەبێ بۆ مافی چارەی خۆنوسین و رزگاریی کوردستانی گەورە تێ بکۆشێ، بەوەی کەئیمپریالیزمی بریتانیاو نۆکەرانی راماڵێو هێزێکی ئەوپەڕی یەکگرتو بخاتە گەڕ. لەم ڕۆژانەدا حزبی هەموان واتە حزبی رزگاریی کورد لەئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵە بچوکەکانی کوردستانی عیراقو هەوڵو کۆششی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراقو نیشتمانپەروەرانی تردا پێکەوەنراوە، پارتی کۆمۆنیست سەرباری ئەوەی کەرێسای رێکخراوەیی خۆی دەپارێزێ، بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەمڕۆمان هاریکاری لەگەڵ حزبی رزگاریدا دەکا. ئەم حزبە بۆ رزگاریی وڵات تێکۆشاوەو تێدەکۆشێ. لەکۆتاییدا ئێمەی پارتی کۆمۆنیست لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردی عیراق داواکارین بۆ پێش خستنی حزبی رزگاریی کورد کارو

هاریکـاری بکـەن. داوا لەهـەمو نیشتمانپـەروەران دەکـەین لەمەسـەلەی پـتەوکردنی حزبـی رزگـاریدا هیـچ جـۆرە کەمتەرخەمی‌یەک پیشان نەدەن.

مەکتەبی سیاسی‌ی

پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق[(١٢)]

بەم جۆرە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردسـتان هاریکاری‌یـان لەگەڵ یەکتردا کردو حزبی رزگاری‌ی کوردیان دامەزرانـد. بەرنامـەی حزبـی رزگـاری‌ی کـورد لەگـەڵ بـارودۆخو پێداویسـتی‌یەکانی گـەلی کورددا هاوجوت بوو. دەستەی دامەزرێنەری حزب ئەم راگەیاندنـەی دەرکرد:

راگەیانـدنی نیشـتمانی‌ی حزبـی رزگـاری‌ی کـورد کـە لەلایـەن دەستەی دامەزرێنەری حزبەوە دەرکراوە :

((یەکەم : ئامانجی پیرۆزمان رزگـاری‌و یـەکگرتنی کوردسـتانی گەورەیە. ناوەندی حزب لەکوردستانی عیراقدایە، لەبەر ئـەوە ئێمـە بۆ رزگار کردنی عـیراق لـەنفوزی ئیمپـریالیزم‌و کۆنەپەرسـتەکان کـە گەورەترین کۆسپن لەبەردەمی رێگای پێشکەوتنی کـوردی عیراقـدا تێدەکۆشین. ئەو دەوڵـەتانە رێگرن لەبەدی هێنانی ئامـانجی مـەزن واتە ئازدای‌و مافی چارەی خۆنوسین)).

((دوەم : کۆشش بۆ سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی بـۆ کوردسـتانی عیراق، ئـەو ئۆتۆنۆمی‌یـە هـەنگاوێکی گەورەیـە بـۆ دیـاری کردنـی چارەنوسی کورد)).

((سـێیەم : کۆشـش بـۆ لابردنـی هـەمو جـۆرە چەوسـانەوەو جیاوازی‌یەکی نەتەوەیی دژ بەکوردو کەمینەکانی تر)).

((چوارەم : کۆشش بۆ پەیوەندی کردن بەحزبو گروپە کوردییەکانی دەرەوەی عیراقەوە لەچوارچێوەی هەوڵو رەنجێکی هاوبەشدا بۆ گەیشتن بەئامانجی پیرۆزمان واتە مافی چارەی خۆنوسینو رزگاری)).

((پێنجەم : کۆشش بۆ چارەسەرکردنی گشت لایی هەمو گیروگرفتە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوریو کەلتورییەکان بەسەلماندنی مافە دیموکراتییەکان. بەرز کردنەوەی ئاستی کشتوکاڵو پیشەسازیو بڵاوکردنەوەی زانست، زیندوکردنەوەی مێژو و وێژەی کورد)).

((شەشەم : بەکار هێنانی زمانی کوردی لەهەموو دەزگاو فێرگەکانی ناوچە کوردنشینەکاندا)).

((حەوتەم : کۆشش بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بەهەمو نەتەوەکان بەگشتیو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی)).

((هەشتەم: کۆشش بۆ پەیوەندی کردن بەحیزبو رێکخراوە دیموکراتەکانەوە)).

((نۆیەم: کۆشش بۆ پەیوەندی کردن بەدەوڵەتە دیموکراتەکانەوە بۆ پوچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی(و نۆکەرانیان)کەدەیانەوێ پەیمانی سەعد ئاباد زیندو بکەنەوە، کۆشش بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەمو پەیمانە ئیمپریالیستیو کۆنەپەرستەکان کە بەگشتی دژی ئازادیو بەتایبەتی دژی ئازادیی کوردن))[١٣].

بەم جۆرە دەبینین بەرنامەو راگەیاندنی حزبی رزگاریی کورد لەگەڵ داخوازیو ئاواتەکانی گەلی کورددا هاوجوت بوو. لەبەر ئەوە

حزبی رزگاری لەماوەیەکی کەمدا لەسەرانسەری کوردستانی عیراقدا چالاکیی نواند، چەند لقێکی لەناوچەکاندا دامەزراندو ئۆرگانی((رزگاری))ی دەرکرد.

حزبی رزگاری بڕوای بە هاوخەباتیی کوردو عەرەبو کەمینەکانی عیراق دژی ئیمپریالیزمو نۆکەرانی هەبو. ئەو دژی دەرەبەگایەتیو کۆنەپەرستی خەباتی دەکردو چەند دروشمێکی وەکئ((سەلماندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق وەکئ هەنگاوێکی گەورەی چارەی خۆنوسین))و((دژایەتی کردنی فاشیزم لەکوردستاندا))بەرز کردەوە. بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی گەلی کورد لەعیراقدا چەند داخوازییەکی کۆمەڵایەتی، ئابوریو کەلتوریی خستە بەرچاو. حزبی رزگاری داوای جێبەجێ کردنی دەستورو سەلماندنی ئازادییە دیموکراتییەکانی کرد. خۆش کردنی گوزەرانی جوتیاران، دابەش کردنی زەویوزار بەسەریانداو بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیو کەلتوریو کۆمەڵایەتیی لادێ، سەلماندنی مافەکانی کرێکارانو خۆش کردنی گوزەرانیان — بەشێکی ئامانجەکانی حزبی رزگاری بوون.

بەم شێوەیە دەردەکەوێ کەهەڵوەشانەوەی حزبی هیوا ئەو ئەنجامەی نەبو کەئیمپریالیزمی بریتانیا گەرەکی بوو. بە پێچەوانەوە هەڵوەشانەوەی ئەم حزبە حزبی رزگاریی هێنایە کایەوە. حزبی رزگاری لەحزبی هیوا پتەوتر، تۆکمەترو یەکگرتوتر بوو و لەماوەیەکی کەمدا تیکڕای گەلی کوردی لەژێر ئاڵاکەیدا کۆکردەوە. حزبی رزگاریی کورد زۆر چالاکیی نواندو بەشێوەیەکی فراوان لەناو ریزی چینەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا چاپەمەنییەکانی بڵاوکردەوە. لەئەنجامی ئەو چالاکییانەدا ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرانو سەربازە

کورده‌کانی سوپای عیراق‌و رۆشنبیران چونه ریزی جولانه‌وه چه‌کداری‌یه‌که‌ی بارزانه‌وه. ته‌نانه‌ت کاربه‌ده‌ستانی عیراق ناچار بون ئه‌فسه‌رو سه‌ربازه کورده‌کان بۆ به‌ره‌ی شه‌ڕ نه‌نێرن.

له‌و ماوه‌یه‌دا کۆمیته‌ی راپه‌ڕاندنی حزبی رزگاری‌ی کورد راگه‌یاندنێکی ده‌رکردو تێیدا هه‌ڵوێستی ده‌وڵه‌ته گه‌وره‌کانی به‌رامبه‌ر به کوردو مه‌سه‌له‌ی کورد شی کرده‌وه. ئه‌مه‌ش به‌شێکی راگه‌یاندنه‌که‌یه:((هه‌مو ده‌رگاکان به روی کورده‌کاندا بۆ باس کردنی مه‌سه‌له‌که‌یان له‌کۆنگره‌کانی جیهاندا داخران، ته‌نها یه‌ک رێگایان بۆ ماوه‌ ئه‌ویش ئه‌و رێگایه‌یه که‌هه‌مو گه‌لێکی ژێرده‌سته‌و مافخوراو پێیدا تێپه‌ڕیوه‌و تێده‌په‌ڕێ واته خۆبه‌خت کردن. دێهاته گر تێ‌به‌ردراوه‌کان، کوشتنی کورده‌کانی عیراق، ئه‌شکه‌نجه‌دان‌و کوشتنی سه‌رکرده‌کانیان له‌زیندانه‌کانی ئێراندا، کوشتاره‌کانی کوردی تورکیا، به‌ڵگه‌ی کۆششی گه‌لی کوردن بۆ سه‌ندنه‌وه‌ی مافه زه‌وتکراوه‌کانی. به‌ڵام جیهان خۆی لێ که‌ڕ کردون چونکه حکومه‌ته‌کانی ئه‌م ده‌وڵه‌ته فاشستانه ته‌نانه‌ت ده‌رفه‌تی نوزه‌شیان بۆ ئه‌م گه‌له تێکۆشه‌ره نه‌هێشتۆته‌وه‌و نایه‌ڵن چه‌وسانه‌وه‌ی مرۆڤ له‌لایه‌ن مرۆڤه‌وه تاوانبار بکرێ. کۆنگره‌کان تا ئه‌مرۆ شانۆبازیی سیاسه‌تی ئیمپریالیستی‌و دژی هه‌موو جۆره مافێکن، هێز نه‌بێ هیچ شتێکی تر سه‌ریان پێ دانانه‌وێنێ. خه‌باتی دژی فاشستی‌و زاڵبونی بیروباوه‌ڕی ئازاد به‌سه‌ر کۆنه‌په‌رستی‌دا مایه‌ی دڵ خۆشی‌ی گه‌لی کورد بوو. جیهانی دادپه‌روه‌ری‌و برایه‌تیی بێ زۆردارو زۆرلێکراو جێگای ئومێدیان بوو. به‌ڵام دیاره هه‌مو ئه‌م شتانه خه‌وێکی خۆشی شه‌وێکی زریاناوی بون گوایه ئه‌و خوێنه‌ی رژاوه هه‌ر بۆ جێگیرکردنی ئیمپریالیزم بوه. ئه‌ی مامۆستایانی

دیموکراسی‌ی رۆژئاوا، کوا پەیمانی ئەتلەنتیکءو چوار ئازادی‌یەکەو مافی چارەی خۆنوسین؟ ....)).

حزبی رزگاریی کورد یاداشتێکی بۆ کۆبونەوەی وەزیرانی کاروباری دەرەوەی ئەمریکاو بریتانیاو یەکێتی‌ی سۆڤیێت ناردو تێیدا نوسی بوی((برانەوەی جەنگءو سەرکەوتنی هێزە دیموکراتەکانءو ژێرکەوتنی دزێوترین شێوەی ئیمپریالیزم(واتە فاشیزم) لەرۆژهەڵاتءو رۆژئاوادا، دڵ خۆشکەری هەمو مرۆڤایەتی بوو. گەلی دابەشءو ماف زەوتکراوی کورد چەندین ساڵە چەوساوەو ژێردەستەیە، لەهەمو مافە مرۆیی‌و نەتەوەیی‌یەکانی بێ بەش کراوە. ئەم چەوسانەوەیە زادەی پیلانءو بەرژەوەندی‌یەکانی ئیمپریالیزمی بریتانیاو دەوڵەتە کۆنەپەرستە فاشستەکانی ئێران، تورکیاو عیراقە. بەبۆنەی برانەوەی جەنگءو سەرکەوتنی هاوپەیمانەکانەوە، گەلی کورد داواکارە بەشێوەیەکی رەوا لەمەسەلەکەی بکۆڵرێتەوەو لەبەڵێنءو بریاری هاوپەیمانەکان سەبارەت بەرزگاری‌و مافی چارەی خۆنوسینی گەلانی بچوک بێ بەش نەکرێ. ئەمرۆ کە وەزیرانی کاروباری دەرەوەی هەر سێ دەوڵەتە مەزنەکە لەمۆسکۆ کۆ دەبنەوە، ئومێدەوارین بەشێوەیەکی رەوا لەمەسەلەی گەلانءو نەتەوەکان بکۆڵرێتەوە. حزبی رزگاریی کورد خۆی بە بەختەوەر دەزانێ ئەم خاڵانەی خوارەوە کە پەیوەندی‌ی پتەویان بەمەسەلەی گەلی کوردو ئاشتی‌ی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە هەیە رون بکاتەوە :

١- ئێمە لەخەباتی برا کوردەکانی ئێرانءو برا ئازەرەکانیان بۆ وەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی‌و هێنانە سەر کاری رژێمێکی دیموکراتءو تێکۆشان دژی حکومەتی کۆنەپەرستءو نۆکەرانی پشتیوانی دەکەین.

٢- بایەخ بە بارودۆخی گەلی کورد لەتورکیا بدرێ چونکە حکومەتی فاشستی تورکیا بۆ لەناوبردنو بەزۆر بەتورک کردنی، زۆر دڕندانە رەفتاری لەگەڵدا دەکا.

٣- گەلی کورد لەعیراقدا لەوپەڕی ناخۆشیدایە. ئیمپریالیزمی بریتانیاو حکومەتی کۆنەپەرستی رەفتار فاشست هەمو مافە دەستوری‌یەکانی لێ زەوت کردوە. سوتاندنی دێهاتەکانی بارزانو ناوچەکانی دەوروبەریو دەربەدەرکردنی نیشتمانپەروەران، بەڵگەی زیندوی ئەم مەسەلەیەن.

لەبەر ئەوە داواکارین داخوازی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی کوردی عیراق جێبەجێ بکرێن بەڵام ئێمە پێمان وایە کەئەم کارە مەگەر بەڕماندنی ئیمپریالیزمو حکومەتی کۆنەپەرستو گۆڕینی بەحکومەتێکی دیموکراتی رێکوپێک کە مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد لەعیراقدا دەسەلمێنێ بێتە دی.

ئێمە ئەم راستی‌یەمان خستۆتە بەرچاوتان بەو هیوایەی کە بەگیانی مرۆڤدۆستانە چارەسەریان بکەن چونکە چارەسەری رێکوپێکی ئەم مەسەلەیە مایەی پێشکەوتنی شارستانێتیو چەسپاندنی ئاشتی‌یە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

((کۆمیتەی راپەڕاندنی حزبی رزگاری کورد))[١٤]

حزبی رزگاری یاداشتێکی تێرو تەسەلتری بۆ کۆبونەوەی دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە لەندەن ناردو بەدورو درێژی وبەپشت بەستن بە بەڵگەنامەی رەسمی مەسەلەی کوردی پێ ناساندن. حزبی رزگاری کە رابەری راستەقینەی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بوو، لەهەمو شوێنێک دژایەتیی ئیمپریالیزمی دەکردو خۆی بەپاڵپشتی هەموو جولانەوەیەکی رزگاریخوازانە دەزانی.

گەلی کوردو حزبی رزگاری پشتگیریی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی میسریان کرد. لاوانی کورد لەخۆپیشاندانەکانی شاری بەغدا بەشدار بون. حزب لەرێگای کۆمیسارییای میسرەوە لەبەغدا یاداشتێکی بۆ کاربەدەستانی میسر رەوانە کرد کە ئەمەش دەقەکەیەتی :

((بەناوی گەلی کوردی عیراقەوە پیرۆزبایی گیانی شۆڕشگێرانەی برا میسرییە ئازادی خوازەکانمان دەکەین کەدژی ئیمپریالیزمی بریتانیا راپەڕیون، ئەو ئیمپریالیزمە زۆڵەی کەدە ملیۆن کوردی گیرۆدەی ستەمو چەوسانەوە کردوە، سەدان رۆڵەی ئازادیخوازی کوردی زیندانیو ئاوارە کردوە، سەدانی تری لەسێدارە داوە یاخود بەئاگری بۆمبی تۆپو فڕۆکە کوشتونی. لەئەنجامدا گەلی کورد کەوتە ژێر چەنگاڵی ئیمپریالیزمەوە. رەفتاری ئابڕوبەرانەی ئەم دواییەی ئیمپریالیزم لەگریک، هیندی چینیو هیندستاندا هێشتا لەیاد نەسڕاوەتەوە. ئەوەتا ئەمڕۆش دەیەوێ درێژە بەهەمان رەفتاری ئابڕوبەرانەی بدا.

ئێمە بەرامبەر بەتاوانەکانی ئیمپریالیزم بەتوندی نارەزاییی خۆمان دەردەبڕین و سەبارەت بە دەرچونی هێزەکانی ئیمپریالیزم لەدۆڵی نیل، دەستکاری کردنی پەیمانی تێوان میسرو بریتانیا بەو جۆرەی کە سەربەخۆیی سیاسیو ئابوریی میسر مسۆگەر دەکا، دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی میسری ئازادەوە. گەلی کوردی هاوسۆزی گەلی میسر بۆ پشتگیری کردنی خەباتی پیرۆزی گەلی میسر، لەخۆپیشاندانەکانی بەغدا بەشداریی کرد.

کۆمیتەی راپەڕاندنی حزبی رزگاریی کورد — حزبی

بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوی کوردی عیراق))[١٥]

کاربەدەستانی عیراق دڕندانەتر بەربونە گیانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان. دەیان فەرمانبەر، بەڕێوەبەر، مامۆستا، ئەفسەر، پیشەکارو رەنجدەری کورد زیندانی کران، هەر چی لەدەزگا دەوڵەتی یەکاندا کاری دەکردو سوسەی ئەوەی لێ دەکرا کە لەسیاسەتدا کار دەکا دەرکرا یاخود لەکوردستان دورخرایەوە، گۆڤاری گەلاوێژ داخرا، ئەفسەرانو سەربازە کوردەکان وردە وردە ریزی سوپای عیراقیان جێ دەهێشتو پەیوەندی یان بەجولانەوە چەکداری یەکەی بارزانەوە دەکرد. لەو هەلومەرجە ناسکەدا، حزبی رزگاریی کورد درێژەی بەتێکۆشان دا و بەپارەو پێشمەرگە یارمەتیی جولانەوەکەی دا. هەمو هەوڵو کۆششی کاربەدەستە عیراقی یەکان بۆ گەڕاندنەوەی ئەفسەرە کوردەکان بێ ئەنجام بوو. ئەو ئەفسەرانە بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەشداری یان لەجولانەوەکەدا کرد.

چالاکیی حزبی رزگاریی کورد تا ناوەڕاستی مانگی ئابی **١٩٤٦** درێژەی کێشا. لەسەرەتای مانگی ئابدا کۆنگرەی بەستو بەتێکڕای دەنگ بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەو پێکەوەنانی پارتی دیموکراتی کوردی دا. بونی کۆمەڵەی ژ.ک بەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو دامەزراندنی کۆماری ئۆتۆنۆمی مەهاباد، پاڵپشتی ئەم مەسەلەیە بون. هەمو حزبە سیاسی یەکانی کوردستانی عیراق بڕیاریان دا لەکۆنگرەی تایبەتیدا خۆیان هەڵوەشێننەوەو پاشان لەحزبێکی تردا (ئەویش پارتی دیموکراتی کوردە) یەکگرنەوە.

لەسەر ئەم بنچینەیە کۆنگرەی حزبی شۆڕش لەسەرەتای ئابی **١٩٤٦**دا بەستراو بڕیار درا حزب هەڵوەشێنرێتەوەو پارتی دیموکراتی کورد پێکەوە بنرێ. ئەوانەی دژی ئەم هەڵوەشانەوەیە بون، چونە ریزی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە. لەسەرەتای مانگی ئابی

**١٩٤٦**یشدا کۆنگرەی حزبی رزگاری بەستراو حزب خۆی هەڵوەشاندەوەو لە **١٦**ی ئابی **١٩٤٦** دا پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا.

## جوڵانەوەی چەکدارانەی بارزان، خەباتی گەلی کورد لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانو سەربەخۆیی نەتەوەییدا

جەنگی دووەمی جیهان بە لاپەڕەیەکی تازەی مێژووی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد دادەنرێ. جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان قۆناغی سێیەمی دەست پێکرد. لەکاتی جەنگی دووەمی جیهاندا ژیانی ئابوریی عیراق هەرەسی هێنا. گێرەشێوێنی، ستەمی هێزەکانی بریتانیاو رەفتاری ئەفسەرانو سەربازانی سوپای عیراق ئەوەندەی تر هەلومەرجی وڵاتی دژوارتر کرد. گەلی عیراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی لەپەژارەدا بوو. دەوڵەت خۆی سەرپەرشتیی دابەش کردنی ئازوقەو کاڵای پیشەسازیی دەکرد. بۆ دابەش کردنی کاڵا کۆپین بەکار هێنرا. فەرمانبەرانی دەوڵەت بۆ خۆدەوڵەمەندکردن یارییان بە ئازوقە دەکرد، هیچ کامێکیان بەتەنگ کاری خۆیەوە نەبو، هەمویان خەریکی بازرگانی بون، کاڵایان دەشاردەوەو پاشان بە دزییەوە لەبازاڕی رەش دا دەیانفرۆشتەوە، باجو پیتاک گەلی هەراسان کرد. گرانی، هەمو بازاڕی گرتەوە. لەکوردستانو ناوچە شاخاوییەکاندا سو پەیدا بوو. رەفتاری فەرمانبەران لەگەڵ هاووڵاتییە کوردەکاندا لەجاران توندو تیژتر بوو. کاڵای پێویست بەدەگمەن لەبازاڕدا دەسدەکەوت.

تەنگوچەڵەمەیەکی ئابوریی گشت لایی، سەرانسەری عیراقی گرتەوە. بڵاوبونەوەی دراوی ساختە، گرانی، قاچاغچێتی، دزیو

جەردەیی — ئەوەندەی تر گەلو بەتایبەتی جوتیارانی کوردی هەراسان کرد. گەلی کورد لەو بارودۆخە وەڕسو بێزار بوو. فەرمانبەرانی دەوڵەت کوردیان پێ دەستەمۆ نەکراو نەیانتوانی وەڕسی‌ی لەبیر بەرنەوە. کاربەدەستانیش بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانو نەهێشتنی ستەمو چەوسانەوە هیچ هەوڵێکیان نەدا. ئەو هەلومەرجە هەلی بەرپاکردنی جوڵانەوەیەکی چەکداری رەخساند. لەئەیلولی ساڵی **١٩٤٣**دا جوڵانەوەیەکی چەکدارانە بەسەرکردایەتی‌ی مەلا مستەفا بارزانی لەناوچەی بارزان هەڵایسا. لەمەسەلەی سەرکردایەتی‌و ئاراستەکردنی ئەو جوڵانەوەیەدا، حزبی هیوا نەخشێکی دیاری هەبو.

جوڵانەوەکە لەماوەیەکی کەمدا ناوچەکانی بادینانو هەولێری تەنی‌یەوە. کوردەکان لەهەمو چینێکەوە پەیوەندی‌یان بەجوڵانەوەکەوە کرد. لەهەمو لایەکەوە پشتگیری‌یان کردو یارمەتیاندا. قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی جوڵانەوەکە رۆژ بەرۆژ فراوانتر دەبو. ئامانجی جوڵانەوەکە بەدی هێنانی مافە نەتەوەیی‌یە رەواکانو سەلماندنی ئۆتۆنۆمی بوو. هەموو پۆلیسخانەو سەربازگەکانی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی جوڵانەوەکە چەکئ کران. دەزگاکانی دەوڵەت لەناوچە رزگارکراوەکاندا کرانە دەزگای کوردی.

حکومەتی پاشایەتی‌ی عیراق بۆ دامرکاندنەوەی جوڵانەوەکە سوپای بەسەرکردایەتی‌ی جەنەراڵ پرۆمیلۆ بۆ کوردستان نارد. شەڕی تێوان پێشمەرگەو سوپای عیراق لەمانگی ئەیلولی ساڵی **١٩٤٣** وە تا مانگی ئایاری **١٩٤٤** درێژەی کێشا. لەو شەڕانەدا سوپای عراق لەشکست بەولاوە هیچی تری دەست نەکەوتو پاشان کشایەوە دواوە. چەکئو کەرەستەیەکی زۆر کەوتە دەستی پێشمەرگە.

بۆ بەربەست کردنی جوڵانەوەکە، حکومەتی نوری سەعید بەپەلە ویستی چارەسەرێکی ئاشتی‌یانەی بۆ بدۆزێتەوە. لەهەمان کاتدا باڵوێزی حکومەتی بریتانیا لەعیراق پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە کە تا زوە خۆیان بەدەستەوە بدەنو بەچەکەوە پەیوەندی بەکاربەدەستانی عیراقەوە بکەن. باڵوێز وتی جوڵانەوە چەکداری‌یەکە دژی دەوڵەتی عیراقە کەبەبنکەیەکی جەنگی‌ی هاوپەیمانەکان — واتە بریتانیاو یەکێتی‌ی سۆڤیێت کەدژی ئەڵمانیای فاشست لەشەڕدا بوون — دادەنرێ. ناوبراو وتی گوایە پێشمەرگەکان بەدژایەتی کردنی دەوڵەتی عیراق بونەتە رێگر لەبەردەمی هاوپەیمانەکانو کارێکی وا دەکەن هاوپەیمانەکان نەتوانن لەشەڕی دژی ئەڵمانیا کەڵکێ لەخاکی عیراق وەرگرن. باڵوێز داواکار بوو کوردەکان ئارامی‌ی ناوچەکە بپارێزن، ئاشبەتاڵ بەشۆڕش بکەنو بۆ دابین کردنی ئازوقە بۆ هاوپەیمانەکان(واتە سوپای بریتانیا کەلەعیراقدا بنکەی هەبو)پێویستە بەکشتوکاڵەوە خۆیان خەریکێ بکەن. بەرامبەر بەم کارەش، باڵوێز بەناوی دەوڵەتی شاژنی بریتانیای مەزنەوە بەڵێنی‌دا کەدوای بڕانەوەی جەنگێ مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عیراق دەسەلمێنێ.*

حکومەتی عیراق کە لەپەرەگرتنی جوڵانەوەکە هۆشیار بوو، لەژێر فشاری تەنگوچەڵەمەی ئابوری‌ی وڵاتدا ماجد مستەفای وەزیری بێ وەزارەتی وەکێ نوێنەر بۆ وتووێژ لەگەڵ سەرکردایەتی‌ی جوڵانەوەکەدا هەڵبژارد. حکومەتی عیراق بەمەبەستی نەهێشتنی

* لەڕاستیدا بریتانیا خۆی بەهچ بەڵێنێك پابەند نەکرد. بەخوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوەیەی کەفڕۆکەکان بەسەر ناوچە پشێوەکانیان داباراند, دەردەکەوێ کەبریتانیا داوای راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی لەدژی هێزەکانی عیراق کردوەو بەڵێنی داوە کەپاش بڕانەوەی جەنگ لەداواکانی کورد دەکۆڵێتەوە (وەرگێڕ).

ناكۆكیو چاككردنی سیستەمی دابەش كردنی ئازوقە لەكوردستانداو بۆ كەم كردنەوەی دەسەلاتی فەرمانبەرانو نەهێشتنی بەرتیل، چەند ئەفسەرێكی كوردی سوپای عیراقی بەئالقەی پەیوەندیی لەنێوان خۆیو سەركردایەتیی جولانەوەكەدا دانا. ئەو ئەفسەرانە بەشێوەیەكی راستەوخۆ پەیوەندییان بە ماجد مستەفاوە هەبو كەئەویش هەر كورد بوو.

ئەفسەرەكانیش ئەمانەن :

١- مێژەر جەنراڵ بەهادین نوری لەناوچەی سلێمانی.

٢- كۆمندان ئەمین رواندزی لەناوچەی رواندز.

٣- مێژەر عززەت عەبدولعەزیز لەناوچەی بارزان.

٤- كاپتن فوئاد عارف لەناوچەی قەلادزە.

٥- كاپتن مستەفا خۆشناو لەناوچەی بلە.

٦- كاپتن مەجید عەلی لەناوچەی ئامێدی.

٧- كاپتن میرحاج ئەحمەد لەناوچەی ئاكرێ.

٨- كاپتن عەزیز عەبدوڵلا لەناوچەی مێرگەسور.

حكومەت دەسەلاتێكی سوپاییو شارستانیی فراوانی بەو ئەفسەرانە بەخشی. شایانی باسە كە زۆربەی ئەو ئەفسەرانە ئەندامی حزبی هیوا بوون. وتووێژی نێوان وەزیری دەوڵەت ماجد مستەفاو سەركردایەتیی جولانەوەكە ئەو رێككەوتننامەیەی بەناوچاوانەوە بوو :

١- ناوچەی ژێر دەسەلاتی شۆڕش لەژێر كۆنترۆڵی پێشمەرگەدا دەبێ.

٢- بەردانی هەموو پێشمەرگەكانو هەمو ئەوانەی پەیوەندییان بەشۆڕشەوە هەیە.

٣- پێشمەرگەکان بەچەکداری دەمێننەوەو دەستکەوتەکانیش هەر لای خۆیان دەبێ.

٤- دەبێ بەرهەمی پیشەسازیو خۆراک بەسەر کوردەکاندا بەشێوەیەکی رێکوپێک دابەش بکرێو لەڕوی ئابورییەوە دەبێ کوردستان لەئازوقە بێ بەش نەکرێ.

٥- فەرمانبەرانی کورد جێگای فەرمانبەرە عەرەبەکانی ناوچە کوردنشینەکان دەگرنەوە.

٦- لەڕوی کەلتورو زانیاریو پەروەردەوە، مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق دەسەلمێنرێ.

٧- حکومەتی عیراق فێرگەو نەخۆشخانەی پێویست لەکوردستاندا دادەمەزرێنێ[(١٦)*].

---

* ئەرشیفی دەوڵەتی عیراق هیچ رێککەوتننامەیەکی وای تێدا نیەو مێژوی سیاسیی نوری سەعیدیش هیچ ئاماژەیەکی سەبارەت بەئیمزاکردنی رێککەوتننامەیەك لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا بۆ سەلماندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد تێدا نیە. ئەحمەد موختار بابان کە لەکابینەی ساڵی ١٩٤٣ی نوری سەعیددا وەزیری داد و لەساڵی ١٩٥٨ سەرەك وەزیرانی عیراق بوو, لەیاداشتەکانیدا کەساڵی ١٩٩٩ لەبەیروت بڵاو کرانەوەو دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ئامادەی کردوەو پێشەکیی بۆ نوسیوە, سەرەڕای ئەوەی کە لەچەند شوێنێکدا باسی بارزانییەکانی کردووەو دوو جاریش ناوی شێخ ئەحمەد بارزانیی هێناوە, بەهیچ شێوەیەك بەلای رێککەوتننامەیەك سەبارەت بەسەلماندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد نەچوە.

لەڕاستیدا دەشێ حەوت خاڵە ناوبراوەکە ئەو داوایانە بن کەوەك داوای سیاسی دران بەماجد مستەفا, وەزیری دەوڵەت کە لەساڵی ١٩٤٤دا پێی سپێردرابوو پەیوەندی بەمەلا مستەفاوە بکا. زیاتریش بیر بۆ ئەوە دەچێ کەئەم داوایانە بەنوسراوی نەدراونەتە ماجد مستەفا, بەتایبەتی کەدکتۆر موکەرەم تاڵەبانی لەکتێبەکەیدا سەبارەت بەحزبی هیوا, باسی حەوت خاڵ دەکا کەمەلا مستەفا بەهەماهەنگی لەگەڵ حزبی هیواو رەفیق حیلمیدا دابوی بەماجد مستەفا. بەڵام خاڵەکانی کەدکتۆر تاڵەبانی باسیان دەکا, لەهەندێ رووەوە جیاوازییان لەگەڵ ئەو خاڵانەدا هەیە کەدکتۆر شەمزینی

حکومــــەتی عـــــیراق بــــۆ یەکپـــارچە کردنــــی هـــەمو ناوچــــە کوردنشـــینەکان لــەچوار چێــوەی یــەکێ ناوچــەی ئۆتۆنــۆمدا پــڕۆژەی یاسایەکی تایبەتی ئامادە کرد. دوای مۆر کردنـی ڕێککەوتننامـەی ناوبراو لەلایەن نوری سـەعیدی سـەرەکێ وەزیرانـی عراقـەوە، شـەڕو پێکادان لەناوچەکانی شۆڕشدا نـەماو ئاسـایشو ئـارامی ناوچەکـەی گرتەوە. بـەڵام وەسـی عەبدولئیلاهــ دژی دەرکردنـی ئـەم یاسـایەو سەلماندنی مـافی ئۆتۆنـۆمی بـوو. لەسـەرێکی تریشـەوە پـەرلەمان ڕێککەوتننامەکەی بەدڵ نـەبو. بۆیـە لێـرەدا دەردەکـەوێ کـە مـۆر کردنــی ڕێککەوتننامەکــە لەلایــەن حکومــەتی نـوری سـەعیدەوە لەفێڵێکی سیاسی بەولاوە هیچ شتێکی تر نەبوە * .

بۆ ڕەت کردنەوەی داخوازی‌یەکانی گەلی کوردو خۆدەربـاز کـردن لەو بەڵێنانەی کە حکومەتی عیراق دابوی، دەبوایە حکومەتی نوری سەعید لاببرێو حکومەتێکی تر جێگای بگرێتەوە. لەمانگی ئایاری **١٩٤٤**دا حکومەتێکی تر بەسەرۆکایەتی‌ی حەمدی پاچەچی هاتە سەر

---

**بڵاوی کردونەتەوە. بونی جیاوازی لەناوەڕۆکی خاڵەکانـدا ئـەو ئەگـەرە زیـاد دەکـا کـە خاڵەکان بەسەرزارەکی پێشکەش کراون. (وەرگێڕ).**

*** نوری سەعید هیچ پڕۆژەیەکی بۆ ئۆتۆنۆمی نەبوو و ڕاپۆرتەکەی ساڵی ١٩٤٤ی بۆ حکومەتی عیراق هیچ دیدێکی سیاسـیی بـۆ چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـورد لێ هـەڵناکرێنرێو تـەنها بـاس لـەوە دەکـا کـە ناوچـە کوردنشـینەکان پێویسـتیان بـە ((بایەخێکی تایبەت)) هەیە. بەڵام لەبەرامبەردا نوری سـەعید پرۆژەیـەکی سـەبارەت بەدامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی کوردستان لـەلای خـۆی گەڵاڵـە کردبـوو و بەنیاز بوو ڕەفیق حیلمـی‌ی سـەرۆکی حزبـی هیـوا بکاتـە بەڕێوەبـەری گشـتیی ئـەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە, بەرەچاوکردنی ئەوەی کە لەو سەردەمەدا بەغدا پێی وابـوو لـەنێوان بزوتنەوەی بارزانو هەڵسوڕانی حزبی هیوادا پەیوەندییەکی بەتین هەیە(وەرگێڕ).**

کار. یەکەمین کرداری حەمدی پاچەچی، لابردنی پایەی وەزیری بێ وەزارەتی ماجد مستەفا بوو. قۆناغی گرتن، دەربەدەرکردن، خانەنشین کردنی فەرمانبەرانو دەرکردنی ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عیراق سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. حکومەتی عیراق کەوتەوە مۆڵدانی سوپا لەکوردستاندا. دەزگاکانی دەوڵەت جارێکی تر لەکوردستاندا دامەزرانەوە. حزبی هیوا روبەروی چەوسانەوەو راوناتێکی زۆر بوو.

کاربەدەستە ئینگلیزەکان نەیانتوانی ئەفسەرە کوردەکانی ریزی شۆڕش فریو بدەنو بیانگەڕێننەوە ریزی سوپا. ئەفسەرەکان شان بەشانی براکانیان دژی بریتانیاو نۆکەرانی تێکۆشان و بۆ سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەکە لیژنەی ئازادییان پێکهێنا.

بەیارمەتیو پشتگیری لیژنەی ئازادیو لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی تر خێڵو هۆزە کوردەکان یەکخرانو بەشێکی سەرانی خێڵەکان سوێندیان خوارد کە شۆڕش نافرۆشنو لەکاتی پێویستدا بەچەکەوە دێنە ریزی جولانەوەکەوە.

سەرکردایەتیی جولانەوەکە ویستی پەیوەندی بەکۆمەڵەی ژ.ک ەوە بکا بەلام سەرکردایەتیی ژ.ک کە لەو کاتەدا بەدەست قازی محەمەدەوە بوو هێندە بەتەنگ یارمەتیدانی کوردەکانی عیراقەوە نەبو. قازی محەمەد پێی ناخۆش بوو نوێنەرانی جولانەوەی چەکدارانەی کوردستانی عیراق سەردانی مەهاباد بکەنو بەبیانوی ئەوەی گوایە لێیان دڵنیا نیە، دەری دەکردن. بەلام ئەم هەڵوێستە رێگر نەبو لەبەردەمی دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانەو برایانە لەنێوان پێشمەرگەکانی عیراقو ئێراندا. ئەم پەیوەندییە ئەوەندە پەرەسەندو بوو، وەختێک پێشمەرگەکانی کوردستانی عیراق

پەڕینەوە ئەودیوی سنور، کوردەکانی ئێران پێشوازییان لێ کردنو بەپیریانەوە چون.

دروشمی سەرەکیی پێشمەرگەکانی کوردستانی عیراق بریتی بوو لە((خەبات دژی ئیمپریالیزمی بریتانیا، وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانو سەربەخۆیی نەتەوەیی گەلی کوردو دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ دەوڵەتە ئاشتی خوازەکانو کامپی سوسیالیستدا)).

دوای ئەوەی بۆ پێشمەرگەکان ساخ بۆوە کەوەسیو ئەندامانی پەرلەمانی عیراق داخوازییەکانی گەلی کورد ناسەلمێنن، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کەحکومەتی عیراق خۆی بۆ هێرشو پەلاماری سوپایی ئامادە دەکاو بڕیاری((تەمێ کردنی))کوردی داوە، ئەوانیش خۆیان بۆ ئەو بارودۆخە ساز کرد. ریزەکانی خۆیان ڕێکخستەوەو پەیوەندییان بە ناودارانی کوردی بەغدا، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، موسڵ و رواندزەوە کرد. لەسەرێکی ترەوە داخوازییە رەواکانیان لەریزی سەربازو ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عیراقدا بڵاوکردەوەو داوایان لێ کردن بێنە ریزی شۆڕشەوە. ئەو سەربازو ئەفسەرانە جێگای متمانەی سەرکردایەتیی سوپای عیراق نەبون. هەمیشە سوسەی دوژمنایەتی کردنی رژێمیان لێ دەکراو بۆ ئەوەی پەیوەندی بەشۆڕشەوە نەکەن رەوانەی بەرەکانی شەڕ نەدەکران. سەرکردایەتیی جوڵانەوەکە پەیوەندیی بەحزبو گروپە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی عیراقەوە کرد. داخوازییە رەواکانی گەلی کورد بۆ عەرەبەکان رون کرانەوەو پڕۆپاگەندەی نەتەوەپەرستو کۆنەپەرستانەی عەرەب کەبڵاویان دەکردەوە گوایە مۆسکۆ پاڵپشتی جوڵانەوەکەیەو ئامانجی پێشمەرگەکان

بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیزمو جێگیر کردنی نفوزی روسە لەعیراقدا، بەدرۆ خرایەوە. لەسەرێکی ترەوە نەتەوەپەرستو کۆنەپەرستانی عەرەب جوڵانەوەکەیان بەجوڵانەوەیەکی جیاخوازی دژی یەکێتیی سیاسیی عیراق دادەناو بالۆرەی ئەوەیان لێدەدا گوایە پێشمەرگەکان زۆر بەخراپی رەفتار لەگەڵ سەربازە عەرەبە دیلەکاندا دەکەنو تەنانەت بەزەییان بەئافرەتو منداڵیش دا نایەتەوە.

بۆ بەدرۆ خستنەوەی پرۆپاگەندەی کۆنەپەرستان، جوڵانەوەکە بانگەوازی بۆ سەربازانو ئەفسەرانو تێکڕای گەلی عیراق بڵاوکردەوەو ئاشکرای کرد کەپێشمەرگەکانی کوردستان((بۆ هێنانەدی مافە نەتەوەیییە رەواکانیانو پاراستنی قازانجی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشنو هەمیشەو هەرگیز دژایەتیی گەلی عەرەب ناکەن)). بانگەواز داوای لەسەربازە عیراقییەکان کرد دەستیان نەچێتە خوێنی برا کوردەکانیان کەدژی ستەمو رژێمی گەندەڵی پاشایەتی راپەڕیون. پێشمەرگەکان لەیەکێ لەبڵاوکراوەکانیاندا کە ئاڕاستەی سەربازانو ئەفسەرانی سوپا بەتایبەتیو گەلی عیراق بەگشتی کرابو بڵاویان کردەوە کەئەوان دژی گەلانی عەرەبو تورکو فارس نین. ئەوان بەم جۆرە باسی گەلانی دراوسێیان کرد کە((عەرەب، تورکو فارس دۆستو هاوڕێو برای خۆمانن. ئێمە بەئاشکرا دەڵێین کەیەکێتیی پیرۆزی کوردو عەرەب دەبێ بەردەوامو پەرەسەندو بێ. ئێمە مافە نەتەوەییەکانی گەلی عەرەبو خەباتی رزگاریخوازانەی دژی ئیمپریالیزمو ئیمپریالیستەکان لەپێناوی سەندنەوەی ئازادیی راستەقینەدا، دەسەلمێنین. دەبێ ئێمەی کورد شان بەشانی گەلی عەرەب لەپێناوی سەرەنگوم کردنی

رژێمـی کۆنەپەرسـتی گەنـدەڵی پاشـایەتیو رامـاڵینی سـتەمو ئیمپریالیزم لەوڵاتەکەماندا تێ بکۆشین))[17].

لەسـەرێکی تـرەوە پێشـمەرگەکان یاداشـتێکی کراوەیـان بـۆ کاربەدەستە ئینگلیزەکانی عیراق ناردو رونیـان کـردەوە کەشـۆڕشو جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان مەسـەلەیەکی نـاوخۆو دژی کاربەدەسـتە سـتەمدارەکانی عیراقـە کەگـەلی کـورد دەچەوسـێننەوەو مافـە نەتەوەییـەکانی زەوت دەکـەن. پێشمەرگەکان داوایان لـەئینگلیزەکان کـرد یارمـەتیی حکومـەت و سوپـای عـیراق نـەدەنو بریتانیـا کـاری بەشـەڕی دژی پێشـمەرگەوە نەبێ. ئەوان لەیاداشتەکەیاندا نوسی بویـان((ئێمـە لەگـەڵ بریتانیـا بەشەڕ نایەین، بۆچی فرۆکەکانتان دێهاتمـان بۆردومـان دەکـەنو ژنو مناڵمان دەکوژن))[18].

دەوڵەتی عیراق **٣٠** هەزار سەربازی تفەنگدارو **١٢** هەزار پۆلیسی بۆ کوژاندنەوەی جوڵانەوەکە بەگەڕ خست. هێرش لەچەند لایەکەوە دەستی پێ کرد: زاخۆ، ئامێدی، ئـاکرێو روانـدز. هێـزی ئاسمـانیی عیراق هەمو فرۆکە شـەڕکەرەکانی لەفڕگـەکانی هـەولێرو موسـڵەوە کـۆکردەوە[19]. لـەو شـەڕانەدا رابەرایـەتی کردنـی سوپـای عـراق بەجەنراڵ رنتن سپێردرا کە بـە((مشـکی بیابـان))ناسـرابو. جـەنراڵ رنتن ملیتارێکی شارەزاو لەجـەنگی دوەمـی جیهانـدا لەشـەڕەکانی باکوری ئەفریقادا بەشدار بوو.

خـەباتی چەکدارانـە بـەگوڕێکی زۆرتـر دەسـتی پـێ کـردەوەو بەرهەڵستی پەرەی گرت. شەڕی خوێنـاوی لـەتێوان سوپـای عـیراقو پێشمەرگەدا رویدا. سوپای عـیراق کـە نەیـدەتوانی بەرگـەی شـەڕی شـاخاوی بگـرێ زیـاتێکی زۆری لێ کـەوت. کـورد لەهـەمو لایـەکی

کوردستانەوە هاتە ریزی شۆڕشەوە. جوڵانەوەکـە روخسـارو مـۆرکی جوڵانەوەیەکی گشتلاییی گرتە خۆ. کەرتـەکان بەشێوەیەکی چاک رێکخرابون. پێشمەرگەکان بەشێکی زۆری ناوچەکانی زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، زێبارو رواندزیان کۆنترۆڵ کردو خۆیان بۆ هێـرش کردنـە سـەر ناوچە ستراتیجییەکان ئامادە کرد. بارودۆخی ناوچەکـە زۆر ناسـک بوو. حکومـەت ناچـار بـوو لـەیانزە مـەڵبـەنـدی ناوچـەکانی شـۆڕش بکشێتەوە. حکومەتی پاشایەتی کەهەستی بەلاوازیی خـۆی دەکـرد لەناوچە کوردنشینەکاندا یاسای هەڕەمەکیو دادگـای هەڕەمـەکیی راگەیانـد. دۆخـی ناوچەکـە بەڕادەیـەک شـێوا، بریتانیـا خـۆی پـێ رانـەگیراو ناچـار بـوو مەسـەلەکە یـەکلایی بکاتـەوە. پـاش ئـەوەی ئنگلیزەکان لاوازیی حکومەتی عیراقیان بۆ ساخ بۆوە، بەبێ گوێدانە پرۆتۆکۆلە دیپلوماسییەکان دەستیان درێـژ کـردە نـاو مەسـەلەکەو ئەوەی جـاران ناویـان نـابو ((دەس تێنـەوەردان لـەکاروباری نـاوخۆی دەوڵـەتێکی سەربەخۆی وەک عیراق))پێشیلکراو خرایە ژێـر پـێوە. لەجیاتی کۆرنوالیسیش باڵوێزێکی تر بۆ بریتانیا لەبەغدا دانرا.

دەزگاکانی ئینگلیز پرۆپاگەندەیەکی خەستیان دژی پێشـمەرگەو حزبـی رزگـاریی کـورد گوایـە نۆکـەری مۆسـکۆو تامـەزرۆی دامەزرانـدنی رژێمێکـی کۆمۆنیسـتە بڵاوکـردەوە. ئـەو هـەمو پرۆپـاگەندەیە بـێ سـود بـوو. ژمارەیـەکی کـەمی کـوردو سـەرانی خێڵـەکان نـەبێ کـەس بـڕوای بـەو پرۆپـاگەندانە نـەکرد. بەشـێکی سـەرانی خێڵـەکانو چەنـد دەرەبـەگێکی وەک شـێخ رەشـید لـۆلان، رەشید بـەگی برادۆسـت، ئەحمـەد ئاغـاو مـەحمود ئاغـای زێبـاری، بەشـێکی خێڵـی سـورچیو کـەلحی ئاغـای رێکـانی شـان بەشـانی هێزەکانی عیراق لەدژی بزوتنەوەکە چەکیان هەڵگرت.

تا ئەو کاتە پێشمەرگە تەنگی بەسوپای عێراق هەڵچنی بوو بەڵام بەشداربونی هێزی ئاسمانیی بریتانیا پارسەنگی هێزەکانی گۆڕی. فڕۆکەکانی دەوڵەتی شاژنی بریتانیای مەزن بەهەزاران بۆمب ناوچە کوردنشینەکانیان بۆردومان کرد. سەبارەت بەم بۆردومانە رامبۆ نوسیویەتی((بۆردومانەکە یەکجار توندوتیژو بێ بەزەییانە بوو))[20].

ئەم دەستێوەردانەی بریتانیا سەرکردایەتیی جوڵانەوەکەی ناچار کرد بەهەڵوێستی خۆیدا بچێتەوەو رو بکاتە ناوچە شاخاوییەکان. بەڵام سەرەڕای رەفتاری دڕندانەی دوژمن جوڵانەوەکە تا پایزی **١٩٤٥** درێژەی کێشا*.

---

* پشێوییەکان لەساڵی ١٩٤٣دا لەبارزان دەستیان پێ کرد بەڵام تەنها لەساڵی ١٩٤٥دا, پاش پێکهێنانی لیژنەی ئازادی, بزوتنەوەیەکی نەتەوەییی خاوەن داواکاریی سیاسییان لێ کەوتەوەو پێش ئەوە لەبزوتنەوەیەکی خێڵەکیی خاوەن بەرژەوەندیی تەسك بەولاوە هیچی دی نەبون.

پشێوییەکان بەسێ قۆناغدا تێپەڕین. قۆناغی یەکەم قۆناغی جوڵانەوەی خێڵەکییە کە لە٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣وە, بەهێرش کردنە سەر بنکەی پۆلیسی شانەدەری دەست پێ دەکاو لە ٢٩ی تشرینی دووەمدا, لەگەڵ دروستبونی یەکەم پەیوەندی لەنێوان مەلا مستەفا بارزانیو بەغدادا, کۆتاییی دێ. مەلا مستەفا بارزانی کەتازە لەسلێمانی رایکردبوو و خۆی گەیاندبوە زێدگای خۆی, لەو قۆناغەدا تەنها یەك داوای لەحکومەت هەبوو ئەویش رێدان بوو بەبارزانییەکانی تاراوگە کەحکومەت بۆ حللە دوری خستبونەوە, بۆ گەڕانەوە بۆ بارزان.

قۆناغی دووەم کەدرێژترین قۆناغەکانی پشێوییەکان پێکدێنێو زیاد لەساڵو نیوێکی خایاند, قۆناغی ئاگربڕ بوو کە لە٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ـەوە دەستی پێ کردو تا مانگی ئابی ١٩٤٥ درێژەی کێشاو تێیدا مەلا مستەفا, وەك نەریتێك کە لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە داکەوتبوو, بۆ نواندنی دڵسۆزیو گوێڕایەڵی, سەردانی بەغدای کرد.

لەمانگی ئەیلولدا مەلا مستەفاو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دوای رەچاوکردنی ئەوەی کەهێزی پێشمەرگە توانای بەرگریی نەماوەو وەرزی زستان نزیک بۆتەوە، بڕیاریان دا پەنا بەرنە بەر ناوچەی بێلایەنی نێوان هاوپەیمانەکان(واتە ناوچەی باکوری رۆژئاوای ئێران کە لەناوەڕاستی هەردو ناوچەی نفوزی سوپای سۆڤێتو سوپای بریتانیادا بوو). دوای چەند پێکداداتێکی خوێناوی، پێشمەرگەکان پەڕینەوە ئەودیوی سنور. لەو جوڵانەوەیەدا هێزی پێشمەرگە توانی **٩** فرۆکە بخاتە خوارێ. دەسکەوت **٨** دەزگای بێ تەل، **٤٠٠** نارنجۆک، **٢٠٠٠** تفەنگو زیاتر لە **١٠٠** هەزار فیشەک بوو[٢١].

جوڵانەوەی چەکدارانەی **١٩٤٣ –١٩٤٥** بەئاشکرا دژی ئیمپریالیزم بوو. کاربەدەستە ئینگلیزو عیراقییەکان چەند دادگایەکی هەڕەمەکییان پێک هێناو بڕیاری لەسێدارەدانی **١١١** کەسیان دەرکرد. هەمو ڕێکخراو و گروپە پێشکەوتنخوازەکانی کوردی عیراق هەڵوەشێنرانەوە. چەندەها کەس کوژرانو زیندانی کران. بەشێکی

---

**قۆناغی سێیەم قۆناغی گۆڕانی بزوتنەوە خێڵەکییەکەیە بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی بەهۆی خۆتێهەڵقورتاندنی ئەندامانی حزبی هیواوە کەئومێدەوار بون بتوانن رەنگێکی سەرتاسەریی بدەنێ. ئەم قۆناغە لە ٨ی ئابی ١٩٤٥ ـەوە دەست پێ دەکا, کاتێك حکومەتی حەمدی پاچەچی لەراگەیاندنێکی رەسمیدا وەزیری بەرگریی راسپارد هەمو تەگبیرێکی پێویست بۆ داگیرکردنی ناوچەی بارزان بگرێتە بەرو لە ١١ی تشرینی یەکەمدا, کاتێك بارزانییەکان لەسنور پەڕینەوە بەرەو ئێران, کۆتاییی دێ. پاش دەست پێکردنی شەڕ لە ٢٥ی ئابدا, هێزی بارزانییەکان تەنها ٢٢ رۆژ خۆی راگرتو پاش دڵنیابون لەدژواریی بەردەوامبون, سەرکردایەتیی جوڵانەوەکە بڕیاری پەنا بردنە بەر ئێرانیدا (وەرگێڕ).**

زۆری ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عیراق دەرکران. تەنانەت ئەو کەسانەش کە تەنها گومانیان لێ دەکرا دەستگیر کران. ژمارەیەکی زۆری کرێکاران، مامۆستایان، مافناسان، سەربازان، ئەفسەرانو هی تر پۆل پۆل خرانە زیندانو گرتوخانەکانەوە. هەموو جۆرە کۆڕ، رێکخراو، رۆژنامەو گۆڤاری کوردی بەتەواوی قەدەغە کرا.

پێش ئەوەی پێشمەرگەکانی کوردستانی عیراق بەرەو ناوچە کوردنشینەکانی ئێران(ناوچەی مەهاباد) بکەونە رێ، سەرکردایەتیی جولانەوەکە نوێنەری خۆی بۆ مەهاباد نارد بۆ ئەوەی چاوی بەکۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی ژ.ک بکەوێ کەئەوکاتە قازی محەمەد رابەری بوو. پێشمەرگەکان داوای یارمەتییان لەکۆمەڵەی ژێ کاف کرد. بەڵام قازی محەمەد ئارەزوی یارمەتیدانی کوردەکانی عیراقی نەبو. کوردەکانی ئێران بەهەمو هێزو تواناوە یارمەتیی ئاوارە کوردەکانی عیراقیان داو لەم بارەیەوە خەڵکی ناوچەکانی تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، شنۆ ومەهاباد نەخشێکی دیاریان نواند. قازی محەمەد تەنها پاش ئەوەی هێزەکانی ئێران هەڕەشەیان لەکۆماری مەهاباد کرد هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە پێشمەرگەکانی کوردی عیراق گۆڕیو بۆ پاراستنی ناوچەکانی سنوری سەقزو سەردەشت پشتی پێ بەستن.

ئینگلیزەکان لەوە دەترسان کوردەکانی ئێران پشتگیریی کوردەکانی عیراق بکەن. بۆ زڕاندنی ناوبانگی پێشمەرگە کوردەکانی عیراق بە گشتیو ئەفسەرە کوردەکان بەتایبەتی، دەزگای ئینتلجنس سێرڤس دەستی بەپرۆپاگەندەیەکی خەست کردو بڵاوی کردەوە گوایە ئەو پێشمەرگانە سەر بە بریتانیانو بەئیشوکاری تایبەت، رەوانەی کوردستانی ئێران کراون. بڵاوکردنەوەی ئەو پرۆپاگەندە ژەهراوییانە بەچەند نۆکەرێکی بەرەگەز کورد سپێردرا.

ئینگلیزو حکومەتی عیراق چەند جارێک لەدەوڵەتی ئێران داواکار بون پێشمەرگە عیراقی‌یەکان بگرێو بەعیراقیان بداتەوە بەڵام لەو کاتەدا حکومەتی شا بەجۆرێک لاوازو بێدەسەڵات بوو کەنەیدەتوانی بپرژێتە سەر جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

دوای هاتنی کوردەکانی عیراق بۆ کوردستانی ئێران، ماوەیەک خۆیان لەهەمو جۆرە چالاکی‌یەک دورخستەوەو لەجوڵانەوەی دیموکراتی ئێراندا بەشدار نەبون بەتایبەتی کە قازی محەمەد نەیدەویست لەو جوڵانەوەیەدا بەشداری بکەن. بەڵام دوای مشتومڕێکی زۆر توانی‌یان نەخشێکی دیار لەجوڵانەوەکەدا بگێڕنو لەم سەروبەندەشدا خۆیان بەپشتیوانی خەباتی کوردی ئێران بۆ پێکەوەنانی کۆمارێکی ئۆتۆنۆم دانا. لەهەمان کاتدا لەگەڵ هێزە دیموکراتەکانی ئێراندا پەیوەندی‌یان دامەزراند. بەشداربونی کاریگەرانەی کوردەکانی عیراق لەدامەزراندنو پتەوکردنی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێراندا کە تینێکی زۆری بە جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستان دا، مایەی کینەی دوژمنانی ئازادیی گەلی کورد بوو نەک تەنها لەئێراندا بەڵکو هەروا لەعیراقو تورکیاش. ئەو مشتومڕەی کە لەکانونی دوەمی **١٩٤٦**دا لەناو پەرلەمانی عیراقدا کەوتە گەڕ بەخۆڕایی نەبو. ئەندامانی پەرلەمان سەرەڕای ئەوەی کە دانیان بەمەسەلەی کورددا نەدەنا بەڵام ناچار بون لەگفتوگۆکانی خۆیاندا باسی بکەن. سەرەک وەزیرانی ئەوسای عیراق تۆفیق سویدی لەکۆبونەوەی رۆژی **٢٥**ی مارتی **١٩٤٦**ی خولی رێکخراوی دەوڵەتە عەرەبی‌یەکاندا لەقاهیرە وتی((لەعیراقدا، مەسەلەی کورد نیە))[٢٢].

هەڵوێستی عەرەبە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان سەبارەت بەمەسەلەی کورد پێچەوانەی هەڵوێستی کۆنەپەرستانی عەرەبو نۆکەرانی ئیمپریالیزم بوو. بۆ نمونە رۆژنامەی((لواء الاستقلال))لە شوباتی **١٩٤٨**دا لەم بارەیەوە نوسیویەتی((ئێمە لەچاخی رزگاریی گەلاندا دەژین. بۆ پێشکەوتنی خۆمان، دەبێ رێگای ئاسایی هەڵبژێرین. با پێشکەوتنی گەلەکەمان ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی نیشتمانیمان بێ هەم سەبارەت بەعەرەبو هەم سەبارەت بەجولاَنەوەی نەتەوایەتیی کورد بەتایبەتی کەئەزمونەکان ساخیان کردۆتەوە کە جولاَنەوەی نەتەوایەتیی عەرەبو جولاَنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەسەر مەسەلەی دابین کردنی قازانجی گشتیی عیراق یەکدەنگن)).

## ب – لەئێران

پێش بەرپابونی جەنگی دوەمی جیهان حکومەتی ئێران بێ لایەنیی خۆی راگەیاندبو بەلاَم پەیوەندیی نێوان ئێرانو ئەڵمانیا بە ئەندازەیەکێ پەرەی سەندبو ئێران وەکێ بنکەیەکی سەرەکیی گەستابۆ لەرۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا دژی یەکێتیی سۆڤێت بەکار دەهێنرا.ئەڵمانیای هتلەری لەهەمو گروپە فاشستەکانی ئێران پشتیوانیی دەکرد، بەچەکێو پارە یارمەتیی دەدانو دەزگا دەوڵەتییەکانی ئێرانی بەپسپۆرو راوێژکاری ئابوریناسو ملیتاریو ژیۆلۆژیزان موتوربە دەکرد. لەسەرێکی ترەوە حکومەتی شا ئاواتی فراوانخوازیی هەبو، مرخی لەئاسیای ناوەڕاستو ئەودیوی کافکاس خۆش کردبوو و دەیویست بەیارمەتیی ئەڵمانیای فاشست بیانخاتەوە سەر ئێران.

دوای هێرشەکەی ئەڵمانیای هتلەری بۆ سەر یەکێتیی سۆڤێت، حکومەتی یەکێتیی سۆڤێت سێ جار لە **٢٦**ی حوزەیران و **١٩**ی تەموزو **١٦**ی ئابی **١٩٤١**دا حکومەتی ئێرانی ئاگادار کردەوە کە پێویستە سنورێک بۆ چالاکییەکانی گەستابۆ لەئێران دانێ. بەڵام حکومەتی ئێرانو بەتایبەتی رەزا شا گرنگیی بەم مەسەلەیە نەدا، هەمو یاداشتەکانی یەکێتیی سۆڤێتی فەرامۆش کردو چالاکیی گەستابۆی لەکار نەخست. لێرەدا بەپێی خاڵی شەشەمی پەیمانی ساڵی **١٩٢١**ی نێوان یەکێتیی سۆڤێتو ئێران، سوپای سۆڤێت سنوری ئێرانی شکاندو بەشێکی ناوچەکانی کوردستانو ئازەربایجانی ئێرانی کۆنترۆڵ کرد. هەر لەهەمان کاتیشدا سوپای بریتانیا لەرۆژئاواو باشورەوە چوە ناو ئێران.

هەمو نەخشە فراوانخوازییەکانی رەزا شا پەهلەوی کەدەیویست بەپشتیوانیی ئەڵمانیاو لەسەر حیسابی یەکێتیی سۆڤێت پەرە بە نفوزی خۆی بدا، هەڵوەشانەوە. رەزا شا لەکار خراو محەمەد رەزای کوڕی بەشاهنشای ئێران دانرا. هەمو نوێنەرە دەوڵەتیو راوێژکارە ئەڵمانەکان لەئێران دور خرانەوە. پاشان لەنێوان هەردو ناوچەی نفوزی سوپای سۆڤێتو بریتانیادا ناوچەیەکی بێلایەن کە مەهابادو خێڵەکانی موکری دەگرێتەوە دیاری کرا.

روداوەکانی ئابی **١٩٤١**، لەکار خستنی رەزا شا، مۆرکردنی پەیمانی سێ قۆڵیی نێوان یەکێتیی سۆڤێتو بریتانیاو ئێران لە**٢٩**ی کانونی دوەمی **١٩٤٢**دا، پچڕاندنی پەیوەندیی دیبلۆماسیانەی نێوان ئێرانو ئەڵمانیاو راگەیاندنی شەڕ دژی بەرەی فاشستیی جیهان — ئەم روداوانە گەشەیان بەژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسیی ئێران دا. لەپایزی **١٩٤١**دا سەدان تێکۆشەرو هەمو سەرانی جوڵانەوەی

دیموکراتی ئێران کە لەسایەی رژێمی رەزا شادا زیندانی کرابون، ئازاد کران. جوڵانەوەیەکی سیاسی کەئامانجەکەی هێنانە کایەی ژیاتێکی دیموکرات بوو وڵاتی تەنییەوە. گەلانی ئێران هەمو کۆتو زنجیرەکانی رژێمی دکتاتۆری شایان پچڕاندو بەئومێدی هێنانە کایەی ژیاتێکی دیموکراتی ئاسودە بون. لەسەرانسەری وڵاتدا رۆژنامە دیموکراتەکان کەدەرخەری ویستو ئارەزوی گەلانی ئێران بون، داوای ریفۆرمی تازەو ریشەداریان کرد. لەئۆکتۆبەری **١٩٤١**دا حزبی تودەی ئێران دامەزراو هاتە سەر شانۆی سیاسەت. ئەو حزبە کرێکاران، رەنجدەران، روناکبیرە دیموکراتو لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی تری وڵاتی لەژێر ئاڵاکەیدا کۆکردەوە.

لەکۆتاییی ساڵی **١٩٤٢**دا حکومەتی ئەمریکا بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی یاساییی هەبێ بەبیانوی دەستەبەرکردنی گەیاندنی چەکو کەرەستەی جەنگی بۆ یەکێتیی سۆڤێت سوپای خۆی رەوانەی ئێران کرد. پسپۆرانو راوێژکارە ئەمریکییەکان(کۆمیسیونی مێژەر جەنرال ریدلی)، راوێژکارانو ئابوریناسەکان(کۆمیسیونی میلسپو)و هی تر رژانە سەر ئێران. تا بڕانەوەی شەڕ هەردو سوپای بریتانیاو ئەمریکاو راوێژکارە بێگانەکان هەمو جۆرە دەسەڵاتێکیان لەئێراندا بەدەستەوە بوو. ئەمە ژیانی ئابوریی ئێرانی شێواند. ژیانی ئابوری، دارایی، سوپا، پۆلیس، ژاندارمو دەزگای ئاسایش بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ — ئەمەریکاندا بون. بە بەرچاوی کاربەدەستە ئینگلیزو ئەمریکییەکانەوە قاچاخچێتیو بازاڕی رەش پەرەی سەند. لێرەدا دەبێ باسی ئەوەش بکرێ کەهەلومەرجی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی سوپای سۆڤێت جیاو بەپێچەوانە بوو.

دژایەتی کردنی جولانەوەی دیموکراتی، ئەرکی سوپای بریتانیاو ئەمریکا بوو. ئینگلیزو ئەمریکی یەکان دەستیان بە سەقامگیرکردنی سیستەمی روخاوی پۆلیسو دەزگا حکومی یەکانی ئێران کرد. کۆنەپەرستانی ئێران بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی خۆیان بەوان پشت ئەستور بون. کاربەدەستە ئینگلیزو ئەمریکی یەکان داوایان لەگەلی کورد کرد چیتر دژی ئێرانو رژێمە دکتاتۆرەکەی خەبات نەکا. بەلام گەلی کورد وازی لەخەباتی رزگاریخوازیی خۆی نەهێنا. دەبێ ئەوەش باس بکرێ کە لەسەرانسەری ولاتدا دەردی کۆمەلایەتی، هەرا، گێرەشێوێنیو نائارامی بلاوبۆوە. رەفتاری پۆلیس، ئاسایش، ژاندارم، چەتە چەکدارەکانی دەرەبەگو خاوەندارەکان ئەوەندەی تر هەلومەرجی ولاتی ناخۆشتر کرد. حکومەتی ئێران بۆ ریشەکێش کردنی ئەو دیاردانە هیچ شتێکی نەکرد، ئەوەندە کەم تەرخەم بوو تەنانەت بیری لەچارەسەر کردنی ئەو بارە نائاساییەش نەدەکردەوەو هیچ سنورێکی بۆ رەفتاری کۆنەپەرستانو ملیتارەکان دانەنا. بەریتل، سو، قاچاخچێتی، دزی، تەلەکەبازیو بازاڕی رەش بەبەرچاوی کاربەدەستانەوە پەرەی سەند. شایانی باسە کەپۆلیسو ژاندارمی ئێرانو لایەن کۆنەپەرستە دەرەبەگەکان تاوانی دڕندەیان دژی خەلکی کورد ئەنجام دا. سەرباری هەرەس هێنانی ژیانی ئابوری، کورد بەدەم چەوسانەوەی نەتەوایەتیشەوە دەینالاند. لەو هەلومەرجەدا لەکۆتاییی سالی **١٩٤٢**دا کۆمەلەی ژ.ک کە پاشان بەتێرو تەسەلی باسی دەکەین دامەزرا.

بۆ رێگرتن لەدامەزراندنی یەکێتیی سیاسیی ناوچەی بێ لایەنی کوردستانی ئێران، لەسالی **١٩٤٢**دا کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ هەلپەساردنی چالاکیی هەمو دەزگاکانی بەڕێوەبردن کەکوردەکان

لەخۆیانــەوە پــێکەوەیان نــابون، کەوتنــە گــەڕ. ئینگلیزەکــان دەیانویست ناوچەی بێلایەن(کە بەپێی پەیمانە سێ قۆڵیەکەی بریتانیا، یەکێتیی سۆڤێتو ئێران دیاری کرا بوو)بخەنە سەر ناوچەی نفوزی خۆیانو بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە دنەدانی محەمەد رەشید خان. محەمەد رەشید خان بە هۆی کەم دەسەڵاتیو شپرزەییی سوپای ئێرانەوە زۆر بەئاسانی شارەکانی بانە، سەردەشتو سەقزی خستبوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بەڵام تەوژمی دیموکراتیو هۆشیاریی خەڵکی کوردستان هەمو رەنجی ئینگلیزی بەبا دا. پاش ماوەیەک محەمەد رەشید خان بەفیتی ئینگلیز دیسانەوە یاخی بوو. ئەمجارەیان دەیویست فەرتەنەو هەرایەکی زۆر لەناوچەکەداو پاشان هەمان هەرا لەناوچەی نفوزی سۆڤێت بنێتەوە. بەڵام ئەم پلانەشیان سەری نەگرتو ئەوەی کەڵکی لێ وەرگرت جەنراڵ رەزم ئارا بوو کەتوانی ئارامیی ناوچەکە بپارێزێو لەبری ئەمە حکومەت مەدالیای خەڵات کرد.

لەهاوینی ساڵی **١٩٤٣**دا ئینگیزەکان لەناوچەی بۆکان لەئەحمەد ئیلخانی زادەو کەساتێکی تر پشتیوانییان کردو هەر بەفیتی ئەوان ناوبراوەکان دژی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان چەکیان هەڵگرت بەتایبەتی کە ئینگلیزەکان بەڵێنیان پێ دابون موچەیەکی دیاریکراویان بۆ ببڕنەوەو ژیانی خێزانەکانیان مسۆگەر بکەن. لەسەرێکی ترەوە ئینگلیزەکان ئاگری تایفەگەرییان خۆش کردو ویستیان موسڵمانو ئەرمەن، کوردو ئازەر، ئازەرو ئاشوری بەر بدەنە گیانی یەکتری. کاربەدەستە ئینگلیزەکان ویستیان ئاشورییەکان دژی جولانەوەی دیموکراتی کوردستانو ئازەربایجان بەکار بێنن

بەڵام ئەم فێڵەیان سەری نەگرتو ئاشوورییەکان بەڕونی پێشانیاندا کەئەوانیش لەجوڵانەوەی دیموکراتیدا بەشداری دەکەن.

وەک دەردەکەوێ هەمو هەوڵو رەنجی کاربەدەستە ئینگلیزەکان بۆ گێرەشێوێنیو ئاژاوەنانەوەو تێکدانی ئارامیی ناوچەی بێ لایەنی کوردستانی ئێرانو ناوچەی نفوزی یەکێتیی سۆڤێت سەری نەگرتو ئەوەی ئەوان دەیانویست نەهاتە دی. دیارە مەبەستی کاربەدەستە ئینگلیزەکان لەم ئاژاوەنانەوەیەدا رێ گرتن بوە لەپەرەسەندنی جوڵانەوەی دیموکراتی ئەو بەشەی کوردستان.

بەرژەوەندیی ئینگلیز لەوەدا بوو کەحکومەتێکی کۆنەپەرستی بەهێز لەئێراندا بێتە سەر کار. لەبەر ئەوە بەجۆرێک لەحکومەتی شا پشتیوانییان دەکرد کەبتوانێ جوڵانەوەی دیموکراتی دابمرکێنێ. حکومەتی شا هەڵوێستی شۆڤێنیستیی خۆی بەرامبەر بەگەلانی ئێران نەگۆڕی، هەمیشە لەسەر سیاسەتی رەگەزپەرستی سور بوو و بڵاوی کردەوە گوایە لەنەتەوەی فارس بەولاوە هیچ نەتەوەیەکی تر لەئێراندا نیە. لەم بارەیەوە رۆژنامەی((ئاراس))نوسیویەتی((بەڵام لەم وڵاتەدا(واتە ئێران — نوسەر) کورد زمانو وێژەو مێژوی تایبەتی خۆی هەیە. ئەگەر رۆژنامەکانی ئەمڕۆی ئێران داوا لەیەکێو نیو ملیۆن کوردی ئێران بکەن بەئێرانچێتیی خۆیەوە بنازێ، ئاخۆ هەڵوێستیان بەرامبەر بەحەوت ملیۆن کوردی تورکیا، عیراقو سوریا چی بێ. دەبێ ئەوە بزانن کەکورد بۆ بەدی هێنانی ئامانجە گەلاوەکانتان خوێنی رۆڵەکانی خۆی بەفیڕۆ نادا. ئەمڕۆ کورد هۆشیار بۆتەوە. ئەو رۆژگارەی کورد تیێدا سوتەمەنیی شەڕی سەفەویو سوڵتانە عوسمانییەکان بوو(واتە شەڕەکانی سەدەی شانزەهەمو سەرەتای سەدەی هەژدەهەم) هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێتەوە. گەلی

کورد لەئەنجامی تێکۆشانی سەختو درێژخایاندا لەڕوی سیاسی‌یەوە بەئاگا هاتوە. ئەمڕۆ کورد دەزانێ ئامانجو بەرژەوەندیی خۆی چیە. لەبەر ئەوە دوای بڕانەوەی جەنگ، دەبێ ئەم دە ملیۆن کوردە بە مافە نەتەوەیی‌یە رەواکانی شادو بەختەوەر بێ)) [٢٣].

خەڵکی کوردستانی ئێران لەساکارترین مافی دیموکراتی‌ی وەک بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی‌و ئۆتۆنۆمی بێ بەش بونو هەمو فەرمانبەرە گەورەکانو بەڕێوەبەرانی دەزگا دەوڵەتی‌یەکانی ناوچەی کوردستان فارس بون یاخود لەوانە بون کە لەناوچەکانی تری ئێرانەوە رەوانەی کوردستان کرابون. بارودۆخی ناوچەی نفوزی یەکێتی‌ی سۆڤێتو ناوچەی بێ لایەن(واتە ناوچەی مەهاباد) زۆر لەبارودۆخی ناوچەی نفوزی بریتانیاو ئەمریکا جیاواز بوو. روخانی رژێمی دکتاتۆری رەزا شا پەهلەوی‌و بەتایبەتی پەڕینەوەی سوپای سۆڤێت لە **٢٥**ی ئابی **١٩٤١**دا بۆ ئەودیوی سنوری ئێران، گەلانی ئێرانی لەکارەساتی فاشیزمو رژێمی رەزا شا رزگار کردو رێی بۆ پێشکەوتنی هێزە نیشتمانی‌یەکان خۆش کرد. لەو هەلومەرجەدا کورد هەوای پاکی ئازادیی هەڵمژی.

لەناوچەی بێلایەندا چەند رێکخراوێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ بەبێ دەستێوەردانی لایەنە دەوڵەتی‌یەکان پەیدا بون. ئەو رێکخراوانە چالاکی‌ی فەرمانبەران، دەزگا دەوڵەتی‌یەکان، ئاسایش، پۆلیسو ژاندارمیان هەڵپەساردو چەوسانەوەی نەتەوایەتی‌یان رامالی. سوپا، دەزگای ئاسایش، پۆلیسو فەرمانبەرە ئێرانی‌یە لەخۆترساوەکان لەترسی کوردەکان ناوچەکەیان چۆڵ کرد. ژمارەیەکی زۆری چەکو کەرەستەی جەنگی بۆ کورد مایەوە. بەڵام سەبارەت بەو ناوچانەی کەهێشتا سوپا چۆڵی نەکردبوو و ئێرانی‌یەکانی

ناویشی خۆیان بەدەستەوە نەدابوو، بڕیار درا زەبروزەنگ لەدژیان بەکار بهێنرێ. بەم جۆرە، چالاکی‌ی فەرمانبەرانی دەوڵەت هەڵپەسێردراو دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی لەناوچەکەدا نەما. لەڕاستیدا ئەوەی لەو ناوچەیەدا فەرمانڕەوا بوو، خودی کورد بوو.

کوردەکان دەسکاری‌ی شێوەی ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی جارانیان نەکرد. بەڕێوەبەرانی ناوچەکە، شارەوانی، دەزگاکانی دەوڵەت، پۆلیس‌خانەو ژاندارم بەهەڵبژاردنی ئازاد دیاری کران. کوردەکان خۆیان ئارامی‌ی وڵاتیان پاراست، بازرگانی‌یان ڕێکخستو سیستەمی خوێندنیان گۆڕی. لاچونی چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەو بەشەی کوردستاندا، ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی کەمیش بوو، دەرفەتێکی لەباری بۆ گەشەکردنی وێژەی کورد پێک هێناو جارێکی تر بۆ جیهانی سەلماندەوە کە کورد وەک گەلانی تری سەر روی زەمین بەهرەو توانای تایبەتی هەیە. دەزگا کوردی‌یەکانی بەڕێوەبردن دەریانخست کە ئەوان لەدەزگا ئێرانی‌یەکانی بەڕێوەبردن کەگوایە لەم بارەیەوە شارەزایی‌ی سێ هەزار ساڵیان هەیە، سەرکەوتوترن. کوردەکان بەهیچ جۆرێک نەیانهێشت دەزگاکانی حکومەتی ئێران لەکوردستاندا فەرمانڕەوایی‌ی خۆیان بسەلمێنن.

لەو هەلومەرجە سیاسی‌یەدا پاش ئەوەی مژدەی رزگاربونی ناوچەی مەهاباد لەسەرانسەری کوردستاندا بڵاوبۆوە، لەساڵی **١٩٤٢**دا نوێنەرانی حزبی هیوا بۆ پەیوەندی کردن بەجوڵانەوەی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوەو بەمەبەستی داڕشتنی کارنامەیەکی سیاسی‌ی هاوبەش سەردانی مەهابادیان کرد. رزگاربونی ئەو بەشە لەسەرانسەری کوردستاندا دەنگی دایەوە. خەڵکی کوردستان هێندە بەتەنگ کۆمارەوە بون ئامادە بون بۆ پاراستنی درێخی لەگیانبازی‌و

فیداکاری نەکەن. دامەزراندنی کۆماری مەهاباد کە یەکەمین کۆماری دیموکراتی مێژوی کوردستانە مایەی نیگەرانیی ئەنگلۆ-ئەمەریکانو کۆنەپەرستانی ئێران بوو. هەمو پیلانەکانی ئنگلیز دژی کۆماری مەهاباد هەڵوەشانەوە. هەر بەفیتی ئینگلیزیش خێڵەکانی دیبوکری هەراو ئاژاوەیان لەناوچەی بۆکان نایەوەو هەندێ زەویو زاری ناوچەی میاندواویان زەوت کرد. بەڵام پاشان مەسەلەکە بەهێمنی چارەسەر کراو ئارامی جارێکی تر ناوچەکەی گرتەوە. ئینگلیزەکان دانیان بەشکستی خۆیاندا نەناو سەریان بۆ راستی کەچ نەکرد. لەساڵی **١٩٤٦**دا تورکیاو عیراق بەپشتگیریی دەزگا ئیمپریالیستەکانی ئەنگلۆ — ئەمەریکان چوار پیلانیان دژی جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستانی ئێران گێڕاو لەو نەخشانەدا بەدەرەبەگە خۆجێکان پشت ئەستور بون بەڵام هێزە دیموکراتەکانی کوردستانی ئێران هەمو هەوڵەکانیان پوچەڵ کردەوە.

کۆمەڵانی خەڵکیو هێزە دیموکراتەکانی ئێران نەک تەنها بڕوایان بە پڕۆپاگەندەی دژی دو کۆمارەکەی کوردستانو ئازەربایجان نەبو، بەڵکو بەهەمو چەشنێکیش پشتگیریی جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستانو ئازەربایجانیان کرد. سەرکەوتنی جوڵانەوەی دیموکراتی خەڵکی کوردستان جێگای شانازیو شادمانیی کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێران بوو. ئەوان ئەم سەرکەوتنەیان بەسەرکەوتنی هەموو گەلانی ئێران دادەنا. گەلانی ئێران زۆر بەتەنگ جوڵانەوەی دیموکراتیی کوردستانو ئازەربایجانەوە بونو پێیان وابو ئەم سەرکەوتنە سەرەتای ژیانی دیموکراتیی سەرانسەری ئێرانە. سەرکەوتنی جوڵانەوەی دیموکراتیی کوردستانو ئازەربایجان فاکتەری پەرەسەندنی جوڵانەوەی دیموکراتیی

سەرانسەری ئێرانو بەشەکانی تری کوردستان بوو. لە سەرانسەری ئێراندا نفوزو ناوبانگی حزبی تودە تەشەنەی کرد. جوڵانەوەی جوتیاران لەباکورو باشوری ئێراندا خۆی گرتەوە.

رابەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆماری ئۆتۆنۆمی مەهاباد نەیاندەویست جوڵانەوەکە تەنها لەچوار چێوەی ناوچەی بێلایەندا بمێنێتەوە. بەشێکی رابەرەکان بیریان لەرزگار کردنی سەردەشت، بانەو سەقز دەکردەوەو دەیانویست دوای ئەنجام دانی ئەم کارە بۆ رزگارکردنی سنە خۆیان ئامادە بکەن بەڵام هەلومەرجی ئەو کاتە ئەو دەرفەتەی بۆ نەرەخساندن. شاری مەهاباد کە مەڵبەندی جوڵانەوەکە بوو، بوە مەڵبەندی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیو قەڵای دیموکراسیی هەموو کوردستان. رابەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆماری ئۆتۆنۆمی مەهاباد سەریان بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد نەک تەنها لەناوچەی مەهابادو لە چوارچێوەی کۆماردا بەڵکو لەناوچە کوردنشینەکانی تری ئێران، تورکیا، عیراقو سوریاش کەچ کرد.

هەمو گروپو حزبە سیاسییەکانی کوردستان رویان کردە مەهابادو پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی شارو ناوچەکەدا دامەزراند. ئەوان کۆماری مەهابادیان بەهی خۆیان دەزانی. پێشمەرگە کوردەکانی عیراق کە پەنایان بردبوە بەر کوردستانی ئێران لەجوڵانەوەی دیموکراتی کوردەکانی ئێراندا نەخشێکی کاریگەریان نواند. پێکەوەنانی کۆمار گیانی داگیرکەرانی هێنایە لەرزین. سەرەک وەزیرانی ئەوسای عیراق نوری سەعید بەپەلە سەردانی ئانکارای کردو بۆ وتووێژ سەبارەت بەمەسەلەی کوردو داڕشتنی کارنامەیەکی هاوبەش بۆ بەربەست کردنو داپڵۆسینی بزوتنەوەی

کــورد پێشــنیارو بۆچونــەکانی خــۆی هەڵڕشــت. لــەو وتووێــژەدا مەسەلەی کورد بابەتی سەرەکیی باسەکان بوو. هەردولا بڕیاریان دا زەبرێکی گەورە لەبزوتنەوەی کورد بدەن. مەسەلەی کورد مەبەستی ســەرەکیی مــۆر کردنــی ڕێککەوتننامــەی مــارتی **١٩٤٦**ی تێــوان تورکیاو عــیراق بــوو. لــەم بارەیــەوە پــەیامنێری ڕۆژنامــەی((دێلــی میـــل))لـــەقودس نوســـیویەتی((مەبەســـت(واتـــە مەبەســـتی ڕێککەوتننامەکە – نوسەر))مەسەلەی کورد بوو کە تورکیاو عیراق بــە گــەورەترین گیروگرفتــی دژی ئاشــتیی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســتی دادەنێن))[٢٤]. هەر لەهەمان کاتیشدا ڕۆژنامەکانی بریتانیا هێرشی توندوتیژیان کردە سەر کوردو بڵاویان کردەوە گوایە((کورد گــەلێکی دڕندەیە))و((دامەزراندنی ئەم کۆمارە دەستی کوردەکانی عیراقــی تێدایە)). کۆماری مەهاباد بــەبێ سڵکردنــەوە درێــژەی بەخــەباتی دژی کۆنەپەرستانی ناوخۆو دەرەوەی وڵات داو بوە هێزێکی گرنگــی جوڵانەوەی دیموکراتی دژی ئیمپریالیستیو قەڵایەکی گــەلانی ئێــران بەگشتیو گەلی کورد بەتایبــەتی. کۆمــاری مــەهاباد وەک رابــەری جوڵانــەوەی دیمــوکراتی هــەمو بەشــەکانی کوردســتان هاتــە پــێش. کینەی داگیرکەران بەرامبەر بەم کۆمــارە تــا دەهــات زیــاتر پــەنگی دەخواردەوە. جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان بەتایبــەتی پــاش دامەزرانــدنی کۆمــاری مــەهاباد هەڕەشــەی لەپــلانەکانی ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ – ئەمەریکان کرد کــە دەیویســت وڵاتــانی دو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو نزیک کۆنترۆڵ بکاو گەلانیان بچەوسێنێتەوەو بــۆ فشــار خســتنە ســەر کامپــی دیمــوکراتو ئاشــتی خــواز نیــازی دامەزراندنی بنکەی سوپاییی لەو وڵاتانــەدا هــەبو. پــەیدابونی ئــەو جوڵانەوەیە لەناوچەی چاڵــە نەوتەکانی سەر بە کۆمپــانیا مۆنۆپــۆڵــە

ئیمپریالیستەکانی ئێرانو عیراقو تورکیادا هێندەی تر ئیمپریالیزمی پەرێشانو نیگەران کرد. ئەم جولانەوەیە لەبەر ئەوەی دژی چینە دەسەلاتدارەکانی ولاتانی دو رۆژهەلاتی ناوەڕاستو نزیکە کە خۆیان بەئیمپریالیستەکان فرۆشتوە، جێگای رقی ئیمپریالیزمی جیهانییە. دوای جەنگی دوەمی جیهان کاربەدەستانی بریتانیاو ئەمریکا بۆ سەقامگیرکردنی نفوزی خۆیان لەو ولاتانەدا رەنجێکی زۆریان دا. ئەوان بۆ رامالینی هێزە پێشکەوتنخوازە دیموکراتەکانی ناوچەکە بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی تێکۆشان. لەسەرێکی دیکەوە ویستیان ناوەرۆکی دیموکراتیو رزگاریخوازانەی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان کلۆر بکەن و بۆ بەدی هێنانی ئامانجو ئاواتەکانی خۆیان بەکاری بێنن. کاربەدەستە ئینگلیزەکان بەئاشکرا بلاویان کردەوە کە جولانەوەی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڕەشە لەئاسایشی عیراقو هەمو ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکا. رۆژنامەی((دێلی تەلگراف))لەم بارەیەوە نوسیویەتی((کوردەکانی عیراق زۆر بەوردی گرنگی بەروداوەکانی ئێران دەدەن. گومانی تێدا نیە کەهەلایسانی جولانەوەیەکی کوردی لەعیراقدا زادەی سەرکەوتنی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی ئێران دەبێ. ئەگەر شۆڕش لەکوردستانی عیراقدا هەلگیرسێ، ئەو شۆڕشە هەڕەشە لەکارگەو چالە نەوتەکانی کەرکوکو بۆڕیی نەوتی حەیفاو تەرابلس دەکا))(**٢٥**).

کاربەردەستە ئینگلیزو ئەمریکییەکان هەم لەجولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان دەترسانو هەم دانیان بەوەدا دەنا کە ئەو جولانەوەیە زادەی سیاسەتی چەوتی رژێمەکانی تورکیاو عیراقو ئێرانە کە تەنانەت بونی کوردو مەسەلەی کوردیش ناسەلمێنن.

ئیلفنستۆن کە یەکێکە لەئەفسەرە ئینگلیزەکان دانی بەم راستی‌یەدا ناوەو نوسیویەتی((ئەوان(واتە کورد —نوسەر) دەیانەوێ لەهەلومەرجێکی ئاسایی‌دا بژین، بەزمانی کوردی بخوێننو لەناو بۆتەی عەرەبو فارسو تورکدا نەتوێنەوە))[٢٦].

کاربەدەستە ئەنگلۆ — ئەمەریکانەکان زۆر لەڕەوتی بەرەو پێشەوە چونی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان دەترسان. هەمو رەنجی ئەوان بۆ دامرکاندنو سەرکوتو کلۆرکردنی ئەو جولانەوەیە زادەی ئەو ترسە بو. لەسالی **١٩٤٦**دا کاربەدەستانی ئێران کە دەیانزانی بۆ سەرکوت کردنی جولانەوەی دیموکراتی سەرانسەری ئێران هێشتا هێزی پێویستیان نیە، بڕیاریان دا بۆ خۆ جێگیر کردن هاوار بەرنە بەر هێزی دەرەکیو بۆ چەواشەکردنی جیهان مەسەلەکانی ناوخۆی ئێرانیان(وەک مەسەلەی کوردو مەسەلەی ئازەربایجان) بەپەیوەندیی تێودەولەتانەوە بەستەوە. ئەوان بلاویان کردەوە گوایە دەولەتێکی بێگانەی گەورە دەستی درێژ کردۆتە ناو کاروباری ناوخۆی ئێران. لەکانونی دوەمی **١٩٤٦**دا حکومەتی حەکیمی سەبارەت بە((دەستێوەردانی یەکێتیی سۆڤێت لەکاروباری ناوخۆی ئێران))سکالایەکی رەسمیی خستە بەردەمی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە. حکومەتی حەکیمی بەتەواوی خۆی بەسیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ — ئەمریکانەوە بەستبوو. بریتانیاو ئەمریکا بۆ تێپەڕاندنی روداوەکانی ئەوسای یۆنانو ئیندۆنیسیا کەئینگلیزەکان بەئاشکرا تێوەی گلابون، کەلکیان لەسکالای ئێران وەرگرتو دەستیان کرد بە ژاوەژاوێکی پرۆپاگەندەیی خەست دژی((دەستێوەردانی یەکێتیی سۆڤێت لەکاروباری ئێران)). بەلام ئەم هەولەش سەری نەگرتو حکومەتی

حـەکیمی لەسیاسـەتی نـاوخۆو دەرەوەدا وەتـەق کـەوتو پاشـان بـەناچاری دەسـتی لـەکاروباری وڵات هـەڵگرت. حکومـەتێکی تـر بەسەرۆکایەتیی قەوامی سەڵتەنەت بۆ چەسپاندنی نفوزی خۆی روی کـردە فـڕوفێڵو تەڵەکـەبازی، بـەڵێنی بەگـەلانی ئێـران دا کـە لەڕەگوریشەوە باری ناهەمواری وڵات دەگۆڕێ، سیاسەتی نـاوخۆییو دەرەکی راست دەکاتەوەو ریفۆرمی بنچینەیی جێبەجێ دەکا. لـەو هەلومەرجەدا نەدەکرا بەئاشکرا درێژە بەسیاسەتی کۆنەپەرستانەی جاران بـدرێ، دەبوایـە هیـچ نـەبێ بـۆ ماوەیـەک واز لـەو سیاسـەتە بهێنـرێ. بـۆ ئـەنجامدانـی ئـەو سیاسـەتەش، قـەوامی سـەڵتەنەت رەفتاری نەرمی پیشان داو توخنی رێکخـراوە دیموکراتـەکانی وڵات نەکەوتو بەرگی دیموکراسیی درۆزنانەی لەخۆوە پێچا.

لەشـوباتی **١٩٤٦**دا قـەوامی سـەڵتەنەت بـۆ وتووێـژ لەگـەڵ حکومـەتی یـەکێتیی سۆڤـێتدا بەسـەرۆکایەتیی کۆمیسـیوتێکی رەسمی سەردانی مۆسکۆی کرد. وتووێژی نێـوان حکومـەتی ئێـرانو حکومـەتی یـەکێتیی سۆڤـێت دەسـتی پـێ کـردو بـە مـۆر کردنـی رێککەوتننامەیـەکی دو قـۆڵی لـەتاران کۆتـاییی هـات. ئـەم رێککەوتننامەیە بـۆ خـۆش کردنـی پـەیوەندیی دو قـۆڵـیی هـەردو دەوڵـەتو پەرەپێدانی ژیانی ئابوریی ئێران هەنگاوێکی گەورە بوو. بەڵام روداوەکانی دوای مۆر کردنی رێککەوتننامەکە دەریـان خست کە رێککەوتننامەکە هیچی لێ سەوز نابێ هیچی لەسەر بینا ناکرێ چونکە کۆنەپەرستان بەپشتیوانیی دەزگا ئیمپریالیستـەکان هێرشـی توندوتیژیان کردە سـەر هێـزە دیموکراتـەکان. دوای سـەقامگیربونی نفـوزو دەسـەڵاتی حکومـەت، قـەوامی سـەڵتەنەت پـەچەی لـەڕوی راسـتەقینەی خـۆی لاداو بەتونـدی پـەلاماری هـەمو هێـزە

دیموکراتـەکانی دا. لـەکۆتاییی ئۆکتۆبـەری **١٩٤٦**دا ڕۆژنامـەکانی سـەر بەکۆنەپەرستانی ئێـران هێرشـیان کـردە سـەر کوردسـتانو ئازەربایجـان، پرۆپـاگەندەی ژەهراویـیـان بڵاوکـردەوە، داوایـان لەدەوڵـەت کـرد سوپـا بخاتـەوە گـەڕو هـەردو ناوچەکـە کـۆنترۆڵ بکاتەوە. لە**٢١**ی ئۆکتۆبەردا کاتێـکێ وڵات چاوەڕوانی هـەڵبژاردنی یـانزەمین ئەنجومـەنی نوێنـەران بـوو قـەوامی سـەڵتەنەت بڵاوکراوەیـەکی رەسمـیی دەربـارەی((مسـۆگەر کردنـی ئـازادیی هـەڵبژاردن))دەرکـرد. لـەم بڵاوکراوەیـەدا رونـی کـردەوە کەسوپـاو پـۆلیس بـۆ هـەمو مەڵبەنـدەکانی هـەڵبژاردن بـە کوردسـتانو ئازەربایجانیشەوە دەنێرێ. کەس لەمەسـەلەی نـاردنی سوپـا لـەژێر پەردەی مسۆگەرکردنی ئازادیی هـەڵبژاردندا خـافڵ نـەبو چونکـە ئاشکرا بوو کە مەبەستی راستەقینە سـەرکوت کردنـی جوڵانـەوەی دیمـوکراتی کوردسـتانو ئازەربایجانـە. لەلایـەکی تـرەوە وتووێـژی نێـوان هێـزە دیموکراتـەکانی کوردسـتانو ئازەربایجـانو حکومـەتی ئێران سەری نەگرت.

لەدیسەمبەری **١٩٤٦**دا سوپای ئێران بەسەرکردایەتیی پسپۆرو ئەفسـەرانی ئەمریکا هێرشی کردە سەر کوردستانو ئازەربایجـان. رابـەرانی هـەردو حزبـی دیموکراتو هـەردو کۆمـاری کوردسـتانو ئازەربایجـان بـڕیاری شـەڕیان نـەدا. ئەوان بەهێزە چەکدارەکانی خۆیـان راگەیانـد کـەنابێ لەگـەڵ سوپـای ئێـراندا بەشەڕ بێن. کە هێرشی ئێرانیش دەستی پێ کرد، سەرانی کۆماری مەهاباد بۆ چارەسـەر کردنـی مەسـەلەکە لـەرێگای محەمـەد رەشـید خـان، زیـڕۆ بـەگ، قەرەنی ئاغای مامشو کەساتێکی ترەوە پەیوەندییان لەگـەڵ ئینگلیزەکانـدا دامەزراند. قازی محەمەدو لایەنگرانی خۆیان بەدەستەوە داو سـەریان بـۆ سوپـای ئێـران دانەوانـد. لـەم بارەیـەو نەجـەفقولی پسـیان

نوســـیویەتی((پــێش ئـــەوەی سوپـــای دەوڵـــەت بگاتـــە شـــاری مـــەهاباد(ڕۆژی **٢٣**ی ئـــازەری ســـاڵی **١٣٢٥**) نوێنـــەرانی شـــاری مـــەهاباد بـــۆ پێشـــوازی کـــردن لەجـــەنراڵ هـــەمایونیی ســـەرکردەی هێزەکـانی ئێـران چونـە دەرێ. نوێنـەرەکان بریتـی بـون لـە : سـەید عەلی حوسەینی، میرزا ڕەفعـەت شـافعی(بازرگـان)، شێخ حەسـەن بورهانی(پیاوی ئاین)، کەریم ئاغای دیبوکری، عـەلی ئاغای قەرەنی ئاغـا، سـلێمان پـیر مـارف ئاغـای مـامش، مـام حەسـەن مـەنگوڕو نوێنەری تایبەتی قازی محەمەد واتە سەیفی قازی محەمەد حسێن خـان. ئـــەو کۆمیســـیونە لـــەنزیکێ کارگـــەی شـــەکری میانـــدواو لەناسرکەند چاوی بە جەنراڵ هەمایونی کەوت. جـەنراڵ هـەمایونیی سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی ئێران نوێنەرانی مەهابادو خێڵەکانی دڵنیا کردەوە کە حکومەتی ئێـران بـیر لـەهیچ هەڵوێسـتێکی دژی کورد ناکاتەوەو دژی خوێن ڕشـتنە. پاشـان قـازی محەمـەد، حـاجی بابـا شـێخو بـایز ئاغـای گـەوڕێ رویـان کـردە شـاری میانـدواو و پێشوازیيان لە جەنراڵ هەمایونیی سەرکردەی هێزەکانی ئێران کرد. ئـــەوان بـــۆ ئـــەوو حکومـــەتی ئێـــران ســـەری ڕێـــزو نەوازشـــیان دانەواند))[٢٧].

بـەم شـێوەیە قـازی محەمـەدو سـەیفی قـازی محەمـەد حسـێن خـان(وەزیـری بـەرگریی کۆمـاری مـەهاباد) پێشـوازیيان لەسوپـای داگیرکەر کـرد پـێش ئـەوەی بگاتـە سـنوری کۆمـارو بەشـێوەیەکی ئارەزومەندانـە خۆیـان بەدەسـتەوە دا. هیـچ بـەرگرییان نـەکردو تەنانـەت یـەکێ فیشـەکیان بـەڕوی داگیرکەرانـدا نەتەقانـد. ئـەم خۆبەدەستەوەدانە کارێکی ناشیرینو ئابروبەرانەیە. مێـژوی خـەباتی پڕ شانازیی گەلەکەمان ئاشبەتاڵی وای بەخۆوە نەدی بوو. ئەوانەی تا سەر چەکیان دانـەناو سـەریان بـۆ داگیرکـەرە ئێرانیـیەکان نـەوی

نەکرد پێشمەرگەکانی کوردستانی عیراق بون، ئاشبەتاڵو خۆبەدەستەوەدانیش بەفەرمانی قازی محەمەدو محەمەد حسین خان بوو. هێزەکانی کۆماری مەهاباد لەروی چەکو کەرەستەی جەنگی‌یەوە گیروگرفتێکی ئەوتۆیان نەبو، پێشمەرگە ورەیەکی بەرزی هەبوو و ئامادە بوو تا دوا دڵۆپەی خوێن سەنگەر چۆڵ نەکا. پاراستنی کۆمار لەویژدانی پێشمەرگەدا جێگیر بوو بوو کەچی کەس نەبو لەو مەسەلەیە کەڵک وەرگرێ. لێرەدا دەبێ بپرسین: چی وای لەسەرانی کۆماری مەهاباد کرد وا بەئاسانی بەبێ شەڕو بەبێ هیچ جۆرە بەرگری‌یەک خۆیان بەدەستەوە بدەن؟ ئەو ئاشبەتاڵە دەری خست کە نیشتمانپەروەرە بورژوازی‌یەکان، با لەناو خەڵکیشدا ڕێزو ناوبانگێکی زۆرو هێزێکی چەکداری بەربڵاویان هەبێ، لەکاتی تەنگانەدا دادەمێنن، قازانجی تەسکی خۆیان دەخەنە سەروی قازانجی گەلەوە. خۆ ئەگەر هێزە چەکدارەکان بەفەرمانی قازی محەمەدو محەمەد حسێن خان خۆیان بەدەستەوە نەدایە، هەرگیز مەهاباد وا بەئاسانی نەدەگیرا.*

سوپای ئێران بەبێ شەڕ مەهابادی گرت. دادگای هەڕەمەکی لەسەرانسەری ناوچە کوردنشینەکاندا خرایە کار. سوپای ئێران داخی

---

* ئەم مەسەلەیە شایستەی پێداچونەوەو هەڵسەنگاندنێکی تازەیە. سەرەڕای تێپەڕینی ٦٠ ساڵ بەسەر خۆ بەدەستەوەدانی, کارێك کە کەس ناتوانێ شانازیی پێوە بکا, تا ئێستا قازی محەمەد لەویژدانی سیاسیدا ڕێزو حورمەتی خۆی هەیە. تاکە هۆ کەپاکانە بۆ سەرتاپای مێژوی سیاسیی قازی محەمەد دەکا ئەوەیە کەیەکەم کۆمار لەمێژوی پڕ شکستو نەهامەتیی کورددا لەسەر دەستی ئەم دامەزراوە. بەڵام وەك چۆن بەڕێزەوە سەیری ئەو کەسە دەکرێ کەیەکەم کۆماری لەمێژوی سیاسیماندا دروست کردوە, دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کەهەر ئەو کەسە بەرگریی لەکۆمارەکەی خۆی نەکردوەو خۆ بەدەستەوەدانی لەبەرگری پێ باشتر بووە (وەرگێڕ).

دڵی خۆی بەهەمو کوردە بەشداربوەکانی جوڵانەوەی دیموکراتی هەڵرشت. فراوانترینو بێ سنورترین دەسەڵات بەچەتە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان درا. ئەوان لەمەسەلەی هەڵسوکەوتو رەفتارکردنو تۆڵەسەندندا ئازاد بون. بەشێکی زۆری دیموکراتو ئازادی خوازەکان بەدەستی چەتەکان کوژران. لەماوەی چەند رۆژێکی کەمدا سەدان ئازەرو کوردی دیموکرات بە بەرچاوی سوپای ئێرانەوە کەگوایە بۆ پاراستنی ئارامیی ناوچەکەو مسۆگەر کردنی ئازادیی هەڵبژاردن هاتوە، لەناوبران. تەنانەت خۆبەدەستەوەدانیش قازی محەمەدو لایەنگرانی لەپەتی سێدارە رزگار نەکرد. لێرەدا پێویستە رونی کەینەوە کە جۆرە ناتەباییەک لەنێوان حکومەتی قەوامی سەڵتەنەتی سەر بەئینگلیزو سوپای ئێرانی سەر بە ئەمریکا لەگۆڕێدا بوو. سوپای ئێران بە سەرۆکایەتیی پسپۆرە ئەمریکییەکانو لەسەروی هەمویانەوە جەنراڵ شوارتسکۆف بەڕێوە دەبرا. لەبەر ئەوە ناکۆکیی نێوان سیاسەتی بریتانیاو سیاسەتی ئەمریکا لەپەیوەندیی نێوان حکومەتی قەوامی سەڵتەنەتی سەر بەئینگلیزو سوپای سەر بە ئەمریکا رەنگی دایەوە.

ئەفسەرانی ئەمریکا لەداگیرکردنەوەی کوردستانو ئازەربایجاندا نەخشێکی گرنگیان هەبو. ئەمریکییەکان داوایان لەقازی محەمەد کرد واز لەپشتگیری کردنی سیاسەتی بریتانیا بێنێو باداتەوە سەر پشتگیری کردنی سیاسەتی ئەمریکا. بەڵام قازی محەمەد کەپاش سەرکەوتنی کۆنەپەرستیو شکانی هێزە دیموکراتەکانی ئێران بەسیاسەتی بریتانیا پشت ئەستور بوو، پێی وابو ئەگەر لەسەر پشتگیری کردنی ئینگلیز بەردەوام بێ، سەرۆکایەتیی کۆماری ئۆتۆنۆم بۆ خۆی دابین دەکا بەتایبەتی کەبریتانیا نیازی

هەڵوەشاندنەوەی کۆماری نەبو بە مەرجێک رابەرانی کۆمار پشتگیری‌ی سیاسەتەکەی بکەن. لەم هەڵسەنگاندنەدا قازی محەمەد بەهەڵەدا چو چونکە ناکۆکی‌ی نێوان سیاسەتی بریتانیاو سیاسەتی ئەمریکا بەئەندازەیەک توندوتیژ بوو، کەئەمریکا لایەنگرانی سیاسەتی بریتانیای بەدوژمنێکی سەرسەخت دادەنا. ئەمریکی‌یەکان بەڕونی بۆیان دەرکەوت کە قازی محەمەد دەستبەرداری سیاسەتی ئینگلیز نابێ، لەبەر ئەوە بەفەرمانی باڵوێزی ئەمریکا لەتارانو بە پێی پێشنیاری جەنراڵ شوارتسکۆف، قازی محەمەدو محەمەد حسێن خان دەستگیر کرانو پاشان درانە دادگایەکی ملیتاری. سەبارەت بەم دادگایە نەجەفقولی پسیان لەکتێبەکەیدا ((لەمەهابادی خوێناوی‌یەوە تا لێوارەکانی ئاراس))کە بەزمانی فارسی نوسیویەتی وتویە((لەسەرێکەوە سەرەک وەزیران قەوامی سەڵتەنەت کەپەیوەندی‌ی دۆستانەی پتەوی لەگەڵ قازی محەمەدو براکانی‌دا هەبو نەیدەویست قازی محەمەد و براکانی بگیرێنو سزا بدرێن. لەسەرێکی ترەوە کاربەدەستە ملیتاری‌یەکان(کە لەژێر نفوزی راوێژکارانی ئەمریکادا بون — نوسەر) سور بون لەسەر گرتنو سزادانیان چونکە پێیان وابو ئەگەر وا نەکەن کوردستانیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێ. لەبەر ئەوە کاربەدەستە ملیتاری‌یەکانی تاران فەرمانی گرتنی سەدری قازیی برای قازی محەمەدیان دەرکرد. سەدری قازی بۆ خۆدەربازکردن، بۆ دیدەنی‌ی سەرەک وەزیران قەوامی سەڵتەنەت پەنای بردە بەر وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەتاران. سەرەک وەزیران پێی وت کەبۆ رزگار کردنو پاراستنی، هەمو توانای خۆی دەخاتە کارو ئامادەیە لە ئایندەشدا بیانپارێزێ. سەرەک وەزیران قەوامی سەڵتەنەت پێی

وت کە پێی باشە ئەو(واتە سەدری قازی – نوسەر) رو بکاتە کاربەدستە ملیتارییەکان. بەڵام سەدری قازی لەوەڵامدا وتی ئەگەر ئەوان گرتیانو بەدەسبەسەری ڕەوانەی مەهابادیان کردەوە، کە فەرمانڕەوایی ملیتاریی لایەنگری سیاسەتی ئەمریکای تێدا زاڵە، بێگومان لەوێ فەرمانی خنکاندنی بەسەردا دەسەپێنن. بۆیە تکای لەسەرەک وەزیران کرد لەتاران دەسبەسەر بێو لەوێ بدرێتە دادگا، بەڵام سەرەک وەزیران وەڵامی دایەوە کە کاربەدەستە ملیتارییەکان تەنگیان پێ هەڵچنیوەو لەمە زیاتر هیچی تری پێ ناکرێ))[28]. لە دادگادا بەڵگەنامەیەکی زۆر بۆ تاوانبارکردنی گیراوەکان خرانە رو. نەجەفقولی پسیان نوسیویەتی((بەڵام قازی محەمەدو براکانی بەنۆرەی خۆیان بەڵگەنامەی وایان دەرخست کەبێ تاوانیی ئەوانی ساخ کردەوەو سەلماندی کە ئەوان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی تاراندا پەیوەندیی پتەویان هەبوە))[29].

نەجەفقولی پسیان نوسیویەتی((لەقازی محەمەدیان داواکرد لەریزی ملیتارییەکاندا پارێزەر بۆ خۆی هەڵبژێرێ. قازی محەمەدیش دو ئەفسەری پارێزەری تارانی هەڵبژارد. پێیان وت دەبێ لەریزی ئەفسەرەکانی مەهاباددا پارێزەر هەڵبژێرێ چونکە نابراو بەمجۆرە دەیویست درێژە بەدادگا کردن بدا. لەبەر ئەوە پێیان وت((رەنگە بتەوێ پارێزەرێکی لەندەنی بۆ خۆت بگری!))ئەویش وەڵامی دانەوە((ئەگەر مەسەلەکەم پەیوەندیی بە لەندەنەوە هەبوایە هەرگیز وام بەسەر نەدەهات))[30].

بەڵام هەم پاکانەکردنو هەم پشتگیریی قەوامی سەڵتەنەت نەیتوانی پەتی سێدارەیان لێ دورخاتەوە. لەئەنجامی سوربونی کاربەدەستە ملیتاریو ئەمریکییەکاندا، دادگای ملیتاری بڕیاری

خنکاندنی بەسەر قازی محەمەد، سەدری قازی و محەمەد حسێن خاندا سەپاند. لە **٣١**ی مارتی **١٩٤٧**دا بڕیارەکە لەمەهاباد جێبەجێ کرا. ئەمریکی‌یەکان ئەم کارەیان بۆ هەمو بەرهەڵستکارانی سیاسەتی ئەمریکا بەتایبەتی لایەنگرانی سیاسەتی بریتانیاو یەکێتی‌ی سۆڤێت کرد بە پەند چونکە ((کەس گومانی لەو راستی‌یەدا نەما کە ئازەربایجانو کوردستان لەسیاسەتی رۆژهەڵات ناوەڕاستانەی ئەمریکادا گرنگی‌یەکی زۆریان هەیە))[٣١].

پێشمەرگە کوردەکانی عیراق خۆیان بەدەستەوە نەداو دژی چەتە دەرەبەگەکانی کوردو ئازەرو سوپای ئێران شەڕیان کرد. ئەوان بەقسەی قازی محەمەدیان نەکردو چەکیان دانەنا.

پاشان ناچار بون نەک تەنها لەگەڵ سوپای ئێران بەڵکو هەروا لەگەڵ سوپای تورکیاو عیراقیشدا کە بە پەلەپروزێ بۆ یارمەتیدانی سوپای ئێرانو دامرکاندنەوەی جوڵانەوەکە هەمو توانایان خستەگەڕ، بەشەڕ بێن. داگیرکەران لەهەمو لایەکەوە گەمارۆی پێشمەرگە کوردەکانی عیراقیان دا. ئەوان دەیانویست دوایان ببڕنو جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی خەڵکی کوردستان بەیەکجارەکی لەناو بەرن. پێشمەرگەکان شەڕی مانو نەمانیان کردو داستانی پاڵەوانانەیان بۆ مێژو تۆمار کرد. لەو شەڕانەدا لاسەنگی‌ی هێز بەئاشکرا دیار بوو. هەر سێ دەوڵەت: تورکیا، عیراقو ئێران بۆ لەناوبردنی کورد گەلەکۆمەکێیان کرد، هەمو جۆرە چەکو کەرەستەیەکی جەنگیان هەبو، فڕۆکەو تۆپخانەیان لەکایەدا بوو، بەپێچەوانەی پێشمەرگەکانەوە کە گیروگرفتی چەکو ئازوقە تەنگی پێ هەڵچنی بون. بەشێکی هێزەکە بەسەرکردایەتی‌ی مەلا مستەفا بارزانی روی کردە یەکێتی‌ی سۆڤێتو دوای تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر بۆ ئەو دیوی

سـنور پـەڕییەوەو لەبـەهاری **١٩٤٧**دا یـەکێتی‌ی سۆڤـیێت پێشـمەرگەکانی بـە پـەنابەری سیاسـی وەرگـرت. ئازایـەتی‌ی ئـەو تێکۆشەرانە جێگای سەرسوڕمانی دوژمنـان بـوو. جـەنراڵ رەزم ئـارا لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ چەند پـەیامنێرێکی رۆژنامـەکانی ئێرانـدا وتی((ئەو کوردە چەکدارانە شەڕی بێ وێنە دەکەنو هـەرگیز خۆیـان بەدەستەوە نادەن))[٣٢].

هاوزەمـان لەگـەڵ هێرشـی دژی دیمـوکراتی‌ی هێـزە کۆنەپەرسـتەکانی ئێـراندا، کۆنەپەرسـتانی عـیراق هێرشـێکی دڕندانەیان کردە سەر گەلی کوردو بەشداربوانی جوڵانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان. تێکۆشەرە کوردەکان توشی ئازاردانو راونـان بون، بەشێکی زۆریان زینـدانی کـران یـاخود بـۆ ناوچـەکانی خـواروی عـیراق دور خرانـەوە. چـوار ئەفسـەرەکەی جوڵانـەوەی چەکدارانـەی ساڵی **١٩٤٣ — ١٩٤٥** واتە عیززەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشـناو، خێـروڵلا عەبدولکـەریمو محەمـەد مـەحمود قودسـی لەلایـەن کاربەدەستانی عیراقـەوە گـیران. لـە **١٩**ی حوزەیرانی **١٩٤٧**دا هـەر چواریان لەسێدارە دران. مستەفا خۆشناو کە پەتی سێدارەی کرایـە مـل وتـی((جـەللادەکان، بـەئاغاکانتان بڵـێن خـوێنی مـن هـەرگیز بەفیڕۆ ناچێو تۆڵەی منتان لێ دەکرێتەوە. من بڕوام بەهێزی ئێـوە نیە چونکە هەر ئەم هێزەیە کەمنی بەرەو ئاستی ئـەو قارەمانانـە بـەرز کردۆتـەوە کـە بـۆ رزگـاریی نیشـتمان ئەشـکەنجەیان دیـوە. شـانازی‌یە بـۆ مـن کەرۆڵـەکانی نیشـتمان نـاوم بخەنـە دەفتـەری سەروەری‌یەوەو لەگـەڵ ئـەو کەسانەدا دامنـێن کـە بـۆ بـەختیاری‌ی کوردستان لەگیانبازیدا بەرچاو تەنگ نەبون. ئەمڕۆش کە هـەر سێ کچە بچکۆڵەکەم: پرشنگ، پەریو شیرین بەجێ دێڵم، لەو بڕوایەدام

كە ئەوان دەزانن من لەپێناوی وڵاتەكەمدا شەهید بوم‌و پێم وایە ئەوانیش كە گەورە بون هەمان ڕێگای من پێڕۆ دەكەن)). محەمەد مەحمود قودسیش بە سەربەرزی‌یەوە بەجەللادەكانی وت((دایكم فێری نیشتمانپەروەریی كردوم. ئەو پەتەی لەملما ئاڵاوە، زۆر زۆرم بەلاوە خۆشەویستە چونكە پاداشتی خۆشەویستی‌ی نیشتمانە. ئەم پەتە ناوم لەدڵی هەمو ڕۆڵەكانی نیشتماندا نەخش دەكا. مردتێكی وا بۆ من سەربەرزی‌یە. بژی كوردستان)). شەهیدبوونی ئەم چوار ئەفسەرە لاپەڕەیەكی درەخشانی تری مێژوی خەباتی گەلەكەمانە.

## ١- كۆمەڵەی ژ.ك (ژیانەوەی كورد)

لەئابی **١٩٤٢**دا نوێنەرانی جوڵانەوەی ڕزگاری‌ی نیشتمانی‌ی كوردستانی ئێران‌و عێراق لەشاری مەهاباد كۆبونەوە. لەم كۆبونەوەیەدا **١١** نوێنەری هەردولا بەشدار بون. پێكەوەنانی ڕێكخراوێكی سیاسی بەناوی كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردەوە یەكێ بوو لەبڕیارەكانی كۆبونەوەكە. عەبدولڕەحمان زەبیحی بەسكرتێرو زەرگەری بەسەرۆكێ هەڵبژێردران. هەر لەهەمان كۆبونەوەدا پرۆگرامێكی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕێكخراوەكە داڕێژرا. بەشێكی خاڵەكانی پرۆگرامی كۆمەڵەی ژ. كێ لەگەڵ خاڵەكانی پرۆگرامی حزبی تودەی ئێراندا بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی‌ی بەداخوازی‌و ڕزگاری‌و خەباتی گەلی كوردەوە هەبو، هاوجوت بوو.

كۆمەڵەی ژ.كێ لەكوردستانی ئێران‌و حزبی هیوا لەكوردستانی عێراقدا نوێنەری یەكێ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی بون كە لەپێناوی ڕزگاریی كوردستان وسەربەخۆیی‌ی نەتەوەیی‌دا تێدەكۆشان. هەردو ڕێكخراوەكە هەمو هێزە دیموكرات‌و پێشكەوتنخوازەكانی خەڵكی هەردو بەشەكەی كوردستانیان لەژێر ئاڵاكەیاندا كۆكردەوە. ڕابەرانی

کۆمەڵەی ژ. ک لەو بڕوایەدا بون کەپێویستە بزوتنەوەی کورد لە ئێران، عیراقو تورکیا لەیەک بەرەی دژی ئیمپریالیستیدا لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو وڵاتانەدا خەبات بکا. مەسەلەی یەکگرتنی هەمو پارچەکانی کوردستان لەپرۆگرامی کۆمەڵەدا بۆ قۆناغێکی تری خەبات دواخرا بوو. رابەرانی کۆمەڵە سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمیو وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانو بەدی هێنانی ژیاتێکی دیموکراتو ئازادیان بەقۆناغی یەکەم دانساو مەسەلەی خەباتیان بۆ رزگاریی یەکجارەکیو یەکگرتنەوەی هەمو پارچەکانی کوردستان لەدەوڵەتێکی سەربەخۆدا بۆ قۆناغێکی تر هەڵگرت.

گۆڤاری((نیشتمان))ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک بوو. کۆمەڵە سەرکردایەتیی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانی ئێرانی کرد. ئامانجەکانی بریتی بون لەسەندنەوەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردو سەلماندنی ئازادییە دیموکراتییەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەتیو ئێران بەگشتی. کۆمەڵەو حزبی رزگاریی کورد کەپاشان جێگای حزبی هیوای گرتەوە هاوخەباتو هاوکار بون. نفوزو ناوبانگی کۆمەڵەی ژ.ک و حزبی رزگاریی کورد سەرانسەری کوردستانی گرتەوەو لەژێر ئاڵاکەیاندا زۆربەی رێکخراوە سیاسییەکان، لاوانو روناکبیرانو چەپەکان کۆبونەوە. بەم جۆرە دەبینین کۆمەڵەی ژ.ک جڵەوی سەرکردایەتی کردنی جوڵانەوەی کوردستانی ئێرانی گرتە دەست و بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی گەل خەباتی کرد. ناوبانگی کۆمەڵە هەمو ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوەو لەژێر ئاڵاکەیدا هەمو لایەنە دیموکراتو نیشتمانپەروەرەکان یەکیان گرت.

پاش پەرەسەندنی ناوبانگی کۆمەڵەی ژ.ک قازی محەمەد چەند جارێــک ویســتی بچێتــە ریــزی کۆمەڵــەوە. ئــەو نەیدەویست لەجولانەوەکــە دابــڕێو بــیری لەســەرکردایەتی کردنــی کۆمەڵــە دەکــردەوە. قــازی محەمــەد چەنــد جارێــک داوای کــرد لــەریزی کۆمەڵــەدا وەربگــیرێ. بــۆ ئــەم مەبەســتەش ســەردانی کۆمیتــەی ناوەندیو سکرتێری کۆمەڵەی دەکرد. بەڵام کۆمیتەی ناوەندی پاش پرسو را وەرگرتنو لێکۆڵینەوە لاریی خۆی لــەم بارەیــەوە دەربــڕی. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەسـەر مەسـەلەی وەرنـەگرتنی قـازی محەمــەد پــێیان داگــرت. لێــرەدا لــەو روانگەیــەوە کــە چــارەنوسو چــالاکیی کۆمەڵــەی ژ.کو هەڵوەشــاندنەوەی، پــاش پــێکەوەنانی حزبــی دیمــوکراتی کوردســـتانی ئێــران، راســتەوخۆ پــەیوەندیی بــەچالاکیی قــازی محەمــەدەوە هەیــە، پێویســتە بــەکورتی باســی هەندێ لایەنی سیاسیی کەسایەتیی قازی محەمەد بکەین.

قــازی محەمــەد کێیــە؟ بیروبــاوەڕی سیاســیی چییــە؟ قــازی محەمــەد کــوڕی قــازی عــەلیو لــەخێزانێکی ئاینیو دەوڵەمەنـدی ناوچەی موکریانە. ناوبراو جێگای باوکی گرتەوەو بەپێی نەریتی ئەو کاتە بەفەرمانێکی شا کرایە قازیی شاری مەهاباد. قازی محەمــەد ریفۆرمیستێکی ئایدیالیستو پیاوێکی ئاین بوو، واتە تێکۆشەرێکی شۆڕشـگێڕی تونـدوتۆڵو پشـو درێـژ نـەبو. تـا رادەیـەک رونـاکبیرو شارەزای زمانی فەرەنسی بوو. تا ساڵـی **١٩٤١** قازی هیچ نەخشێکی گرنگــی لــەروداوە سیاســـییەکاندا نــەبو. لــەڕوی بیروبــاوەڕی سیاسیشەوە دیموکراتێکی لیبرال بوو بـەڵام دەیویست هـەم لەگـەڵ لایەنە دیموکراتەکاندا توشی پێکادانو گیرمـەو کێشـە نـەبێ هـەم لەگەڵ لایەنە کۆنەپەرستەکاندا.

دوای کـــۆنترۆڵ کردنـــی بەشـــێکی ناوچـــە کوردنشـــینو ئازەرنشـــینەکانی ئێـــران لەلایـــەن سوپـــای سۆڤـێتەوەو پـــەیدابونی جولانەوەیەکی سیاسی لەسەرانسەری ئێرانـدا، قـازی محەمـەد ئـەو بڕوایەی لا گەلاڵـە بوو کە پێویستە ئەویش لەجولانـەوەی سیاسـی‌ی کوردستاندا بەشداری بکـا. بۆیـە هەڵوێسـتی تەماشـاکەرانەی رەت کردەوەو پشتیوانی‌ی لەجولانەوەی دیموکراتی کرد. لەسـالانی **١٩٤١ – ١٩٤٦**دا سیاسەتی قازی محەمەد بە بەرەی هێـزە سوسیالیسـتو دیموکراتەکان پشت ئەستور بوو. بەڵام ناوبراو لەسەر ئـەو سیاسـەتە موکوڕ نـەبو بەتایبـەتی کـە زۆر زیرەکانـە تـوانی پـەیوەندی لەگـەڵ بەرەی دیموکراتی‌و لایەنە راستڕەوەکاندا دامـەزرێنێ بـەبێ ئـەوەی خۆی پابەندی سیاسەتێکی نـەگۆڕ بکـا. پسـیان نوسـیویەتی((قـازی محەمەدو براکانی دۆستی ئاشناو نزیکی قەوامی سـەڵتەنەت بـونو پـەیوەندی‌ی پـتەویان لەنێوانـدا هـەبو))[٣٣]. قـەوامی سـەڵتەنەت دڵسـوزترین لایـەنگرانی سیاسـەتی ئینگلیـز بـوو لـەئێراندا. پـاش دانانی بەسەرەکێ وەزیران زەبری گـەورەی لەجولانـەوەی دیمـوکراتی ئێران وەشـاند بـەڵام لەکوردسـتاندا((نەیدەویست قـازی محەمـەدو براکانی تاوانبار بکرێنو بدرێنە دادگا))[٣٤].

لێرەدا دوای ئەوەی هەندێ لایەنی سیاسـی‌ی کەسایەتی‌ی قـازی محەمەدمان شی‌کردەوە، دەگەڕێینەوە سەر باسی کۆمەڵەی ژ.ک.

لەسـاڵی **١٩٤٥**دا بزوتنـەوەی دیمـوکراتی ئازەربایجـان پـەرەی سـەندو حزبـی دیمـوکراتی ئازەربایجـان بەسـەرۆکایەتی‌ی جەعفـەر پیشەوەری دامەزرا. ئەندامانی رێکخراوەکانی ئازەربایجـانی حزبـی تودە چونە ریزی حزبی دیموکراتی ئازەربایجانەوە. حزبی دیموکراتی ئازەربایجان دژی کۆنەپەرستانی ئێران لەپێناوی هێنانـە سـەر کـاری

رژێمێکی دیموکراتو سەلماندنی ئۆتۆنۆمیو مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی ئازەردا خەباتی کرد. لەدیسەمبەری **١٩٤٥**دا کۆمارێکی ئۆتۆنۆم لەچوارچێوەی ئێراندا بەسەرۆکایەتی‌ی پیشەوەری لەئازەربایجان دامەزرا.

کۆنەپەرستانی ئێران کە لەو کاتەدا توانای دامرکاندنی جولانەوەی دیموکراتی کوردستانو ئازەربایجانیان نەبو بلاویان کردەوە گوایە کوردو ئازەر بەفیتی یەکێتی‌ی سۆڤێت داوای مافی نەتەوەیی دەکەن. رۆژنامەکانی ئێران هێرشی توندوتیژیان کردە سەر کوردو بەنۆکەری یەکێتی‌ی سۆڤێتیان دانا. گۆڤاری((سەباح))لەم بارەیەوە نوسیویەتی((ماوەیەکە کوردەکانی ئێران بیر لەرزگاری‌و پێکەوەنانی کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ دەکەنەوە. ئەوان دەولەتی ئێران بەنۆکەری فاشستەکان دادەنێن. ئەوی راستی بێ جولانەوەی یاخی بوانی کوردستان شتێکی تازە نیە. ئەم جولانەوەیە چوار سال لەمەوبەر کوردستانی تەنی‌یەوە... کۆمەلەی ژ.ک گەورەترین گروپی کوردستانەو بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی کورد کار دەکا. ئەم حزبە کە دەیەوێ لەماوەیەکی کەمدا سەربەخۆیی‌ی تەواو وەدەست بێنێ، بۆ هەلگیرساندنی شۆرشێکی سەرتاسەری لەکوردستاندا تێدەکۆشێ. ئەم جولانەوە شۆرشگێری‌یە لەژێر دەسەلاتی دەولەتێکی بیانی‌ی گەورەدایە کە لەکاتی پێویستدا ئەرکی تایبەت بەکۆمەلە دەسپێرێ))[٣٥].

بەلام خۆ مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی راستەقینەیەو پێویستی بە هاندانو دنەدان نیە. ئەم جولانەوەیە زادەی((دەستێوەردانی یەکێتی‌ی سۆڤێتو پرۆپاگەندەی کۆمۆنیستی))نیە. تەنانەت ئیلفنستۆنی دوژمنی یەکێتی‌ی سۆڤێتیش دانی بەم راستی‌یەدا ناوەو

بەئاشکرا وتویە ((لەماوەی ئەم دواییەدا دەنگوباس بڵاوبۆتەوە گوایە روسەکان لەتیو کوردەکانی ئێراندا پرۆپاگەندە دەکەن. بەڵام ئەوانەی سەریان لەمەسەلەکە دەردەچێ دەڵێن ئەم دەنگوباسە زەمینەی پتەوی نیە))[٣٦].

بەڵام هەمو رەنجی کۆنەپەرستانی ئێران کەدەیانویست رای گشتی چەواشە بکەنو وای تێگەیەنن گوایە جوڵانەوەی کورد بەدەستێوەردانی بێگانە بەرپا بوە، سەری نەگرت. جوڵانەوەی دیموکراتی، سەرانسەری ئێرانی تەنیەوەو خەباتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی وڵات دژی کۆنەپەرستی رۆژ بەرۆژ کلپە سەندوتر دەبو. جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستانو ئازەربایجان گەشەی کرد. بەرابەرایەتی کۆمەڵەی ژ. ک لەچەندین ناوچەدا جوڵانەوەی چەکدار رێکخرا. لەم بارەیەوە رۆژنامەی((رەهبەر))کە لەتاران دەردەچو نوسیویەتی((هەڵسوکەوتی نابەجێی لایەنە کۆنەپەرستەکانو هەڵەکانی جەنراڵ هۆشمەند ئەفشاریی سەرکردەی تیپی کوردستان دیسانەوە ئاگری شۆرشو گێرەشێوێنیی لەکوردستاندا خۆش کردەوە. هەواڵەکانی بنکەی رێزاب وا رادەگەیەنن کە شۆرشگێرەکان لەهەر چوارلاوە گەمارۆی مەڵبەندی سوپایان داوەو زیانێکی زۆریان پێ گەیاندوە. هێزی پشتیوانیش بەپەلەپروزێ لەتارانەوە بۆ یارمەتیدانیان تێردراوە. بەڵام بارەگای سەرکردایەتیی سوپا پەیوەندیی لەگەڵ بنکەی هەرەشەلێکراوی ناوبراودا بچراوە))[٣٧].

جوڵانەوەی دیموکراتی رۆژ بەرۆژ کلپەسەندوتر، گەشەکردوترو بەربڵاوتر دەبو. سەرەرای گێرەشێوێنیی کۆنەپەرستانو کاری درندانەی پۆلیسو دەستێوەردانی بێگانە، جوڵانەوەکە ناوچەی تری

گرتەوە. ناوبانگی کۆمەڵەی ژ.ک کە خۆی بەئامرازی خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران دەزانی گەشەکردوتر بوو. قازی محەمەدیش بۆ وەرگیران لەریزی کۆمەڵەدا بێ ئومێد نەبو، پاشان کۆمیتەی ناوەندی لەخۆیەوەو بەبێ پرس کردن بەسکرتێری کۆمەڵە قازی‌ی بەئەندام وەرگرت.

لەساڵی **١٩٤٣**دا ئینگلیزەکان درێژەیان بەناردنی نۆکەرانی خۆیان بۆ کوردستانی ئێران دا تەنانەت زۆر جار لێپرسراوە گەورەکانی ئینتلجنس سێرڤس بەدزی‌یەوە سەردانی ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیان دەکرد. هەر لەو ماوەیەدا ئەفسەری ئینتلجنس سێرڤس لەناوچەی هەولێر مێژەر ستیپنکێ بەکاری تایبەت چوە کوردستانی ئێران. هەروا لێپرسراوی ئینتلجنس سێرڤس لەکوردستانی عیراق کرنل لاین لەگەڵ ئەفسەرێکی تر بەناوی ستۆکس بەجلی کوردی‌یەوە چونە مەهابادو لەوێوە رویان کردە کرماشانو ورمێ. لێرەدا بۆ دەرخستنی ئەوەی کە تا چ رادەیەکێ ئینگلیزەکان دەستیان درێژ کردبوە ناو کاروباری ناوچەکە، پێویستە باسی یاخی بونەکەی محەمەد رەشید خان بکەین کەئینگلیز بۆ گێرەشێوێنی‌و ئاشوب نانەوە نەخشەیان بۆ کێشا. ئینگلیزەکان دەیانویست گێرەشێوێنی ناوچەی بێ‌لایەن(واتە ناوچەی مەهاباد) بگرێتەوەو لەوێوە رو بکاتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی‌ی سۆڤێت. بەڵام پاشان دەستیان کەوتە رو و ئارامی‌ی ناوچەکە وەکێ خۆی مایەوە.

لەو ماوەیەدا حکومەتی ئێران پێنج کەسی ناوداری ناوچەی موکریانی بەمیوانی بۆ تاران بانگێ کرد کەبریتی بون لە : قازی محەمەد، قەرەنی ئاغای مامش، عەبدوڵڵا ئاغای مەنگوڕ، بایزی عەزیز ئاغای گەورکێو عەلی ئاغای دیبوکری. ئەم بانگێ کردنە

فێڵێکی تری دەوڵەت بوو کەدەیویست دەسەڵاتی دۆڕاوی خۆی بۆ ناوچەکە بگێڕێتەوە. کاربەدەستانی دەوڵەت کە بە ڕاپۆرتەکانی مێژەر ئۆکشادی ئەفسەری ئاسایشی سنە پشت ئەستور بون، زۆر لەباری ناهەمواری ناوچەی مەهاباد دەترسانو پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ دەیانویست ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەنەوە. لێرەدا قازی محەمەد کەشارەزای نیازەکانی دەوڵەت بوو، لەسەر دو پەت یاری دەکرد. لەسەرێکەوە بەروکەش پشتگیریی لەکاربەدەستانی دەوڵەت دەکرد، روی خۆشی پیشان دەدانو وەکێ دڵسۆزی ئەوان خۆی دەبردە پێشِ، لەسەرێکی تریشەوە لەکاتی گەڕانەوەیدا هیچی بۆ نەدەکردنو هێندە بەتەنگێ داخوازییەکانی حکومەتی تارانەوە نەبو.

دوای وەرگرتنی قازی محەمەد لەریزی کۆمەڵەدا توانی لە ماوەیەکی کەمدا سەرکردایەتیی کۆمەڵە بگرێتە دەست. هەر بەهەمان شێوە شاری مەهابادی کۆنترۆڵ کردو توانی دەست بەسەر هەمو کاروباری بەڕێوەبردندا بگرێ. دیارە ناوبانگی قازی محەمەد دەسەڵاتێکی زۆری پێ دابو. زۆری پێ نەچو قازی توانی سکرتێری کۆمەڵە عەبدولڕەحمان زەبیحی، محەمەد دڵشادو کەساتێکی تر لەکۆمەڵەو لەبەڕێوەبردنی شاری مەهاباد دورخاتەوەو لەباتی ئەوان کەساتێکی تری دانا کە لەراستیدا بەو ئەندازەیە بەتەنگێ جولانەوەکەوە نەبون وەکێ مەلا حسێنی مەجدی، محەمەد حسێن خان، حەسەن تیلۆ، قاسم ئیلخانی زادە، ئەحمەد ئاغا ئیلخانیو کەساتێکی تر. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی نێوان قازی محەمەدو حزبی تودە زۆر خراپ بوو. لەڕاستیدا ئەم ناکۆکییە ناکۆکیی نێوان کۆمەڵەو حزبی تودە بوو کەپاشان قازیی تێوە گلا. حزبی تودە

دەیویست لەکوردستاندا لقی تایبەتی هەبێو کۆمەڵە لەم بارەیەوە لاریی هەبو بەڵام پاش پێکەونانی دو کۆماری ئازەربایجانو کوردستانو هەڵوەشانەوەی لقەکانی ئازەربایجانی حزبی تودە، ناکۆکییەکە بەشێوەیەکی هێمنانە چارەسەر کرا.

دوای ئەو گۆڕانکارییانە روداوی تر هاتە پێش. حکومەت عەبدولڕەحمان زەبیحیو محەمەد دڵشادی گرتو بەدەسبەسەری رەوانەی تارانی کردن. ئەوان تا ساڵی **١٩٤٦** لەوێ مانەوە. کۆمەڵانی خەڵکی مەهاباد بۆ تۆڵەسەندنەوە بڕیاریاندا پەلاماری فەرمانبەرە ئێرانییەکانی ناو شار بدەنو وەک بارمتە رەفتاریان لەگەڵدا بکەنو حکومەت ناچار بکەن زەبیحیو دڵشاد ئازاد بکا. بەڵام قازی دەرفەتی ئەم کارەی نەداو فەرمانبەرە ئێرانییەکانی بەبێ زیان لەمەهاباد دەرباز کرد. ئەو دەیویست مەسەلەکە بەبێ زەبروزەنگ چارەسەر بکرێ.

لەو کاتەدا کۆمەڵەی ژ. ک بەهێزترین گروپی سیاسیی کوردستانی ئێران بوو و لەناو خەڵکدا رێزو نفوزێکی زۆری هەبو. دوای دامەزراندنی حزبی دیموکراتی ئازەربایجان، قازی محەمەد کە ئەو کاتە سەرۆکی کۆمەڵە بوو بیری لەگۆڕینی ناو و پرۆگرامی کۆمەڵە کردەوە بەتایبەتی بۆخۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی پاش بڕانەوەی جەنگ دا. بۆ ئەم مەبەستە پرسی بە زەبیحی کرد. زەبیحی دەستکاری کردنی پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی بەشتێکی چاک دەزانی بەڵام لەگەڵ گۆڕینی ناوی کۆمەڵەدا نەبو. دوای گرتنی زەبیحی، قازی محەمەد ئاواتی خۆی هێنایە دیو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دامەزراند. لەراستیدا ئەو حزبە درێژەپێدانی کۆمەڵەی ژ. ک بوو.

## ٢- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

دوای بـــــڕیاری هەڵوەشـــــاندنەوەی کۆمەڵـــــەی ژ.ک بەســـەرکردایەتیی قـــازی محەمـــەد، حزبێکـــی تـــر بـــەناوی حزبـــی دیمـــوکراتی کوردســـتانی ئێرانـــەوە دامـــەزرا. بـــەڵام لـــەباتی ئـــەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حزب لە ئەندامە چالاکو شـارەزاکانی کۆمەڵـە پـێکـ بـێ، نوێنـەرانی زەویـدارەکانو بازرگانـەکانی مـەهاباد بونـە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ڕۆژنامەی((کوردستان))ئۆرگانی حـزب بوو. لەیەکەمین کۆنگرەی حـزبدا کـە لـە **٢٥ – ٢٨**ی ئوکتۆبـەری **١٩٤٥**دا بەسترا بڕیاری دەرکردنی ڕاگەیانـدنو پـرۆگرامێکی تایبـەتی درا.

پرۆگرامی حزب لەئاستی پێویستدا نەبوو و هەنـدێ کـەموکوڕیی تێدا بوو، گرنگترینیان ئەمانەن :

**١**- لـــــەبارەی مەســـــەلەی ریفـــۆرمی کشـــتوکاڵەوە ئـــــەم کەموکوڕیانەی تێدا بەدی دەکرێ :

ا- بەشێوەیەکی سەرپێیی باس کراوە.

ب- پرۆگرام مەسەلەی دابەش کردنی زەویو لەوەڕگاکانی بەسەر جوتیارە هەژارە بێ زەوییەکاندا فەرامۆش کرد، هیچ چارەیەکی بـۆ مەسەلەی پەرەپێدانی بەرهـەمی کشـتوکاڵو ئـابوریی لادێو خـۆش کردنی گوزەرانی لادێ نشینەکان دانەناو مەسەلەی نیشتەجێ کردنی خێڵـە کۆچەرەکانی بەتـەواوەتی پشـت گـوێ خسـت. لەئـەنجامدا زۆربەی زەویو زار هەر بەدەست زەویدارو بورژوازییەکان مایەوە.

ج- پرۆگرام جوتیارانی بەهێزی سەرەکیی جوڵانەوەکە دانەناوە.

**٢**- پـرۆگرام بـەهیچ چەشـنێکـ باسـی پـەیوەندیی حـزبو چینـە ستەمکێشەکانی نەکردو لەم بارەیەوە نـەیتوانی هەڵویسـتی حـزب

بەرامبەر بەدەرەبەگەکانو پاشماوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی رون بکاتەوە.

٣- پرۆگرام تەنها بەچەند دێرێک کاروباری کرێکارانی بەسەر کردەوە.

٤- مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی دەرەبەگو بازرگانەکان بە ئاشکرا لەپرۆگرامدا بەدی دەکرێ.

٥- پرۆگرام دەرگای وەرگرتنی ئەندامانی لەسەر گازی پشت کردەوە بەبێ گوێدانە هەڵوێستو ریشەی چینایەتییان.

ئەم کەموکوڕییانە زادەی ئاستی نزمی کەلتوری سیاسیی ناوچەکە بوون بەگشتی کە خەڵکەکەی بەدرێژاییی بیست ساڵی فەرمانڕەوایی پەهلەوی لەجیهان دابڕا بونو بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە هێشتا بەتەواوەتی لە مێشکی روناکبیرەکاندا جێگای خۆی نەکردبۆوە. ئەم کەموکوڕییانە لەپرۆگرامی کۆمەڵەی ژ.ک یش بەدی دەکرێن بەڵام مەسەلەکە بۆ حزبی دیموکرات جیاوازە چونکە کۆمەڵە لەهەلومەرجێکدا دامەزرا کە بارودۆخی جیهان زۆر ئاڵۆزو تەمومژاوی بوو لەکاتێکدا جوڵانەوەی دیموکراتی لەسایەی ئاشتیو شکانی فاشیزمو سەرکەوتنی جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستاندا سەری دەرهێنا. حزبی دیموکرات کە بەشێوەیەکی نیمچە شۆڕشگێڕانە دەسەڵاتی سیاسیی لەکوردستاندا گرتە دەست دەبوایە سەبارەت بەهەموو مەسەلە کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابورییەکان پرۆگرامێکی رێکوپێکتری هەبوایە.

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چەند ریفۆرمێکی دیموکراتیی جێبەجێ کردو پەیوەندیی لەگەڵ جوڵانەوەی دیموکراتی ناوچەکانی تری ئێراندا دامەزراند. ئامانجی بزوتنەوەی

کورد لەگەڵ ئامانجی بزوتنەوەی دیموکراتی ئێراندا کەبریتی بوو لەهاوخەباتی بۆ هێنانە سەر کاری رژێمێکی دیموکراتو سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران، یەکی گرتەوە.

## ٣- پێکەوەنانی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێران

لە **٢٢**ی کانونی دووەمی **١٩٤٦**دا کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی قازی محەمەدو پێکەوەنانی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمو ئەنجومەنێکی وەزیران راگەیەنرا. ئەنجومەنی وەزیران لەم کەسانە پێکهاتبو:

**١**- قازی محەمەد — سەرکۆمار.

**٢**-حاجی بابا شێخ/ پیاوی ئاین/ سەرەکی وەزیرانو سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

**٣**- محەمەد حسێن خان سەیفی قازی/ خاوەندار/ وەزیری بەرگری.

**٤**- مەلا حسێن مەجدی/ پیاوی ئاین/ وەزیری داد.

**٥**- حاجی مستەفا داوودی/ بازرگان/ وەزیری بازرگانی.

**٦**- محەمەد ئەمین موعینی/ بازرگان/ وەزیری کاروباری ناوخۆ.

**٧**- میرزا ئەحمەد ئیلاهی/ کوتاڵ فرۆش/ وەزیری ئابوری.

**٨**- کەریمی ئەحمەدیان/ فەرمانبەر/ وەزیری پۆستەو تەلگرافو تەلەفۆن.

**٩**- مەنافی کەریمی/ زەویدارو بازرگان/ جێگری سەرەکی وەزیرانو وەزیری پەروەردە.

**١٠**- سەید محەمەد ئەیوبیان/ دەرمان نساز/ وەزیری تەندروستی.

**١١-**عەبدولڕەحمان ئاغای ئیلخانی زادە/ زەویدار/ وەزیری کاروباری دەرەوە.
**١٢-** سمایل ئاغای ئیلخانی زادە/ زەویدار/ وەزیری ڕێگاو بان.
**١٣-** خەلیل خوسرەوی/ بازرگان/ وەزیری کار.
**١٤-** مەحمود وەلی زادە/ کوتاڵ فرۆش/ وەزیری کشتوکاڵ.
**١٥-** شێخ محەمەد بورهانی/ پیاوی ئاین/ ڕاوێژکاری سەرکۆمار.
**١٦**عومەر خانی شکاک/ زەویدار/ فەرماندەی گشتیی سوپا.

وەک دەردەکەوێ ئەندامانی حکومەت پیاوانی ئاین، زەویدار، بازرگانو بەشێکیان خزمو ناسیاوی یەکتری بون. محەمەد حسێن خان کە وەزیری بەرگریی کۆمارو جاران(واتە پێش پێکەوەنانی کۆمار) فەرماندەی ژاندارم بوو، زەویدارێکی کورت بینو خۆویستو ئامۆزای قازی بوو. قاسم ئیلخانی زادە کە یەکێکە لەکاربەدەستانی حکومەتی کۆمارو عومەر خانی شکاک کەپلەی جەنراڵی پێ دراو بەفەرماندەی گشتیی سوپا دانرا، هەردوکیان لەمێژوی جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستاندا لاپەڕەیەکی ڕەشیان هەبوو و پارێزەری قازانجی زەویدارەکان بون. محەمەد ڕەشید خان کەپلەی جەنراڵی پێ دراو بەجێگری وەزیری بەرگری دانرا، زەویدارێکی کۆنەپەرستو لایەنگری ئینگلیز بوو و لەساڵانی **١٩٤١**، **١٩٤٣** و **١٩٤٥**دا ئتنگلیزەکان چەند جارێک بۆ کوردستانی ئێرانیان ناردو ئەنجامدانی هەندێ کاری تێکدەرانەیان پێ سپارد. لێرەدا دەبێ ئەوە رون بکەینەوە کەئەم جۆرە کەموکوڕیانە گرنگیی مێژوییی کۆماری مەهاباد کە یەکەمین کۆماری دیموکراتی مێژوی کوردستانە کەم ناکەنەوە. کۆماری ئۆتۆنوم لەو ناوچانە پێکهاتبو: مەهاباد، شنۆ،

میاندواو، سەردەشت، بانە، سەقز، نەغەدە، ورمێ، شاپور، خویو ماکۆ. هێزە چەکدارەکانی کۆمار لە ١٠ – ١١ هەزار چەکدار پێکهاتبون. بێجگە لەهێزەکانی کۆمار، هێزی چەکداری خێڵە کوردەکانی ناوچەی مەهاباد، شنۆ، ورمێ، سەقز، بانەو نەغەدەو هێزی یارمەتیدەرو هێزی تەنگانەش هەبوو. لەهەر شارێکیش ژمارەیەکی دیاریکراوی پۆلیسو ژاندارم بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە تەرخان کرا بوو. سوپا بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە پێکەوە نراو کەس بەزۆر نەکرا بەسەرباز. کوردەکانی عیراق لەپێکەوەنانی ئەو سوپایەدا بەشدار بون. هەمو دەزگاکانی دەوڵەت لەلایەن کوردەوە بەڕێوە بران. لەهەمو فێرگەکانیشدا خوێندن بەزمانی کوردی بوو.

دامەزراندنی کۆماری مەهاباد جێگای ڕێزو نەوازشی سەرتاسەری گەلی کورد بوو. خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ پشتگیری کردنی کۆمار لەفیداکاریو گیانبازیدا بەرچاوتەنگ نەبون. لەڕوی ئابوری، سیاسی، کەلتوریو سوپاییەوە پەیوەندیی دو قۆڵیی هەردو کۆمارەکەی کوردستانو ئازەربایجان سەقامگیر بوو. لە ٣ی ئایاری **١٩٤٦**دا ڕێککەوتننامەی دۆستایەتیو هاریکاریی دو قۆڵیی کۆماری کوردستانو ئازەربایجان کەبناخەی هاوخەباتیی هەردو گەلی بۆ هێنانە دیی ژیانێکی دیموکرات داڕشت، لەشاری تەورێز مۆر کرا.

هێزی بزوێنەری جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانی ئێران کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەو هێزە پێشکەوتنخوازەکان بوو. ئەم جولانەوەیە لەناوەڕۆکدا دژی کۆنەپەرستانی ناوخۆو دەرەوە بوو. لایەنە کۆنەپەرستەکان بۆ کلۆرکردنی جولانەوەکەو لەباربردنی

ناوەڕۆکی دیموکراتی‌یانەی هەولێکی بێ پایانیان دا بەڵام لەشکست بەولاوە هیچی تریان چنگ نەکەوت.

### جـ – لە تورکیا

لەسالآنی دەوروبەری جەنگی دوەمی جیهاندا حکومەتی تورکیا ناوچە کوردنشینەکانی بەناوچەی قەدەغەکراو راگەیاندو رێگای بەکەس نەدا هیچ جۆرە پەیوەندی‌یەکێ لەگەڵ کوردەکاندا دامەزرێنێ. لەبەر ئەوە ناتوانین بەتەواوەتی‌و بەرێکوپێکی هەلومەرجی راستەقینەی کوردستانی تورکیا شی بکەینەوە بەتایبەتی کە هەم رۆژنامەکانی تورکیاو هەم هی جیهان هیچ شتێکیان لەم بارەیەوە بڵاو نەکردۆتەوەو ئەگەر هەندێ وتاری کورتی لێ دەرکەین کە لەرۆژنامەکانی تورکیادا بڵاوکراونەتەوەو باسی پێکادانو تێکهەڵچونی چەکدارانەی تێوان کوردو هێزەکانی تورکیا دەکەن، هیچ دەنگوباسێکی تر لەم بارەیەوە دەسناکەوێ.

لەساڵی **١٩٣٨** بەولاوە واتە دوای دامرکاندنی جوڵانەوە چەکداری‌یەکەی کورد. حکومەتی تورکێ پاراستنی ئارامی‌ی ناوچە کوردنشینەکانی بەسوپا سپارد. ماوە بە هیچ پەیامنێرێکی رۆژنامەکانی تورکێو بێگانە نەدرا سەردانی ناوچەکە بکا. تەنانەت کوردەکانیش بۆیان نەبو دێهاتو شارەکانی خۆیان بەجێ بێڵنو رو بکەنە ناوچە تورکێ نشینەکانو دەرەوەی وڵات. بەڵام ئەم هەمو پێداگرتنە لەسەر دابڕینی کوردستان لەجیهانی دەرەوە، دەنگی کوردی بەیەکجارەکی پێ کپ نەکرا. جاروبار هەندێ هەواڵ دەربارەی گوزەرانی کوردەکانی تورکیاو خەباتیان لەپێناوی رزگاریی نەتەوەیی‌دا بەکوردەکانی پارچەکانی تر دەگەیشت. لەلایەکی ترەوە

کورد ەکانی تورکیا لەروداوەکانی کوردستانی عیراقو ئێران بێ ئاگا نەبون.

گەمارۆدانی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا دیوارێکی بەرزی بۆ دابڕینی کورد لەجیهانی دەرەوە دامەزراند. ئەم دیوارە ئەرکی دامرکاندنی هەر جوڵانەوەیەکی چەکدارانەو سەرکوت کردنی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی بۆ کاربەدەستانی تورکیا ئاسان کرد. کاربەدەستانی تورکیا بەدڕندانەترین شێوە کوردە تێکۆشەرەکانیان راونا. نوسەری بەناوبانگی تورکێ ئوستونگول لەیاداشتەکانیدا کە لەزیندانی فاشستەکاندا نوسیویەتی سەری ڕێزو نەوازش بۆ خەباتی گەلی کورد دادەنەوێنێو دەڵێ((بەشێوەیەکی گشتی، گریکێ، کورد، ئەرمەنو لەزگییەکان بەجۆرێکێ توشی ئازارو ئەشکەنجەی جەندرمەی تورکێ بون کە موچڕکێ بەلەشی مرۆڤدا دەهێنێ))[٣٨].

نوسەر لەیاداشتەکانیدا دێتە سەر باسی باری ناهەمواری گەلی کورد لەسایەی کۆمارە((دیموکراتەکەی))ئەتاتورکێدا و دەنوسێ((شاری ماردین کەوتۆتە سەر چیاکە. جاران لەم شوێنەدا تەویلەیەکێ بۆ وڵاخی سوپا هەبو. ئەم شوێنە شوێنێکی دورە. ئەمەش قەفەزێکی ئاسنینەو ئاوی بەژێرا دەڕوا. بە بەرچاوی خۆمانەوە لاوانی کوردو عەرەب لەناو ئەم قەفەزە ئاسنینەدا دەمرن))[٣٩].

کورد ەکانی تورکیا لە گۆڕانکارییەکانی کوردستانی ئێرانو عیراق بێ ئاگا نەبون. گروپە پێشکەوتنخوازەکانی تورکیا هەمیشە پەیوەندییان لەگەڵ رابەرانی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانی ئێرانو عیراقدا هەبو. بێگومان جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردەکانی عیراقو پێکەوەنانی کۆماری ئۆتۆنۆمی ساڵی **١٩٤٥**ی کوردستانی ئێران لەکوردستانی تورکیاش دەنگی دایەوە. بەڵام

کوردەکانی تورکیا نەیانتوانی خەباتی خۆیان لەگەڵ خەباتی براکانیان لەئێرانو عیراقدا یەکخەن. ئەمەش هۆی تایبەتی خۆی هەیە:

**١-** لەسالآنی دەوروبەری جەنگی دوەمی جیهاندا ئەنکەرە پاش هێرش بردنە سەر ستالینگرادو بەرەو پێشەوەچونی سوپای ئەڵمانیا، مرخی لەکافکاسو ئاسیای ناوەڕاست خۆش کرد و ویستی بیانکاتە بەشێکی جیانەکراوەی تورکیا. بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە دەوڵەت زیاتر لە نیو ملیۆن سەربازی لەناوچەکانی رۆژهەلاتی تورکیا واتە لەناوچە کوردنشینەکاندا مۆڵ دا. بێگومان بونی ئەو ژمارە زۆرەی سوپا کە بەتازەترین چەکو کەرەستەی جەنگی پڕچەک کرابو، رێگر بوو لە بەرپابونی هەر جولآنەوەیەکی چەکدارو کوردی عیراقو ئێرانی لەپشتیوانیی کوردی تورکیا بێ بەش کرد. ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا هەر بەقەدەغەکراوی مانەوە. هەمو کاروباری بەڕێوەبردن، دادگا، دەوڵەتو دەسەلاتی راپەڕاندن بە دەستی سوپاوە بوو.

**٢-** دەوڵەتە گەورەکانی وەک بریتانیاو ئەمریکا بەهەمو شێوەیەک رژێمی تورکیا دەپارێزنو دژی هەر جولآنەوەیەکی چەکدارانەی کوردن.

بەلآم دیارە ئەم هەمو کردارانەش نەیانتوانیوە بەیەکجارەکی پەکی خەباتی گەلی کورد بخەن. بەپێی وتارەکانی رۆژنامەی((جمهوریەت))دەردەکەوێ کە لەئوکتۆبەری **١٩٤٧**دا راپەڕینێکی چەکدارانە بەسەرکردایەتیی مستەفا شاهین لەناوچەی جزیرە هەڵگیرساوە. رۆژنامەکانی ئەوروپاش لەم بارەیەوە هەندێ هەواڵیان بلآوکردۆتەوە. بەلآم هیچ شتێک لەبارەی جولآنەوەکەوە بەتێرو تەسەلی نازانینو کەس بەتەواوەتی شارەزای چارەنوسی نیە.

دیاره دەوڵەتی تورکیا ئەو جوڵانەوەیەشی دامرکاندۆتەوەو خۆی لێ بێدەنگ کردوە. بەڵام لەساڵانی ئەم دواییەدا رۆژنامەکانی تورکیا ناچار بون دان بەجوڵانەوەو راپەڕینی خەڵکی کوردستاندا بنێن. مێژونوس ن.ئە. نۆفۆسیلۆڤ لەکتێبەکەیدا ((تورکیا))نوسیویەتی((لەساڵی **١٩٤٩**دا بەپێی ئەوەی لەرۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە، لە شەش مانگی ئەو ساڵەدا لە **٢٢** ولایەتی تورکیادا **٣٢٣** پێکادانی چەکدارانە لەنێوان جوتیاران لەلایەکو پۆلیسو ژاندارمو هێزە چەکدارەکانی تورک لەلایەکی ترەوە رویداوە. لەم پێکادانانەدا جوتیاران دەزگا دەوڵەتیو دەرەبەگەکانیان سوتاند، دەستیان بەسەر کۆگاو ئاژەڵو کێڵگەکانی دەوڵەتو زەویدارەکاندا گرتو زەویو زاریان بەسەر خۆیاندا دابەش کرد))[٤٠]. لەکاتی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی ساڵی **١٩٤٨**ی تورکیادا کوردەکانی **٦٠** گوندی ولایەتی ئەرزرۆم هەڵبژاردنیان ئافەروز کرد، هەمویان مانیان گرتو بێجگە لەدەم راستی دێ کەسی تر دەنگی نەدا.

رەفتاری حکومەتی تورکیا بەرامبەر بەکورد رەفتاری کۆیلەو کۆیلەدارە. ئەم دەوڵەتە هەم رقی لەگەلی کوردەو هەم لەبەرپابونی جوڵانەوەی چەکدارانە دەترسێ. ئەمەش کارێکی وای کردوە جەنجاڵێکی زۆر بکا گوایە((کورد لەتورکیادا نیەو ئەگەر لەدەرەوەی سنوری تورکیاشدا نەتەوەیەک بەناوی نەتەوەی کوردەوە هەبێ، ئەوا ئەو نەتەوەیە نەتەوەیەکی دواکەوتوو و ناهۆشیارە...)). رۆژنامەی((سۆن پۆست)) نوسیویەتی((لامان ئاشکرایە کەهەم ئێرانو هەم عیراق خەڵکانێکی هۆشیاری کوردیان تێدا نیە... بەڵام ئەوەی کاری بەسەر ئێمەوە هەیە... ئەوەیە کەکورد لەتورکیا

نیە)). پاشان نوسەر خوێنەران دڵنیا دەکاتەوەو دەڵێ((بەڵكو لەتوركیا توركی كێوی یاخود توركی دڕندە هەیە كەپێویستە لەسەرمان بەیەكجارەكیو بەزوترین كات بیانكەینەوە بەتورك)). ئنجا لەدواییدا ئێرانو عیراق وریا دەكاتەوە كە((ئەگەر دراوسێكانمان نایانەوێ بڕوخێن، دەبێ هەمیشە وریاو بەئاگا بن))[٤١].

بەڵام ئەم شۆڤێنیستە تۆرانیستە نازانێ كە سێ رۆژ پێش بڵاوكردنەوەی وتارەكەی، سەراج ئۆغڵوی سەرەك وەزیرانی ئەوسای توركیا بەناچاری دانی بەبونی كوردەكانی توركیادا نابوو. لە**٨**ی نیسانی **١٩٤٦**دا سەراج ئۆغڵو لەوەڵامی پرسیارەكانی چەند پەیامنێرێكی ئەمریكیدا وتی((لەتوركیا تەنها یەك كەمینە هەیە ئەویش كوردە. بەڵام هەمو راپەڕینەكانیان زادەی چەند هۆیەكی ئاینینو مۆركی سیاسییان بەخۆوە گرتوە)).

## کۆبەند

١- سەرەڕای پرۆپاگەندەی خەستی فاشیزم کەسەرانسەری کوردستانی تەنی‌یەوەو سەرەڕای ئەوەی کە گەلی کورد ئیمپریالیزمی ئینگلیزو فەرەنسای بە سەرسەختترین دوژمنی خۆی دەزانی، گەلی کورد لەخەباتی ئەو قۆناغەدا لەریزی بەرەی دیموکراتی دژی فاشستی‌ی جیهاندا بوو.

٢- لەسەرەتای سالآنی جەنگی دوەمی جیهاندا کۆمەڵی کوردەواری گۆڕانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌ی گرنگی بەسەردا هات. ئەم گۆڕانە لە پەرەسەندنی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی‌کوردستاندا رەنگی دایەوەو مۆرکی پێشکەوتنخوازانەی پێوە دیار بوو. لەو قۆناغەدا دو چینی بورژوازی‌و کرێکارانی کوردستان گەشەیان کردو لەپێکەوەنانی حزبو گروپە سیاسی‌یەکاندا نەخشێکی گرنگیان نواند. هەردو چین بەتوندی بەرهەڵستی‌ی دەرەبەگایەتی‌یان کردو لەسەر دورخستنەوەی لایەنە دەرەبەگەکان لەسەرکردایەتی کردنی گروپە سیاسی‌یەکان پێیان داگرت. ناکۆکی‌ی چینایەتی‌ی نێوان دەرەبەگە زەویدارەکانو چینی جوتیاران رۆژ بەرۆژ پەرەسەندوترو توندوتیژتر دەبو.

٣- مەسەلەی کورد کەمەسەلەی خەباتی گەلی کوردە لەپێناوی رزگاری‌و سەربەخۆیی‌ی نەتەوەییدا لاوازترین ئاڵقەی سیاسەتی ناوخۆی رژێمەکانی تورکیاو ئێرانو عیراقە. ئەم مەسەلەیە مەگەر بە سەلماندنی هەمو مافەکانی گەلی کورد چارەسەر بکرێ ئەگینا بەهیچ شێوەیەکی تر چارەسەر ناکرێ.

٤- لەسالآنی پێش بەرپابونی جەنگی دوەمی جیهاندا چەند جوڵانەوەیەکی چەکدارانە لەکوردستانی تورکیاو ئێرانو عیراقدا

بەرپا بون، چەند رۆژنامەیەکێ بەزمانی کوردی دەرچون، حزبو گروپی سیاسیی تازە کە لاوانو رۆشنبیرانی چینە ستەمکێشەکانی گەل لەمەسەلەی دامەزراندنیاندا نەخشی تایبەتیان هەبو هاتنە سەر شانۆی روداوەکان. ریڕەوی ئەو رۆژنامەو گروپە سیاسییانە دژی فاشستی بوو.

٥- لەکوردستانی عیراقدا چەند حزبێکی سیاسیی پێشکەوتنخواز کە بۆ یەکخستنی ریزەکانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و عیراقو سەقامگیرکردنی هاوخەباتیی دو گەلی سەرەکیی عیراق خەباتێکی بێ وێنەیان بەرپا کرد، پێکەوە نران. ئەو حزبانە پەیوەندییان لەگەڵ لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق دامەزراندو دژی دوژمنی هاوبەش واتە ئیمپریالیزمو حکومەتی پاشایەتیی عیراق تێکۆشان. حزبی هیوا کەئامانجە سەرەکییەکەی بەرهەڵستی کردنی فاشیزمو سەندنەوەی مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد بوو، بەشێوەیەکی نهێنی دامەزراو تا ساڵی **١٩٤٣** گەورەترین حزبی سیاسیی کوردستان بوو. بەڵام لەساڵی **١٩٤٤**دا ریزەکانی لەبەریەکێ ترازانو حزب بوو بە دو لەتەوە. بازوی چەپ لەحزب جیا بۆوەو وەکێ گروپێکی سەربەخۆ کەوتە چالاکی نواندن.

جوڵانەوەی چەکدارانەی ساڵانی **١٩٤٣ – ١٩٤٥** کەئامانجەکەی سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردی عیراق، لەماوەیەکی کەمدا ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی گرتەوەو تا ساڵی **١٩٤٥** درێژەی هەبو، پاشان پێشمەرگەکان ناچار بون پەنا بەرنە بەر سنوری ئێران. کوردەکانی عیراق لەپێکەوەنانی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێراندا بەشدار بون.

**٦**- لەئابی ساڵی **١٩٤١**دا سوپای سۆڤیێت سنوری ئێرانی شکاندو بەشێکی ناوچەکانی سەروی کوردستانو ئازەربایجانی داگیرکرد. لەکارخستنی رەزا شا، مۆر کردنی رێککەوتننامە سێ قۆڵییەکەی نێوان یەکێتیی سۆڤیێتو بریتانیاو ئێران، هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی دیبلۆماسیی ئێرانو ئەڵمانیای نازیست – تەواوی ئەم روداوانە کارێکی زۆریان کردە سەر پەرەسەندنی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی. لەناوچەی بێلایەنو ناوچەی نفوزی یەکێتیی سۆڤیێتدا (واتە باکوری رۆژئاوای ئێران) کۆمەڵەی ژ.ک کە جولانەوەی دیموکراتی بەجولانەوەی دیموکراتی ئێرانەوە بەستەوە، دامەزرا. قازی محەمەد کە ریفۆرمیستێکی ئایدیالیست بوو لەریزی کۆمەڵەدا وەرگیراو دوای ماوەیەکی کەم بوە ئەندامی سەرکردایەتیو پاشان سەرۆکی کۆمەڵە. کۆمەڵەی ژ.ک بەدەسپێشخەریی قازی محەمەد هەڵوەشایەوەو حزبێکی نوێ بەناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جێگای گرتەوە. پرۆگرامو پەیرەوی ناوخۆی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەندێ کەموکوڕی تێدا بوو.

لەساڵی **١٩٤٦**دا لەناوچەی بێلایەنی ئێراندا کۆماری ئۆتۆنۆمی مەهاباد دامەزراو قازی محەمەد بەسەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرا. حکومەتی کۆمار ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی نیشتمانیی لەنوێنەرانی پیاوانی ئاین، بازرگانەکان، زەویدارەکانو دەوڵەمەندانی مەهاباد پێک هێنا. دامەزراندنی کۆماری مەهاباد لەسەرانسەری کوردستاندا دەنگی دایەوە. ئەم کۆمارە لەویژدانی گەلی کورددا جێگیر بوو و خەڵکی کوردستان روداوە سیاسییەکانی ناوچەی بێ لایەنی کوردستانی ئێرانیان بەسەرەتای رزگاریی یەکجارەکیی

کوردستان دەزانی. گەل ئەم کۆمارەی بە قەڵای خەبات دانا. پێشمەرگە کوردەکانی عیراق کە لەئێراندا پەنابەر بون، لەخەباتدا بۆ دامەزراندنی کۆمارو پاراستنی بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەشداری‌یان کرد. ئەوان هەرچی‌یەکیان هەبو بۆ پاراستنی کۆمارو شکاندنی هێرشی داگیرکەران تەرخانیان کرد. لەکانونی دووەمی **١٩٤٦**دا سەرەکی وەزیرانی ئێران قەوامی سەڵتەنەت بەبیانوی((مسۆگەر کردنی ئازادیی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران))سوپای بۆ کوردستان نارد. ئەوی راستی بێ مەبەستی دەوڵەت لەناردنی سوپا دەست وەشاندن بوو لەهێزە دیموکراتەکانو جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد. رابەرانی کۆماری مەهەباد لەبەر سروشتی چینایەتی‌یان پشو درێژ، خۆڕاگرو هێندە بەتەنگ مەسەلەکەوە نەبون. ئەوان بەبێ شەڕ خۆیان بەدەستەوە دا. بەڵام ئەم کارەش دادی نەدانو لەپەتی سێدارەی دور نەخستنەوە.

**٧**- سەرەڕای پشتێنی سوپایی کە لەهەر چوار لاوە گەمارۆی کوردستانی تورکیای داوە، سەرەڕای دابڕینی کوردی تورکیا لە جیهانی دەرەوەو سەرەڕای ئەوەی کە جوڵانەوەی دیموکراتی کوردەکانی تورکیا لەو قۆناغەدا لەرووداوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێرانو عیراق دورەپەرێز بوو، بەڵام خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی تورکیا هەر بەردەوام بوو. تەنانەت رۆژنامە زەردەکانی تورکیاش ناچار بون باسی ئەم خەباتە بکەنو بەئاشکرا دانی پیدا بنێن.

**٨**- مێژوی خەباتی ئەو قۆناغەی گەلی کورد بەرووداوی سیاسیی گرنگ دەوڵەمەندە وەک دامەزراندنی کۆماری ئۆتۆنۆمی مەهاباد.

بەڵام لەو قۆناغەشدا لەمەسەلەی سەرکردایەتیی جوڵانەوەی نەتەوایەتیدا هەندێ کەموکوڕی بەدی دەکرێن.

٩- دەبێ هەمیشە کەموکوڕیو هەڵەکانی ئەو قۆناغەمان لەبەر چاو بێ بۆ ئەوەی لاوانو گروپو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بیانکەن بە پەندو کەڵکیان لێ وەرگرن. هەلومەرجی ئاڵۆزی جیهان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بەمەسەلەی کوردەوە هەیە ئەوەندەی تر خەباتی گەلی کورد سەختتر، دژوارترو ناخۆشتر دەکا. لەبەر ئەوە دەبێ حزبو گروپە سیاسییەکانو رابەرانو لاوانی کورد بەچاکی پەند لەو کەموکورییانە وەرگرنو ماوە نەدەن دوپات ببنەوە.

قۆناغی سێیەمی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد کە لەسالانی دەوروبەری جەنگی دوەمی جیهانەوە دەست پێ دەکا بەناوەرۆکئو مۆرکی شۆڕشگێڕانە لەقۆناغی یەکەمو دوەم جیا دەکرێتەوە. لەقۆناغی یەکەمو دوەمدا سەرکردایەتیی جوڵانەوەکە بەدەست رابەرو سەرکردە بەناوبانگەکان بوو. ئەوان رابەرایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی جوتیارانیان دەکردو نوچدانو ژێرکەوتنی جوڵانەوەکە تا رادەیەکی زۆر بەوانەوە بەسترا بۆوە. نەمانی ئەوان بڵاوەی بەجوڵانەوەکە دەکردو توشی نوشوستو شکانی دەکرد. بەڵام لەقوناغی سێیەمدا کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان خۆیان جڵەوی جوڵانەوەکەیان بەدەستەوەیەو لەبەرپاکردنو ئاراستەکردنیدا نەخشی گرنگیان هەیە. ئەگەر حزبو گروپە سیاسییەکان کەپێشەنگو رابەری کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕ بون رێکخستنێکی پتەو و ئاستێکی بەرزی وشیاری سیاسیان هەبوایەو بەتەواوەتی شارەزای ویستو ئارەزوی کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕ بونایە، ئەگەر ئەو حزبو گروپانە لەپرۆگرامو دروشمەکانیاندا مەسەلەی

زەویو نەخشی سەرەکیی جوتیارانیان یەکالا بکردایەتەوە، دەیانتوانی بەجۆرێک پێشرەوایەتیی گەل بکەن کە هەر چی گیروگرفتو کەموکوڕیی ناو جولانەوەکەیە بەڕێکوپێکی چارەسەر بکرێ. ئەگەر وایان بکردایە، دەیانتوانی کەسانی دودڵ، ڕاڕاو ناشۆڕشگێڕ لەریزی جولانەوەکە دەرکەنو جولانەوەکەیان لێ پاک بکەنەوە.

بەبڕوای ئێمە گرنگترین کەموکوڕییەکانی قۆناغی سێیەمی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەردەکەون:

ا- لەو قۆناغەشدا سەرکردە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان لە پرۆگرامو دروشمو پراتیکدا بەپێی پێویست گرنگییان بەمەسەلەی زەویو نەخشی جوتیار لەجولانەوەی نەتەوەییدا نەداوە. مەسەلەی زەوی کە مەسەلەیەکی سەرەکیو بنچینەییی جولانەوەی نەتەوەیییە بەڕێکوپێکی چارەسەر نەکرا.

ب- سەرکردە دیموکراتەکان لەداڕشتنی پرۆگرامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا زۆر لیبرالیانە بۆ مەسەلەکە چونو دەرگای وەرگرتنی ئەندامانیان لەسەر پشت بۆ هەموان بەبێ جیاوازی کردەوە. ئەمە کارێکی وای کرد لایەنە دەرەبەگو ئایینییە کۆنەپەرستەکان کە لەمەسەلەی بەرەو پێشەوە چونی جولانەوەی دیموکراتیدا نەخشی خراپیان هەیە، لەریزی حزبدا نفوزو دەسەلاتێکی زۆر پەیدا بکەن.

ج- لایەنە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان بەرامبەر بەلایەنە خێڵەکیو دەرەبەگەکان سیاسەتێکی نەرمیان گرتە پێشو هیچ شتێکیان بۆ لەکارخستنیان نەکرد. بەپێچەوانەوە رێگایان پێدان

بێنە ناو سەرکردایەتیو هێشتیان جولاّنەوەکە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان تەرخان بکەن. ئەم دیاردەیە لەکۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێراندا بە بەرچاوترین شێوە دەردەکەوێ بەتایبەتی کەروداوەکان بەئاشکرا ساغیان کردەوە کەئەو لایەنانە لەئەنجامی سیاسەتو ساتو سەوداکاریدا بونە هۆی لەناوچونی کۆمار.

د- ئەگەرچی لایەنە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان ئاگاداری ڕاڕایی‌ی قازی محەمەد بونو دەیانزانی لەجولاّنەوەی دیموکراتیدا هیچ هەڵوێستێکی توندو ئاشکرای نابێو ریفۆرمە سەرەکی‌یەکان پشت گوێ دەخا، کەچی چاویان لەو کەموکوڕی‌یانە پۆشیو هیچ هەڵوێستێکی بەرهەڵستکارانەیان پیشان نەدا.

هـ -پێویست بوو لەسەر لایەنە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ مەسەلەی خزمایەتی لەریزی حزبی دیموکراتو دەزگاکانی کۆماردا بدۆزنەوە. لەئەنجامی ئەم دیاردەیەدا هەندێ لەسەرکردەکانی حزبو کۆمار بەشێکی زۆری خزمو ناسیاوەکانی خۆیان لەدەوری خۆیان کۆکردەوەو بەبێ ئەوەی ئەو خزمو ناسیاوانەیان توانای بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی‌یان هەبێ کرانە لێپرسراوی گەورەو دەسەلاّتێکی زۆریان پێ درا.

لەسالاّنی **١٩٤٥** و **١٩٤٦**دا کوردەکان لەهەمو رویەکەوە بالاّدەست بون، چەکو کەرەستەیەکی زۆریان هەبوو و بێ ئەندازە ئامادەی فیداکاریو گیانبازی بون. کەچی سەرەڕای ئەو هەلومەرجە لەبارە جولاّنەوەکە بەئاسانی هەرەسی هێنا، سەرکردەکان ئاشبەتاڵیان لێ کردو خۆیان بەدەستەوە دا.

و- لایەنە دیموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی ئەو جولانەوەیە نەیانتوانی تێکۆشەری دڵسۆزو کەسانی خۆویستو ڕاڕا، پێشکەوتنخوازو کۆنەپەرست لەیەک جیا بکەنەوە. لەبەر ئەوە بەچاکی کەڵکیان لەکەسانی خۆڕاگرو دڵسۆز وەرنەگرتو نەیانتوانی بەپێی قازانجی جولانەوەکە بیانخەنە گەڕ.

ی- سەرکردەکانی کۆماری مەهابادو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەهیچ چەشنێک ماوەیان بەکەس نەدا رەخنەیان لێ بگرێ. ئەوان هەمو دیدێکی رەخنەگرانەیان بەدژی خۆیان دەزانیو لەبریتی ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوەو رێبازێکی رێکوپێکتر بگرنە پێش، گوناهی ئەوەیان دەخستە پاڵ رەخنەگران گوایە نۆکەری بریتانیاو ئەمریکان، ئەمەش بۆ لەکارخستنو بێ بەری کردنی رەخنەگرەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمارو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکرا بە پەڵپ.

## سەرچاوەكانی بەشی یەكەم

١- ك. كوردۆیــف، شـێواندنی مێــژوی كــورد لەنوســینەكانی مێژونوســە بورژوازییەكانی ئێراندا، گۆڤـاری((یاداشـتی زانسـت))لینینگـراد، ژمـارە **٤**ی ساڵی **١٩٥٤**.

٢- محەمەد ئەمین زەكی، مێژوی كوردو كوردستان، وەرگێڕانی محەمەد عەلی عەونی، قاهیرە، **١٩٣٩**، ل **٨١ — ٨٢**، بەزمانی عەرەبی.

٣- گزینەفۆن، ئاناباس، وەرگێڕانی ف. ماكسیمۆفا، بەشی سێیەم، بـەرگی پێنجەم، **١٩٥١**، ل **٨٣** بەزمانی روسی.

٤- گزینەفۆن، سەرچاوەی پێشو، ل **٨٣**.

٥- ك. كوردۆیف، سەرچاوەی پێشو.

٦- گزینەفۆن، سەرچاوەی پێشو، ل **٨٢**.

٧- محەمەد ئەمین زەكی، سەرچاوەی پێشو، ل **٨٢**.

٨- شەرەف خانی بتلیسی، شەرفنامە، لەندەن، بەرگی دوەم، **١٩٢٨**، ل **٤**.

٩- كارتسۆف، چەند سەرنجێك دەربارەی كـورد، تفلـیس، **١٨٩٨**، ل **٩٠**، بەزمانی روسی.

١٠- رەفیق حلمی، كـورد لەسـەرەتای مێـژوەوە تـا سـاڵی **١٩٢٠**، بەغـدا، **١٩٣٤**، ل **٢١**، بەزمانی عەرەبی.

١١- ج. كرزن، فارسو مەسـەلەی فـارس، لەنـدەن، **١٨٩٢**، ل **٥٥٤** بـەزمانی ئینگلیزی.

١٢- شیخ ئەحمەدی خانی، مەمو زین، بڵاوكراوەكانی ژین، حەلەب، **١٩٤٧**، ل **١٧**.

١٣- ل. رامبۆ، كوردو یاسا، پاریس، **١٩٤٧**، ل **١٦**، بەزمانی فەرنسی.

١٤- م. ئۆ. كۆسۆین، ئـەنتوگرافی سۆڤـێتی، مۆسـكۆ، ژمـارە **١**ی سـاڵی **١٩٥١**، ل **١٠٧**.

١٥- كونستاتينۆف، ماتریالیزمی مێژو، مۆسكۆ، ١٩٥٠، ل ٤٨.
١٦- پترۆشیفسكی، كورتە باسێكی مێژوی پەیوەندی فیودالی لە ئازەربایجانو ئەرمینیە لەسەدەی شەنزەهەمو سەرەتای سەدەی پانزەهەمدا لنینگراد، ١٩٤٩، ل ٥٥ — ٥٦.
١٧- فریدریك ئەنگلس، پەیدابونی خێزان،خاوەتێتی تایبەتیو دەوڵەت، چاپی روسی، ١٩٥١، ل ١١٦.
١٨- لینین، دەوڵەتو شۆڕش، ١٩٤٨، ل ٣.
١٩- ل. س. فرێشمان، دەربارەی پەیوەندیە دەرەبەگییەكانی تیو خێڵەكانی ئێران، یادشتە زانستییەكانی زانكۆی كازاخستان، بەرگی بیستەم، ١٩٥٦، ل ١١٦.
٢٠- ئۆ. ل. ویلگفسكی، بەلگەنامەكانی لنینگراد دەربارەی فۆرماسیونە كۆمەلایەتییەكانی كوردستان، كتێبی زمانە ئێرانییەكان، مۆسكۆ، ١٩٤٦، ل ٨٨.
٢١- كۆمەلێك بەڵگەنامە دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتیو ئیمپریالیزم، ژمارە٣/٩، ١٩٣٦ بەزمانی روسی.
٢٢- زاورێیف، دەربارەی مێژوی تازەی ولایەتەكانی رۆژهەلاتی توركیا، تفلیس، ١٩٤٨، ل ١٤٣.
٢٣- بلاوكراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ژمارە ١٣/١٤، ١٩٣٤، ل ٧٥.
٢٤- بلاوكراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەمان ژمارەو ساڵ.
٢٥- شەرەف خانی بتلیسی، سەرچاوەی پێشو.
٢٦- ل. س. فریشمان، سەرچاوەی پێشو.

**٢٧**- ئاراکیلیـــان، کـــوردی ئێـــران، هەواڵـنامـــەی کـــۆڕی جوگرافیـــای ئیمپراتۆریی روس لەکافکاس، بەرگی **١٧**، تفلیس، **١٩٠٤**، ل **١٣ — ١٤**.
**٢٨**- بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست، هـەمان ژمـارەو هەمان ساڵ.
**٢٩**- کنر، گەشتێک بەئاسیای بچوکو ئەرمەنستان کوردستاندا لە ساڵانی **١٨١٣-١٨١٤**دا، لەندەن، **١٨١٨**، ل **٤٢٣**.
**٣٠**- یندر، کوردستان، لەندەن، **١٨٧٨**، ل **٣٥١**.
**٣١**- ف. مینۆرسـکی، راپـۆرتێک دەربـارەی گەشـتێک بەمیرنشـینی ماکنسکیدا، مۆسکۆ، **١٩٤٨**، ل **١٦**.
**٣٢**- ح. حەقی، درسیمو حقوق درسیم، **١٩٣٢** بەزمانی تورکی.
**٣٣**- ئـۆ. ل. ویلگفسـکی، ئـابوریی کۆمـەڵی لادێیـیی کوردسـتای، ئەنتوگرافیی سۆڤێتی، ژمارە **٥** و **٦**، مۆسکۆ، **١٩٣٦**، ل **١٤١**.
**٣٤**- کێ. م. پـترۆف. هەنـدێ زانیـاری دەربـارەی کـوردە سـنجابییەکانی ئێران، ئەنتۆگرافی سۆڤیتی، ژمارە **١**، **١٩٥٢**، ل **١١٤**.
**٣٥**- ملنگن، ژیانی سەرەتاییی کورد، لەندەن، **١٨٩٠**، ل **٢٦٥**.
**٣٦**- بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، هـەمان ژمـارە و ساڵ.
**٣٧**- کێ. م پتروف، سەرچاوەی پێشو، ل **١٤**.
**٣٨**- بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، هـەمان ژمـارەو ساڵ.
**٣٩**- چرنۆزۆپـۆف، ئـەردەڵان یـان کوردسـتانی ئێـران، زانیارییـەکانی سەرکردایەتیی جەنگیی کافکاس، ناوچەی **٣٨**، **١٩١١**.
**٤٠**- بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، هـەمان ژمـارە و ساڵ.

٤١- ل. س. فرێشمان، سەرچاوەی پێشو، ل١٠٩.

٤٢- ل. س. فرێشمان، سەرچاوەی پێشو، ل ١٠٨.

٤٣- خورشید ئەفەندی، سیاحەتنامە، پۆترسبورگ، ١٨٧٧، ل ١٤٧.

٤٤- راوڵنسۆن، سەرنجەکانی گەشتێک لەتەوریزەوە تا کوردستانی ئێران، پۆترسبورگ، ١٨٣٨، ل ١٥.

٤٥- گ. م. پترۆف، سەرچاوەی پێشو، ل ١١٤.

٤٦- کارل مارکسو فریدریک ئەنگلس، دانراوەکان، بەرگی نۆیەم، چاپی روسی، ل ١٥٣.

٤٧- بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمان ژمارە و ساڵ.

٤٨- کارل مارکس، سەرمایە، بەرگی یەکەم، چاپی روسی، ل ١٤٧.

٤٩- جابر، کوردستان، فایلەکانی باکور، ژمارە ١٤، ١٧٥ بەزمانی روسی.

٥٠- ئۆ. ل. ویلگفسکی، سەرچاوەی پێشو، ل ١٤٦.

٥١- پراڤدا، ژمارەی ١٥ی نیسانی ١٩٥٠.

٥٢- لینین، دانراوەکان، بەرگی سێیەم، ل ١٤١ بەزمانی روسی.

٥٣- کارل مارکس، هەڵبژاردەکان، بەرگی یەکەم، چاپی روسی، ل ٢٧٠.

٥٤- لینین، دانراوەکان، بەرگی سێیەم، ل ٤٢ بەزمانی روسی.

٥٥- لینین، دانراوەکان، بەرگی سێیەم، ل ٤٢ بەزمانی روسی.

٥٦- عەلی رەزم ئارا، جوگرافیای سوپاییی ئێران، بەرگی پێنجەم، تاران، ١٩٤١ بەزمانی فارسی.

٥٧- ف. س. باسکن، سەرچاوەی پێشو، ل ١٣٤.

٥٨- رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٥، ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٤٦.

٥٩- ف. س. باسکن، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٥.

٦٠- لینین، دانراوەکان، بەرگی سێیەم، ل ٣١٣.

**٦١-** كارل ماركس، ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، چاپی روسی، **١٩٢٣**، ل **٤٠**.

**٦٢-** بڵاوكراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمان ژمارە و ساڵ.

**٦٣-** ئۆ. ل. ویلگفسكی، سەرچاوەی پێشو، ل **١١**.

**٦٤-** لینین، دانراوەكان، بەرگی بیستەم، ل **١١**.

**٦٥-** ستالین، مەسەلەكانی لنینیزم، چاپی **١١**، مۆسكۆ، ل **١٨**.

**٦٦-** بڵاوكراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمان ژمارەو ساڵ.

**٦٧-** دكتۆر بلەچ شێركۆ، مەسەلەی كورد، قاهیرە، **١٩٣٠**، ل **٤٢**، بە زمانی عەرەبی.

**٦٨-** دكتۆر بلەچ شێركۆ، سەرچاوەی پێشو، ل **٤٢ — ٤٣**.

**٦٩-** محەمەد ئەمین زەكی، مێژوی دەوڵەتو میرنشینە كوردەكانی سەردەمی ئسلام، وەرگێڕانی محەمەد عەلی عەونی، قاهیرە، **١٩٤٥**. ل **٤١٢** بەزمانی عەرەبی

**٧٠-** محەمەد ئەمین زەكی، مێژوی كوردو كوردستان، ل **٢٤٢ — ٢٤٣**.

**٧١-** كامساراكان، هێرشی ساڵی **١٨٨٠**ی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ سەر ئێران، سان پۆترسبۆركَ، **١٨٨٤**، ل **٣٤**.

**٧٢-** كامساراكان، سەرچاوەی پێشو، ل **٣٨ — ٣٩** .

**٧٣-** كامساراكان، سەرچاوەی پێشو، ل **٣٤**.

**٧٤-** كامساراكان، سەرچاوەی پێشو، ل **٣٩**.

**٧٥-** میللەر، كورتە باسێكی مێژوی تازەی توركیا، مۆسكۆ، **١٩٤٨**. ل **٢٠**.

**٧٦-** لاهوتی، كوردستانو كورد، گۆڤاری((رۆژهەڵاتی نوێ))، ژمارە **٤**، **١٩٢٣**، ل **٦٥** بەزمانی روسی.

# سەرچاوەکانی بەشی دووەم


١- ستالين، هەڵبژاردەكان، بەرگی حەوتەم، ل **٢٧٨**.

٢- عبد العزيز ياملكی، كردستانو كرد اختلاللری، تهران، **١٩٤٦**، آ **٦١**.

٣- عبد العزيز ياملكی، سەرچاوەی پێشو، ل **٦١**.

٤- سەرچاوەی پێشو، ل **٦١ - ٦٢**.

٥- سەرچاوەی پێشو، ل **٦٢**.

٦- الدكتور بلەج شيركو، ĞĦŘŐĴ الكرديه، القاهره، **١٩٣٠**، آ **٦٥**.

٧- عبد العزيز ياملكی، سەرچاوەی پێشو، ل **٦٦**.

٨- سەرچاوەی پێشو، ل **٦٥**.

٩- لينين، دانراوەكان، بەرگی **٣٠**، چاپی چوارەم، ل **١٣٩**، بەزمانی روسی.

١٠- جواهر لال نهرو، لمحات من تاريخ العالم، بيروت، **١٩٥٧**، آ **٢٦٠**.

١١-الدكتور بلەج شيركو : ŮĘäǍĔĴ øǼÔţĴ Î ĒĎ

١٢- كورنتسۆف، عراق لەكاتی شەڕی دووەمی جيهاندا، **١٩٤٨**، مۆسكۆ، ل **٨٥**، بەزمانی روسی.

١٣- عبد العزيز ياملكی : سەرچاوەی پێشو، ل **٧٤**.

١٤- الدكتۆر بلەج شيركو : ŮĘäǍĔĴ øǼÔţĴ Î ēē

١٥- ل. رامبۆ، كوردو ياسا، پاريس، **١٩٤٧**، ل **٧٩**، بەزمانی فەرەنسی.

١٦- الدكتۆر بلەج شيركو : ŮĘäǍĔĴ øǼÔţĴ Î ĒĚ.

١٧- عبد العزيز ياملكی : سەرچاوەی پێشو، ل **٨٣ — ٨٤**.

١٨- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٦٧**.

١٩- بڵاوكراوەی رۆژنامەگەریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە **٨ — ٩(١٦ — ١٧)**، تاشكەند، **١٩٣٠**، ل **٦٧**.

٢٠- سەرچاوەی پێشو.

**٢١**- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٣٠**.

**٢٢**- بڵاوكراوەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تاشكەند، **١٩٣٢**، ژ **١٣ — ١٤**، ل **٧٣**.

**٢٣**- الدكتۆر بلەج شیركو : øÆÔţl ÛĘæÅÊJl î ēđ.

**٢٤**- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٣٠**.

**٢٥**- عبدالعزیز یاملكی : سەرچاوەی پێشو، ل **٨٦**.

**٢٦**- ئارمسترونگ، گورگی بۆر مستەفا كەمال، لەندەن — پاركەر، ل **٢٦٥ — ٢٦٦**. بەزمانی ئنگلیزی.

**٢٧**- عبدالعزیز یاملكی : سەرچاوەی پێشو، ل **٨٧**.

**٢٨**- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٢٩**.

**٢٩**- ڕۆژنامەی((میللیەت))، ژمارە **١٦٣٦**، **٣**ی ئابی **١٩٣٠**.

**٣٠**- سەرچاوەی پێشو.

**٣١**- ڕۆژنامەی(میللیەت)، ژمارە **١٦٥٥**، **١٩**ی سپتەمبەر **١٩٣٠**.

**٣٢**- ڕۆژنامەی((تان))، ژمارەی **١٨**ی ئابی **١٩٣٤**.

**٣٣**- باسیل نكتین، الاكراد، دار الروائع، بیروت، **آ** **٢٠٣**.

**٣٤**- بڵاوكراوەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە **١٠** و **١١**ی ساڵی **١٩٣٢**.

## سەرچاوەكانی بەشی سێیەم

**١**- ف. ئی. لینین، دانراوەكان، بەرگی **٢٠**، ل **٣٠** بەزمانی روسی.

**٢**- لەوتاری((دەربارەی نەتەوایەتیو ئەنتەرناسیونالیزم))ی لیوچاو تسەوە وەرگێراوە، ڕۆژنامەی پراڤدا، ژمارە **١٥٨**ی ڕۆژی **٧**ی حوزەیرانی **١٩٤٩**.

٣- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٢٠**.

٤- گۆڤاری((سان فرەنسسکۆ))ژمارەی **٢٣**ی ئوکتۆبەری **١٩٤٩**.

٥- رۆژنامەی((الوعی العربی))ژمارە **١١٣**ی رۆژی **١٧**ی دیسەمبەری **١٩٥٧**.

٦- و. ج. ئیلفنستۆن، مەسەلەی کورد، لەندەن، **١٢٤٦**، لل **٩١ ٩٢**.

٧- بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیا، چاپی دوەم، ل **٦٥**، بەزمانی روسی.

٨- رۆژنامەی((وەقت))ژمارەی **٧**ی ئایاری **١٩٢٥**.

٩- ل. رامبۆ، سەرچاوەی پێشو، ل **١٢١**.

١٠- گۆڤاری((هیلال))قاهیرە، ئوکتۆبەری **١٩٤٣**.

١١- س. ل. خەبات، کوردەکان سەربەخۆیی خۆیان وەدەست دەهێنن.گوڤاری((التقدم))، قاهیرە، **١٩٤٦**.

١٢- محەمەد شێرزاد، خەباتی کورد، قاهیرە، **١٩٤٦**، ل **٢٥ — ٢٧**، بەزمانی عەرەبی.

١٣- محەمەد شێرزاد : سەرچاوەی پێشو، ل **٢٧ — ٢٨**.

١٤- محەمەد شێرزاد : سەرچاوەی پێشو، ل **٣٢ - ٣٣**.

١٥- محەمەد شێرزاد : سەرچاوەی پێشو، ل **٣٩ — ٤٠**.

١٦- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٣٧**.

١٧- گۆڤاری((یەکێتیی تێکۆشین))، ژمارە **٤**ی ساڵی **١٩٤٥**.

١٨- هەمان سەرچاوە.

١٩- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٧٧**.

٢٠- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٧٦**.

٢١- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٧٦**.

٢٢- ل. رامبۆ سەرچاوەی پێشو، ل **٨١**.

**٢٣**- ڕۆژنامەی((ئاراس))، تاران، ژمارە **٦**ی ئوکتۆبەری **١٩٤٥**.
**٢٤**- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **١٢٧**.
**٢٥**- ڕۆژنامەی((دێلی تەلگراف))، ژمارە **١٣**ی نیسانی **١٩٤٦**.
**٢٦**- و. ج. ئیلفنستۆن : سەرچاوەی پێشو، ل **١٠٢**.
**٢٧**- نەجەفقولی پسیان، لەمەهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراس، تاران، **١٣٢٨**، بەشی دوەم، ل **٨**.
**٢٨**- نەجەفقولی پسیان : سەرچاوەی پێشو، ل **١٦٢**.
**٢٩**- ن. پسیان : سەرچاوەی پێشو، ل **١٦٤**.
**٣٠**- ن. پسیان: سەرچاوەی پێشو، ل **١٦٤**.
**٣١**- گۆڤاری زاریا واستۆکا، تفلیس، ژمارەی **١٤**ی ئابی **١٩٥١**.
**٣٢**- ڕۆژنامەی((ئاراس))، ژمارەی **١**ی نیسانی **١٩٤٧**.
**٣٣**- نەجەفقولی پسیان : سەرچاوەی پێشو، ل **١٦٢**.
**٣٤**- نەجەفقولی پسیان : سەرچاوەی پێشو، ل **١٦٢**.
**٣٥**- گۆڤاری((سەباح))، ساڵی سێیەم، ژمارە **١٠**ی ئوکتۆبەری **١٩٤٥**.
**٣٦**- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٩٨**.
**٣٧**- ڕۆژنامەی((رەهبەر))، تاران، ژمارەی **٢٣**ی تەموزی **١٩٤٥**.
**٣٨**- ن. ئە. نۆفۆسیلۆڤ، تورکیا، چاپی حکومی، مۆسکۆ، **١٩٥١**، ل **٣٩**.
**٣٩**- ل. رامبۆ : سەرچاوەی پێشو، ل **٩٢**.

-ئـ-

ئاراس(رۆژنامە) ٣٠٠
ئاراس(روبار) ٣١٣
ئاراكيليان ٥٩، ١١٨
ئارامييەكان ٤٠
ئارمسترۆنگ ١٨٥
ئازادی(رۆژنام ە) ٢٦٧
ئازەر ٢٧٦، ٢٩٩
ئازەربايجان ٢١٤، ٢١٥، ٢٢٨،
٢٩٦، ٢٩٩، ٣٠٣، ٣٠٧،
٣٠٩، ٣١٢، ٣١٥، ٣٢٠،
٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٥، ٣٣٠
ئاشورييەكان ٣٢، ٤٠، ٤٢، ٧٩،
١١٣، ١١٤، ١١٨، ١٤٣،
٢٣٧، ٢٣٨، ٢٩٩
ئاق قۆينلۆ ٤٣
ئاكرێ ٢٥، ٢١٧، ٢٢١، ٢٨٣
، ٢٨٩، ٢٩٠
ئاگری داخ ٢٥، ١٠٦، ١٧٥، ١٩٢
ئاگۆبۆڤ ٧٥

ئاڵتون كۆپری ١١٢
ئامێدی ٢٥، ١١٢، ٢١٧، ٢٢٠، ٢٢١،
٢٨٣، ٢٨٩، ٢٩٠
ئاينده(گۆڤار) ١١،٢٥٣
ئوردن ٩٧
ئورفه ٧٩، ٨٠، ١٨٠، ١٩٢
ئۆرلۆف ١٦
ئوزاقلی گول ٤٢
ئوستونگول ١٨٧، ٣٣٢
ئەبو موسلمی خوراسانی ١٠
ئەحمەد ئاغای ئیلخانی ٣٢٤
ئەحمەد ئاغای زێباری ٢٩٠
ئەحمەد ئیلخانی زاده ٢٩٩
ئەحمەد بارزانی، شێخ ١٠٦، ٢٣٧، ٢٣٨،
٢٨٤
ئەحمەد پاشای بابان ١٠٤
ئەحمەد خوداداد ٢٢
ئەحمەد موختار بابان ٢٨٤
ئەحمەدی خانی ٤٧
ئەرارات(حكومەت) ١٧٥، ١٧٨، ١٧٩

ئەرارات(ناوچە) ١٨٤، ١٩٢
ئەردەلآن ٦١، ٦٢، ١٠٨
ئـــــەرزرۆم ١٠٥، ١٤١،١٤٨، ١٥٨، ١٨٠، ٢٠٤، ٢٢١
ئەرزنجان ٢٥، ٢٢١
ئەرمـــەن ٣٢، ٤٠، ٧٩، ١١٤، ١١٨، ١١٩، ١٢٧، ١٤٣، ١٦٣، ١٦٤، ١٧٠، ١٨٥، ١٩٣، ٢١١، ٢٩٩
ئەرمەنستان ١٤٩، ١٥٩، ١٩٣، ٢٠٨
ئەرنەئوت ١٢٨، ٢١٠
ئەفشار، دکتۆر ١١، ٣٠
ئەفغان ١٠، ٤١
ئەفغانستان ١٠، ٣٠، ٣٢، ١٨٢، ٢٤٨
ئەلازیك ٨٠، ١٥٣، ١٨٠، ٢٠٤، ٢٢١
ئەلبان ١٢٧، ١٧٠، ٢١٠
ئەڵمان ١٣٧، ١٣٨، ١٤١، ١٤٣
ئـــــەڵمانیا ٦٣، ١٢٦، ١٣٧، ١٣٨، ١٤١، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥١، ٢٥٦، ٢٨٢، ٢٩٥، ٢٩٦، ٣٣٣، ٣٣٨
ئـــــەمریکا ٦٣، ٩٧، ١٣٧، ١٤٧، ١٥٤، ١٥٧، ١٧٨، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥٥، ٢٦١، ٢٩٧، ٢٩٨، ٣٠١، ٣٠٩، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٥، ٣٣٣، ٣٤٣
ئەمین رواندزی ٢٨٣
ئەمین زەکی بەگ ٢١، ٢٦٢
ئەمین عالی بەدرخان ١٢٨، ١٦٢
ئەناتۆلیا ٢٣، ١٤٢
ئەنکەرە ١٨٨، ١٩٠، ٣٠٤
ئەنگلس، فریدریك ٢٢، ٥٠، ٥٤
ئیبراهیم فەسیح حەیدەری زادە ٤٢
ئیبن خەلەکان ١٠
ئیتالیا ١٤٧، ٢٤٧
ئیتتیحادو تەرەقی(رێکخراو) ١٢٧، ١٢٨
ئیحسان نـوری پاشـا، جـەنرال ١٦٧، ١٦٨، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٩، ١٩٣
ئیران ٧، ١٠، ١١، ١٢، ١٤، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٣،٢٥-٣٣، ٤٠، ٤١، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٥٠، ٥٢، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٩، ٦٣، ٨١،٦٥،٨٧، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ١٠٢، ١٠٧، ١١٢، ١١٦، ١١٧،

۱۱۸، ۱۲۱، ۱۲۲، ۱۲٤، ۱۲٥، ۱۲٦،
۱۲۹-۱۳۲، ۱٤٤، ۱٤٦، ۱٤۸،
۱٥٦، ۱٥۷، ۱٥۹، ۱۷٦، ۱۸۱،
۱۸۲، ۱۸۳، ۱۸۹، ۲۰٦، ۲۱۲،
۲۱۳، ۲۱٥-۲۱۹، ۲۲۳، ۲۳۱،
۲٤۲، ۲٤۸، ۲٥۱، ۲٥۲، ۲٥٥،
۲٥۷، ۲٥۸، ۲٥۹، ۲٦۳، ۲۷٥،
۲۷٦، ۲۸٦، ۲۸۷، ۲۹۲، ۲۹۳،
۲۹٥-۳۰۳، ۳۰٦-۳۱۰، ۳۱٥،
۳۱۷، ۳۱۸، ۳۲۱، ۳۲۲، ۳۲۳،
۳۳۸

ئێرانچێتی ۱۰، ۱٥۷، ۳۰۰

ئێرانی بون ۱۰

ئێزدییەکان ۲۹، ٤٥، ۱۱۲، ۱۱٤

ئێزڤستیا (رۆژنامە) ۱۷

ئیستانبول ۷۲، ۱۱۲، ۱۱۳، ۱۱٦، ۱۲۳،
۱۲۷، ۱۲۸، ۱٤۰، ۱٥۷، ۱٥۹،
۱٦۲، ۱۷۱

ئیستقلال (دادگا) ۲۰۹

ئیستقلالی کورد (رێکخراو) ۱٦۲

ئیسرائیل ۲٤، ۳۱، ۳۲، ۹۷

ئیسماعیلی سەفەوی، شا ٤٥

ئیکۆنۆمیست (گۆڤار) ۲۰۸

ئیلفنستۆن ۱۲، ۲٥٦، ۳۰۷

ئینگلیز ۱۱،۱۲، ۲۸، ۲۹، ۳۰، ٦۳، ۹۷،
۹۸، ۱۰۰، ۱۰۹، ۱۱٤، ۱۲۲، ۱۲۳،
۱۲٦، ۱۲۹، ۱۳۷، ۱٤۱، ۱٤۹،
۱٥۸، ۱٦۹، ۱۷۰، ۱۸۲، ۲۱۲،
۲۱۳، ۲۱۷-۲۲۳، ۲۲٥، ۲۲۷،
۲۲۸، ۲۳۰، ۲۳۲، ۲۳٦، ۲۸۹،
۲۹۲، ۲۹۳، ۲۹٤، ۲۹۸، ۲۹۹،
۳۰۰،۳۰۳، ۳۰٦، ۳۰۹، ۳۱۲،
۳۲۳، ۳۲۹

-ب-

بابا گوڕ گوڕ ۲٦

بابان ۲۹، ٤۳، ٦۲

بابلییەکان ٤۰، ٤۲

باتمان ۲٥

بادینان ۱٤۰، ۱٥٦، ۲۱۷، ۲۸۱

بارزان ۷، ۲٥، ۱٤۰، ۱٥۷، ۲۲۳،
۲۳۷، ۲۳۸، ۲٦٤-۲٦۷، ۲۸۰،
۲۸۱، ۲۸۳، ۲۸٤،۲۸٥، ۲۹۱،
۲۹۲

بارزانییەکان ۱٤۰، ۲۳۸، ۲۸٤، ۲۹۱،
۲۹۱

باستان (رۆژنامە) ۱۱

باشقەڵا ۲٥، ۲۰۰

باکۆ ۷

بانە ۲۱٥، ۳۰٤، ۳۳۰

بایز ئاغای گەورك ٣١٠، ٣٢٣
بایەزید(شار) ١٥٣، ١٧٩، ١٨٥
بتلـــیس ٤٣، ٤٤، ٧٧، ٧٩، ٨٣، ١٠٥، ١١٤، ١٤١، ١٨٠، ١٩٢، ٢٠٠، ٢٠٤، ٢٢١
برادۆست ٢٩، ٤٤، ١١١، ٢٣٧، ٢٣٨
برایم ئەحمەد ٢٦٢
برایم عەزۆ(چاپخانە) ٥، ٨
بریتانیـــــــا ٨، ٩٧، ٩٨، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٧، ١٥٤، ١٥٨، ١٥٩، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٢، ١٨٣، ٢١٢، ٢١٥، ٢١٧-٢٢٧، ٢٣٠-٢٣٨، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٦٠، ٢٦١، ٢٦٤-٢٦٧، ٢٦٩، ٢٧١، ٢٧٤، ٢٧٦، ٢٧٨، ٢٨٢، ٢٨٧-٢٩٢، ٢٩٦-٣٠١، ٣٠٥، ٣١٢، ٣١٣، ٣٣٣، ٣٣٨، ٣٤٣
بلّباس ٦٧، ٧٠، ٢١٣
بلوجستان ١٠
بله ٢٨٣
بلەچ شـێركۆ، دكتـۆر ٢١، ١٤٣، ١٥٣، ١٦٤
بنزنگره، كاپتن ١٦، ٣٢
بنگول ١٨٠، ٢٠٤
بن گۆریۆن ٣١
بۆتـــان ٤٣، ١٠٧، ١٠٩، ١١٣، ١١٤، ١٣٠
بۆسنیا هێرزەگۆڤینیا ٢١٠
بۆكان ٧٧، ٢١٥، ٢٩٩
بۆلتۆن ١٢، ٢٥
بولگار ٤١، ١٦٣، ١٧٠
بەحرێن ٩٧
بەختیارییەكان ٢٤
بەدرخان، میر ١٠٥، ١٠٧، ١٠٨، ١١١، ٢٢٤
بەرگەلّوو ٥، ٨
بەرواری ٢٠٠
بەرۆژ ٢٣٨
بەسره ٢٢١، ٢٣٩
بەغـدا ٣، ٤، ٥، ١٧، ٢١، ١١٣، ١١٤، ١٨١، ٢١٨، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٣١، ٢٣٤، ٢٣٦، ٢٣٨، ٢٣٩، ٢٦٠، ٢٦٢، ٢٦٨، ٢٧٨، ٢٨٥، ٢٨٧، ٢٩١
بەغدا(پەیمان) ١٠٢
بەهادین نوری، مێژەر جەنرال ١٣، ٢٨٣

-پ-

پارتی دیموکراتی کورد ٢٦٩، ٢٧٩، ٢٨٠

پارتی کۆمۆنیستی عیراق ١٣، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٦٩، ٢٧٩

پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق ٢٦٨، ٢٧٢

پارس ١٠

پاریس ٢٢،١٥٣

پاکستان ٣٠

پان ئێرانیزم ١٢٩

پان ئێرانیستەکان ١٠، ١١، ٤١، ٤٤

پان ئیسلامیزم ١٥٩

پان تورکیزم ١٢٩

پان تورکیستەکان ٤٤

پانتۆخۆف ١٥

پترۆف ٦٧

پراڤدا ١٧

پرسی کۆکس ٢٢٥

پرۆمیلۆ، جەنرال ٢٨١

پشدەر ٢٨، ٢٩، ٦٧، ٢٢٠

پڵنگان ٤٣

پەنجاب ٣٢

پیران ٢٩، ٦٧

پیشەوەری، جەعفەر ٣٢٠، ٣٢١

-ت-

تاران ٢٢، ٢١٤، ٢٤٨، ٣٠٨، ٣١٣، ٣١٤، ٣٢٢، ٣٢٤

تاجیك ١٠، ٤١

تراکیا ١٨٠

ترابزون ٧٢

تەڕگەوەڕ ٢٩٣

تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی(ڕێکخراو) ١٦٢، ١٧٦

تەعالی‌کوردستان(ڕێکخراو) ١٠٦، ١٢٣، ١٥٢، ١٥٧، ١٦١، ١٦٦، ١٦٨، ١٧١، ١٧٦

تەعالی‌و تەرەقی(ڕێکخراو) ١٢٨

تەورێز ٢١٤، ٢٢٧، ٢٣٠، ٢٣١، ٣٣٠

تەیمورلەنگ ٤٣

تودە(حزب) ٢٩٧، ٣٠٤، ٣١٧، ٣٢٠، ٣٢٤، ٣٢٥

تورابدین ١١١

توژەڵە ٤

تورك ١٣، ١٤، ٣٢، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٥٢، ١١٠، ١١١، ١١٤، ١١٩، ١٢٢، ١٢٩، ١٤١-١٤٦، ١٤٩، ١٥٠، ١٥١، ١٥٨، ١٦٣، ١٦٦، ١٦٧، ١٦٩، ١٧٠، ١٨٤-١٨٦، ١٨٩-١٩١، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٧-٢٠٢، ٢٢٥، ٢٣١، ٢٤٢، ٢٥٧، ٢٨٨، ٣٠٧، ٣٣١

توركاندن ١٩١
توركچێتی ١٥٧
توركستان ١٠
توركمان ٣٢، ٥٦، ١٢٠
توركی(زمان) ١٤٢، ١٩٦، ٢٠٠، ٢٠٢، ٢٠٤، ٢٠٨، ٢٠٩
توركيـــا ١٤، ٢٠، ٢٣، ٢٥، ٢٦، ٢٨-٣٣، ٤٤-٤٦، ٥٢،٥٠، ٥٧، ٥٩، ٦٣، ٦٥، ٨١، ٨٧، ٩٦، ٩٨، ١٠٢، ١٠٧، ١٠٨، ١١٣-١٢٥، ١٢٨-١٣٢، ١٤٠-١٤٢، ١٤٥-١٥٣، ١٥٦، ١٥٧، ١٥٩، ١٦٢-١٦٥، ١٦٨-١٧٢، ١٧٥، ١٧٨-١٨٥، ١٨٨، ١٨٩، ١٩١، ١٩٣، ١٩٦، ٢٠٢، ٢٠٤، ٢٠٦، ٢٠٨، ٢١٠، ٢١١، ٢١٦-٢١٨، ٢٢١، ٢٢٣، ٢٣٨، ٢٤٢، ٢٤٨، ٢٥١-٢٥٣، ٢٥٥-٢٥٨، ٢٦٣، ٢٧٥-٢٧٧، ٣٠٠، ٣٠٣-٣٠٦، ٣١٥، ٣١٨، ٣٣١-٣٣٥.
توركيزم ١٦٦، ١٩٦، ١٩٨
تۆفيق سويدی ٢٩٤
تونجلی ٢٠٣، ٢٠٨
تيگرانۆف ٦١

-ج-

جاف ٢٩، ٦١، ٦٢
جافەتی(دۆڵ) ٤، ٥
جزيـــره ٤٤، ٧٢، ١٠٥، ١٠٧، ١٠٨، ١١٠، ١١٣، ٢٢١، ٢٢٤
جمهوريەت(رۆژنامە) ٣٣٣
جوانرۆ ٢٩، ٦٧، ١٠٦
جولەكە ٧٩، ١٦٤
جولەمێرگ ٢٥، ٧٧، ٨٣
جەعفەرانلو ٥٥
جەعفەر ئاغای شكاك ١٤٠
جەعفەر سولتان ١٠٦
جەلالی(خێڵ) ٢٩
جەميل پاشا زادە ١٦٢
جەميل مەدفەعی ٢٣٤
جەنگيز خان ٤٣
جەواهر لال نەهرۆ ١٥٠
جيهاندانی(رێكخراو) ١٣٠

-چ-

چالّدێران(شەڕ) ٤٤، ٤٥

چەرچل ١٣

چەرموك ٤٣

چەمشگەزەك(میرنشین) ٤٣

چیریكۆڤ ١٥

چیك ٤١

چین ١٢٦

چینی بورژوازی(لەكوردستاندا) ١٨، ٨٦، ١٣٢، ٢٤٩

چینی كرێكار(لەكوردستاندا) ١٢، ٤٩، ٨٦، ٨٧، ٢٤٩

-ح-

حاجی بابا شێخ ٣١٠، ٣٢٨

حاجی مستەفا داوودی ٣٢٨

حەسنەوی ٤٤

حەسەن بورهانی، شێخ ٣١٠

حەسەن تیلۆ ٣٢٤

حەسەن حامد ١٦٢

حەلەب ٢٢، ١٤٩

حەمدی پاچەچی ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٩٢

حەمرین ٢٤

حەمرین ٤٢

حەمید عادل یەزدین ٤٢

حەنەفی(مەزەب) ١٤٠

حەیدەرانلی ٢٩

حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران٩٩، ١٠٦، ٢٧٩، ٣٠٤، ٣٠٩، ٣١٩، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٣٨، ٣٤١، ٣٤٣

حسێن حوزنی موكریانی ٢٢

حسێن عەونی ١٦٢

حسێن كەنعان پاشا ١٠٥

حلله ٢٩١

حیجاز ١٢٣

-خ-

خاچ پەرستەكان ٤٣

خارپیت ٢٥، ٢٢١

خانەقین ٢٤، ٢٥، ٦٥، ٧٨، ٨٣

خانیكۆڤ ١٥

خوراسان ٥٥

خورشید ئەفەندی ١٦، ٧٠

خورەم ئاباد ٤٤

خۆشناو(خێڵ) ٦١، ٦٢

خۆشناوەتی ١١٢

خوی ١٢١، ١٢٧، ٢١٥، ٣٣٠

خویبون(حزب) ١٧٦، ١٧٧

خەبات(رۆژنامە) ٣، ٤، ٧
خەلیل بەگ دێرسیملی ١٦٢
خەلیل خوسرەوی ٣٢٩
خەیروڵڵا عەبدولکەریم ٣١٦
خێلانی ٢٨، ٦٧

-د-

درەیی ٢٩
دزەیی ٦١، ٦٢
دۆپس، هنری کۆنفی ٢٣٦، ٢٣٧
دۆسکی ٢٩
دەنگی گێتی تازە(گۆڤار) ٢٦٠
دهۆك ٤٢، ١١٢، ٢٢١
دەوڵەتی عوسمانی ٧، ٩٧، ١١١، ١١٢، ١٢٦
دەرەبەگایەتی(لەکوردستاندا) ٤، ٧، ١٢، ١٨، ٢١، ٤٩، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٧-٦١، ٦٣، ٦٦، ٦٨، ٧١-٧٥، ٨٣، ٨٤، ٨٦، ١٠٤، ١٣١، ٢٤٩، ٢٥٠
دیار بەکر ٢٥، ٤٤، ٤٥، ٧٧، ٧٩، ٨٠، ١٠٦، ١١٠، ١٣٠، ١٤١، ١٥٧، ١٦٧، ١٧١، ١٧٣، ١٨٠، ١٩١، ١٩٢، ٢٠٠، ٢٠٤، ٢٠٩
دیبوکری ٦٢، ٦٧، ٣٠٣
دێرسیم ١٠، ٢٢، ٢٥، ٤٥، ١٠٦، ١٣٠، ١٥٧، ١٨٠، ١٩١، ٢٠٣، ٢٠٤-٢٠٨
دیلمان ٢١٥
دینەوەر ٤٣

-ر-

رامبۆ ١٤، ٤٨، ١٨٩، ٢٠٥، ٢٠٧، ٢٤٠، ٢٥٤، ٢٥٧
رانیە ١١٢، ٢٢١
راولنسۆن ١٢، ١٣، ٧٠
رزگاری(رۆژنامە) ٢٧٤
رزگاریی کورد(حزب) ١٠٦، ٢٧٠، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٤-٢٨٠، ٣١٨
رنتن، جەنرال ٢٨٩
رواندز ٧٧، ٨٣، ١٠٥، ١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٣، ٢١٧، ٢١٨، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٦٠، ٢٨٣، ٢٨٧، ٢٨٩

رۆژی کوردستان(رۆژنامە) ٢٢٦

روس ٢٨، ٤١، ٦٣، ١١٣، ١٢٣، ١٢٧،
١٣٨، ١٤٤، ٢١٣، ٢١٧، ٢٢٧،
٢٢٩، ٢٥٤، ٢٨٨

روسی(زمان) ٤٧، ٥٦

روسیا ٣، ٤، ٧، ١٥، ١٦، ٨١، ١١٣،
١٢٢- ١٢٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٤١،
١٤٣، ١٤٤، ١٤٩، ١٥٨، ١٧٨،
٢١٢، ٢١٤، ٢١٦، ٢٢٨، ٢٤١،
٢٤٧

رۆمان ٤٠

رەزا شا پەهلەوی ١٨٨، ٢١٢، ٢١٩،
٢٩٦، ٢٩٧، ٣٠١

رەزم ئارا، جەنرال ٤٢،١١، ٢٩٩، ٣١٦

رەشید بەگی برادۆست ٢٩٠

رەشید لۆلان، شێخ ٢٣٨، ٢٩٠

رەشید یاسمی ١٠، ١١، ٣٠، ٤٢

رەفیق حیلمی ٢٢، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٨٤،
٢٨٥

رەهبەر(رۆژنامە) ٣٢٢

-ز-

زاخۆ ٢٥، ١١٢، ٢١٧، ٢٢٠، ٢٢١،
٢٢٥، ٢٨٩، ٢٩٠

زاری کرمانجی(گۆڤار) ٢٦٠

زازا ٤٥، ٦٧، ١٠٥

زاگرۆس ٣٩

زراری ٢٨، ٦٧

زەرگەری ٣١٧

زەردەشتی(ئاین) ٤٣

زەڵێ ٤

زەمار ٢٥

زەنگەنە ٤٤

زیارەت ٢٠٠

زێبار، زێباری ٦٧، ٢١٧، ٢٩٠

زیتکی(خێڵ) ٢٨، ٢٩، ٦٧

زیووریخ ٢١١

-ژ-

ژنێف ١٢٧

ژێ کاف(کۆمەڵـە) ٢٦٣، ٢٦٨، ٢٧٩،
٢٨٦، ٢٩٣، ٢٩٨، ٣١٧-٣٢٣،
٣٢٥-٣٢٧، ٣٣٨

ژین(گۆڤار) ٢٦٠

ژین(رۆژنامە) ١٢٨، ١٧١

-س-

سارت ١٠

ساسانییەکان ١٠

ساسۆن ١٩٢

سامییەکان ٣٩

سان ریمۆ(پەیمان) ٢٢٤

ستالین ١٣، ٢٣، ٨٧، ١٣٨

ستالینگراد ٣٣٣

ستالینیزم ٥٤

سلدوز ١٥

سلیڤانە ٢٥

سلێمان پیر مارف ئاغای مامش٣١٠

سلێمانی ٥، ١١، ٧٧، ٧٨، ٨٣،
١٠٤، ١٠٥، ١٥٦، ١٥٧، ٢١٦،
٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٣-٢٢٦، ٢٢٨،
٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٥، ٢٤١، ٢٦٠،
٢٦٨، ٢٨٣، ٢٨٧، ٢٩١

سلاڤ ٤١

سمایل ئاغای ئیلخانی زادە ٣٢٩

سمکۆ ١٠٥، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٥، ٢١٨

سنجابی ٦٥، ٦٧

سنە ٧٧، ٨٣، ٣٠٤

سۆران ٤٣

سوربارۆ ٣٩

سورچی ٢٨، ٦٧، ١١٢، ٢٩٠

سورەییا بەدرخان ١٦٢

سوریا ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٣٠، ٣١، ١٠٢،
١٧٢، ١٧٦، ١٩٣، ٢٢٤، ٢٥١،
٢٦٣، ٣٠٠، ٣٠٤

سۆمانی ٤٤

سۆمەرییەکان ٤٠

سۆن، مێژەر ١٢

سوندوگلی ٢٩

سوێرەك ١١٠

سەباح(گۆڤار) ٣٢١

سەدری قازی ١١، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥

سەراج، ئۆغلۆ ٣٣٥

سەردەشت ٨٣، ٢١٥، ٢٩٣، ٢٩٩،
٣٠٤، ٣٣٠

سەرکانی ٢٢١
سەرماز ٤٤
سەرهانی ٦٧
سەعد ئاباد (پەیمان) ١٠٢، ٢٤٨، ٢٧٣
سەعید پیران، شـێخ ١٠، ١٠٦، ١٦٢، ١٦٧، ١٧٣، ١٩٢
سەفەوییەکان ٤٣، ٥٥
سـەقز ٧٧، ٨٣، ١٢٨، ٢١٥، ٢٩٣، ٢٩٩، ٣٠٤، ٣٣٠
سەلجوقییەکان ٤٣، ٥٧
سەلماس ٢١٣، ٢١٥
سەلیمی یەکەم، سولتان ٤٤، ٤٥
سەید تەهای شەمزینی ٢١٣، ٢١٨
سـەید عەبـدوڵڵای کـوڕی شـێخ عەبدولقادر ١٧٥
سەید عەلی حوسەینی ٣١٠
سەید محەمەد ئەیوبیان ٣٢٨
سەیفی قازی ٣١٠، ٣١١، ٣٢٨
سیاحەتنامە (کتێب) ١٦
سیامەنسوری ٤٤
سیدان ٦٧
سیرت ٢٥، ٦٥، ٧٧، ٧٩، ١١٠، ١١٣، ١١٤، ١٨٠، ١٩٢، ٢٠٠، ٢٠٤
سـیڤەر(پـەیمان ) ٢٨، ١٥٣، ١٥٥، ١٥٩، ١٦٤، ٢١٥، ٢٢٤، ٢٢٥
سیلوان ٢٠٠
سـیواس ١٠٥، ١١٣، ١٨٠، ١٩٠، ٢٠٤

-ش-

شا ئاباد ٧٩
شاپور ٣٣٠
شادلۆ ٥٥
شاروێران ١٢١
شارەزور ٤٣
شازاد سائیب ٨
شافعی(مەزەب) ١٤٠
شامل، شێخ ١٢٣، ١٢٤
شانەدەری ٢٩١
شکاك ٢٩، ٢١٣
شنگار ٢٤، ٤٥، ١٠٥، ١١٠، ١١٢

شـــــــنۆ ٧، ٧٧، ١١٠، ١٢١، ٢١٤،
٢١٥، ٢١٦، ٢٩٣، ٣٢٩
شۆڕش(رۆژنامە) ٢٦٨
شـــۆڕش(حـــزب) ٢٦٨، ٢٦٩، ٢٧٠،
٢٧٩
شەرەفخانی بتلیسی ٢١، ٤٣، ١٠٥
شەرەفنامە(کتێب) ٢١، ٤٣
شـــەریف پاشـــا، جـــەنرال ١٢٨، ١٥٣،
١٥٥
شەمزینان ١١٧، ١٧٤، ١٧٥
شێروان ٤٣، ١١١، ٢٣٨
شیعە ١١٩

شێوەی ئاسیاییی بەرهەم هێنـــان٥٣،
٥٤

-ع-

عابدین ئۆزمان ٤٢، ١٨٠، ١٩١، ٢٠١
عوسمانیزم ١١١، ١٢٧، ١٤٠، ٢١٠
عوسمانییـــــــــەکان ٤٣، ٥٦، ٩٧، ١٢٠،
١٢١، ٢٠٩، ٢١٣، ٢٩١، ٣٠٠
عومان ٩٧
عومەر خانی شکاك ٣٢٩
عەباس میرزا ١١٢، ٢١٣
عەبدولڕەحمان ئاغای ئیلخانی زادە٣٢٩
عەبدولڕەحمان پاشای بابان ١٠٤
عەبدولڕەحمان زەبیحی ٣١٧، ٣٢٣، ٣٢٥
عەبدولڕەحمان عەززام ٢٥٧
عەبدولئیلاھ، وەسی ٢٨٥
عەبدولرەزاق بەگ بەدرخان ١٣٠، ٢١٣
عەبدولرەقیب یوسف ١١٢
عەبدولسەلامِ بارزانی ١٤٠
عەبدولعەزیز یامولکی ٢٢، ١٤١-١٤٤،
١٦٣
عەبـــدولقادر نـــەهری(شـــەمزینی)، شـــێخ
١٢٣، ١٢٨، ١٤٩، ١٦١، ١٦٢،
١٧٤
عەبدولکەریم قاسم ٣، ٨
عەبدوڵڵا ئاغای مەنگورِ ٣٢٣
عەبدوڵڵا ئالب دۆغمان ١٩١
عەبدوڵڵا نـــەهری(شـــەمزینی)، شـــێخ ٧،
١٠٥، ١١٦، ١١٧، ١١٨، ١١٩،
١٢١-١٢٥، ١٤٩، ١٧١، ٢١٣

عـــــەرەب ٣٠، ٣٢، ٤٠-٤٣، ٥٦، ٦٣،
١٢٧، ١٢٨، ١٤٦، ١٧٠، ٢٠٩،
٢٢٣-٢٢٥، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٩،
٢٤٢، ٢٥٧، ٢٥٩، ٢٦٩، ٢٧٤،
٢٩٥، ٣٠٧
عەرەبستانی سعودی ٩٧
عەرەبی(زمان) ٤٧، ٢٠٨، ٢٤٠
عەزیز عەبدوڵڵا ٢٨٣
عەلادین سەجادی ٢٦٢
عەلی ئاغای دیبوکری ٣٢٣
عەلی ئاغای قەرەنی ئاغا ٣١٠
عەلی ئیلاهی ١٩٧
عەونی دۆغمان ١٨٠
عـــیراق ٧، ١٤، ٢٠، ٢٣، ٢٤، ٢٦-٣٠،
٧٨، ١٠٢، ١٥٦، ١٥٧، ١٧٦،
١٨٣، ٢٠٦، ٢١٦، ٢١٨-٢٢٧،
٢٣٠-٢٤١، ٢٤٨، ٢٥١، ٢٥٣،
٢٥٥، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٦٠، ٢٦٣،
٢٦٦، ٢٦٩، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٧٤-
٢٩٤، ٣٠٠، ٣٠٣-٣٠٦، ٣١٥،
٣١٦، ٣١٨، ٣٣٠، ٣٣٧
عیراقچێتی(بیر) ٤
عیززەت عەبدولعەزیز ٢٨٣، ٣١٦
عیسمەت ئینونو ٤٢، ١٦٨، ١٦٩، ١٧٣،
١٩٠، ٢٠١

-ف-

فارس ١٠، ١١، ١٤، ٣١، ٣٢، ٣٩-٤٣،
٤٥، ٥٥، ٧٩، ١١٩، ١٢٠،
١٤٦، ٢٠٩، ٢٢١، ٢٢٣، ٢٤٢،
٢٥٩، ٢٨٨، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٧
فارس(کەنداو) ٢٤، ٨٢
فارســـی(زمـــان) ٣٩، ٤٠، ٤٧، ٢٠٨،
٣١٣
فاسیلیف ١٥
فوئاد عارف ٢٨٣
فۆن پاپن ٢٥٦
فەتحعەلی شا ١١٢
فەرەنســـا، فەرەنســـییەکان ٩٧، ١٠٩،
١٢٩، ١٣٧، ١٤٧، ١٤٩، ١٥٣،
١٥٨، ١٧٢، ٢٢٤، ٢٤٧، ٢٤٨،
٢٥٤
فەلەستین ٢٢٤
فەلەکان ١٠٩، ١١٩، ١٢٣
فەوزی چەقماق ٢٠٣
فەهد ١٣
فەیروز ئابادی ٤٢
فەیسەل، شا ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٣١

-ق-

قاجار ٤٣، ٩٧، ١١٣، ١٤٨، ١٨٩

قادر بەرزنجی، شێخ ٢٢٦

قارس ٢٤، ١٠٨

قازی محەمەد ٢٨٦، ٢٩٣، ٢٩٤، ٣٠٩، ٣١٠، ٣١١، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥، ٣١٩، ٣٢٠، ٣٢٣-٣٢٦، ٣٢٨، ٣٣٨، ٣٤٢

قاسم ئیلخانی زادە ٣٢٤

قاعیدە(گروپ) ٢٦٧

قامشلی ٧٧، ٨٣

قانیع ١١

قاهیرە ٢١، ٢٢، ٩٥، ١٢٨، ١٦١، ١٦٢، ١٦٤، ٢٩٤

قزلبات ٢٢٢

قزلباش ١٩٦

قوبادیان ٦٢

قودس ٣٠٥

قۆنیە ٣٣

قەتەر ٩٧

قەرەچوك ٢٥

قەرەداغ ٢١٤

قەرەنی ئاغای مامش ٣٠٩، ٣٢٣

قەزوین(دەریا) ١٠

قەسری شیرین ٨٣

قەرە قۆینلۆ ٤٣

قەڵادزە ٢٨٣

قەندیل ٢١٣

قەوامی سەلتەنەت ٣٠٨، ٣٠٩، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٤، ٣٢٠، ٣٣٩

-ك-

کاردۆخییەکان ٤٠، ٤١، ٤٣

کافکاس ١٠، ٢٣، ٦٣، ٨١، ٨٢، ١١٤، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤

کامساراکان ١٥، ١٦

کامەران بەدرخان ١٦٢

کرماشان ٢٤، ٢٥، ٦٢، ٦٤، ٦٥، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٣، ١٢٨، ٣٢٣

کفری ٢٤، ٢٢٢

کلدان ٣٢

کنر ٦٢

کوتور ٢١٥

کورداخ ٢٤

کوردستان(رۆژنامە) ١٢٨، ٣٢٦

کوردستانی ئێران ٧، ١٥، ٢٥، ٣١، ٧٨،
٧٩، ٩٨، ١٠٥، ١٠٦، ١١٧،
١٢٩، ١٤٠، ١٤٣-١٤٥، ٢١٢،
٢١٤، ٢١٨، ٢٦٣، ٢٩٣، ٢٩٤،
٢٩٨، ٣٠٠-٣٠٢، ٣١٧، ٣٢٥،
٣٢٨-٣٣٢، ٣٣٧، ٣٤١، ٣٤٢
کوردستانی تورکیا ٢٥، ٢٩، ٣١، ٦٢،
٧٨، ٧٩، ١٠٦، ١١٧، ١٦٣،
١٧٥، ٣٣١، ٣٣٩
کوردستانی عیراق ٢٥، ٣٠، ٣١، ٧٨،
١٠٦، ٢١٦، ٢٣٢، ٢٣٤، ٢٣٦،
٢٣٨-٢٤٠، ٢٦٨، ٢٧٠-٢٧٤،
٢٧٩، ٢٨٦، ٢٨٧، ٣٠٦، ٣١٠،
٣٢٣، ٣٣٢، ٣٣٧، ٣٤٣
کوردۆیف ١٩، ٤١
کوردی(زمان) ٤، ٣٩، ٤٠
کوروش ٤١
کۆرنوالیس ٢٩٠
کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان٤
کوێت ٩٧
کۆیە ٧٧، ١١٢، ٢٢١
کەرکوک ٢٥، ٢٦، ٦٤، ٦٥، ٧٧، ٧٨،
٨٣، ٢٢٠، ٢٢٢، ٢٢٥، ٢٣٩،
٢٤٠، ٢٦٧، ٢٨٧
کەریم ئاغای دیبوکری ٣١٠
کەریم زەند ١١
کەریم سنجابی، دکتۆر ١١، ٣٠، ٣١
کەریمی ئەحمەدیان ٣٢٨
کەلحی ئاغای رێکانی ٢٩٠
کەلهور ٦١، ٦٢
کەمال فەوزی ١٧١، ١٧٢
کەمال مەزهەر ئەحمەد، دکتۆر٢٨٤
کیلیس ٢٤، ٣٣
کەمالیستەکان ١٤٨-١٥٣، ١٥٥،
١٥٩، ١٦١، ١٦٣، ١٦٥، ١٦٦،
١٦٨، ١٧١، ١٧٢، ١٧٤، ١٧٦،
١٧٩، ١٨٠، ١٨٤، ١٨٦-١٨٨،
١٩٠، ١٩١، ٢٠٣، ٢٠٦، ٢٠٧،
٢٠٩، ٢١٣، ٢٢٧، ٢٣١

-گ-

گریـــك ٤٠، ١٤٨، ١٤٩، ١٦٣، ١٧٠، ٢١٩

گزینەفۆن ٤١، ٤٣

گوتی ٣٩

گۆران ٢٩

گوڵباخی ٤٤، ٢١٢

گولی(خێڵ) ٢٢١،٢٢٢

گەردی ٢٩، ٦٧

گەلاڵە ٥

گەلاوێژ(گۆڤار) ٢٢، ٢٦٠، ٢٦٢

گەلی مزیرکان ٢١٧

-ل-

لاجان ٧٠

لازاریف ١٨

لاوان(کۆمەڵە) ٢٦٢

لاوانی تورك(رێکخراو) ١٢٧

لاهوتی ١٧، ١٢٦

لوبنان ٣، ٨، ٢٣

لۆرانس ١٧٠، ١٨١، ١٨٢

لوڕستان ٢٤

لۆزان(پەیمان) ١٦٣، ١٦٤، ١٦٥، ٢٣٣

لەتیف شێخ مەحمود ٢٦٢

لەزگییەکان ١٦٣

لەندەن ١٢، ٢٢٤، ٢٧٧، ٣١٤

لیژنەی ئازادی ٢٨٦، ٢٩١

لیڤی(سوپا) ٢٣٧

لیـــــنین ٢٢، ٥٤، ٧٤، ٧٥، ٨٢، ٨٦، ١٤٦، ١٤٧، ٢١١، ٢٥٣

لینینگراد ٣، ٧

لینینیزم ٨٧، ١٩٣

-م-

ماجد مستەفا ٢٨٤

مـــاردین ٧٩، ١٨٠، ١٩٢، ٢٠٠، ٢٢١، ٣٣٢

مارکس ٥٠، ٧١، ٨١

مارکســـــــیزم ٨، ٢٢، ٢٣، ٧٤، ١٩٣، ٢٥٢

مازندەران ٣٣

ماکسیمۆڤیچ واسیلکۆفسکی ٥٩، ٦٦

مـــــــاکۆ ١٥، ٦٢، ١٢٢، ١٧٤، ١٨٠، ٢١٥، ٣٣٠

مام حەسەن مەنگوڕ ٣١٠

مامش ٢٨، ٦٢، ٦٧
محەمەد ئەمین زەکی ٤٠
محەمەد ئەمین موعینی ٣٢٨
محەمەد بورهانی، شێخ ٣٢٩
محەمەد پاشای رواندز، میر ١٠٥، ١١١، ١١٢، ١١٣
محەمەد حسێن خان ٣١٣، ٣١٥، ٣٢٤
محەمەد خیابانی، شێخ ٢١٤
محەمەد دڵشاد ٣٢٤، ٣٢٥
محەمەد رەزا شا ٢٩٦
محەمەد رەشید خان ٢٩٩، ٣٠٩
محەمەد رەشید بەگ ٤٦
محەمەد شێرزاد ٣٢
محەمەد عەلی بەگ، میرالآی ١٦٢
محەمەد عەلی عەونی ٢٢، ١٦٤
محەمەد مەحمود قودسی ٣١٥
محەمەد وەلی زادە ٣٢٩
مزوری ٢٩، ٢٣٨
مستەفا بارزانی، مەلا ١٠٦، ٢٨١، ٢٨٤، ٢٩١، ٢٩٢، ٣١٥
مستەفا پاشا سلێمانی ١٦٢
مستەفا خۆشناو، کاپتن ٢٦٣، ٢٨٣، ٣١٦
مستەفا سوبحی ١٨٨
مستەفا کەمال ٢٨، ١٤٨، ١٦٣، ١٦٩، ١٨٠، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٨، ٢٠٣، ٢٥٣
مللی(خێڵ) ٢٩
ملنگین ١٢، ١٣، ٦٥

موڕادی دووەم، سوڵتان ٤٦
مۆرگان ١٣، ٧١، ٩٠
مۆسکۆ ٩٥، ١٥٩، ٢٧٦، ٢٨٧، ٢٩٠
موسل ٢٢، ٣١، ٤٤، ٦٥، ٧٨، ٨١، ١٠٥، ١٠٨، ١١٠، ١١٣، ١١٤، ١٤٠، ٢١٦، ٢٢١، ٢٢٥، ٢٣٢، ٢٨٧

موش ٧٧، ١٠٨، ١٨٠، ١٩٢، ١٩٥، ٢٠٤

موکەرەم تاڵەبانی، دکتۆر ٢٨٤، ٢٨٦
موکری، موکریان ٤٤، ٧٠، ١٢١، ١٥٧، ٢١٢، ٢٩٦، ٣١٩
مەحمود ئاغای زێباری ٢٩٠
مەحمود ئەسعەد بەگ ١٩٠
مەحمود بەرزنجی، شێخ ١٠٥، ٢١٦، ٢١٧، ٢٢٠، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٤، ٢٣٦، ٢٣٧

مەحمودی دووەم، سولتان ١١٢
مەجید عەلی، کاپتن ٢٨٣
مەراش ٢٤
مەراغە ١٢١، ٢١٤
مەڕگەوەڕ ٢٩٣
مەروانی ٤٤
مەغۆل ٥٧
مەلا ئیدریسی بتلیسی٤٤، ٤٥
مەلاتیە ٧٧، ٨٠، ١٥٣، ٢٠٤
مەلا حسێن مەجدی ٣٢٤، ٣٢٨
مەلازگەرد ١٩٥
مەلەکان ١٩٩
مەمدوح سەلیم ١٦٢
مەم و زین(داستان) ٤٧
مەنافی کەریمی ٣٢٩
مەندرس، عەدنان٣١
مەنگوڕ، مەنگوڕایەتی ٢٨، ٢٩، ٦٢، ٦٧، ٢١٢
مەهاباد (کۆمار) ٧، ٩٩، ١٠٦، ٢٧٩، ٣٠٣-٣٠٥، ٣١٠، ٣١١، ٣٢٩، ٣٣٠، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٤٣
مەهاباد ٧٧، ٨٣، ١١٠، ١٢١، ٢١٥، ٢٨٦، ٢٩٣، ٢٩٦، ٣٠٢، ٣٠٤، ٣١٠، ٣١١،٣١٣-٣١٥، ٣١٩، ٣٢٣-٣٢٥، ٣٢٩
میاندواو ٧٩، ١٢١، ٢١٤، ٣٠٣، ٣١٠، ٣٢٩
میدیا ٣٠
میر حاج ئەحمەد ، کاپتن ٢٦٣، ٢٨٣
میرزا ڕەفعەت شافعی ٣١٠
مێرگ(گۆڤار) ١١٢
مێرگەسور ٢٨٣
میسر ٢٧٨
میسۆپۆتامیا ١٢، ٢٤، ٨١، ١٥١، ٢٢١، ٢٢٣، ٢٢٤
مینۆرسکی ١٢، ٦٢

-ن-

نادری ١١،٤٢

ناسرکەند ٣١٠

ناهید ١١

ناهید(گۆڤار) ١١، ٢٥٣

نوسەیبین ٢٢١

نۆفۆسیلۆڤ ٣٣٤

نوری دەرسیمی ٢٢

نوری سەعید ٢٨٢، ٢٨٤، ٢٨٥، ٣٠٤

نەجەفقولی پسیان ٣٠٩، ٣١٣، ٣١٤، ٣٢٠

نەغەدە ٧٧، ٨٣، ٢١٥، ٣٣٠

نەمرود روسیان ١١٤

نەوشیروان مستەفا ئەمین ٤، ٨، ٢١٤

نیشتمان(گۆڤار) ٢٢، ٣١٨

نیکیتین ١٤، ٢٥٤، ٢٦٠

نێوزەنگ ٤

-و-

وان ٢٥، ٦٤، ٧٧، ٧٩، ٨٣، ١٠٨، ١١٠، ١١٤، ١٣٠، ١٥٣، ١٧٤، ١٨٠، ١٨٥، ١٩٢، ١٩٤، ٢٠٠، ٢٠٤، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٥، ٢٢١

ورمێ ٥، ٢٤، ٦٤، ٧٩، ٨٣، ١١٠، ١٢١، ١٥٣، ٢٥٤، ٣٢٣، ٣٣٠

وەزیر فەهمی ١١، ٤٢

وێران شار ١١٠

وێکبون(رۆژنامە) ١٢٨

وێڵسن، ئارنۆلد ٩٧، ١٥١، ٢١٧، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٣١

ویلگفسکی ٧، ١٨، ٥٦، ٧٣

-هـ-

هاوار(گۆڤار) ٢٢

های، کاپتن ١٢

هرتزل ٢٢٤

هندستان ٣٢، ٨١، ١٥٠، ٢١٨، ٢٢٢، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٧٨

هۆشمەند ئەفشار، جەنرال ٣٢٢
هەتاوی کورد (گۆڤار) ١٢٨
هەخامەنشی ٤١
هەرکی ٢٨، ٢٩، ٦٧
هەریر ١١٢
هەکاری ٤٤، ٨١، ١٠٨، ١٨٠، ١٩٢، ٢٠٠، ٢٠٤
هەمایونی، جەنرال ٣١٠
هەورامان ٢١٢
هەولێر ٧٧، ٧٨، ٨٣، ١١٢، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٥، ٢٤١، ٢٨١، ٢٨٧، ٣٢٣
هێڤی (ڕێکخراو) ١٢٨
هیڤی کورد (گۆڤار) ١٢٨
هیوا (حزب) ٧، ٢٦٣-٢٦٧، ٢٧٠، ٢٧٤، ٢٨١، ٢٨٣-٢٨٦، ٢٩٢، ٣٠٢، ٢١٧، ٣٣٧

-ی-

یوسف مالك ٣٢
یۆگسلاڤیا ٢٧١
یۆنان ١٢٩، ٣٠٧
یەریڤان ١١٤، ١٩٣
یەزدان شێر ١٠٥، ١١٠، ١١٣، ١١٤، ١١٦
یەکێتیی تێکۆشین (گروپ) ٢٦٨
یەکێتیی تێکۆشین (گۆڤار) ٧٨
یەکێتیی سۆڤێت ١٧، ١٩، ٣٢، ٩٦-٩٨، ١٥٧-١٥٩، ١٧٤، ١٧٥، ٢٠٧، ٢٣٠، ٢٤٧، ٢٥١، ٢٥٩، ٢٦٢،٢٦٦، ٢٦٧، ٢٨٢، ٢٩٢، ٢٩٦، ٢٩٧، ٢٩٩-٣٠١، ٣٠٧، ٣٠٨، ٣١٥، ٣١٦، ٣٢١، ٣٣٨
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان٤
یەمەن ٤٥
یەندر ٦٢

## پێرست

پێشەکیی چاپی چوارەم ................................................ ٣
پێشەکیی چاپی سێیەم ................................................ ٧
پێشەکیی نوسەر ................................................ ٩
أ-کورتە سەرنجێك لەبارەی دانراوەکانەوە ٩
١-نوسینەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان ٩
٢-نوسینەکانی مێژونوسانی ئەوروپای رۆژئاوا ١١
٣-نوسینەکانی روسیای پێش شۆڕش- دانراوە سۆڤێتییەکان دەربارەی
کوردو کوردستان ................................................ ١٥
٤-نوسینەکانی نوسەرە کوردەکان ٢٠
ب-سەرنجێکی گشتی دەربارەی کوردو کوردستان ٢٣
١-کوردستان- نیشتمانی کورد ٢٣
٢-سنوری ئیتنۆگرافیی کوردستان ٢٤
٣-سامانی سروشتیو کانزاییی کوردستان ٢٤
٤-گرنگیی سوپاییی کوردستان ٢٨
٥-دانیشتوانی کوردستان ٣٢
بەشی یەکەم: باری ئابووریو سیاسیی کوردستان تا سەرەتای یەکەم جەنگی جیهان ٣٧
١-کورتە باسێکی مێژووی کوردستان لەچەرخەکۆنەکانەوە تا کۆتاییی سەدەی
هەژدەهەم ٣٩
٢-کورتە باسێکی مێژوی تازەی گەلی کورد لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەوە تا یەکەم
جەنگی جیهان ٤٩
أ-سیستمی ئابوریو کۆمەڵایەتیی کوردەواری- دابەشبونی چینایەتیو پەیدابونی
چینی کرێکارانی کوردستان ٤٩
ب-جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان ٨٦
بەشی دوەم: کوردستان لەنێوان هەردو جەنگدا ١٣٥
١-کوردستان لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهاندا ١٣٧

٢-نەخشی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر لەبەرەو پێشەوەبردنی جولانەوەی
رزگاریی نیشتمانیی کورد ١٤٦
٣-حزبو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان-جولانەوە چەکدارییەکەی کوردستان
لەپێناوی سەربەخۆییو رزگاریی نیشتمانیدا ........................................١٥٩
ا-لەکوردستانی تورکیا ١٦٣
ب-لەکوردستانی ئێران ٢١٢
ج-لەکوردستانی عیراق ٢١٦
بەشی سێیەم: تەوژمی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان لەدەوروبەری
سالانی جەنگی دوەمی جیهاندا ٢٤٥
١-باردۆخی کوردستان پێش بەرپابونی جەنگی دوەمی جیهان ٢٤٧
٢-مەسەلەی کورد لەسالانی دەوروبەری جەنگی دوەمی جیهاندا ٢٥١
٣-چالاکیی حزبە دیموکراتەکانو گروپە کۆمەلایەتییەکانی کوردستان لەسالانی
دەوروبەری جەنگی دوەمی جیهاندا ٢٦٠
ا-لەعیراق ٢٦٠
جولانەوەی چەکدارانەی بارزان، خەباتی گەلی کورد لەپێناوی مافە نەتەوەییەکانو
سەربەخۆییی نەتەوەییدا ٢٨٠
ب-لەئێران ٢٩٥
١-کۆمەلەی ژ.ك(ژیانەوەی کورد) ٣١٧
٢-حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ٣٢٦
٣-پێکەوەنانی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێران ٣٢٨
ج-لەتورکیا ٣٣١
کۆبەند ٣٣٦

بەرگسازی: قادر میرخان

نرخی(٥٠٠٠)دینار